بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر-سلێمانی



با لە داهێنانەکانیەوە مەولەوی زیاتر بناسین

دیداری مەولەوی-٢٠١٠ زاینی

# شەریعەتی مەیل

## ڕاڤەی شیعرەکانی مەولەوی

نوسەر
همایۆن صاحب

مالکی: لطیف محمود علی

# شەریعەتی مەیل

## ڕاڤەی شیعرەکانی مەولەوی

هومایۆن صاحب کەریم

MAWLAWI.KRD

ناوی کتێب: "شەریعەتی مەیل"
بابەت: ڕاڤە و لێکدانەوە
نووسینی: همایۆن صاحب کەریم
تایپ و نەخشەسازی:
ساڵی چاپ: (٢٠١٠)

ژمارەی سپاردن: (     )ی وەزارەتی ڕۆشنبیریی پێدراوە

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

MAWLAWI.KRD

## ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

ئەم هەوڵە خوێندنەوەیەکی تازەی ڕەخنەگرانەیە لەسەر دنیای مەولەوی ومەولەوی ناسی،ئەندێشەی پڕشۆری مەولەوی لە ڕێی شعریەتەوە بە جۆرێکی تر وێنە دەکات. سەرباری لێکدانەوڕاڤەی جیاوازی ترکە پێمان وابووە دۆستانی مەولەوی ناس بە جۆرێکی تر بۆی چوون. لەو شوێنانەش کەهاوڕای بۆچوونەکانی ئەوان بووین لە فەیظی پیرانی پێش خۆمان بەهرەمان بردووە و بۆچوونی ئەوانمان گواستووەتەوە. سەرەتای بیرکردنەوەی نووسینەکەش بۆ دەساڵێ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە و پێوەی دیارە هەندێکی ئەوکاتە نووسراوە و بەکۆڕگرتن و بەرنامەی تی ڤی هەندێکیم خستوەتە ڕوو. سەبارەت بە ناوەکەشی (شەریعەتی مەیل) پەیڕەوی ئەو ناولێنانەم کرد کە عارفی جوانەمەرگ و دۆستی لەمێژینەم ئەکرەم عەنەبی بۆ حافزەکەی کردی(مەحرەمی ڕاز) ڕۆژێ بەرێکەوت لەسەر چاوەی زەڵم یەکمان دیت باس هاتە سەر شەرحی عرفانی نایشارمەوە ئەو هێندە عاشقی ئەدەبی عرفانی فارسی و بەتایبەت حافز بووبوو، تائەوکاتە بەرنامەی نەبوو لە سەرشیعری کوردی کار بکات وزۆری پێ خۆش بوو کەمن باسی زەروورەتی خوێندنەوەی شیعری ماچۆم هێنایە گۆڕێ و جار جار ئاگاداری کارەکانم بوو لە سەر مەولەوی،ئەو لە حافز خۆی و بەدڵی ئەو کتێبەکەی ناونا(مەحرەمی ڕاز)کە لە شیعری حافزدا چەندجارێ دێتە ڕێت.منیش هەربەڕەزامەندی مەولەوی خۆی و بەیادی ئەو جوانەمەرگەی دۆستم ئەم هەوڵەم ناونا (شەریعەتی مەیل)کە مەولەوی لەوەسفی شێخ تاجدیندا فەرموویەتی:

های وە فەرق دین زامداران تاج دای شەریعەتی مەیل لەیل ڕەواج دای

سەرچاوەی بنچینەیی کاری ئێمە شیعرەکانی نێودیوانەکەی مەولەوی بەهەشتی مدرس بووەو مەولەوییەکەی دۆستم مامۆستا حەکیمی مەلا صالح بۆ شیعرە بڵاو



١

نەکراوەکان. وەلامان لە دووهەوڵی وەرگێرانی مەولەوی بۆ سۆرانی کردوەتەوە (هەوڵەکەی پیرەمێرد ومامۆستا ئەردەڵانی)وە سەرنج ورای خۆمان لەسەر ئەو دوو هەوڵە دەربرپیوە.

زۆربەی سەرچاوەکانی مەولەوی ناسی لەبەردەستا بوون و لە ئەنجامی بوونی ئەوانەوە ئێمە پشت ئەستووری بیرکردنەوەی جیاواز بووین. وە چەندین سەرچاوەی ئایینی و مێژوویی لە ئەدەب و عیرفان و هونەر بە زمان و زارەکانی کوردی (هەورامی،کرمانجی ژوورو،کرمانجی خواروو) و فارسی خوینراونەتەوە.

لە خەیاڵماندا هەیە بەوئاراستەیە بەردەوام بین تا تەواوی دیوانەکە دەخوێنینەوە،گەرلای خوای گەورە خەیاڵ بەتاڵ نەبین.

لە سەرتای نوسینەکەمانەوە زیاتر هەوڵمان داوە هونەرەکانی بەلاغە بەپێی سەرچاوەکان و پەی بردنی خۆمان زیاتر زەق بکەینەوە.ئەویش بەدوومەبەست:

یەکەم:خوێندکاران سوودی لێ وەربگرن و خۆیان بکەونە سەر کەشفکردن ودۆزینەوەی هونەرەکان تایارمەتی دەریان بێت لە خوێندندا.

دووەم:خوێنەرهونەری تایبەت و جیای مەولەوی بناسێت بۆ ئەوەی سەلیقە پەیدابکات بۆ چوونە ناو ئەو دیوی باروومی باخی مەولەوی و تەنیا ڕواڵەتی وشەکان و تەن نەبینێت ،بەڵکو بەورۆحە ئاشنا بێت کەلەبەر تەنی وشەی مەولەویدایە.

لە کۆتاییدا دەخوازم ئەم نووسینە ڕۆحمان گەورەتربکات لەوەی کە هەیە ،هەوڵ بدەین بە مرۆڤ بوونمان بگەین، لە قۆناغی کونەپەپووەوە بگوازینەوە بۆ باز،بەمەش وێرانەکان دەکەینە باخچە.مەولەوی و هەموو ئەوانەی لەم باسەدا ناویان هاتووە یا چوونەتە بەر بەزەیی خوای گەورە یان چاوەڕێی ئازادبوون دەکەن لەم قەفەسی ژیانە ،داوای لێ بوردن لە ڕۆحی خاوێنیان دەکەم ئەگەر بەندە دوور لە ویست ومەرامی ئەوان لە خەیاڵ ونیەت وئەندێشەیان تێگەشتبم.

هەمایۆن ساحیب

٤ی ئابی ٢٠١٠ی عیسایی

١٣/خەرمانان/٢٧١٠ کوردی

هەڵەبجە

## پیتی ئەلف (أ)

### شیعری یەکەم

**١ – ئیشمەو تەنیا بێ جەستەی زەبوونم**

**دیسان سەرواز کەرد دڵەی پڕ هوونم**

ئیمشەو تەنیا بوو جەستەی زەبوونم، هەمتر دڵەی پڕ خوێنم سەر ڕێژ بوو، جەستەی زەبوون و دڵەی پڕ هون، ئاماژەن بۆ ماتی و تەنیایی کە شیعرەکەی لەسەر دەڕوا تا بەیتی نۆیەم (سەروازکەرد) کنایەیە لە دڵ پڕی کە مرۆڤی غەمۆك و غەمبار ئامادە دەکات بۆ گریان.

**٢ – خەیاڵان خام هاوردم بەردم**

**هاوارجەدەمەی هەناسەی سەردم**

خەیاڵە خاوەکانم هێنان و بردن، هاوار لە دەمەی هەناسەی ساردم. هەناسەی سارد کنایەیە لە بێ ئومێدی پرزەلێبڕان. کە مەولەوی بە دەمە (کزەی ساردی تێکەڵ بە بەفر) هونەری خواستن و چواندنەکەی بە (دەمەی هەناسەی سارد) خەستتر کردوەتەوە. هێنان و بردنی خەیاڵە خاوەکانیش ئەوە دەداتە دەست کە لە نیشتمانی خەیاڵیشدا کەپرێکی شاد و ئومێدواری نیە، حاڵ و وەزعی مەولەوی لە ساتی نوسینی شیعرەکەدا. وە ئەم وێنەیە چڕترین وێنەی ڕۆمانسی شیعرەکەیە.

**٣ – زوخاو گێچ مەدا دیگ دەرون دا**

**هوناو هۆرشاناش جەستەی زەبوون دا**

زوخاو گێژ دەخوات لە قازانی ناخمدا و خوێناوی پژان بە جەستەی زەبوونمدا.

دیگ دەروون - قازان یان مەنجەڵی ناخ نزیکترە لە وێنەکە نەك مەنجەڵی سینە وەك لە دیوانەکەدایە، چونکە ناخ قووڵە و سینە تەخت و پان. ساختمان و دیدگای بەیتەکە کلاسیکی یە.

٤ – ڕەنگا ڕەنگ ڕەنگ ڕەنگ گوڵ گون هوونم

فرچەی برێشتەی کورەی دەروونم

چەند بارەکردنەوەی ڕەنگ و وێنە کردنی گوڵی خوێناوی گەڕانەوەیە بۆ بەیتەکانی پێشوو کە سەرواز کردنی دڵ و لول خواردنی زوخاو و پژانی خوێن بە جەستەیەکی زەبوون و تەنیادا ئەم ڕەنگاوڕەنگی یەی لێ کەوتوەتەوەوە. کورەی دەرونیش فرچەی برژانی لێوە دێ - کە دەبێ ئەویش لە زوخاو و خەجاڵەت و مەینەتی پێ براپێت. کە دیسان ئەو سەلقەیەی وێنای بەیتەکەی کردوەوە کلاسیکی یە.

٥ – چوون دانەی سەرساج هۆر ئامام جارجار

جە تاو دوکەڵ جە شەرارەی نار

وەکو دانەی سەرساج هەڵدەهاتمەوە جارجار، لە تاوی دوکەڵ و بڵێسەی بەتینی ئاگردا. برژادندنی گەنم یان هەر تۆوێکی تر لەسەر ساج نەریتی هەندێ دێ ی کوردەواری یە. کە لە کاتی تەقاندنی هەڵبەزو دابەز دەکەن مەولەوی حاڵی خۆی چواندووە بە حاڵی ئەو گەنمە گەرچی چواندنەکە و وێنەکە لە دنیای کلاسیکی یەوە نزیکە، بەڵام ئاسك و داهێنەرانەیە. بێسارانی ڕابەر و داهێنەر ووتوویەتی:

جە گڕەی ئایر جە بڵێسەی نار

ستێزام چوون بەرق ئاوکەردم هاوار {بێسارانی نیك ڕەفتار ل١٩}

٦ – سۆزیام هەی سۆزیام وێنەی شوعلەی نوور

بیم سورمەی سوبحان ئاوردەی کۆی گوور

سوتام هەی سووتام وەکو گورزە تیشکی نوور (شوعلەی نوور) یەك زەرە عەکسی نوری خودا کە پیشانی طوری دا و سووتانی و کردی بە کلی خودایی و خەڵکی دەیهێنن. ئەم وێنەیە چەند جارێك هونەری چواندنی تیابەکار هێنراوە، کە مەولەوی هێندە دەسەڵاتی بەسەردا شکاوە لە دیوانەکەی دا ئاسایی بووە.

جاریَ بەردەوامی (سوتام هەی سوتام) تەشبیه کردنی بەشوعلەی نور (تیشکی خودا) و جاریَ سوتماکی خۆی بە شاخی سوتاوی طوور. (شوعلەی نوور) گشتی و نەناسراو نیە، بەلکو نیوەی دووەمی بەیتەکە پێمان دەلیَ وەك ئەو تیشکە خودایە دەسوتێم و کە کێوی طوری کردە سورمەی خودایی. {کاروان ژ٢١٧شیعری عرفانی لە نێوان مەولەوی و مەجزووبدا ئیبراهیم ئەحمەد شوان}

**٧ – من قەقنەس نەویم ها بیم وە قەقنەس**

**یەکجاریچ ئیمشە و ها بەرشیم جەدەس.**

من قەقنەس نەبووم هابووم بە قەقنەس و یەکجاریش ئەمشەو وا لە دەس دەرچووم.

دوای تێپەرین بە حالی بەیتی پێشوودا پێمان دەلیَ لە ئیمشەوە وە( یان لەم دێرەوە) دەبمە قەقنەس و لیَ دەبمەوە. ئێمە دەبێت سەرپێیانە بە سەر قەقنەس دا تێنەپەرین.

قەقنەس Kaknos ڕیشەکەی یۆنانیە. بالندەیەکی ئەفسانەییە کە دەنووکی کونی زۆر تێدایە و لە کاتی خوێندندا ئاوازی سەیر سەیر دەردەکات. هەزار سالَ دەژی لە کۆتایی تەمەنی دا و کاتی نزیك بوونەوەی مەرگی پوش و پەلاش کۆ دەکاتەوە دەچێتە سەری هێندە پەرو بالَ بەیەکدا دەدا و دەخوێنیَ تا گر لە خۆی بەردەدات{فرهنگ عمید جلد دوم ل١٥٨٤}

مەولەوی لەو وێستگە شیعریانەدا کە (ڕووی لێکچواندن لە سیفەتەکاندا) زەق دەکاتەوە و لە تەشبیهی تیَ دەپەرێنیت، یان لەو شوێنانەدا ئاوەژووی دەکاتەوە، ئێمە سەرباری هونەرە بەلاغیەکەو ڕوە ستاتیکی یەکەی دەبیَ وێلی مانا و مەبەستی نویَ بین. کە لێرەدا نالیَ وەك قەقنەس، بەلکو دەلیَ بومە قەقنەس، کەواتە دەبیَ.

أ – هەم سیفەتی زۆر خوێندن و دەنگ خۆشی و ئاواز و نەغمە خوانی لە مەولەوی دا هەبێت هەم تا ڕادەی گر تێبەربوون کەلامی خۆشی عەشقی خوێندبیَ،

بۆیە دواجار لە ڕێگەی ساقی یەوە دەقەکەی دەباتە دونێکی ترەوە و چون قەقنەس خۆی و شیعرەکەی زیندوودەبنەوە.

ب- مامۆستای بەهەشتی مدرس نووسیویەتی قەقنەس دوای سوتانی خۆڵەمێشەکەی دەبێتەوە بە قەقنەسێکی تر، کەواتە دەبێ ئەم بەیتەش پەیوەندی بەکاریگەری کلتوری پارسانەوە، یان فەلسەفەی دووناودوونەوە هەبێت کە هەندێ جار لای مەولەوی دەردەکەوێت و ئەتوانین بڵێین کە لە پاشخانەی ئەو کەلتورە ئاگادارە{هەزارەخوازی وئەفسانەی قەقنەس حەیدەر لوتفی نیا.ڕامان ٣٨ل٢٢٩-٢٣٣ }

٨ – ئەوەند خەیالآن بەردم وە دەروون

پەی دووری یاران بەرتەر بیم زەبوون

ئەوەندە خەیالآنم بردە دەروونمەوە بۆ دووری یاران زیاتر لاواز بووم. بە بڕوای من ئەم دێڕە لە شیعرەیەت و جوانی بەیتی پێش تر و لە دەخیل بوونەکەی ساقی بەیتی دوای خۆی دا بەزاندووە، کە دەبێتە چەند جار بەکارهێنانی لە قافیەدا، چونکە پێشتر و دواتریش دەروون، زەبوون بەکار دەبات، وە ڕەنگە شوێنی ئەو دێڕەش نەگونجاو بێت.

٩ – ڕۆ جە شەو فێشتەر زار و زەلیلم

ساقی سا جامێ ئەمجار دەخیلم

ڕۆژ لە شەو زیاتر زەلیلم و دەناڵم، زار ناڵاندنی بە سۆز و غەمناك لە تاو دەرد ساقی ساجامێ ئەمجارە دەخیلم. لەم بەیتە بە دواوە بنیادی شیعرەکە، جەستەی مەولەوی کە تا ئێرە لە حاڵی نیوە گیان و پرزە لێ برانایە دونێکی تر یان حاڵێکی تر بە خۆوە دەبینێ، لێرە لە ڕێگەی ساقی و دواتر جەم بوونەوەی یاران و ساز و ئاوازەکانەوە ئاماژەی زیندوو بوونەوەی (قەقنەسەکە) یان ژیانەوەی نیوە مردووەکە کە مەولەویە دەکات. لە دوا دێڕیشدا تکای نەمردن دەکات. مەولەوی پێچەوانەی دەردە دارانی عادەت گرتوو بە ناڵانی شەوەوە دەڵێ من بە ڕۆژ زیاتر ناڵاندنم زولاڵترە، کە

ئەمەش سەرەڕای داهێنان لە ڕێگەی (دەخیل)ەوە بۆ ساقی پێمان دەڵێ کە ئەم (مەولەوی) هەم دەردە دارێکی جیاوازە.. هەم بادەنۆشێکی جیاواز٠

١٠ – بدمر پێم نۆش کەم چوون هەردە جاران

وە ڕەغم گردین گرۆی مەیخواران

پێم بدە نۆش کەم وەك جاری جاران وە بە پێچەوانەی هەموو کۆمەڵی مەیخۆران، مامۆستای مدرس (ڕەغم)ی بە کوێرای چاو ڕاڤە کردووە کە دیارە هەڵەیە. چونکە دەڵێ مادام من دەردو ناڵان و کاتی ناڵانم جیایە و لەوانی تر ناچێت، کەواتە دەبێت دەرمان و کۆڕی یاران و بادە و بڕی بادەکەیشم پێچەوانەی دەستەو تاقمەکانی تری بادەنۆشان بێت. ئەمەش تایبەتمەندی بادەنۆشی و مەشرەبی شیعری مەولەویە

١١ – شیعر وێم تەنخوای سەمتور سازێ

لێدمر سانەی چی هەر تارێش گازێ

شیعری خۆم کاڵا و سەرمایەی سەمتور و سازە. تنخوا مەلا عبدالکریمی بەهەشتی بە لە باتی مانای کردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە مەولەوی دەیەوێت ئاماژە بە خوێندنی شیعرەکانی بدات لە سەردەستی موغەنی و دەسەودائرەی مۆزیکدا و شیعرەکانی بکاتە بەری مۆزیك.. تنخوا لێرەدا مانای ( کردنی شیعرەکان بە بەری میوزیکدا ) دەدات.

چون دیاردەی ئاوێتە بوونی فەردی خۆی و موغەنی و مطرب و یەکێ لە ئامێرەکان دووبارە دەبێتەوە لە دیوانەکەی دا. بێجگە لەوە گەر مەبەستی لە جیاتی بوایە ئەوە ئیتر ناوی ئامێری تری نەدەبرد، چونکە ووشەی (ساز، سەمتور) ئامێرەکانی میوزیك دەگرێتەوە کە مەولەوی مەبەستیەتی زۆر بەیان بۆ مەجلسی خۆی کۆ بکاتەوە و شیعری خۆشی بکاتە بەریان و ئامێرەکانیش چنگ بە ڕۆح و دەروونی ئەمدا بکەن کە سازەکان هەوایی، تەلدار، لێ دراو) دەگرنەوە.

١٢ – چنگ پێکۆ نە جەرگ نەغمەی سازەکەت

بەرارۆ تۆ تۆ میقراز گازەکەت

نەغمەی سازەکەت با چنگ گیرکات لە جەرگم، گازیش کە پێشتر درابوویە پاڵ تار (تارێ گازێ) وەك مەقەست بۆ دەرهێنان. مەولەوی دەیەوێت نەشتەرگەریەك (کاردە وەژێ) بکات بۆ دەرهێنانی غەم و خەفەت لە ڕێگای ئامێرەکانی مۆسیقاوە، نەشئە بداتەوە بە ڕۆح لە ڕێگەی شیعر و بادە و ئاوازەوە. بۆزیاتر ئاشنابوونت لە مانای زانستی پزیشکیانەی کاردە وەژێ بڕوانە {ئاهووراما بەرگی یەکەم جەلیلی عەباسی چاپی یەکەم ٢٠٠٨ل١٢٦}

مرۆڤ کاتێ تووشی ئەم بەیتانە دەبێت لە دیوانی مەولەوی دا تێ دەگات کە میوزیك چ جێگەیەکی لە ئەندیشە و هزری ئەو خەڵکەدا هەبووە کە مەولەوی لە دەوروبەریاندا ژیاوە و ئاگای لە پاشخانە هزری و عرفانی یەکەیان بووە. بەلامەوە ئەومەیلەشی لە شارەزایی کلتووری عرفانی یارسانەوە وەرگرتووە. کە لە ناو کوردا زیاتر لە هەموو ڕەچەکانی تر مۆسیقا لایان پیرۆزە.

بۆچوونم وایە ئەودینە ڕیشەکەی دەچێتەوە لای داود پێغەمبەر، بەو پێیەی دەنگی خۆش و مۆسیقی سیمای تایبەتی دینەکەی بووە. گەرچی زۆربەی دینەکان و تەریقەتەکان بایەخیان بە(سماع - ئاهەنگ و سەدا)داوە. بەڵام ئامێرەکان لای موسڵمانان بەگشتی و تەنانەت تەریقەتی نەقشبەندیش بەو تۆخی و ڕێ پێدانە نەبوون. ئەگەرچی هەر لە سەر دەمی پێغەمبەری ئازیزەوە دەنگی خۆش و ئاواز کراوە بە بەری قورئاندا و ئەو ئاماژەیە دیارە(ورتل القران ترتیلا) بەڵام مەزهەبە ئیسلامیەکان بە گشتی دیدی هونەریان ڕۆشن نەبووە بۆچەمکی هونەری میوزیك و نەیان توانیوە چوارچێوەی عرفانی بۆ ئەندێشەی دینی درووست کەن کە ئەمەش وای کردووە دینداری ڕەمزی بێزاری و ماندوویەتی و بێ لەزەتی بێت. بۆیە کۆمەڵگەی موسڵمانی ئێمە نەیتوانی بگات بە جوانیە دەروشاوەکان. تەنها چەند نموونەیەکی دروشاوەی عرفانی نەبێت کەلای زۆربەی مەدرەسە شەرعیەکان پەسەند نین.

سۆفیەکان بۆ چوونە لای یار، دەستیان بۆ عاشق بوون بردوە، لێرەوەیە مەجازیش دەچێتە ژێر پێناسەی عیشقەوە.بە مەرجێ عاشق تووشی بەد مەجازی نە بووبێت. بەڵام مەجازلە سەر زەمینە و مەنزڵی یاری مەجازی مافەتە لێ ی دەدات و دواجار لە ناو دەچێت. مەنزڵی یاری گیانی پارێزراو و نەمر و بەرزە لە ئاسمانەکانی

جاویدانیدایـە. بـۆ ئاراسـتە کردنـەکانی مـەجاز و دولبـەرەکانی سـەر زەوی بـەرەو حەقیقەت و یاری ئاسمانی عارفان نەك مۆسیقایان حەلاڵ کرد. بەلکوکردیانـە واجب و ڕۆڵی بادەو جامیان پێ دا،چوون بـە یارمـەتی مۆسیقایە عاشقان دەتوانن مـەجاز تـەی کەن و بەجێی بێڵن بەرەو ئاسمان. ئەم دیـدە وەك قوتابخانـە لای مـەولانای ڕۆمـی جێـی گرت و مەولەویەکان باشترین دیدیان هەیە بۆ مۆسقا.

ناوەنـدی دیـنی و تێـڕوانینی شـەرعی لای ئێمـە نـەیتوانی جێ بـۆ ئـەو بینینـە عرفانیە بکاتەوە و قبوڵی بکات بۆیە هونەرمەندە گەورەکانی ئێمە ئەو شارەزاییەی کـە لە تەکیە وخانەقاکانەوە وەریان گرت. دیدی گشتی کۆمەلگا دینیەکە پەسەندی نەدەکرد و هونەرمـەنانی ئێمـە لـە مـەجازدا مانـەوەو نـەیان تـوانی بگەنـە عرفـان. لـە سـەرێکی تریـشەوە ئـەم دیـدە لای مزگەوتـەکان گـەر گـۆڕانی بـە سـەردا نـەیێت مـەقامات لـە نـاو دەچێت و هوونەری سەرگەردان ترپوو لە کۆمەلگەی کوردی دەکـات. خوێنـەر بـە ئاسان نموونەی حـەرامکردنی مۆسـیقا پەیـدا دەکات تەنانـەت لای خوێنـدەوارو کاربەدەست و بەرپرس و ئەمیری حزب و ڕێکخراوە ئیسلامیەکانیش. کە خۆش بەختانە نەفەسی ئەو تێڕوانینانە کورتی هێنـاو، بـۆ خۆشیان مـەجبوری ڕووکردنـە ڕۆح و مۆسـیقاو هونـەری نیان بوونەوە.

چەشەو هەستی مۆسیقی مەولەوی بۆ ئەوەیە لە دنیای ئاسووتەوە بەرە و جیهـانی لاهووت بڕوات {کاروان ژمارە ۲۱۷شیعری عرفانی. ئیبراهیم ئەحمەد شوان ل۱۳}

**۱۳ – سا دەروێش کەفێ بدە نە ڕووی دەف**

**گیان مونتەفرەن پەرێ ڕێزەی دەف**

دەروێـش سـا تـۆیش دەسـێ بـدە لـە ڕووی دەفەکـەت، گیـان چاوە ڕێـی لەرینـەوەی ئەڵقەکانی داترەی دەفە...حالەتی قەبزی گیان لە سینەدا. مامۆستاحەکیم لە کتێبەکەی دا کە پیاچوونەوەش لە خۆ دەگرێت ۹ بەیتی زیاتر دەخاتە سەر ئەم شیعرە یـەکێکیان دوای بـەیتی (۱۱) و سیانییـشان دوای ئـەم بەیتـە و ئـەوانی تـریش دوای بـەیتی ساقی سادەخیل)ەوە کە لە کاتی ڕاڤەکردنی سەراپای ئەم شیعرەدا زۆر گرنگن و یارمەتی دەرن

بۆ نزیك بوونەوەی ئەو مانا مۆسقی یە کە ئێمە مەبەستمانە، بەلاَم چ کاك حەکیم و چ کاك حمە رشیدی ئەمینی کە هەردووك خەریکی هەمان کارن باسی ئەوەیان نەکردووە کە (دەف) ڕەدیفە قافیە نیە کە ئەم بەیتە هەرچەندە شیرین و ڕەوانە، بەلاَم لەو ڕووەوە نوقسانە{مەولەوی حکیم ل٨١ مهرەجانی٢ ل٢٩١} یان دەبێت واتای سنگ بدەین بە دەفی دووەم.

١٤ — مغنی لێدەر یەك ئیمشەو سازان

بە شقی ئەو کەسە تۆش ئاوات وازان

ئاواز خوان لێدە ، بلێ، یەك - ئەوەڵ لەو لە پێشتر نەبوو، یەکەم واتە:

گۆرانی بێژ ئیمشەو لە گەڵ سازەکاندا بە عەشقی ئەو کەسەوە ئاواتی بۆ خواستووی، یەك بەزمێ بگێرن بێ وێنە. واتە: یەکەم بێت، بێژەیەکی سەرسوڕمانی یە! مەجلیسێکی تایبەت وجیاوازبگێڕین یەکەم بێت.

١٥ — بەلکە خەمانم تۆ دەری وە باد

هەی های جوانم فرێم هەن مراد

بەلکو خەمەکانم تۆ بدەی بە با، هەی های من جوانم و ئومێد و مرادم زۆر.

لە گەڵ (یەك بەزمی بێ وێنەی موغەنی)دا هێشتا مەولەوی بەلکم دادەنێ بۆ بە باچوونی خەمەکانی... کە ئەمەش قورسی دەردو خەم دەردەخات و جیاوازی مەولەوی لە گرۆی مەیخۆرانی تر.

هەی های، هەی هوو... ها... ها.. بێژەی سەرسوڕمانن کە هەردوو بەیتەکە لە حاڵی سەرسوڕماندان. کاك حەکیم (هەلاَی) بە دروستر دەزانێ.

١٦ — ساقی سا دەخیل وە فریادم ڕەس

بە ڕووی نازەوە جام گێرە وە دەس

ساقی (بادەگێر) دەخیلم وەرە بەهانامەوە، فریام کەوە، بە ڕووی نازەوە جام بگرە بەدەس.

ساقی لە مەجازدا با دەگێر و لە حەقیقەتدا (خودایە) چۆن هەر خودایە دەتوانێ بە فریای بەندەکانی بکەوێت. دڵیان بە شەرابی زولاڵ ڕۆشن کاتەوە }.{ وَسَقَاهُمْ رَبُّهُمْ شَرَابًا طَهُورًا }. لە عورفی سۆفیانەشدا مرشدی کامڵ و پیری دانا کە ڕاز لێکدەدەنەوە و حەقیقەتان کەشف دەکەن بە ساقی ناو دەبرێن و سالکان دەخیلیان دەبن. (ناز)یش لە حەقیقەتدا منەتی خوایە کە کەون و کائنات و سوڕانی بەدەستەوەیە.

١٧ – دەور دمرە وە ناز چوون هەردە جاران

پێم دمریەك مەنێ سەبا و ئێواران

سوڕێ بخۆرەوە بە نازەوە وەك جاران مەنێکم بدەرێ بەیانیان و ئێواران.

لە مەجازدا و لە حەقیقەتدا سەباو ئێواران خۆرکەوتن و خۆرئاوا بوون کنایە یە لە سوڕان و دەوردانەوە و پێوانی ژیانی مرۆڤەکان بە کات کە لەو ئەنجامەوە بەدەست دێت و هەمووشی بە دەستی ساقی یە. (سەبا و ئێوارە)دووکاتی ستایش و نوێژی میترای یەکانیش بوون.

١٨- با وەس باڵێنم سێڵاو هوون بۆ

ئامێتەی زوخاو دیگی دمروون بۆ

با بەس سەرینم (باڵێین شوێن خەو) لافاوی خوێن بێت لە گەڵ زوخاوی دەروون ئەو وێنەیەش وێنەیەکی کلاسیکی یە قوتابخانە ئەدەبی یەکان لای ئێمە مەیل و مەجازی تاکن و وەك مەدرەسەی هزری و فەلسەفی دەرنەکەوتوون. بۆیە تێکەڵ و پێکەڵی هەیە. {هەورامان ژ.١٣ ل٥٧ ڕۆمانتیسم و...کەیهان عەزیزی}

١٩ – وەختەن سەرتاپام ببۆ وە زوخاڵ

بۆی سفتەکەم هۆرگێرۆ شەماڵ

خەریکە سەرتاپام (تەواوی لاشەم) ببێ بە زوخاڵ. بۆن و بەرامەی سوتانم شەماڵ هەڵیبگرێ.

واتە: شەماڵ بۆنی سوتانم هەلگرێ. وە دەشگونجێ بوڵی سفتەکەم بێ، واتە خۆڵەمێشی سوتانم بەو جۆرە کاك حەکیم مەلا ساڵح دەڵێت وە (بۆن)یش دەست دەدات و هێنان و بردنی بۆنیش لەلایەن شەماڵەوە لە فۆلکلۆردا هەیە:

ئای بەناز بەناز پەروەردە        با بارۆشەماڵ بۆی تۆ لەو هەردە

وە مەولەوی لە شوێنی تردا، بوڵ بە شەماڵ دەسپێرێ، ئەگەر بۆ بێت هێجایەکی کەمە، بەلام بوڵ ڕاستی دەکاتەوە.

ئازیزم ئایر دوری باڵای تۆ

جە سەم کەرد وە بوڵ شەماڵ بەرد پەی کۆ

٢٠ – ساقی ئامانەن نەشو جە ویرت

وە فریادم ڕەس تو بەشقی پیرت

ساقی ئامانە لە بیرت نەچم، وە فریام کەوە، وە بە عەشقی پیر سوێندی ساقی دەدات دیارە لە مێژووی دینی هەوراماندا (پیر) سەرباشقەی دین و عرفانە و هەر لە وێوە خوازراوە بۆ مانای تری مەجازی و حەقیقی.

پیری موغان، پیری مەیخانە، پیری تەریقەت... هتد. {جەژنێك بۆ پیر...ڕەووف مەحموود پوور}

٢١ – بەڵ ئیمشەو خەمان نە دەرۆم وە باد

ساقی گیان قوربان خاگر کەرە شاد

بەڵکو ئەمشەو خەم نەمدا بە با (نەمفەوتێنێ) ساقی گیان بە قوربان دڵم خۆش کە، مرۆڤ خەم بە با دەدا، کە چی زۆر جوان جێ گۆڕکێی بە (خەم و خود) کردووە.٠

وەكو سونەتێ سێ جار لەم شیعرەدا هاناو پەناو تكا لە ساقی دەكات، لە ڕێ ساقی و موغەنیەوە ئەم بە سەر خەمەكاندا سەردەكەوێت (بە باكردنی خەم) نەك بە پێچەوانەوە.

**٢٢ – بووە وە باعپ ئەی نیم گیان سەخت**

**سا بەڵكە نەمرۆ مەعدومی بەد بەخت**

ببە بە هۆی ئەو نیوگیانە سەختە (گیان سەخت) كنایە یە لە بەرگە گرتنی كەسی بەش مەینەت و كڵۆڵ... سا، بەڵكو نەمرێ مەعدومی بەدبەخت.

لە ڕێگەی فریاد ڕەسی ساقی و بادە و شیعر و ئاوازەوە ئەونیو گیانە سەختە دەهێڵێتەوە.جوانی یەكی نەوتراویش هەست پێ دەكرێت كاتێ مرۆڤ عاشقی یار دەبێت مانەوەی لە دەردو مەینە تا خۆشەو عاشق شانازی دەكات بە دەردداریەوە. جونكە مردن بۆ خۆی دەرچونە لە باری تەكلیف.

زۆری دەردەكان لە جۆرو ژمارە دا لە مەدرەسەكانی عرفان دا بەرامبەر ڕادەی ئەرك و واجبە عیبادەتە یەكانە لە شەرعدا، وە هەردووكیان دەبنە بەڵگەی ئیخلاص.



١ – ئازیز دیارەن وا دەی لوامەن

ئەلوەدای ئاخر ئەوە نامامەن

ئازیز دیارە كاتی ڕۆشتنمە، خوا حافیزی ئاخر و نەهاتنەوەمە. شیعری بۆنەیە كە مەولەوی و شێخ عەزیزی جانەوەری لێك جیابوونەتەوە. تەوریە هەیە لە نەگەڕانەوە دا ئاماژەی مردن هەیە.

٢ – دەوڵەتكەی وەصڵ پا نە زەواڵەن

جارێوتەر دیدەن باڵات مەحاڵەن

سەردەمی پێكەوە بوونمان لەناو دەچێت و جارێكی تر بینینی باڵات مەحاڵە.

ڕۆژگاری بەیەك گەشتنمان ڕووە و نەمانە، بەڵام ئەم جۆرە ڕاڤانە ناگەنە جوانی بەیتەكە، دەوڵەتەكەی وەسڵ سەڵتەنەت كردنی دەسلەملان... ئەو حكومەت كردنەی بە یەك گەشتنی من و تۆ لە ناو دەچێت، مەولەوی بە ئاگاییەیەكی شیعری و ستاتیكایەكی باڵاوە ئەو تەركیبەی داناوە، وە من قەناعەتم بەڕاست كردنەوەكەی كاك حەكیم هەیە كە (دەوڵەتەكەی) كردووە بە دەوڵەتكەی، دیارە مەولەوی هەم لە بچوكردنەوەكەشدا دەیەوێت بڵێت ماوەی حكومەت و سەڵتەنەت كردن لە گەڵ یاردا زوو لە ناو دەچێت. هەروەها دەیەوێت دڵ تەزێنانە گوزارشت لە فراق بكات و بە لە ناو چوونی (حكومەتی پێكەوە بوون لە گەڵ یار) ئێمە تووشی مەیل و لایەنگری دەكات و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەمان دەداتێ دژی چەرخی چەپگەرد و (سوپای فراق) هەم هجا زیادەكەش نامێنێ.

لە تەریقەی نەقشبەندیشا (دەوڵەت) ئەو مەملەكەتە عرفانی یەی ئەهلی دڵانە كە بە هەموو ڕەهەندەكانیەوە (مرشدی كامڵ) دەستڕۆشتوە بە سەریدا.

٣ – سا دڵم وەش كەر وە ئیلتیفاتێ

بدیە وە لاوە بوینووت ساتێ

سا دڵم خۆش کە بە، ئیلتیفاتێ، لە (لە تافەتەوە) هاتووە کە لە مەبە ستێکا مەبەستێکی ترت هەبێ کە دیارە مەولەوی دەیەوێت دۆست ڕوی تێ بکات و لە ڕووکردنەکەدا مانای تری وەك نەرمی و مهرەبانی بداتە دەست. لابکاتە لاوە و مەولەوی ببینێت. تەوەجوهـ کردنی مرادە بۆ مرید. لە ڕوویەکی ترەوە.

٤ – با بەیۆ شنۆی شیرین ڕازەکەت

گۆش دەرۆ لادێ مەینەت گازەکەت

ئیلتیفاتی بەیتی پێشوو واتە بەخشینی جوانترین دیمەن بۆ چاو و پاشان شیرینترین ڕاز و گفت بۆ گوێ، و شنەی قسە شیرینەکانت بێت و تاوێ هاوڕێ مەینەتی یەکەت گوێ ی لێیان بێت.

٥ – ئاخر سەفەرن ڕا خەیلێ دوورەن

مەنزڵ بێ پایان تۆشە زەرورەن

دوا یین سەفەرە و ڕێ زۆر دوورە، مەنزڵ نا کۆتای یە و توێشوو زەرووره.

لەتەی کردنی مەنزڵەکانی دنیاوە ئەگوازێتەوە بۆ مەنزڵەکانی ئاخرەت. وە شیعرەکەش لێرە بە دواوە ئەخاتە گۆشەی تری ڕوانینەوە هەڵگرتنی خۆراکە ڕۆحیەکان شیعرەکە دەبەنە دنیایەکی تر.

٦ – دینت تۆشەی چەم، مەیلت تۆشەی دڵ

ڕازت تۆشەی گۆش مەنزڵ وە مەنزڵ

بینینت توێشووی چاوە، تاسەو خۆشەویستیت توێشووی دڵە، گفتە شیرینەکانت توێشوون بۆ گوێ لە نێوان دوو مەنزڵدا.دینت خاترە و بیرەوەری چاوە، دەنگت دەنگدانە وە و زەنگی گوێ یە، وە تاسەو سەوداو مەیلت لە دڵدا جێ دەگرن. بە ڕای ئێمە بۆ تێگەشتن لە زۆربەی بەیت و وێنەی شیعری مەولەوی پێویستمان بە تێگەیشتن لە ستراتیژیەتی نووسینی مەولەوی هەیە کە زمان بەشێکی گرنگی ئەو پرۆسەی نووسین و داهێنانەی مەولەوی یە کە بە پێی هاتنە پێشەوە لە شوێنی خۆیدا لێ ی دەدوێین.

دینت تۆشەی چەم... چاو وەزیفەی گرتنی دیمەنی هەیە، ئەوانەی دەکەونە بەرتیشك، دینت بە دەر لە مەبەستی (وێنەی دۆست لە چاوی مەولەوی دا) دەکرێت ئاماژە بێت بۆ لایەنە ضاهریەکەی دین کە شەرعە و تەنیا ڕووی دەرەوەی دینە و بالێکی حەقیقەتە. چونکە نەیووتوە دیەیت توشەی چەم، زۆر بە سەلیقەوە وشەی (دین) بە کاربراوە. مەیلت تۆشەی دڵ، کە هەمیشە ئەم چەمکە لای مەولەوی فەزڵ و بایەخی زیاترە و دەکرێت (مەیل لە - دین) سەنگینتر بێت بۆیە لە دڵا جێگیرە و درۆ و دەلەسەی لە گەڵ ناکرێت و دەچێتە خزمەتی باڵە ڕاستەقینەکەی حەقیقەت کە تەریقەتە. وە هەر لە هەڵسنەگاندنەکانی (مەیل - عەیشق - ئیماندایە) کە دڵ و عەقڵ لە یەك جیادەبنەوە. وە ئێمە هیچ کات لە ڕێ ی عەقڵەوە ناتوانین لەیل ڕازی کەین. عطار دەفەرمێت:

در عشق تو عقل سرنگوون گشت

جان نیز خلاصه جنوون گشت

درصفت عشق تو شرح و بیان نمی رسد

عشق تو خود عالیست عقل در ان نمی رسد

بەکاربردنی ووشەی (مەیل) زیاد لە ( ٦٠ )جار لە دیوانەکەی دا مرۆڤ بەو قەناعەتە دەگەیەنێت کە مەولەوی شەریعەتێکی تازە و تایبەتی بەو زاراوەیە داوە و چەندین مانا و مەبەستی بە بەرا کردووە. کە لەم بەیتەماندا مەیل وەزیفەی ئیمان جێبەجێ دەکات و لە دلا چەسپیوە. ڕازت تۆشەی گۆش، دوور لە قسەکانی دۆست دەکرێت مەبەست لە وەعظ بێت و کە تەنها گوێ مەخزەنیەتی و ئەوەش دەزانین ئەو دوو بەرێزە هەرتك فەقێ بوونە و دەکرێت ئەوەیان لە پێشتر بوو بێت و واعظی ئەوی تر بووبێت. وە ئەگەر بەیتەکە بخەینە دۆخی لەناو چوونی هەستەوە ئەوا دین لەگەڵ ڕاز و گۆش، لە گەڵ چەم... کۆتا دەبن و تەنها مەیل دەمێنێتەوە و دڵ مەنزڵ وە مەنزڵ دەییات.

دڵ مانـا زمـانی و فەسـلەجیەکەی ون کـردووە و ڕۆحیانـە بووەتـە نیـشتمانی هەڵسوکەوت کردنی مەیلی نازیز. مەبەستی ئەم دنیا بۆ ئەو دنیاش دەپێکێت. ئەمەش کە ئێمە وتمان ئینتیما بوون بە شەریعەتی مەیلەوە لە ژیانی مەولەوی دا وای کردووە کە لە ناخۆشترین زەمەنی کۆستەکانی دا تەنانەت بە لە دەست دانی چاویش توانای خولقاندنی جوانترین دەقی بووبێت. چونکە توێشووی دڵ لە کزی نادات و زامنـی ژیانی مسۆگەری عاشقە.

٧ - کێ زانۆ چۆن بۆ ئەی دنیای بادی

با ببۆ نە بەین گەردن ئازادی

کێ دەزانـێ چۆن دەبـێ ئـەم دنیا هەوایی یـە. بادی: شتێ بەدەسـت بـاوە بێـت، سەرخۆش یان بە باوە بەند بێت ئیمە دەزانین مانەوەی دنیا بەفویەکەوە بەستراوە، بـا گەردن ئازادی لە بەینا بێت. تـا ئێـرە شیعرەکە بەیان و هەواڵی سەفەر ڕادەگەیێنێت، دۆست دڵنیا دەکات لە وەی بە تاسەو بیرەوەی یەوە دەژی و مەیلی فەرامۆش ناکات، لێرە بەدواوە هەڵدانەوەی پەڕەکانی ژیانی ڕابردووی هەردووکیانە.. گەردن ئازاد کردنی یەکتر لە سەر ئەزیەت دانەکان بۆ یەکتری. د.ئیبراهیم قادربۆپەیوەندی کۆمەڵایەتی مەولەوی ئەم شیعرەو سیانی تری باس کردووە. {بڕوانە میهرەجان ٢ ل١٧١-١٧٨}

٨ – من شەوێ ناڵەم جۆش ئاوەردە بۆ

سەگی ئاسانەت بێدار کەردە بۆ

من شەوێ ناڵینم جۆشی هێنا بێت و بەرز ناڵاند بێتم سەگی بەر قاپی تـۆم بێـدار کردبێتەوە.

لـەم بەیتـەوە جـوانترین نـاوەڕۆك و فـۆرمی ڕۆمانـسی دەزێتـە شـیعرەکەوە لـە لیریکترین زمان و حاڵدا. مەولەوی باس لە خەتاکانی خۆی دەکات، لەم بەیتە بەدواوە شیعرەکە لـە بیانووی بۆنەکە دەرباز دەبێـت و حـاڵ و وەزعێکـی عاشقانەی بـە بـەردا دەکرێ. شیعری مەولەوی گیانداری جوانی ئاوی و وشکانی و ئاسمانیە.

هەستان و بێدارکردنەوەی سەگی بەرقاپی دۆست لە ئەنجامی نالە نالی ئەمدا لە ڕواڵەتدا خەتاو گوناهە، دەنا لە ناوەڕۆکدا خزمەت کردنە بە ئەمنیەتی ئاسانەی دۆست.دەشکرێ سەگی ئاستانەی دۆست هەمان خودی نالەکەر بێت واتە شاعر هەمان سەگی بە نالە و قرووزەی بەر دەری یار بێت و لە ئەنجامی نالەدا بێداربێت.

من لەو قەناعەتەدام چەندە قوڵبوونەوەی زانست و زانیاری بۆ دنیای عەقیدە و عرفانی مەولەوی پێوستە هێندەش ڕەدوکەوتنی خەیاڵ بە دوی خەیاڵی ئەو و دڵدان بە هەست و سادەیی و ورکی منالآنە لە شیعری ئەو گرنگن. دیارترین خەسڵەت و شەقڵی شیعری مەولەوی کارێك کە دەبێت لێی تێ بگەین(ستراتیژیەتی نووسینە) کە مەولەوی لە ڕێ ی زمانەوە نوشتەت لێ دەکات بۆتێ گەشتن لە مانای شیعری دەبێ ترسی نوشتە کردنەوە لە دڵدا لابەیت.

هەڵگرتنەوەی زاراوە و دەستەواژە و وێنە و نەریت و مانای سلبی وە پێدانی شوێن و مایە وپایە و مانای موسبەت بەسلبیاتەکان بردنەوەی گرەوی نووسین و شیعریەتە لای مەولەوی{گۆڤاری هەڵەبجە.ژ.١٥٠ل١٤١} کە لەم بەیتەوە تا بەیتی ١٦- شیعرەکە ئەو ستراتیژەی تیایە کە بە هونەری (حسن تعلیل دا) تێ دەپەڕێت و مانای پێچەوانە فەراهەم دێنێت.

٩ – یا ناستە بۆ سەیل دیدەم نەفەسێ

نەسیم گەرد پات بەرۆ پەی کەسێ

یا نەیهێشتبێ فرمێسکی زیادی چاوم، هەناسەیەکی نەسیم تۆزی پێت بەرێت بۆ کەسێ.

زۆری فرمێسکی چاو لەبەر پێی دۆستا، تۆزی دەوروبەری ماڵی یاری قورس کردبێت و نەسیم توانای نەمابێت هەڵی گرێت (خۆڵ بۆ قوڕ) واتە من بەرەوام زیادەڕەوییە لە موحیبەت و دۆستایەتی دا. کاریگەری ئەم وێنەیە و چەندین وێنەی تری

ناسکی مەولەوی بە سەر شیعری کوردیەوە لە سەدەی ڕابردوودا تا ئێستاش دیارە کە خوێنەری هۆشیاری شیعری کوردی بە ئاسانی هەستیان پێ دەکات.

١٠- جەمینت زەحمەت نیگام کێشا بۆ

کەف پات وەخار دیدەم ئیشا بۆ

نێو چەوانت بە هۆی نیگامەوە ئازار درا بێت و بەری پێت بە برژانگی چاوم ئێشابێت.

گەر بەو ڕاڤەیە ڕازی بین دەبێت ناوچاوی دۆست زەحمەتی زۆری کێشابێت لە بەردەم تیشکی نیگا زۆر و بەردەوامەکانی مەولەوی دا، یان دەبێت زەحمەتی کێشابێت تا مەولەوی سەیری کات کە چڕکردنەوەی وێنەکە لەوپەڕی دەسەڵاتی شیعری دایە ولای مەولەوی بەشێکە لە پرۆسەی نووسین و شیعریەت.

دروست کردنی تەرکیبی ئاوێتەی ڕۆحی و مادی یان مەعقول و مەحسوس، یان گوزارەیی و بەرجەستە، یەکێکە لەو کارانەی کە مەولەوی کردە داهێنەر و تا ئێستاش دروست کردنیان لە زماندا گرەوی داهێنانە. گەر زەحمەت بە ئازار قبول کەین دەبێت تیشکی نیگای مەولەوی ئاسەواری بەنێو چاوی دۆستەوە هەبێت... کە ئەمەش ڕووکاری جوانی وێنەکەیە. لای مەولەوی شتی نەبینراو نیە ئێمە ئێستا دەزانین تیشکو شەپۆلەکانی دەنگ و بینین کاریگەری و ئاسەواریان لە سەرمرۆڤ هەیە.

(کەف پات وەخار دیدەم ئێشابۆ )کاریگەری بێسارانی یە کە بناغەی ئەو ڕۆمانتیکەی داناو مەولەوی بەلوتکەی گەیاند

مەواچە موژەت تیژتەرەن جەخار

پای گوڵ ئەندامم مەدەرۆ ئازار {بێسارانی حەکیم مەلاسالح ل١٢٣}

١١ – یا کەردەبۆ دڵ دێوانەی دڵ تەنگ

وەخت نیشانەی دڵان پەی خەدەنگ

١٢ – پەلە پەل پەی زەوق زامیٚ وە تیرت

ئازار دابۆ تای زوڵف زنجیرت

دڵی دێوانەی دڵ تەنگ لە وەختی نیشانەی دڵان بۆ تیر، پەلە پەلی کردبێت بۆ چەشتنی زام بە تیرت، بەمەش تای زوڵفتی ئازار دا بێت کە بووەتە زنجیری (وەختی نیشانەی دڵان بۆ تیر) فەسڵی بەزەیی و میهرەبانی یارە، بۆ تیر گرتن بۆ هەرکام لە عاشقەکانی، دڵی دێوانەی مەولەوی بیری چووە کە زنجیری تای زوڵفە... لە پەلەکردن ونەوسنی وچاوچنۆکی دا بۆ چێژ زوڵفی ڕاپسکاندوە تای زوڵفی ئازار داوە.

زنجیر کردنی دڵ بە زوڵف و پێکرانی دڵ بە تیر لە کاتی نیشانەدا هەردووکی مەرحەمەتی یارە و نەدەبوو پەلە بکات بۆ زامی تیر.. هەرچەندە کەرەسەکان و لێکچوونەکان کلاسیکیانەن، بەڵام یاری کردنەکانی زمان و ڕەهەندی عرفانی وێنەکەی خستووتە دۆخێکی ڕۆمانسیەوە، چونکە پەلە و سەرەڕۆیی کردن کفری عاشقانە و ڕێگەی گەیشتن بە یار عومری نوح و سەبری ئەیوبی دەوێ. کەچی دڵەی شێتی من پەلەیەتی.

١٣ – یاخۆ تۆ دابۆت وە دڵ مەزەی مەرگ

تیر خەدەنگت دابۆ نە تۆی جەرگ

یاخود تۆ مەزەی مەرگت بەدڵ دابێت تیری برژانگەکانت لە تویی جەرگم دابێت. لێرە بە دواوە خەتاکانی دۆس باس ئەکات بۆ ئەوەی گەردن ئازادی بەین دووسەرە بکرێت، بەڵام خەتاکانی دۆستیش هەر بە حسابی خۆشەویستی مەولەوی تەواو دەبن. خەتاکەش ئەوەیە کە تیری برژانگ بە دڵ نەدراوە و لە جەرگ چەقیوە، چوێنراوە بە مەزەی مەرگ بەر نەکەوتنی تیر مەزەی مەرگە چون پێکرانی ڕاستە قینە دانی تیرە لە دڵ.

١٤ – یا مەردە بۆت دڵ دێوانەی دلگیر

جە تیر ئەندازی کەر دەبۆت تەقصیر

یا دڵی دێوانەی دلگیرت شکاندبێ و لە تیر باران کردنی درێغیت کرد بێ.

ڕەوانە کردنی تیر بۆ دڵ لەلایەن یارەوە لە هەردوو دیوی (ئاسمانی - زەمینی دا) بەڵگەی دروستی پەیوەندی و ڕەوایی دڵداریەکەن. دڵ داوا وخواستی تیری بووە، بەلاّم تۆ دڵت شکاندووە.

١٥ – یا نە دا بۆت تۆز گەرد پالاّکەت

پەریّ سورمەی چەم سفتەی بالاّکەت

یان تۆزی گەردی پێلاّوەکەت نە دابیّ بۆ کلی چاوی سوتاوی بالاّکەت.

شێخ ڕەزا ئەم بەیتەی بینیوە کە دەڵیّ:

ووتم: وەك سورمەیە بۆ چاوی عاشق خاکەکەی ژێرپێت

١٦ – تۆ بویەرجە من، من زوو ویەردم

هیممەت بۆ ها زار مەحرومیت وەردم

تۆ ببورە لە من، من زوو بورام، مەیل و ئیرادەی لیّ بوردنت هەبیّ ها ژاری بیّ بەری بوون و و بیّ بەهرەبوون لێتم خوارد.

هیممت: عەزم و ئیرادە و قەسدە، نەك خواحافیزی{دیوان ل٢٨} بەکارهێنانی دەسەلاّتی مەعنەوی یە لە (من زوو و یەردم)دا. لە تافەت هەیە واتە من زوو لێت بوراوم و من زوو بەسەر چووم من زوو تیا چووم. مەحروم بوون دەتباتەوە سەر بیّ بەش بوون کە لە بەیتەکانی پێشوودا هەیە لە تیر و لە تۆز و.. هتد. مەحروم بوون و بیّ بەش بوون و بەهرە نە بردن لە بەخششەکانی دۆستە نەك دووری وەك ڕەهەندی شوێن{رسالەی عیشق ل١٧٠-١٧١} وە لام وایە بەم بەیتە قفڵی شیعرەکە درابێت و لە مەولای شیعرەکە یان سەربەخۆبووە، یان هی شوێنی ترەو باش جێی بۆ نەکراوەتەوە.

١٧ – چەپگەرد پەی دووریت شانا مۆرەی نەرد

وە ڤاهر (بانە )ش وە بەهانە کەرد

گەردونی چەپ گەرد بۆ دووریت زاری هەڵ دا، لە ڕواڵەت دا بانەی کردە بیانوو.

واتە: دەیویست زاریٚ بێنیٚ زۆر دوور لە مەیلی ئێمە، بەلاٚم وەك بلێ ی نەیهێنابیٚ لێرەوە خۆی حازر دەكات بۆ دیدەنی قیامەتی دوابەیت یانی ڕۆژیٚ دیٚ گەردون ئەو زارە هەردێنێت كە ئێمە بگرێت و دەرچوونمان لێ ی نیە، كە دووری مەرگە. بۆیە لە بەیتی دوای ئەمەدا شوكرانە بژێرە بە بانەش، چونكە زارەكەی گەردون باش نەیهێناوە.

١٨ – تا فەلەك پەیمان نە بەهانە بۆ

ئەرصەد بانە بۆ باز شوكرانە بۆ

واتە: تا گەردوون لە بەهانەدا بیٚ بۆ ئێمە هەرچەندە دووری خستمەوە بۆ بانە، بەلاٚم هەر شوكری دەویٚ گەردون هەرچەندە لەیەكمان دوور دەخاتەوە بەلاٚم مادام دووریەكە لە دنیای هەستیدایە شوكری دەویٚ.مەولەوی ئەم دووریە بە دووری ڕاستەقینە ناونابات.چەمكی(فراق)لای ئەو ژیان كردنە لێرە بە بیٚ یاری ڕاستەقینە(خودا) بۆیە دیدگای ئەو بۆ(ژیان و مردن)(وەسڵ و فەسڵ)ئیشرا قیە. ئەم دێڕە لە بەرگی سیٚ یەمی كەشكۆڵی كەلەپووری ئەدەبی كوردیدا بوەتە كۆتادێڕی شیعرێك و بەم جۆرە هاتووە.

جە سەر (بانە كۆن) گێڵ مدووم نەفەس

وەختەن (ئارد بە با) ببۆوە قەقنەس

پووشەكەی جەستەم وە (ئارد بە با)وە

ئایرتێش شی یەن وە هەر چوار لاوە

چەرخ چەپ چەنیم شانا موهرەی نەرد

دووریش وە مابەین من و تۆ ئاوەرد

تافەلەك لێمان وە بەهانە بۆ

ئەرهەر (بانە)یش بۆ باز شوكرانە بۆ

{كەشكۆڵی كەلەپوری ئەدەبی كوردی بەرگی سیٚ یەم محمدعەلی قەرەداغی ل٢٤٩}

### ١٩ – ئەر فرسەتش دا پەی دڵ خەمینت

### عومرێ دووبارەن جارێوتەر دینت

ئەر دەرفەتی دا بەدڵ خەمینەکەت ئەوە جارێکی تر بینینت عومری دووبارەیە. واتە لە یاری کردنی تاوڵەی ئێمە و گەردوون فرسەتی زاری باش بە ئێمە بوو، یەکمان دیتەوە ئەوە عومری دووبارەیە. عومری دووبارە، گەنج بوونەوە لە ئەنجامی وەسڵی یارەوە یان شاد بوون لە بەهەشتا لەگەڵ ئازیزاندا. گەنج بوونەوە مەنزڵێکە لەرێگەی گەڕان بەدوای نەمریدا {گەڕان بەدوای نەمریدا مەولود ئیبرهیم حەسەن ل١٢٢.}

### ٢٠- وەرناستش ئازیز تۆ وەسڵامەت

### دیدەن دیدار کەوت ئەو قیامەت

ئەگەر نەی هێشت و فرسەتی نەدا ئازیز تۆ سەلامەت، دیدەنی، دیدار دەکەوێتە قیامەت. واتە: دواجار لێرە هەردەدۆڕێن (دەمرین) ئیتر مۆرەی فەلەك (زار) باش دەهێنێت و پڕاوپڕ دەمانگرێ و دووریەکەی (بانە) نابێت و دەمانخاتە قیامەت.دەبێت سەرنج بدەین لە سەرنەکەوتنی مرۆڤ لە هەوڵەکانی بۆگەنج بوونەوە و نەمری ودواجار چوون بۆ ئەو دنیاو بەهەشتی نەمری. هەرئەمەشە کە گەردوون هەرگیز نایەڵێت ئێمە لە هەوڵە کانماندا بۆ بەدەست خستنی هۆی نەمری سەرکەوتوو بین. ڕووکردنە دین ئەوچرایەیە کە بەتاریکستانەکاندا دواجار ئێمە بۆ ئەو هەوارەی هەمیشە زیندووبوونەوە ڕێنمایی دەکات بە مەرجێ نورە عرفانیەکەی نەکوژێن.

## شیعری سێیەم

١ – ئەمجار سەخت تەرەن زامم جە جاران

چڵ مدۆ دایم چون گەستەی ماران

ئەمجارە سەخت ترن زامەکانم لە جاران، دایم چڵ دەدەن وەك ماران گاز(یان خۆم چڵ دەدەم.وەك مارانگاز) چڵ حاڵێکی وەك سویّ بوونەوە لە حاڵەتی کوترانی بەهێز یان گەستن، یان پێوەبوونی پەنجە بەدەرگاوە. ئازار.. ترپەکردن نەبز... پل وەشاندنی ئازار.

٢ – هەر وە زۆرمەندەن ڕای ئامای نەفەس

تای ڕیشەی تاقەت شیەنم جەدەس

هەر بە زۆر ماوە (یان بەحاڵ ماوە) ڕێگەی هاتوچۆی هەوا (نەفەس دان) هەناسە.

سەرەداوی ڕیشەی توانایم لەدەس دەرچووە. کنایەیە لە بێ توانایی (ئاڵوسکان) کێشەیەك ئاڵۆز بێت، یان دەردی گران بینی هەناسە تەنگ بکاتەوە و تاقەت و ئارام ون کات. تاقەت گەر گلۆلەیەکی ڕێسراوبێت ئەوە تای ڕیشەکەی لە دەس شاعر دەرچووەو ون بووە. تێکڕای وێنەکە گوزارشتە لەبەرگە نەگرتنی بارەکەی شاعر٠ وە لە تەرکیبی ڕیشەی تاقەتدا خواستن هەیە.

٣ – بڵێسەی فراق سۆچنان جەستەم

ناسۆرەن زا مان گاز خەم بەستەم

کڵپە و بڵێسەی ئاگری دووری (جیایی) جەستەی سوتانم، ئەو زامانەی کە بە گازی خەم لێم کراون چوون بە ناسۆرا و چاك نابنەوە (تیراویّ بوونی برین).

یان: چون بە ناسۆرا ئەو زامانەی کە بەخەم بەستومن. بەڕاستی چڕی ئەم وێنانە هەر جۆرە ڕاڤەیەك لە جوانیان کەم دەکاتەوە، ئیلا خوێنەر دەبێت ئاستی تێگەشتنی لە زمانی مەولەوی هێندە بەرزکاتەوە تا لە چێژو ستاتیکای وێنەکان بگات.

٤ – دوی کەوا و دڵ پۆشان سەرهەردان

زەرد کەردەن ڕوخسار پاییز دەردان

دوکەڵی کەبابی دڵ سەرهەردەکانی داپۆشیوە، یان سەرهەردان دوکەڵی کەبابی دڵی منیان پۆشیوە ڕوخساری پاییزی دەردیان زەردکردووە. سەرهەردەکان دەبێت سەوز بووبن و دووکەڵی کەبابی دڵ دایپۆشیبن، پەژموردە و ژاکاو و زەرد بووبن.

ئەوسروشتە کە نەخۆش کەوت ڕەنگی پاییز زەرد دەکات و دەردەداری دەکات دیارە مرۆڤی دەردەدار زەرد هەڵدەگەڕێت و لاواز دەبێت. مەولەوی هێندە ئاشتە لەگەڵ سروشتدا و هێند بەدیقەتەوە سەیری سروشت دەکات جیاواز لە هەر شاعیرێکی تر بە مامەڵەی مرۆییانەی دیاردەکان نابێتە لاسایی کەرەوەی جوانیەکان و دیاردە و هاوکێشە حازر شیکارکراوەکان، بەڵکو ئەم خۆی لە ڕێ ی ماك و ڕەگەزەکانی سروشتەوە چەندین هاوکێشە دروست دەکات و هاوسەنگ و هەندێ جاریش لاسەنگیان دەکات. واتە ڕازی نابێت بەلاسایی کردنەوەی سروشت. تە واوی ڕەگەزەکانی سروشت لای مەولەوی گیاندارن.

سەلیقەیەکی زۆر بە هێز و گرنگ کە مەولەوی بەکاری دێنێت لە دروست کردنی وێنەکاندا هەڵسوکەوتە بە سادەیی وشە، دێڕە شیعری مەولەوی، یان وشە لە ڕستەی شیعری مەولەوی دا زۆر بێ مکیاژ و ئارایشتە، وشە خۆی شایەتحاڵی جوانی یەکانی خۆیەتی زۆر سادە و ڕاستگۆیانە جێ دەگرن، بۆیە مەولەوی بۆ دەربڕینیان پێویستی بە ئامرازە ناقۆڵاکان نابێت و زۆر خۆری و بەدخۆی بەڕستە ناکات و هیچ پیت و دەنگێ دڵی تێکەڵ نابێت، ڕۆح سوکانە و لەش سوکانە دانیشتووە، مەولەوی هیچ سازش و مل شۆڕییەکی بەسەر وشەدا نەهێناوە هەر ئەوەشە خاڵی بەهێزی شیعریەت و هونەرەکانی ڕەوانبێژی کە دیوانەکەی تەژیە لەم نموونانە. {گۆڤاری هەورامان ژمارە ١١ ل ١٤١-١٤٢} خوێنەر دەتوانێ سەرنج لە سادەیی ووشەکانی (ڕوخسار زەرد، پاییز، دەرد) بدات.

٥ – سەرسامەن نالەم یەکسەر جەنالەم

فەلەك مۆرەی بەد شانا وە تالەم

عالەم سەراسەر (هەموو)ی سەرسامە لە نالەم، گەردوون (فەلەك) زاری خراپی لە بەختی من هەڵداوە.هونەری جیناس (ڕەگەز دۆزی) لە وێنەکەدا هەیە، دەردەداری و بارگرانی یەکەی، نالەی بەهێز و بەردەوامی پێ داوە، نالە نالی زۆریش. دەوربەر بێزار دەکات و نالێنەریش بەد ناو دەکات... هەر ئەمەشە عاشقەکانی کردوەتە بابەتی ڕازو حکایەت. فەلەك خەتم و مۆری بەدی ناوە بە ناوچاومەوە(نەهاتنەوەی یاسافەلەکییەکان لە گەڵ ویستە عاتفیەکانی ئێمە دا).

٦ – مەینەت سەربەرزەن شادیم زگارەن

ساقی جامەکەت ئەمجار وەکارەن

مەینەت (نەهامەتی) سەربەرزە لە کەیفایە، شادی زویرە و لە نزمایە، کەسێ حاڵی وابێ و حسابی بەو جۆرە بێت(جام وبادە بۆی بە کارە)خەم ومەینەت مەرجی سەرەکی و زەمینەی لەباری بادە نۆشیی یە(بە هەردوو ڕەهەندی مەجاز و حەقیقەت) ڕەوایی و حەلاڵی جامی بادە بۆ کەسی مەینەت بارو شادی تۆراوە،

(ئەمجار وە کارەن) واتە گەر جاران بادەکەت کاریگەر نەبوو بێت ئەو حاڵی من لە مەینەت و خەمانەبووە، ئەمجارە کە من وام جامەکەی تۆش بەکارە. سروشتی ئەم وێنەیە لە نالەی جودایی هێمن دا دەرکەوتووە. دیارە مەولەوی ڕۆمی سەرچاوەی سۆزەی وێنەکەیە.

٧ – بۆرێ وە مەجلیس لابەر پەردەی شەرم

وە دەورێ دیسان بەزمێ کەرمێ گەرم

بێرەوە نێو کۆڕو لابە پەردەی شەرم (حاجز) وە بە دەورێ ( وەرگەڕانێکی تر) دیسان بەزمێ گەرم کەین. هاتنەوەی ساقی بۆ مەجلیس دەبێتە بایسی جوڵەی مطرب و نەی چی و هەڵدانی مەقامەکان. گەر هێمن مەولەوی ئێمەی نەخوێندبێتەوە، ئەوا دڵنیا

دەبـین لـە کاریگـەری جەلالـەدین لـە سـەر مەولـەوی کـورد و دڵنیـابوون لـە وەی بـە چ هۆکارێك ئەم خۆی بە مەعدوم ناودەبات و دۆستەکانی بـە مەولـەوی نـاوی دەبـەن. گـەر مێژووی ئیجازە نامەکەی شێخی سراجەدین بۆ مەولەوی پێش حکایەتی میواندارییەکەی غـولام شـاخان بێـت ئـەوە شـێخان نازنـاوی مەولـەویان پـێ بەخـشیووە. بـە مەشـا دەردەکەوێت پاشاکانی مەملەکەتی عرفان لە مەیخانەکانی تەوێڵەدا چەند بە ئاگا بـوون لـە سەرچـاوەکانی ئەندێـشەی یاردۆسـتی و یـار پەرسـتی (مەدرەسـەکانی حـووببی) لـە بزووتنەوە تەصەوف و عرفانیەکانی نێو هزری ئیسلامی و تەواوی ئایینەکانی تردا.

٨ – تا مگرب وە سازحەنجەرەی بێ گەرد

هۆر دۆ مەقامێ دەوا کەرۆ دەرد

تا ئاواز خـوێن بـە سـازی گـەرو و بینـی بـێ گـەردی مـەقامێ هەڵدا دەرمـانی دەرد بکات.

ئاماژەدان و دان پیانانە کە گۆرانی و دەنگی خۆش چ کاریگەریەکی لە سـەر ڕۆحـی مەولەوی و ئەنـدێشەی ئەو داناوە، خۆگەر بەرەو مێرگەکانی عرفانیش بـڕۆین بەیتەکـە تەسلیمی (بانگ دان و دەنگی خۆش و عبادەتی قورئانی)بکەین دیسانەوە هەر کاریگەری دەنگ خۆشی و خـۆش خوێنـدن ئاشکرایە لـە سـەر مەولـەوی. سـەرنجێکی تـری گرنگـی مۆسـیقی لـە وێنەکـەدا هەیە،ئـەویش چڕینە بەگـەرو وبـەکاربردنی قـورگ بـۆ گـۆرانی زامـی لایـەنی هونـەری گۆرانیـە، کـە ئـەم خەسـڵەتە ئێـستا لای هونەرمەنـدانی بـواری گۆرانی نیـە و گـۆرانی بێـژەکان پشت بـە دەم کردنـەوە دەبەسـتن، ئەمـەش سەرچاوەی ناسـازی دەنگـە، چـوون مەڵبەخـدی دەنگـی سـازو توانـستی ووتـن گـەروە. بۆیـە کـەم لـەو گۆرانیانە شك دەبەین کە دەردمان دەوا کەن.

٩ – بەڵ ئاکا نەی چی بەیۆ جەلاوە

وە مەقامەکەی قەقنەس ئاساوە

بـەڵکو لـە پـڕ (ئاکـا نـەرێی هاکـا) نـەی چـی لـەلاوە بـەخۆی و مەقامـە قەقنـەس ئاساکەیەوە بێت (پەیـدا)بێـت، مـەقامی نـەی چـی لـە دەنگـی قەقنـەس دەچـێت، ڕەنگـە

قەقنەس کە وتمان لە ئەنجامی زۆر خوێندن و جۆراوجۆری ئاوازەوە گڕ لە خۆی بەردەدات دەلالەت لە سەرکەوتن و لە ناخەوە وتنی مەقام بێژو و ئاواز خوانەکانی ناو بەیتی مەولەوی بێت.

نەغمەو چەشەی مۆسیقی ئینسان لە گەڵ دروست بونیدایە و لە عرفانی هیندی و ئێرانی دا پێگە و جێگەی بەرزی هەیە و شارستانیەتی ئیسلامیش خاڵی نیە لەو هەستە. هەر لە بانگدان و زەنگی کۆ بوونەوە و تەقس و شەتەحاتە دینیەکان{هنر موسیقی سال سوم ١٣٧٩شماره ٢٠-٢١}قەڵەم ڕەوی ئاییني یارسان دەوڵەمەندترین بوومی ناوچەکەیە لە مۆسیقادا، لە بەدبەختی دا بە شەکەی ئێمە لە هۆرامانی دیوی عێراق، ڕابردووەکەی چەند دەوڵەمەند وباوان داربووە ئێستای هەزار ئەوەندە هەژارە و بێ بێوان

١٠ – بەزمێمان جەم بۆچون هەردە جاران

بنۆشین جامێ وە یادی یاران

کۆبینەوە و بەزمێ بگێڕین وەك جاران و جامێ نۆش کەین بە یادی یارانەوە. بەزمێمان جەم بۆ: جەمێ ببەستین.

لە کلتوری یاری و تەواوی هەورامانندا (جەم بەستن لە ڕابردوودا) زۆر باو بووە و بۆ چەندین مەرام و مەبەست بەزم و جەم دەگیرێ. ئەو وشە ڕەسەنە (جەم) چۆتە ناو زمانی میلی خەڵکی ناوچەکەوە (جەماعەت جەما، هەر منش کەما) یان دەبێ ئێمە لە پەیوەندی و هونەری (تناسب) کە لە نێوان وشەکانی (بەزم، جەم، جاران، یاران) دا هەیە ورد بینەوە. کە ئەمەش کاریگەری کلتوری دینی و هزری عرفانی ناوچەکە دەردەخات لە سەر مەولەوی کە زۆر دیار و ئاشکرایە و ئێمە بڕوامان پێ یەتی و ئەو باسەمان بە فراوانی و بە بەڵگەوە لێرەو لەوێ ووروژاندووە.بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە باوی جەم بەستن بڕوانە {سرووتە دینی و کۆمەلایەتیەکانی خەڵکی هەورامان، ئەیوب ڕۆستەم ٢٠٠٧ل٣٤-٤٢}

مامۆستا احمد شریفییش لەژێرناوی نمادوسومبولی ئوستورەیی لە شیعری مەولەوی دا لەوبارەوە چەند دێڕێکی بە ڕەواجی نووسیوە. {کنگرە بزرگداشت مولوی کرد ل٣٧٧}

١١ – هەر وە زۆرمەندەن نیم نەنەس باقی

پڕکەر جامەکەت دەخیلم ساقی

هەر بەحاڵ نیو نەفەسم ماوە دەخیلم جامەکەت پڕ کە ساقی.

لە شیعری نوێدا دابەش بوونی وشەیەك یان پیتێك بەسەر ڕووبەڕوی سپی دا یان چەند بارەکردنەوەی دەلالەت و مەغزای خۆی هەیە و گرنگی وێنە و دەستەواژە دەردەخات کە بابەت دەیگرێتەوە.. وە لە جوگرافیای دەق دا هەم لە ڕووی فۆرمەوە هەم لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بایەخی ستاتیکی پێ دەدرێت.

لای مەولەوی ئەم دیاردەیەش هەستی پێ دەکرێت و تاسەی خوێنەر دەباتە سەر ئێسقان لەم شیعرەدا هەر وە زۆر مەنەن ڕای ئامای نەفەس-نیم نەفەس جوانی یەکی تریش لە نێوان (نیو، پڕدا) هەیە کە دیارە نیو لە توانایدا نیە پڕ بگرێت، ئەبێ سەرنجی ستاتیکی لەو حاڵەش بدرێت باقی دووبارە بووەتەوە و دەبێت ئەو حاڵەی مەولەوی زۆر بایەخدار و تایبەت بووبێت. فڕکردنی بادەی پڕ لە توانایدا هەیە گیان سەرشار بکاتەوە، یانی ڕۆح هەمیشە پڕ نیە، یان گەورە نیە، بۆ ئەو مەرامە (کامڵ بوونی گیان و گەورەبوونی ڕۆح ) نیازمان بە بادەی پڕهەیە، ئیمانی ناتەواو و خۆشەویستی نیوەو ناچڵ و لە ناچاریدا یار پەسەند کردن ناتوانێت ڕۆح ئاسوودە بکات.

١٢ – ئەر ئازیز وەی تەور لێم کەرۆ ستەم

خەلاصیم نی یەن ئەمجار خاتر جەم

ئەر ئازیز بەم جۆرە ستەمم لێ بکات (غەداری یار) بێ خەم بن ئەمجار نەجات بوونم نیە خاتر جەم بن لە ستەمی ئەمجارەی ئازیز نەجاتم نیە.

## ١٣ – عەرەق چون شەونم نیشتەن نەڕووی گوڵ

## تەڕکەردەن تاتای توغراکەی سونبوڵ

عەرەق وەك شەونم لەسەر ڕووی گوڵ نیشتووە، تاڵ تاڵی زوڵفەکانی تەڕکردووە، ئەمەش یەکێکە لەو وێنانەی بە هونەرەکانی تەشبیه و خواستن چڕ کراوەتەوە.

عەرەق وەك شەونم لێکچونە، ڕووی گوڵ،دەم و چاوی یارە،خواستنە. هەروەها پێچانێکی تیایە تەڕکردن بۆ عارەق دەگەڕێتەوە.

سونبڵ گوڵێکی پەلك درێژی بۆن خۆشی ڕەنگ بنەوشی یە. لە گەڵ توغرادا خوازراون بۆ زوڵف. توغرا، خەتێکی کۆنە و خوازراوە بۆ زوڵف لە پێچ و موعەممادا عەرەق وەك شەونم لە ڕووی یارنیشتووە تاتای زوڵفە بۆن خۆشەکانی تەڕکردووە.

## ١٤ – چە قازان خەم دڵ کەردەن وە ئاو

## وە درۆ ماچۆ مەگێر و گولاو

لە قازانی خەما دڵی کردوم بە ئاو و بەدرۆ وە دەڵێ گولاو دەگرم.

دڵ بوون بە ئاو کنایەیە لەئەزیەت دانێکی زۆر و توانەوە. خەم کە بێژەیەکی مەعنەوەیە کراوە بە قازان. وە دڵی تیا کراوە بە ئاو.هەموو زەحمەت و گوناهی ئەم گولاو گرتنەش بە (درۆ) وەلا خراوەتەوە.

دارشتنی نیوەبەیتی دووەم سادەیی و ناسکی یەکی زۆری تیا خەرج کراوە وە دەڵێ گولاو دەگرم بە درۆوە. مادام توانەوە و بە ئاوکردنی دڵی مەولەوی بە گولاو گرتن کەوتوەتەوە کەواتە دەبێ دڵی مەولەوی کە عاشقە، پێکهاتەیەکی گوڵ بووبێت و کەرەسەی گولاو بێت، بەلام بە درۆ وە ماچۆ... دیسان لەو مانایە خاومان دەکاتەوە و دەڵێ درۆیە دڵی من بە کەڵکی گولاو نایێت و...هەر لە ڕاستی دا ئەو دەیەوێت عەزابی بدات... یان عەزاب دانی دڵی مەولەوی و توانەوەی لای یار هێندەی کار و ئیشی گولاو گرتن و گولاو دروست کردن خۆشە.

### ١٥- ئازیزم گولاّ و بۆی خۆی کولّم تۆن

### ئەر بۆی تۆ نەبۆ بۆی گولاّو جە کۆن

ئازیز گولاّو بۆنی عارەقەی کولّمی تۆیە، ئەگەر بۆنی تۆ نەبێ، گولاّو بۆنی لەکوێ یە.

عارەقی کولّمی تۆ گولاّوە... نەك دلّی بوو بە ئاوی من.

دەشگونجێ (خۆی)(ویش) بێت واتە: خۆی گولاّو لە ئەسلاّ بۆنی کولّمی تۆیە، چونکە نیوە بەیتی دووەم بەسراوە بە مەرجی ڕستەی یەکەمەوە، عارەقی کولّم گولاّوی حەقیقەتە، گولاّو سێبەرە. کەواتە تاودان و گوشرانی دلّی ئێمە بەدەستی یار درۆیە گولاّوی لێ بەرهەم نایێت گولاّوی ڕاستە قینە شەونمی جەمال و تەڕی حەرف وئایە تەکانی تاقە یارە.حافزیش دەلّێت:

گل بر رخ رنگین تو تا لطف عرق

دراتش رشك از غم دل غرق گلاب است {حافز.تیمور برهان لیمودهی ل٤٥}

### ١٦- زەڕێ بوی زولّفت کە فتەن نە بەرزان

### بۆی گولاّن کەردەن جە بەرزان هەرزان

یەك زەڕە (زەڕەیەك) بۆنی زولّفت کەوتوەتە بەرزان و بۆنی گولاّنی لە سەر بەرزان هەرزان کردووە. بەهاو قیمەتی بوونی زولّف. کەم بەها بوونی گولّ لە چاو بۆنی زولّفدا. تۆ زولّفت جارێ سەرچاوی هەرزان کردنی کەرەسەکانی گولاّوە ئەم ڕازانەوەی کەون و کائناتە زەڕەیەکە لە نهێنی جوانی یارە بەر ئەم دنیایە کەوتوە.

### ١٧ – ئازیز وە مەرگت گەر ئینسافت بۆ

### هەنی کافی یەن بۆی زولّفت پەی تۆ

ئازیز بە مەرگت گەر ویژدانت هەبێ تەنها بۆنی زولّفت بەسە. واتە: بۆنی زولّفی تۆ کەم نیە و تۆ خۆت بێ ویژدانی دەنا زولّفی تۆیەك زەڕەی بەسە بۆ بە تالاّن بردن و

هەرزان کردنی گوڵەکان، زەرەیەك نور، کلی له طور هەرزان کرد، زەڕەیەك بۆنی زوڵف، گولأنی سەربەرزانی هەرزان کرد (بێ قیمەت کرد).

### ١٨ - ئیترچ حاجەت وێت مەدەی عەزاو

### قبولْ کەری جەورمەگێری گولاو

ئیتر چ پێویسته خۆت عەزاب ئەدەیت و ستەم قبوڵ دەکەیت و گولاو دەگریت زیادە ڕەویەکی جوانی بەمانای بەیتەکەداوە، وەك بلێ ی ناسکی یار له ناستێکایه. گولاو گرتن بۆی عەزابه.واته پێویست ناکات هەم سەتەم کردن قبوڵ بکەیت و هەم عەزیەتی خۆت بدەیت به گولاوگرتن. لێرەوە دەمانباتەوە سەر بەندەکەی (دلْ کەردەن بە ناو) واته من باکم له توانەوەی دڵم نی یە کە لە قازانی خەمدا دەیکەیت بە ئاووبەدرۆوە مەبەستی گولاو گرتنته. من خەمی عەزیەتەکەی خۆتمە.

## شیعری چوارەم

١ - ئیحیا نە بوون، سا نەشوون مەردەن

نامەکەش ئامان گلەییش کەردەن

زیندوو نەبمەوە، سا نەچمەوە مردن (نەگەمەوە ئاستی مردن)

نامەکەی هاتووەو گلەیی کردووە. زیندووبوونەوە بە هۆی هاتنی نامەکەوە، مردنەوە بە هۆی گلەیی ناو نامەکەوە پێچمان و کردنەوەی رێکی تیایە.

٢ – قاصد شۆ وە لای ئەو نەو نەمامە

چون یاوای پێش دەر ئەی جوا و نامە

نامەبەر بچۆ بۆ لای ئەو نەو نەمامە و هەرکە گەیشتی ئەم وەڵامە نامەیەی بدەرێ.

٣ – جەو ئەسکەنجەبین دەس سوروشتەکەت

یانێ نامەکەی زێباو زوشتەکەت

ئەو شەربەتە ترش و شیرینەی کە بە دەستی تۆ دروست کراوە واتە نامە جوان و لە هەمان کاتا ترشەکەت (هەم دژ یەك هەم پێچان و کردنەوەی تیایە، ئەشکەنجە بین (خوازە)یە.

٤ – بە بادەکەی وێت جام جام وەردەوە

تاڵی سەفرای دەرد دووریش بەردەوە

بە بادەکەی خۆت جام جام (پێك –پێك) خواردمەوە و تامی تاڵی سەفرای دەردی دووری لابرد. من گومانم لە نیوە بەیتی یەکەم هەیە ئەو بەڕێزانەیش کە لەسەر مەولەوی نووسیویانە، هەر بەو دارشتنەوە دەسیان گرتووە. هەرە چەندە ماموستای مدرس ئاماژەی بەوە داوە لە هەندێ نوسخەدا لە باتی (بەبادە کەی وێت نووسراوە

(بیمارەکەی دڵ) مامۆستا حەکیم و مامۆستا حمه رشید له پیاچوونەوە کەیاندا لەسەر ئەم دێڕە هیچ ئاماژەیەکیان نەداوە. پیرەمێردیش له وەرگێڕانەکەی دا بەم جۆرە وەری گێڕاوە:-

نەخۆشەکەی دڵ لای تۆ جێهێشتوو

تاڵی سەفرای دەرد دووری تۆ چێشتوو

هەرچەندە کارەکەی ڕەحمەتی پیرەمێرد تاسەی هیچ هەورامی یەك ناشکێنێ و زۆر جار دوورکەوتنەوە و نەپێکان بە شیعرەکانەوە دیارە، بەڵام من لێرەدا مەبەستم نەخۆشەکەی دڵ بوو. (بادەکەی وێت)

ڕەنگە بە دڵی خۆی بڵێت کە هی (ئەوە) ئەو کاتە وای لێ دێت بە دڵم کە هی خۆتە و دەڵێ ی پێکە ئەسکەنجە بینی نامەکەتم نۆشی (دڵم ئاوی خواردەوە).یانی شەربەتی نامەکەتم بە دڵ خواردەوە.یان بەدڵ لەخۆشەویستی و ترش و شیرینی نامەکەتم خواردەوە.

٥ – فەر مابێت بەو لەفز شەکەر ڕازەوە

گا جە ڕووی عیتاب گا وە نازەوە

فەرموو بووت بەگفتە شیرینەکانتەوە جارێ بەرق و قینەوە، جارێکیش بەڕووی نازەوە یانی جارێکی لەنامەکەدا ڕقت بەسەردا باراندوم. جارێکیش نازت بە سەرا کردووم. شەکەر ڕاز: دەم ودووشیرین و قسەجوان و دەنگ خۆش. مەولەوی ناسەکان بێ دۆزینەوەی ناوی دۆستەکەی مەولەوی کۆکن لە سەر ئەوەی ئەم شیعرە لە وەڵامی گلەیی دۆستێکا نووسراوە. مامۆستا حەکیم سەرنجێکی وردی لە پیاچوونەوەی ئەم شیعرەدا دەربڕیوە کە بەیتی

نە وەخت هجران وداعت فاما

نە وە شەماڵدا پەیامت ئاما

هـی دۆسـتەکەیەتی و ئـەو دۆسـتەش شـاعربووە بـە دەلیلـی فـەرمابێت. وە تـا دۆزینـەوەی بەلگـە ڕەنگـە نـاوەڕۆکی قسەو گلەییـەکانی دۆسـتەکە بێت و مەولـەوی لـە فەرمابێت خۆی بە شیعری کرد بێت.

**٦ – دەیسا هورێزە خەمیارەگەی وێم**

**بۆشاد بەر وە دین دیدارەگەی وێم**

دەسا هەستە ئەی یارەکەی کاتی خەمم وەرەوە شاد بە دیدەن و دیدارم.

لە ڕاڤە و نووسینەکاندا لە سەر دەیسا هـورێزە، سـەرنجی ڕون نـی یـە، وای دەدەنـە قەڵەم کە بە دۆستەکەی بڵێ هەستە وەرەوە شـاد بـەوە بـە دیـدارم. بـەلام دەکرێـت ئـەم دێـرە حاڵـەتی ئـان و سـاتی وەلام هێنـابێتی و پـەنا بردنـی مەولـەوی بێـت بـۆ نەشـئەی نوسین. ساقی، مطرب... شیعر، مۆسیقا..وەك چۆن. بۆ مەی نۆشان مـەی یارەکـەی کـاتی خـەمـە.

من لام وایە مەولەوی جوانترین ناوی ناوە لە پەری ئیلهامی شیعریی و پێی دەڵێت (خـەمیار) و بـە لامـەوە بـۆ مەولـەوی سـاتی نووسـین یارەکـەی کـاتی خەمـە. وە شـاعرە جوان نووسەکان هەمان خۆشەویستیان هەیە بۆ بەهرە و ساتی نووسین.

**٧ – تو تیرەگەی وێت، وە زامداری وێم**

**تو بێ باکی وێت، بوردە باری وێم**

سوێند دانی دۆستەکەی بە، تو تیری خـۆت و زامـداری خـۆم، تـو بـێ بـاکی خـۆت و ئارامی خۆم. دیسان هونەری پێچان و کردنەوە هەیە کاتێ کە وا لە شیعرەکە دەکەین:

**ئەو بێ باك لە تیر باران کردندا و من ئارام و سابیر لە زامداری دا**

**٨ - ئەو وەخت پای کاو هەرد دڵ تەم بۆ**

**ئەساسەی دووری ئازیزان جەم دووری بۆ**

ئەو کاتە کە دامێنی بەرز و ماهی هەردی دڵ تەم بێ (کنایە لە غەم خەجاڵەت و مەینەت، و تفاقی دوری ئازیزان ئامادەبێت (جەم بۆ)، بارگەی سەفەر پێچرابێتەوە بۆ دوورکەوتنەوە.

**٩ – چۆن نەبڕیۆ تای ڕشتەی سەبووری**

**گۆش چون وێش مدۆ وە فسەی دووری**

چۆن ناپچڕێت تای (تاڵی) ڕشتەی تاقەت و نارامم، گوێ چۆن خۆی ئەداتە بەربیستنی واژەی ( دووری).

**١٠ – زوان چون تاقەت هیمەت وازیشەن**

**دیدە چون تامڵ شۆن دیایشەن**

زمان چۆن تواناى هێزدانە بەرخۆی هەیە گۆ بکات و دیدە (چاو) چۆن تاقەت و توانای لە دوا نوارینی کۆچی ئازیزانی هەیە.لە کتێبەکەی مامۆستا حکیمەوە لە بری تاقەتی دووەم (تامڵ)مان نووسی{مەولەوی حکیم ل٨٤}

ئەمانە ئەو پاکانە شیعریانەن کە بە هۆیانەوە مەولەوی خۆی لە گلەییەکانی دۆست دەرباز دەکات، تۆگلەیی وەخت و ساتی جودایی لە من دەکەی کاتێ دڵ تەم دا ببگرێت و یاتاخ و تفاقی دووری ئازیزان جەم بێت ئیتر سەبر لە باریکی دەدات و تای ڕشتەکەی ئەپچڕێ و زمان عەزم و توانای گۆکردنی نابێت و گوێش حەزبە بیستن ناکات و چاو توانای نیگاکردنی کۆچی نی یە، چونکە مەولەوی لە شوێنی تردا قەراری سەخت بەسەر چاوٚدا دەدات گەر ئەو توانایەی هەبێت...

**١١ – گێج مەدۆ دەروون چەنی پەیامان**

**بەڵام هەی سەرخێڵ نەوتوڵ نەمامان**

خول ئەخوات دەروون لە گەڵ پەیامان (ڕاز و حکایەت و تاسە و مەیلی دۆست)، بەڵام ئەی سەرخێڵ (کەس لە ئاستانە بوو) و تازە نەمامی هەڵچوو.( سەرخێڵ )واتاکە

ی لای یارسانەکان دەبێتە کاربەدەست، لێپرسراو، سەرگەورە. هەزارساڵ زیاترلە مەوبەر باباسەرهەنگ فەرموویەتی:

هەفتەم سەرخێڵەن هەفتەم سەرخێڵەن

جەئاسماندا هەفتەم سەرخێڵەن

هەر یەك وە ڕنگێ نەگەشت و گێڵەن

هەریەك پەی کارێ ئاوارەو وێڵەن {یارسان نەیوب ڕۆستەم ج١ ل٩٥}

لە بەیتەکانی پێشوودا پاکانە و بیانووی سەردەمی وەختی دابڕان (ئانوساتێ کە دۆست گلەیی هەیە) دەکات لێرەش بە دواوە پاکانە کردنی نەناردنی پەیام و ئەحواڵی دوای دابڕان دەکات.لە بری(ئامان) ئێمەش بەڕای مامۆستا حەمەڕەشیدی ئەمینی کردمان بە (پەیامان) {ساتێ لەگەڵ مەولەویدا.میهرەجان ٢ل٢٩٤}

١٢ – چۆن یارای نەفەس بەراوردەمەن

سۆزش وە شەماڵ ڕەوان کەردەمەن

چۆن دەوێرم هەناسە هەڵکێشم. کە هەناسە کلپەی گڕی دەرونە، پشکۆی گڕ چۆن بەشەماڵدا ڕەوانە دەکرێت.

بۆیە ناوێرێت هەناسە بدات و ئەترسێت. ئەم وشەیە زۆر باوە لە هەورامی دا( مەیارۆ هەناسە دۆ) ناوێرێ هەناسەبدات. کنایە یە لە ترس.ئاشکرایە مەولەوی بۆچی ئەترسێ و سۆز نادات بەشەماڵ... هەناسەی تێکەڵی شەماڵ ناکات سۆزش واتە سوتان یان گڕ. دەی دیارە کەس گڕناداتە دەس شەماڵ.

١٣ – مەتەرسو جە حفز تەقریر ئەحواڵ

سۆچۆ خەزانەی خەیاڵ شەماڵ

ئەترسم ئەگەر عەرز و حاڵی من هەڵگرێ و بۆتۆی بێنێ، خەزێنەی خەیاڵی شەماڵیش بسوتێ. واتە: لە ترسی ئەوەی خەزێنەی شەماڵ گڕنەگرێت من نە هەناسە

ئەدەم وە نەسۆزی خۆمی پیێ ئەسپێرم.کە بەداخەوە ڕاڤەکردنەکان لە ئاستی جوانی وێنەکەدا نین. ترسی مەولەوی (یارا و نەیارا) لە وەدایە کە چۆن نەتوانێ گڕ تەسلیمی شەماڵ بکات. ئەمەش زۆر یارمەتی کەشف کردنی ستاتیکی بەیتەکانی دوای خۆی دەدات. سۆزشی مەولەوی دەنکە شقارتەیە و کە خەزانەی خەیاڵی شەماڵ سوتا.. شەماڵ توانای چون بۆ هەموو شوێنێکی هەیە، ئەوە دنیا گڕ دەگرێت.

دڵداری کردن لە گەڵ خەیاڵی ئاسکدا،یان فێربوونی وێنە درووستکردن و دارشتەی جوانی شیعر، مەولەوی لە بێسارانی یەوە فێر بووە، بەجۆرێ دەس و پلی وێنە درووست کردنی لە مامۆستاکەی تێپەڕاندووە.

ئەم بابەتی گڕو شەماڵە و سووتانی دنیایە لای بێسارانی سۆراخ دەکرێت.بێسارانی دەڵێت:

دڵەی من پێتەن مەر نمەزانی
مەشی وە یانان ئایر مەسانی
ئایرێ چوون دڵ من بە دەستت بۆ
ئایر واستەن پەی چێش قەستت بۆ
دڵەی من وەسەن جیۆتی ئایر
پەنەش مەسۆچۆ کەش و کۆو بائیر
بگێرەش بە دەست هەی ئاوات وەستە
بەرەش وە یانان چوون گڕان دەستە
بلآبا نەبۆ ڕوو بەڕووی شەماڵ
نەبا ئاڵەمێ پێش بۆ بە زووخاڵ.

{کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی – گۆرانی، ئەنوەری سوڵتانی ل٢٢٠شیعری١٣٧}

هەمان شیعر لە بێسارانی-حکیم مەلاساڵح دا هەیە.بەڵام هەورامی شیعرەکە لە شێوەی دیوی عێراق دەچێت. بۆیە ئێمە ئەوەی کاك ئەنوەرمان گواستەوە.لە کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی ب١ل١٤٦دا بە چراخ دەست پێ دەکات و جیاوازی و زیادەیشی هەیە و بە ناوی شێخ شەهابەوە بلاّو کراوەتەوە.کەواتە گەر هی بێسارانی بێت دەچێتە لای چراخیاتەکانی.

ئەمە ئەو خەیاڵە ڕۆمانسی یە یە کەم شاعر توانای پەی پێ بردنی هەیە کە مەولەوی زۆر ستاتیکیانە وێنەی کردووە. سالمیش دەڵێت:

لە ئەوەڵ حەرفیا وەك دڵ لەکاغەز بەردەبێ ئاگر

ئەگەرشەرحی شەرارەی ناری هیجرت سەبتی دەفتەرکەم.

**١٤ – من خۆ شەو و ڕۆ ئارەزووی تۆمەن**

**پەرێ دیدەنت نەزر و فتۆمەن**

خۆ من شەو ڕۆژ ئارەزووی دیدەنی تۆمە و بۆ ئەو مەبەستەش خێرم کردووە خێری (نزر الفتوح).

وەك دەزانین لە شیعرە بۆنەکانی مەولەوی دا زۆر جار لە تافەت هەیە. کە ئەمەش ئاراستەی مەرامەکانی مانا بەرەو شوێنی تر دەگۆڕێت و کەم جار لە ڕاڤەی مەولەوی دا ئیشی لە سەرکراوە. گەربتەوێ سەرنجی ورد لە شیعرە بۆنەکانی مەولەوی بدەیت (ئەوانەی بۆ مەرگی عەنبەر و دووری ئازیزان و دەرد و ئێشەکانی نووسیوە) لە ڕێی ئەو لە تافەتەوە مانا نەوتراوەکانی خۆی بەیان دەکات.. زۆرجار لە بەیتەکانی کۆتایی یان نزیك کۆتا ئەم حاڵە ڕوو دەدات. کە ئێمە بە ئینقلابی مانا ناوی دەبەین{هەورامان.ژ.١١ ل١٤٣-١٤٤} لە هەرشوێنێ بێتە ڕێمان ئاماژەی پێ دەکەین.

لەم بەیتە بە دواوە مەولەوی ئینقلاب بە سەر شیعرەکە و مانا و بۆ نووسراودا دەکات و ڕووی قسە بەرە و لای تر دەبات هەر ئەمە شە هاوسەنگی دنیا و قیامەت و مەعنەویات و مادیات.. هەست و نەست لای مەولەوی.

١٥ – بەلاّم یەن وە یاد بالاّ کەی تۆوە

دەورم دان وە دەور سارا و سەرکۆوە

بەلاّم ئەوەندە بە یادی شاد بوونی بالاّی تۆوە گەڕاوم، بەدەوری سارا و سەرکۆدا دەورم کردوەتەوە.

واتە سوڕانەوەی بەردەوام و بێ ئەنجام، چونکە دەور دوجار لە بەیتەکەدا شوێنی گرتووە. ئەمە مەئلوفە و دیارە وێنەی لەتافەتی مانا و انقلابە کە ئیشارە دانە بە گەڕانی مرۆڤ لە دوای بالاّی حەقیقەت (خودا) و ماندوو بوونی لەو پێناوەدا وە لە "دەوردان"دا هەست بە هیلاکی (مەسیحەکانی عاشقی یار) دەکەیت.

١٦ – بۆی بالاّت هەرزان وە دەشت و دەردان

نمەز ڕای لای تۆم وە کام گوزەردان

بیانووی نەچون بۆلای دۆستەکەی لە ماناکەی نێرەدا، دوای گەڕان دەگاتە ئەوەی بلّێ تۆ بۆنی بالاّت بە دەرودەشت داوە، بۆیە من نازانم لەکام ڕێوە بێمە لات، لە دیوە ئینقلابی یە کەشی دا سکونەت بوونە لە دوای گەڕان. بە داخەوە ڕاڤەکارانی شیعری مەولەوی هەندێ جار توانای کەشف کردنی سحری زمانە هەورامی یە کە یان نەبووە کە ئەمەش خەوش و عەیب نیە، وە نەوەستان لەسەر هەندێ واژە کە مەولەوی بەو پەڕی ڕێزەوە واژە دەخاتە شیعرەوە و ئەم بەیتە و نموونەی زۆری ئەم بەیتە لە دیوانەکەیدا هەن.

ووشەی (هەرزان)ی وێنەکە، کە دژی گرانە، لە مانای دروستی خۆی دا و شەیەکی کەم نرخ و بەهاو بێ بایەخە وەك چۆن گران بەرز و بەهادارە مەولەوی هەڵیدەگرێت و وێنەیەکی ستاتیکی لێ دروست دەکات کە خەزێنەکانی جوانی پڕ دەکات. وەك وتمان مەولەوی لە ستراتیژیەتی نووسیندا گەورەترین ئەرکی بە زمان سپاردووە، کە زمان لە توانایدا هەبێت پۆستی گەورە گەورە بە وشە بدات. ڕاڤەی وێنەکە بە پێی ستراتیژی مەولەوی:

تۆ ئەوەندە دەوڵەمەند بوویت لە بۆندا خەزێنەکانی بۆن خۆشیت پڕبوون، باڵات لە بەرامەو بۆن هەڵ کێشاوە، بە هەرزان ڕژاندووتە بەسەر دەرو دەشتەکاندا و تاڵان فرۆشت کردووە. لە زۆریدا هەرزانت کردووە و بەرهەموو کەس یان هەموو شتێ کەوتووە، ئەمەش وای کردووە هەموو شتێ بۆنی تۆی لایە. ئیتر من ناتوانم تەنیا شوێنی بدۆزمەوە کە تۆی لێ بێت، هەڵ بژاردنی ڕێگەی لای تۆ نازانم و ڕوو لە هەر لایێ دەکەم بۆنی باڵات دێت.

مەولەوی لە شوێنی تریشدا بەهەمان دەلالەتی زۆری بۆ سیفەت (هەرزان )ی بەکار هێناوە.

ڕەحمێ کەروەحاڵ خەمان هەرزان دا         تەشریف بەر بدیە وە سەر بەرزان دا

لە ڕێگەی وشەی (هەرزان)ەوە هاوکێشە بۆ (عرض و طلب) و بازاڕێ بۆ ستاتیکا دروست دەکات کە هەموو کەس بتوانێ خاوەنی جوانی یەکان بێت و بەهرەیان لێ بەرێت وەك مهرەبانی دۆست کە لە بۆن و بەرامەی بەشی دنیای داوە.سرووشت هەمووی خەریك ماوە بەبۆن گرتنی یارەوە.ئەمەش (سلطان الاذكارة )کەشاعردوای برینی قۆناغەکانی زکر پێی گەشتووە.{تصوف نەمین شێخ علاالدین نقشبندی ل٣٨٠}

دیوی تری انقلابی مانای وێنەکە پێمان دەڵێ ماڵ و مەنزڵی خۆشەویست لە هەموو شوێنێکە. هەر ئەو لە تافەتی شیعری مەولەویە لەم وێنەدا دەمانباتە سەر سەرچاوەکانی خۆشەویستی ئیلاهی. چونکە ڕەنگ و بۆنی سروشت بەوجۆرە تەنیا لە دەسەڵاتی ڕژاندنی جوانی خوایە بە سەریاندا هەرخەزێنەی ئەوە هێندە بۆنی خۆشی تیایە کە هەرزان بە مرۆڤ و سروشتی داوە.

سەروەرانی مەولەوی ناس ساکاربە سەرڕاڤەی ئەم وێنانەدا ڕۆشتون و نە وەستاون. هەر ئەم وێنەیە ڕێگاکانی گەڕان بە دوای یاردا کەم دەکاتەوە و سکونەت دەبەخشێ و یاردێنێتە ناو خودەوە. دڵ دەکاتە عەرشی خوا. {گۆڤاری هەڵەبجە.ژ.١٥ئیستاتیکا لەوێنە شیعریەکانی مەولەویدا} وە ڕەنگە مانای ئەو وێنەیە لە بازنەی دین و نەتەوە و ناوچە بچێتە دەر و بازنەیەکی مرۆیی بە دەوری خۆیدا بکێشێ، چونکە ئەوەشی لێ

دەخوێنینەوە کە هەموو ڕێگەکان دەچنەوە بانەی خۆشەویستی و ماڵی دۆست، مادام ڕوو لە هەر گوزەرێ بکەی بۆنی نەوە. کەواتە دەکرێ هەر کام لەو ڕێگایانەش هەڵبژێریت بگەیت بە یار بەشەرتێ دەماخ و بینت ئەو بناسێت و هەستی پێ بکات و زوکامی نەبێت. ئەمەش جیهانبینی یەکی دی یە لای مەولەوی بۆ یەکیەتی دینەکان و سەرزەمینی عرفان.

دەکرێ شارەزایانی ئەو بوارە چاکتر سەرنجی بدەن.من وەکو خۆم بەداخەوەم لەوەی کە بەڕێز(سەید فلك الدینی کاکەیی)لە بواری سەرچاوەکانی خۆشەویستی و نیشتیمان و کیشوەرەکانی عرفان نانووسێت. کە دڵنیام بۆ نەتەوەکەی لە کارە سیاسی و حزبیە کەی باشتر خزمەت دەکات.لەخوا بەزیاد بێ سیاسی زۆرە و عاشق وعارف کەم.بە دیدی عرفانیش ژینگەی ئەم ولاتە پیرۆزو خۆشەویست و پاك دەبێتەوە.نەك بەو ئەدا حزبیەی هەزار برینی کردە ئەم نیشتمانە.کاتی ئەوە هاتووە کەسانی چوون سەی فەلەك لە حەوزە لێڵ ولیخنەکانی سیاسەت بێنە دەروو ڕوو لە (هانیتا)کانی پاك بوونەوە بکەن و دەس بدەنە قفڵی دۆستی و دڵ بدەنە جەماڵی یار.

١٧ – گلەی تۆ وەی تەور حاڵەت وەی نەسەق

دووریچت وەی ڕەنگ خودا تۆوە حەق

گلەیی تۆ بەو جۆرە و حاڵەتی منیش بەو نەزم و تەرتیب و (لەونە) دووریشت بەو ڕەنگە خودا تۆیش بەو حەقی یە (خودا تۆ حەقیی و ئاگاداری منیت).

## شیعری پێنجەم

**١ – ئارەزوومەندیم جەحەد ویەردەن**

**فراوان خەیلێ تاسەی تۆم کەردەن**

ئارەزوو مەندێتی من بۆ تۆ مەرز و سنووری تێ پەڕاندووە (گەرحەدێ بۆ ئارەزوو هەبێ) هی من ئەو حەدەی بڕیوە. فراوان خەیلێ تاسەی تۆم کردووە.

بە قەناعەتی من ئەمە یەکێکە لە و شیعرانەی دێڕی ئاسان و بێ هێزی لە هەندێ شوێندا تێ کەوتووە. بە پێ ی ئەو ستاتیکا و ستراتیژی نوسینەی کە لە شیعرەکانی تری دا هەیە لێرەدا بەرچاو ناکەوێت تەنیا لە دووسێ بەیتا نەبێ. مامۆستا حەکیم لە پیاچوونەوەکەی خۆی دا دەنووسێ بەیتی (١٤، ١٥، ١٦) شیعری کوماسین و لە شیعری (پەی چێش نەشۆ جێش ) وەرگیراون{مەولەوی حکیم ل٨٤-٨٥} کەواتە دەبێ شیعرەکە (١٧ بەیت نەبێ و ١٤ بەیت بێ)

**٢ – ڤیبلەم بەو ئەحەد بێ هەمتای فەردەن**

**سەوگەند یەکێوەن چەن تۆم وەردەن**

ڤیبلەم بەو یەکەی کە هاوتای نیە (بەوخوا تەنیا و بێ هاوتا و کەسە) سوێندیش یەکێکە من لەگەڵ تۆم خواردووە (چۆن خوا یەکەو نابێ بە دوو سوێندی منیش هەر یەکێکە و بۆ تۆم خواردووە).

**٣ – فکر و خەیاڵان وە سواسەی وەفات**

**دایم نەدڵەن نە ڕووی سەربسات**

بیر و خەیاڵەکانم لە دڵەڕاوکێ بوونی وەفای تۆیە... واتە وەسوا سی تۆ لە وەفاداری و بێ وەفایی.لەوەی ئاخۆ وەفا دەکەی یان جەفا. فکر و خەیاڵاتی منە.، هەمیشە خەیاڵت لە دڵمان لەسەر ڕووی دنیا (ڕایەخی ژیان) کنایە لە دنیا.ختوورەو خەیاڵم لە بەتەما بوونی جارێ نواندنی وەفاتە. یان بیروخەیاڵان (خەیاڵم) لە

وەسواسەی (مەرگایە) دڵەڕاوکێ ی مردن بوە بە فکر و خەیاڵم دایم بەدڵما ڕادەبورێ لەم ژیانەدا. مەولەوی لەشوێنی تر بۆ یەکلایی بوونەوەی(مەرگ و ژیان)لە نێوان فەنا و بەقادا دەوەستێت و دەڵێت(وەس خەیاڵ بەرۆم وەی لاو وەی لادا). یان فکر و خەیاڵ و ئەندێشەی وەفا، یانی وەفای من بۆ تۆ دایم لە دڵمایە تا لە ژیانابم.

٤ – شەوان تا وەڕۆ فکرم جەلاتەن

ڕۆح ڕوانم نەخاك پاتەن

شەوان تا وەڕۆ دایم، لە بەیتی پێشوودا، بیرم لە لاتە. ڕۆحی ڕەوانم لە خاکی پاتە لە بەر ئەوە، یاد کردنی من بۆ تۆ هەردەموو هەموو کاتە، هەمیشە لە بیری یاردا.

٥ – قاڵبم بێ ڕۆح ئەروام نەمەندەن

من دان حیات زندەگیم کەندەن

تەنم بێ گیانە و ئەڕواحم نەماوە، من دانی ژیوایی ژیانم کەندووە.

کەندنی دانی حەیات کنایەیە لە بەتەمای ژیان نەبوون، واتە من بەتەمای لە زەتی ژیان نیم، وەك مرۆڤی بێ دان کە چێژ لە ژیان نابات.

٦ – نامت چوون ئەوراد سوبح و ئێواران

موا نوش وە گەرم نە پای دیواران

ناوت وەکو( ویرد ) بەیانی و ئێوارە، بەکوڵ دەیخوێنم لە پەناو پەسیوی دیواراندا. موانوش و گەرم: واتە بە کوڵ و لە ناخەوە ناوت دەبەم. وەکیەك و دژیەك هەیە (ناو وەك ئەوراد، صوبح × ئێوارە)

٧ – چەمم چون شاباز وێڵ شکار بۆ

دایم باڵ پەرواز نە سەر دیار بۆ

چاوم وەك شاباز وێڵی ڕاو بێت و هەمیشە باڵی گرتبێت بەسەر دیاراندا (وڵاتاندا).

باز یان بازی ئازا شاباز، باڵندەیەکی بەهێزی دەنوك ئەستورو لارو چنگ قەوی و چاو تیژە بەسەر دیارانـدا و لـە بەرزەوە نێچیری دەبینێت و لـە دوورەوە توانـای دۆزینـەوەی هەیـە لـە ئـەدەبیات و داستانی میللی گـەلانی ڕۆژهەلاتـدا گوایـە بەسـەر هەرکەسێکەوە نیشتبێتەوە کراوە بەشا... شاباز ڕەنگە واتای شای بەباز دیاریکراو بدات.

مەولەوی لە ڕووی بەهێزی مەبەستی ڕەوانبێژی یـەوە چاوی خـۆی چواندووە بـە بـاز، هـەروەها پەیوەنـدی فڕینـی بـاز و تەشـبیهەکە بۆچاو لـە بڕوایـەکی کوردەورای دا هەیە کەسێ بیری ئازیزی بکات. چاوی دەفڕێ، یـان کەسێ کە چاوی بفـڕێ ئـازیزێکی دەبـینێ.... بۆیـە بـەیتی دواتـر دڵنیاییمـان دەداتـێ.کـە چـاوی بەسـەر بینـینی ئـەوە بنیشێتەوە و بیکاتە شای هەڵبژێرراوی خۆی.

**٨ – جە سەر قەڵاوە مەگێڵون پەی تۆ**

**دەك دیدەم هەردوو صەد جار فدێت بۆ**

لەسەر قەڵاوە دەگەڕێم بۆ تـۆ، دەك چـاوم هـەردوو صـەد جار بـە فیـدات بـن ئـەم بەیتـە سـادە و سـاکار و ناسکە جوانی یەکەی لـە گـەڵ بـەیتی پێشوودا دەردەکـەوێت و بەیتی پێشو لە خزمەت ئەمدایە.

کە چاوی وەك بازە، باز لـە بـەرز و دوورەوە نێـچر بـەدی دەکـات، ئـەمیش لەسـەر قەڵاوە بۆ نێـچیری دیـدەی دەگـەڕێ (کـە دۆسـتە) ببینێ و دەرخـواردی تاسـەی دیتنـی بـدات دیـارە قـەڵا و سـەرقەڵا بـەرزن سـەرنجێکی تـری وردیـش لـە وەدایـە مەولـەوی لـە دوورەوە توانای بینیی کەسی تاقـەت بـۆ نـەماوی هەیـە. ئەمـەش پەیوەنـدی بـە لایـەنی ڕۆحـی و دڵ و ڕەوانـی مەولەویـەوە هەیـە. ئـەم پێـچەوانەی بـاز لـە بـەیتی دووەمـدا چاوەکانی صەدجار دەکاتە قوربانی کەسی بۆ گەڕا و کە ئەمە بینینێکی جوانـە. شابازی چـاوەکانی ئـەم لـە بـری جـەلاد دەبنـەوە بـە قوربـانی. دیـدە شـابازەکانی مەولـەوی صەدجارفیداکاری دەکـەن تـا شـا دەدۆزنـەوە دەبێـت ئـەوەش لـە بەرچـاو بگـرین پیرانـی نەقشی هەورامان بە (شا) ناو دەبرێن.

٩ – ئامان هەی ئازیز بینایی چاوان

گلەم هەن جەتۆ خەیلێ فراوان

ئامان هەی ئازیزی بینایی چاوان من گلەیی زۆرم لێت هەیە.

١٠ – یانێ چێش مەیلت فەرامۆش کەردەن

مەربادەت نە جام بێ شەرتی وەردەن

یانی چی مەیلت فەرامۆش کردووە هەڵبەت بادەت لە جامی بێ شەرتیا خواردووەتەوە گەر وانی یە...

شەرت و بادەو پەیمانە کە یارانی بەشەرت و چوونە ژێر باری مەیلداری و مەستی کردوویانەتە مەرجی دۆستی و عاشقی، مەولەوی پێچەوانەکەی وەرگرتووە و بەرامبەر مەیخانەی مەیل، خەراباتی بێ مەیلی دەکاتەوە.

١١ – وەرنە یانێ چێش نە جاران جارێ

خەبەر نە پەرسی جە ڕا ویارێ

دەنا یانی چی جارێ بۆ جاران هەواڵ ناپرسی لە ڕێبوارێ. بەیتەکان لە حاڵی (نەرێ) دان واتە گەر مەیلت فەرامۆش نەکردووە و بادەی بێ شەرتیت هەڵنەداوە، مانای هەیە هەواڵێ نەپرسی لە ڕێبوارێ... ئەم بەیتە دوپاتی بەیتی پێشووە:

١٢-ئومێدم ئێدەن ئامانەن ئامان

جەی فێشتەر ناسۆر نەوزی زامان

ئومێدم ئەوەیە ئامان لە مەزیاتر زامەکانم لێ نەکیتە تیراوێ (بە ناسۆریان نەکەی) کە پیس ببنو چاك نە بنەوە.

١٣ – ئەحواڵ حالآت شەرت و وەفاکەت

بکیانە پەرێم تۆ بی خوداکەت

حاڵ و ئەحواڵی شەرت و مەیل و وەفاتم بۆ بنێرە توبی و خوداکەت.

## ١٤ – بەسەر گەردت بام ئەڕواحەکەی وێم

## جواب صەریح بکیانە پەرێم

بەسەر گەردت بم گیانەکەی خۆم (جواب صریح) وەڵامی (ڕاستە و ڕاست) بێ ڕو دامانم، بۆ بنێرە. لەسەر بیروڕای کاك حەکیم ئێمە سێ بەیتمان لەم شیعرە دەرکرد کە هی کوماسین هەروەها لەسەر هەمان بیروڕا شیعری دوای ئەمەش ڕاڤە ناکەین لە گەڵ هێشتنەوەی گومان بۆ گەڕیدەکانی بەیاز و دەسنووسەکان.

## شیعری شەشەم

١- ئەنیس خەیاڵ دەردان پڕ زام

سەرهەم جەستەی خەستەکەی ناکام

کۆی ئەم شیعرە{١٥} بەیتەو بەڕای مامۆستا حەکیم شیعری خاڵۆی کۆماسی یە و لە وەڵامی شیعرەکەی مەولەوی دانووسراوە، مامۆستا حەکیم بەم بەڵگانە ڕاکەی دەربڕیوە{مەولەوی، حکیم ل٨٤-٨٥}

مەولەوی: گلەم هەن جە تۆ خەیلێ فراوان

کۆماسی: نەکەری خەیاڵ گلەیی کەردەن

مەولەوی: مەربادەت نەجام بێ شەرتی وەردەن

کۆماسی: نەواچی بادەی بێ شەرتیش وەردەن

مەولەوی: یانێ چێش مەیلت فەرامۆش کەردەن

کۆماسی: کەی مەیۆ مەیلت فەرامۆش کەرون

ئێمەش خۆمان تەسلیمی ڕاکەی مامۆستا حەکیم دەکەین، لە هەڵە و گوناه داوای بەخشین دەکەین.

**١- ئیمشەو هەم خەمان وەنەم سەرداوە**

**سەر تا پای تەنم ئایر وەرداوە**

ئیمشەو دیسان خەمان سەریان لێ دامەوە. سەرتاپای لاشەم گڕی گرتەوە.

مانای (تەن) لەو بەیتەدا لە جەستە فراوانتر بەکارهاتووە.

**٢ – جەستەی زەعیفم، ئیستخوان ڕێش**

**هەر ئازای ڕێشم، مەگریا پەی وێش**

جەستەی لاوازم، پێشەی ڕێشم (ئێسقانی بریندارم)، بەڵام ڕێش گونجاو ترە و لەبرین هەربەشێك برینم، بۆ خۆی دەکولاَ، وەدەکرێ (مەگریا)(مەگرەوا)بێت واتە: دەگریا بۆ خۆی، چونکە ئەوە دەزانین مەولەوی بە تەواوی وابەستەی زمانی هەورامی نەبووە و زمانێکی بۆ خۆی لەناو تەنی زمانی هەورامی دا سازاندووە وە دەکرێ(مەگڕیا) بێ واتە دەسوتا. واتە هەر گەردێکی لەشم بەجیا بۆخۆی (دەسووتا، یان دەگریا. ئەمەش سەرگەرمی تەواوی بەدەنە- بە دڵداری و عەشقەوە.

**٣ – گۆشت و پۆسەکەم نەفت پێدا ڕژیا**

**مەغز و ئیستیخوان وە هەمدا پژیا**

گۆشت و پێستەکەم نەوتی پیا ڕژا، مەغز و (مۆخی ناوئێسك) ئێسکەکەم پژان بەیەکدا کە دیارە (پژیا) بۆ تێکشکانی ئێسك بە جۆرێ کە مۆخەکەی بپژێ بەکار براوە.

**٤ – کەس نەبێ ئاوێش بکەرۆ سەردا**

**بڵێسەش بەرزبی وە هەرتەرەف دا**

کەس نەبوو ئاوێکی بەسەردا بکات (بیکوژێنێتەوە) بڵێسەی بەرز بوو وە هەموو لایەکدا بۆیە دەگرێ ئەو ئاگرەی بەربوەتە تەنی لە دێری یەکەمدا و گڕ گرتنی بەشەکانی جەستەی لێ بکەوێتەوە بۆیە ئێمە (مەگرپیا) لە بەیتی دووەمدا بە دەسوتا مانا دەکەین.

تا ئێرە واتە ئەم چوار بەیتە کاریگەری شیعرێکی بێسارانی پێوە دیارە، بەلام دوور لە دەقاودەق، بەڵکو سەلیقەی مەولەوی دەردەخات لە تێفکرین لە کەلتوری پێش خۆی.بێسارانی دەڵێت:

ئیمشەو ئایرێ گڕ بەست نە دەروون

بڵێسەش یاوا بە سەقفی گەردوون

جەکوورەی ئایر جە بڵێسەی نار

ستێزام چوون بەرق ئاو کەردم هاوار

جە هاوار هاوار شەفاو لاڵەی من

جە هەی ئاو هەی ئاو شین ونالەی من {بێسارانی حەکیم مەلا سالح ل٥٢}

مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغیش بۆ ڕوانگەی شیعرو وتنەوە و کاریگەری شاعران نموونەی شیعری لای بێسارانی و ڕەنجووری و مەولەوی و باباشێخی بێسارانی هێناوە.کە هەمان بابەتی گڕتێ بەربوونە.بەلام دیارە تائێستا ساغ نەبووەتەوە کە شاعرێکمان بە ناوی باباشێخەوە هەبێت.بۆنموونەی شیعرەکان بڕوانە{کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی ب ٤ل١٩-٤} وبۆچەندوچون لەسەر بێسارانی و مەحزوونی و باباشێخ وساغ کردنەوەی شیعرەکانیان بڕوانە{کەشکۆڵی کەلەپوری ئەدەبی کوردی ب٢ل١٥٧وب٤ل١٩ودیوانی بێسارانی حکیم ل٤٨٨-٤٩٠وکەشکۆڵەشیعرێکی کوردی-گۆرانی نەنوەری سولتانی}

٥ - زا هرا دڵم هەم کۆسش کەفتەن

داخۆم جە دۆسان هەم کێ دوور کەفتەن

له ڕواڵەتدا (ئەوەی ئاشکرابێت دڵم هەم کۆستی کەوتووە، داخۆ دەبێ هەمدیسان لە دۆستان کێ دوورکەوتبێتەوە. ئەم بەیتە بەجەستەی شیعرەکە نامۆیە و لە ڕووی قافیەشەوە نوقسانە، چونکە کەفتەن هەریەك مانای وەرگرتووە کەواتە ڕەدیفە.

٦ – جەتاو ئایر تەنوورەی دەروون

دیسان سەرواز کەرد زووخاو چەنی هوون

لەتاو ئاگری تەنووری دەروون دیسان سەرڕێژی کرد (بەرزبوویەوە) زووخاو لەگەڵ خوێن. ئەم وێنەیە داڕشتەیەکی سواو و وێنایەکی کلاسیکی باوە، کە بەداخەوە لای مەولەوی چەند جارێ بەکەمێ گۆڕانەوە دەرکەوتووە.

٧– ساقی باوەرە ئەو مەی دووساڵە

پێم دەریەك جامێ حاڵم بەدحاڵە

ساقی بهێنە ئەو مەیە دوو ساڵەو بم دەرێ جامێ، چونکە حاڵم بەدحاڵە (خراپە) وە ڕەنگە (حاڵم بەدحاڵە) پلەیەکی حاڵ لێ هاتن بێ کە لە هەندێ شوێن دەروێشێك پیس دەیگرێت، وە لەبەیتەکەدا لەمەی(جۆری شەراب) مەبەستە کە تەمەنی دەپێورێت و باشی شەراب لە کۆنیەکەیدایە ئێمەش بەرەو مێژووی بیر کردنەوەو ئەندێشەی پەرستش ڕێنمایی دەکات. بابە لوڕەی لوڕستانی دەڵێت:

ساقی ناکامم ساقی ناکامم

جامێ بدەر پێم ساقی ناکامم

جەو مەیەی کۆنە بریز نەجام

ها نا سا بەڵکە سارێژ بۆ زامم {مێژووی وێژەی کوردی بەرگی ١ل٥٣}

لەسەرجەم شیعری ڕۆژهەڵاتدا و بەتایبەتی لای شاعرانی کورد و فارس دیاردەیەکی باو وبەرچاوە، گەلێ ڕەمز و ڕموزی عرفانی و ئیلاهیات لە جلوەی چاوی ساقی و گڕی مەی و کۆڕی مەیخۆراندا لای شاعران تەعبیرکراوە. خانی و مەلای جزیری

و مەحوی و نالی و شێخی چیاالدین و مەولەوی زۆر دیار و لەبەرچاو لە بابەتی مەی دواون.

ئەم بابەتە لای مەولەوی زۆر بەرفراوانە و لە ٥٦ غەزەلی مەولەی دا باسی مەی وێنەی شیعری هەیە زیاتر لە کۆتایی غەزەلەکاندا پەنا بۆ مەی دەبات و هەندێ جاریش لەناوەڕاستی شیعرەکاندا هانا بۆ ساقی دەبات{لیریکای شاعیری...... نەنوەر قادرل١٨٤.} هەرچەندە غەزەلی سەربەخۆ بۆ مەی وەك بابەتێکی بەرچاودیار لای مەولەوی نیە، بەلاّم مەولەوی وێنەی ساقی و زۆر جار موغەنی و سازەکان جەم دەکات و هانا وەبەرهەریەکەیان دەبات مۆتیڤی مەی و ساقی بەمانا سۆفیەکەی لەکاتی ئالۆزی باری دەروونی خۆیدا بەکاردێنێ و بەهیوایە کەمەی کولّ و کەسەری گیان و دلّی سارێژ بکات و مەست و دلّخۆشی بکات. ساقی بەمانای فریشتەی مەرگ و هێزی یەزدانی هاتووە{لیریکا...} بەلاّم بەمانای سۆز بەخش و گیان بە بەراکەر و ئیرۆس بەخشینیش هاتووە کە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەی پێ دەکەین.

٨ – مغنی کۆکەر سازانت وەهەم

سەمتورێ تارێ وەهەم کەرەجەم

گۆرانی بێژ سازەکانت ڕێکخە و کۆیان کەرەوە (تیمی ژەنیارلە گەلّ موغەنی) سەمتورێ، تارێ، پێکەوە ڕێکخە.

٩ – نەی چی سالێدەر قەزات وە مالّم

دەمێ دەرجەنەی دەروون زوخالّم

نەی ژن دە لێدە قەزات لە مالّم، دەمێ بنێ بە شمشالّەوە، دەروون زوخالّم.

١٠ – هۆشێ کەر هام فەرد سازان بسازە

بالاّت وە کالاّی خەمان بورازە

بیرێ بکە (تەکبیرێ بکە) هاو فەرد سازەکان ڕێکخە، یان ئەی نەی چی تێ فکرە و هاوتای سازەکان بسازە. وە ڕەنگە بەبیرو ئەندێشەی خۆی بلّێ تاکی هاوتای سازەکان

بسازه (شیعر به پێی سازەکان)، چونکه له شوێنی تر دەڵێ (شیعروێم تەنخوای) وه باڵات بەکاڵای خەمەکان بدوره، وێنەکه و دارشتەکەی پێچەوانەی باوه.کاڵای خەم بڕاوه وه باڵا، یان کاڵای شیرینت وه باڵا بڕیا. لێره دەڵێ: باڵات بدرو به کاڵای خەم دا. (فەرد و ساز و ئاوازەکان) کاڵای خەمباری و خەم ڕەوێنین، باڵا دورین بەو کاڵایانەدا بریتی یه له(ریازەت)بۆ خۆ بچوك کردنەوه و له قاڵب دانی جەسته و گەوره کردن و گەشەی ڕۆح.

**١١ – باوەره بسات تەمام تەیار که**

**شەوخەفتەن شووم به ژار مار که**

بهێنه سەرمایەو دەسگاکانی ڕابواردن تەواو ئامادە که. شەو (خەوتنی شووم) بکه بەژاری مار... واته خەوم لێ بکه به ژاری مارو لێم تاڵ بکه، واته ڕابواردن به بەزمی ساقی و موغەنی و پەیمانه، زۆر له خەوتنی خۆش.. شیرین تره، خەو بۆ شەوی وا حەرامه. له خەوتنی هەمووانداد فرسەته تۆ نەخەوی و له شادی و لقای یاردا بیت.

**١٢ - قەزای پەنجەکەت دەك له من کەفێ**

**خەیلێ عاجزم سا لێدەر دەفێ**

قەزای پەنجەکەت دەك لەمن کەوێ خەیلێ عاجزم سالێده دەفێ...

هەموو ئەو ئامێرانه دەنگیان لێوه دێ، دەنگ –بانگه- مەدلولی ئاگادار کردنەوەی له خۆیدا هەڵگرتووه.

**١٣ – باوەره کورەی دڵ نه جەهد و جەخت**

**ڕووی تەوبیخ وه لای مەعدوومی بەد بەخت**

کورەی دڵ بێنەره سەر کۆشش و هات (جۆش و خرۆش) وه ڕووی سەر زەنشت بکەره مەعدومی چاره ڕەش.

کاتێ دڵ بە جۆش و خرۆش دەبێت و جەهد دەکات (تێ دەکۆشێ) نیتر دڵ جەخت دێتە ڕێ ی مرۆڤیش دەکەوێتە سەرزەنشت و لۆمەی خۆی. کەواتە ساقی و مەی و سازەکان و موغەنی تێکڕا لە خزمەت بەخۆدا هاتنەوە و جۆرێك لە تۆبە کردنن... جەخت لە زمانی هەورامی دا بۆ دوو پات کردنەوە و دڵنیایی دێت.. هەروەها بەرامبەر تاك بە مانای جووتیش دێت. واتە دڵ ئاگادار کاتەوە، بە کۆشش و خۆی جووتی یار کات، با تەنیا و چۆڵ نەبێت، خودا بەرینە دڵەوە. هێندە لۆمەی دڵ بکە با بکەوێتە خۆی و جووت بێنێ.

MAWLAWI.KRD

## شیعری هەشتەم

١ – ئیشەو دیارەن بانگم بێ شەرمەن

زایەڵەی سەمتوور کەڵلەم وە گەرمەن

ئیشمەو دیارە بانگم بێ شەرمە، زایەڵەی سەمتوری کەڵلەم بە گەرمە.

بانگ هەڵدان بەبێ شەرمی، پەیوەندی بە ئازادی و قەید و بەندەوە، نیە، بەڵکو هاوارکردن و سەلا هەڵدانە، بە بێ ترس لە لۆمە و عەیب گرتن لای خەڵك، کە هەردەم کەسانی عاشق، کۆس کەوتوان، شێتەکان، گوزارشت لە ناخیان دەکەن لە ڕێگەی بانگەوە مەرج نی یە قسە بێت، ڕەنگە تیل نیشانێ کرابێت بۆ بە بێ ترس و شەرمی یەکەم بانگی ئاشکرا لای موسڵمانان، بەڵام ئەمە ئەو بانگی موحەمەدە نیە کە لە ئیدیۆمی ئێمەدا دەوترێت بانگی محمد ئاشکرا خۆشە، بەڵکو ئەو هات و هاوارەیە کە کەسێ لە ئەنجامی تێك چوون یان ئاڵۆزی دەروونی دا بێخود دەنگ هەڵ ئەبڕێ.

گەرچی تەواوی ئەم شیعرە مامۆستا سۆران سنەیی ڕاڤەی کردووە، بەڵام ڕاڤەکان لە ئاستی حاڵەتی دەروونی دەقەکە و شیعریەتی شیعرەکەدا نین{رسالەی عیشق لە مەولەوی ناسیدا ل٥٣٣-٥٣٩}

ئەم شیعرە لە حاڵێکی دەروونی خراپ و بارکەوتوودا لە ڕووی عەشقەوە، سێ بەیتی سەرەتای خوڵقاوە، وە هەر ئەو هانایەی کە مەولەوی بۆ ئاه بە بەراهاتنەوە و هاوسەنگی ڕۆح دەیباتە بەر سیانەی ساقی و مەی و موغەنی و سازان لە دوای بەیتی سێ یەمی ئەم شیعرەوە دەردەکەون و لە دوایی شیعرەکەش دا تەسلیم بە حاڵی شەو دەبێت و خەمی ڕۆژەکەیەتی. دیارە هۆی بانگ هەڵدانەکەش بێ شەرمانە ( ڕۆژ و بەرەوی سلبیاتەکانی ناو دەقەکەیە و کەوتن و بێ ڕۆژی ئیجابیاتەکان).

٢ – صەدای زیل و بەم مەینەت صەد تەرزەن

خەفەت شادیشەن خەم دەماخ بەرزەن

دەنگی زیل و بەمی مەینەت بە صەد جۆر دێت، خەفەت شادیەتی و خەم بەفیز و بایی هەوایە.

مەولەوی مەجلیسێکی خۆش مەشرەبی و شاد بۆ خەم و خەفەت و مەینەت ساز دەکات و ئەوان لە مەجلیسی کەیفدا نغرۆدەکات، خۆیشی تەنها و بێ زەوق و کەیف دەکات... ستاتیکا و ڕۆمانسی یەتی شیعرەکە و وێنەکانی لەوەدایە کە مرۆڤ بەدەر لە مانا زاراوە یی یەکانی(خەم و خەفەت و مەینەت) بەخیلی بە حاڵیان دەبات بۆیە مەولەوی بەرامبەر مەجلسی ئەوانە دەیەوێت مەجلسی خۆی ڕێکخا.. بانگە بێ شەرمیەکەشی لەو نێوەندە دا هەڵداوە و وێنەکەش لیپ کراوە لە هونەری دژیەك.

٣ – هۆشم بێ هۆشەن فامم قامەت قاخ

بۆی دووری ئازیز مەیۆم نە دەماخ

هۆشم بێ هۆشە و فامم چەمیوە، بۆنی دووری ئازیز دێ بە لووتما.

مامۆستا حەکیم و سۆران سنەیی (قاخ) یان بە چەماوە مانا کردووە کە دیارە لە دوای قامەتەوە هاتووە دەبێتە (بالآی چەماوە) {مەولەوی تەقینەوەی زمان حکیم ل٩٥}

فام لەو بەیتەدا بە مانای هۆش و تێگەشتن و، ئاوەزە. گەر قاخ هەستە بێ وەك بەهەشتی مەلا عبدالکریم فەرموویەتی ئەوە مانای وایە فامم بالآی دیار نیە، واتە بێ ئاوەز بووم.

هەموو زاراوە گوزارەیەکانیزیندوو کردوون و گیانی بە بەرا کردوون ئەمەش تایبەتمەندی ئەو نووسینەیە کە مەولەوی پێ دەناسرێتەوە، چەمانەوە: دەلالەتی پیری یە، لە هەورامانداا پیر لوتکەی دەسەلآتی دینی و ژیری یە بۆیە دەبێت (قاخ) وون بوون بێت و بالآی فام دیار نەبێت.

٤ – نەیچی درەنگەن سا مەکەر درەنگ

فیدای پەنجەت بام نەی باوەر وە دەنگ

نەیچی درەنگە تۆش دێرتری مەکە (تۆ زووکە) فیدای پەنجەت بم شمشاڵەکەت بێنە دەنگ.

ئەم بەیتە سەرەتای مەجلیس ئارایی خودی مەولەوی یە بەرامبەر مەینەت. بەرامبەر صەد تەرزی زیل و بەمی مەینەت. نەی دێنێتە ناو، بە چەندین تەرز و مەقامەوە. ئەو هاوکێشەی کە زۆر جار مەولەوی دروستی دەکات یان لە وێنەیەك و بەیتێکدا یان لە ناو شیعرێکدا، هەردەم لای ڕاستی یەکسان نیە بەلای چەپ. و لایەکی قورسترە.. ئەم هاوکێشەیە لە دنیای مادیات و مەعنەویات و ڕۆح و مادە و نێرە و ئەویێ و دۆزەخ و جەننەتدا ڕادەگرێ یەکێك لە شێوازە هونەریەکانی ئەو شیعرانەی مەولەوی دەربارەی سروشت وتونی (دوالیزمێکی تایبەتی و دەگمەنە) کە خاسیەتی لیریکای سۆفیانەیە واتە وێنەیەکی پۆزەتیف هەمیشە لەگەڵ یەکێکی نێگەتیفی دژ بەخۆیدا دەبێ {.لیریکا....ل ١١١}

بەڵام ئەو خەسڵەتە تەنها لە شیعرەکانی بۆ سروشتدا ڕەچا و نەکراوە، بەڵکو لە سروشتی شیعری مەولەویدا نەقشە و بەشێکی گرنگی ستراتیژی نوسینە لای مەولەوی و تەنانەت لە شیعرە زاتی یەکانی خۆشی دا کە پەیوەندیان بە دیدگا و ئەندێشەی ئەوەوە هەیە بەرامبەر مەرگ و ژیان و عیشق و مەیل و......هتد ڕەنگی داوەتەوە.

**٥ – هەر تەرزێ پەی وێش بکەرۆ ڕازێ**

**گێرۆ نە دەروون هەر سازێ گازێ**

هەر دەنگێ (تەزر جۆری دەنگی نەیەکە) بۆ خۆی ڕازێ بکات (حکایەتێ بگێڕێتەوە) بگرێ لە دەورون هەر سازێ گازێ.

ڕاز: لە زمانی هەورامی دا واتە گێڕانەوەی بە سەرهات و حکایەت وچیرۆکی سەرنج ڕاکێش و نهێنیدار.لە ئەندیشەی دینیشدا مەژگە و کاکڵەی چیرۆکی ئەڤینداریە و لای مەولانای ڕۆمیش هەربە و جۆرەیە.

مەولەویش مەبەستیەتی هەر دەنگ و ئاوازێکی نەیەکە گوزارشتی ڕازێ بێت و کار بکاتە سەر دەروون (گازو ساز) لە دەروون ئەسەری ڕازەکانی دەنگی نەیەکە بێت، دەزانین چەندین هەوای تایبەت لە نەی دێنە دەر و بەزمی تایبەت هەیە بۆ نەخۆش و دەردەدار سەرەکی ترین قسە و حیکایەتی نەیش چیرۆکی (دا بڕان و وەصڵی دووبارەیە).

نی حدیث راه پرخون میکند        قصهای عشق مجنون میکند، مولانا

٦ – بجۆشۆ هەرکەس وە قەد ناڵەی وێش

بنۆشۆ هەرکەس وە پیاڵەی وێش

بجۆشێ هەرکەس وە قەد ناڵەی خۆی بنۆشێ هەرکەس وە پیاڵەی خۆی.جۆشان بە ئەندازەی ناڵە ناڵی خۆی بۆ هەرکەسێ... دان نان بەناڵەی تایبەتی هەر کەسێك و ڕەوایی جۆشانی هەموو ناڵەیەك.. وێنەکە گشتگیرە و ئەمەش پەیوەندی بە جیهانبینی ئاینی و بازنەی مرۆیی مەولەویەوە هەیە. هەرکەسە و وە پیاڵەی خۆی دەنۆشێ.. ئەمەش یەکێکە لەوێنە سادە و جوانەکان لە ڕواڵەتدا و بە جۆش و خرۆش لە ناوەڕۆکدا، چونکە هەرچەندە دوو نیوە بەیتەکە ڕستەی مانا جیان، بەلاّم پێکەوە پەیوەندارن، لە دنیای هەرکەسێکدا (دنیای عرفانی بێت یان ڕواڵەتی و دنیایی بێت) ئەم بەیتە قەراری وا دەردەکات (هەرکەس بجۆشۆ بنۆشۆ)، بەلاّم بە گوێرەی ناڵە.. پیاڵە دەدرێت... کەسێ ناڵەی تەواو نیە پیاڵەی نیوە دەبێ.

ئەو ئاوێتە بوونەی جۆشان و ناڵە ناڵ پێوەن دەینەوە بە دەنگی جۆرا و جۆری نەیەکە، کە لە دەروونی شاعر گاز دەگرێ.. تێکەڵی ناڵەی ئەم و دەنگی نەیە. ئەو کار کردنە سەر یەکترە لە نێوان دەنگ و نەوای نەی و گەردوو دەردی شاعر دەبنە مایەی جەلا و دەوای بەیتی دواتر. ئەم ئیقاع و وێنانە لە ناڵەی جودایی هێمن دا ڕەنگیان داوەتەوە و کە دیارە ئەو کاریگەری مەولەوی ڕۆمی لە سەرە... وە دەبێ مەولەوی کوردیش زۆر لە ڕۆمی بچێت.ئەمەش سەرەکی ترین بیانووە بۆ ناونانی سەی ئەوڕەحیمی مەعدووم بە مەولەوی.

ڕەگەزدۆزی نا تەواو لە بەیتەکەدا هەیە. وە تێکڕا بەیتەکە مەرجە بۆ بەهرە بردن لە عیشق و پێوەرێکی عرفانی تەواوە و عەدالەتێکی دروستیشی بەخشیوە لە ڕووی شەریعەتەوە.

٧ – جەلای هەرگەردێ وە صەدا پێوەن

دەوای هەردەردێ وە نەوا پێوەن

هەر گەردێ (لەسەر ئاوێنەی دڵ) بە دەنگێ پاك ئەكرێتەوە وە هەردەردێ (لە دەردەكانی دەروون) بە ئاهەنگ و نەوایی دەرمان ئەكرێ{رسالەی عیشق ل٥٣٨} ، بەلأم دیارە (جەلا) زۆر تێ پەڕیو تەرە لە پاك بوونەوە و لابردنی پەڵە و گەرد، بەڵكو بەلاغەكە لە نێو جەلادا پاك بوونەوە یە تا ئاستی شەوق دانەوە و نوربەخشین، كەواتە دەنگی نەیەكە هەر پاك كەرەوە و لابەری گەرد نیە، بەڵكو پاك كردنەوەی شوێنی گەرد لێ نیشتوە تا ئاستی شەوق پەیدا كردن و درەوشانەوە. هونەر فڕاندن بە ئاسمانی شیعریەتی مەولەویدا لەو هەڵبژاردنی زاراوە و تالیمدانەیەتی لە فەردەكاندا دەنا دەیتوانی بڵێ پاكی هەر گەردێ... هتد. بەم مانایانە هەست بەوزەی ووشە و زاراوەكان دەكەین.

دەوای هەردەردێ بە ئاوازێكی نەیە... كە دەبێ لە نێو ڕۆحی میللی و نەریتی ئێمەدا لەسەردەمی مەولەوی دا ئەو قسەیە ڕاستی یەكی حاشا هەڵ نەگربووبێ كە جۆرە مەقامێ بە شمشاڵ بۆ نەخۆش لێدراوە بە مەبەستی شفا.من خۆم چەندین شتی سەیر سەیرم لە شمشاڵ ژەنان بیستووە و دەروێش عەبوڵڵای گۆرانیش نموونەیەكی زیندووە{چاو پێ كەوتنم لە گەڵ حەمە نەجیمی هەسەنی لە پاوە}

**٨ – هەر مەقامێومت جگەرتاون بۆ**

**تفڵی بێچارەی دڵان لاون بۆ**

هەرمەقامێكت جگەر بتوێنێتەوە (جگەرتاون) كینایە لەبە سۆزی مەقامەكە مناڵی بێچارەی دڵان بلاوێنێتەوە. واتە تفڵی دڵی بێچارەی مـن كاتێ ساكن دەبێ و دەلاوێ مەقامەكت جگەرتوێنەرەوە بێت.

**٩ – ئەو صەدای دەردە خەیلێ دڵكەش بۆ**

**دڵ تفلأن ئاسا بەڵكم دڵ وەش بۆ**

ئەو دەنگە هەرچەند ئاوازی دەردیش بێ باخۆش و دڵگیر بێ بەڵكو دڵم وەك مناڵ پێ ی شاد بێ {دیوان ل٤٢} سۆران سنەیش هەرنزیك بەو ڕاڤەیە ڕاڤەی كردووە{رسالەی عیشق ل٥٣٦-٥٣٩} ، بەلأم من گومانم لە ڕاڤەی (ئەو صەدای دەردە) یەكە بگەڕێتەوە بۆ خودی مەولەوی.

ئاشکرایە ئەو شیعرانەی لە خولگەی ڕۆمانسی یەتدا دەسوڕێنەوە کە ئەم شیعرە یەکێکە لەوانە تێکڕای ماکی ڕۆمانسی تێکەڵ بە عرفانیان تێدایە یەکیەتی بابەتیان تێدا بە مەرج گیراوە یان پەیوەندی نێوان چەند بەیتێك بەلانی کەمەوە لە خزمەتی مانایەکدان. تێکەڵی ئاواز و مەقام و نەواکانی نەی لەگەڵ دەردو و غەم و کەسەرکانی ناخ و بێچارەیی دڵدا لە بەیتی پێشوودا هەر(مەقامێکی جگەرکردووبە ئاو تفلی بێچارەی دڵ لاوێن ) لاوانەوە بەرە.. بەرە، بەرە و دڵ خۆشی دڵ ئەڕوات وەکو منال.. چۆن دوای لاوانەوەو ژیرکردنەوەی، دڵ خۆش دەبێت. ئەو صەدای دەردە... ڕەنگە هەر دەنگی دەردی نەی بێت و بە مەقام دەربڕاوە... دەرد و نالەی نەی دلکەشە... ئەو دەنالێنێ و سوکنایی بە دڵی ئێمە دە دات.. صەدای ئەو دەردە.. کە نەیەکە هەیەتی. کەواتە دەبێ لە سڕ و پەنهانی نەی بگەیت ئەوجا دەبیتە یار و هاودەمی بە جۆرێ لە دەنگی دەردی ئەو تۆ دەلاوێیت و تفلی دڵت شاد دەبێت و دەشنێ و دەکەوێتە گڕوگاڵ.مەولاناش لەسروودی نەیدا فەرموویەتی ( سڕ من از نالە من دورنیست ) چ سڕێکە نەی بەسوێ ترین و جەرگبڕترین ( دەرد و ڕاز) باس دەکات. کە چی دڵی ئێمەی پێ ژیر دەبێت. کەواتە دەردە دلکەشەکە دەردو نالەی خودی نەیەکەیە دەردی (فەصڵ و وەصڵ). کە بەڕای ئێمە ڕاڤەی بەیتەکە بەو جۆرەکە کراوە دورە لە مەفاهیم و دنیای ناسك و جهانبینی و ستاتیکای مەولەوی... کاتێ لەبەیتی (٤) دا "زووکە" لە نەی چی دەکات و نەی دێتە ناو، بەیتەکانی تر تێکەڵ کردنی نالەی نەی و حاڵ و وەزعی مەولەوین ڕووی دەم لەنەیە تاکۆتایی شیعرەکە.

١٠ - هەی پەشێوی هۆش هەی شێویای فام

هەی عەقڵ عەبەس هەی خەیاڵ خام

هەی پەشێوی و شپرزی هۆش، هەی شێوانی فام و ئەی عەقڵ پوچ و هەی خەیاڵ خاو. لەنیوە بەیتی یەکەمدا سیفەت پێش ناوەکە کەوتووە و لە بەیتی دووەمدا ناوەکە پێش سیفەت کەوتووە، ئەمەش دەسەلاتی زمانی مەولەوی یە و هونەری بەرزی ڕەوانبێژی ئەوە لە شیعردا.

گەر لە بەیتی چوارەمدا هۆش بێ هۆش بێ و فام بالاّ چەماو ئەوە لێرەدا هۆش پەشێوە و فام شێواوە، چونکە هاوکێشەکەی پێشوو لە تاو گەرمی و بازاڕی زەوقی مەینەت و زیل و بەمی خەفەت و خەم بوو، بەلاّم لێرە، واتە هەمان هاوکێشەی بەیتی (١٠) لەبەر ژیرنەبوونی تفلّی دلّ و دلّ خۆش نەبوون سەرەڕای ڕاز و دەرد و مەقامە دەواکانی نەی... کە نەی خودی یار و فریاد ڕەسی داوا کراوی مەولەوی بوو بۆیە سێ بەیتی کۆتایی شیعرەکە تووشی هەلگەڕانەوە دەبین کەلای مەولەوی(دیاردەیەکی زەقەو دیار)ئێمە بە (ئینقلابی مانا) ناومان بردووە.

١١ – من و دلّ وەشی و صەفایی گەردەن

هونی یەکتەرین تا وە ڕووی مەردەن

من و دلّ خۆشی و ڕابواردن (کەیف کردن) خوێنە خۆری یەکترین تا ڕۆژی مردن.

دوای ئەوەی بە چەند تەرز و مەقام و صەدا و نەوایەکی نەی، خۆشی لە دلاّ لانە ناکات و بارەکەی شەو و کەللە گەرمی و بێ شەرمی بانگ حەل نابێت و دلّنیا دەبێ کە ئەم و خۆشی و شادی و سەفایی کردن دوژمن دارن... انقلاب دەکات بەسەر شیعرەکە و واجبی (نەیچی) دەگۆڕێت.

١٢ – سادەی صاحب نەی ڕیشەی دلّ گەر پەی

تالیم دەر ئەی فەرد وە نەزمەکەی نەی

سادەی نەی چی ڕیشەی دلّ دەرکێشە (ببڕە) و ئەم دێڕەی ئەخیر وە نەزمی نەیەکت فێرکە... واتە ئەم دوا دێڕەی خۆم بخەرە سەر ئاوازی نەیەکەت (شمشالّ و شیعر و تالیم دانی یەکتر) یانی ئەم شیعرەی من تەربیەت و تالیم بدە بەنەیەکەت. یانی ببە مامۆستا بۆ نالّە فێرکردنم.


وتمان بارە ئالۆز کە و خەیالّ خاوی و بێ هۆشی یەکە (کە ماکی) ڕۆمانسی یەتی شیعرەکەن و لە ململانێ دەروونی یەکە دا براوە دەبن و داخ لە دلّی شاعر بەم بەیتەوە دیارە، دلّێ بەو هەموو سرو ڕازی نەیە... کە وەك بیانوو بڕینی منالّ سەیری دلّ کراوە، خۆش نەبێ و نەلاوێ.. شیاوی ئەم کۆتا فەردەیە.

١٣ — ئیمشەو وە هەرحاڵ شەو وە ڕۆ بەرون

ئەی خوا سا مەرگێ سەحەر چێش کەروون

کە ئەمشەو بەهەر حاڵ (ئەو حاڵەی کە ڕا ڤەمان کرد) ڕۆژدەکەمەوە ئەی خودا مەرگێ. بەیانی چی بکەم.

ئەم شیعرە وەك نموونەیەك بۆ نامۆ بوونی خود و بۆشایی نێوان خود و ئەمەلەکان یان عومری کەم و فریانە کەوتوو.. یان نەدۆزینەوەی دنیای نموونەیی خەیاڵ لە ژیانی مەوجودا. د. ئیبراهیم قادر لە نووسینەکەی دا بۆ دیاردەی (الاغتراب) نامۆ بوون و هەستی نامۆ بوون لای مەولەوی و هانا بردنە بەر نەی و... هتد)، وە بۆ بەرچاوی ڕەخنەی ئەدەبی لەم حاڵە، لەم شیعرەو لە شیعرەکەی زەماوەندی محمود پاشای جاف و شیعرەکەی بۆ شێخ یوسفی نۆسمە و. نموونەی تریش دواوە. {میهرەجانی مەولەوی ٢ل١٩٤-٢٠٠}



١ – ئەیاز هامڕاز ناڵە و ئاخ و دوود

عەرزش هەن وە خاك ئاسانەی مەحموود

وەك لە دیواندا هاتووە لە وەڵامی مەحموود پاشای جافدا نووسراوە، ئەیازی هاوڕازی ناڵە و ئاخ و دووکەڵ، عەرزی هەیە وە بەر خاکی ئاسانەی مەحموود. بەیانی عەرز و حاڵ و گوزارشت{ ئەیاز - مەولەوی، } بۆ بارەگای (محمود پاشا- سوڵتان محمود) لە ئەیاز، محمود تەوریە هەیە.

وە دەگرێ (ئەیاز) بەمانای ئەسیمی شەو بێت کە هاورازی ناڵە و ئاخ... هتد. کە جێ دەگرێ لە بەیتەکەدا بەو پێیە (لە ئەیاز)دا لەتافە تیش هەیە.

٢ – یاوا، وات، نامەی شیرین ئینشادت

ئەی ڕەمەزاندا نەشوون جە یادت

گەیشت، وتی، نامە شیرین نووسراوەکەت (خوێنراوەکەت) لە ڕەمەزاندا لە یادت نەچم... واتە نامە شیرین خوێنراوەکەت هات و کەتیایدا وتبووت لەم ڕەمەزانەدا لە یادت نەکەم (واتە مەولەوی دوعای خێر بۆ محمود پاشا بکات).

٣ – نەکەردەن ا فگار دۆسەکەی کامڵ

سیوای وەمەی کووس خەیاڵەکەت دڵ

دۆسەکەی کامڵ، دڵ بێجگە بەمەی خەیاڵی تۆوە، ڕۆژوی نەشکاندووە، بەربانگی دڵ وە مەی خەیاڵی تۆ بووە، ئەی دۆستی کامڵ، بە خەیاڵی تۆوە بەربانگ دەکەینەوە. بە ئاسان دەتوانین لە مێژووی بۆنەی دابڕین و بەرەو جاویدانی مانا شیعرەکە ئاراستە بکە ین.

٤ – فاتحەی کتاب دوعام، شەو ئەر ڕۆن

التماس حسن خاتمەکەی تۆن

کردنـەوەی کتـێبی دوعـام (ئـەوەڵی کتـێبی دوعـام، شـەو بـێ یـان ڕۆژ داوای ئـاخر خێری تۆیە، کتاب دوعا.. ئاماژەی زۆر دووعا کردنە.. لە بەیتەکەدا (دژ یەك) هەیـە لـە نێوان فاتحە و خاتمە و شەو ڕۆژدا. وە ڕنگە کتێبێکی دوعا و ویرد یش لە ئارادا هـەبوو بێـت. بـەڵام چـوون زانـای پایەبـەرز جـەنابی مـەلا عبـدالکریمی مـدرس وەهـا باسـێکی نەکردووە. ئێمەش لەو بارەوە بەدوادا چونمان نەکرد.

وە لە بەیتی شەشەمدا دان بـەوەدا دەنـێ کـە دوعـای ئـەم ڕای دەرگـای قبوڵیـان ون کردووە بۆیـە دەکـرێ ئێمـە (التمـاس حـسن خـاتم) ی محمـود بکـەین بـە مـۆری فاتحـەی کتابی دوعا، واتە مەولەوی لە ڕووی خۆ بە کەم گرتن و خۆ بە گوناهبار زانیـەوە بێـژێ من کردنەوەی کتێبی دوعام بە تەمای حوسنی خاتمەی تۆیە.

٥ – حەق وە لگف وێش باوەرۆ ئەو ڕێت

سود سەرمایەی عەقیدەکەی وێت

خـوا بـە مەرحەمـەت و لـوتفی خـۆی قـازانج و سـەرمایەی عەقیدەکـەی خـۆت بێنێتەوە ڕێت دەیەوێ بڵێت (من دوعات بـۆ دەکـەم، بـەڵام مـن ئـەوەنیم)بۆیـە داواکـەی بەو جۆرە دەکات خوا سوود و قازانجی ئیمانی خۆت بێنێتەوە ڕێت.

٦ – وەرنە من لافاو تاوانان بەردەم

دوعا ڕای دەرگای قەبوڵ گوم کەردەم

وەك وتمان لەبـەیتی پێـشوودا، داوای دوعـا دەخاتـەوە ئەستۆی عەقیدەکـەی خـۆی (محمود)، چونکە ئەم (مەولەوی) خۆی ئەوەندە بە وەلی و چاك نازانێت و دەڵێ:

وەرنا من لافاوی تاوان (گوناه) بە( کۆ) هێناویەتی واتـە گونـاهی زۆر بردوویـانم و غەرقی گوناهم دوعا و نزام ڕێگەی دەرگای قبوڵیان گوم کـردووە. مـن بـەجۆرێ غـەرقی گوناهم دوعاکانمماڵی دەرگای قوبوڵی کەریم وغەفووریان گـوم کـردووە. مـن نـەك هـەر خۆم گومڕام، بەڵکو دوعاشم گومڕای دەرگای قبوڵە. بۆیـە دیـسان لـەم بـاری عـاجزی و گوناهباریەدا پەنا دەباتەوە بەرنەیچی.

**٧ – نەی چی من پەنجەی پای نالەم سفتەن**

**تۆ دەی چون تاپیر وە نالەت جفتەن**

نەی چی من پەنجەی پێ ی نالەم سوتاوە، تۆ دەی لێدە چوون توانای کاریگەری نالەت بە نەی (نەی ونالەت) جووتن، ئەتوانی نالەت تێکەلی نەی کەی، چەند فەردێکی من بێنە بەنەی دا. وە دەکرێ سفتەن بە سوتا و مانا نەکەین، بەلکو مەبەستی (لوس کردن و سوانی پێی بێت) کە لە ئەنجامی نالەی زۆرەوە (هاتوچۆی نالە بەنەی)دا پێ ی نالە سوابێت. کە لە کوردەواری دا دەوترێت هێندە هاتم و چووم، پێم سوا. ئەوکاتە ناتوانێ وەك نەی بنالێ، چونکە نالە یێ کە پەنجەی پێی سوا بێت، توانای هات و چۆی نیە بە کونەکانی نەی دا دارِشتەی ستاتیکی رِستەی شیعری مەولەوی لەم جۆرە راڤانەدا دادەگیرسێ کەمەبەستیەتی بلێ ئەوەندەم نالاندووە، نالەم سواوە. مەولەوی بەراوردی پەنجەی پێی نالەی خۆی لەگەڵ نالەی نەیدا دەکات.

دوعاو نالەی مەولەوی هێندە چووە و وەرنەگیراوە(دەرگای لێ نەکراوەتەوە) پێی سواوە و هەزار جاری تریش برِوا بێ سوودە و هیچ سەوز ناکات.لە بەر ئەوەی عەمەلی نەماوە، بەلام تۆ نەیچی چوون ئیخلاصت هەیە و کاری گەری نالە و نەیت جووتن، هەرچی تۆبیلێیت بێ ئەنجام نابێن و وەردەگیرێ چەند هەناسەیەکی منیش بێنە بە نەی دا.

پێم وایە مەولەوی لێرەش جیاوازی دەکات لە نێوان پەرستشی عاشقانە و پەرستشی رِواڵەتیانەدا و وە (تەئسیر) وکاریگەری دوعاو لالەی گەدایانی عیشقی راستی لە گەڵ بێ ئەنجامی و سەرنەکەوتنی دوعا لەسەر زمانەکانی رِواڵەتیدا بەراورد دەکات. جیاوازی نێوان ئێستاو رابوردوش وون بوونی هەوێنی نالەی راستەقینەی چوون نەیە. دینداری خۆپەسەندیانەی خۆ راست کەرەوە بە شوناس و شایەتی کۆمەلگا لە گەڵ ئەو هەموو جەنجالی و ئاوەدانیەی نێو مزگەوت و پەرستگاکانی تریشدا، دوعایەك نیە بەڵەدی دەرگا بێت و بگاتە جێ و ئەنجام (تەئسیر) لە ئاسمانەوە بێنێتەوە بۆ سەر زەوی، ئێمەش دەبێت مەولەویانە دان بنێین بە سفت وسوانی پێی نالە و، ون کردنی

دەرگای قبولْ، وە ناڵە و پاڕانەوە ڕووت کەینەوە لە ڕیا و بیبەینەوە بە ناو کوونی ڕاستە قینەی (شمشاڵی بێ مەرامیدا) واتە هەوێنی نیاز و هەژاری بکەینەوە نێو کاسە ماسی عیبادەت و گرسان و مەیین بخەینە سەر سفرەو خوانی بەندایەتی و ڕۆح پیاڵە چایەك نۆش بکات لە نزیك هەواری یاری تاقانەدا.

٨ – چەند فەرد مەعدوم دەروون نە وەی دا

باوەر جە تەنخوای ناڵە وە نەی دا

چەند فەردێکی مەعدوومی دەروون لە ناڕەحەتی و وەی دا (کەدیارە مادام لافای گوناه بردوویەتی فورسترین وەیە) لە بری ناڵە... یان لەگەڵ ناڵە بێنە بەشمشاڵەکەتدا. (٣) فەردی پڕ لە ناوەڕۆك و تەمەننا و دوعا تەسلیمی نەی چی دەکات... ئەو لە تافەتەی کە هەردەم شیعری مەولەوی تووشی وەرچەرخان دەکات.. مانا و مەبەست بە انقلابدا دەبات. ئەو کە داوای دوعا کردنی لێ کراوە خۆی دواجار دەکەوێتە پاڕانەوە.

ئێمە خوای گەورە لە (فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُ سَاجِدِينَ) یەوە پڕی کردین لە سرو تامی ئەو خۆشویستی و ئەو پەرستی. ئەو سرە بە هەموو زمانێ بەیان ناکرێت.

در نیابد کس زمان عاشقان

زانك عاشق را زبانی دیکرست {غزلیات عطار...ل ٤٥}

جەزابی زمانی عرفانی ئەو هونەری عیشقەیە، ئالەتەکانی چوون نەی، ساز، تار..هتد گرنگیان لە حقیقەتی ئەو ناڵەوەیە. مەولانا لە نەیدا ئەو فڕینی ڕۆحە و ئەو سرە بەیان دەکات. لەو پەیوەندیە ڕۆحیەوەیە عارفان بوونەتە تیۆریزەکاری میوزیك.

٩ - من وێم مزانو کام تۆمم کاڵاَن

یاران پەی هیممەت وە نەم مەلاڵاَن

من خۆم ئەزانم چ تۆوێکم کێڵاوە (چ کردەیەکم کردووە و چ گوناهێکم کردووە) یاران (دۆستانم)بە قەسدی دوعا ئەپاڕێنەوە، من خۆم دەزانم و خۆم باش دەناسم...

کەچی یاران بەدیوی چاکەدا دەمناسن. من خۆم مەزرەعەی عەمەلم باش نەکێلاوە و نەمچاندووە.

### ١٠ – کەرەم دەر نە دەس ڕجای ئەوگاران

### بۆ بەخشەم وە عەشق مەڤنەی یاران

ئەی خوایە کە تۆ بەخشیش ئەخەیتە دەستی تکای ئەوانەوە کە زۆرگیرۆدەن، بم بەخشە بە عەشقی گومانی چاکی دۆستان پێم) بەڕاڤەی جەنابی مدرس.ئەی ئەو خوایەی کە بەخشیش دەخەیتە دەستی تکای ئەوانەوە کە زۆر گیرۆدەی عەشقن وەرە بم بەخشە بە عەشقی پڕ بەهاو نرخی دۆستانی خۆت بەراڤەی مامۆستا حەکیم مەلا صالّح{مەولەوی وتەقینەوەی زمان ل٩٧ } گەرچی مامۆستا حەکیم ئەم واتایە بەواتای ڕاستەقینە دەزانێ، بەلآم مانای دیوانەکە زیاتر نزیکترە لەوەی کاك حەکیم. هەرچەندە ئێمە ڕاڤەی تری دەکەین کە لەگەلّ یەك بابەتی (وەحدەی مەوضوع)ی شیعرەکەدا بێت، چونکە وەك وتمان ئەوسێ فەردەی کۆتایی شیعرەکە کە دەسپێررێن بەنەیچی پێکەوە مانای تەواو دروست دەکەن.

مەولەوی لەگەلّ نالەی نەیەکەدا و لە سەردەستی نەی چی پێمان دەلّێ (کەرەمدەر) خودای بەخشش دەر.. من دۆستان و یاران بەقەسدی دوعاوە ڕووی دوعا کردنم لێ دەنێن.. لە ناویاندا ئەوگارانی تێدان.

(ئۆگار) کەسێ کە نێش و نالەی زۆر بێت و ڕاست بکات بە درۆوە نەنالێنێ. دۆستان و یارە ئەو گارەکانی من بە (مەزننەی) خۆیان (بەخەیالّ)بە گومان و بیر و ئەنازەی ئەندێشە یان من بە چاك دەزانن. منیش خۆم دەزانم ئەوە نیم (ئەوانیش من بۆ ڕجا بە جا دەزانن)واتە بە وەلی و پیاو چاکم سەیردەکەن... دەی من خودایە ئەوان دەکەمەوە بە دوعا خوانی خۆم. تۆش نە دەستی ڕجای ئەوان کە هەمیشە عاشقن بە چاکە (واتە زەننی خراپ بە دلّیانا نایێت) و لە چاکی خۆیانا من بە چاك سەیردەکەن.وەرە بم بەخشە هەم لە بەر ڕجای ئەو ئەوگارانە کە هێشتا بە تەمای دوعای منن، کەچی خۆیان لە من چاکترن هەم لە بەر ئەو عەشقەیان بۆ چاکە. کە

عاشقی چاکەن وەك بابەت وچەمك.پێغەمبەران و پیاو چاکان و وە لیەکان خۆیان بەچاك نازانن.

١١ – وەختێ گۆشەی شار خامۆشان بۆ جێم

نەبوون وە تە صدیع هامسایان وێم

وەختێ گۆشەی شاری خامۆشان دەبێتە جێم (قەبر) نەبمە مایەی سەر نێشەی هاوسێ مردووەکانم.

کە تکای دوعا و ڕجای ئەوگارەکان ڕووبەڕووی کەرەمدار دەکاتەوە.. نەك هەرلێرە، بەڵکو هەر لە بەر خاتری سەر نە نێشانی مردووە دراوسێکانیش بێت بمبەخشە.

یان خودایە من دڵنیام لە عەزابم بۆخاتری یارە نۆگارەکان. نەبمە هۆی بێزاری دراوسێکانی قەبرم. دەتوانین ئەم پەیوەنیە کۆمەڵایەتیەی کە دین زۆر ئەخلاقیانە داکۆکی لێ کردوە. مەولەوی دەیخاتە قۆناغێکی ترو بە جێ هێنان و ئەرك و مافی مردوو بەرامبەر دراوسێ مردوەکەی کە بێگومان دراوسێی تازەیە و لەوێ دەیناسێ و دراوسێکەی ژیانی نیە. مەولەوی هێندە خاکیانە و بێ زیانانە بیر دەکاتەوە. ئاخر بە چی ئەو دیدە درووست بوە و ئەو ئارامی و ئاسودەیی یەی لێکەوتوەتەوە. لەو کۆمەڵگە هەژارو دواکەوتوەی جاراندا. بڕوانە ڕۆح چەند بەرزو بڵندە. دراوسێیەتی چەند بە قەدرو قیمەتە.

مەولەوی لە سەرەتادا ڕووی دوعای خێری لێ نرا بوو کەچی لە کۆتایی دا ڕجا و عەشق و دوعای خەڵکانی بۆ بەخشینی خۆی ئاراستەی (کەرەمدار) کردەوە، چونکە خۆی دوعاکانی ڕای قبوڵیان گوم کردووە. باوەڕبوون بەخاتری کەسانی باشتر، لە بیروباوەڕی کوردەواری و بیرکردنەوەی ئاینی دا بڵاوە چاکە و خێری لێ شین دەبێ، مەولەویش نزیکە لەو باوەڕەوە. چەندین موناجات و دەقی ئیلاهیانە هەن کە بایەخی(خاتر و حاجەت)ی کە سانی چاك دەردەخەن. خوێنەر ئەتوانێ بۆ خۆی لە سەریان بوەستێ. ئێمە بۆدرێژ نەبوونەوەی نووسینەکەمان لامان بردن.

١ – ئازیزم ئاهیر دووری باڵای تۆ

جەستەم کەرد وە بووڵ شەماڵ بەرد پەی کۆ

ئازیزم ئاگری دووری باڵای تۆ جەستەمی کرد بە خۆڵەمێش و شەماڵ بردی بۆ کێو.

٢ – ورشەی پرشەی تاو کورەکەی جەستەم

شەرارەی لوولەی پێشەی شکستەم

ورشەی پرشەی بەجۆشی کورەی جەستەم (پزیسك و شەوق دانەوەی بەتاو.. ئامازەیە بە باش سوتان و بەردەوام سوتان) بڵێسەی لوولەی ئێسقانی شکاوم... لوولە یان لولاق... بە شتی ناوبۆشی کە مێ درێژ دەوترێت... ناوی (شمشاڵ – لوولە)ی بۆ دانراوە. کە ڕاڤەکاران بەسەریا تێ پەڕیون... لولاقی ئێسکی شکاو کە مەولەوی مەبەستیەتی دیارە ئەبێ کلۆریش بێ کە ئاسان گڕ هاتوچۆی پیا دەکات و زوتر بڵێسە دەسێنێت هەرچەندە ئەو ئیقاعەی لە پیت و دەنگەکانی زاراوە گەلی (ورشە، پرشە، پێشە..)دا هەیە بە بیستنی مۆسیقایان لە کرۆك و مەبەستی وێنەکە نزیك دەبینەوە{ئیقاع لەشیعری مەولەویدا ڕەحیم لوقمانی میهرەجانی ٢ ل٢٤٣} بەڵام تێکڕا مفردە و دارشتەکانی ئەم شیعرە کلاسیکین. بەو مانایە لە لێکچوون و خواستنەکاندا شوێن سەلیقەی کلاسیکیانە کەوتوون نەریتەکانی کلاسیك تیایاندا زاڵە. هەرچەند لە دوسێ بەیتی شیعرەکەدا ماکە کلاسیکی یەکان خاون و وێنەکان لە ڕێ ستاتیکایەکی مەعنەوی و ئاسکی زمانەوە بە ڕۆمانسی یەتی زهنا دەڕۆن ئەمەش ڕەنگە ململانێی ئەو دوو شەپۆلی زەوقە بێت.کە تێکڕا تا ئێستاش لە شیعری کوردی و ئەزموونی تاکە شاعرێکدا ئەو تێکەڵی یەی کلاسك - ڕۆمانتیك) دەبینرێ. {هەورامان ژ.١٣ ل٥٧}

٣ – گرمە و پزیسکەی چەخماخەی پارە

بەرق بریسکەی شوعلەی شەرارە

گرمەو پزیسکەی چەخماخەی پارە (لەت و کوت، شرو شۆڵ، پارچە - لەت) کە د. سۆران سنەیی بە (پارەی دڵ) ڕاڤەی کردووە کە دیارە ڕاڤەیەکی زۆر سەرپێ یە{ڕسالەی عیشق ل٣٠٤ }کەلە دیوانەکەی وەرگرتووە بەڵکو چەخماخەی پارە مەبەستی (یەك تەنی خۆی لەگەڵ ئازیز) کە بەیتی یەکەم بنیاتی شیعرەکەیە دوری ئازیزە (گڕی بەرداوەتە مەعدوم) واتە ئەوپزیکسە وردانەی کەلەکاتی لەت بوونی دوشتدا دەکەونەوە.. کە لێرە مەبەست (دووری و هیجران) کە تان و پۆی ئەم شیعرەی لەسەر چنراوە، لەگەڵ بەرق و بریسکەی شۆڵەی بلێسە.

وێنەکە لەف و نەشر و جیناسی لاحیقی تێدایە (پزیسکە - بریسکە) کە دیارە ئەم هەموو گرمە و شریخە و پزیسکە و بەرقەی ئەم دووبەیتە و نیو بەیتی چوارەمیش تەقاندنی کانیلەی چاوە.. لە سروشتدا هەورەگرمە و چەخمامەو بروسکەکان چەندین چەمەو هانە جاری دەکەن.. دیدگای مەولەوی بۆ سروشت گەرمترین مەیلی شیعریان دروست کردووە هەم ئاماژەیە بۆ شتێ کە نارەحەت دوکەرتی کەی یان هۆگری و ئالودە بونێ. کە دووشت بن بەیەك و جیاکردنەوەیان گران بێت.

سەرچاوەی ئەم ڕوانینە کردنە بەری ڕۆح بە ئادەم دا،جیابوونەوەی یەکەم و گەورەترین فراق،سەندنەوەی گیان لە بنیادەم جارێکی تر،جیا بوونەوەی حەوا لە ئادەم و هەوڵەکانی بوونەوە بە یەکی ژن و پیاو،)ئەم هەموو دابەش بوون ولەت بوون ولەت کردنە پزیسکەو چەخماخەی زۆرو تاوسێنی لێکەوتەوتەوە)

٤ — شاخە و شریخەی بروسکەی دەروون

نەچەم شەتاوان جاری گەرد چوون هون

گرمەو نەعرەتەی بەهێزی بروسکەی دەرون (شاخە هەرای بەرز شریخە دەنگی گەورەی لەپڕ) لە چاوم شەتاوانی ڕەوان کرد وەك خوێن.. هێنانی سەیلی خوێنین لەچاو) دیمەنە سامناکەکانی هەور و هەڵای بەیتەکان بەتەقاندنی شەتاوانی چاو) واجب و وەزیفەی خۆیان تەواو کرد (شەتاوان) خوازراوە بۆ فرمێسك وە بە لێکچونی هەڵگەڕاوەش لە بری دارشتەی خوێن وەك شەتاو (فرمێسك) وێنەکەی هەڵگەڕاندوەتەوە کەلای مەولەوی نمونەی زۆرە.

هەرچەندە گەڕانەوەو وەرگرتنی وشەو مانا لە سروشتدا (گەڕانـەوە بـۆ سروشـت) عادەتێکی ڕۆمانیتیکی یە، بەڵام دروست کردنی وێنەکان کلاسیکین.

٥ – مەوج مدۆ لافاو هوون دجلەی دڵ

نە فوارەی چەم هۆرمشانۆ گڵ

چەپۆکان (شەپۆل) نەدا لافاوی خوێنی دجلەی دڵ لە فوارەی چاو،گڵ هەڵ ئەدا (سەرئەخا) هەڵدانی گڵ لەگەڵ ئاودا لەکاتی تەقانـدنی کانیلـەی ورد دا زنـەی چاوی بـەگڵی مەینـەت و زوخـاوی نـاخ لـە ڕێگـەی مەوجـەکانی دجلـەی دڵەوە کـە دڵ فرمـانی ناردنی خوێنە..تەقاند. هونەری وەك یەك (چاو وەك فوارە) شیعرەکە تـائێرە لـە زەوق و سەلیقە کلاسیەکیەکان وزەی وەرگرتووە و گیانی لە تەنی کلاسیکدایە.

٦- کای دڵم نە گێج مەوج فەنادا

مۆلەقەن نە بەین خۆف و ڕجادا

پوشی دڵ لە گێژاوی شەپۆلی لەناو چوندا مۆڵەقە (دامـاوە) لـە نێـو تـرس و تکادا دڵی وەك پوشم داماوە...

بـڕوام وایـە نـابێ لـە ڕاڤـەی ئـەم بەیتـەدا بـەو تەشـبیهە دا کـەوین و زیـاتر نەڕۆین...چونکە دڵی وەك پووش، چواندنێکی ناماقوڵ دێتە پێش چاو وە جیایە لەوەی کـە مەولـەوی وتویـەتی پوشـی دڵ، چـونکە لێـرەدا مانـا دەچێتەوە سـەر یـەك تـەنی شیعرەکە! گەر دڵ دەغڵێ بێـت کـشتێکی دانـدار گـەنم بـۆ نموونـە، مـەغزا و کرۆکـی دڵ پێش تر. بەهونی دیجلـەی خوێنـەوە لـە فوارەکـانی چـاوە و هـەڵ درا. کەواتـە پـەڵاش و پوشەکەی ماوەتەوە لە نێوان گێـژی شـەپۆلی فـەنادا مـەرج نیـە هـەموو کـاتێ وا سـەیری تەرکیب دروست کردنەکانی مەولەوی بکەین کە هونەرەکانی بەسەردا بسەپێنین. ڕاستە کای دڵم هونەرە، بەڵام مـن لـەم شـوێنەدا بـە (دڵـی وەك پـووش نـایبینم). {دیوان ل٤٦}. کورت بڕی لەتەواوی ئەم جۆرە وێنانەی مەولەوی دا هەیە. بەوەی ئامڕاز و ئەو زارەکان و زۆرجـار دیارخـەری ناوەکان نابینیت... خـەوفی لـە ناوچـوون... تکـای مانـەوە - کـا-

مەدلولی سوکی هەلگرتووە. بۆیە دلّی بێ کردەوە بەسوك سەیر کراوە و بێ دانە و هەد کای ماوە.(خەوف و ڕجا)دوو زاراوەی عرفانین، خەوف: ترسی مرید، بەندەیە کە کردەوەکانی هیچ وبێدان بن ولێی وەر نەگیرێن، خودا بەکردەوەی خۆمان لە گەلّماندا حساب بکات، کە زەرەرمانە. بەلّام ڕجا: ئومێدی ئەوەی کە خوا بە بەزەیی و میهرەبانی خۆی لەگەلّمان دا حیساب بکات، یەکەمیان تیا چوون ودوەمیان سەرکەوتنی لێدەکەوێتەوە.بۆ شارەزایی لەو جۆرە زاراوانە بڕوانە{گەوهەری حەقیقەت هەردووبەرگ شێخ موحسنی موفتی هەولێر ٢٠٠١ وفەرهەنگی سۆفیانەی دیوانی جزیری و مەحوی د ئیبراهیم ئەحمەد شوان}.

لەم بەیتە بە دواوە شیعرەکە دەچێتەوە دوونی ڕۆمانسی یەت بەسادەیی زمان و تکاو پاڕانەوەکان... دەسەو دامانی شاعر.

٧ – تۆیچ ئینسافت بۆ هەنی وەسەن وەس

بالله جه دوریت هابیم وه قه قنەس

تۆیش بەزەیی و ویژدانت بێ ئیتر بەسە بەس بیللا (سوێند بەخوا) لە دوریتا هابووم بەقەقنەس.

من ڕام وایە ئەم بەیتە نامۆیە بە تەنی ئەم شیعرە و ڕەنگە بەیاز و کەشکۆلّ نووسەکان ئەو تێکەلّ و پێکەلّیەیان هێنا بێتە شیعری مەولەوی یەوە.یان دواتر لە پشت بەستن بە لەبەرکردن ئینجا نووسینەوە. ئیتر لە ڕێگەی گۆرانی و شەتەحاتی دینی یەوە بووە.. یان.. هەر جۆرە ڕێیەکی تر، کە نازانم.

ئەم دەردە زۆر خراپ بە میزاجی شەخسی پیرە مێردەوە دیارە لە ڕۆحەکەی دا.. و چی بیستووە بە سەریەکەوە تەرجەمەیەکی لە زۆر شوێندا زۆر خراپ و دووری کردووە کە ئێمە لەم پرۆژەماندا بە تەواوی لە شوێنی خۆیدا لە سەری دەوەستین. من بە بەلگەی ئەو شەریعەتەی کە وەك فقهێك بۆ مەیلی مەولەوی و خامەی شیعری کە خۆی زۆر شاعرانە دەستی داوەتە خامە شوێنی ئەو بەیتە بۆ ئەو شیعرە دوور لەو شەرع دەزانم بەم بەلگانە.

أ – تەشبیهی خۆی لە دووری یاردا (ئازیز) بە قەقنەس دیارە چ لە پێش ئەم بەیتەوچ دوای ئەم بەیتە هیچ ئاماژەیەك نیە بۆ چەسپاندنی تەشبیهەکە وەك زۆر سوتان و بەدەستی خۆ گڕ لە خۆ بەردان یان زۆر خوێندن و جۆراوجۆری دەنگی و نەوا و مە قام.. کە سووتان و خوێندن ئەو دوو سیفە تەن کاتێ لە خودا دروست بوون بە قەقنەس دەچێ. ب – لە شوێنی تردا بەو شەریعەتەی ئێمە باسی دەکەین مەولەوی دوای دروست کردن و سەرهەڵدانی ئەو دوو سیفەتە (سوتان و خوێندن) خۆی بە قەقنەس دەکات.

ج – ئاگرەکەی بەیتی یەکەم هەر لەوێدا بوڵی جەستەی بردووە تە کێو.. ئیتر وشە و پرشە و پزیسکە و چەخماخەکان و شوعلە و شەرارەکان هۆکاری دروست بوونی قەقنەس (یان قەقنەسێکی تر لە بوڵەکە) نین، بەڵکو لەگەڵ شاخەو شریخەکاندا هۆکاری جاری بوونی شەتاوی خوێنن لە چاودا.کە ئەمەش ناچێتەوەسەرئەفسانەی قەقنەس{فرهنگ عمید جلد وم ل١٥٨٥}.

٨ – تاکەی چوون مەجنون وێڵ هەردان بم

تاکەی خەمزەدەی بار هیجران بم

تاکەی وەك مەجنون وێڵی هەردان بم.تاکەی خەمزەدەی باری دابڕان و جدایی بم... وێنەیەکی زۆر سادە و ساکار و زیاتر لە کەلیمەی گۆرانی میللی دەچێت سەلیقەی فلکلۆری بە ئاشکرا پێوەیە.. بێجگە لەوە قافیەی تەواو نیە و هیجران و هەردان لە ئاهەنگ و گۆ کردنەوە نزیکن دەنا وەك ئوسوڵی شیعری ئەوکات (ان) ئامرازی کۆیە و بم ڕەدیفە و (ر،د) نابنە قافیە.

٩ – هەرساتێ دووریت صەد ساڵەن جەلام

دەردم کاری یەن وەسەر گەردت بام

هەرساتێ دووری تۆ لای من بەسەد ساڵە، دەردم کاری یە (کاریگەری بەهێزی دەرد) بەسەر گەردت بم.سۆران سنەیی (ساتێ) بە سەعاتێ ڕاڤەی دەکات.ڕەنگە لای وابێ ساتێ کورت کراوەی سەعاتێکە..لە فۆلکلۆریش دا هەیە (هەرسەعاتێکت لای من ساڵێکە)،

بەلآم دیارە سات ماوەیەکی زۆر کورتـە و بەرامبەرەکەی سـەد سـالْ قەڕنێکـە جـوانی یـە کەش لەو زیادە ڕەوی یە دایە.

١٠ – بەزەییت بەیۆ وە جەسەو حالّم

ڕیشەم بە را ما هەرە س  وە مالّم

بەزەیت بەجەستەو حالّم دابێتەوە، ڕیشەم دەرهات، هەرەس بەمالّم.

لە کۆتایی ئەم شیعرەدا دەمەوێ ڕای خۆم دەربـڕم کـە دووسـێ بـەیتی کۆتـا سـادەو درشـتن و سـەلیقەی مەولـەویان پێـوە دیـار نیـەو ڕنگـە نەرمـە قووتـە ی هاوڕێیـانی مەولەوی یان بنووس ونەساخەکان بن.لەدەرفەتی تردا شوێن ئەم بۆچوونە دەکەوم.



MAWLAWI.KRD

١ – ئازیزم ئامای ئای بێ قەرار وێم

ئای ئای چەمەڕا ئای انتظار وێم

ئازیزم هاتی! ئای بێ ئارام خۆم، ئای ئای چاوەڕێ و! ئای مدرا خۆم. (مدرا) انتظار.

مامۆستا حکیم دەڵێ لە نوسخەی (وا) لەباتی ئامای (ئامای) نووسراوە... کە بەلایەوە دروستترە. گەرچی (ئامای) دەگونجێ، بەڵام (ئامای) وێنەکە جوانتر دەکات، چونکە (ئۆخەی) دەداتە ڕۆحی خوێنەر کاتێ دەزانێ کە کەسی هاتوو زۆرچاوە ڕوا نی بۆ کراوە، واتە لێرەدا دەبێ ستاتیکیانە بەرەو ڕاڤە بچین نەك خۆمان بدەینە دەست مەرجەکانی ڕستەو ڕێزمان. وە ئا... ئا... ئای یەکان بەشدارن لەو ئوخژنەی کە وێنەکە پێت دەبەخشێت. وەك ئەوەی کەبڵێ ی ئوخەی گیان ئەوە هاتی... ئای ئای چاوەڕێم کرد... ی... هتد. وە لە بەیتی دووەمدا فەرمووی لێ دەکرێت بۆ نیشتمانی چاو.. غەریبی ئازیز لە گۆڕ دەنێت. هەندێ لە نووسەر وخوێندەواری هەورامی (ناما)ەکە بەدرووست دەزانن.بەڵام دڵنیام مەولەوی خۆی ئامای بە درووست زانیووە.

٢ – مەوتەنەکەی چەم دیدەش ها نەڕێت

غەریبی تا کەی بۆ وە ماوا ی وێت؟!

نیشتمانەکەی چاو، دیدەی لەڕێتە، غەریبی تاکەی وەرە ماوای خۆت (وەرە نێو چاوم)،.

مەوتەنەکەی چەم، ئەو ترکیبە هونەریەیە کەلای مەولەوی زۆر باوە و بەشێکە لە ستراتیژی وێنە دروست کردن. کە خودی چاوە، بەڵام بۆ ئەویش دیدە دروست دەکات و بارەکە لەسەر مرۆڤ بوونی مەولەویەوە دەچێتە سەر مرۆڤ بوونی نیشتمان.

بینایی چاوی (نیشتمانی چاو) براوەتە ڕێی هاتنەوەی ئازیزی غەریب. یان ئازیز لە غەریبی دا. وە دەبێ (بۆوە) لە حاڵەتی بانگ کردنەوەیەك بۆ دوور، دوور خە ینەوە

لەبەر ڕۆشنایی (ئامای) گەیشتنە بەری ئازیز قسە بکەین... ئازیز گەیشتوە و نۆخەی هاتنی لەبەیتی یەکەمدا یەو بەقەدر و حورمەت شوێنی دانیشتنی دیاری دەکات، کە چاوە، وە هەردەم جێگەی لە چاودا بووە، وە لەوێوە کە چاو هەمیشە لەدیدی شاعراندا کوێستانە و سروشتی تەڕی و ڕەنگی یەی چاو کوێستانی و سەر سەوزو بەهەشتیە, پێچەوانەی دەروون و گەرمی دڵ کە گەرمیانی و دۆزەخیەیە.

بێسارانی دەڵێت:

دڵ ئاه مەکێشۆ گڕ مەیۆ وە بەر

نەبا نیشەڵلاً پێت یاوۆ زەرەر

تێدا مەنیشە هەی بەر گوزیدە

بۆ باجات کەرو وەبانی دیدە. {بێسارانی حکیم مەلا سالح ل۲۱۷-۲۱۸}

سەر و ژورکردنی خێڵان زۆر بە سڕی لێرە و بە ئاشکرا لە شوێنی تر لای مەولەوی جێ ی گرتووە. وە دەبێ گەرمیان شوێنی ئاوارەیی ئازیز بووبێت و خۆی خەڵکی کوێستان بووبێ) بۆیە داوای گەڕانەوەی کوێستانی لێ دەکات... وە ئەم وێنەیە لای نالی بە کەمێ جیاوازی مەبەستەوە هەیە کە گەرمیانی دڵ و کوێستانی چاو دەردەخات و ئازیزی حۆری لەدڵدا دا ئانێت ودەیباتە دیدەوە.

تۆکە حۆریت وەرە نێو جەننەتی دیدەم چ دەکەی

لەم دڵەی پڕ شەرەر و سینەی سۆزانمدا {نالی، مەلاعبدولکەریمی مدرس ل۹۱}

وە من دڵنیام دەرکەوتەی نالی دوای تێر بوون و شارەزایی و مەلاو بوونی ئەو بووە لە سەر ئەتڵسی شیعری هەورامی و تەنانەت هەندێ خەیاڵ و وێنەی ئەو دیالێکتە لای نالی دەردەکەونەوە. نالی وزەو غیرەتی داهێنەر بوونی لە وەوە وەرگرت کە لەوانی پێش خۆی نەچێت. لە تێبینیەکی خۆدزکۆشدا سەرباری گرنگی مێژوویی بۆ ژیانی نالی ئەو ڕاستیەش درکێنراوە کە نالی زمان زان بووە و کاری لەسەر دیالیکتەکانی تری زمانی کوردی کردووە. {نالی هەر لەلووتکەدایە، زنجیرە کتێبی گۆڤاری کۆچ ل ۳۲} بێگومان ئەم

شارەزایە زاوەتەوە ناو بەهرەی شیعری نالی. ئەمەش پێویستی بە لە سەر وەستان و هەوڵی زانستیانە و بێلایەنی دەوێت. کە زۆر سەیرە لەو بارەوە کارنەکراوە، کە گرنگترین خاڵەو من بە قیبلە گۆڕانی شیعری کوردی ناوی دەبەم و بە هیوام لە داهاتوودا کاری باشی لە سەر بکەم. وە من پێچەوانەی ئەوانەی کە لایەنگری قوتابخانە شیعریەکەی پێش نالی شیعری (گۆران - هەورامی یان دروستتر ماچۆ زمانەکان) بیر دەکەمەوە کە کارەکەی نالی بە هەڵەو کارێکی خراپ دەزانن و تەنانەت ئەدیبی توندڕەوی تیایە پێی وایە نالی ناپاکی کردووە و بەر پرسیارە لە بەردەم دادگای نەتەوەییماندا.

وەفاییش دەڵێ:

لە نێو مەنزەرەی دوودەری خۆشە سەیری مەوجی بەحری

وەرەوە سەرچاوم عەزیزم چی دەکەی لە دڵەی کەبابم

خوێنەر دەتوانێت لە بەراوردی (چاو، دڵ)دا. جیاوازیە جوانەکانی گەرمیان و کوێستان لە بەیتەکە و ئەندێشە و خەیاڵی خۆیدا شەن و کەو کات.

٣ – های ساقی بازاڕ جیلوەی دڵدارەن

سەودای خرپدار دا نەی دیدارەن~

های ساقی بازاڕی جیلوەی دڵدارە، وەختی مامەڵە و کڕینی دانەی دیدارە.

د. ئەنوەر قادر دەنووسێت، مۆتیڤی مەی وساقی بە مانا سۆفیەکەی و لە کاتی باری ئاڵۆزی دەروونی خۆی دا بە کاردێنێ و بە هیوایە کەمەی کوڵ... هتد. ساقی بەمانای فریشتەی مەرگ و هێزی یەزداتی هاتووە{لیریکا..ل١٨٤}

لێرەدا ساقی دەلالی پەیدا کردنی مشتەریەکانی بازاڕی جیلوەی دڵدارە (ئاشکرا بوونی یار) ، یان درەوشانەوەی نوری ئەو لە دڵی عاشق دا وە مامۆستای بەهەشتی مدرس دەنووسێت دانەی دیدار گەوهەری ڕووی یارە. نێرگسە مەستەکانی ساقین کە مەستی سەدان جامیان هەیە و بوونەتە بابیسی ئەو هەموو مەیخانانە.

نرگس ساقی اگر مستی صد جام نداشت

سر هرکوه و گوزر این همه میخانه نبود

گەر ساقی فریشتەی مەرگ بێت دەبێت ڕۆح بدرێت لەو سەودایەدا دەرچونەوەی ڕۆح و..چوونەوەی بۆ لای یارو بە گەرد بوونەوەی تەن.

مردن و بوون بە خۆڵ. سڕی جلوەی خودایی و دەرکەوتنی و پێناسی ڕۆحانی و ڕۆحانی بوون لەو ئەندێشە و گومان و پرسانە یە کە پێغەمبەرانیش خۆیان لێ بواردووە و حەلیان نەکردووە.. باشترین دەرمان و ئارامش بۆ ئەو حاڵە (عاشق بوونە) لە دنیای خۆتا و شێت بوونە لە چاوی نەیارانی مەیلدا.بازاری جیلوەی دڵدارلەشاری عرفانایەوعاشقانی سەودا زەدەو کڕیارانی گەوهەری تاقانە هەریەکەو بە دەسمایەی خۆیەوە بەڕێ کەوتوەو بەرەو شاری پڕشۆری مامەڵەی یار. دەبێت لە دەسمایەی هەرکەسێکا لەدیدی عرفانی و ڕێگەکانی پەیا کردنی دانەی دیار، وردبینەوە.خۆ ناکرێت هەموومان وەك یەك بڕوانین و ڕێك بەقەد یەك عاشق بین ئەوە یار بۆ خۆی دەزانێت.

وە هەر لەم ڕووەوە پیرشالیاری یەکەم دەفەرموێ:

من وەی دەردەوە، من وەی دەردەوە

تاکەی بناڵم من وەی دەردەوە

زوان وەلاڵە و چەم وە پەردەوە

انەی زەرد تاکەی هاوە گەردەوە {مێژووی وێژەی کوردی بەرگی یەکەم چاپی دووەم ل١٠٩}

٤ — یەکێ وە مایەی گە نج (کەی)ەوە

چون منیج وە تای فەرتووت نەیەوە

یەکێ وەمایەی گەنجی کەیەوە هاتووەتە ئەو بازاڕی سەودایە و وەکو منیش هەن دەسمایەیان تاڵە دەزوی ڕزیو (پواوە).

لەم وێنەیەدا مەولەوی دەمانباتە نێو قەیسەری یەکانی (عرفان و عەشق) و لە دژ یەکی سەرمایە و دەسمایەکاندا بۆ بەنسیب بوونی دانەی دیاری جلوەی دڵدار دەعوایەکی ڕاستەقینە دێنێتە ئاراوە، عاشقی دەکاتە مەرجی بردنەوەی مەزاتەکەی ساقی... زۆر باش چەمکی (عەشق)بۆ خۆی دەکاتە گرانترین سەرمایە با لە دەستی عاشقیشدا پەتك یان دەزووی هەمبارە پوش هەبێ.. کە ئاشکرایە گەنجی کەی ناتوانێت دەعوا بکات لە گەڵ فەرتووت نەی دا.. شەوقی جلوەی یار پێمان دەڵێ چەندینی وەك قارون و کەی و...هتد نەیان توانی دانەی دیداری من بکرن.. ساحب فەرتووت نەی و... ڕابعەکان و ئەوانی تر و هاوشێوەکانیشیان سەوداکەیان بردوەتەوە.

(تای فەرتووت، گەنجی کەی )دژیەکن وە تیلنیشانێکیش بۆ کرینەوەی حەزرەتی یوسف هەیە... کە پیرەژنێك کلافەی دەزوی پێ بوو.

**٥ – ئەرصەد هەر کەسێ پەی وێش وە ڕاوەن**

**وە قیمەت نی یەن اخلاص حەساوە ن**

هەرچەند هەرکەسێ (هەموو کەسێ) بۆ خۆی بەڕێوەیە و (قیمەت)ی کرینی هێناوە، بەڵام بە نرخ و قیمەتی دەسمایە نیە و لەو سەودایەدا اخلاص حسێوە.

دیسانەوە اخلاص دەکاتە مەرجی ناسینەوەی عاشقەکانیش. عاشق پەنجە بەرز ناکاتەوە و بڵێ من عاشقم، لەسەر گۆنای نیشانە و ئایات هەیە... هەر کەسێ هات و وتی من عاشقم باوە ڕەنەکەی. ئەم مەفهووم وشەرتی عاشقیە لە دڵداری وخۆشەویستی مەجازیانەی مرۆڤیشدا پێوەری جدی وڕاست کردن وئیخلاصی هەیەو عاشقانی ئەومەیدانەش لەمەحەکی حەقیقی دراون.وورد بەرەوە لە داستانە ئەڤینداریەکانی شیرین وفەرهاد و مەم و زین.

**٦ – مایل کەر باڵا وەی لادا چون نەی**

**دەسێومت دەف بۆ ئەو دەس جام مەی**

ڕاڤەکردن و شرۆڤەی ئەم وێنەیە زۆر هیلاکی کردم وە ڕەنگە نەشمپێکابێ، لە دیوانەکەش دا نووسراوە (مایل کەر: لارکەرەوە، نەی: قامیش بە کلیلی ئەم ووشانە وای

لێ دێت لارکەرەوە باڵات بەلادا وەك قامیش... كە زۆر ناقۆلا دێتە بەرچاو. بۆیە لای ئێمە وایە:

تۆش باڵات بەرەو مەجلسی ئێمە کەلەم لایە وەرچەرخێنە (بێرەوە مەجلس, وە ك چۆن نەی هاتوەتە مەجلسی یارانی مەستەوە) یانێ مەیلداربە بە جەمی ئێمە چون نەی، شمشاڵ، با تۆش لات بەلای ئێمەدا کردبێتەوە بە جام و دەفەوە..بەیتی دواتر ڕۆشنایی زیاترمان دەداتێ هەروەها پیرەمێردیش بەم جۆرە وەری گێڕاوە.

٧ – با بێدارکەرۆ تاکەی بۆ غافڵ

دەف وە صەدا گیان جام وە ڕەشحە دڵ

بابێدارکاتەوە تاکەی بێ ئاگابێ، دەنگی دەف گیان ڕاچڵکێنێ و نەم و تەڕی جامیش دڵ.

لێرە تێ دەگەین (مایل کەر باڵا وەی لادا) هەنگاوی یەکەمەو بۆ ڕاچەنین دەسێ دەف و دەسێ جام (لەفە) لە بەیتی پێشوودا (پێچراوە) وە بە گیان و دڵ کراوەتەوە واتە بە هەردوو بەیتەکەوە (لە ف و نەشرە). لە بەیتی پێشوودا لاکراوەتەوە و لەم بەیتەدا لە غەفڵەت بێدار بوەتەوە لە ڕێگەی دەف و جامەوە. واتە ڕوو لەلای ئێمە بکەو مەچۆرە مەجلسی خۆپەسەندان و ئەوانەی عاشق نین.فریوی سامان وزیوو زەڕی دەوڵەمەندان مەدە.ئێمە هەرچیمان بوو لەڕێی تۆدا لەدەسمان دا.سەیری هونەری عەشق بکە و مەیگۆڕەوە{ناڵەی جودایی هێمن}.

٨ – با کلاڤە بۆ ئاخر لە وانم

خاك پای حەزرەت پیری موغانم

باکلاڤە بێت ئاخر منیش لەوانم (کڕیارەکانی کڕینی دانەی دیار لە بازاڕی جیلوەی دڵداردا) خاکی پێ ی حەزرەتی پیری موغانم.

کلاڤە، خەرەك... یان شێویا و ئاڵۆزکاو... کە دەسمایەی ئەمی عاشقە لە بەیتەکەدا خواستن هەیە. پیری موغان لە اصطلاحی تەصەوف دا مانای مرۆڤی کامڵ ڕابەری ڕۆحانی دێت.

۹ – چون دەف بەرگ پۆس ئیرادەت پۆشم

غولآم بەردەس.حەڵقە نەگوشم

خودی مەولەوی لە دەف دەچێت لەوەی دەف بەخواستی دەف ژەنی پێستی بۆ کراوە بەبەرگ و لە خزمەتی لێ دەردایە. ئەمیش بەویست و ئیرادەی یار بەرگی پێستی وە بەرکراوە.. کە هەم دەف ئەڵقە لە گوێ یە بۆ لێدان و هەم ئەمیش غولآم و بەندەی یارە.بۆزکر کە دیارە واتای دروست (حەڵقە نەگۆش) ئەڵقەکانی دایرەی دەفەو مانای خوازەی گوێ ڕایەڵیە.

وەکو دەف پێستی خۆشەویستیم بۆ ئەو لەبەر کردووە و ئەڵقەی بەندەگیم کردووەتە گوێم.(دیوان).

مەولەوی زۆر جوان ئیرادەی (خودا)ی تەوزیف کردووە لە (دەستێکی ساقی دا) جوانیش بەندەگی خۆی و جوڵەکانی بەستووەتەوە بە ئیرادەی ئەوەوە. گیان بە ئەڵقەکانی دەفەوە.

۱۰ – خۆم ئاسا خەیلێن وەتەن مەیخانەم

چوون پیاڵەی واق شیشەی پەیمانەم

شیشەی دڵم وەکو پیاڵەی خاڵی وایە و هیچی تیا نیە.{دیوان ل٤٨}

دوورلە تێگەشتنمان لەو هاوگریەی وشەکانی ئەو وێنەیە دروستیان کردووە لە ستاتیکای وێنەکە ناگەین و وێنەکە لەو پەڕی خوماری دایە. بۆیە ئێمە هەوڵ ئەدەین تێگەشتنی خۆمان لەو پەیمانە یە بدەین.

من چوون کوپەی مەی کە دەمێکە نیشتمانی مەیخانەیە.. یانی کوپەی مەی چۆن مەیخانە نیشتمانیەتی منیش وەك ئەو( مەیخانەیە) وەتەنم... ئەمە لێکچوونێك لە ڕێگەی جێناوی کەسی یەکەمەوە کە خودی مەولەویە لە کوپەی مەی دەچێت لەوەدا کە هەردوو خەڵکی مەیخانەن.

لەنیوە بەیتی دووەمدا دیسان خۆی دەچوێنێ بە پیاڵەی واق.. هاولاتی بونێ دێنێتە ئارا لە نیشتمانی (مەیخانەدا) شووشە و پەیمانە و کوپە و پیاڵە و.. واق... هتد. وەك پیاڵەی خاڵی شووشەی پەیمانەم.. دانی پێك بە پێوان لە شووشەوە و بۆ پیاڵە (پەیمانە). خۆی بە شیشەی پەیمانە دەچوێنێ ئەمجا دیسان ئەمیش وەك پیاڵە واق دەکات دەبێ لە (واق)دا بۆ خەیاڵیش بچین... پیاڵە کاتێ پڕ دەبێت و دەسیتێنرێ (پیاڵە)کە خەڵك واق و خەیاڵی و مەست دەکات، کەچی ئێستە خۆی (خاڵی یە) یان (مەستە) و هیچی نەهێشتوەتەوە.. (من خۆم شیشەی پەیمانەم و چون پیاڵە واقم) چرِی وێنەکە مەیلی ئێمە بەم لاو بەو لادا دەبات و جادومان لێ دەکات دەبێت، لە( خوم ئاسا) (واقی پیاڵە)دا..و لەو فرِکردنەی کە پیاڵە خاڵی دەکات.. بۆ خوماری بچین. مانا عرفانی یەکانی بەو جۆرەیە.:

من کە هەردەم گۆشەی مەیخانە (خانەقا)م گرتوە و خەڵکی ئەوێم.. کەچی جامی بادەم نەسەندوە و شیشەی پەیمانەم (خاڵی یە) دڵ وە ڕەشحە و عارەقی خۆشەویستی تەڕ و پڕ نەبووە. هەروەها دەکرێ ئەم وەك پیاڵە واقی شووشە بێت کە پەیمانە دەدات..کە ئەوەش دەمانباتەوە بۆ ئەو سەرنجەی کە مەولەوی هەردەم چاوەڕێ ی پیر و دەستی دەلیل و دۆستە لە دان و سان ی کوپە و پیاڵە دا پرۆسەی بادە گێڕی و بادەنۆشی بەردەوام دەکات جۆش و خرۆش بە پیاڵە دەدات، گەر پڕ کرێت. بە وەش تەڕی بە دڵ دەبەخشێ و بە جۆش ئاوەدانی دەکاتەوە. کە سەرچاوەی ئاوەدانی عرفانی یە پیرەمێرد بەم جۆرە وێنەکەی گواستوەتەوە.

کوپەی شەرابم وەتەن مەیخانەم      وەك بادە واقی شووشەی پەیمانەم

هەر ئەمەشە کە مەحوی دڵی بێ جۆش بە شووشەی بەتاڵ ناو دەبات.

١ – ئازیز تەن وە نێش زامانت خەستەن

مەینەت پای ئامام وە زنجیر بەستەن

ئازیز تەن (لاشە) وە ئیشی زامانت نەخۆشە، مەینەت پێ ی هاتنمی بەزنجیر بەستووە.

دارشتەی ئەم وێنەیە لە رێی زاراوەی مەعنەویەوەو بەرقەراری مانا بەسەر مفرەداتی مادی دا لە شوێنی تری دیوانەکەدا سەری هەڵداوەتەوە بەتایبەتی ئەم وێنەیە لە شیعری (٩) پێی (ت)دا وا هاتووە:-

تەن وە نێش دەرد زامەتان خەستەن

فەلەك پای ئامام وە زنجیر بەستەن

کەرەنگە حاڵ و وەزعی خوڵقاندنی ئەم وێنەیە وەسوەسەی شاعر و خەیاڵ بڵاوی بێت، لە سازانی وێنەدا و دواتر ستارەگرتن لەسەر دوایین شکڵی وێنەکە، بەڵام دەستاو دەستی پێ کرابێت بەهەردوو شێواز یان چەند جار دەرکەوێتەوە.. لای عاشقانی بەیاز و دەسنوسەکانی سەردەمی خۆی.. وە دەشێ هەندێ حاڵەت لای مەولەوی کاریگەر و تکراری بن بۆیە چەندین وێنەی نزیك لەیەکی بۆ ئەو حاڵەتە دروست کردووە لە شوێنی تر تەرکیببەکان بە وشەیەکی مەعنەوی وشەیەکی مادی دروست دەکات.

زنجیری مەینەت پای گورێز بەستەن

کە ئەمە جوانترین هونەری گیانی لای ئەو دروست کردووە و هەر بەو هونەرەش گرەوی شاعر بوونی لوتکەی بردووەتەوە.

٢ – قاصدێچ واچوون پەی سەفەر خاسەن

رەوان بۆ تێز رەو هەرس و هەناسەن

پەیکێ بڵێم کە بۆسەفەر باش بێت، جوان بڕوات و تیژ بێ (ڕەوان نەوەستاو) هەر فرمێسك و هەناسەن.. جوانی ئەم بەیتە بە تەنها بەم ڕاڤەیە داناکەوێت و شەڕی جوانی و ستاتیکا لە بەیتەکەی دواتری دا دەردەکەوێت بۆیە دەبێت لەسەر وشەی (ڕەوان) بوەستین کە کلیلی جوانی هەردوو بەیتەکەی لە مشتایە. ئەم بەیتە لە ڕێی هونەری (لف ونشر)(پێچان وکردنەوەی ڕێك)ەوە داڕێژراوە.

ڕەوان: فرمێسکی ڕەوان ،تێز هەناسەی خێرا. کە خودی( هەناسەیەك) ئیدیۆمە و کنایەیە لە (گورجی).

دەبێت ڕەوان بە بەردەوام لێك بدەینەوە و بیکەین بەگژ فرمێسکدا بەمەش دەبێت( مەولەوی هەردەم دیدە تەڕ و فرمێسك لە چاو..)بێت لە بەیتی دواتردا هێندەی تر هونەرەکەخەستتر دەکاتەوە. وە دەبێ خێرا و تیژی هەناسەش بە هەناسە سواری و تەنگە نەفەسی لێك بەینەوە تا هەست بە هەناسە چنی و کۆتایی نەفەس بکەین لە بەیتی دا هاتوودا.

٣ – هێز پای ڕەفت و ئاماشان نیەن

ئەو سەرچەمەش وشك، ئێد کۆتا بی یەن

فرمێسك و هەناسەی بەیتی پێشوو، کە بە ئاما بووم بە پەیك بیاننێرم.. سەرچاوەی یەکەمیان.. وشك بووە دووەمیش کە هەناسەیە چنراوە و بڕاوە هەرس و هەناسە جارێکی تر بەلەف و نەشردا چون و لەم بەیتەدا کردنەوەی تریان بۆ کراوە وشکی بۆ هەرس و کۆتا بۆ هەناسە. لەوێنەکەشدا ئەم دژانە هەن هات و چوو ڕەفت و ئاما، بیەن ونیەن.

٤ – سا تۆ بۆ وە ڕەغم بەخت بەرگەشتەم

جا گێرنە دیدەی وە هوناو ڕەشتەم

سا تۆ وەرە لە ڕقی بەختی وەرگەڕاوم (سەرنگونم) خۆت لە دیدەی بەخوێن ڕێژراو دانیشە. لە دیوانەکەش هەر بەم جۆرە ڕاڤە کراوە، بەڵام کەمێ تر لەسەر ئەم بەیتە دەڕۆین.

بەخت بەرگەشتم، بەختی وەرگەڕاو (سەرنگون) واتە من بەختم ملی نەشکایە هەڵبەت یەکێ لە پەیکەکانم دەگەشتنە لات و نەدەگەڕانەوە یان فرمێسك وشكی نەدەكرد و هەناسە كورت نەدەبووم، دەبێت سەرنج لەوەش بدرێت كە تەی كردنی ڕێگەی عرفان و گەیشتن فرمێسكی زۆر و سەرچاوەی وشك نەبوو پشوو درێژی دەوێت(ئەی یارمن كە پەیكەكانم یان خۆم.ناگەینە لات خۆت وەرە)وەرە ناو دیدەی بەخوێن ڕەشتووم (دیدەی و هوناو ڕەشتە) گوزارەیەكی كلاسیكیە نازانم مەولەوی زێباشوناس چۆن ئازیزی لەوێ داناوە. ڕەنگە لە داهاتوودا داڕشتەی ئەم وێنەیە ساغ كرێتەوە.

٥ – با ساتێ ڕەقیب دووریت بكێشۆ

شەوێ وێنەی من وە ڕۆوە نیشۆ

با ساتێكیش ڕەقیب (بەدكار) دووریت بكێشێ.. دەردی دووری تۆ بكێشێ و شەوێك وەكو من دانیشێ تا ڕۆژ (وەڕۆوە نیشۆ) واتە وەك من لە دووری تۆدا شەو تێ پەڕێنێ و تەكی بدا بە ڕۆژەوە.. واتە ئەمشەو وەرەوە نێو چاوم باشەوێ ڕەقیب لە دووری تۆدا ڕۆژ بكاتەوە.

جوانكاریەكی ورد لە هەناوی بەیتەكەدایە كە مەولەوی وەك ستراتیژێ لە زمانی داڕشتەی وێنەدا زۆرجار پەیڕەوی دەكات، هەردەم زۆر موتەوازعانە و لێ بوردانە... كەمجار خەمی خۆیەتی.. لێرەش دەردی دووری ئازیز خۆی دەزانێ چەند ئەستەم و گرانە تەنانەت ( ساتێ شەوێ) دەخوازێ بە نسیبی ڕەقیبی بەدكاریش بێ لە دیوانەكەدا (وەڕۆوە) هەڵە لێكدراوەتەوە و بەوجۆرە ناگەینە ڕاڤەی بەیتەكە{دیوان ل٥٠} ، ئەم لێكچوونەش دا هێنەرانەیە (ڕەقیب وەك مەولەوی) لە ڕۆژ كردنەوەی بێ یاریدا.

٦ – وەر نە، سا چونكە ئاسانەت دوورەن

ڕا نمەزانوو، بەڵەد زەروورەن

وە گەرنا (نەرێ كردنە بۆ بەیتی پێشوو.. یانی گەرنائیت، یان ئەگەر نا سا، چونكە مەنزڵت دوورە، و ڕێی نازانم و بەڵەدیش پێویستە (نا بەڵەدم و...هتد).

مـەنزڵی دووری یـار ئێمـەی خـستوەتە خـەمی نەگەیـشتن لـەم ڕوانگەیەوەیـە دواجارعارفەکان چەمکی(مردن)جوان وێنـە دەکـەن چون بـەخێراترین پـەیکی بەڵەدی گەشتنەوەی لای یاری دەزانن. چوون بە باش یان بە خراپ ئێمە سەفەر بۆ لای یار دەکەینەوە.

٧ — دڵ وە لاتەوەن ئامان صەد ئامان

ئاموٚشوٚش کەردەن فرە جار ئامان

دڵ لەلاتە (دڵم لای خۆتەوە هاتووە صەد دەخیل( ئامانی یەکەم و ئامانی دووەم دەخیلن) (دەخیل صەد دەخیل) بێت. ئامانی سێیەم هاتوە

لە (فرەجار ئاماندا) زۆر جار هاتووە دا (دڵە ڕاوکێی دڵمان بۆ دەردەخات لای خودی مەولەوی و ئازیزی مەولەوی) واتە دێتەوە لای خۆم ئارام ناگرێت لە دووری تۆ، بۆ مانەوەش لای تۆ بیانوو دەگرێت لەمن. کە لە بەیتی دواتردا ڕوون تر دێتە پێش.

٨ — چون وە تام زام دووری سەرشارەن

ویانە مارۆ بەدەن بێزارەن

لە بەڵەدەکانم تەنها دڵە کە بە نێوانی من و تۆ شارەزایە. ئێستا چوون لە خۆشی شەوقی ئەو زامانەی دووری تۆ کردونیەتە دڵی من سەرشارە واتە کە لە من دوورە و من زامدارم ئەو مەست و سەرشارە.. بیانوو دێنێتەوە و لە جەستەی من بێزارە و لای تۆ ئاسوودەیە. جۆرێ لە دژیەکی لە نێوان سەرشار و بێزاردا هەیە. دڵ کاتێ لای تۆ دەبێت. بە تامی زامی لە من دووری، شادە، بۆیە حەزی لە لای تۆیە و بیانوو دەگرێ و نایەتە وە لام... منیش خۆم حەزم لە هاتنی لای تۆیە و ڕێی دەرناکەم.بە بێ دڵ (خۆشەویستی،ئیمان،مەیل لە دڵان و پەنهانن بۆ ڕاستی و دروستیشیان خوا دەزانێ بۆیە چاکترین ئاوێنەیێ بۆ پیشان دان و پێوانی کردەوەکان دڵە.

٩ — هیچ مەوەر وە تەنگ و یانەشەوە

پەرێ بەڵەدیم بکیانەشەوە

بەتەنگ بیانووەکانی دڵمەوە مەبە، کە نایەوێت بێتەوە لام بۆ بەڵەدیم بینێـرەوە، واتە هەر ئەو شارەزای ئاستانەی تۆیە و تەنها بەڵەد ئەوە بەدەسمەوە بینێرەوە با دەسم بگرێت و بمگەیەنێتە ئاستانەت.

کاك حکیم لە کتێبەکەی دا دەڵێ: ئەم شیعرە بەم بەیتە کۆتایی دێ:

دڵ وە تەنگ ئامان هانا هام فەردان

بەیان وە سەرمەشق گردین هامدەردان

## شیعری سیازدەیەم

١- ئەی گرد موجودێ جە تۆ گرت مایە

مەوجوود هەر تۆنی ماسیوا سایە

ئەی هەرچی بوویە لە تۆ وە سەرچاوەی گرتووە (مایە) ماکی هەرچی مەوجوداتە لە تۆیە (بوو) هەر تۆیت و بێجگە تۆ (ماسیوا) سایەیە. مەوجوداتی تر هەرچی هەیە.. بە بوونی تۆوەیە، تۆنەبیت هیچی تر نیەسێبەرەکان بەلگەی مومکنی بوونی خوان..هەرچیهەیە لە ناو دەچێت بێجگە لەو دیمە هێژاو بە هێزە. { كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ ، وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ }.

درکە لە بەیتەکەدا هەیە، لەمایەدا واتای ئەندازە و بنیاتی هەر شتێکیش دێت بەخەیاڵدا (بنیاتی بوونی هەرشتێ لە تۆوەیە).مامۆستا حەکیمی مەلا ساڵح پێی وایە مەولەوی تەنیا ئەم شیعرەی هەیە بە فەلسەفەی ئیسلامیانە.ئیتر شیعرە سۆفیگەریەکانی تری بە فەلسەفەی عرفانی شەرقیە کە بناغەکەی (وحدالوجوود)ە. گەر لە (ئیسلامی)ناوبردنەکە مەبەستی ڕواڵەتی دین و باڵی شەریعەت بێت. ئەوا ئەم شیعرەش دارای سەرجەم دیدو تێڕوانینەکانە بۆ خوا و و داهێنانی خیلقەت. وە من بەلامەوە درووستە ئەوەیە کە دیدی عرفانی مرۆڤ بە تەنها ئاینێکەوە نەبەستینەوە.(یانی نەڵێین عرفانی ئیسلامی، عرفانی مەسیحی...هتد) چوونکە ڕێبوارانی عرفان دواجار دەچنەوە هەرزەلی ئادەم و هەموویان یەك دەگرنەوە.

عزیزا هردوو عالم سایە تست بهشت و دوزخ ازپیرایە تست (عطار)

٢ - پەنهان بی تەنها وەحدەت مەوج وەرد

پەی شناسایی ڤهورێومت کەرد

پەنهان بوویت (نادیار و نائاشکرا) و تەنیا، بە تەنها بوونت (یەکی بوونی خودا) شەپۆلی دا و بۆ ناساندنت (پەرستنت) دەرکەوتنێکت کرد.

یەکبوونی خودا و پەنهانی بوونی و تاکی یەتی... کە (مەوج وەرد) شەپۆل دانی سفەتەکانە بۆ پێ داگرتنی بڕوا بە (خودای تاك و تەنها).

د. ئەنوەر لە کتێبەکەی دا چوار بەیتی ئەوەڵی ئەم شیعرەی بۆ چەمکی (یەکیەتی بوون) و بیروڕای سۆفیزمی ڕۆژهەڵات بەرامبەر ئەو دیاردەیە و مشت و مڕو بەڵگەکان لە فەرمووده و ئایەت. کە دەڵێ لەم غەزەلەدا ئاماژەی (قد کنت کنزا) تێدایە کە جیلوە و جوانی ڕواڵەتی سیفاتی یەزدانی لە گەردووندا بلاوە{لیریکا ل٢٤٢-٢٤٤}

ئەم غەزەلە تێگەشتنێك دەکاتەوە بۆ دەرکەوتنی خودا یان سیفاتی کە ئەوەندەی من بزانم خوێندەوارەکانی یارسان لە ژێر بڕوا بوونی (دوونـاو دوون) دا بەڕێز و حورمەتەوە سەیری ئەم شیعرە و چەند کەلامێکی تری مەولەوی دەکەن.

هەروەها دەبێ لە (ضهورێوەت کەرد) بیرمان بەلای عەکسی پرتەوی خۆی دا ببات کە -طور-ی سوتاند...

محمد ئەمین ئەردەلانیش لەڕاڤەی دا نووسیویەتی (وەحدەتت) شەپۆلی دا و بوون و بوونەوەرت دروست کرد. کەواتە تۆ مەوجودی ڕاستەقینەیت و نەسەرەتاتت هەیە و نەکۆتایی{مەولەوی سۆرانی ئەردەلانی ل٤٠}.

خوێندنەوەی مەولەوی لەم بەیتەدا هەم شاعرانە و سۆفیانەیە هەم فەقیهانە و بەڵگانەیە (مانەوەی خوا لە پەنهایی و تاکیەتی)دا مانایەك بۆ پەرستن و دەسەلاَت و خوایەتی خوا نەدەما... دەرکەوتنی بوومتە هۆی.. خواناسی و دەسەلاَتی خودا و جوانیەکانی خەلق و.. هتد دەکاتە بەلگەی بوونی ئەزەلیانەی خودا و داهێنانی داهێنراوەکان کە تەنها ئەم تاکە بەلگەیە کە (لە مومکنیەت دا)یە، بەسە بۆ ڕاستەقینەی خودا.

٣ – بەوێت، جەی عالَەم بێ بەقای ناسووت

ئەی وەی گرد جیلوەی وەرین نەشناسوت

به خۆت یان (بۆخۆت) كه دەبەسترێتەوە به (ضهورێودت كەرد بەوێت) واته بۆ خۆت دەركەوتنێكت كرد یان خۆت لەم دنیای بێ بەقای یەی مرۆڤدا خۆت دەرخست( ناسوت سروشتی ئادەمی یان دنیای فەوتاوی تەن) كه دیاره نامێنێت و لەناو دەچێت گەرمن بەهەموو جیلوەكانی پێشوو نەتناسم. لێرەدا پرسیار بەرامبەر بەیتەكانی پێشوو سەرهەڵدەدات.

١) كەواته ڕاڤەكەی ئەردەلانی كه ضهورێودت كەرد له ئەنجامی (وەحدەتت مەوج وەرد) به خولقاندنی بوون وبوونەوەر له جێگەی خۆیدا نابێت، چونكه دژی بڕواكەی مەولەوی دەبێتەوه كه (گرد جیلوەی وەرین)ە.

٢) دەبێت دەركەوتنەكە بۆ مرۆڤ بێت و ڕەنگە پەیوەندی به چیرۆكی موساوه هەبێت كه دیاره (جیلوەكانی خوا له دنیای ناسوتا پێش مووساش هەبوون).

٣) یان بەڵگەكانی بونی خوا له سروشت و خودی ئینسانا دیاره بەڵگەی زۆرن مەولەوی سەفیری ئامادەی قۆناغەكانی بیركردنەوەی مرۆیە له پرسەكانی خوای تاكو تەنیا.. بۆیە (یارسانەكان) ئەم دەقە وەردەگرن و له نێوان (گردین و جارێكدا) بڕوای خۆیان به دەركەوتنی جیلوەی خودایی له تەنی مرۆدا ئاراسته دەكەن.

٤– بەصەد جیلوەی تەر بێ چوون و چەنی

شناسایی تۆم نمە بۆ هەنی

بەصەد دەركەوتەی تر (یان بەڵگەی تر)ی بێ قەیدو شەرت (بێ مجادله) ناتناسم كه هەیت. مامۆستای مدرس بێ چوون چەنی، وەك سیفەتێ بۆ خودا ڕاڤەكردووه كه دەشێ واش بێت (خودای بێ چوونیەتی و چەندیەتی). بەلام من لام وایه (چەنوچون)واته مناقەشه و له سەر ڕۆشتن بێت.

وه دەكرێ له نێوان (صەد جیلوه، چەند و چوون، ناسین، بوون و نەبوونی)دا بیرمان بۆ نیگا (وەحی) بچێت كه چەندین پێغەمبەر هاتوون تەنها بۆ بەڵگە هێنانەوه لەسەر ناسینی خودا و بڕێكیان له ئەنجامی چەند و چوونی مرۆڤدا لەگەڵیان موعجزه پێ دراون بۆ بەڵگەی بنبڕ.. وه ڕەنگە ئەم شیعرەی له دەرئەنجامی چەند و چوونێكی

هزری و ئەندیشە یی دا لە دایك بوو بێت ئیتر چ لە نێوان مەولەوی و کەسی دوەمدا بێت، یان مەولەوی وخودی خۆی.. یان هەر زکر کردنێکی خودە بۆ خودا، چونکە ناسینی زاتی خودا جەوهەر و نورێکە، بەندەی بێ هێز ئەو توانایەی نیە کە ئەو جەوهەرە بناسێت و خۆی لەبەرتیشکی بەهێزی ئەو نورەدا ڕاگرێ{دەقەکانی ئەدەبی کوردی علادبن سجادی ١٩٧٨ ل١٠٣}.

٥ – سەر وەشم بەی وەصف جەمالیتەوە

بازهەم بەی جیلوەی جەلالیتەوە

ماموستای مدرس دەفەرموێ سیفاتی خوا دوو جۆرن سیفاتی (جەمال و جەلال)ی. سیفاتە جەمالی یەکان دیارە جوانی و زەریفی و... اجابیاتەکانن –سیفاتی جەلالیش توانست و شکۆ و عەزەمەتەکانن.

ماموستای بەهەشتی مەلا عبدالکریم مدرس ڕاڤەی (٥، ٦، ٧ ) بەسەریەکەوە کردووە کە ماموستای ئەردەلانیش لە پەراوێزی وەرگێڕانەکەی دا نزیك لەو ڕاڤەیەی مدرس ڕاڤەی کردووەتەوە. کاتێ کە تۆ خۆتم بۆ دەربخەی بە نیشانەکانی صفاتی جەمال و جەلالیت من لە خۆشیا سەرخۆش ئەبم، جا ئەگەر دەوام بەو خۆ دەرخستنە بدەی زۆرم پێ خۆش ئەبێ، بەڵام ئەگەر بە عادەتی یارانی بێ باکو جوان و سەرمەست گوێم نەدەیتێ، ئەوە مەعنای وایە ئەتەوێ بمکوژی جا کەواتە فەرموو بسم الله ئەوە تیغی تۆ و ئەمە گەردنی کەچی من چی ئەکەی بیکە، دوو بەیتەکەی تری ئەم مانایە دەنووسین و پاشان چەند سەرنجێك دەدەینە بەیتەکان.

٦ – ئەرهەر بەو عادەت سەرووەش نیگاران

پەی فەنای یەکسەر خاگر پرخاران

٧– چارنی یەن جەدەس جیلوە نەکەردەن

بسم الله ئەو تیغ، ئێد کەچی گەردەن

گەر لە بڕوابوونەوە بە (چواربەیتی سەرەتا) سەیری ئەم سێ بەیتە بکەین دەبێ بڵێین: -

١ ) مەولەوی بە جیلوە وەرینەکان و ضهورەتێ، باوەڕ قایمی خۆی بە شناسایی دەردەخات ئیتر ناکرێ گەردن کەچی یەکەی لەناچاری دابێت لەدەستی جیلوە نەکردنی یارەوە.

٢ ) گەر جیلوە نەکردن عادەتی سەروەش نیگاران بێت و چەکی دەست بێت بۆ کوشتنی عاشقانی دڵ پڕ جەخار.. (وێنەکە دێتەوە دنیای ناسوتی مەجاز) چواندنەکە (لە حەقیقەتەوە بەرامبەر مەجاز) ڕادەگیرێت.

٣ ) (فەنای یەکسەر) لەناو بردنی دەم و دەست و نەجات بوون، نەك مانەوەی بە ئێش و ئازار، ڕەنگە ئەم حاڵەش لای مەولەوی مەرحەمەتی دۆست بێت، یان مادام ئەمجارە جیلوەت بۆ فەنای یەکسەرە (کۆتایی هێنان بە عالەمی ناسوت) ئەوە هاتنە ئارای جیلوەی بە دەوام و دنیای نەبڕاوە دێتە ئاراوە.. چارنی یە فەرموو ئەوە تیغ و ئەوە گەردن) وە دەکرێ هەڵوێستی ناعلاجی و تەسلیم بوونی مرۆڤ بێت بە مردن، حەز نەکردن بێت بەتێك چوونی دنیا... بۆیە دەسەڵات نی یە و مەگەر لەو دنیا ئەو شکات و عەرزەڵای خودا خۆی بکەیت.پێچان و کردنەوەکەی بەیتی (٦، ٧) کە سەروەش نیگاران تیغ بگرنە دەست و خاطر پڕ خاران گەردن کەچ کەن) لە ناچاری دا لە دەست دەست نەگەشتن بە خودا لەم دنیادا و فریاد لای زاتی خودا لەو دنیا ئەمانخاتە بەردەم بیرە وردەکانی خانای قوبادی لە بەندەکانی جەبر و ئیختیاردا، وە زۆر بەڕونی کاریگەریان لە سەر ئەم حاڵەی مەولەوی هەیە لەو چرکەساتەدا. کە کورتەی ئەندێشە و بیرکردنەوەکە ئەمەیە (ڕاو بووچون بە نێو فەلسەفەی ئیسلامی دا سەبارەت بەجەبر و ئیختیار هاتە ئاراوە لە نێو (جەبریەکان و موعتەزیلەکان و ئەشعەری و ماتوریدیەکان) لەوەی کە ئایا:

بنیادەم بکەری کاری خۆیەتی یان پێی ئەکرێ، یان نیمچە دەسەڵات دارە{گۆڤاری بەیان ژمارە ٣٠ساڵی ١٩٧٠ل٤٨} کە خانا (٧) بەندەکەی لەوتان و پۆیە چنیوە و لە کۆتایی هەموویاندا ئەم دێرە هەیە:-

وەرنە بە زاتت جە لای زات تۆ

مکەروو ڕووی حەشر من شکات تۆ

کە کۆتایی ئەم شیعرەی مەولەوی لە سێبەریا دانیشتووە

وا وەیلام بێ حەد زاریم بێ شۆمەن

جە لای تۆ فەریاد جە دەس تۆمەن

٤) مەولەوی پێشتر پێمان دەڵێ (سەروەشی وەسفی جەماڵی و هەم وەسفی جەلالیشە) سیفەتەکانی (ئەرێنی و نەرێنی) کەواتە چارنیەن.. دەبێت لە حاڵی ڕەزامەندیدا ببینین.... ئەم شیعرە خۆی لەگەڵ خۆی دا لەو نقاشە بەردەوامە دایە (نێرە و نەوێ، یاری حەقانی و یاری مەجازی دنیای مادی و (ناسوت) دنیای ڕۆحی).. هتد. وە لە هیچ حاڵەتێکدا شوێنێ تربۆ داد نی یە و هەڵوێستە سلبییەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤیش لە خودا، لە خۆیاندا بەڵگەی بەهێزن لەسەر بوونی خودا و حەقیقەتی دروست کردنی کەون و کائنات و کۆتایی هاتنی.واتە ئە نجامی هە موو بیرکردنەوەیەکی (حەقیقی)دەمانگەیێنێتە (تەسلیم بوون).

وە وێنەو سێبەری حەزرەتی ئیبراهیم لە تەنی ئەم شیعردا دەرکەوتوەتەوە. کە سەروەش و قبوڵ کەری سیفاتی جەمالی و جەلالیە. گەربەخشینی ئیسماعیل و شادی ئیبراهیم جەمالیەکان بن. ئەوە داواکردنی سەر بڕینی کە هەر کاری خوایە دەبنە سیفەتی جەلالی. وە هەردوکیان لای یار پەرست و حەق پەرستان وەك یەك پەسەندن. یانی دەبێت پەسەند بن.وە دەڵێن ئەو تاقی کردنەوەی ئیبراهیم لەوەوە بووە کە خەریك بووە خۆشەویستی بۆ ئیسماعیل بباتە ئاستی خۆشەویستی خواوە بۆیە خوای گەورە دەیخاتە بەر ئەزموونی بسم الله و تیغەوە، یەعقوبیش ئەو عەزابی فراقەی یوسف لەوەوە دەچێژێت کە خۆشەویستیەکەی بۆ یوسف ململانێی خۆشەویستیەکەی بۆ خوا دەکات بۆیە لەوە ئاگادار دەکرێتەوە کە دەبێت مەیل و تاسە بۆ یوسف بکاتە فیدای یاری تاقانە.

٨ – یاگێو تەرنی یەن داد وێم کەروون

جە دەس تۆ بێداد وە لای کێ بەروون

جێگەیەکی تر نیە، هاواری خۆمی تیا بکەم (هاواری خۆم بکەم و شکاتی بۆ ببەم (دیوانەکەی) جێگایەکی کە نیە کە تیایدا سکالای خۆم بکەم و پەنای بەرمەلاو شکاتی تۆی لەلابکەم{مەولەوی سۆزانی تەردەلانی ل٤٣}

هەرچەندە لای شاعر و بیرمەندانی جیهانی ئیسلامی لەم جۆرە حالانەدا باس کردن لە ناچاری و نەبوونی شوێن و کەسی تر... (خالقی و تەنایی و بێ شەریکی )خوا دەردەخەن و تێکرا بەلگە مومکینەکانن لەسەر خودا، بەلام دەبێت ئێمە ڕاڤەکان لە بەردەم هۆشیاری و بیر و گومان و یاری یەکانی نێوان ( یەقین و گومان)و حالەتەکانی هەردەم (ئیمانی و شەیتانی) دا ڕابگرین. کە ئەمە سەراپای ئەندێشەی خەیام پێك دێنێت و لە ڕێی چوارینەکانیەوە دەگوازرێتەوە بۆ نێو ئەدەبیاتی جیهانی. بۆ ئەوەی بیرمان نەچێت مرۆڤ هەردەم لە حالەتەکانی (مرۆڤ) بووندایە و هیچ کات لە مرۆیی بوونی ناچێتە دەر، مەگەر چەند حالەتێکی ڕۆحی نەبێت کە ئەوانیش کاتین.دەبێت ئێمە زیاتر لە بەر وشەکانی (داد، بێ داد) شوێنی تر و گەڕان بۆ پەناو شکات بردن، (نەبونی هیچی تر و بوونی خودا) بوەستین.

یاگێوتەر نیەن ئاماژەی بێدەسەلاتی مرۆڤە بۆ گەیشتن بە شوێنی پەیدا کردنی دادڕەس و شك نەبردنی خوایەکی تر.. شایەتی دانە بە خوای بێ شەریك. کەسێ نیە هاوار و دادی ببرێتەلا. ئەم ئەندێشەیە زۆر جار لە بیرمەند و داناکان دەردەچێت و دێتە ئاستی نوکتەو زمانی میللیەوە.

دەڵێن کابرا وتبووی.ئاخ ئەگەر خوایەکی ترم شك دەبرد ئەوەندە بە کاوڕەوە ئەمدا بەلاتا...یانی ئەمە بڕوایە بە تاکی خواو بێ شەریکی.بۆیە دواجار مرۆڤ باوەڕ دەکات کە داد و و بێداد دەبرێتەوە لای خودا و ڕۆژی دوایی. و مەولەویش شکاتەکەی دەکات،

٩ – واوەیلام بێ حەد، زاریم بێ شومەن

جەلای تۆ فەریاد جەدەس تۆمەن

شین و زاری کردنم بێ سنوری کۆتایە، لەلای تۆ هاوار ئەکەم لە دەستی تۆ. واوەیلا... شین و ناڵەکردنە لە دەست جەور و ستەم کە (بێداد) هەڵگریەتی لە دەستی خۆت هاوار ئەبەمە لای خۆت (شکایەت لە خودا لای زاتی خودا) کە هیچ پەناو پەسیوێك و کەسێك نادۆزرێتەوە بێجگە لە خۆی.. ئێمەش گیرۆدەی دەردی خۆشەویستین، ئەو دەردەی مەعشوقەکان تووشی عاشقانیان کرد، دەبێ شکایەت لەلای خودی (ئافەریدەگار) بەرین کە تێکڕا ئەم دیاردەیە لای یار (دەرد و دەرمان) (ئاشکرا و پەنهان) (داد و بێ داد) (وەسڵ و هجران) دووری و نزیکی... هتد. کە لای حافظ و مەولانا و بابا طاهر و... وێنەی ئەماندا هەیە.

| دەقی بنەڕەتی شیعرەکەی بابا تاهیر | دەقی وەرگێڕراوی بەهەورام |
|---|---|
| نگارینا دل و جانم تو داری | دڵدار دڵ وگیان نا جە لای تۆوە |
| همە پیدا و پنهانم تو داری | ئاشکرا و پەنهان نا جەلای تۆوە |
| نمی دونم کە این درد از کە دارم | نە زانام ئەی دەرد کێ کەرد دوچارم |
| همین دونم کە درمانم تو داری | مەزانوو دەرمان نا جە لای تۆوە |

{دیوان بابا تاهر بە هەورامی. وەر گێر.باقی شەفیعی ١٣٨٤ ل ٥٤}



١ – ئای کێ بی هەواڵ لوای تۆ ئاوەرد

بەختش بەرگەشت بۆ، هۆشم وەحشی کەرد

ئای کێ بوو هەواڵی (ڕۆشتنی) مەرگی تۆی هێنا، بەختی وەرگەڕێ، هۆشمی دێوانە کرد. هۆشی لافڕاندم و وەحشی کرد.

٢ – مدیا ئەو شۆنت دڵ نە پەنهان دا

چون (اسم رحیم) وە شۆن ڕەحماندا

دڵ بەنهێنی و لە پەناوە ئەیڕوانی بە شوێنتا وەکو ناوی (ڕەحیم بە شوێن ڕەحماندا) کاتێ دەنووسرێت( بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَـــنِ الرَّحِيمِ ) مامۆستای مدرس نەزاکەتی جوانی وێنەکە لەوەدا دەبینێت کە مەولەوی (عبدالرحیم) و کەسی کۆچ کردوو (عبدالرحمن)ە. ئەمە ڕاستە، بەڵام بێجگە لەو جوانیەی کە لەڕێی تەشبیهە کەوە دروست بووە هێنانە پێش چاوی واژەکان لە بسم الله دا کە هاوگری و پێکەوە بەسران و پەیوەندی ڕەحمان و ڕەحیم دەردەخات، هەر ئەو تایبەتمەندیەی کە وشە زۆرجارلای مەولەوی (ڕۆح لە بەر) دەبێت و مرۆڤ هەرکاتێ (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَـــنِ الرَّحِيمِ) دەکات یان دەینووسێت ئەو دوو وشەیە دەبنە دوو مرۆڤی عاشق و مەعشوق.( دڵ نە پەنهاندا.).. هەڵگری گوزارەی زکرکردن و تێپەڕینی ناوەکانی خوایە دوور لە ڕیا و هات و هەرا.وێنەکە بێجگە لە تەشبیهو لەطافەت وخواستن تیلنیشانیشی تێدایە.

٣ – کۆترەکەی ئازاد حەریمی دڵ بیت

دانەی مۆبەت چین پەی وێت غافڵ بیت

تۆ کۆترێکی سەربەست بووی لە ئەرزی حەرامی دڵدا، کە کەسی تر ناتوانێ پێ ی تێ بنێ، بۆ خۆت چینەت دەکرد لەدانەی خۆشەویستیداوئاگات لە هیچ نەبوو{دیوان ل٥٨}.

د. ئەنوەر لە کتێبە بەنرخەکەیدا لە بابەتی لاواندنەوە و شین دا دەڵێ ئەم بابەتە لای مەولەوی دەچێتە چوارچێوەی لیریکای فەلسەفیەوە{لیریکا ی..ل١٤٨-١٦٦} .

گومانی تێدانیە کە مەولەوی لە شیعرە تایبەت و بۆنگەراکانیدا هەردەم چاوی لە یار بووە، موناسەبەکان تەنها کبریتی گڕگرتنی شیعریەتی مەولەوین و زۆر کەم تایبەتی یەت و تەقلیدیەت دەبینی. لە مەودایەکی گشتی و پرسیار و ڕامانە زۆرەکانی هەمووانەدا دەسوڕێنەوە. لە کاتی هەربۆنەیەکدا مەولەوی نووسیبێتی زۆر ئاگای لە شیعریەت بووە، لەو پەڕی خەیاڵەوە هاتووتە ناو پرۆسەکانی نووسین و ڕەوانبێژی زمان و دروست کردنی وێنەی شیعری. بازۆر بۆ بۆنەو مناسەبەی تایبەتیش نووسرابن کە لە ئێمە دوورن، بەڵام مەولەوی لە ڕێگەی ستراتیژی نووسینەوە کە (زمان و جادو کردنەکانی مانایە... بۆ چەمکەکان.). هەردەم ئێمە دەباتە ناو باخچە سحراویەکانی شیعری خۆی.

کۆتری ئازاد خواستنە، تۆ کۆتری ئازادی لە خاکی حەرام کراوی دڵی منا، دڵی من لە کەسی تر ناکرێتەوە تۆش لە ئامانی خاکی حەرامدای وەك (کەعبە)، دڵی مەولەویش بۆ خۆی دەبێتە کابەی خۆشەویستی یارانی. ئەبوایە پارێزراو بوایە کەس دەستی بە خاکی حەرام کراو نەگەشتایە و کۆتری ئازاد هەتایە خەریکی چینەی موحیبەت بوایە. کەچی صەیادی چەپگەرد فرسەت دێنێ لێی.دەسدرێژی کردنە سەرشوێنە پیرۆزەکان تاوانە و مەولەوی ناڕاستەوخۆ کوشتنی ناوبراو بە تاوان دەزانێ بەڵام تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی چەپگەردەوە ڕەنگە لە بەر ئەوە بوبێت کە بکوژەکە لە بنەماڵەی شێخان وخۆشەویستانی مەولەوی بووە.

٤ – صەیاد چەپگەرد ئاخر فرست سەند

ناکاو دور ئەنداز دووریت وە دڵ شەند

ڕاوکەری چەپ گەردی گەردون ئاخر فرسەتی هێنا و لەناکاو (لە دوورەوە وەشان-پێکان) دووریتی لە دڵ وەشاند.

(دووریت وە دڵ شەند) مامۆستا مدرس دەنووسێت تیری دوورخستنەوەی دا لە دڵت، بەڵام من لام وایە ستاتیکی تر لەو مانایە ئەوەیە ناکاو دورو ئەنداز (لە دوورە وە پێکرای)بێ.. ئەو مانایەش دەخاتە دڵمان بۆیە. دووریت وە دڵ شەند واتە:

که تۆی برد (کوشت) له ئێمەی کردی که له دڵمانا بوویت (تۆوی دوریتی وەشان به دڵماندا) که زەریفانه دەمانگێڕێتەوە بۆ دڵ له بەیتی پێشوودا که پڕ بوو له دانەی مۆبەت، بەڵام کۆترەکه کوژراو (دانەی دووری وەشێنرا بەدڵدا) صەیاد هێندەی تر تاوانبار کراوە له هەناوی بەیتی پێشوودا، چونکه کوشتنی له ئەرزی حەرامدا ئەنجام داوە.. بەڵام (دوور ئەنداز) جۆرێکە له پاکانه بەوەی (کوشتنەکه بێ ئەنقەست بووە و..).

٥ — هاڵای کزەی زام جگەر گۆشەی وێم

موو ئاسا و ئایر هەر پێچ مەدا پێم

هێشتا کزەی زامی جگەر گۆشەکەی خۆم (دەبێ پێش ئەم خۆی منالی مردبێ)وەك مو که ئاگری پیشان دەی، پێچ و لول کردووم.مووکاتێ ئاگری لێ نزیك کەیتەوە قرچە و کزە، قرچۆڵ و لوولی دەکات.هەرچەندە لێکچوونه که بەهۆی ووشەی (ئایر)ەوە ڕوونه.هەروەها موو یان مووە زامه به زۆری له سەرپەنجه دێت و ئازار و گڕ وە شانێکی بەسۆی هەیە. هەر لەم بارەوە حەمدی دەڵێ: (ڕەبی موی لێ بێت زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ)

وەك چۆن زامی موو له پەنجه هاتن و ئاگری ئازاری ئەو نەخۆشیە، مرۆڤ لول دەکات.زامی ڕۆڵە مردن بەو جۆرەیە (مەرگی کوڕەکەی خۆی و...) یان ئێشی مووە و ئاگر تێ بەربوون هەردووکیان لوولیان کردووم، چونکه (مەدا پێم) بۆ کۆیه نەیووتوە مدۆ پێم. من بۆیە بەوجۆرە ڕاڤەم کرد ڕاستەوخۆ به دوای ئەم بەیتەدا(ئێش زام سەخت)هاتووە. دەزانین ئێشی زامی مووەش سەخت و بەئازارە.

٦ — ئێش زام سەخت تۆیج ئاما پێش دا

هەر ئێشەن مدیەی کەفتەن وە ئێش دا

ئێشی زامی سەختی تویش هات پێی دا( به دڵی مەولەوی دا) وە هەر ئێشه دەبینی دەکەوێت بەسەر ئێش دا (دەرد وەبانی دەرد، ئێش وەبانی ئێش) فولکلۆرە له نێوان (پێش دا و ئێش دا) جیناس هەیە.

**٧ – وێت تەنیا ئەیاز مەحمود نەزانی**

**من شەیدا تەر بیم پەرێت پەنهانی**

خۆت تەنیا هەیاسی مەحمود نەزانی، ئیشارە بۆ محمود پاشا بە سولگان محمودی غەزنەوی و چواندنی حاجی مەحمود یاروەیس بە (هەیاسی) ژیر.. واتە تۆ تەنیا نیت هەیاسی ژیر.. من بۆت شێوا و شەیدا و لێوە تر بووم بە نهێنی (پێ ناخۆش بوونی مەولەوی بۆ کۆستەکە دوور لە ڕیا) لە خواستنی (ئەیاز)دا بۆ باوکی کوژراو ئاماژەی عاقڵی دەخوێنرێتەوە، مەولەوی وەك چۆن باوە دەیەوێت ئامۆژگاری و سەبووری محمود یاروەیس بداتەوە پێی بڵێ تۆ پیاوێکی ژیریت و دەبێت شان بەیتە بەر ئەم کۆستە و هەر تۆش نیت..هتد کە دوو بەیتی دواتر زیاتر ئەم ڕایە دەچەسپێنن.

**٨ – بەڵام  با جە تیر بەڵای قەزاوە**

**پاڵ دەیم وە قوللەی قەڵای ڕەزاوە**

بەڵام با لە دەستی تیری بەڵای قەزادا (شێلانەوەی بێژەی باوی (قەزاو بەلا بردن) خۆمان پاڵدەین بە قوللەی قەڵای ڕەزاوە.. واتە بەوەی ڕووی داوە (ئەو تیری بەڵای قەزایە کە پێکاینی).

تەنیا ڕازی بوون مایەی پاراستنی خۆمانە (ڕازی بە قەزای خوا) کاتێ ئێمە ڕازی بین و خۆمان بە قوللە و قەڵای ڕازی بوون قایم کردبێ، ئەوە تیرەکانی بەڵای قەزا کارمان لێ ناکات. چوون باوەڕ بە قەزاو قەدەر یەکێکە لە بنچینە پتەو و قایمەکانی دین و کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر بەهێزکردنی ڕۆح.

بەلای منەوە جوانترین و هونەری ترین بەیتی ئەم شیعرە ئەم بەیتە و بەیتی (سێ یەمن) بۆیە ناوهێنانی ئەیاز بۆ حاجی مەحمود یاروەیس گەر لە ژیری و وەرگرتنی ئامۆژگاریەکانی دوو بەیتی ئاخری شیعرەکە نەبێت (هونەری تیانی یە) کە ئەمەش پێچەوانەی سەلیقەی ئەدەبی مەولەوی و ستراتیژی نووسینی ئەوە، چون مەولەوی کاتێ (ناوێکی تایبەتی. شوێن یان کەس یان گیاندار و سروشت) بە کاردێنێ تەنیا بە وشکی و مانا تایبەتی یە ڕووتەکە داناکەوێ، بەڵکو دەیخاتە خزمەتی مانای نوێوە. {مەولەوی وتەقینەوەی زمان ل٣٩-٤٦}

٩ – تا بدۆ صەفای بێگانە و خوێشەن

هەر وەختێ بەرۆ باز ماڵ و وێشەن

تا بدات کەیف و خۆشی یە بۆ بێگانە و ئاشنا، هەروەختێ بیشیباتەوە هەم ماڵی خۆیەتی.

واتە تۆ هیچت نەبووە منالْ خوا پێ ی داوی. چۆن بوونی منال کەیفە لای هەموو کەس، کاتێ کە دەشمرێ ماڵی خوا خۆیەتی و تۆ دەسەلاتت نی یە. لە نێوان (بدۆ×بەرۆ، بێگانە ×خوێش )دا دژ یەك هەیە. کەواتە لای ئیماندارى ڕاستەقینە دەبێت جیاوازیەکانی (لە دایك بوون و مردن) کەم کرێنەوە.

ڕەنگە هەر ئەم دڵنەوایی کردن و ئامۆژگاری یەی مەولەوی بووبێت کە بوونەتە مایەی سەبووری و ڕازی بوونی حاجی مەحمودی یارەویسی باوکی.چوون لە شین کردنەکەیدا بۆ کوڕەکەی ئەمە هەست پێ دەکەین. بۆسەرنج چەند بەیتێ لەو شین نامەیە دەنووسین.کەخۆی ئاماژە بە شیعری مەولەوی دەکات و (٩) بەیت لە شیعری دڵ دیار نیەنی مەولەوی تێ هەڵکێشی شیعرەکەی دەکات و دەڵێت:

چەند فەرد مەعدووم دەروون جە وەیدا

marووم جە تەنخوای ناڵە وە نەیدا

دوای نۆ شیعرەکەی مەولەوی دەگاتە بە یتەکانی سەبووری و دەڵێت:

ڕۆلە نەواچی ئەو غەم پەروەردە

ئەڵبەت مەیلمان نە دڵ بەر کەردە

خەیر وەڵڵا تا گیان نەتۆی قەفەس بۆ

کەم کەم ئامۆشۆی ئامای نەفەس بۆ

حەیاتم وە مەیل باڵای تورکی تۆن

خەیالیج نە فیکر ئاماو ئامۆشۆن

سەنگی سەنگ و خاك نە سەر دۆشم بۆ

مەر ئەو سا مەیلت فەرامۆشم بۆ

ڕۆڵە چار نییەن کەردەی خودایە

گرد مەوجوداتێ فەناس، ئەو، مایە

وەر نە سا مەویا وە داخی تۆوە

سەر بنیام وە سەنگ سەرای گڵکۆوە

مالووم شك نی یەن مەڕ هوونەن ئوموور

پەرەی وەختی وێش تا وادەی دەستوور

پەی تەسکینی زام وەی چەند فەردەوە

ڕۆڵە فەنای تۆم تیکرار کەردەوە

دڵ پەی تاریخ وات وە دەم دەردەوە

وەی داخ حەیف دنیای وێران کەردەوە

{کەشکۆڵی حاجی مەحموودی یارویس.عوسمان محەممەد هەورامی ل٨٦-٨٨}

## شیعری پازدەیەم

١ – ئەی دڵ مزگانی ئاما کۆچ یار

شای شادی سەردا خەمان کەرد فیرار

ئـەی دڵ مژدانـەم بـدەرێ کۆچـی یارهـات، شـای شـادی (سـەردا- سـەردانەوە، گەڕانەوە،دەرکەوتنەوە) گەڕایەوە و خەمەکان هەڵهاتن.

لە رسالەی عیشقدا بە (دڵە مژدە بێت لێت). ڕاڤە کراوە،ئێمە بۆلێدوان لەم شیعرە و دروستکردنی مانای تر زیاتر پشت بەڕسالەی عیشق دەبەستین{رسالەی عیشق ل١١٥} و زیادەی خۆشمانی دەخەینە سەر. مەولەوی لەم بەیتەدا گەڕانەوەی یار، سەرهەڵدانی شادی و کەیفە و بۆ خۆی یار لە دڵ دا نیشتن زەمانی حوکمداری شای شادی و تەفرو تونا بوونی خەمەکان و لەشکری خەمباری یە، فەرمانڕەوایی کردنی (شادی و غـەم) لای مەولەوی چەند بارە بوەتەوە و دەسەڵاتی هەریەکەیان پەیوەستە بەباری دەروونی شاعر و مەیلی یارەوە. لە نێوان ئاما و فرار شادی و خەمدا دژ یەك هەیە و شای شادی خوازەیە بۆیار.

بێـژەی (مزگـانی)ڕەنگـە لـە سـەرەتاوە بەخشـشێکی ئیختیـاری بووبێـت بەرامبەرپێـدانی هـەواڵی خـۆش درا بێـت. بـۆ ئاوەدانکردنـەوەو دابینکردنـی پێداویـستیەکانی(هورمزگـا)ئـەم نەریتـەش تائێـستا بەردەوامـەو خێـرو بێـر دەدرێتـە مزگەوتـەکان خـودی ووشـەی مزگـەوتیش ڕیشەکەی (هرمزگـا)یـە بـە هـیچ شێوەیەك تەرجەمەی (مسجد)نیە. {گۆڤاری حەڵەبجە.ژ.١ ل١٢٧ لامشتێ ووشەی شیرین نووسینی بەندە بە ناوی م هەورامی کە بەداخەوە هەر ئەو ژمارەی ساڵی ٢٠٠٢ ی لێدەرچوو}

٢ – ها گەردو غوبار مەحمەڵ دیارەن

دەك لێلاوێت بۆ چۆنت قەرارەن

ئەوەتا تەپ و تۆزی کەژاوەی دیارە، دەك کوێراییت دابێت چۆن قەرار ئەگری. تەناسوبی نێوان (گەردو غوبار و مەحمەڵ) پایە و شکۆی (یار) شای شادی دەردەخات کە دەبێ چەندین عاشق هاوڕای بووبن.. دوور نیە ئەم شیعرەش لە گەڕانەوەی دۆستێکدا

نەبوو بێتە بیانووی نووسین. وە دەبێ ئەوەش بڵێین دوعای کوێربون لەچاو ئەهوەن ترو باشترە، چونکە دیتن لە دەست ئەدەی، کوێرایی دڵ خراپە، بەصیرەت ون دەکەی. ئەم بەیتە لۆمە کردنە لە نەچوون بەرەو پیری ئازیز. بۆیە دەبێت یارێکی پلەداری عرفانی بێت و دوورنیە شێخی بەهادین نەبێت.

٣ – چوون بەدەن جە تاو هیجران باڵاش

ئەصلاً هاز و هێز نەمەنەن جەلاش

چوون بەدەن (لاشەم) لە تاوی دووری باڵای لە ڕاستی دا (هازوهێز) تاقەت و زەوق و توانای نەماوە. لێرەدا بەدەن دەبێت بە لەش مانا کرێت، چونکە هازو هێز دەلالەتی نەتوانین و جووڵەی هەڵگرتووە... کە کەسێ لە ئیش دا تەمەڵ بێت پێ ی دەڵێن بێ لەش، هەروەها پێویستە بوترێت (هاز) واتە (زەوق.. پاڵنەری جووڵەی کەیف) لە فۆلکلۆردا هاتووە:

هەروەختێ بێنەم هازە گۆرانی　　　نە چۆڵم پێ هەن نە ئاوەدانی

مەولەوی لە دووری یاردا هەم بێ هێز و توانا بووە، هەم بێ کەیف و زەوق.

٤– فراقش بەو تەور تەوانا سەندەن

پا قوەی ڕەفتارجەلاش نەمەندەن

جیابوونەوەی بە جۆرێ توانای لێ سەندوم، پێ (قاچ) هێزی بزاوتنی (جووڵەی) لەلا نەماوە لە ڕسالەدا (پێ یەکان هێزی ڕێگە ڕۆینیان نەماوە) لەم مانایە وردتر ئەوەیە کە پێ لە خۆی دا قوەی بەکاربردن و جوڵەی نەماوە، چونکە نەك نەچون بەرەو پیری مەحمەڵی دۆست دەپۆشێت، بەڵکو دەڵێ لە جێ ی خۆیشی دا توانای هەستانەوەی نەبووە، ئەمەش کاریگەری فراق خەستتر دەکاتەوە کەسێ کە لەبەر کەسێکی ئازیز هەڵنەسێ... دوریەکەی ئەژنۆی شکاندووە و قاچی لە جوڵە خستووە بۆیە لە بەیتی دواتردا گیان دەنێرێتە پێشوازی.

٥ – فرسەتەن ئەرواح بشۆ وە پێشواز

پەردەی بینایی تۆ پەی پایەنداز

هەلێکە ئەی گیان (گیانەکان) برۆرە پێشوازی، دەبێت بوترێت هەڵ کەوتنی ئەم هەلە بۆگیان لە بێ قوەتی پێی بەیتی پێشوەوەیە، چونکە پێ نەشکایە (جزوەکانی تر) ئەم هەلەیان بۆ گیان نە دەرەخساند، بۆیە لێرەوە مەولەوی کە پێ شکاوی و قوەت لە دەست دانی بزاوتی خۆی پێ ڕاگەیاندین فەرمان بۆ بەشەکانی لەشی دەردەکات بکەونە خزمەتی پێ و قدومی یار.پەردەی بینایی تۆ بۆ ڕاخەری.. ناسکی تەرکیبەکە لەوەدایە کە بینایی پڕە لە دیمەنی جوان و گرتەی جوانی سروشت. پەردەی بینایی، ئەو هەمو جوانیانەی کە بینراون و خەزنن لەسەر ڕووی ڕادەخرێت.کاتێ دیدە کوێر بێت پەردەی بینایی دەبێتە پەردەی لێلایی لە شوێنی تر ئەم تەرکیبە هەیە. وە مادام لە بەیتی دوای ئەمەدا دیدە دەکاتە فەرشی بەرپێی ڕێگەی. بەمەش مەنزلی حەوانەی شای شادی (یار)دەبێتە کوێستانەکانی ناوچاوی

چوون مەولەوی ئازیزەکانی لە چاودا هەڵدەگرێت لەبەر فێنکی و تەڕی و سازگاری.لەبەر بەرزی شوێنی چاو لە چاو بەشەکانی تردا. بۆیە دەکرێت پەردەی بینایی سەرباری واجبی وەك (ڕاخەر – پایەنداز) پەردەداری تایبەتیش بێت لە چاودا، کە هەموو ئەم سحرانە لە ووشە ڕۆح لەبەرەکانی مەولەوی دا لە ئێمە دەکرێن.

٦ – دیدە فەرش بووزۆ وە سگح ڕێشدا

تاکە سەمەندش پا بنیۆ پێشدا

دیدە فەرش ڕاخات لەسەر ڕێی دا (دەکرێت فەرش=پەردەی بینایی بەیتی پێشتر) واتە پەردەی بینایی کە کرا بەڕاخەر (فەرش) لەم بەشەدا دیدە لە ڕێی یاردا ڕای خات تا ئەسپی یار (ئەسپی شا) پێی پیا بنێ (ئەسپی ئازیز کە ژاوەکەی بەسەرچاو).

٧ – عەینەین وە ئەسرین ئاو پاشی ڕاش کەر

نەك گەرد بنیشۆ وە گۆنای دڵبەر

چاوەکانم وە فرمێسك ئاو پرژێنی ڕێی کەن، نەوەکو تۆز (پەڵە) بنیشێ لە گۆنای دوڵبەر. وە ئەم وێنەیەش بەکەمێ جیاوازیەوە لای مەولەوی و دوای مەولەویش دووبارە دەبێتەوە

## ٨ – نەقدی گیان شاباش باڵای ئاڵاش کەر

## مۆژە بۆ جاروب گەردی پاڵاش کەر

پێشەکی و حازری (بەر لە هەموو شت –نقدی) گیان بدە لە شاباشی باڵای. شاباش (نەریتێکی کوردانە) برژانگ (موژە) بۆگسکی تۆزی نیشتوی پاڵای، برژانگ تۆش وەرە گسکی تۆزی پێڵاوەکەی. (بە برژانگ پاك کردنەوەی تۆزی پێڵاوەکانی) هەرچەندە ئەم بەیتە جۆرێ لە درێژەدان ئەدات بە شیعرەکە، بەڵام لە بڕوامان بە پشکنینەکەی کاك حەکیم گواستمانەوە، لە دیوانەکەدانیە{مەولەوی حکیم ل ٨٦} هەروەها شوێنەکەی لە بارە و لە هەناسەدانی ئەو شیعرەدا جێی دەبێتەوە بێجگە لە وەش ئێمە نەدەرفەتی گەڕان و پشکنینمان هەیە، وە نەبۆ خوێندنەوەی ئەو دەقانە خوێندەوارین، بۆیە لەم کتێبەماندا زیاتر لە (ستاتیکای وێنەکان و جادوی مانا) گەڕاوین ساغ کردنەوە و کۆکردنەوە و ڕاست کردنەوە دەبێت بە بەڵگە و پشت ئەستوری نوسخە و بەیازەکان بێت کە ئێمە لەو بوارەدا بێ سەوادین.

## ٩ – باشای خاڵ خاسان جەمین پەڕەی گوڵ

## وە ئەساسەوە یاو ۆ وە مەنزڵ

باشای خاڵ خاسان (خاوەن جوانی تایبەت) دەم و چاو وەك پەڕەی گوڵ، بەم تەدارەك و ڕێکخستنەوە (بەم تفاقەوە کە بۆم سازاند) بگاتە مەنزڵی (مەولەوی نعمەتەکانی دڵ و گیان و چاوی خۆی سازاند لەبەر پێی هاتنی دا.

## شیعری شازدەیەم

١ – ئیمشە و مەینەتان نە دەروون جەمەن

خێڵ خانەی کەیفم پڕ جە ماتەمەن

ئیمشەو لە دروونی مندا مەینەتەکان کۆبوونەتەوە، مەینەتی زۆری دەروون (مەینەتان، جەم) کۆن، خێڵخانەی کەیف پڕ لەماتەمە، خێڵخانە (خانەدانی،، ئامازە بە شوێنی قەرەباڵغ واتە لەبری ئەوەی خێڵخانەی کەیفی من پڕاو پڕ بێ لە زەوق و چێژ و خۆشی، جمەی دێ لە ماتەم و مەینەت.

٢ – دیارەن دووەی دووری زۆرکەردەن

سوپای خەم و هەم هجووم ئاوەردەن

دیارە دووکەڵی دووری هێزی داوەتە بەر خۆی (زۆر کەردەن) هێزی نواندووە.. و مانۆڕ دەکات، سوپای خەم و هەم (خەم و پەژارە و دڵتەنگی) شالاوی هێناوە.

٣ – شنۆی ئارەزووی وەصڵت ڤهور کەرد

لافاو مەینەت کۆگای شادی بەرد

شنۆی ئارەزووی وەسڵت (پێگەشتنت) پشتی لێ کردم (ظهورکەرد) شنۆی مەیلی پێگەشتنت ڕابورد، لافاوی مەینەت کۆگای شادی برد. ئەو شنۆ ناسکەی ئومێد و ئارەزووم کە بۆ لقات هەم بوو، ڕۆیی.

٤ – هوناو دەروون ڕیشەی گیان کەندەن

سەرمایەی تاقەت نە دەستم سەندەن

خوێناوی دەروون ڕیشەی گیانی کەندوە (ڕیشەکەن کردنی درەخت لە کاتی هەڵکێشاندا) سەرمایەی تاقەتی لە دەستم سەندووە (ئارامی و سەبر و بەخۆدا گرتن) کە بۆ خۆیان سەرمایەی بەنرخن لە دەستم چوون.

٥ – مەحاڵەن ئیمشەو گیان وە ڕۆ بەردەن

جارێوتەر تەواف ئاسانەت گەردەن

مەحاڵە ئیمشەو تابەیانی زیندوو بم (گیان ببەمە ڕۆژ، ڕۆژ بکەمەوە) وە جارێکی تر تەواف و زیارەتی دەرگانەکەت (ئاسانە) بکەم. شەو وە ڕۆ بەردەن لای مەولەوی هەندێ جار مەحاڵە و هەندێ جاریش بەهەزار حاڵە.

٦ – یاخوا سەبوری بە دڵ باوەری

خەزانەی ئارام پێم عەتاگەری

نزا و دوعاکردنی ئارامی و سەبووری لە خوا (خوایە سەبووری بە دڵ بێنی و لە خەزێنەی ئارامی بەشم بدەی. یان تەواوی ئارامیم بدەیتێ.

٧ – بەڵ وەڕۆ بەروون وە هەر حاڵ ئیمشەو

کە روون زیارەت دەرگانەکەی ئەو

داواکردنی سەبر و ئارامی بۆ ئەمشەوە دەڵێ، بەڵکو بەهەر حاڵ بووە ڕۆژم لێ بێتەوە و زیارەتی دەرگانەکەی بکەم.. ئەم دوو بەیتە لە شێوەی نزاو پاڕانەوە و گریمانە دا لە هەناوی بەیتەکانی پێشەوەزاون و جۆرێکی درێژەپێدانیان بە شیعرەکەداوە، هەرچەندە دوابەیتی شیعرەکە هونەری ترە، بەلام تێکڕا ئەم شیعرە لە وێنەی چڕی جوان و سەلیقە و نەریتی مەولەوی خاڵیە لە چاو شیعری تری دا، وە تەرکیبات و هونەرەکانی وێنە دروست کردن بەم شیعرەوە دیار نین و ئەو تەرکیبانەش کە هەن (دوەی دووری،لافاوی مەینەت، کۆگای شادی... جوان جێیان نەگرتووە، هەروەها ئەوانەی لەسەر مەولەویان نووسیوە لەم شیعرەدا نموونەیان نەخواستووە بۆ باسەکانیان و کەمتر لێی دواون، جەنابی مدرسیش ڕەنگە هەر لەو ڕوانەگەوە بێت کەمتر ڕاڤەی بۆ کردووە، وە ڕەنگە لە شیعرە سەرەتاییەکانی مەولەوی بێت و مەولەوی قاڵ نەبووبێت لە داڕشتەی وێنەی شیعری دا، بۆیە لەشوێنی تردا زۆر جوانتر ئەو تەرکیبانەی یان لەو جۆرەی جێ کردوەتەوە و سەرنجی خوێنەر دەبەن.

٨ – سەربنیەو وە خاك ئاسانەی دڵبەر

بەو ئارەزووی دڵ گیان بەرشۆ وە بەر

سەر بنێمە خاکی ئاسانەی دوڵبەر بە ئارەزووی دڵ گیانم دەرچێ واتە سەلبی سەرە مەرگی نەبم و دڵ بە ئارەزوو بگات کە تەوافی ئاسانەکەتەو ئیتر هیچ ئاواتێکی ترم نی یە.

١ – ئاماوە وەهار وەهاری شادی

بۆی عەتر نەسیم خونچەی ئازادی

هاتەوە بەهار بەهاری شادی، بۆنی عەتری نەسیمی خونچەی ئازادی. مەرج نیە ئەم بەهارە، بەهاری ساڵ بێت و ڕەنگە کینایە بێت لە (سەرکەوتنی قارەمانی لیریکاکە) بۆیە د. ئەنوەر لە کتێبەکەی دا دەنووسێت مەولەوی لە چەند غەزەلێکدا کە لە پەنجەی دەست کەمترن باسی شاد بوونی گەیشتن بە یاردەکات، بۆ نموونە لێرەدا شاعر یان پاڵەوانەکەی لەگەڵ سروشتدا ڕێکن و باری هەردوولا هاو ئاهەنگەییەکی تەبای تێدایە {لیریکای.ل١٠٩-١١٥} .

من پێم خۆشە نیگایەکی تر بە ئومێدی گردنەوەی پەنجەرەیەکی نوێتر لە سەر پەیوەندی مەولەوی و عەنبەر بگرمە ئەم شیعرە. کە لە درێژەی ڕاڤە کردنی دا سەرنجەکان دەخەینە ڕوو.

٢ – خێڵخانەی خەفەت باربەنیش کەردەن

مەینەت ڕوونیان وە ماوای مەردەن

کاروانی خەفەت بارگەو بنەی پێچاوەتەوە. وە مەینەتیش ڕووی لە ماوای مردن کردووە. مەینەت کۆچ دەکات بۆ نیشتمانی مردن... لە شوێنی تردا ئەم تەرکیبانە و مانای اجابی ئەم وێنەیە تەواو پێچەوانەیە و لە شوێنی خۆیاندا لێیان دەدوێین،( ها تنەوەی یاساکانی گەردون لەگەڵ ساتە وەختی نوسینی شیعرەکەدا)وای کردوە شاعرەکەمان شیعرەکەی لەسەر پەرگەمای (هاتنی بەهاری شادی) چنیوە.

٣ – خەم وێنەی کەمان قامەت خەم بیەن

هەوارگەی قەدیم نەدەسش شی یەن

خەم وەکوکەمان باڵای چەمیوە و هەوارگەی دێرینی لە دەست دەرچووە.

جوانی ئەم وێنەیە وەستاو نیە و هەردەم لە جوڵەدایە، سەرباری پیشاندانی ئەوپەڕی زەوقی شاعر و بالآنس بەرزی شادی پیشان دەدات، دەوڵەمەند و پڕیشە لە ڕاڤەدا و بەخشینی بۆ زهنی نێمە لەوپەڕی سەخاوەتدایە. لە وێنەکە لێکچوون و جیناسی تەواو هەن خەم وەك کەمان لێکچوونە.خەم: خەفەت و پەژارە. خەم لاربوونەوە و چەمانە.

١) چەماندنی بالآی خەم:- لە پەل و پۆختستنی خەمە و جوانی لێ سەندنیەتی کە هێمای وزە و توانا و کاریگەری خەمە، بەلآم گەیاندنی خەم بە چەماندنی بالآ پیربوونیەتی ئەتوانی بەراوردی جوان و پیر بکەیت لە ڕووی هێزەوە.یانی خەم پیرە و ئەو خەمە گەنج و بەهێزە نیە، کە دەروەسم بێت.

٢) لە دەست چوونی کۆنە هەواری خەم:- خەم خەڵکی ماوای (مەولەوی یە یان خەم خەڵکی دڵی مەولەویە) ئیتر خەم هەواری کۆنی خۆی لە دەست داوە، ئەم نەریتی ماڵ لە هەورای یە چەند لە ناو کوردا لیریکی یە و چەندین ڕازی پڕ لە خۆشەویستی و ئینتیمای سروشتی خولقاندوە. کاتێ کە خەم دێنیتە پێش چاوت، خەمی پیر و چەماوە و هەوار لە دەست چوو بەزەییت دەبزوێت. کە دیسان مەولەوی لەو پەڕی قوەتی داهێناندا دێتە بەرچاوت کە توانای سحری شیعری ئەو سەراسیمەت دەکات.

٣)سەلەفیەتی سروشت و جوانی دەخاتە ئەندێشە ڕۆمانسی یەکانی خوێنەرەوە هەوراگەی قەدیم، بەرلەوەی بیدەیتە پاڵ خەم بەگشتی، مەڵبەندی بیرەوەریە ڕەنگاو ڕەنگەکانی جوانی و شایەتی ڕازەکانی عەشق و گۆرانیەکانی دڵداریە.. لە فۆلکلۆری ناوچەی هەوراماندا هەیە و بە فراوانی چووەتە ناو شیعری شاعرانەوە و تەنانەت ناوی میلۆدیەکی زۆر خۆشە، پێم وایە ئەو فۆلکلۆرە دەکەوێتە پێش مەولەوی..و ڕەنگە لە سەردەمی صەیدیدا لە دایك بوو بێت.مەبەستم لە گۆرانی باو و ناسراوی ناوچەی هەورامانە.کە بەم دێڕە شیعرەوە ناسراوە:

ئارۆ ڕام کەوتەن کۆنە هەواران     دمای بالآو تۆ وەشیم نەویاران

٤ – بەزم و شەوق و عەیش نە دەروون جەمەن

ئانە هیچ نەبۆ نە دەروون خەمەن

بـەزمی شـەوق و ڕابـواردن لـە دەروونـدا جەمـە و (دەروون پـڕە لـە شـەوقی خۆشگوزەرانی) پێچەوانەی زۆر شوێنی تر لای مەولەوی، ئەوەی هیچ نەبێ لە دەروونـدا و کەس حسابی بۆ نەکات خەمـە. دیسانەوە زۆر جوان خـەمی تـرۆکـردووە و لـە پـەل و پۆی خستووە. دەڵێ ئـەوەی هـیچ نـەبێ.خەمە. ئەمـەش یەکێکـە لـە شـەقڵە دیارەکـانی وەستایی مەولەوی لە ڕێزکردنی وشە و دروست کردنـی مانـادا لـە وێنەکەدا جۆرێك لـە دژیـەك لـە نێـوان (شـەوق و عـەیش×خـەم) وە جینـاس لـە نێـوان خـەمـەن و جەمـەن) داهەیە.

## ٥ – ئینە نەتیجەی دیای باڵای تۆن

## نیشانەی وصاڵ خاڵ ئاڵای تۆن

ئەمـەش لـە ئـەنجامی بینینـی بـاڵای تۆوەیـە، نیـشانەی وصـاڵ (گەیـشتن بـە مـراز، گەیشتن بە مەعشوق، یار و چێژ بردن لێی). گەیشتنی خاڵی ئاڵای تۆیە بە نیگای من،

وصاڵ: پەیوەندی کردنە تا ئاستی پێکەوە بەسـتن و چـێژ بردنـی دڵـدار و دولبـەر. خـاڵیش سـەرەتای هـەموو دەسـت پێکـردن و زۆر بوونێکـە. بۆیـە مـن نیـازم وایـە لـەم شـیعرەدا زاراوە و چـەمکە حەقیقیـەکان داگرمـەوە و بیـان خەمـە خزمـەتی وەصـڵی عەنبەر و مەولەوی و سەرەتای دروست بوونی خێزانێکی عاشق.

لە دیوانەکەیدا ئاڵا، بەڕەنگاو ڕەنگ ماناکراوە، نووسـراوە مەبەسـت جوانـە، وە زۆر جارخاڵ ئاڵا بۆ وەسف کردنی خاڵی جوانان بـە سوپای تـورك بـەکار دێـت، کـە سیفەتی تورك بۆ جوانیەکانی موژە و خاڵ و نیگا لە ئەدەبدا باو بووە و خانا دەڵێ:

ئەرزامت جەتیر نیگام خەتەرەن    نیگام تورکەن تورك، تورك هەر کافرەن

خاڵ ئایەتێکی بچوکە، بەڵام گەیشتن پێی لـە هـەر کـات و شـوێنێکا بەڵگـەی نزیـك بوونەوەیە. وە لە نێوان (ئینە) لەم بەیتەدا و (ئانـە) لـە بـەیتی پێشوودا جـوانی یـەکی سازاندوە کە لە ناکاو و لە پڕ گەڕانەوە بۆ شیعری پێشوو هەستی پـێ دەکرێـت تەنانـەت (حسن تعلیل)ەکە، بۆ بەهاری شادی (ئینە و ئانە) کە دروستیان کردووە، ڕاڤـەی هەنـدێ شا بەیتی مەولەوی نامیلکە هەڵگرن.

٦ – سرور نەشئەی بادەی لوتف تۆن

تەئسیر بۆی عەتر موشك زوڵف تۆن

خۆشی نەشئەی بادەی (لوتف) مهرەبانی و نەرمی نواندنی تۆیە، کاریگەری بۆنی عەتری وەك موشکی زوڵفی تۆیە.ئێمە (لوتف)مان لە پشکنینەکەی مامۆستا حەکیم وەرگرت کە بە ڕاست تری دەزانین{مەولەوی حکیم ل٨٦}

کاتێ کە بەسەر خوێندنەوەی سروری نەئشەی بادەی لوتفی یاردا تێ دەپەڕی مەست و سەر خۆش دەبیت و دەکەویتە عەیش و نیشاطی بەیتەکانی پێشووەوە وە کاریگەری بۆنی عەتری زوڵفی موشك ئاسا.. ڕەنگە چەند سەرنجێك بە دڵدا بەرن.

١) ئەم وەسفە لە شیعرە زاتی یەکان و بۆنەکانی خۆی دا بەرامبەر بە عەنبەر بە کاری بردووە بە دارشتەی جیاجیاوە (شەو زوڵفت ئەخاتە یادم و ڕەشی زوڵف حەڵقەی زوڵف دێز، لانە حەڵقەی زوڵف عەنبەر بۆی شەو ڕەنگ.

عەنبەر یان عەمبەر: ماکێکی بۆن خۆشی ڕەشە لە ورگی جۆرە ماسیەکدایە. زوڵفی عەنبەرین و زوڵفی موشکین... وەسفی یەك شت و یەك مانان و بەرامبەر یەك دەوەستن و مەولەوی بۆ عەنبەری یاری ئەو وەسفانە بەکار دێنێ.

کەواتە ئەم بەهاری شادی یە هاتنی عەنبەرە لە شیعرەکەدا، دەکرێت ئەم شیعرە تۆمارێکی شەوی زاوایی، یان هەر کاتێکی لەزەت بەخشی مەولەوی و عەنبەر بێت، چونکە ئەو بەرزی شەوقەی لێرەدایە بە ئەو شیعرانەی بۆ مەرگی عەنبەری نوسیوە بەرامبەر شادی و سرورەکە، پێچەوانەکەیان زۆر جە گبڕانە دەبینین.

٢) هەر لەم شیعرەدا (مەینەت ڕو نیان وە ماوای مەردەن) بە لە بیر کردن و بە فەرامۆش سپاردنی ئەو خۆشەویستی یە ناکامەی دەورانی گەنجی لێکبدەینەوە کە بە هەشتی سید طاهری هاشمی ئیشارە بە ڕازێکی لەو جۆرە دەکات، یانی گەیشتن بە عەنبەر خەم ڕەوێن و مەینەت ڕاونەر بێت.

٣) لە (وصاڵ)دا کە لە بەیتی پێشوو لەو ئیقاعەی لە بەیتی پاشتردا دێت، دەلالەتی لەزەت و موتعە دەخوێنینەوە، گەیشتن بە ئۆرگازم بە ئاشکرا هەست پێ دەکرێت وە مەولەوی زۆر زیرەکانە و لە ڕێ ی هێما و دەرکی زیرەکانەوە و بە زاراوەی

عرفانی بەیانی ئەو حاڵە دەکات. هەر ئەم جۆرە خوێندنەوانەن کەمنیان ڕاسپاردەی نوسین کرد.

وە ناکرێت لە شیعرەکانی شینی عەنبەردا ئەو گەورەیی و شوێنەی عەنبەر بخوێنیتەوە، کە لەتەمەنی سەرەوەشدا مەولەوی جێ هێشتوە، بەلام لەگەنجی و لە ژیان دا ئەو شوێنە هەست پێنەکەین. مەولەوی دوای مەرگی عەنبەر هەست بە بۆشایی بکات هەرچەندە خۆیشی دەڵێ تا هەبوو قەدریت نەزانی. بۆیە لام وایە بۆشیعرێکیش بێت دەبێ لە زیندوویی عەنبەردا بگەڕێین. باوەڕم وایە مەولەوی دوای عەنبەر پەنجەی پەشیمانی گەستووە، کە چۆن لە بوونی پڕ لە سحری جوانیدا بەهرە و شیعری خۆت بۆ تەرخان نەکردووە.

نەریتێك لای شاعرانی سۆفی مەشرەب بەدی دەکەین کە بە زاراوەی تەڕودڵتەڕانە چۆن باس لەخودایان دەکەن بەو جۆرەش بۆ یارەکانیان دەنووسن.یانی هەمان زاراوە و دەستە ووشە بۆ گوزارشت لە یاری مەجازی و یاری حەقیقی دەکەن بەلام قۆناغەکانی کامڵ بوونیان جیایە.

**٧ – سا پێم دەر دەی دەی، پەی پەی، نەومەی، مەی**

**لە طایف مەردەم یەکسەر بکەر حەی**

سا بمدەرێ دەی دەی، پەی پەی بەدوای یەکدا بێ پسانەوە وەستان لە مەی مەی (لە طایف) مەردەم... ئەو شوێنانەی کە هەستی سەودا گەری و جوانی یاریان دەکەوێتە سەر زیندووکەوە، هەرچەندە ئەو ڕاڤە سۆفیانەیەی دیوانەکەش بۆ ئەم بەیتەو دوابەیت دەست دەدات، کە ئەوەش لە تافەتێکە زۆر جار لە شیعری مەولەوی دا دەبینین. بەلام ناکرێت ئێمە لە شیعریەتی مەولەوی دا هە میشە(مەلاو سۆفیەکی پیرو تەریك) بێنینە پێش چاو، وەك چۆن فارسەکان بەوجۆرە سەیری حافف ناکەن و هەمە لایەنە سەرنجی لێ دەدەن.

گەورە و مامۆستام حەمە کەریم هەورامی لە تێبینی یەکانی دا دەربارەی ئەدەبی مەولەوی و خستنە خانەی سۆفیزمەوە جوانی بۆ چووە و داوایەکی زیرەکانە و

هاندەرانەش دەخاتە بەردەمی مەولەوی ناسان{هێماسازی لەشیعرەکانی مەولەوی دا حەمەکەریم هەورامی. مهرەجان٢ ل١٣٧} .

زیندووکردنەوەی شوێنە مردووەکان، لەو پەڕی هەست کردنی لەزەت و موتعەوە سەرچاوەی گرتووە، لە غەرق بوون لە جوانیەکانی عەنبەر و بەهرەمەند بوون لێ ی، ئەوەی کە سەیرە لەم وێنەدا و زۆر جێ ی سەرنجە، ناو نەبردنی ساقی یە، ئەو چرایەی کە دەستی خوێندنەوە دەگرێت بەرە و لێکدانەوەی عرفانی کە مەولەوی لە شوێن و مەبەستەکانی تردا ناوی دەبات لێرە ناوی نابات و دڵنیامان دەکات داواکەی ڕاستەوخۆ لە عەنبەرە بەرامبەر ئەو یارەیە کە ئەم غەرقی دیتنیەتی. لەباری عرفانی و عورفی صۆفیەوە (لە طایف شوێنەکانی زکری خوان بە جۆرێ نوری خودا یان بەسەردا برژێ.کە بپێی کەس وشوێن ناوی جیاجیان بۆدانراوەو بە حاڵ ومەقام و سەحرا و ڕەنگە ناوی تریشیان هەبێت. {بڕوانە شیعری شەشەم لە پیتی -چ} .

کەواتە هەست کردنەکان بە لەزەت و نەشئە لە هەر دووباری (مەجازی و حەقیقی)دا لە یەك نزیکن بە مەرجێ ئیخلاص هەبێ و دیوە عەشقی یەکەیان سوك نەکرێت.

## ٨ – تا پەی یارانیچ وە ئیطمینان بۆ

## سەرمایەی نشاط دڵ حەزینان بۆ

تا دڵنیایی بدات بە دۆستان و ببێتە مایەی جوڵە و وزەی دڵ حەزینان.

زیندوو کردنەوە یان زیندوو بوونەوەی بەیتەکەی پێشوو ( لەطایفەکان) (قلب و روح و سەر..هتد) کە نوری خوایان بەسەردا دەرژێ، کەمرد بوون زیندوویان کەرەوە. با بەڵگە بن بۆ دڵنیا بوون لای (دۆستان) (پرسیاری چۆنیەتی زیندوو بوونەوە کەحەزرەتی ئیبراییم لە خوای کرد بۆ دڵنیا بوون) ئەمە بارە عرفانی و سۆفیەکەیتی هەر لەطیفەیەکم زیندوو کەیتەوە بەڵگەیە بۆ یاران و چالاکی یە بۆ حەزینان.

من پێم وایە پێچەوانەی شاعرانی تر و شوێنی تری دیوانەکەی مەولەوی لەم بەیتەدا لە ڕێگەی زاراوەی عرفانی یەوە کە ڕەمزی لیریکای سۆفیانەن بۆ (وەسڵی خۆی و عەنبەر)کەڵك وەردەگرێت.

دەشێ (دڵنیایی یاران و شادی دڵ حەزینان) کەس و کاری بوك و زاوا بن یاران چاوەڕان کەرانی زاوا بوونی مەولەوی و حەزینان کەس و کاری بوکێ بن دوای بردنی بوك (ئەمەش نەریتی کۆمەڵگەکەی مەولەوی بووە) ڕوون کردنەوەی لەطیفەکان لێرەدا بە پێویست دەزانین کەسوودی بۆ ئێمە دەبێت لە حاڵی بوون لەو دنیایە کە لە شیعری مەولەوی و شاعرانی تردا تووشی دەبین. بەتایبەتی لەبارەی ڕاڤەی عرفانی یەوە. ڕاستی یەکی ئاسمانیش لە عەشقی مەجازی دا هەیە. کە هەر ئەو ڕاستی یەیە مەجازت بەرە و حەقیقەت پێ دەبرێت.

دڵ، لە طیفەی دڵ:سەر بە عالەمی (ئەمر)ە و یەکێکە لە لەطیفەکانی دەروون و جیا یە لە دڵە فەسلەجی و گۆشتی یەکە، بەڵام هەر لەو شوێنەدایە و لە ژێر مەمکی چەپەوە ڕووە و تەنیشتی چەپی بە ئەندازەی دوو پەنجە، بەدڵدا هێنانی مەفهومی (الله) و زکری دڵ.. ئەم لە طیفة یە زیندوو ڕادەگرێ ونامرێت.

ڕۆح: ئەم لەطیفەیەش سەر بە عالەمی ئەمرە، لەو پەڕی دڵەوە، وا لە ژێر مەمکی ڕاستا، بە دوو پەنجە ڕوە و تەنیشتی ڕاست، زکر کردن بەم لەطیفەیە... یارمەتی دەرە بۆ قۆناغەکانی تر(بەدڵ و گیان لەگەڵتام) سەرنج بدە.

سیر:ئەمیش سەر بە عالەمی ئەمرە، لەم دیوی مەمکی چەپەوە، تۆزێ ژووروی مەمك، بەڕووی ناوەڕاستی سینەدا.خەفی: سەر بەعاڵەمی ئەمرە، شوێنی ئەم لەطیفەیە سەرومەمکی ڕاستە ڕووە و ناوەڕاستی سینە بە دووپەنجە.

ئەخفا، دوا لەطیفەی عالەمی (ئەمرە) و لە ناوەڕاستی چوار لە گیفەکەی تردایە، شوینی لەناوەڕساتی سینەی مرۆڤ دایە. دوای زکر کردن بەم پێنج لەطیفة (زیندوو کردنەوەیان) دەبنە خاوەنی نوری خۆیان و ئیتر مورید بە دوو لەطیفەکەی تر کە سەر بە عالەمی خەلقن دەکەوێتە زکر. لەطیفەی نەفس:سەر بەعالەمی خەلقە و دەکەوێتە ناوچەوانی مرۆڤەوە، پەیوەندداری سروشت و مادەیە. لەطیفەی قالیب: زکر کردنی هەموو تەنی لەشی مرۆڤە بە جۆرێ مرۆڤی زاکیر هەست بە زکری هەموو گەردیلەکان دەکات، مەولەوی کە دەڵێت ئەم بەشی لاشەم ئاگای لەو بەشی لاشم نیە حاڵەتی ئەم

لەطیفەیە بەردەوام بوون لەسەر زکری ئەم حەوت لەطیفة یە دەکەوێتە سلطان الازکار، کە تەشەنە کردنی زکر و تەنینەوەیەتی بە هەموو گیان و بیستنی زکری (الله)یە لە هەموو زەڕاتی ئەم بوونەوەرەدا.شیخ عومەری ضیاالدین دەفەرموێ:

لە هەرچی ڕوودەکەم وەك ڕۆژ عەیانە چی ڕمووزاتە

لەطایف سەر بەسەر موستەغریقی ذیکری (هوالله)یە.

بۆ تێگەیشتنی زیاتر بڕوانە {گەوهەری حەقیقەت بەرگی یەکەم ل٣٦٨وبەرگی دوەم ل٤٢٨هەروەها یادی مەردان ل٢٢٠}



١ – ئیمشەو هەرخەمەن ها نە کەمین دا

هەر دەردەن مدۆم وە ڕووی زەمین دا

ئەمشەو هەر خەمە وا لە بۆسەدا و هەردەدە من دەدات بە ڕووی زەمین دا

٢ – دڵ نە گەردەلوول بێ پەرداخی یەن

دەماخم نە گێج بێ دەماخی یەن

دڵ لەناو گەردەلوول، گێژە لۆکەی بێ زەوقی دایە و شادیم لە گێژ و خولی بێ شادی دا.

یان (مێشکم لە گێژی بێ مێشکی دا) لە ڕووی عادەتی سۆفیانەوە، خۆ بەکەم گرتن، دروستە وە لە پەیوەندی دەماخ گێجی بێ دەماخی دا دەگونجێ،(گێلی ونەفامی)بخوێنینەوە. وە ڕەنگە (گێج) مەبەستی (سەردەم و زەمان) بێت واتە دەماخ و مێشکم لە دەوری بێ دەماخی دایە.بۆیە لەبەیتەکانی دواییدا داوای (دەرس دادان وارشاد دەکات) پیرەمێردیش بەم جۆرەی تێ گەشتووە: -

دڵ لە گەردەلوول بێ دەماخی یە    دەماخ لە بورجی بێ دەماخی یە

٣ – سا دەروێش وە عیشق مەولای دەروێشان

وە یاهوی وە سۆز ریاضە ت کێشان

سا دەروێش تو عیشقی مەولای دەروێشان و یاهوی بەسۆزی ریاضە ت کێشان. ریاضە ت تەمرین کردنی نەفس و ڕۆح (وەرزشی گیان بە جۆرێك کە نەفس بەرەو پاك کردنەوەی ببات، ریاضە ش کە وەرزشی جەستەیە هەروایە. بەهەشتی مەلا عبدالکریمی مدرس دیاری نەکردووە مەبەست لە مەولای دەروێشان کێ یە، بەڵام کاك حەکیم پێ ی وایە مەبەست لە مەولانا خالدی شارەزووی بێت{مەولەوی حکیم ل٨٦} و کاك حمە رشیدی ئەمینی پێ ی وایە مەبەست حەزرەتی عەلی یە{مهرەجان ٢ ل٣٠٣} کە ڕاکەی دووەمیان

بەهێزترە، وە ڕەنگە هەر پیر و ڕاهێنەر و مامۆستایەك بێت کە مەدرەسەیەکی هەبێت ڕەنگە(دەف)یشی مەبەست بێت.بەیتی(٥)ی ئەم شیعرە ئەم مانایە پشت ئەستووردەکات.

٤ – هەرپاسە مەبۆ زەلیلی دەخیل

چینە زیاتەر مازەم وە زەلیل

هەروا ئەبێ زەلیلی دەخیلت بم لەمە زیاتر مەمهێڵە بەزەلیلی (چارەسەرکردن) لە نێوان (زەلیل، دەخیل) جیناس هەیە.زەلیل وهەژارو خۆ شکاو و سوالکەری بەردەم یار دەبێتە ڕوهەڵماڵراوترین کەس لای عارفان.

٥ – پەی دیگ دەروون جۆش کوڵ و کەف

تەسکین نمەك کزەی کەف و دەف

بۆ قازانی دەروون و جۆش و کەف و کوڵی، و دامرکاندنەوەی (ئارام بوونەوەی).خوێ ی کزەی دەست و دەفی تۆم پێویستە. ستاتیکایەك لە نێوان کوڵ و کەف و کەف و دەف دا لە ڕێ ی ئیقاعەوە دروست دەبێت کاتێ سەربۆ خوار، سەرنجیان دەدەی (کەف١) کەف و بڵق و هەڵ چوون (کەف٢) لەپی دەست، ڕەگەز دۆزی تەواوە، وە (نمەك) مانای دروستی خوێ نادات و خوازەیە بۆ (تام و لەزەت) گەرچی خوێ کردن بەسەر کەف و کوڵی مەنجەلا عادەتێکی کۆمەلگایە... کە مەنجەڵ هەڵ دەچێ خوێ ی بەسەرا دەکەن بۆ دامرکانەوەی{مەولەوی تەقینەوەی زمان ل٥٩} هەڵچوونەکانی مەولەوی بە میوزیك دا دەمرن.عطاریش فەرموویەتی:

عشق بی درد نا تمام بود

کز نمك دیگ را طعام بود {دیوان غزلیات عطار ل ١١٩}

٦ – بابەیۆ وەش وەش سۆزی صەداکەت

لەرەی نەوای تەرز شیرین ئەداکەت

با خۆش خۆش (بەردەوام) سۆزی دەنگەکەت بێ، بە ئاواز و لەرەی شیرینی جوان و لەبارەوە. سۆزم بۆ بکە بە دەنگ و ئاوازە خۆشەکەت.

سۆزکردن: چڕینێکی کەف و کوڵ دار و دڵ لاوێنە، جۆرێکە بە هۆرە دەچێ بەلام هۆرە نی یە. لە تاو گۆزی و دەوروبەری دا زۆر باوە، ئێستاش خۆشەویستانی مەولەوی جار جار لە سەر مەزاری و بە یادی ئەوەوە سۆز دەکەن{گەشتی سەر مەزاری مەولەوی کاسێت}

٧ – بەو نائیرەوە بەو دائیرەوە

خاس بنیەرهەستیم وە ئایرەوە

بەو ئاگرەی خستووتە تەوە بەو دەفەوە (نائیرەو دائیرە) دەنگی خۆش و سۆزی حەزین و ئاوازی لەبار بە دەفەوە) چاك ئاگاییم (وجودم) بنێ بە ئاگرەوە، یان ئاگر بنێ بە هەستیەوە و گڕ لە هوشیاریم بەربدە. دائیرە جەم و کۆبوون بۆ بینینی حەق. جیناس (لە وێنەکەدا هەیە لە نێوان (ئایرەوە، دائیرەوە، نائیرەوە)

٨ – بەڵ ئیشمەو خەمان شێونان کەڵك

تاسەحەر چوون بۆ گەردش فەڵەك

بەڵکو ئەمشەو خەمان کەڵەك و فرو فێڵیان بشێوێنن و تابەیانی چۆن بێ سوڕانی گەردوون.

ئەو خەمانەی کە بۆسەیان ناوەتەوە و لەڕێی دەرد و مەینەتەوە ئەمیان بەزەویدا داوە.(کەمینەوە) دەلالەتی فێڵ وکەڵەك بەهێزتردەکات. لە ڕێگەی مەجلسی دەنگ و سۆز و مەستیەوە کەمین و فێڵیان ئاشکرا بێ و بشێوێت. لە کۆتایی شیعرەکەدا دەخوازێ سوپای خەمان کەمینەکەیان تێك دەن و لە بۆسەی کەڵەکیاندا هەڵ کەندرێن.ئەوانەی خۆیان مەلاس دەدەن و بەتەمای کاری خراپەو فێڵن ورە و دەنگە دەنگ هەڵیان دەکەنێت. کە زۆر جوان سەرەتاو کۆتایی شیعرەکەی بەستووەتەوە. پیرەمێرد زۆر لەو مەرامە دوورکەوتوەتەوە لە ڕۆحی مەولەوی دا

ئیمشەو کەڵەکمان با نەشێوێنێ

فەڵەك سبەینێ چی دێنێ بێنێ

نیوەی یەکەمی بەیتەکە تەواو پێچەوانەی مەبەستەکەی مەولەوی یە.

١– ئەی ڕۆشنی چەم، تاکەی؟ تەشریف بەر

لێڵاوی سادەی هوناوەی هون کەر

ئەی بینایی چاو(هەستی بینین) تاکەی؟! بڕۆ ون بە. لێڵاوی سادەی، کوێری، خوێناوێ هەڵ بکە (بینایی لێڵ بە، لە ڕێی گریانەوە، کوێر بە). وەك لە دیوانەکەدا نووسراوە یەکێکە لە شیعرەکانی شینی عەنبەرخاتوون.

جۆرێك لە نزای کوێر بوونی خۆی دەکات پاش عەنبەر سەیر لەوەدایە کوێریش بووە؟ کە ئەمە جێگەی سەرنجە (گیرا بوونی نزاکەی) ناوێنەی ئەم شیعرە ئەم تیشکانەی لێ دەبینرێت:

١) ئەو چاوی بۆ سەیری سروشتی جوان و عەنبەر کە شای سروشتە ویستووە، مادام باڵای ئەو نابینێت و سروشتیش بەوەوە جوانە، کەواتە (بینایی ناوێت).

٢) بەڵگەی ڕاستە بەوەی کە وتمان دەکرێت شیعری ئاماوە بەهاری شادی و وەسڵی باڵای عەنبەر پێش ئەوەی خوێندنەوەی عرفانی هەڵگرن کە ئێمە هاوڕای ئەو جۆرە خوێندنەوەیەین دەبێت خوێندنەوەیەکی غەرامی و سێکسی بۆ چەند شیعرێکی ئەو عاشقە بکەین کە دیارە عەشقی سەر زەویی یە و تکەیەکە لە عەشقی ئیلاهی.

٣) کەسێ بە مەرگی هاوسەرەکەی بینایی دیدە لە خۆی حەرام کات، ڕێ ی تێ ناچێت لە کاتی وجودی باڵای عەنبەر دیدەی جوانی بینی مەولەوی ئێمە شایەتی شیعرێ نەبێت. بۆیە دەبێت نیەتی ئەوە بێنین ئەو وێنە و بەیتانە کە بە باڵای عەنبەر دەخۆن بە ئاقاری خوێندنەوەی تردا نە یانبەین. بۆئەوەی بگە ینە پەیوەندی جوانی نێوان ژن ومێردێك بەرە هەندە غەرامی وسێکسی و ڕۆحی یەکانەوە. چوون ئێمە لە داستانەکانی ئەڤینداری دا دەبینین زۆربەی پاڵەوانەکان نەگەشتوونەتە کامی ژن و مێردایەتی کە ئەمەش بۆ خۆی بابەتێکی جیای دەوێت. گەر ئێمە توانیمان شیعرێك بدۆزینەوە لە ساتی ژن ومێردی بوونی مەولەوی عەنبەر خانمدا،ئەوە نموونەیەکی پەیوەندی جوانی ئەڤینداریمان بۆ خێزان لایە کە بۆ خۆی بایەخ و گرنگی دەبێت.

٢ – پەی چێش قیبلەکەم عەزم سەفەر کەرد

سێلاو دوریش ڕیشەی هەستیم بەرد

بۆچی قیبلەکەم (عەنبەر) قەراری کۆچی دا (عەزم سەفەر) عەزم و ئیرادەی کۆچ کردن (مردن) سێلاوی دووری (ئاوی بە تەوژم) ڕیشەی هەستیمی برد. ڕیشەی بوونم کەوتە بەرسێلاوی دووری.بەناو بردنی دۆستی خۆشەویستان بە قیبلە و ئاسمان و....هتد لە سەردەمی مەولەوی و لە لای زاناو عارفان بەڵگەی ئەوەمان دەداتە دەست دینداری چەند لە بەرگێکی سروشتی جواندا بووە و زمانی تەعبیر کردن چەند بەر فراوان و ئازاد. ئێستاش دینداری لە چ قاڵبدان و نە فەس کورتیەکدایە. گەنجانی بەناو خوێندەوار و ئەوانەی بە لای خۆیانەوە خەریك دیندارین چۆن بە دژایەتی ئەم جۆرە تەعبیرانە بەربوونە جەستەی شیعری تەڕ و پاراو و بۆ ئەدەب وشك كردن و ڕەق هەڵهاتنی زمان. تەنانەت زۆربەمان تووشی ئەو هێرشانە بووین. بۆیە زۆر گرنگە دیندارانی بەڕێز کاتێ بە زاراوەی لە ڕواڵەتا دیینی دەگەن وەك ووشەكانی (خودا و قیبلە و دیین و ئایین و ڕقیب و بەهەشت و...هتد) خۆیان لە مراهقەی بیستن بپارێزن و پیرانە و ژیرانە سەرنجیان لێبدەن.

٣ – بینایی وە ڕاس دڵەی پڕ دەردم

ئای چەند سەر سەخەت بیم لوای نەمەردم

بینایی ڕاستەقینەی دڵەی پڕدەردم ئای من چەندە سەرسەخت بووم، تۆ ڕۆشتی من مام و نەمردم.

ئەم وێنەیە چەندە سادەیە، بەڵام پڕە لە سۆز و موحیبەت وە تا ئێستاش لە شیعری نوێ ی کوردی و شیعرە لیریکی یەکانی گۆرانی دا خۆی نمایش دەکاتەوە{شیعری گۆرانی ست خەرامانی سابیر صدیق چرپنی حەمەڕەئوف کەرکووکی} کاك حەکیم بە گوێرەی چەند نوسخەیەك دەڵێ (لەباتی دڵەی پڕ دەرد) نووسراوە (دیدەی پڕدەرد) و ئەوەی بەلاوە دروستە،{مەولەوی حکیم ل٨٦} من ئینکاری بەیاز وجیاوازی نوسخەکان ناکەم، بەڵام ئەو شوێن گرتنەی خۆی لە وێنەکەدا جوانترە و ڕەنگە مەولەوی خۆی لە نێوان (دیدە و دڵەی) دا دواجار قەراری لەسەر دیدەی دڵ دابێت، بەم دەلیلانە.

١) دیـدەی سـەر (چـاو) لـە بەرامبـەر (دیـدەی دڵ) یـان (دیـدەی سـڕ) لای خـودی مەولەوی کەم بایەخترە و بەصیرەت گرنگترە بە لایەوە لە بینین. وە دڵ خۆشی خۆی بە لە دەستدانی چاو لە شوێنی تردا بەمانەوەی (دیـدەی دڵ دەداتـەوە) بـۆ عەنبـەریش کە دیارە زۆر بەرزە لە لای بۆیە بـە بینـایی ڕاستەقینەی دڵەی پـڕ دەرد نـاوی دەبـات.و لـە دەست چوونی بە کوێربوونی دڵ و تاریك دا گەڕانی دڵ ناو دەبات.

٢) مەولەوی دوای عەنبەر دەیەوێت وە فاداری و تەرکی ژیـان بباتـە لوتکـەی شـین گێڕیەکەوە، بۆیە تەنیا بە کوێر بـوونی چاو دانـەمرکاوە، وە سەرسـەختی و بەدبـەختی دەردەبڕێـت کـە نـەمردوە دوای ئـەو... وە دەکـرێ بینـایی وەڕاسـی دڵ (کـە عەنبـەرە) نـەماوە کەواتـە مەبەسـتیەتی دڵـیش بـەکوێرەوە بـان کـوێرەوە بـوو بـوو بخاتـە زهنـی ئێمەوە.. بێ ئەوەی وتبێتی.

بۆیە بەلای منـەوە ڕاکەی کاك حـەکیم ناچێتەوە خزمـەتی وێنەکـە. وە دەکـرێ خەیاڵی ئەو نووسخانەش (دیدەیان) بەلاوە دروستتر بوو بێت، پیرەمێـردیش دیـارە لـەو نووسـخانەوە تەرجمـەی کـردووە.{ماموّسـتا حەمـە ڕشـیدی ئـەمینیش بـە دوو دەلیلـی تردڵەی پڕدەردی بەلاوە درووستە.{مهرەجان ٢ ل٣٠٤}

٤ — بڵێسەی کورەی هیجران باڵات

گەرمی و مەحرومی تۆزەکەی پالآت

بڵێسەی کوورەی دیار نـەمانی بـالآت (بـزر بـوون بەجەسـتە، غیـابی بـالآی عەنبـەر وەك لەش) لە مەولەوی گڕ بەردەدات گەرمی و بێ بەشی تۆزی کەوشـەکانت.نـزمترین و بێبایەخترین شتێ تۆزە، بەرزکردنەوەی تا ئاستی سەرو چاو.پێدانی هێزی ڕەوانبێژیە.

٥ — ئایردان بەی تەور مۆبەت سەرای دڵ

یادەکەت مەندەن پەی مەسکەن خجڵ

بـەجۆرێ ئـاگری بەرداوەتـە خۆشەویـستخانەی دڵـم پـاکی سـووتاندووەو یادەکـەت هـەر سـەلامەتە و بـە شـوێن جێیەکـدا دەگـەڕێت ئـارامی تیـا بگرێـت. (مۆبـەت سـەرا) تەرکیبەیەکی دروستکراوە وەك کاروان سەرا ، حەرەم سەرا.

واته ناوجەرگەی دڵ و دەور و  بەریشی سووتاوە بە گڕی دووری بە جێ هێشتنی عەنبەر یادەکەت ماوە بە شوێن لانە و شوێندا دەگەڕێ.(دڵ بوویەکی مادی، تیاچووە، یاد:زاراوە یەکی مەعنەوی و جاویدانە، هەرماوە و بۆ شوێنێکی تردەگەڕێت)

کاتێ عەنبەر نامێنێت، دڵیش گڕی تێ بەردەبێت و دەسووتێ، بەڵام وەفاداری و خۆشەویستی مەولەوی بۆ عەنبەر (یاد) دەپارێزێت و دەمێنێت. پاکی یەتی و قوربانی وێنەکە و ستاتیکاکەی لە وەدایە، چاو و دڵ و... ئەوانەی پەیوەندیان بە خودی مەولەویەوە تووشی زەرەر بوون و مەولەوی باکی لە خۆی نیە، بەڵام خۆشەویستی و یادی عەنبەر هیچیان لێ نایێت تەنها خەمێکی کە هەبێت بێ جێگە و شوێنی مەیل و یادەکەی عەنبەرە.

دڵ دەسووتێ بابسوتێ غەمم نیە، یادەکەت بە بێ جێ ماوە ئەم دیاردەی (خەمی خۆم نیە خەمی تۆمە) لە شوێنی تری مەولەوی دەردەکەوێتەوە بە تایبەتی بەرامبەر بەعەنبەر:

سۆچنۆم حەسرەت دەردی جیاییت

نەك چوون بڵێسەی یادی تەنیاییت

**٦ – دڵە وە بادەی وەصڵش بادی بی**

**دەماخت نە ئەوج بورج شادی بی**

دڵە بە بادەی وەسڵی (پەیمانە سەندنی دەستی) ساتی (پێکە و بوونی مەولەوی و عەنبەر) بایی هەوا بوویت. یان دڵە بە بادەی وەسڵی سەرخۆش بوویت (بادی) شتێ بەدەستی باوە بێت و بچێت. دڵە بە هەڵدانی پێکی وەصڵی سەرخۆش بوویت و زەوقت چووبوویە بورجی شادی. یەکێ لە ماناکانی بادی شتی بەدەم باوە چووە – سەرخۆشیش لە تر دەدات.

دەگونجێ (بادی) زاراوە فەلەکی یەکەی مەبەست بێت کە ئەو بورجانە دەگرێتەوە دەدرێنە پاڵ با وەکو (جەوزا، دلو، میزان) وە ڕەنگە بورجی مەولەوی و عەنبەر یەکێك بێت لەو بورجانە، بێجگە لە وەش لە نیوەی دووەمدا بورجی شادی.. دێت کە دژی بادی یەوە وشەی (بورج)ی نیوەی دووەم سەرنجی ئێمەی بردوەتە سەر ئەو مانایە بۆ بادی. دەماخت بەکەیف و زەوقت لە لووتکەی بورجی شادیدا بوو. بە کورتی بورجی (شادی دڵ) بوونی عەنبەرە.

٧ - هیجران بالآش وە هیچ مەزانای

وێت وە صاحیب صەبر تاقەت مە وانای

دوورکەوتنەوەی بالآیت بە هیچ ئەزانی، یان وات ئەزانی قەد دوورناکەوێتەوە، وەیان دوورکەوتنەوەیت هێندە بەلاوە گرنگ و جەرگبڕنەبوو. خۆت بە خاوەن سەبر و تاقەتی و ئارامی حسێب دەکرد. وا خۆت دانا بوو کە صابری و بەرگەی دووری یەکەی دەگری.

٨ – سا ئیسە ها دەرد دووریش ئاوەرد جۆش

سەبرت ئەر ئازان بمانۆ شنۆش

سا ئێستە ئەوەتا دەردی دووری جۆشی هێنا، صەبرت گەر ئازایە باشنەی بمێنێ تەحەدای بەیتی پێشووە گەر ئەو حسابەی بۆ خۆت و تاقەتت کردووتە، با(شنۆ)یەکی بێت.

مامۆستا حەکیم لە لێکۆڵینەوە و پشکنینەکەی دا بە پێ ی چەند نوسخەی لای خۆی و جیاوازییان لە گەڵ دیوانەکەدا چەند ووشەیەك دەگۆڕێت، کە ئەمەیان نوسخەکان، بەلگەن و ئێمە قسەمان نیە، بەلآم هەندێ لەو گۆڕانانە بە پێ ی نوسخەکانی لای ئەو وێنەکان ناشیرین دەکەن و لە خەسڵەتی مەولەویان دادەبڕن و وایان لێ دێت هەموو عەقڵ و هەستێکی باو پەیان پێ ببات.(ئە مەش مەولەوی دەکاتەوە بە هەرکەسێکی تر).. کە ئەوەیان قسە هەڵدەگرێت و من سەیرم لێ دێت کاك

حەکیم بڕوای خۆی لە هەندێ شوێندا بۆ دروستی بەجێ یی گۆڕانە کە دەردەبڕێت{مەولەوی حکیم ل٨٧} کە ئەم وێنەیە یەکێکیانە و دروستەکەی لای کاک حەکیم ئاوایە:

**سا ئیسە ها دەرد دووریش ئاوەرد جۆش**

**سەبرت ئەر ئازان بمانۆ وەهۆش/ لەباتی شنۆش**

سەبر: سیفەتێکی نەرم و نیانە لە خودی وشەکەش دا دەلالەتی لەسەرخۆ بوون هەیە، هەروەها شنەی ئارامی (شنۆی صەبر) یارمەتی خاوکردنەوە و فێنك کردنەوەی بڵێسە و گڕی هجران و تاوی دوری و جۆشی دەردە، گەر صەبر هەبێت و شنۆی مابێت. مەولەوی لە پێناسەی تەواوی (صەبر) و ووشەناسیەوە (شنۆ)ی هێناوە. بە هەڵ کردنی شنەی ئارامی فێنکی و سەبووری بە هەموو گڕو سووتانێك دێت و دەکوژێتەوە. کە مەولەوی ئیدعایٰ لەوجۆرەی لە شیعرەکەدا دەربڕیوە مرۆڤی گڕگرتوو خاوەن جۆشی دەرد، شنەیەکی فێنك و ئارام بۆی دروست ترە، واتە گەر صەبرت ئازایە بەرامبەر ئەو دەردی دووری و بەجۆشی یە، باشنۆی بمێنێ.

ئێمە دەبێت لە سەردژە واتای شنە و گڕە ، گەرمی شڵەژان و هەڵ چوون و توڕەیی، فێنکی ئارامی و سەبروخاو بوونەوە بوەستین. بەوجۆرە ئەتوانین لە پەرێزی مانای شیعری مەولەوی نزیکبینەوە. صەبرت بەرامبەر شاڵاوی دەردی دوریدا خۆی بگرێت. وە گەرزاتی ئەوە بکەین (بمانۆ) بە بنمانۆ بخوێنینەوە کە من سەرم لە نوسخە دەرناچێت، واتە سەبرت گەر ئازایە باشنەیەك بنوێنێت و ئەمیش سەبووری و فێنکی بێ بەدڵیدا. کاك حمە ڕەشید هەر لەم شیعرەدا ڕای بە جێی دەربڕیوە، بەڵام بۆ ئەمەیان نەچووە{مهرجان ٢ل٣٠٤}، من ڕایەکی خۆم بۆ هەردیوانێکی مەولەوی لە ئایندەدا لە ڕووی نوسخەکانەوە بێتە بوون دەردەبڕم... هەر ووشەیەك یان گۆڕانی هەر بەیتێك لە ستاتیکا و شیعریەتی مەولەوی کەم بکاتەوە, دانە نرێت و نەچەسپێت، دەربرێت، بەڵام ناشیرین نەکەینە بەدیلی جوانی لە بەر بەرهەمێکی خۆماندا. هەروەها

بەیتـەکانی (٦، ٧، ٨، ٩) ئـەتوانین بیـان خـەینـە بـەرسـێبـەری ئـەم دوو بـەیتـەی مـەولانا خالد:

قەدر عافیەت وەسڵت نەزانم

شوکرانەی شەکرڕازت نەوانانم

سا غەم کۆی شادی باوە بادشانۆ

تەمام ئینتیقام وەسڵت جێم سانۆ



١ – ئارەزووی ئازیز وەنەم سەر داوە

نە هەردەی دەروون ئایر وەر داوە

ئارەزووی ئازیزلە ناوما سەری هەڵدایەوە (تاسەو مەیلی ئازیز کەوتەوە کەللە، ئاگری لە هەردی دەروونم بەردایەوە، دوای تەم برین ئارەزووی سڕینەوەی کەسێ زۆر زەحمەتە.

بارێکی ناڕازی و ڕەخنەیەکی سلبیانە بە حاڵەتی دەروونی ئەم شیعرەوە هەیە، کە بێ دەسەڵاتییەك خۆی دەنوێنێت، ئازیز دیارە هەر لە یەکەم بەیتا هەیە وەك بوو، ئەویش ڕەنگە عەنبەر بێت کە خاك تەمی بریوە، بۆیە خۆی نایێتەوە ناو شیعرەکە، بەڵکو تامی خەمی و گولاڵەی دەردی و... هتد. ناو دەبرێن، وە ڕەنگە یادێکی ئازیزی مردوو بێت، کە لای هەرکەسێکمان سەر هەڵدەداتەوە و ناگەینە لیقاو هەرخەیاڵە... وە دەڵێن مەولەوی زۆر جار لە سەرقەبری عەنبەرخەو بردوویەتیەوە و زۆرسۆز و هۆرە و موناجاتی بە دەمدا هاتووە{عەنبەرخاتوون لە فرمێسکە نەمرەکانی مەولەویدا ڕەئوف عوسمان ژ١٤ل٢٧} .دەکرێت حاڵەتی ئەم جۆرە شیعرانە لە دۆخی یاد کردنەوەی عەنبەردا دروست بووبن. بە داخەوە نازانم تا ئێستا بۆ قەبری عەنبەر خاتوون دیاری نەکراوە. من بەو هەستەوە چەند جارێ لە سەر مەزاری مەولەوی سوڕاومەتەوە و بەدڵ خواستوومە یەکێ لە قەبرە نزیکەکان گۆڕی یاری مەولەوی بووبێت.دەخوازم ئەم ویست و خواستە لە ئایندەدا ببێتە پرۆژە بۆ دیاری کردنی مەزاری عەنبەرخاتوون.

٢ - تاقەت بی وە هوون جەسەختی زامان

تك تلك چەنی هەرس ڕێزا وە دامان

توانا و حەوسەڵەم بوو بە خوێن لە سەختی زامەکانم، تك تك لەگەڵ فرمێسکا بارینە (وەرین) دامانم.

بۆیە دەڵیم ئەم شیعرەش ڕەنگە ئارەزوو و یادێکی عەنبەربێت، چونکە ئەو بەیتەی کە دەڵێ:

هجران بالأش وه هيچ مەزاناى

وێت وه صاحب صەبر پڕ تاقەت مەواناى،

لەم شيعرەش دا، دان بەوە دا دەنێ کە دواى ئەو تاقەتى بوو بە خوێن لە سوێ بوونە وە و سەختى زامى دا.

٣ – خەم نە سەر جۆی هوون سارای دڵ جەم جەم

بارچنی چوون فەوج قافڵەکەی عەجەم

خەم لەسەر جۆگەی خوێنی، تەختایی دڵما کۆمەڵ کۆمەڵ باری خست وەك قافڵەی عەجەم. (بارچنی) بە باری خست لە دیواندا و بە باری هەڵ چنی لە ڕۆحی مەولەوی ڕاڤە و تەرجەمە کراوە. بەلام ڕەنگە لە (بارچنی)دا مەبەست لە کە نار دا گیر کردن بێت واتە غەم لە سەر جۆگەی خوێنی سارای دڵدا، کەنارەکانی داگیر کرد وەك قافڵەی عەجەم. داگیرکردنی کەنار و کەناراوەکان لە جەنگ و ململانێکاندا وەك گرنگترین پلان بۆ یەکلایی کردنەوەی شەڕەکان چاوی لێکراوە. دەروازە و بەندەرەکانی دڵ خەم داگیری کردوون، کەواتە ئاسان دەستی گرتووە بە سەر هات و چۆکردنی خوێندا.باوەڕناکەم هیچ شاعرێکی تر هێندەی مەولەوی توانیبێتی بابەتی زانستی ووشك و ڕەق و زۆرجاریش قێزەون بگوازێتەوە بۆ شیعر و شیعریەتیان پێ ببەخشێ. کە ئەمە زۆر جوان لە (مەرظي يە)کەيدا هەست پێ دەکرێت.

٤ – هەر وە زۆر مەنەن نیم نەفەس باقی

وادەی دەورتەن هانا، هەی ساقی

هەر بەزۆر ماوە نیو هەناسە، وادەی سوڕ و دەوری تۆیە، هانا هەی ساقی (خودا).

شەفاف کردنەوەی سنورەکانی ژیان و مردن لای مەولەوی جێ ی بایەخ و باسە، هەردەم لە ئازار و مەینەتەکان و حاڵەتە دەرونی یە ئاڵۆزەکاندا (مەی و ساقی) خودا و فریشتەی ڕزگار کەر دێنە ئاراوە.

٥–دەورێ دەر وە ناز وە پیاڵەوە

ژەنگی دڵ وە جام مەی بماڵەوە

دەورێ دە بە نازەوە، بە نازەوە وەسوڕێ و بە پیاڵەوە (پێك دە) ژەنگی دڵ بەجامی مەی بماڵەوە.

ناز،پیاڵە، جام، مەی زاراوەی عرفانین و مەولەوی کە گومانی تیانی یە عاشقێکی زۆر سەرکەوتووی مەجازی و حەقیقی یە و عەنبەر چ وەك مێ، چ وەك لە مێ گەورەتر لە بەرچاوی یارمەتی دەرە بۆ هاوسەنگی نێوان (ژیان و مەرگ) ئەم دەیەوێت وەك چۆن لە عەشقی زەوی یەوە بۆ عەشقی ئاسمانی دەچێت هەندێ جاریش زاراوە عرفانی یەکان دا دەگرێتەوە بۆ نیازی عاتفی و عاشقی یە دنیاکانی لەم بەیتەدا تەماعی بە( نیوە نەفەسەکە)هە یە و ساقی و مەی ڕاگری نیو نەفەسەکەن. بۆ ئەوەی لەزەت لە گولاڵەی دەرد و مەزەی خەم بەرێت، پەیمانەکەی بۆ مانەوە دەوێت لە خەم خواردنی ئارەزووی بەجێ نەهاتووی بۆ عەنبەر، بە جێ هێنانی ئەرکی بەلاوە باشترە، پێچەوانەی خەلاصی بوون

پەیمانەی ئەم بەیتە بۆ زیندوو ڕاگرتنە بە نیو هەناسە شەوە، بۆ ئەوەی بمێنێ بۆ بەجێ هێنانی واجبەکان (حەقیقی بەرامبەر خودا) مەجازی بەرامبەر (عەنبەر) مەولەوی لە شوێنی تر پەیمانەی لە ساقی بۆ نەجات بوون دەوێ لە ئەرك و واجبەکان و بەو جۆرەی پێناسە کردووە. وەك ئەم بۆنەیە:

خەلاصیش دا پێت وە یەك پەیمانە      ئازاد بیت جە بەند بەستەی پەیمانە

٦ – بۆی گولاڵەی دەرد دڵبەر عەزیزەن

مەزەی تام خەم یاران لە زیزەن

بۆنی گولاڵەی دەردی دڵبەر عەزیزە (شیرین )و مەزەی تامی خەمی یاران بە تام و چێژە.

دنیای عرفانی و عاشقی مەولەوی جیایە و مەولەوی دەرکەوتەیەکی تایبەتە لە مەدرە سەکانی خۆشەویستی و عەشقی ئیلاهیانە دا، مەولەوی لە سازاندنی شاری سڕی خۆی دا کەمتر خۆی لە ئێمە و لە سروشت جیادەکاتەوە، ئەو تەریبانە لە گەڵ

شـەریعەت و تەریقـەت و ماریفـەت دا دەڕوات و لـە هەموویانـەوە حەقیقـەت پێناسـە دەکات، بۆیە ناتوانرێت مەولەوی بە سەریەکێك لەو چەمکانەدا ساغ کەینەوە.

ئەوەتا لەم بەیتەدا پێ ی خۆشە بمێنێتـەوە لـە نێوان بـەجێ هێنـانی واجبەکانـدا نایەوێت لە کۆتی (پەیمانی بەستوو) دەرچێت لەگەڵ حەبیبـەی نـازەنینی (عەنبـەر) و عبادەتەکانی خوای گەورە.

٧ – فریاد ڕەسیم کەر، نە جای گشت کەسم

مازە ئەو لەزەت بەرشۆ نەدەستم


بەهانەمەوە وەرەو بمگەرێ لە جێی گـشت کەسـم، مەیەڵە ئـەو چێژە لـە دەستم دەرچێت. چێژی غەم و دەردو ژانـی عەنبـەر و لـەزەتی بـەجێ هێنـانی ئەرکە عبادەتی یەکان.

٨ – احیام کەر وەجام صاف یەك مەنی

بەڵکو بمانوون پەی غەمێ هەنی

زیندووم کەوەو زیندویەتیم ڕاگرە، با بە جامی ڕۆشنی یەك مەنی، بەڵکو بمێنم بۆ غەم و دەردی تـر. مەولـەوی تـەماعکار و خۆپەرسـتە لـە دەردا هـەردەم تـەماعی بـەدەرد و خەمی زۆرە، لە نێوان فەسڵ و وەسڵ دا چێژ لـە فەسڵیش دەبات و حـەز بـە واجبات و ئەرك دەکات. بۆیە ناکرێت بۆ پێناسە و شوناسی دینی و پلەی عرفـانی مەولـەوی تـەنیا لە شیعرەکانەوە دیاری بکەین، چونکە ئـەزمونی شیعر ستاتیکی یـە و پـەل بـۆ زۆرشت دەبـات بـۆ جوانکـاری و بـەرە و ڕوگـە و قیبلـەی تـر ڕوو وەردەگێـڕێ.چـوون شـیعرو شیعرنووسـینیش بۆخـۆی جـۆرە مەسـتیەکە و مـەرز و بـوومی عەقیـدە ڕواڵەتیـەکان دەبڕێت. لە بەر ئەوە دەبێت بۆ شوناس و دیاری کردنی پلـەی دینـی و حـاڵ و وەزعـی ئـەو لـە شـەرع و مەزهەبـدا زیـاتر پـشت بـە کتێبـە زانـستی یـەکانی خـودی مەولـەوی ببەستین. چونکە لە شیعرەکانی یەوە مەولەویەك دەناسی سەرخۆشی سروشت و جوانی

و ژن و هاورێ و شایی و... هتد. و هەندێ جاریش گەورە لە شێخ و مورشیدەکانی بەڵام ڕەنگە لە کتێبەکانی تری دا وێنەی ترت دەس کەوێ بەجیا لەم وێنەیە.



## شیعری بیست و یەکەم

١ – ئیمشەو هەم دیسان دەروون پڕخەمەن

ئەساسەی ماتەم جەلامان جەمەن

ئیمشە و هەم دیسان دەروون پڕ لە خەم و کەسەرە و تفاقی ماتەم لەلامان کۆبووەتەوە. لە نێوان (خەمەن جەمەن) جیناس هەیە.هۆکارەکانی جیابوونەوە و دابڕان ومەجلسی ماتەم ئەمشەو جەمن. قۆناغی ڕۆح بەر لە ئادەم بوونی جیانەبوو. یەکەمین ئێشی جیایی بۆ ڕۆح هاتن و چوونە بەری ئادەمیەتی. بۆ خاکیش بوون بەتەنی ئادەمە.ئەوەسەرەتای فراقی تەن و گیانی ئێمە بوو.

٢ – نە تاو دووری دڵ بێ قەرارەن

بینایی دیدەم جەخەفەت تارەن

لە تاوی دووریا دڵم بێ قەرارە و بینایی چاوەکانم لە خەفەتا تاریکن.(کوێر بووم لە خەفەتی دووری و دڵ بێ قەرارە. لە ڕسالەی عیشقا هاتووە دووری لای مەولەوی زاراوەیەکی عرفانی یە و واتای قوولی هەیە سادەترین دووری دووری دۆستێکی خۆشەویستە، ئەو سا دووری یارێکی زۆر خۆشەویستە، ئەمجا دووری پیر و مراد و مورشیدێکی زۆر خۆشەویست و بەڕێزە، سەر ئەنجام دووری لە سەر چاوەی ئەوینی و هەستی (خودا) {ڕسالەی عیشق ل ٢٢٤}.

مەولەوی خەڵکی شاری عرفان و کۆڵانی پڕ شۆری موحیبەتە هەمیشە وەك عارفێك زاراوەکانی (هجر و دوری، وەسڵ و فەسڵ و لەیل و تام وجەم و جام، جەلاو، دڵ و ڕەشحە و مەی، سامعە و زەوق و شەوق و ناز و نیاز و ڕاز و سەیرو سەفا و نەوا و نەی و خەم و هەم و..هتد. ڕاڤەی عرفانیان هەیە. لە سەر زەوی پڕن لە ڕاستگۆیی و پاکیێتی بەرامبەر مرۆ و سرووشت. هەمووشیان لە گەردووندا مەلە پێ دەکات بۆ یاری هەمیشە و بێ وێنە. هەر ئەمەشە وای کردوە لە هەناوی دژەکاندا وەك یەکی لای مەولەوی دروست بووە.

یەکێوەن جەلام نزیکی و دووری وکەیفی و بێ کەیفی و شادی و مڕنجوری و مەیل و قین و جەریمە و خەڵات و وەسڵ و فەسڵ...هتد.

٣ – شریخە و گرمەی هەور دووری دۆس

وە فەنا بەردەن مەغز و ڕەگ و پۆس

شریخە و گرمەی هەوری دووریەکەی مەغز و ئاوەز و ڕەگ و دەمارو پێستمی بە فەنا بردووە.

واتە دووریەکەی دنیای منی داگرتووە و بەوێنەی زستانی تووشی (کوردەواری) مەجالی ئیش و چالاکییەکانمی کوشتووە.

من بەرچاوم نەکەوتوە لەو سەرچاوانەی لامە کە هیچکامیان بۆ (ئاماژەکانی وشەی (ڕەگ) چوو بن، چونکە مەولەوی زۆر جار یاری ماناو کلیلی کردنەوە دەخاتە سەر تاقە وشەیەك لە شیعرێکا و هەندێ جار دەیخاتە سە ریەك پیت و دەنگ، بۆیە دەبێت خوێنەر ووریا بێت و ڕاڤەکار ئەو جۆرە وشانە سادە و سەر پێی سەیر نەکات و بۆ کردنەوەی دەرگای مانای هەندێ بەیت پێویستن.هەر لە ڕێ ی ئەو جۆرە حاڵەتانەوە ئێمە دەگەینە دیدگای جیا و خوێندنەوەی جیا و دەوڵەمەند بۆ مەولەوی. لێرەدا کەمێ لە سەر (ڕەگ) دەڕۆین.ڕەگ، دەمار: جۆگەلەکانی خوێنن، کە مایەی گواستنەوە و جوڵەی ئۆکسجین و چالاکی یە کە خوێن لە دڵەوە دەگەینن بە بەشەکانی لەش.

دەمارەکان: دەلالەتی زیندوویی و ڕاوەستاوی زیندەوەرن و تەنانەت مانای ڕەگەز ڕاگرتن و تۆرەمەی مرۆڤەکانیشن.

ڕەگ،دەمار: لە مانای خوازراویاندا غیرەتی پیاوەتی (تۆوی نێریەتی) دەگرێتەوە وە لە ناو ئیدیۆمە میللی یەکەشدا (بێ دەمار) واتە نا پیاو لە ڕووی چالاکی سێکسی یەوە.(دەمار زل ) کەسێ بەفیز و لووت بەرز بێت و هەر خۆی بە پیاو بزانێت ئەمەش بێ عەقڵی دەکات و نزیکی دەکاتەوە لە کەر، کە خاوەن زلترین دەمارەو پێم وایە ئەو مانایەش لەو لێکدانەوە دروست بووە. ئەمە لە گەڵ (مەغز و ڕەگ و پوس) دا تەناسوێکی جوانی دروست کردووە لە خزمەت مانادا مەغز (ناو، کرۆك، مۆخ) لە گەڵ

خوێنی ناو ڕەگدا هۆکاری چالاکی مرۆڤن، کە دیارە من نامەوێت سێکسیانەی ڕووت و بانگەشە ئاسا بۆ سێکسانی بەیتەکە بڕۆم، چونکە مەولەوی بەو جۆرە گوتارە ناشیرین دەبێت. ئەمە جیا لەو مەبەستە کە بڵێین سێکس لە خۆیدا ناشیرینە، نەخێر، بەڵکو مەولەوی تەنانەت سێکسانی پیت و پیت و ڕستە و وێنە و دیاردەکانی کردووە. تەنانەت مومارەسە و جماعی خۆشی لە نێو کەژاوەیەکی سپی شەفاف و تەنك دا لە پرۆسەی شیعردا ئەنجام داوە بێ ئەوەی هیچ شیعرێکی ئێمە بوروژێنێت و توشی هەڵچونمان بکات، خزمەت بە ڕۆح و عاتیفەمان دەکات. لە لایەکی تریشەوە دەمانخاتە سەر ئەو ڕایەی لە سەر هەندێ شیعری هەڵوێستە بکەین و ڕەنگە لە وێدا بەرەو عرفان نەچێت بە مانا (دینیەکەی یان ئاسمانیەکەی). هەر چەندە سەرەتای بەرە و یار چوون بریتیە لە کوشتنی هەوەس و غەریزەکان بە هەوای سێکسیشەوە. بەڵام ماناکانی ئەم شیعرە ڕوویان لەو گوزەری وشك بوونە نەکردووە.

بۆیە ئەم بەیتە ئاماژەی هەست نەکردنە بە پیاو بوون لە ڕووی غەریزە و توانستی سێکس یەوە لە دوای عەنبەر ئاماژە سێکسی یەکان لای مەولەوی لە خزمەتی هەوەس پەرستیدا نین، بەڵکو دەچنە هەرزەلە فێنکەکانی زەریفی یەوە.بێجگە لەوە زۆرجار بە دەنگی بەرز یان ناڵەی کت و پڕ و چاوەڕێ نەکراو مرۆڤ زارەترەك بووە و تەنانەت ئەو باوەڕەش هەبووە لە کۆمەڵگاکەی مەولەوی دا کە هەندێ پیاوتوانستی پیاوبوونیان بە کارەسات یان ترسێك لە دەست داوە. پێم وایە مەولەویش مردنی عەنبەری بە گەورەترین کارەسات لە سەر خۆی حسێب کردووە، کە هێندە کاریگەری هەبێت مەولەوی بکوژێت. لە گەڵ ئەوەشدا درووست ڕاڤەی عرفانیش وەردەگرێت. یانی دەبێ بۆ شیعری مەولەوی لە یەك کاتا لە ئاسمان بنوارین و سەریش داخەینەوە بۆ زەوی.

٤ – شەرارە و گرپەی نار مەهجوری

کەردەن وە غوبار کۆگای سەبوری

تین و تاو و بڵێسەی ئاگری دووری کۆگای سەبووری و بوردە باریمی کردە تۆز و غوبار.

واتــه ســەرباری ئـەوەی هــەوری دوریـت جوڵـەی خـوێنی نـاو دەمـار و مـەغزی نەهێـشتم کۆگـای دان بـەخۆدا گرتنیـشی گرتـەوە سـوتانی و کـردی بـە تـەپ و تـۆز و خۆڵەمێشی سوتاو. گەرمرۆڤ ئازاییـەکی هـەبێت پیایـدا بنـازێ لـە دوای دووری ئازیزێـك دان بە خۆدا گرتن و ئارامیە. مەولەوی بە جۆرێ دوای عەنبەر تەفر و توونایان دەکات، دەیان کات بە تەپ و تۆز.

٥ – نه تاقەت مەندەن نه تۆی دەروون دا

نه لەیلیٚ مدیٚو وه لای مەجنون دا

نە تاقەت ماوە لە توێ ی دەروونـدا و نە لەیلێش لا ئەکات بەلای مەجنون دا.

شەرتی مەجنون بوون توانا و تاقەتی دەروونی یە بە دەست ڕەنـج و عەزابـەکانی لە یلێوە، وەك چـۆن بـە دەسـت مهرەبـانی یـەکانی یـەوە شادی، گـەر تاقـەتی مـەجنوون بوون لە دەروونـدا نـەما ئیـتر مانـا و مەبەسـتێك بـۆ لـەیلا نـی یـە، لـەم جـۆرە حاڵەتانـەدا ناکرێ خوێندنەوەکان تەنیا بەرەو یەك هەوار بەرین یان تەنیا ڕەنـگ و ڕوویـەکیان پـێ بدەین، چونکە توشی قۆرت دەبین.

لەبەر ئـەوە دەبێـت خوێندنـەوەکان لـە سروشـتی مـرۆڤ بـوونی خۆیـان و ژینگـەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەزەکەدا ببینین و هەمان ئەو پەیوەندیە لە سەر هەردوو تەورەی ستوونی و ئاسۆییدا بخوێنینەوە. ئەمەش بۆخۆی عەشقێکە کۆمـەڵگا جوانتر دەکات.

لەیلێ ناڕوانێت بەلای مەجنون دا، دەکرێت باوەڕهێنان بێت بـە حەتمیـەتی مـردن و بـێ سـۆراخی و نەگەڕانـەوەی مـردوو (چـوون ی لـەیل- مردنـی عەنبـەر)ە.کـە لـە خەیامـەوە تـا مەولـەوی مـەوضوعـە و پرسیاری ئاراسـتە کـراوە. مـەحویش مـردوو بـە سۆراخ کـەرێ سـەیر دەکـات کـە خۆیـشی بـێ خەبـەر دەکـەوێت. جارێکی تـر ئـەم بـەناز دیاکەی و لاکردنەوەی عەنبـەر نابینێتـەوە. پەیوەنـدی و هاوگری و مانـا بەخـشین بـەو دووانــە پەیوەســتە بــە یەکتریــەوە (مــەجنون) لــەیلێ مانــاداری دەکـات و وە بــە

پێـچەوانەشەوە، کـە لـەیلێ چـوو مـەجنون بـۆ بمێنێتـەوە. بۆیـە هـەر ئـەم مەجنونـە (مەولەوی)لە بەیتی دووایدا مردن دەخوازێت.بێوەی شاعرلەم بارەوە وتوویەتی دەڵێت:

لەیلێ تۆ مەردی مەجنوون مەندەوە

فەڵەك هەقۆ کێش جە تۆ(کێ) سەندەوە

٦ – یاخوا مەردەنی بۆ وە میهمانم

ئیتر نەوینوون دووری یارانم

یاخوا مردن بێتە میوانم و بمبات ئیتر دووری یارانم نەبینم.

تەربیەتی شیعرەکانی مەولەوی و تەبیعەتی کۆتایی شیعری مەولەوی بە تایبەت ئەوانەیان لەسەر تان و پۆی خەم و مەراق و مەیەنەت و دووری نووسراون کۆتایەکەیان یان بە هانای ساقی و مەی و مطرب و نەوا دێت کە زامنی ئارامین لە مانای ئێرەیانـدا و مردنە (ئارامی هەمیشەی) لە مانای ئەوێ یاندا، یان ڕاستەوخۆ و بێ هێما مەرگ،مردن، ناو دەبات، کە نەجات بوون دەگەیەنێت هەرزوو و تراوە ئازاری خودی مردن زۆر ئاسان و ساناتر و بێ ئێشترە لە چاو ئازارەکانی تەن و ڕۆح لە دنیادا.

٧ – بەڵکم خەلاصیم نە دەس دووری بۆ

بەو زووخ زامان نەشوون وەگڵکۆ

بەڵکو نەجاتم بێ لە دەس دووری و بـەکێم و برینـی زامـەوە نەچمە گۆڕ. دووری بە دوو ڕەهەندی دنیایی و قیامەتی بەکاربراوە، بەڵکو نەجاتم بێت لە دووری عەنبـەرو ئـازار و برینـەکانی، وە هـەم لـە برینـەکانی دووری (یـاری ئـەزەلی و سەرچاوەی ئـەوین (خودا) نەجاتم دەبێت، چونکە تا گەڕانەوە بۆلای خوا ژیان لە دەرد و مەینەتایە.

١ – ئیمساڵ نەو وەهار چوون خەزان سەرد

بەرگ وەرد باغ مەعدووم بەرد پەی هەرد

ئیمساڵ بەهاری نوێ (ئەوەڵ بەهار، سەرەتای بەهار) وەك پاییزی سەرد (پەڕی) گەڵای گوڵە باخی مەعدوومی (عەنبەر) وەران و بردی بۆ هەرد.

(وەهار، خەزان) سەرباری ئەوەی کە دژن مەولەوی بە یەکی چواندوون. ئەمەش یەکێکە لە شیعرەکانی شیوەنی عەنبەر کە د. ئەنوەر دەنوسێت سێ یەکی لاواندنەوەکانی مەولەوی بۆ خێزانیەتی لە ساتی مردنەکەیەوە (قازان قەتاران) و زوو دوای مردنەکەشی ئەم شیعرە و(دڵەی دڵ وە مەی) نووسیوە، کە کەش و هەوای هەردوو شیعرەکە لەیەك دەچن شاعر پاساوێکی یاسای سروشت و ژیانی مرۆڤ دەداتەوە و سەبووری بە دڵی خۆی دەدات. وە ڕەنگە لاوانەکانی دی دوایی نووسیبێ، چونکە زمانی هەڵچوونی ساتی کارەساتەکەیان نیە، هێمنتر و قوڵتر بۆ بابەتەکان چووە و بیری تیژ و ئاسۆی بەرینی هەست ڕونتر تیایاندا دیارە{لیریکای...ل١٤٩-١٥٠}.

گەر ئەم شیعرە بدەین بە گژ شیعری (ئاماوە وەهار وەهاری شادی)، ئەوە دەگەینە ئەو قەناعەتەی بەهاری شادی ساتی بەیەك گەشتنی مەولەوی و عەنبەرە. چوون درووست کەش و هەوای ئەم شیعرە پێچەوانەی شیعری(ئاماوە وەهار)ە.

٢ – مشیۆ تاڵەی من خیلاف ئەنگێز بۆ

وەر نە کەی کێ دی وەهار گوڵ ڕێز بۆ

ئەبێ بەخت و ناوچاوی من پێچەوانەی (هات) بێت، پێچەوانە بیهێنێ، دەنا، کەی وکێ دەیوویەتی بەهار گوڵ بوەرێنێ واتە بەهار خەزان بێت.

دەبێت عەنبەر بەهار مردبێت. فازڵ کەریم ئەحمەد (جعفر) بۆ هەڵهێنانی مەتەڵی عەنبەر شوێنێکی باشی هەڵگرتووە و بە شیعرەکانی شینی عەنبەرو وەسفەکان

و بەیەکا گرتنی (بەهار و محرەم و...هتد نزیك بوەتەوە لە مەقسەد و پێش ساڵی ١٨٧١ ی بۆ مەرگی عەنبەر داناوە. بەبەرکەوتنی بەهاری کوردی و محەرەمی عەرەبی{مێژووی بیری کوردی –فازل کریم ل١٤٣-١٤٦}، بەلام بە پێی کتێبەکەی (انطون بشارە قیقانو) موحەرەمی ساڵی ١٢٨٩ کۆچی رێکەوتی بەهاری ساڵی ١٨٧٢ دەکات{ساڵانی کۆچی و زایینی.و.محمود حاجی رحیم چ ٢ ل٦٨}بە هەر حاڵ، مەولەوی چەسپاندویەتی کە عەنبەر لە بەهاردا مردووە.وە ئەتوانین شیعری(ئاماوە وەهار وەهاری شادی) بە چوونە ناو کەژاوەی ژن و مێردایەتی مەولەوی و عەنبەر بزانین. یان هیچ نەبێت بیکەینە چرای ئەو رێگەیە.

٣ – دڵ وە گێج بازی چەپگەرد بازیش وەرد

جفت ئارەزوو کەرد، چەپگەرد تاق ئاوەرد

دڵ بەگزی کردنی چەرخی چەپ یاری دۆڕاند (بازیش وەرد پێچەوانەی بازیش بەرد) دۆڕانەکەش ئەوەیە کە دڵ ئارەزووی بە جووت بوو، بەلام چەپگەرد تاکی هێنا.

(تاقمان جووت) یاریەکی فۆلکلۆری یە لە هەوراماندا زۆر باو بووە (شاردنەوەی شتی تاکو جووت لە مشتاو بە نوقاوی پیشانی بەرامبەرەکەی ئەدەی بۆ هەڵهێنانی تاکو جووتەکە لەکام مشتایە). وە دەشێ یاری تاوڵە بێت کە زۆر جار جووت هێنان بە ئارەزووی دڵە، بەلام تاك پێچەوانەیە، کەواتە دڵ لەگەڵ چەپگەردا یاریان کردووە.

چەپگەرد بەگزی کردن یاریەکی بردووەتەوە و دڵ یاریەکەی دۆڕاندووە، لەمەحاڵی هەورامان و پاوەدا بە یاری دۆڕاند دەڵێن خوارد... ئەوەندە خاڵی خوارد یان گۆڵی خوارد لەوێنەکەدا (جفت×تاق) دژیەکن وە لەف و نەشری مورتەبیشە جفت بۆ دڵ تاق بۆ چەپگەرد.

٤ – بۆی عەنبەر نەتۆی دەماخم دوور کەرد

فرسەتش ئاوەرد هەوای وەبای دەرد

بۆنی عەنبەری لەسەرم دوور خستەوە (دەماخ) هەستی بۆن کردن لە رێڕەوی لووتەوە تابەشی تایبەتی مێشك بەهەست کردن بە خۆشی یان ناخۆشی بۆنەکە من

بۆیە سەرم دانا لە گەڵ مەزاجی کوردیدا بۆ هەستی بۆن زیاتر لە بارە وەك بۆنی خۆش پیاو سەرخۆش دەکات (بەبۆنی خۆش بمکە سەرخۆش) وە (سەر بێ سەر دەکات ) کنایەیە لە بۆن پیسی.

هەوای وەبا: گڕەی تاو و یاوی تاعوون کە دیارە عەنبەر بەو نەخۆشی یە مردووە.

تاعون: نەخۆشیەکی پیس و کوشندەیە، مەولەوی تەرکیبی (هەوای وەبا)ی بۆ ڕامالینی بۆنی خۆشی عەنبەر لە دەماخدا دروست کردووە، هەربەوەش تەوریەکەی سازاندووە لە عەنبەری خێزانی دا بۆنی عەنبەریش هەیە. گەورە و ڕابەرم بەهەشتی مەلا عبدالکریم عەنبەری بەگیای بۆن خۆشیش ئاوردووە. من بۆ خۆم لە فەرهەنگاندا نەم دیوە، بەلام بۆ بەیتەکە دەست ئەدات لەوەوە بای وەبا پێچەوانەی (بای وادە) بێت. بای وادە شکۆفە و خونچە دەکاتەوە و سروشت دەخاتە پێکەنین، بای وەبای دروستکراوەکەی مەولەوی عەنبەری پەژموردە کردووە ماموستا حەکیمیش لە کتێبەکەیدا بۆ ڕاست کردنەوەی ووشەی (عەنبەر) ماکی بۆن خۆشی هەناوی ماسی داناوە.

٥ – نەی چی! وە بێ بەزم یارانی جانی

کام سەفا مەندەن پەی زیندەگانی

نەیچی بەبێ بەزمی یارانی گیانی، کام جێ ی خۆش ماوە بۆ ژیان.

سەفا کەیف کردن لە جێ ی دلڤڕێن و خۆشا. ئەم بانگ کردنە لە نەیچی و ئەو پرسیارە پڕ لە سەرسوڕمانە بەو داڕشتە سادە و بێ غەل و غەشە، بێ ئەوەی مەولەوی سوالی سۆز و بەزەیی و خێرمان لێ بکات. ئێمە لە بەر محرابی بەیتەکانی دا ڕادەگرێ. کاتێ کە یارانی گیانی عەنبەر و هاوڕێ ئازیزەکانی تریشی دەگرێتەوە، چووبن و بێ جێ کەوتبن، مەگەر ئیتر بە بێ بەزمی ڕابواردن لەگەڵ ئەواندا، چ سەفایەك ماوە.یارانی ئەشکەوت(اصحاب الکهف)دوای زیندووبوونەوەیان کە دەبینن دۆستان و خۆشەویستانیان نەماوە،دوعای مردنەوە دەکەن.مەولەویش ئەم پرسە دەوروژێنێت، نەیژەنی بەیتەکە دەخاتە بیری داهێنانێ بۆ ژەندنی نەوایەك بەدڵی ئەوساتەی مەولەوی، کە توانای مەرجەکانی بەیتی کۆتایی یەکەی هەبێت.

نەی چی بەهێمای دەسەڵاتی خوایە لای فریشتەی مەرگ کە دەلیلی گەیاندنەوەی ئێمەیە لە دوا بەیتا زیاتر لەسەری دەڕۆین.

٦ – چوون مەزاق تاڵەن جە گردین لاوە

بۆ وەشیرینی یەك دوو نەواوە

چونکە مەیلی سوحبەت و شۆخی و گاڵتە لای هەموو کەس و لە هەموولایەکەوە تاڵە، خۆت وەرە بەشیرینی یەك دوو نەواوە (ئاوازە)وە. لە باسی مەرگی عەنبەردا،بەیتەکەی بردوەتە ژێر سێبەری ئەم ئایەتە{ كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ الْمَوْتِ } .

ڕاستە (مەزاق) واتە تام و چێژ و هەستی چەشتن، بەڵام لەم شوێنەدا ناکرێ بەتامی تاڵی دەم ڕاڤە کرێت وەك کە کراوە{دیوان ل٦٦و وەرگێڕانەکەی ئەردەڵانی ل١٢٩} . چونکە مەولەوی دەیەوێت بڵێ بەمەرگی ئازیزانی لە هەموو لایەکەوە (بەزم و مەجلسی شیرینی نیە) کە دیارە سوعبەت لەگەڵ یاراندا شیرینە، دنیا تاڵ بوون لای مەولەوی لە بەیتی پێشوودا سەرەتاکەی دەرکە وتووە، بریتی یە لە ژیان (بەبێ بەزمی یارانی گیانی) لەو جۆرە کات و ساتەی کە لە هەموو لایەکەوە تاڵی یە، کەیف و سەفا جێ ی نیە و شیرین ترین شتێ کە هەبێ (مەرگی مەولەوی) یە لە سەردەستی نەی چی و بە هۆی نەوای نەیەوە.(دوانەی ژیان و مردن)بە شیرینی وتاڵی گوزارشتیان لێ کراوە بەڵام جێگۆڕکێ بە شوێن و وەزیفەیان کراوە.

وە هیچ ئاماژەیەك بۆ دەم نیە لە شیعرەکەدا تا مەزاق بە تاڵی دەم لێکبدەینەوە تەنیا لەبەر دژیەك (شیرین×تاڵ) ناکرێت بیرمان بۆ چەشتنی تام بچێت، بەو جۆرەش کە بیستوومانە گیان لە لووتەوە دەردەچێت کە هەر لەبەر ئەوەشە پیرەمێرد بەم جۆە ئەو بەیتەی وەرگێراوە کە لەوانی تر بۆ (مەزاق) باشتر بۆی چووە.

عەیشم پێ تاڵ بوو لە هەموو لایێ تۆ بەشیرین یەك دوونەوا یێ.

## ٧ – یەکێ یەکجاری تاونۆمەوە

### ئەو یەك لاونۆم یاونۆمەوە

نـــەوا یێکیـــان یـــەکجاری و بەتـــەواوی بمتوێنێتـــەوە، ئـــەوی تریـــان بملاوێـــنێ و بمگەێنێتەوە، سودی لە نازناوەکەی خۆی وەرگرتووە. توانەوەی یـەکجاری لەمەعدومـەوە نزیکە.

بە بڕوای من ئـەم بەیتـە پێویـستی بـە قـسە و ڕاڤـەی زیـاترە، چونکە بـە دەوری هەردوو چەمکی (ژیان و مردن)دا دەسوڕێتەوە ڕاڤەکان و تەرجەمەکان بەوە ڕازی بـوون کە نەوایەکان بیمرێنێ و نەوای دووەم زیندوی کاتەوە، بەوێنـەی قیامـەت و دوای نـەفخ بۆ مراندن و ژیانەوە. سەرەڕای ئەو مانا و ڕاڤەیە دەکرێ بـەجۆرێ تـریش لـەو وێنـەیـە بڕوانین، چونکە مەولەوی بمرێت و بەنەوایەکی تر زیندوو بێتەوە لە خزمـەتی بنیـادی شیعرەکەدا نیە و هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت (مـەزاق تـاڵی و بـێ یـاری) بـە بـڕوای مـن چیرۆکی دروست بوونی ئادەم وفڕێدانیان بۆ سەر زەوی و فەلسەفەی گەڕانـەوەی ڕۆح و بەخاك بوونەوەی جەستە دەکرێت لەبەر ئەم بەیتەدا بخوێنینەوە.

پەیامی ئایینە ئاسمانیەکان و هەرسێ کتێبی پیرۆز (قورئـان، ئینجیـل، تـەورات) و ئەفسانەی گەلانی سۆمەریش ئەوەمان بۆ دەردەخەن بوونـەوەران و خیلقـەت لـە ئـاوەوە دروست بووە و مرۆڤیش لە قوڕ (خاك ی بە ئاوشێلراو){مێژووی تەبەری و.زانەرمحمدل٦٦-٧٤} لـە هـزری دینـی ئاریایەکانیـشا تـا بەزەردەشـت و دواتـریش کـەلتوری دینـی یارسانەکان چـیرۆکی دروسـت بـوونی مەشـیە و مەشـیانە (ئـادەم و حـەوا) نزیکـە لـە پـەیامی سـێ کتێبەکە، بەڵام دەرئەنجام و کۆتا بوونەکەی جێگەی سەرنجە.

خودای گەورە فریشتان ڕادسپێرێ بۆ هاوردنی بەشێ لە خاك بۆ تەنی (مرۆڤ) ئەو بەشەی خاك نـاڕازی یـەو{مێژووی وێژەی کوردی ب ١ ل١٠٩} بـە خـودا ئـەڵێ توانـای بوونـە مرۆڤم نیە و لـە (گـشتم) جیـا مەکـەرەوە واتـە جیابوونـەوەی بـڕە خاکـە کـە لـە بەشـە گەورەکە.

خاك حاشا مەکەرد مەگرەڤا شیڤەن    ئامانەن تاقەت ئادەمیم نیەن

خودا پەیمان و بەڵێنی دەداتێ کە بیگەڕێنێتەوە ناو خاك و جەستەبکاتەوە بە خۆڵ (مردن وەفا کردنی خودایە بە پەیمانەکەی) دوای دروست کردنی تەنی یەکەم (مرۆڤ)کە هەرگەردێ لەو خاکە هی شوێنێکە بۆیە بیر کردنەوەو ئەندێشەی عرفانی سنوور بەزێنە. خودا بەشێ لە ڕۆحی خۆی ئەمر پێ دەکات بچێتە ناو تەنی ئادەمەوە ڕۆح مان دەگرێ و بەخودا ئەڵێ دام مەبرە لە خۆت و توانای ئارام گرتنم لە جەستەی مرۆڤدا نیە، خودا بە میوزیك ڕۆحەکە دەکاتە بەری ئادەم (مۆسیقا خۆراکی ڕۆحە) دەچێتەوە سەر ئەو چیرۆکە، وە پەیمان بە ڕۆح دەدات کە دواجار بگەڕێتەوە بۆلای خۆی، گیان کێشان وەفای خوایە بۆ ڕۆح.

عەشق واتە خودا و مەرگ واتە دڵۆپێك لەم عەشقە دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکەی{عاشقانه وتەکانی پاولۆ کۆیلۆ.و.یوسف محمدو کارا فاتیح.هەولێر ٢٠٠٦}

ئەم چیرۆکە و ڕێزگرتنی خودا لە ئادەم و داوا کردنی سوجدە بردنی فریشتەکان بۆ مرۆڤ لەو دڵ ڕاگرتنەی ئادەمەوە هاتووە کە ئەمە کاری لە هزری سۆفی یە گەورەکان کردووە و فەلسەفەی (وحد الوجود) و (دوناودون) و خودا لەشێوەی مرۆڤ دا لەو جۆرە تێ ڕامانەوە دروست بووە لەو بارەوە پیرشالیاری زەردەشتی دەفەرموێ:

| | |
|---|---|
| من وەی دەردەوە من وەی دەردەوە | تاکەی بناڵم من وەی دەرد |
| زوان وەلاڵە و چەم وە پەردەوە | دانەی زەرد تاکەی هاوەگەردەوە |

بۆیە ناکرێت کورد لەو جۆرە دەرکوتەفسە ڕۆحی و تێڕوانینە عرفانی یە، یان سۆفیزمە دەرکەین، بەڵکو بڕوا بوون لای هەندێ عارف و ڕابەری ڕەچە دینی یەکانی (یارسان، نەقشبەندی) بە توانەوەی مرۆڤ لە خودا یان ضهوری خودا لە شێوەی بەشەردا، هەیە، بەلام دەرەتان و حەرام کردنی ژیان و هەناسە لە پانتایی سۆفێزمی ئیسلامی لەسەر گەندەڵ کاریەکانی شەریعەت بە صۆفی یە عەرەبە هاوزمانەکانی خۆیان ڕەوا نەبینراوە و شمشێر خراوەتە ملیان، بۆیە سۆفی یە کوردەکان پەنایان بردوەتە بەرهێما کاری و تەنانەت من پێم وایە دەوڵەمەندی کلتوری یارسان و زمانی نووسراوی گۆران لەوێوەیە کە تێگەشتنی بۆ ئەوان زەحمەت بووە، کەمێ بیروڕا

سۆفیزمەکانیان پاراستووە، هەمتر پێم وایە هێماکاری و مەجازی زمان و نەوتنی سرِی مەستی جۆرێکە لە خۆپارستنی کوردەکان لە هەرِشەی سەلفیەتی شەریعەت و ظاهریەتی حکومەتی خەلافەت. وە من وەك بیروراِی خۆم پێموایە، ئەو سرِنەکردنی فاشەو نهێنی پاراستنی لای یارسانەکان و تەنانەت پاراستنی سرِی حالّ لای هەندێ لە شێخانی نەقشبەندی لەو بیرە سۆفیەوە سەرچاوەی گرتووە.کە عەشق شاراوەیە تەنانەت خۆشی ئەو سرِە رِەنگە ئەو لادانە بێت لە شەریعەت، لەتیف هەڵمەت بە رِەهایی دەڵێت کورد سۆفی نیە بە برِوای من ئەم قسەیە دەکاتە ئەوەی بڵێی کورد لە ئادەم نیە(مرۆڤ نیە)ئەو کە دەڵێ کورد سۆفی نیە بەو مانایەی لە ژێر سێبەری شەریعەتدا نەبێت، یان بەو تێگەشتنەی کە سۆفیزم ئیلحادە، چوون دڵنیام لە رِووکاری ئەو ووتە زایانەش تێگەییوە کە لای خۆی کردوونیەتە نموونە و لە رِەهەندە عیشقیەکەیان باش تێ نەگەییوە. تۆ بێژی پاولۆ کۆیلۆش نەقەشبەندی بێت کە دەڵێت: سەرئەنجامی شەریعەت عەشقە.{خوێنەر دەتوانێ لە عاشقانەو عاریفانەی کۆیلۆ برِوانێت} کەواتە نابێ دەرگا داخەین و برِیاری یەکلاکەرەوە بدەین، چونکە ئەدەبیاتی گۆران بەگشتی و کلتوری ئاینی یارسان و هەقەکان زۆری بە بەرەووەیە بۆ باس و خواس، من لە کەوانەکەی کاك لەتیفیش تێ دەگەم کە شیعری کوردی نێو ئەندێشەی ئاینی ئیسلامی مەبەستە، نەك دەرەوەی، واتە نەك کوردی ناموسڵمان{سۆفی وسۆفیگەریتی لەتیف هەڵمەت ل١٣٥-١٤٦}

هەر لەم سەرچاوەدا ل١٨ دا سەبارەت بە مەولەوی کاك لەتیف هەڵمەت دەنووسێ بە سەرجەمی دیوانە چاپکراوەکەی مەولەوی دا چوومەوە و ئەوەم زیاتر لە لاچەسپا کە مەولەوی گەورەترین شاعری رِۆمانسی کوردە و رِەنگە لە رِۆژهەڵاتی ناوەرِاستدا هاوتای کەم بێ، بەڵام بەداخەوە هیچ شیعرێکی سۆفیگەریم لەلای مەولەوی بەدی نەکرد و ئەوەی کە لێکۆڵەران وعاشقانی شیعری مەولەوی ناویان لێناوە شیعری تەسەوف... شیعر گەلێکی ئاینی و خواناسین و هیچ پەیوەندیەکیان بە تەسەوفەوە نیە و.. شیعری یەکەمی دیوانەکەشی بە نموونە هێناوە. کە ئەمە رِایەکی تازە نیە و بەر لە کاك لە تیف هەڵمەت مامۆستا حەمە کەریم هەورامی لەژێر ناونیشانی (هێما سازی لەناو شیعرەکانی مەولەوی دا) لە لاپەرِە ١٣٨ ی مهرەجانی مەولەوی دا تێبینی (٢) زۆر

بەخەستی و زیرەکانە دەری بڕیوە و داواش لەوانە دەکات کە لە مەولەوی دەکۆڵنەوە ورد و لەسەر خۆبن.. کە نۆ ساڵ بەر لە کتێبەکەی کاک لەتیف چاپ بووە هەق دەبوو قسەی خەڵك بەناوی خۆی نەکاتەوە یان گەر بێ ئاگا هەمان سەرنجی هەبوو بیوتایە منیش هاوڕای سەرنجەکەی حمە کەریم هەورامیم !

د. ئەنوەریش ڕایەکی جوانی دەربڕیوە کە دەڵێ توێـژاڵێکی سۆفیانە سەرجەمی شیعرە لیریکیەکانی مەولەوی گرتووە ل٩٠ مهرجان، بەلام مەولەوی نەهاتووە شیعرەکانی بکاتە فەرهەنگێکی پڕ لە زاروە شیعری بخاتە دوای بیرە سۆفیەکانی.

هەرچەندە مەولەوی خۆی خستۆتە ژێر هەردوو باڵی شەریعەت و تەریقەتەوە، بۆ ناسینی حەقیقەت وە هەندێ جاریش پشت بە ماریفەت دەبەستێ... کە دیارە ئەمە کاری سۆفی نیە و کاك لەتیف و مامۆستای هەورامی باشی بۆ چوون، وە عەقیدەی مەرضیە کەی بەسە بۆ ئەوەی کە خودی مەولەوی نەیویستووە سۆفی بێت، بەڵکو دانا و فەقیهە لە علم و شەرعا و شاعرێکی شەفاف و تەڕە لە شیعرا و دیدگای دینی مەولەوی دیدێکی قەدر گرتووی مرۆڤانەیە و شەفاف و ناسك و مهرەبانە لە تەنی هەمواندا ڕۆحی خاوێن و چوون یەك دەبینێ. ئەمەش چوونە بۆشاری پشت دەریاکان، شاری پەنهان و عرفانی دەریا دڵەکان کە لە شیعری کۆتایی سەدەی بیستدا لای سهراب بە خەستی دەرکەوت و سهرابی کردە ئەفسانە.

بەندە لە سەر مەزاری پیرۆزی چەند دیدگایەکی جیاوازم خستە ڕوو لە ساڵی (٢٠٠٦)دا و پاشتریش لە گۆڤاری هەورامان ژ(١١) دا بڵاو کراونەوە. وە زۆر پێشتریش لە مانە ڕێزدار ئەمین نەقشبەندی سەبارەت بە صۆفی گەری مەولەوی لە مهرەجانی (١) مەولەوی دا لە ل ١٤ دەڵێ: گومانی تیانیە مەولەوی صۆفی مەسەلەك بوو، چونکە هەربەوەی کە موریدی شیخ عوسمان سراج الدین ئەوە خۆی بەڵگەی صۆفی بونیەتی، لەگەڵ ئەوەشا لەگەڵ ئەو هەموو پەیوەندەشا لەگەڵ زانیاری ئیسلامی و شیخ و مەلا و صۆفی دا ناتوانم بڵێم مەولەوی گیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ صۆفی گەری، چونکە ئەگەر بڵێم دیوانەکەی ئەڵێ نا، ئەڵێ نا من هەمەڕەنگم، کە ڕاکەی کاك ئەنوەر و لەتیف هەڵمەت و هەورامی لەم ڕایەوە لە دایك بوون، بەلام سەبارەت بە تەواوی شیعری

کوردی، جورنەتی ڕای یەکلاکەرەوەی لەو چەشنەی مامۆستا لەتیف هەڵمەت زەحمەتە، چونکە سەرچاوە تۆز لێ نیشتوەکانی ئێمە و بەیازی پێشینانمان تا ئێستاش لە تاران و بەغدا و ئەستەنبوڵدا زیندانن... وە ڕەنگە لە کوێرە دێی یەکی کوردستانی گەورەشدا ئێمەش حەللاج و ابن کوردیمان هەبێت. بۆ مەولەویش دیسانەوە دەڵێم، خوێنەری ورد دەزانێ مەولەوی خۆی لافی کامڵ بوونی و شهود و فەنای لێ نەداوە و خۆی بە ئوستاد نەزانیوە، بۆیە پێویست بوونی بە پیر و دەلیل و ئاوێنەکان دووپات دەکاتەوە.

بۆ ئەوەی بچینەوە سەر ڕاڤەی بەیتەکەی مەولەوی بە بڕوای من دوو ئەواکە یەکیان بۆ بەخاك بوونەوەی جەستەیە، کە دەڵێ بمتوێنێتەوە دووەمیشیان بە ئاوازی میوزیك تەسلیم کردنەوەی ڕۆحە بەخودا.کە هەردوو حاڵەکە (جێ بەجێ کردنی پەیمانەکە یە لە نێوان خودا و بەندەدا).نامەوێ بێژم مەولەوی بڕوای بەزیندووبوونەوە نیە. نەخێر بەڵکو ئەو پێناسەی بۆمردن و ژیان لەتێگەشتنی ئێمە بەرزترە و مردن بە ژیانی ڕاستە قینە و چوونەوەی دڵۆپە بۆ دەریا چوون ژیان بە تکە هەڵگۆزینی ئێمە زیاتر هیچ نەبوو.ئەمە هەرلای مەولەوی وانیە لای هەموو ئەو قەترانەی بەرەو دەریا ڕێیان گرتی یە وە هایە. ئیتر هیچ باس و ئاماژەیەك بۆ زیندوو بوونەوە نیە لە وێنەکەدا، چونکە (یاونۆمەوە) واتە بمگەێنێتەوە، گەڕانەوە بۆلای خودا ﴿إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّـــا إِلَيْهِ رَاجِعونَ﴾ گەڕانەوەی ڕۆحە لە کرداری مردندا، چونکە توانەوە و (مردن و زیندوو بوونەوە) بۆخۆی جۆرێکە لە عەزاب بۆ ئەوشیعرە، چونکە زیندووبوونەوەی نەجات نیە بۆ مەولەوی بنیادی شیعرەکە (تان و پۆکەی) کۆستی عەنبەرە.

## ١ – ئایینەی کامڵ ئازیزەکەی فەرد

## فیدای ئامات بم صەفاییت ئاوەرد

ئەم قەسیدەیە لە پێشوازی شێخ بهاالدین کوڕی شێخ عوسمانی سراج الدینی تەوێڵەدا وتراوە.

ئاوێنەی تەواو پاك و بێ گەرد و ئازیزی تاك و تەنها.... بەسەر گەردی هاتنت بم. خۆشبەختیت هێنا.

(ئاوێنەی کامڵ) لە دیوانەکەدا ئەمەندە ڕاڤەی بۆ کراوە.(ئەی کەسێ کە وەك ئاوێنەی بێ گەرد وایت، بۆ وەرگرتنی شێوە و خو و ڕەوشتی باوکە پێ گەیشتووەکەت) گەر بە پێ ی ئەم ڕاڤە بێت دەبێت ئاینەی کامڵ شێخ بهاالدین و ئازیزەکەی فەرد شێخی سراج الدین بێت. وە ڕەنگە ئاینەی کامڵ (شێخی بهاالدین) مورشیدی کامڵ بێت یان (ئایین) دەستور و ڕەسمی تەواوی تەریقەت بێت، دەگونجێ (ئازیزەکەی فەرد) خوا بێت... و ئاینەی کامڵ (بهاالدین) عەکس کەرەوەی جیلوەی تەواوی خودایی بێت. گەر (ئازیزەکەی فەرد) شێخ عوسمانی سراج الدین بێت ئەوە (مەولەوی) بە تەواوی دان بەوەدا دەنێت کە سراج الدین (سۆفی)یە و چووەتە ڕیزی ئەو سۆفیانەوە کە تەواو سەرکەش و یاخین لە دەسەڵاتەکانی ڕواڵەت و ڕواڵە بازی، وە ئاینەی کامڵ (بهاالدین) دروستکراو و تالیمدراوی ئازیزەکەی فەرد دەبێت. ئاینە بە مرادیش دێت واتە دڵی مرۆڤی تەواو.

مامۆستا هەژار لە سیلسیلەی نەخشبەندیەدا بۆ ئەو دووزاتە فەرموویەتی:

بەحەققی حورمەتی عوسمانی سانی

کە فەزڵی ئەو مەگەر بۆ خۆت بزانی

موعەتتەر بوو لە وێڕا قاف هەتا قاف

چ باغێك دی گوڵی وا جوان و شەفاف

دەستی قودرەت بە فەییازی چەقاندی

هەوای سافی تەوێڵە پەروەراندی

بە حەققی گەوهەری یەکتای بەهادار

بەهائودیین محەممەد دڵ پڕ ئەنوار

فرێی دا هەر شتێ چەوت و چەوێڵە

موزاعەف زیادی کرد نرخی تەوێڵە

{سیلسیلەی نەخشبەندی.رەحمان میسباح قازی چاپی یەکەم ئینتیشاراتی سەلاحەدین ل ٣١}

وە مامۆستا مەلا ئەحمەدی نۆدشی دۆست و هاوڕێی مەولەوی و متمانە پێکراو و بادەنۆشی مەیخانەی تەوێڵە بۆ زاتی شێخ عوسمان فەرموویەتی.

بە پیر ما سراج الدین کە بنهاد

بنای عاشقی را سخت بنیاد

بە ان صبح ا مید مستمندان

بە ا ن درمان درد دردمندان

بە ا ن شاهنشهە ملك معانی

بە ا ن دانای اسرار نهانی

بە ا ن دریای امواج حقیقت

بە ا ن سردار ا فواج طریقت

{سیلسیلەی نەخشبەندی ل ١٣}

٢ – خەیلێن گەرد پات نە دیدەم دوور بێ

یانەی چەم وێران تەمام خاپوور بێ

دەمێکە گەردی (تۆزی) کەوشەکانت دوورە لە چاوەکانم و مالّی وێرانە و بە تەواوی تەپیو و (دارماوە).

ئەو ماوەیەی کە شێخ بهالدین لە حەج بووە، جارێکیان شێخی بهالدین لە خزمەت سراج الدین دا دەپرسێ (باوکە ئەوە چۆن دەکرێت کەسێ بچێت بۆ حەج و لە جێ ی خۆیدا نەجولاّ بێت، باوکی دەفەرموێ زووە بۆ ئەو پرسیارە لە (حالّ) و تۆ منالّی، دیارە زۆر دوو بارەی دەکاتەوە، ئەویش چاوی پێ دا دەخات و دەیخەوێنێت، پاش کەمێ خەبەری دەکاتەوە و دەفەرموێت چیت دی. بە کەمێ سەرسامی و دلّە ڕاوکێوە دەفەرموێ بابە من بینیم بەردە ڕەشەکە (کعبە)ی پیرۆز بەدەروی تۆدا دەسوڕایەوە، سراج الدین دەفەرموێت من عەرشی خوام یان دلّی من عەرشی خوایە، ناوەڕۆکی ئەم سەرگوزەشتە یە کە ئامانج تییدا شلّەقاندنی گۆمی ئەندێشە و بیرکردنەوەی ڕۆشنە. لای مەولانا و شەمس و لای مەولانا خالد و کابرای ناو کابە و ڕەنگە هاوشێوەی لە دورگەکانی فۆکلاندیش هەبێت. چوون ئێمە یەك خاك و یەك ڕۆحین. هەموومان خەلّکی یەك شوێن بووین و ئێستاش هەریەکە و غەریبی شوێن و گۆشەیەکی ئەم وێرانەین.حافز ئەمە شەکەر ڕازانە بەیان دەکات:

فاش میگویم و از گفته خود دلشادم

بنده عشقم و از هردو جهان ا زادم

گایر گلشن قدسم چه دهم شرح فراق

که درین دامگه حادثه چون ا فتادم

من ملك بودم و فردوس برین جایم بود

ادم اورد درین دیر خراب ابادم

{حافز- لیمودهی ل٢٢٥-٢٢٦}

ڕەنگە لە دوای ئەو بەزمی قال و حاڵەوە بێت ئەم تێگەشتنەی لێ کەوتوەتەوە کە سەردانی تەوێڵە و بیارە، بە حەج بشوبهێت.

خەڵکە بۆ ناچن لە بۆ ڕەوزەی بیارە بۆ تەواف

خاکی وەك خاکی بەقیعە و ئاوی ئاوی زەمزەمە. بێخود

سەرگەشتە مەبن هەروەك پەروین و ستارە

بۆ ئەهلی خیرەد خۆ نی یە لازم بە ئیشارە

هەرکەس دەیەوێ عەفوی خودا عومری دووبارە

ئەمرۆ بە یەقین کەعبەیی حاجاتە بیارە

مەعلومە کەوا طوری موناجاتە بیارە شێخ محمد عوسمانی سراج الدین:

هەر لەو شیعرەدا بیارە بە (کانی کەرامەت و جێگەی ئاوات و بەحری فیوظات و شاهی مەقامات و مەتلەعی ئایات و.. ناودەبات. وە دەشێ لە (یانەی چەم)، دا بیرمان بۆ خانەقای تەوێڵە بچێت کە لە سەر چەمی تەوێڵەیە و کاتێ شێخی لێ نیە وێران بێت.

٤ – خاس بی تەشریفت هەم ئاوردەوە

گەرد پات وەتەن ئاوا کەردەوە

باش بوو دیسان تەشریفت هێنایەوە و تۆزی پێت نیشتمانی (چاوەکانی ئاوا کردەوە بێجگە لە خۆشەویستی (نێوان مەولەوی و شێخ کە تۆزی کەوشی سورمەیە لای) دەکرێت بڵێین وەتەن خانەقایەوە گەڕانەوەی شێخ ئاوەدانی وڵاتە، کاتێ لە چاوی مەولەوی گەردی پا دوروخەینەوە هەرچەندە ئەم مانایە لە بارترە، بەڵام لە ئاوەدان کردنەوەی زۆرێك دا (وەتەنی فراوان) بە کەمێك (گەردی پا- تۆز) بێ بەش نابین لە ستاتیکای شیعری مەولەوی (تۆزێ لە کەوشی پای شێخ، نیشتمان ئاوەدان دەکاتەوە).

٥ – ساقی ئینە بەزم وەسڵ یارانەن

چەرخیچ هەر ئەو چەرخ هەردە جارانەن

ساقی (شێخ بهاالدین) ئەمە بەزمی وەسڵە (شاد بوونی عاشق و مەعشوق کەیل بوون لە مەیلا) بەزمی پێگەیشتنی یاران، لەنێوەی دووەمدا (واتە مەیخانەی عیشقیش هەرجمەی دێ و بەردەوامە لە مەجلسی وەك جاری جاران... واتە دوای سراج الدین، و سەردەمی بهاالدین (چۆن چەرخ هەروەکو جاران دەسوڕێ) خانەقاش هەربرەوی هەیەو، با دەنۆشانی لێ نەبڕاوە، بۆیە ساقی بچەرخێ و دەوربدە و هەر وەك جاران ئێمە بادە نۆشی مەیخانەی عەشقی نێوەین.خانەقای تەوێڵە لەکاتێکا بوەتە مەکۆی حەقیقەت،مەولەوی لە گەشەو گەرمەی فقێ بوونیدا بووە.لێبڕاوانە وابەستەی ئەوخانەقایە دەبێت و دەبێتە مریدو مەینۆشی هەمیشە خومariان و لە دەوری هەرکامێکیاندا ئەم چاوەڕێی بادەیە.دەبێتە مریدی بەوەفای سراج الدین و پاشان بەها و شێخ عومەرو باقی کوڕانی تری حەق پەرست. بۆیە مەولەوی دەوڵەمەندترین دیدی عرفانی هەیە.بۆزیاترئاگاداربوون لە پەیوەندی مەولەوی و شێخانی نەقشبەندی بڕوانە{کاروان ژ ۲۳٥ مەولەوی و خانەقای شێخە نەقشبەندیەکان حەکیم مەلا سالح}

٦ – دەورێ دەر وە بەزم وە پیاڵەوە

ژەنگ دڵ وە زاخ مەی بماڵەوە

دەورێ بدە بە بەزم و پیاڵەوە، ژەنگی دڵ بەزاخی مەی بماڵەوە.

ئێمە دەبێ لە (دەورێ دەر) دا ببینین مەولەوی دەیەوێ بڵێیت کە گەڕانی مەیخانەی عیشق و ساقی بوونی بهالدین دەورێکە (جانشینی بهاالدین بۆ سراج الدین ارشاد و گەڕاندنی خانەقا) مامۆستا حەکیمی مەلا صالح لە کتێبەکەی دا بۆ تەواروودی خەواتر لە نێوان مەلای جزیری و مەولەوی دا ئەم بەیتەی بەراورد کردوە لەگەڵ ئەم دێڕەی مەلای جزیری دا.

جاماد دەستی شاهید ژەنگێ ژدل دەشۆێن

پیری موغان ژ ڕەندان وە هوە دکر ڕی

{مەولەوی و تەقینەوەی زمان ل۱۷-۱۸}

**٧ – جامێمان جەدەس تۆ هەم سەندە بۆ**

**فرسەتەن نەسیو نەك نە مەندە بۆ**

جامێكمان لە دەستی تۆ وەرگرتبێ، یان باجامێ (پێكێكیش لە دەستی تۆ وەرگرین، ئەمە فرسەتە نەسیب نەك نەمێنێ).

لە ووشەی (هەم)دا دەزانین مەولەوی هەم لە دەستی سراج الدین باوكی شێخانی تەوێڵە و بیارە بادەی وەرگرتووە و هەم لەسەر دەستی شێخی بهاالدین، كاك حەكیم لە (مەولەویەكەی)دا لە بری نەماندە، نەمەندەی داناوە بە پێ ی نوسخەگانی لای خۆی وە پێشتریش هەر بە (نەمەندە) لە شوێنی تر بینراوە{مهرەجانی مەولەوی ١ل٢١}.لێرەدا پێویستە ئەوە دووپات كەینەوە كە مەولەوی زۆر دوورتر و قوڵ تر ئاگاداری پاشخانی ئەدەبیاتی هەورامی نوسراوی یارسان بووە، وە یەكێكە لەسەرچاوە بە پیتەكانی شیعری مەولەوی. گەر بەوردی سەرنجی ئەدەبیاتی نووسراوی یارسان بدرێت و بەراوردی یەك لە شوێن یەكیان بۆ بكەیت ئەزانیت صەیدی و بێسارانی و دواتر مەولەوی لەو قوتابخانەیە دەرچوون.

ئێمە كاتی خۆی لە سەر مەزاری ئەو (پیرەمان) لە لاوە ئەم بیرەمان هێنایە گۆڕێ و نەیاریشمان زۆربوون، نازانم لای ڕۆشنبیر و سەی زادەو مەلا زادە و شاعیر و ئەدب دۆست و تەنانەت لێكۆڵەرانیش بۆ چی بە لایانەوە ئاسایی یە كە هەر شاعرێك بەرنە ژێركاریگەری شاعیرە گەورە دراوسێكانمان لە تورك و فارس و عەرەب و هندی و..هتد.بەلام بۆیان قووت نادرێ كە بڵێین كاریگەری ئەدەبیاتی (گۆران-یارسان-هەورامی)لە سەر فلان شاعرمان هەیە بە مەرجێ ئەمەی دوەمیان هەزار هێندەی یەكەم ئاسایی و ڕەواترە.وە ئەم سەرچاوە دەوڵەمەندەی ئێمەیە كاریگەری لە سەر ئەوانی تریش كردوە بە جۆرێ ئەو بۆچوونەی درووست كردوە كە كەسێكی وەكو شێخی سەعدی هەورامی بووبێت.وە دەوڵەمەندی و كاریگەری و پێگەی ئەو دیالیكتە كوردیە لە ئەدەبیاتی كوردیدا شاهانەیە.مامۆستا محەمەدی مەلا كەریم ئەو بابەتەی زۆرجوان ڕوون كردوەتەوە. {كەشكۆڵە شیعرێكی كوردی گۆرانی ساغ كردنەوەی ئەنوەری سوڵتانی چاپی یەكەم

---

لەندەن ١٩٩٨ ل٩-١٨} بەلاّم وردە وردە بەلگە دەدەینە دەست لەهەر شوێنێکی ئەم پرۆژەیەدا بێتەڕێ، بە هیچ جۆرێکیش نامانەوێ مۆری نێو چاوی عەقیدەی مەولەوی بگۆڕین.

جەلالە خانمی لوڕستانی دەڵێ:

مەستم جە بادەی ڕۆی ئەلەست تۆ

وەسەن یەك جامێ مەی جەدەس تۆ

ئایینەی زێڵم ڕۆشنەن چوون مەی

جەو بۆن بیەنم مەی پەرست تۆ

کە کاریگەری و تەنانەت زۆر نزیك دەرکەوتنەوەی ئەم چوارینە مەستە لای مەولەوی ئاشکرایە و خوێنەر دەتوانێت بۆ خۆی بەراورد بکات.

١ – ئازارم جەوێم بێزارم کەردەن

ڕەویەی ڕەمەزان جە یادم بەردەن

ئازاری خۆم لە خۆمی بێزار کردووم، یان ئازار لە خۆمی بێزار کردووم، خۆم لە خۆم بێزارم ئادابی (پەیڕەو)ی ڕەمەزانی لە یاد بردووم. داب و دەستوورەکانی ڕەمەزانی لە یاد بردووم. واتە ئام پەرژێتە سەر ڕێ و ڕەسمە تایبەتەکانی ڕەمەزان.

ڕەنگە مەولەوی لەم ڕەمەزانەدا زۆر نەخۆش بووبێت، کە ئەمەیان پاکانە و چاوپۆشی شەرعی لەسەرە،خۆ ئەگەر (ئازارەکە)نەخۆشی نەبێت و دەرد و ئێشی عیشق بێت. کە وای کردووە مەولەوی لەم ڕەمەزانەدا وەك موسڵمانێکی ڕواڵەتی و تەقلیدی دەرنەکەوێت ئەبێ لە ڕووی (ئەخلاقیاتی صۆفیەکانە)وە سەرنجی زیاتر لەم شیعرە بدەین. چوون هەڵگەڕانەوەیەك دیارە بەرامبەر ڕەمەزانی باو و.. پەنامەکی حاڵ و ڕەویەی (ڕۆژویەکی) ڕاستەقینەمان بۆ بەیان دەکات. یان ڕۆژوویەکی تایبەت و پێچەوانە.

٢ – چەوساوە نیەت ڕۆژەم ئاوەردەن

هیچ ئازام جە هیچ زۆرش نەوەردەن

لەو ساتەوە نیەتی ڕۆژوم هێناوە، هیچ ئەندامێکم تێری لە هیچ نەخواردووە.

لە ڕاستی دا (ڕەمەزان- مانگی ڕۆژوو) بریتی یە لە خۆگرتنەوە و تەرکی نعمەتەکان... کە ئەمە مایەی گلەیی و بێزاری نیە ؟ بەڵام مەولەوی (سلبیانە) واقعیەتی ایجابی ڕۆژو و دەخوێنێتەوە، کە بەلای منەوە بیانووی بێتاقەت بوونە کە لە ڕەمەزان، هێماکاریە بۆ دەربڕینی مەبەستە شاراوەکە. کە ڕەنگە پەیوەندی بە دڵساردی جار جارو کەم وەختی نێوان مەولەوی و شێخانەوە بێت. کە ئەم شیعرەی لە بەردەم چەند ڕەهەند و چەند واتاوە بۆ ئێمە ڕاگرتووە. وە پەیامی جۆرێ لە پەشیمانی و

ئاشت بوونەوەی لە خۆی ئالآندووە و لە ڕووی ڕواڵەتیشەوە لە نێوان (ڕۆزە، زۆر) یاری بە جیناس کردووە. دواتر تێر نەخوارنی ئازاکان باس دەکات.

٣ – نەچەم نەدیدەن ئازیز بێ گەرد

نەگۆش نەصەدای یاران هام فەرد

نە چاو لە دیدەنی ئازیزی پاك و بێ گەرد و نە گوێ لە کەیف و خۆشی یارانی هاوبیری وەك خۆم.

ئازیزی بێگەرد گەر بکەینەوە بە ئاینەی کامڵ واتە وەك سیفەتی مرادفێ سەیریان بکەین ئەوە بە زمانێکی( نهێنی وسرِی شیعری) لەگەڵ بهاالدین دا دەدوێ. خۆگەر (ئازیزی بێ گەرد، ئازیەکەی فەرد) بێت لە شیعری ئاینەی کامڵدا ئەوا بە هەمان زمان لە گەڵ شێخی سراج الدین دا دەدوێ. وە دەزانین مەولەوی ئەو زاتەی زۆر خۆش ویستووە. دەشکرێ ڕەهەندە ئاسۆیی یەکە (دیوی زەمینی شیعرەکە) بگۆڕین بە ستونی(دیوی ئاسمانی شیعرەکە). ئەگەر ساردیەکە لە گەڵ هەرکام لەو دوو زاتەدا بووبێ. مەولەوی لە جەماعەت و خانەقا دوورکەوتووەتە وە، ڕەنگە عاجزیەکە لە وانەوە بووبێت، چونکە مەولەوی وەك کەسێکی مەحروم و شیاو و بە بەزیی و لێ خۆش بوو لە شیعرەکەدا دەردەکەوێت، دەچینەوە سەر ڕاڤەکە.

ئەوە کەی ڕۆژ و و ڕەمەزانە. کە چاو لە دیدەنی ئازیزی بێ گەرد (خودا) لە مانای عرفانی دا مەحروم بکات. کە خۆی دەبێت ڕەمەزان لە دیدەنی ئەو ئازیزەت پڕکات. ئەمە یە ستاتیکا و ستراتیژی نووسینی تایبەتی مەولەوی و ڕازی نەبوو بە زمان و زاراوە و مانا و بینینی چەمکەکان وەك باو.

کەی لە ڕاستیدا ڕەمەزان دەبێت بێ بەریت کات لە کەیف و سەفای یارانی هام فەرد.ڕابواردنی ڕۆحی.. فەرد نیو باڵی تاکە شیعرێ (واتە کەسێ وەك خۆت) لەتی سێوێ، ئەم مانایە وامان لێ دەکات بڵێین مەولەوی لەو جۆرە ڕۆژووە بێزارە، وە ئەوە ڕۆژوو نی یە بە لایەوە. یان ئەم جۆرە ڕۆژوویێکی گرتووە هەزار قاتی ڕۆژووی ڕواڵەتی گرنگترە، گەر ڕۆژووی موسڵمانان بە مانا ڕواڵەتی وعادەتیەکەیدا بریتی بێت لە

خۆگرتنەوە و خۆ بێ بەش کردن لە نیعمەتە مادیەکان. ئەوە ڕۆژووەکەی مەولەوی مەحرووم بوونیەتی لەتەواوی نیعمەتە ڕۆحیەکان.

وە ڕەنگە مەولەوی بڵێت پاداشتی ڕۆژو و چەند گەورەیە لای من ناگاتە لقاو دیدەنی ئازیز و تێری چاوو گوێ و دڵ...هتد. مەولەوی ئامادەیە بۆ شکاندنی ڕۆژوو.. ئەو ڕۆژووەی کە دیدەنی و شنەوایی و شیرینی ئازیزی لێ قەدەغەکردووە. بێجگە لەوەش لە کۆتایی مانگی ڕۆژوەکەدا لە بەردەم جەژنی دیدار و ئاشت بوونەوەدا ڕامان دەگرێت، کە بەقەناعەتی من سحری ماناو جادووەکانی شیعری مەوئەوی لەم دیدگاو ڕاڤانەوە دەردەکەون.

**٥ – شیرینی ا فگار دڵم تاڵی یەن**

**جام نە جەماعەت دۆسان خاڵی یەن**

شیرینی کردنەوەی بەربانگم (ڕۆژووی دڵم) تاڵیە و لە ناو جەمی یاران و دۆستان دا جێم خاڵی یە، جەماعەت جەم و مەولەوی کەم.

ڕاڤەی وێنەکە بە قەناعەتی ئێمە بەم جۆرەیە کاتێ مەولەوی بێ بەشە لە ڕزق و ڕۆزی مەعنەویات و چاوی مەحرومە لە دیدەن و گوێ ی لە صەداو...هتد. کە ئەمانە قووتی شیرینی دڵ و دەروونن.. مادام دیدەن و نوقڵەکانی ڕاز و نیازی دۆستان لە بەر بانگیدا نین... ئەوە هەرچی شیرینی ترە، بە دڵی ئەو تاڵی یە. واتە دیدەنی ئازیزی بێ گەرد و صەدای یارانی هام فەرد، شیرینی ا فطاری دڵی منە. دیسانەوە لە دڵدا دەبێ بوەستین و بزانین بەڕۆژوو بوونەکەی دڵ چی یە ؟ م.حەمە ڕەشیدی ئەمینی بەپێی بەیازێکی لای خۆی لەبری{دڵم}،(جەلام)ی داناوە.و بەلایەوە درووسترە،{مەهرەجانی مەولەوی ٢ ل٢٩٤-٢٩٥} من خۆم سەرم لە شەن و کەو کردنی بەیازان دەرناچێت و پیرەمێردیش ڕەنگە لەو بەیازەوە ئەم شیعرەی وەرگێڕابێت.

شیرینی ا فطار لەلام تاڵیە — جێم لەناو کۆمەڵ یاران خاڵیە

من لە (افطاری دڵ ) دا قەناعەتی ڕاڤەی جیا و تێر نەخواردنم بە ڕاڤەکان پەیدا کرد، چونکە بێژەی (دڵ) گومانەکەی من بۆ دڵ ساردی مەولەوی لە ئازیز و یارە هەم

فەردەكان زیاد دەكات.( تۆرانە كاتی یەكە). بە ڕۆژوو و مـەحروم بـوونی دڵە. شیرینی بەربانگ كردنەوەی دڵ بریتی دەبێت، لە (موسبەت كردنەوەی بەیتی پێشوو (واتە چەم سێر جە دیدەی ئازیز بێ گەرد و گۆش پەڕ جە سەدای یارانی هام فـەرد) كـە ئەمـەش ئەو سحرەیە مەولەوی لە ئێمەی دەكات وە ڕەنگە لە بەردەم ئاشت بوونـەوەی جەژن و خۆشی دا ڕامان گرێت، وە بەڕای من ئەو جێگۆڕكێ و وشە گۆڕینانەی نێـو دەسنووس و بەیازەكان كە ئێستە جۆرێ شەرعیەتیان داوە بەوانە لەو بارەوە تـەحقیق دەكەن... لە پەی نەبردن ی نووسەرەكان بووە بە بەرزی و شەفافی ماناكانی مەولەوی و ڕەنگە زیاتر ڕواڵەتیانە سـەیری حـاڵ و وەزعـی بەیتـەكانیان كردبێ. وە بەنـدە هـەر لـەو ڕووەوە ئـەم بەرهەمەم ناو نا شەریعەتی مەیل، بۆیـە تكام وایـە جگـەر گۆشـە جوانـەكانی مەولـەوی بەبەڵگەكان ناشیرین نەكەین. شوێن چەسپاندنە جوانـەكان بكـەوین. (افطار و دڵ) لـە دێڕی تری مەولەویدا هەن.

نەكەردەن افطار، دۆسەكەی كامڵ

سیوای وە مەی كوس خەیاڵەكەت دڵ

٦ - نەوای مەرحەبا نامان نەگۆشم

چەنی ئەلوەداش هەرنە خرۆشم

سـۆزی ئـاوازی مەرحـەبا نەهاتووەتـە گـوێم و لـە گـەڵ دەنگـی ماڵئـاوایی دا لـە خرۆشم. ئەم بەیتەش كەمێ لە ڕاڤەی ئەم شوێنە تایبەتی یەی خۆی دووركەوتووەتەوە و ڕاڤەیـەكی گشتگیری كـراوە هەرچـەند ئامـاژە بـە جوانی یـەك لـە هێنـانی (مەرحـەبا والوداع)دا كراوە.

مانـای دیوانەكـە بەبـەری ئێـستای ئـەم بەیتـە نـاخوات (لـەم مانگـەدا گـوێم لـە مەرحـەبای هـیچ دۆسـتێكەوە نـەبووە، بـەڵام هەمیـشە لـە بـەزمی دوروكەوتنـەوە و ماڵئاوایی یاراندا بووم).

بـەڕای ئێمـە دەبێـت بـچینەوە لای كلیلـەكانی مانـای بەیتەكـە (مەرحـەبا و ئەلوەداع)ی مانگی ڕەمەزان مانگی خێر و خۆشی و ڕەحم و بەرەكەتە و بەخشین. لە

کۆی قەناعەتی کۆمەڵگاکەی مەولەوی دا وا سەیر دەکرێت، بۆیە پێش هاتنی بە تاسەوە چاوەڕێی دەکەن و بەگەشتنی بە بەرەوە تا (١٥)یەم ڕۆژی بەشادی و خۆشی یەوە مەرحەبا و بەخێر هاتن دەکرێت (موسڵمانان دڵ خۆشن بەهاتنی). مەولەوی دەیەوێت بڵێت من لە زەوق و شەوق و خێری هاتنی (مەرحەباکە)لە تەقسی خۆشی سەرەتای بێ بەشم... بۆیە لە جۆش و خرۆشی (ئەلوەداع)ەکەی دام. بە چوونی شادمانم کە پێچەوانەی کۆی بیری موسڵمانانە کە بە چوونی میوانی ئازیزی ساڵ دڵتەنگن، تەقسی ١٥ ڕۆژی دووەمی دڵتەنگانەن... لە خوا حافیزی کردنی دا. وە مەولەوی خۆیشی (الوەداع)ی نوسیوە، کە مانگەکەی مەبەستە و تایبەتی کردووە، نەك ئەلوەداع کە دەس بدات بۆ گشت ماڵاوایی کردنێك.

بابزانین مەولەوی بۆ بەئەلوەداع لە خرۆشدایە. چونکە لە (جەژن) نزیك دەبێتەوە، جەژنی ئاشت بوونەوە و گەردن ئازایی، مەولەوی بە ئومێدی ئاشتبوونەوەیە لە گەڵ ئازیزدا و ئازارەکە لە خۆی دا سارێژکات کە هاتنی جەژن کەیل بوونەوەیە بە دیداری ئازیز و گوێ دانە بەشەکەری ڕاز و ئەمانەش شیرینی ڕاستەقینەن بۆ افطاری دڵ.(کردنەوەی ڕۆژوی دڵ) مامۆستا حکیم دەڵێت لە بری(نەوای مەرحەبا)(سەلای مەرحەبا)دروستە.

٧- زایفیم هەریەند جەحەد بەرشی یەن

نەسیم ئەربارۆم عەجایب نی یەن

لاوازیم هێندە لە سنووری خۆی تێ پەڕیوە، نەسیم گەر بمهێنێ (هەڵم گرێ) سەیر نیە.

ئەم کۆتایە ناسك و جوانەش دەرئەنجامی بێزاری ئازاری خود و دڵساردی و چاو پێ نەکەوتنی ئازیز و گوێ نەدانە صەدای یاران و تاڵی یەکانی نەدواندنی دۆستان و عاجزی یە. کە ئێمە مەبەستمانە و بوونەتە مایەی ئەوەی کە مرۆڤ (مەولەوی) هێندە لەڕو و لاواز و زیاد لە حەد زایف بکات، شەماڵێ بتوانێ بیهێنێ و بیبات. هەمتر دەبێت (زایفیم) لە وەشەوە سەیرکەین کە مەولەوی لە بەردەم پیرانی تەریقەتدا بەتایبەت

(سراج الدين و بهاالدين)دا خۆی زۆر بەلاواز و هیچ سەیر کردووە. لە ڕووی تەوازوعی خۆیەوە کە لە شوێنی تردا بە واجب بۆ خۆی دەزانێ زیاد لە حەد خۆی بەرامبەر شێخان بچوك دەکاتەوە.کە بە لای هەندێ لە مەولەوی ناسانەوە وەك ڕەخنە لە سلوك و ڕەوشتی مەولەوی سەیر دەکرێت {مەولەوی و تەقینەوەی زمان ل٩ - ١١} کە بەلای منەوە بچووك بوونەوەکە بۆ خودی پیران نیەو لە ڕاستیدا بەخۆ هیچ نەگرتنەکە بۆ یارە. لە نیوەی دووەمدا هێندە ناسك مانا دەفڕێنێت کە ئێمە خەیالی عەیب گرتن نەگرین، کاتێ لە چلکە قورسەکانی غەرەز و ڕق و فیز و دنیا گەری خۆی پاك دەکاتەوە، کە ئەمانەن لەش قورس دەکەن.. بێ ئەمانە ڕۆح توانای فڕینی هەیە بە دەم شەماڵ و نەسیمێکەوە.

تێکڕا ئەم ڕاڤەیە نزیکە لە بالآی تەواوی شیعرەکە و ئێمە هیوامانە توانیبێتمان نزیك بینەوە لە دنیای شەفافی مەولانام، کە قوفڵی شیعرەکەی لە خەفەت  و محروم بوونی دیداری ئازیزانەوە داوە و لە خەفەتا لاواز بووە...هتد.

MAWLAWI.KRD

## ١ – ئازیز تای ڕشتەی دڵەی خەم بێ شۆ

## ئەزەڵیا نە بەند تای ڕشتەکەی تۆ

تاڵی ڕشتەی دڵە غەم بارەکەم بێ حەد ئاڵاوەتە تاڵی ڕشتەی زوڵفەکانی تۆوە.

لەرسالەی عیشق دا هاتووە کە زوڵفی مەعشوق وەك کە مەندێ وایە، سەد خەم و پێچی تیایە لە ڕاستی دا زوڵفی مەعشوق هێلانەی دڵی عاشقە... سەبارەت بەم شیعرەش دەڵێ: (ئەمە هێلانە کردنی دڵی عاشقە لە خەم و پێچی زوڵفی مەعشوق)دا، بەڵام تەرحێکی جوانتر بە خەیاڵی مەولەوی دا هاتووە. ڕشتەی دڵەکەم واتە هەودای عیشق و ئەوینم وەك لاو لاو ئاڵاوە لە هەودای زوڵفی تۆ، بەڵام ئەم عیشقە یەکلایەنە نیە. هەردووکیان پێکەوە پێچیان خواردووە بەیەکا و جیایی لە نێوانیاندا نەماوە {رسالەی عیشق ل٢٩٤-٢٩٥} ، وە لە درێژەی ڕاڤە و لێکدانەوەی ئەم شیعرەدا دەڵێ (ئەم ڕشتەیە ناکرێتەوە بە هیچ جۆرێك تەنانەت ئەگەر خودی عاشقیش بیەوێ، چونکە ڕاکێشانی مەعشوق زۆر بەهێزە کەواتە ئەی خۆشەویست زیاتر ڕامکێشە و هەودای ڕشتەی دڵەکەی من و زوڵفی خۆت زۆرتر پێچ بدە بە یەکا، با یاران و هام دەردانم بزانن کە ئەمە زوڵفی تۆویە کە کەوتوە بەسەر جلەکانم دا، لە ڕاستی دا ڕیشەی جەرگ و دڵی منە کە ئاوا هەڵ پاچڕاوە جا ئیتر لە بەر ئەم عیشقە ڕاستەقینە هەموو یاران سیتایشمان ئەکەن و لە هەرلایەکەوە ئافەرینمان پێ دەڵێن{هەمان سەرچاوە} ئەم ڕاڤەیە هەڵگۆزراوی ڕاڤەی دیوانەکەو زۆربەی سەرچاوەکانی ترە. لە پاڵ ئەم لێدوانە جوانە دا ئێمەش هەوڵ دەدەین جۆرێکی تر سەیر بکەین.

ئازیز: تای ڕشتەی (تاڵی هۆنراوەی، سەودای عەشقی دڵەی خەمی من بێ ئەندازە). دڵ جێ ی ئیمان و عیشقی خودایی، هۆینەوەی تاڵ ڕەنگە بەدڵدا هاتنی حەل کردنی مەتەڵی عیشق و شیکاری نهێنی جوانی یەکانی دۆست بێت، یان بێ ژمارە و بێ حەد ڕستنی تای ڕشتەی عەشق (هەمان کات) نووسینی شیعریش بێت بۆ تای زوڵفەکانی ئازیز.

ئەزەڵیا نەبەند تای ڕشتەکەی تۆ... هەر لە ئەوەڵ و سەرەتای بوونەوە ڕشتەی دڵی من بەند بووە لەڕشتەی زۆڵفی تۆدا، یان دژیاوە بە زوڵفی تۆوە.

زوڵف پەردەی نهێنی و سرِ پۆشی جوانی یەکانی دۆستە. دڵیش کانگای نهێنی یەکانی عەشقە.. دیارە ئەم دوو مفرەدە هەر لە سەرەتاوە بە یەك دەخۆن (تای ڕشتەی دڵ کە شوێنی هەڵگرتنی سرِی عەشق و خۆشەویستی دۆستە، دەبێ خافز واتەنی سرِی ئەو دڵە بپارێزرێت، هەم بێ حەد و شومار تاڵ تاڵ هۆنراوەتەوە. هەم تای ڕشتەی زوڵفی ئازیز کە دڵی عاشقانی هەر لە ئەزەلەوە بەند کردووە.بووەتە ڕێگر و زنجیر لە بەردەم کەشفی جوانی یەکاندا، ئەم دوانە لە ئەزەڵەوە پێچراون لە یەك.

هەموو لادانەکانی (زوڵف) ڕووبەند، هەور، ڕەشماڵ، پۆشین) لە شیعردا... کامی دڵە لە مەجازدا بۆ ڕووی یارو لە حەقیقەتدا دەرکەوتنی حەلی نهێنی و ڕازەکانی مەعشوق.

٢- هەردوو چەنی هەم پێچ وەردەن وە هەم

جیایی نە بەین مەحاڵەن ستەم

هەردووکیان لە یەك (ڕشتەی دڵ و رشتەی زوڵف) پێچراون لەیەك و جیاکردنەوەیان هەم مەحاڵە، هەم ستەمە.

گرێی خۆشەویستی عاشق و مەعشوق. کردنەوەی نەگوجاوە و جیابوونەوەی گوناهە. دڵی پڕ ڕاز و خۆشەویستی (بە یان ناکرێت و وتن توانای نیە لە دەرخستنی) پێچرانی ئەم دڵەی لەو زوڵفە پڕ لە حیکایەتە تولانییە. کە ئەسڵی مەقسەدیان شاردوەتەوە،ئەویش (ڕووی دۆست)ە لە عرفاندا، سەیر دەبێت بتەوێت ئەو ئالودە بوون و پێچرانە پڕ لەزەتە لێك بکەیتەوە. ئەوە بۆ خۆی ستەمت کردووە.

جیایی: جیاکردنەوەی پەیوەندی دڵ و زوڵف هەڵهێنانی ڕازەکانی دڵ و هەڵدانەوەی پەردەکانی سرِە، ئەو دووە سرِ پارێز و سرِپۆشە (دڵ و زوڵف) دروستیان کردووە.

٣ – سەر مەودای ناخوون یەکسەر تێدا شی

هەرچەند سەعیم کەرد جیایی نەوی

سەر لێواری پەنجەکانم (نێوان نینۆك و گۆشتەکە) لە ناوچوو لە جیا کردنەوەیاندا فایدەی نەبوو.

گرێ ی ئالۆسکاوی ڕشتەی دڵ و تاڵی زوڵف. مەتەڵەکە لە کردنەوەی گرێ کەدایە... واتە پەی بردن بە (عیشق و ئیمان کە سڕی دڵن و ڕواڵەتی نین و باطنین لە گەڵ تێگەشتن و کەشف کردنی سیفاتەکانی جوانی خوادا. دەبێت سەری ناخون( پەنجە ) بە هێمای هەمیشە بەردەوام و کۆششەکانی بنیادەم وەرگرین لە کردنەوەی گرێ کوێرەکانی چەمکی (ژیان و مردن وخۆشەویستی...هتد) کە لە وەتی هەیە بە نەتیجەی یەکلا کەرەوە نەگەشتووە.

بۆیە دەبێت ئێمە تەنها عاشق بین و دڵمان لە هێلانەی پەرچەمی یاردا جێ بێڵین (سەری ناخون) بە نوکی خەنجەر یان خەنجەردان لە دڵ و ئامێتەی زوڵف... یان گەڕان و دڵ بەرنەشتەردان ڕاز و مەتەڵی دۆزینەوەی عیشق بۆ ئێمە کەشف ناکات. سەری ناخون، هۆکاری کردنەوەیە هەرشتێکی تری هاوشێوەی سەری ناخون، توانای ئەو کردنەوەیەی نیە. ئێمە بە هۆکارەکان ناتوانین بگەینە شیکاری مەتەڵی عەشق.

٤ – ئیسە خاس پاسەن تۆ نەی سەردەمدا

هەردوو چەنی هەم پێچ دەی وەهەمدا

ئێستا باش وایە تۆ لەم سەردەمەدا، هەردووکیان پێکەوە پێچ دەی بەیەکدا.

پەلك دروست کردنێ لە تای ڕشتەی دڵ و تاڵی زوڵفی دۆست، دەس لە ملانی خۆشەویستی کە لە دڵەی خەمدایە و لە گەڵ زوڵفی مەعشوق. ئاماژەی عرفانی ئەم بەیتە هدایەت دان و تەوەجوهی یارە... ئاوێتەی نهێنی یەکانی دڵ (هۆنینەوەی ڕشتەی تاڵی دڵ) لە گەڵ نهێنی جیلوەکانی مەعشوق لەم سەردەمەدا لەم دنیادا. هەڵ نەهێنانی مەتەڵەکانی حیکمەتی ئیلاهی لەم دنیادا و پێچدان (پێچران و هەڵ گرتنی) شیکارەکە

بۆ ئەوسەردەمە کە ئەودنیایە. واتە ئەومەیلی نهێنی زانینەی دڵ و ڕازی تولانی زوڵفەکانت پێکەوە پێچ دە بە یەکدا.یانی زیاتر گیرۆدەی پێکەوە بوونیان بکە، ئەودووەی (دڵ زوڵف) کە بە مردن و سووتان و تیاچوونی هۆکارەکانی کردنەوە لە یەك جیا نەکرانەوە، باش وایە زیاتر لە یەکیان بئاڵێنی.

٥ – تایاران زانان ڕیشەی جەرگمەن

پاچیان، ئاوێزان وە ڕووی بەرگمەن

تایاران بزانن ئەوە ڕیشەی جەرگمە (پێچراوی عەشقی دڵ لەگەڵ ڕشتەی زوڵفا، کە هەڵ پاچراوە (واتە بڕاوە و ئاوێزان بووە بە ڕووی بەرگما.

پاچیان: بەشێکە لە ڕازانەوە و جوان کردن و ڕێکخستن، ڕیشە و پڕوپۆی درختە تێکەڵەکانی ناوباخ، یان کورت کردنەوە و بڕینی سەروقژی مرۆڤ. سەرنج بدە. بە کورتی ڕاڤەکەی بە بۆچوونی ئێمە ئاوایە:

یاران بزانن خۆشەویستی ڕیشەی جەرگی من، سەودای خاوی تاڵی ڕشتەی دڵ بە داوی ڕشتەی زوڵفەکانی ئەوەوە، پاچیان (بڕاوە) و ئاوێزانی بالاّم بووە.

واتە لە بەرگمەن دا مانای جل پۆشین نایێت، بەڵکو بەرگمەن مەبەست لە ڕوو و ڕواڵەتی دەرەوەی مرۆڤە کە لێرەدا بە پێچەوانەی جەرگمەن، بەرگمەن هاتووە واتە عەشقی زوڵفی ئەو لە دڵی من و ڕشتەی سەودای دڵی من بەزوڵفی ئەوەوە هەم ڕیشەی جەرگمە (باطن) هەم پاچیان وەڕوی بەرگما (ظاهر).

یان سەودای دڵ و زوڵفی تۆ وەك دوونەمام وگوڵ کە لەیەك ئاڵابن باخەوانێ بەجوانی هەڵی پاچی بن بە ڕوی گەڵاوگوڵی یەکا جیاکردنەویان تێکدان وستەم و گوناه و ناشیرینە، خزمەت کردنیان و هەڵپاچینیان پێکەوە بۆ ئەوەی هەڵچن و جوانتربالاّبکەن شایانی ستایش و ئافەرینە. ئەوکات٠(بەرگ واتای گەڵادە دات).

زۆریش پێش مەولەوی پیرشالیار فەرموویەتی: داران گیانداران جەرگ و دڵ بەرگن. مەولەوی دەڵێت من ڕیشەم لەخۆشەویستی نهێنی و پڕپێچی تۆگیر بووە و گەڵای جوانی بەڕومەوە دەرداوە و زۆریش لێی جوانە و ئەم داری نەمامی عیشقە باش هەڵپاچراوە و جەرگ و بەرگی ڕازاندوومەتەوە.

ئەو نەمامانەی تەرز دارن بە قەد و باڵای نەمامی تردا هەڵچن،کە ژیانەوە تەرزو چنگ لە باڵای نەمامەکە دەپێکن و دوور خستنەوە جیاکردنەویان بۆ باخەوان زەحمەتە. یانی ئەو جۆرە نەمامانە هەر ئەمەندە ئاوێزان بوون و دڵیان چوو بەنەمامێکی تردا. ئەوە ئیتر باشتر لە جیاکردنەوەیان پێکەوە پێچران و هەڵپاچینیانە.

٦ – هەنی مداران دەم وە ئە ناوە

ئافەرین واچان جە گردین لاوە

ئیتر یاران مدارام دەکەن و دەم بە دوعا و ستایش دەبن بۆم و ئافەرینم دەکەن لە هەموو لایەکەوە.

(پێچانی ڕشتەکان) لەلایەن مەعشوقەوە باش گرێ دانیان پێکەوە لە بەیتەکانی پێشوودا بەڵگەیەکی پیشانداوە بۆ یاران، تا یاران بڕوا بکەن کە ئەو ئاوێزانی عیشقە ڕیشەی جەرگمە. ئیتر یاران دەبنە (مدارام) نەرمی نوێنەکان ئەوانەی کە نەرم ونیانن بۆ بەرامبەرەکانیان. چەمکی عیشق ئاسودەیی یە و جێگەی ئافەرین و نەرمی نواندنە. یان ئەوانەی سەیری باخی جوانی دەکەن ئەو لێك ئاڵانە جوانە دەبینن، ئافەرین و ستایش دەکەن.

مەولەوی سوژەی ئەم بەیتەی لە سەیری باخە جوانەکانی تەوێڵەوە هێناوە کە پڕن لە سەلیقەی باخەوانەکان.و چاوێکیشی بۆ داڕشتەی شیعرەکە لە ماریفەتەکانی پیر و حکمەتەکانی ئەو بووە.عیشق جوانترین خزمەتێ کەبیکات ئاوێزانی ڕەگ و بەرگە، واتە ڕێکخستنی دیوی دەرو ناوی مرۆڤەکان.ڕەگ وریشك نەخۆش بوو، بە وێنەی درەخت گەڵاو بەرگیش جوان و پێکەوتە نابن. عاشق دەبێت ظاهرو باطن جوان بێت و ئەو دووچەمکە جوان بە یەکەوە ببستێت.

## شیعری بیست و شەشەم

١ – ئەوجا بەزمگەی کەس جێ نەڕەستە

مەنزڵگەی صەیاد هەزاران خەستە

ئەوشوێنە بەزمگەی کەس لێ ڕزگار نەبووە. بەزمگە. بەباری نەرێنی دا لە بری شوێنی کەیف و ڕابواردن زیاتر بە شوێنی گۆبەن نانەوە دەست دەدات، کە ڕاوچیان لە پاڵ کەیفی ڕاوی خۆیاندا وەك جەللادیش دێنە پێش و گۆبەنی کوشتنی کەڵ و نێچیران دەنێنەوە، ئەو جێ مەنزلگەی ڕاوچیانە کە بە هەزاران بریندارییان خستوە.

کەس جێ نەڕەستە. دەکرێ مەبەستی ئەوەش بدات، ئەو شوێنە کەشوێنی بەزم و جێ ی صەیادانە کەس شوێنی نیە (یانی مەرد جێ ڕەس نیە لەو شوێنەدا و جێی مەرد نی یە واتە سیفەتی نامەردی بدەینە ڕاوچی لە دەرئەنجامی کوشتنەوە یانی بەبیر کردنەوەی نێچیر و قوربانی). جەنابی سید طاهر(بەزمگە)بە (بەزمەکەی)دەخوێنێتەوە. {حەوارگەی دلان-کاسێت} بە مەش خەیاڵمان بۆ (دامگا)دەبات شوێنی خۆ مەڵاس دان و بەزمی ڕاوچیان. دامگا نانەوە لە کەلیمە میللیەکانی هەوراماندا هەیە. بۆ نموونە:

دامگام نیانۆ شاتە بلاڵۆ — هەتا دنیا هەن من پێ تۆ ناڵۆ

دامگام نیانۆ دلێ گورالاَ — چێڵەکێ موانۆ بەقەکەم لالاَ

گۆرانیەکی زۆر خۆشی هەورامیش بە ناوی (بەزمی صەیاد) ەوە هەیە کە لە ناوخەڵك و هێژایانی گۆرانی ناسی هەورامی دا حەمەحسێن کەیمنەیی بەداهێنەری دەزانن. من نامەوێ گەورەیی و دەنگ خۆشی و وەستاییی ئەو هونەرمەندە بخەمە لاوە. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا گومان دەبەم ئەو بەزمەش زۆر لەو مێژووە کۆنتر بێت و لانی کەم بۆ سەردەمی مەولەوی بگەڕێتەوە و مامۆستای کەیمنەییش بە شێوازو سەلیقەی خۆی چڕیبێتی و گیانی بە بەرا کردبێتەوە.

دوو دێڕی کۆتایی شیعرەکەش ڕاڤەیەکی تر دەسەپێنێ، وە ڕەنگە ڕویەکی دنیایی هەبێت و پەیوەندی بەو حاڵ و وەزعەی ململانێ ی مەزهەبی و ئیداری و جێ نشینی و تەنانەت سیاسیش هەبێت، بە هەر حاڵ دەکرێ لە ژێرکەش و هەوای تەریقەت و پێکران بەتیری پیرانیش لێکی بدەینەوە.

**٢ – من نەچیرەکەی هەزار زام وەردە**

**هەرزامێ پەی وێش زوخاو سەرکەردە**

من ئەو نەچیرەم هەزار زامم هەیە (هەزار تیرم خواردووە ، بەرکەوتووە)

هەرزامێ بۆ خۆی زوخاو و کێمی لێوە دێ. کەواتە ئەم یەکێکە لە هەزاران خەستە و بریندارەکان و هەزار زامی هەیە. کاتێ بەم زام و برین و تیر و زوخاوە، ڕوو دەکاتە سارا و هەردوو بەرد بە ترس و لەرزەوە (بەیتی (٥) ئەم شیعرە) بیرمان بۆحاڵەتە تایبەت و عرفانی یەکەی بابا ناوس دەچێت کە (٧٧٤) ساڵ پێش مەولەوی یە{بڕوانە شیعری چواردم پیتی -ج} و جیلوەی چەند شیعرێکی ئەم و هەندێ لە یارانی یارسانەکان لای مەولەوی سێبەریان دەردەکەوێتەوە، کە من بۆ خۆم بڕوام بەوە هەیە کەلتوری یارسان و سەرچاوەی نووسینی شیعری گۆران پشت و پەنای دەرکەوتنی مەولەوین و ئەم ئاگاداری ئەو سەرچاوانە بووە، بەلاّم زۆر زیرەکانە کارکردنەکانی داوەتەوە، بۆ بەراورد چۆن گۆران لە ژێر کاریگەری شیعری مەولەویدایە بەو جۆرەش مەولەوی لە ژێر کاریگەری شیعری هەورامی دایە، بەلاّم تەنیا خانا و بێسارانی زەق دەردەکەون، بۆیە لێکۆڵەران تەنیا هەستیان بەوان کردووە ئێمە چەند جار و لە چەند شوێنی تردا ئەمەمان درکاندووە لە هەر شوێنێکی تریشدا بەو کاریگەریە گەشتین دەمێکی لێ دەدەین.

**٣ – ترسیای صەدای ماردم هۆش بەردە**

**ڕەمیای بۆی بارووت هەردەوە هەردە**

مـن تـرسـاوی دەنگـی مـاردم و هۆشـم چـووە (لـە تـرسـا هۆشـم چـووە) و ڕاکـردووم لەتاوی بۆنی باروت (ترساوی دەنگی تفەنگی ماردەم و لە هۆش خۆ چووم، لەتاوی باروت هەرداو هەرد ڕام کرد)

مـن لـە هێنـانی نـاوی چـەکی (مـاردەم)دا بـیرم بـۆ هێـرش و پـەلاماری سـوپای عوسمانیەکان بۆسەر ناوچەی جافنشین و چەککردن و لەدەسەلآت خستنی محمد پاشای جاف و هێزەکەی کە مەولەوی یەکێکە لە دۆستەکانی و ڕەنگە لەو پەلامارەشدا بوو بێت کە مەولەوی گەورەترین زیانی بەرکەوتوە کە سوتانی کتێبخانەکەی بووە، کە هەم جافـەکان و هـەم مەولـەویش ڕادەکەنـە ئەوبـەری سـیروان و مەولـەوی لـە ولـّوەر دەگیرسێتەوە{بڕوانە مەولەوی ژیان وبەرهەمیی محمدی مەلا کەریم ل٣٥ وهەروەها مەولەوی و تەقنەوەی زمان حکیم ل٧٢}. ئەوجا بەزمگە ئەو شوێنانە دەبن کە دەکەونە بەرشالاّوی عوسمانیەکان و هەزار زامەکەی مەولەویش ڕەنگە لە دەست دانی ماڵ و گیانی ناسراوانی بێت. وە دیارە سـەر لەشـکری عوسمانیـەکان (عومـەر پاشـای سـەردار) زۆر بـێ بەزەییانـە دەکەوێتـە وێزەیـان، بـەیتی (٥) شـیعرەکەش ڕاسـتگۆیانە پیـشاندانی ئـەو وێنەیەیـە، وە بێـژەی (ڕەمیا)ش ڕاکردویە کە لە ترسی پەلاماری مرۆڤ هەڵهاتبێ.وە باوەڕیشمان بە دابڕانی مێژووی شیعرەکان هەیە.ئەم ڕاڤەیەش ئاماژەی دوورەو ناسەپێت.

٤ — کەی تەوانای سەیر دیارانمەن

یا پەراوی تاقەت بێ یارانمەن

کەی توانای سەیرکردنی دارو دیارمە و مەیل و ڕوغبەتم هەیە بێ یاران.

لە دیوانەکەدا صەبر نووسراوە و بـە سـەیر ڕاڤـە کـراوە، ڕەنگـە هەڵـەی چاپ بـێ ماموّستا حـەکیم یـش ڕاستی کردووەتـەوە. دەبـێ ئـەو شـوێن و دیارانـە کـە زەرەرمەنـد بوون و سوتاون، مرۆڤ تەحەمەمولی سەیرکردنیانی نیە، بڕوام وایە لە دیوانەکەدا بـاش ڕاڤە نەکراوە.

شوێنێ بەرهێرشی نەیار و دوژمـن بکـەوێ و بـسوتێنرێ، کـەی پیـاو خـۆی دەگـرێ سـەیری بکـات لـەتاو خەفـەت خـواردن بـۆی (بـەراوردی سـوتان و کاولکاریـەکان بکـە کـە

دیـوتن) و یـان یارەکانـت نـەمێنن و تیابـچن کـەی تاقـەت و ئارامـت هەیـە.نـواڕین بـۆ کاولکاری و وێرانیەکان.

دانا و ئەدیب و شاعری پایە بەرز سەید طاهری هاشمی لە هەوارگەی دلآنا بەم شێوەیە ئەم بەیتەی خوێندوەتەوە:

کەی توانای صەبر ویارانمەن          یا پەروای تاقەت بێ یارانمەن

واتە کەی بەرگەی کات بە سەر بردن و ڕابواردنم هەیە و، یان چۆن ئـەم پەرژێتـە سـەر تاقـەت بـە بـێ یـاران. یـانی بێتاقـەتم و بێیـاران تاقـەتی کـەیف وڕابـواردنم نیە.{هەوارگەی دلآن-دەنگی سید طاهری هاشمی کاسێت}

**٥ – ڕووم کەرد وە سارای هەردوو بەردەوە**

**وەصەد ترس و لەرز جەسەم شەردەوە**

ڕووم کردە سارای هەردوو دیاری بەردەلآن بەسەد ترس و لەرزەوە خۆم شاردەوە.

ئەمە ڕەنگە وێنەیەکی زۆر ئاشکرا و ڕاستی هەڵهاتنی مەولەوی و هێزەکەی محمد پاشا بێت. کە ئەمە پەیوەندی بە مێژووی میر و پاشاکانی ئێمـەوە هەیە، و کـاری ئێمـە نیە، هێندە خۆمان لـێ دا کـە شیعرەکە ڕەنگە هێمـا دار بێـت و ئاماژەی ئـەو کارەسـاتە بکات، لێکۆڵینەوەی مێژوویی زیاتر پەنجەرەی ڕۆشنتر دەکاتەوە. لەسەر بـەزینی لایـەنی دۆڕاو ڕاکردووی شەڕەکەو قورسی زەرەرو زیانەکان و ژیانی هەڵهاتوەکان.

**٦ – چ داوا پیێوەن مەکەردێم چەنی**

**بازدێم نیم ڕمەق پەی جارێو هەنی**

چ شـەڕ و داوایەکـە لەگەڵما ئەیکـەن، لـێ گـەڕێن نیوەگیـان بـووم هـەڵی گـرن بـۆ جارێکی تر. نیو ڕەمەق کە زۆر گرنگە ڕاڤەنەکراوە.

نیـو ڕەمـەق نیوەگیـان... یـان قـووتی مـەمرە و مـەژی، ئەمـەش زیـاتر چیرۆکی شالآوەکە و ترس و ڕاکردنەکەی مەولەوی و نزیکەکانی محمد پاشا زیاتر دەچەسپێنێت.

وە ڕەنگە کۆمەڵێ سەردار و جاش هەر لێ نەگەڕابن دوای خۆشاردنەوە ژیانی کولە مەرگی بەسەر ببات.

پێم خۆشە کەمێ لەسەر نیم ڕەمەق بڕۆین و بزانین لە گوزەرانی مەولەویدا چی حاسڵ دەکەین. ناوچەکانی (گونە و سەرا و چرۆستانە) بۆ سەردەمی ژیانی مەولەوی باش بوون و حاسڵات دار، لەوێ ژیانی خۆش بووە کاتێ بەناچاری هەڵدێ و ڕوودەکاتە شەمێران، کەمێ باری گوزەرانی دەگۆڕێت، بەڵام هەر بەهۆی سەرکاری شێخ عەلی عەبابەیلێوە. مەولەوی و خزمەکانی باشیان گوزەراندوە، ڕەنگە ناڵوگۆڕەکەی (عوسمانی خاڵە) لە جێ ی شێخ عەلی، لەلایەن محمد پاشاوە لەم سەروبەندەی دوای شەڕوشۆڕەکە بوو بێت، جۆرێکیش لە ناچاری پاش شەڕبوو بێت. ئیتر مەولەوی و خزمانی بارلاردەبن و ڕەنگە هەر لەو کاتەشدا ئیتر بۆ هەتا هەتایی ڕووی کردبێتەوە سەرشاتە، ئەم بەسەر هاتە لەنامەکەی مەولەوی و شیعرە فارسی یەکەی (وزان سوی وەتەن) دا ئاشکرایە... ئیتر مەولەوی سەردەمی نەهامەتی و کزبوونی ئەستێرەی بەختی دەبێت و مردنی عەنبەر و کوێر بوون و...هتد. بە شوێنادێت، کە لە هەموویان کاریگەرتر و بە سوێ تر مەرگی عەنبەر خاتوونی خێزانی یەتی{مەولەوی مهرەجان ۲ل ٥٠-٥٤} ئیتر بە نیوەگیانەکەش (نیو ڕەمەق) نامێنێت.

بەدەر لەو ڕاڤە مێژوویی یە دەتوانین دوورتریش بڕۆین تابچینەوە هەمە شوانەی بابا ناوس وسەرنجێ لە ململانێ و دەعواکانی ئەو زاتە و ئەیارەکانی بدەین.یانی بە بارێکی تریشدا بەزمگە و پێکران و کەس ڕزگار نەبووەکە بخوێنینەوە.کەبەدەوری هەورای عرفانیدا خول بخۆین.

**١ – ئێمە گشت فانی، هەر ئەوەن باقی**

**نازوون وە بازووی پڕ نەیرووی ساقی**

نێمە هەموو تیاچووین، هەر ئەوماوە (نەمر) بنازم بە بازووی پڕ قوەت و هێزی ساقی (خودا)دا.

شیعری بۆنەیە (بۆ مەرگی عبدالرحمن کوڕی محمود یار وەیسی خەزنەداری محمود پاشای جاف نووسراوە) دنیا مەیخانەیە دنیا و مەی نۆشان سەروەش و مەست دەبن و دەکەون، تەنیا ساقی (بادەگێر) نەبێت. بەمەش (ئێمە تیاچوو دەبین) ئەو (ساقی) باقی دەبێت. لە ڕووی مەجازی و دنیایی یەوە هەردەم لێکچوون و ڕاڤەکان لێرە وەردەگیرێن بۆ پێشبینی و تەصەوراتی ئەوێ. (ئەو دنیا). بە هێز و بازووی بەقوەتی ساقی کە دیارە هیلاك نابێت و ناوەستێت، ئێمە گشتمان شەراب دەنۆشین و دەکەوین ئەو فریای هەمووومان دەکەوێت و کەس نابوێرێت. بادەی مەرگ لەسەر دەستی وەردەگرین. جیناس لە نێوان (نازوو –بازوو –ساقی، باقی دا ) هەیە.

**٢ – خەلاصیش دا پێت وە یەك پەیمانە**

**ئازاد بیت جە بەند بەستەی پەیمانە**

خەلاصیش دا پێت (کۆتایی پێ دایت، نەجاتی دایت، ئازادی کردی بەیەك پێك و لە کۆت و بەندی بەڵێنەکەی ڕزگار بوویت.

ئاماژەی گیروگرفتی ئێمە لەگەڵ ئەرکە عیبادیەکان و هەڵسوکەوتە شەرعیەکاندا لەم دێڕەدا هەیە. گەرچی مەولەوی لەوەها دۆخێکدا نەژیاوە، بەلام چەند شیعرێکی هەیە دەربڕی بێزارین لە ئەرکەکان. بۆیە مادام شەرابی مەرگ، ئازادی ئێمەیە لە بەندی پەیمان، بە مردنمان لە ژێر پابەندی وەعد و بەڵێنەکەدا دەردێین، ئەوە مەست بوون بەو بادەیە (مەرگ) ئاسودەیی و حەسانەوەیە. ئاخر ئێمە پەیمانێکمان هەیە لە گەڵ پەروەردگاری خۆماندا، پەیمانی ئەوەی خودا خودای ئێمەیە و هەر لە ئەزەلدا

پەیمانمان هەیە. تا ئەو کاتەی لەو جودابین و ئیرادەمان لە دەستی خۆماندایە دەبێت وەفاداری ئەو پەیمانە بین{دڵ وچاو ١٧٥-١٧٨} واتە ئەرکەکانمان جێبەجێ بکەین، دیارە خودی (مردن)یش بەدیوێکی دا (وەفاداری خوداشە بەوەی لە وەڵامی گەردی خاکدا کە ڕازی نابێت ببێ بە جەستەی ئادەم... خودا بەڵێنی بە خاك بوونەوەی پێ دەدات، ڕۆحیش ڕازی نیە بچێتە ئادەمەوە خودا وەعدی گەڕانەوەی بۆلای خۆی دەداتێ.

ئەم دیاردەیە جێ ی تێفکرینە زیاتر (کە مەرگ ڕزگاری ئێمەیە لە ژێرباری گران و قورسی ئەرك و عیبادەتدا، هەروەها بەڵگەی وەفاداری خودامانە بەرامبەر وەعدی گەڕانەوە و بەخاك بوونەوە کە ئەمە لە نێو میتۆلۆژیای ڕۆژهەلاتی و کەلامەکانی یارسان و تەنانەت ماریفەتی پیر و فۆلکلۆری نێو خەلکیشا هەیە. (پەیمانە ۱ ) پێك بادەیە..(پەیمانە ۲ ) بەڵێنە (جیناسی تەواون).

٣ – عارفان چ خاس پەی وە حەق بەردەن

وەسیەت حافظ وە جا ئاوەردەن

عارفان زۆر چاك (بەباشی) دەرکیان وە ڕاستی (حەق) بردووە و وەسیەتەکەی حافزیان بەجێ هێناوە.

عارفان: لای جەنابی مدرس (خواناسەکانی خانەقای تەوێڵە)ن وە بەیتەکە شوناسێکی مەعرفی دەداتە خواناسەکان، گەرچی وشەکە لێرەدا تایبەتی یەکی هەیە کە لە ڕووداوی شیعرەکەی وەرگرتووە، بەلام بە کۆی نەناسراو هاتووە بۆ ئەوەی گشتگیر بکرێت و هەرکەس بەو جۆرە لە ژیان و مەرگ و قەزا بنوارێت.و بشێ بلێین ئەوانەی پەی بە حەق دەبن گوێڕایەڵ و غەزەل پەسەندەکانی حاقی شیرازین.

سەرنجێکی تری من لە بەیتەکە ئەوەیە خواناسانی خانەقای تەوێڵە (ئەهلی خانەقا) بەگشتی و مرید و شێخانی بە تایبەتی حافزشناسن و لە تێز و ئەندێشەکانی حافزەوە لە ڕاستی گەشتوون و وە بەباری عرفانی دا حافزخوێن بوون و ڕەنگە ساقی نامەکانی حافز و غەزەلەکایان لە بەر بووبێت،چوون کاریگەری حافظ لە نامەو وەسیەت و ئامۆژگاریەکانیاندا دەردەکەوێت. خودی مەولەوی لە بەشێکی ئەو نامەیەدا

که بۆ(مەلا صاڵحی فخرالعلما)ی دەنێرێت بەم جۆرە باسی خانەقای تەوێڵە و شێخی بەهادیین دەکات:

لەم شوێنە پیرۆزەدا ڕۆژی بەدەیان زاناو بلیمەت لە هەموو گۆشەیەکی دوورو نزیکی کوردستانەوە وەکو پەروانە لەدەوری چرای ڕوخساری شێخ کۆ ئەبنەوە.{مەولەوی سۆرانی-نەردەلآنی ل٤١٩-٤٣٤}

هەروەها خانەقای تەوێڵە کتێبخانەیەکی دەسنووسی تا ڕادەیەك گەورەی تێدابووە.بەتایبەت دەستنووسی شیعرەکانی(مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی وحافزی شیرازی وسەعدی وعەتاری نەیشاپووری)کە بوونەتە یەکێك لەو سەر چاوانەی کەمەولەوی بیری سۆفیانەی خۆی پێ دەوڵەمەند کردوون{کاروان.ژ.٢٣٥مەولەوی و خانەقای شێخە نەقشبەندیەکان.حکیم مەلاسالح ل١٧}

پێم خۆشە بەشێ لەو ساقی نامەیە بنووسین کە لای عارفان و بادە نۆشانی حەقیقەت وەك وەسیەت وەردەگیرێ و مەی نۆشانی دنیاییش خۆشیان لێ دێ. وە ڕەنگە بەدەر لەو ساقی نامانە لەناوغەزەلیاتەکانیشا هەمان ڕاسپاردە هەبێت.

من ار زانکه گردم بمستی هلاك

بئایین مستان بریدم بخاك

بتابووتی از چوپ تاکم کنید

براه خرابات خاکم کنید

ب اب خرابات غسلم دهید

پس انگاه بردوش مستم نهید

مریزید برگورمن جزشراب

میارید درماتمم جز رباب

{حافز.لیمودهی-ساقی نامەها}

٤ – دفنت نە پەهلوی مەیخانە کەردەن

وە سەر خاکت دا سەبووی مەی مەڕدەن

بەخاك سپاردنت لە تەنیشت مەیخانەدایە و بەسەر خاکتا گۆزەی پڕ لە مەیان شکاندووە. واتە عارفەکانی خانەقا لە تەنیشت مەیخانەی عەشقا بە خاکیان سپاردیت و.. لەوەسیەتەکەی حافزی حالّ زان کەلّکیان وەرگرت و بەگوزەی مەی خاکی سەرقەبر یان تەڕکردی. گۆزە شکاندن قەولّی پەیمان بەستنە و لەناو میسریە کۆنەکاندا ئەو دلّ و دلّخوازەی بەتەمای پێکهێنانی ژن و مێردی بوونایە دەبوو گۆزە بشکێنن لە نێوانیاندا. {سینزەه}

مەولەوی بێجگە لەوەی ئەم بەیتەی لە هەساری حافز هەلگۆزیوە، جوانی بایسی بە شیعرەکە داوە، وەك خۆشەویستی بۆ هەردوو تەردفەکە و وەزیفەی کۆمەلآیەتیانەی خۆی، مردنەکەی ئەو جوان دەکات بە جۆرێك باوکی مردوو شانازی بکات و خۆشحالّ بێت کە مردنێ خەلآتی کوڕەکەی کراوە هاوسێی ئاینە کاملەکان و ئازیزانی بێ گەرد و ساقیان و میراوانی بادەی عەشقەو دوا ئارامگای باخچەی مەرقەدە، ئەمە پاساوێکی ئیشراقی وعیشقانەیە و مایەی سەبووری خەسارەمەند و لێ خۆشبوونیشە بەرامبەر بکوژەکە.ئەوەتا باوکی خوا لێخۆشبووەکەش لەو کۆستەدا فەرموویەتی:

ڕۆلّە ئەو ڕەحمان بێ وادە مەردی

سەر وە پایەنداز(شاسراج)کەردی

ئیسە تۆ دلّشاد وەجای (وەفا)وە

چەم وە ڕای کەرەم پیری(بەها)وە

٥ – قەلّەم یاد کردار یار و ئەغیار دا

ڕەقەم کەرد تأریخ وە ڕووی مەزاردا

قەڵەم (مێژوو نوس و و یادخەرەوە)یە بۆ کردارەکانی یار و نەیارەکان. مێژووی دۆست و دوژمن تۆمار دەکات.. ژماریەکی بۆ مێژوودا لە ڕووی مەزاری. کە دوادێڕ ژمارەیەك دەداتە ئێمە بە پێی شیعرەکە کە دەکاتە ساڵی کوشتنی عبدالرحمن.

٦ – جامێش نۆشاوە چون مەردان ویەرد

گۆشەی مەیخانە وە زاویە کەرد

جامێکی نۆش کرد (هەڵدانی پەیمانەی مەرگ) و پیاوانە ڕابردوو (تێپەڕی) زەریفی ئەم وێنەیە لە (ویەرد) دایە، بڕینی مەودای دوو شوێن، بەڵام مەولەوی ویەرد بە (بەجێهێشتنی ئەم دنیا بۆ ئەو دونیا ) جێ کردووە کە مەوداکەیان بە ڕواڵەت چەند دوورە کەچی مەرگ زۆر خێرا دەیان بڕێت و یەك هەناسەیە. هەروەها بەڕاڤەکەی جەنابی مدرس دا وا دەردەکەوێت (زاویە) عیبادەت خانەبێ.

کە بەم جۆرەش گرتنی گۆشەی مەیخانەی عەشق و عیبادەتی مەینۆشانە تا قیامەت، بۆ خۆی جوانی یەکی تر دەردەخات کە لە دوای مەرگیش لە مەیخانەدا (خانەقای تەوێڵە) ئەم هەرمەستە (لەژێر قەبریشا خەریکی عیبادەتە، ئەم کۆتا دێڕە دەچێتە جەنگی بەیتی (٢)ەوە کە دەڵێ نەجاتت بوو لە ئەرك و عیبادەت، ئەوکاتە وای لێ دێت:

عیبادەتەکان و بەجێ هێنانی ئەرکەکان لەسەر زەوی دا هیلاك کەرو باری گرانن و مرۆڤ ناچارە بە جێبەجێ کردنیان، بەڵام لە دوای مەرگ یان دوای مەست بوون بەشەرابی مەرگ لە مەیخانەیەکی چوون خانەقای تەوێڵە دا. ئەم مەستە و لەو عیبادەت خانەیەدا بە مەستی سوچێکی گرتووە تا بەو عەشقەوە دەگاتە سارای مەحشەر. ئەمەش زەریفی جوانی ئەو بەیتەیە کە لە ڕواڵەتدا ئەو ئەرکەی نیە و وەزیفەی مێژووی کۆچ کردنەکەی پێ سپێراوە کە بە حروفی ئەبجەد ١٢٩٦ دەکاتە ساڵی کوشتنی عبدالرحمان {دیوان ل٧٣}. گۆشەی مەیخانە... هتد. مامۆستا حکیم نوسیویەتی

میسرەعی یەکەمیش هەرهەمان مێژوو دەردەخات{مەولەوی حکیم ل٨٨} هەروەها باوکی کوژراوەکە لە شینێکیدا هەمان مێژوو دیاری دەکات:

دڵ پەی تاریخ وات وە دەم دەردەوە     وەی داخ حەیف دنیای وێران کەردەوە

بە حسابی ئەبجەد و ڕێنووسی کۆن(وی داخ حیف دنیای ویران کردوە)دەکاتە ١٢٩٦{کەشکۆڵی یارویس ل٨٨}



١ – ئازیز وە مەرگت دڵ نەخرۆشەن

ئارەزووی خەدەنگ پەنجەکەی تۆشەن

ئازیز بە مەرگت دڵ نەخرۆشە و ئارەزووی تیری پەنجەی تۆیەتی.

خەدەنگ: بەچاوەڕوان کردنی نامە لێکدراوەتەوە. ئیتر لە شیعرەکەدا باسێ لە نامە نیە، گەرچی دوا دێڕ (توغرا) بە زوڵفی(خۆت) هاتووە، کنایەیە لەخەت بۆیە تێکەڵی و پێکەڵیەك لە ڕاڤەکەدا دیارە. گەر بۆنە ڕواڵەت و بیانوو بێت بۆساتەکانی داهێنان لای مەولەوی. ئەوە بە کەش و هەوای شیعرەکەدا وا دیارە بۆ شێخ عەزیزی جانەوەرە نووسرا بێت، چونکە هەندێ دێڕی ئەم شیعرە لە شیعری (ئازیز دیارەن وادەی لوامەن) دەچێت. گەرچی بەلای منەوە بۆنەکان هەربیانویەکن بۆ شەپۆلی هەستی بێ بنی مەولەوی، بۆ گومان کردنەکەم ئەم بەیتانە دێنمەوە خزمەتی ئەم دێڕە:

یاکەردە بۆ دڵ دێوانەی دڵ تەنگ

وەخت نیشانەی دڵان پەی خەدەنگ

پەلە پەل پەیزەوق زامێ وەتیرت

ئازار دا بۆ تای زوڵف زنجیرت

یاخۆ تۆ دا بۆت وە دڵ مەزەی مەرگ

تیری خەدەنگ دا بۆ نەتۆی جەرگ

خوێنەر بۆ بەراوردەکە دەتوانێ تەواوی شیعرەکە بخوێنێتەوە

٢ – خەیلێوەن نامان تیرەکەت ئامان

نامان وە سەر وەخت بیمار زامان

دەمێکە تیرەکەت نەهاتووە، ئامان لە نەهاتن بۆسەر وەختی (هەواڵ)ی بیماری زامان، یان ئامان لە نەهاتنی تیرت بۆ هەواڵ پرسینی زام.جیناس هەیە لە نێوان (نامان، ئامان، زامان)دا. بەدەرلە مانی عرفانی بۆتیر و زام کە لەهەر کاتێکدا تیر هەبوو نیشانەی ئیلتیفاتی دۆستە:

دەکرێت مەفهوومی بەیتەکە بەرینەوە ژێر ئەو چیرۆکە ئایینیە کە پوختەی ناوەرکەکەی ئەمەیە(بەندەی ڕاستە قینە کە لەبیری خوادا بێت، نابێت بێ دەردو بەلابێت، گەرماوەیەك بێ قۆرت و بەلا بوو، ترسی ئەوە دایدەگرێت کە لە بیری خوادا نەبێت. لەو بارەو چیرۆکی فۆلکلۆری ئایینی زۆر هەن.

٣ — وەختەن ساکن بۆ قوربان سا تیرێ

دەماخش بەرزەن، دەخیل زنجیرێ

خەریکە دڵ دمسرەوێ قوربان ساتیرێ، بایی هەوایە دەخیلت بم زنجیرێ.

ئەم ئەدەبی دواندنە و دان نان بە سەرگەردانی وخەتاکان زۆر لە شیعرەکەی ئازیز دیارەن، دەچێت، کە من پێم وایە (ڕاڤەی شیعری مەولەوی بە خودی شیعری مەولەوی) یان بەرهەمەکانی تری زۆر گومانمان بۆ ناهێڵێت و زۆر گرێمان بۆ دەکاتەوە، وە یارمەتیمان دەدات پرۆژەی دیوانی کامڵ بۆ مەولەوی بێنینە ئاراوە. لێرەش دڵ جۆرێ لە سەرکەشی هەیە و خەریکە لە حکمەت دەچێتە دەر، بۆ ئەوەی لەو جوڵەیە بکەوێت، دەبێت بەتیر دڵنەوایی کرێت,

٤ — نەوا جە حیکمەت بەربشۆ وە بەر

جار جار وە تیرێ دڵ نەوا پیش کەر

نەوەك لە ڕاستی و دروستی بەجێ هێنان بچێتەدەر، یانی مەهێڵە لە بازنەی حکمەت دڵ دەرچێت و جار جار بەتیرێ دڵ نەوایی بکەو دڵی بدەرەوە.

بۆ ئەوەی دڵ لە حکمەت دەرنەچێت و تووشی زوڵم و ستەم نەبێت، مهرەبانی لە گەلا بنوێنە و تیری تێ گرە. حکمەت لە فەلسەفەی عرفانی ئیسلامی دا بریتی لە پەی

بـردن بـه حەقیقـەتی ئەشیا، کـه دابـەش دەبێت بەسـەر حکمتـی نـەزەری و حکمـەتی عەمەلی، مەولـەوی ڕەنگـە حکمـەتی ا شـراقی مەبەست بێت و لـه ژێـر کاریگـەری شـێخ شـهاب الـدین سـهروردی دا بـووە، بـۆ ئـەوەی دڵ لـه خۆبـایی نـەبێت و هـەردەم لـه ژێـر فەرمانی عەشق دا بێت، دڵداری (مەعشوق) بۆی بریتی دەبێت لە کولانـەوە و بـەردەوام تیر باران کردنی بۆئەوەی ساکن نەبێ (بەواتا نەمرێ).

٥ – وەش وەش تای توغرای وێت بنمانه پێش

با هەر ناسۆر بۆ زوو نەبۆ سارێش

وەش وەش (خـۆش خـۆش) یـانی زوو زوو تـاڵی زوڵفـی ڕەش و پـڕ لـه پـێچ و مەتەڵاوی خۆتی پیشان دە (بنوێنە) کە مانای دەوا دەدات بۆ دڵ، بـەڵام دەوای کولانـەوە و تیراوێ کردن... بۆ ئەوەی سارێژ نەبێ.

چونکە دڵ سارێژ و بێ خەم و ساکن بوو، لە خانـەی حکمەت دەردەچێت. پەی بردن بەشتەکان و هیچی دنیا نابێت دڵ بێ خەم بکات، بۆیە تیرو زنجیری زوڵف هەردەم دڵ دەبەنەوە خانەی (حکمت) و بیرکردنەوە بۆ پەی بردن بە نهێنی. کە خـۆی لـە تـای توغرادا دەبینێتەوە بەوەی توغرا خەتە، بۆی هەیـە کـە ئـەم شیعرە داوا کردنـی نامـە بێت، گەر وا بێت داوای نامە لە شێخ عەزیزی هاوەڵی دەکات.

دەمەوێ بڕوای خۆم دەربڕم بەرامبەر بە تالان بردنـی وێنـە و کەرەسـە و زاراوە و چەمك و بابەتە ناسك و عرفانی یەکانی ئەدەبیاتی گۆران بەگشتی و قوتابخانـە شیعری یە پتەوەکەی بێسارانی و مەولەوی بەتایبەتی لە ئان و ساتی ڕێنیسانسی شیعری کوردی دا... کـەتا ئێـستاش ئـەو پرۆسـەیە بەردەوامـە. دیـارە مـن لـە بـارە سروشـتی یەکـەی کارتێکردن تێ دەگەم و لاریم نیە، گەرچی ئەوەش نابێت بەڕادەیەك بێـت کەسـی دووەم بێتە سێبەری تەواوی کەسی یەکەم. مەولـەوی بـۆ خـۆی لـە ئـەدەبیاتی کـوردی (گۆران-هورامی یان ماچۆ )دا لوتکەی گرتووە. بـەو پـێ یـە بـە هـەردوو بـاردا.. هـەم کاریگـەر بوون پێ ی هەم بە تالان بردنی تفاقی باڵەخانەی شیعری.. پەلامار دراوە.

بۆ نموونەی کارتێ کردنەکە بەشێوەیەکی داهێنان و ئاسایی هەوڵەکانی گۆرانی نەمرە... هەروەها گۆڕینی شیعرەکانی (ڕۆحی) مەولەوی لای پیرەمێرد، کە زۆرجار بە خراپ کراون ئەوەی مەولەوی دەیڵێت ئەوە نیە کە پیرەمێرد بۆی چووە، بەرهەحاڵ ئەم بەرهەمە باش یان خراپ.. پیرەمێردی پێ تۆمەتبار ناکرێت.

بەڵام بێجگە لەم ڕۆحە... چەندین فەرد و وێنە و خەیاڵ و تەرکیبی شیعری و زاراوە و تەنانەت فکر... پیرەمێرد بردوونی و هەندێ جار نابەدلآنە ئیشارەی بۆ کردوون و زۆریشیان لە پێناوی نوێکردنەوەکەدا خراونەتە خزمەتی دیالێکتی کرمانجی خواروو. کە ئێمە ئینتیمامان هەیە بۆی و پێمان خۆشە بەرە و ستاندار بونیش بڕوات، بەڵام ناپاکی یە ئەدەبی یەکە و دان نەنان بە زخیرە و پاشخانی ئەدەبی و عرفانی(هەورامی- گۆراندا).. مایەی دڵ ئێشان و لە هەمان کاتا هەڵوێستە.لە ویژدانی نەتەوەییماندا تاوانە.



لەو لایەنەوە ئێمە یەکەم کەس نین و پێش ئێمە باس لەو تالأنی یە کراوە چ وەك كارتێ کردن چ وەك دزینی ئەدەبی. لەو  پێناوەدا ئەوەی جێ ی پەسەندی و دەس خۆشی یە، هەوڵەکەی د. انور قادرە لە شاکارەکەی دا کە زۆر زانستیانە و بێ تەرەف ئامـاژەی بـەکارکردنی پیرەمێـرد لـە سـەر مەولـەوی کـردووە و نموونـەی باشـی هـەڵ بـژاردووە و سـەرنجی لـە سـەرکارەکەی مامۆسـتا هـاواریش داوە، وە دواجـار لـە هـەردوو بارەکـەدا (کاریگـەری و وەرگێڕنـەکان- هـەم دزی ئـەدەبی )گـوڕ و تینـی باشـی بـە نـوێ بونـەوەی زمـانی شـیعری کـوردی داوە{لیریکـای..ل٢٤٦-٢٥٩} .هـەروەها کارکردنـەکانی جوانەمەرگ مامۆستا ئومێد ئاشنا لە سەر پیرەمێرد و تەقەللاکانی.

بۆیـە پێویـستە لـەو بـوارەدا هـەوڵی تـەواو بـدرێت بـۆ جارێکی تـر بەشـێوەیەکی زانستی و کاری لیژنەی پـسپۆڕی لـە شـەن و کـەو کردنـی ئـەدەبیاتی کوردی بـە هـەموو دیالێکتەکانی و ئەگەر کرا یەك خستن و گۆڕینی ئەو ئەدەبە بەرە و زمانێکی ستاندار و پاراستن و مانەوەی ئەسڵەکەی. ئەم شیعرە بەناوی کۆنەفرۆشی بلأوکردوەتەوە{پیرەمێردی نەمرمحمد رسول هاوارل١٩٧-١٩٨} . مامۆستا هاوار لە پیرەمێـردی نـەمرا پـەراوێزی ژمـارە(٢) هەورامی یەکەی نووسیوە.

## شیعری بیست و نۆیەم

### ١ – ئاخ چراخ چ ئاخ ئاخ پەی ئاخداریٚ

### چوون من خاطر خارخـەمبار داخداریٚ

لـە دیوانەکـەدا نووسـراوە بـۆ مـەلا چـراخ نـاویٚ دۆسـتی نووسـیوە، ئێمـە ئاگاداری ئـەوتۆمان لـە بـەیاز و دەسـت نووسـان نیـە، لـە وەی هەیـە سـەرنج ئـەدەین و لـەدنیای شاعرەکەوە تیٚ دەفکرین، بۆیە زۆر خێرا بەسەر ئەم شیعرەدا دەڕۆم، چـوون بـە گومـانم لێی کە هی مەولەوی بێت، چ وەك ووشە و وێنـە، چ وەك زمـان و فـۆن، زیـاتر لـە دنیـای بێسارانی یەوە نزیکە، یان لەو شاعیرانەی (چراخیات )یان نووسیوە. بەلاّم مـن بەلگـەی ئەو تۆم نیە، یان گەر هی مەولەویش بێت ڕەنگە لە شیعرەکانی سەرەتای بێت و لاسایی کەرەوەی بێسارانی بووبێت. بەهەرحالّ...

ئاخ خۆشەویست (دۆست) چ ئاخێك؟ ئـاخ بـۆ ئاخـدارێکی وەك خـۆم دلّ بریـندار و خەمبار و داخدار، بۆ نیشاندانی باری دەروونـی و تاسـەو حەسـرەتی دۆسـت لـە ڕیٚ ئـەو ئیقاعەوە کە بە چەند پیتیٚ دروستی کردووە بارەکە پیشان دەدات لـەم بەیتـەدا (٩ جـار پیتـی خ) کـە ریتمـە قورسایی بـاری تاسـەی شـاعر دەردەخـات لێکـچوون و جینـاس لـە وێنەکەدا دیارە. {ئیقاع لەشیعری مەولەوی دا ڕحیم لوقمانی}

### ٢ – بشیامیٚ وە سەیر سەر سەراو چەمەن

### چ ئەو چراخم نەو چەمەن، چ مەن

بـشیامیٚ (بـچوینایە بەمەبەسـتی چوون بـۆ سـەیر و سـەفا) بـەکاردێت ئـەم بـەکار بردنە لە شاعرانی ژاوەرۆ و دەرورووبەری دا زۆر دیـارە) بـچویتایە بـۆ سـەیر و لـەو سـەر سەراو و چەمەنە، چ دۆسـتە وەك خۆکـەم لـەو چـەمەنە و چ خۆشـم. ئیقـاعی پیـت بـۆ پیشاندانی سەیری چەمەنەکە لە ڕێگەی سیٚ جار (س) و پێـنج جـار (چ)وە، ئۆکسترای ئـەم پیتانــە لــە شـیعرەکەدا خــۆش و ئاهەنگــدارە کــار لــە هەسـت و نەسـتی مــرۆڤ دەکات{هەمان سەرچاوە} جیناس لە وێنەکەدا هەیە.

٣ – ناڵەمان کەردا چەنی بوڵبوڵان

چەنی ناڵەێی؟ چوون سفتە دڵان

وەك وتمان زمانی ئەم شیعرە تەنیا لێرەدا هەیە و لە شوێنی تری دیوانەکەدا نیە، بەواتا زمان و تەعبیری ئەم شیعرە لە زمانی شیعرەکانی تر ناچێت (ناڵەمان کەردا) (چەنی ناڵەێی) بناڵینایە لەگەڵ بولبولان، چۆن ناڵەیێ وەك دڵ سوتاوان. جیناسی تەواو (چەنی یەکەم- لەگەڵ- چەنی دووەم، چۆن) وە لێکچوونەکە ئەوەیە (بناڵینایە وەك دڵ سوتاوان).

٤ – تا نە قەفەسدا مانمان نەفسێ

ئەوان پەی گوڵان ئێمە پەی کەسێ

تا لە قەفەسدا ماومانە نەفەس (گیان هەناسە) بناڵین ئەوان بۆ گوڵان و ئێمەش بۆ کەسێ، لەگەڵ بەیتی پێشوودا لەف و نەشری سازاندووە لەسەرەوە بۆ خوار (ئەوان- بولبولان- بۆ گوڵان) (ئێمە- شاعر و چراخ- بۆ کەسێ. )

لەقەفەسدا هەم مانای دروست و هەم خوازە هەیە. قەفەس - زیندانی بولبولەکان، سینەی مرۆڤ کە زیندانی گیانە.

دیسانەوە (مانمان) لە زمانی شیعری مەولەوی ناچێت. گەرچی شیعرێکی ناسك و ڕۆمانسی یە.

١ – ئەدای پەشێوی حاڵات جەستەم

دوورەن جە تەحریر خامەی شکستەم

ئـەم شـیعرە یەکێکـە لـەو (٨) غەزەلـەی مەولـەوی بـۆ مـەرگی عەنبـەر خـاتوونی خێزانی وتووە.

خۆشەویستی مەولەوی بۆ عەنبەر خاتوون خۆشیەویـستی یـەکی لـە ڕادە بـەدەر و بـەتین بـووە. مـەرگی ئـەم ئـازیزە کارێکی جـەرگبڕی کردوەتـە سـەر ژیـانی مەولـەوی و زامێکـی قـوڵی سارێژ نـەبووی کردوەتـە دڵـی مەولـەوی و تـادوا هەناسـەی تەمـەنی بـەو زامەوە تلاوەتەوە. ئەو پارچە شیعرانەی پـاش مـەرگی عەنبـەر خـاتوون، لەسـەر پـاکی شیعری کوردی دا سەردەستەی شیعری لاواندنـەوە و شـینن و شایـستەی ئـەوەن بـەراورد کرێن لەگەڵ شیعری لاواندنەوە لە ئەدەبی کۆن و نـوێ ی ڕۆژهـەلاتی و جیهانـدا{مەولـەوی ژین و بەرهەمی ل٣١}

بیری بنەڕەتی ئەم لاواندنەوانە، بە بۆچوونی سۆفیانە و ئاینی باوی ئەو سەردەمە کە لە ڕێی وێنەی زیندووی پڕ مانای ژیان و قووڵ و ریالیسیانە دەربـڕاون{لیریکـا ل١٥١-١٥٣٢}. نەمری دێننە ئاراوە، چـەمکی نـەمری دەرکەوتنـەوە یـان پیـشاندان و مانـەوەی جیلوەی یارە لە سروشتدا، هەردەم ئامادە بـوونی ئـەوە لـە بـیر و ئەندیـشەی ئێمـەدا کـە مەولەوی توانیویەتی عەنبەر لە ڕێگەی شیعریەتەوە بگەێنێتە نەمری.

بەم تۆقە غەزەلە مەولـەوی لـە شـیعری کوردیـدا دیاردەیـەکی نـوێ ی هێناوەتـەوە ئـاراوە. خۆشـەویـستی شـتێکی ڕووت و ئەبـستراکت نیـە، ئـافرەتێکی بەخـەیاڵی شـاعیر خـولقێنراو نیـە، هاوسـەری شـاعیرە بووەتـە ڕەمـزی وەفـاو خۆشەویـستی و تەنانـەت نیشتمانیش{لیریکای...}

گوزارشت کـردن لـە پەشێوی حاڵەتـەکانی جەستەم دووره لـە نووسـینی خامـەی شکاوم، قەڵەم ناتوانێت پەشێوی حاڵی جەستەم بـەیان کـات. ئێمـە دەبێـت سـەرنج لـە

پەشێوی حاڵەتی جەستەی مەولەوی بدەین، لەوێوە بچینە بەردەم ئیرۆسیەتی ژیان کاتێ مەولەوی و عەنبەر ئاوێزانن. (نارەحەتی جەستە لە نەبوونی عەنبەردا )، دەمانخاتە بەردەم پێچەوانەکەی (ڕەحەت بوونی جەستە لە بوونی عەنبەردا) بۆ ئاسودەیی حاڵەتەکانی جەستە و نێرڤانا بگەڕێین کاتێ عەنبەر هەیە. بۆیە بە نەبوونی عەنبەر کەس ناتوانێت حاڵەتی پەشێوی جەستەی مەولەوی ببینێت(بناسێت) تەنانەت خامەکەی خۆیشی.

گۆڕینی وشەی حالأت لە کاتی وەرگێڕانی ئەم شیعرەدا بەهەر وشەیەکی تر لە قوەتی شیعریەتی شیعرەکە و ستاتیکای تێکڕای وێنەکە کەم دەکاتەوە. دوا جار ئەو نەمریەش ناهێڵێت کە مەزگەی شین نامەکانی مەولەویە. بۆیە پیرەمێرد زۆر دوورنەکەوتوەتەوە و هەوڵی داوە وێنەکە بخاتە سەر گرامەری سۆرانی...

ئەدای پەشێوی حالأت جەستەم

نایەتە قوەی خامەی شکستەم

زانیویەتی هیچ واژەیەکی تر لە ساختمانی ئەو شیعرەدا بۆ جێ ی حالأت ناشێ، چونکە خودی (حالأت)کۆی (حاڵە)ەو هەناسە و جووڵە و زیندوویەتی هەڵ گرتووە و هەم جوانتر دەلالەتی پەشێویەکەشە. بۆ بەراورد ئەم بەیتە لای مامۆستای ئەردەلأنی دەنووسین کە ئەو ویستویەتی لە پیرەمێرد نزیکتر لە ڕێی ووشەوە لە بیتەکە نزیك بێتەوە، بەڵام دواجار نەیزانیوە زۆرجارتاکە وشەیەك کلیلی کردنەوەی دەروازەی جوانی و بالأخانەکانی شیعریەتی مەولەویە، بۆیە من لام وایە کلیلەکەی بزرکردووە.

باسی پەژارەی چۆنیەتی جەستەم

دوورە لە ڕشتەی خامەی شکەستەم

کە خوێنەری تینوی شیعریەتی مەولەوی دەزانێ (چۆنیەتی) چەند بێ قابیلیەتە لە چاو (حالأت). مامۆستای مدریس لە ڕاڤەی (دەوورەن جە تەحریرەوە) بۆ ئەوە چووە کە مەگەر خودی مەولەوی بچێت بۆلای عەنبەر و بەیانی حالأتی بکات.

٢ – بەلاّم مەعدوم هەرس دیدەش جۆش وەردەن

ناعیلاج خامەش وە دەسگیر کەردەن

بەلاّم مەعدوم ئەسرینی دیدەی جۆشی هێناوە (بەکوڵ گریان) لە ناچاری دا دەستی بۆ قەڵەم بردووە... بەهیوای فریاد ڕەسیّ. نارەحەتی مەولەوی دەردەخات و بەکوڵ گریانی، تەنانەت دەگێڕنەوە زۆر جار خۆی لە مەزارەکەی عەنبەر گەوازندووە.

نیوباڵی یەکەم وەك لە پەراوێزی دیوانەکە و وەرگێڕانەکەی مامۆستا محمدامین ئەردەڵانیەوە هاتووە ئاواش هەیە. بەلاّم مەعدوم غەرق هەرس جۆش وەردەن. دواجار نوقم بوو یەك لە بنی ئاودا دەگەڕێت، بۆیە ئەم بەیتەی بەم شێوەداناوە، بەلاّم بەلای منەوە دروستتر هی دیوانەکەیە، چونکە مرۆڤ کە نوقم بوو ئیتر پەنا بۆ هیچ نابات و تەسلیم دەبێت.

کە غەرق بوو، پەلاماری خامە (دەس بردن بۆ هەرشتیّ کاتیّ مرۆڤ خەریکە ئاوبیبات) مانای نامێنێت ئەو لە دوا دێڕدا خۆی دەخاتە بێخی ئاو، ئیتر لەم بەیتەدا لازم نیە باسی غەرق بوون بکرێت. غەرق بوون لەم بەیتەدا بە سروشتی یەك لە دوای یەکی شیعرەکە ناخوات، بەهەشتی مدرس زیرەکانە ئەمانی هەڵ بژاردووە. (لە ناعیلاج دەستگیری خامەدا) ئەوە دەخوێنینەوە کە ڕەنگە خامە نەتوانێت مەولەوی لە غەرقی کۆستی عەنبەر ڕزگار بکات هەم مەولەوی بەلای خۆیەوە نەیتوانیوە شیعریّ مایەی پەسەندی خۆی بۆ مەرگی عەنبەر بنووسیّ یان نووسین لە نێوان (بوون و نەبوونی عەنبەردا) توانای ڕاگرتنی وەزعی مەولەوی نیە.

٣ – پەلە پەل پێکان پەل وەخامەدا

یەك فەرد ڕەقەم کەرد وە ڕووی خامەدا

پەلە پەل دەستی پێکاوە لە خامە بۆ ئەوەی یەك فەرد بنووسیّ.

ئەم پەل پەل بردنەی دەست بۆ خامە و نووسینی فەردیّ ڕەنگە بۆ تۆمارکردنی مێژووی کۆچی عەنبەر بێت.محمدی مەلا کریم بیّ هیچ بەلگەیەکی باوەڕ پیّ کراو سەلمێنراو دەنووسیّ مەرگی عەنبەر حەوت ساڵ پێش مەرگی مەولەوی بووە{مەولەوی ژیان

و بەرهەمی،مهرەجانی ٢ل ٥٥٣} مەولەوی ١٣٠٠ مردووە کەواتە بەقسەی مامۆستا محمد ١٢٩٣ کۆچی دەبێتە ساڵی مردنی عەنبەر.

بە پێی شەن وکەو کردنی شیعری لاوانەوەکانی مەولەوی بۆ عەنبەر وەك ئەوەی ڕێزدار فازل کەریم (جەعفەر) کردویەتی{مێژووی بیری کوردی ل١٤٤-٢٠٥} دەڕۆژی یەکەمی محرم لە شورای عاشورادا و نەو بەهاری ئەمساڵ نەو وەهار... محرم و بەهار ڕێکەوتی یەك نین لەو ساڵەدا، بۆیە ئەو پێی وایە ساڵی مردنی عەنبەر بەبۆچوونی نزیك دەبێت پێش ساڵی ١٨٧١ز بکات واتە ساڵی ١٢٨٨ کۆچی.

٤ — ئیسە دیدەی دڵ دێوانەکەی وێت

نە بێخ ئاودا مەگێڵو پەرێت

ئێستە چاوی دڵی دێوانەکەی خۆت، لە بنی ئاودا بۆت دەگەڕێ.. دیارە دیدەی دڵ، دیدەی سەری مەولەوی نیە، چونکە دیدەی سەر هێندە فرمێسکی بەکوڵی ڕشتووە. دڵ غەرقی گریان بووە و دیدەی دڵ، لە بنی ئاودا (فرمێسکا) بۆ عەنبەر دەگەڕێ.مەولەوی شینی وون بوونی باڵای عەبنەر دەکات بە چاوی سەروچاوی دڵ ئەمەش پێوەن کردنی دیدی عرفانی مەولەویە بە مەرگ و ئاوێتە بوونی یاری دنیایی و دۆستی حەقیقی یە.لەم ڕێگەشەوە عەنبەر بە نەمری دسپێرێ.وە ڕەنگە ئەم بەیتە حسابی ئەبجەدی مێژووی مردنی عەنبەربێت و شێوەی تری بووبێت، ئەبێت هەوڵی گونجانی بۆ بدرێت.بە پشت ئەستووری بە بەڵگە و شەن و کەو کردنی بەیازو دەسنووسان.



١ – ئازیزم گەردەن بلوور بێگەرد

ئەمانەتی تۆ و دڵەی پڕ جەدەرد

ئازیزم گەردن وەك شووشەی ساف و لوسی بێ پەڵە (بلوری بێ گەرد) ئەمانەتی تۆ و دڵەی پڕ لە دەردی من. واتە: دڵم شەیدای تۆ بووە و لە من بێزارە و لە گەردنی تۆدایە، ئەمانەتە لە گەردنتاو واجبی نیگا داری لای تۆیە.

٢ – چون جە زێد وێش بیەن ئاوارە

غەریبەن قەدرش نیگا بدارە

چون لە نیشتمانی لە دایکی بوونی خۆی ئاوارە بووە و غەریبە حورمەتی بگرە (قەدری غەریبان) ڕێزگرتن و دڵنەوایی کردنیانە. بە جێ هێشتنی دڵ و دەروونی بۆ وڵاتی گەردەن بلووری بێ گەرد و غەریب کەوتن لە وڵاتی یاردا. کەواتە گەردن بلور دەبێت بەوردی چاودێری دڵ بکات چون غەریب نابەڵەدە، لە بچوکترین فرسەتدا ون دەبێت، گومڕا دەبێت.

٣ – فەرامۆش نەبۆ لادێ درەنگێ

سوبحێ وەتیرێ، شامێ خەدەنگێ

کەم و زۆر فەرامۆش و بەرەڵلای مەکە، بەیانی و ئێوارە بە تیر پێوە نانێك ئاگاداری بکە. (دیوان) وە دەکرێ (فەرامۆش نەبێ) تکاو ڕاسپاردە بەیان کراوەکە بێ کە شاعر لە بەیتەکانی پێشوودا ڕووی لە یارە و دەڵێ ئاگاداری ئەو دڵە غەریبەم بە لێرەدا وەك بڵێ ی بیرت نەچێ. لادێ درەنگێ، بێجگە لەواتای کەم و زۆر واتای زوو، درەنگیش) دەدەن، چونکە بەیتەکە لەف و نەشری مورتە بی تیایە (زوو -درەنگ- سوبح- شام).

مهرەبانی یار لەگەڵ دڵەی غەریبی دا پێدانی خۆراکی عرفانی و ڕۆحی یە، مەولەوی داوا دەکات بەیانیان و ئێوارە لە خۆراك پێدان بیری نەچێت خۆراکە کەش

بەیانیان ژەمی تیر و ئێواران خەدەنگ. هەرچەندە خەدەنگ هەر بەواتای تیر دێت، بەڵام لە خەدەنگا شوێنی بەرزی تیر بارانەکە ڕەچاو کراوە و لێرەوە دەتوانین باڵا بەرزی، یان شوێنی بەرزی یار بێنینە پێش چاو لە وێنەکەدا شوێنی خودای بەرز و باڵا، گەرچی بەکارهێنانەکان (تیر وخەدەنگ) کلاسیکین، بەڵام تێکڕای شیعرەکە لە حاڵی ڕۆمانسیەتایە، بێجگە لەف ونەشر دژیەکیش هەیە.

١ – ئارەزووی ئامای مەرگ وێت کەردەن

گۆیا خەلأصیت وە دڵ ئاوەردەن

ئارەزووی هاتنی مەرگی خۆت کردووە گوایە کۆتا بوون (تەواو بونت) بە دڵدا هێناوە (تەمەننای نەجات بوون و مردن)، مامۆستا حەکیم لە پیاچوونەوە دا بۆ ئەم شیعرە دەڵێت ئەم دوو بەیتە وەڵامی ئەم دوو بەیتەی کۆماسی یە کە ئەڵێ:-

ئەربۆ بەپرۆزێ وەمەلاڵەوە

بەیۆ وە لا تۆ بە شەماڵەوە

ئانە بۆ پرۆز سفتەی جەرگمەن

مەعلووم بۆ مەعدوم وادەی مەرگمەن

٢ – ئەی پەی تۆ نەبۆ دۆسەکەی گیانی

چەند بۆ پرووز بۆ تۆهەر بمانی

ئەی بۆ تۆ نەبێ دۆسەکەی گیانی (بۆنی سوتانی چەندان) بۆ کێ بێ، تۆ هەربمێنی.

یانی (ئەگەر تۆ بمری و نەمێنی (بۆنی سوتانی چەندان بۆ کێ بێ) لەبەر ئەوە یاخوا هەر (بمێنی) لە "بمانی دا" تێ دەگەین مەولەوی بێجگە لە دوعای نەمردن بۆ کوماسی بەردەوامیش دەبەخشێ بە سوتانی عاشقان و دڵداران.

١ – ئاخ پەی خەڵوەتێ بدیام وە بێ خەم

سیوای تۆ دیدەم کەس نەدیام وەچەم

ئاخ بۆ خەڵوەتێ بمدیایە بە بێ خەم یانێ خەڵوەتێکم شك بردایە بە بێ خەم، بێجگە تۆ (دیدەم) کەسم بەچاو نەدیایە. د. انور لە شاکارەکەیدا دەنووسێ (ئەم شیعرەکورتانەی مەولەوی ئاڵۆز و نیگار ئامێز و لە ڕووی دەروونی یەوە هەمە مەودان. لە یەك کاتدا لە تەوەرەیەکدا کۆمەڵێ بیر و ئەندێشەی قووڵ و جەوهەری بەدەوری یەکدا کۆدەکاتەوە، کە شیعرەکان سێبەر چڕو پڕدەکەن. لە هەندێ وێنەی سەرکەوتوودا گەلێ شتی بەڕواڵەت ناکۆکمان بۆ کۆدەکاتەوە{لیریکا ل٩٩-١٠٠} ئەم خەڵوەتەی کە لێرە ئاخی بۆ هەڵدەکێشێ لە بێسارانی دا دەیدۆزێتەوە و تێ هەڵکێشی دەکات (شەوەن... خەڵوەتەن) لە شوێنی خۆیدا لێی دەدوێین.

٢ - دڵ پەی دیدەنت کام خەڵوەت سازۆ

تۆی دیدەیچم بی مەردم نمازۆ

دڵ بۆ دیتن و دیدەنی تۆ کام خەڵوەت ساز بکات، ناو چاویشم بکەمە خەڵوەتی دیدەنی تۆ گلێنە و بیلبیلەم نایەڵن دەبنە ڕێگر و ڕەقیب. خەڵوەت: شوێنی چۆڵ و هۆڵ و بێ ڕەقیب بۆ ڕیازەت کێشان. بە بارە سروشتی یەکەی دا ڕەنگە مەولەوی ژوانگەیەکی بێ قسە و قسە لۆکی دەست نەکەوتبێ بۆ ڕاز و نیاز لەگەڵ عەنبەر یان لە لۆمە کردنێکەوە هاتبێ کە جێگەی پرسیارە لە باری کۆمەڵگای ئەوکاتەدا خەڵك چۆن لێ گەڕاوە مەولەوی عەنبەرێکی غەریب بکاتە دڵبەری.

بە بارە عرفانی یەکەی دا:- بۆ وەسڵ و گەیشتن بە مەعشوق و سازدانی خەڵوەتێکی ڕاستین، تەنی عاشق حجاب و پەردەیێکە کە ئەبێ لە ناو بچێ و نەمێنێ، ئەگینا هەتا عیشق لە قەفەزی تەنی عاشقدا پاوەن کرابێ وەسڵی ڕاستین پێك نایە (تەنی عاشق مانعی وەسڵی ڕاستینە){رسالەی عیشق ل٤٥٨} ئەگەر دیدەشم بکەمە خەڵوەت

بۆت و بتهێنمە ناو چاویشم بیلبیلەی چاو دەبێتە ڕێگرو نایەڵێ بتبینم، بەبارەکەی تریشا (مەردم) خەڵك بێت، ئەر بتهێنمە ناو چاویشم و دات نێم خەڵکی هەر سەیرت دەکەن و ئاواتی من نایەتەدی{دیوان ل٧٨}

(سوای تۆ). دەکرێ ئاماژەیەکیش وەرگرین بۆ کاکڵەی یاد و عیبادەت دوور لە ژاوە ژاوەکانی ڕیاکاری و نواندنە ساختەکان لە عیبادەت خانەکان، وە دەکرێ ئەم ژوانەی (خەڵوە)یەی مەولەوی نیازیەتی جۆرێ ڕاکردن بێت لە ئەرکە دووبارە و ماندوو کەرەکان کە بە ئاسانی نواندن و درۆ و ریاکاریان تیادەکرێت، بەلآم ئەمەی مەولەوی عەشق و گلێنەی خۆیشی ناپارێزێت و ڕووپامانی بۆ ناکات. دڵ خۆش بون بە عیبادەتی ڕواڵەتی حجاب و پەردەی حاڵە، مزگەوت و دە یرو کەنیسە و خانەقا و تەکیەکان، گەربوونە مەقسەد، ئەوە تەجلیگای حەزرەتی حەق نین، بەرماڵ و جبە و عەمامە و مێزەرە.. گەر مرۆڤیان کردە دیلی خۆیان ئەوە دەبنە پێوەنی گیان. تێکڕای دژایەتی کردنی شیعری عرفانی بەرامبەر ئەو نیشانانە، لە بینینێکی وەهادا لەدایك بووە.

١ – ئازیز وەس بووزەم نەگێجاو خەم

وەس چوون بینایی پەنهان بەرنەچەم

ئازیز بەس بمخەرە گێژاوی خەمەوە، بەس چوون بینایی شارراوە بە لە چاوم.

٢ – وەختێ جە وەصڵێح هەر دڵم ڕێش بۆ

مشیۆ وەصڵ و فەصڵ فەرقشان چێش بۆ

کاتێ لە پێگەشتنیشا هەر دڵ ڕێش بم دەبێت جیاوازی (فەصڵ و وەصڵ) پێگەشتن و پێ نەگەشتن چی بێت مادام ئەنجام هەر دڵ ڕێشی منە.

کاك تەحسین حمە غەریب لەم شیعرە و هەوڵی داوە (وەصڵ و فەصڵ) کۆمەڵایەتی بکاتەوە و عاشق بوون بکاتە کلتورێکی ئەخلاقیانەی کۆمەڵگە{دڵ وچاو ل١٠٨-١١٥} لە ڕوویەکی عرفانیشەوە ڕاڤەی ئەم دوو بەیتەی کردووە. ئەگەر وەصڵ بریتی بێت لەوەی کە تۆ نەبینم ئینسان بۆ ئەوەی شتێك ببینێ دەبێت لە دەرەوەی چاوی ئەوەوە بێت یانی مەسافە، ڕەهەندێك ببێت لە نێوانیاندا تۆ کە هاتبییتە ناوچاوی منەوە هەر نەت بینم کە واتە وەصڵیش هەروەك فراقەکەی ئەوسا وایە. لە درێژەی مانا کردنەکەدا دەنووسێت (ئەی ئازیز بەس بمخەرەوە ناوگێژاوی خەمەوە بەس وەکو بینایی لە چاوەکانم وون بە تۆش لە چاوەکانم وون مەبە، ئەگەر لەوەصڵیشا. لە گەیشتنە خزمەتی تۆشدا دڵم پڕ بێت لە ئازار.. ئیتر فەصڵ و وەصڵ یەك شتن بۆ من کە دیارە ئاماژەشی کردووە بۆ کوێر بوونەکەی مەولەوی. بەڵام بەڕای من نەیتوانیوە شرۆڤەکە بکات و ئەو ئەنجامەی مەولەوی بدۆزێتەوە کە مەولەوی بەو بڕیاری یەکسانە گەیاندوە.

ئێمەش هەوڵ دەدەین بۆ پێشەکی بوونی مەجاز بەر لە حەقیقەت... بە بارێکی مەجازیشدا وەی خوێنین. بەر لە هەرشت (ئازیز عەنبەر و بینایی) لە یەك چوون. لە

بەیتی یەکەمدا مردنی عەنبەر زیرەکانە خۆی هاوێشتوەتە وێنەکەوە، بەلام دەبێت خەیالاویانە بۆی برۆین، چونکە دواندنەکە لە گفتوگۆیەکی بەرامبەر زیندوو دەچێت، ئەمەش سحرەکانی مەولەوین بەلای منەوە (لە کوردەواری دا کاتێ مرۆڤ لە بەرخۆیەوە دڵ پڕە و یادی مردوویەکی دەکات دەچێتە حالێکەوە لە درێژەی خەیاڵ و ئەندێشەی دا وون دەبێت و مردووەکە وەك زیندوویەك دەدوێنێت. من خۆم زۆرجار گوێم لەلاوانەوەی ژنان بووە کە کەسە نزیکەکانیان و ئازیزەکانیان لاواندوەتەوە و تەنانەت بە مردووەکانیان ووتووە (وەرە بابرۆین و بکەرە ئەو بەرزە ولەم بابەتانە.) کە دەبێت ئێمە سەرنج لەو لاواندنەوانە بدەین بۆ تێ گەشتنی ڕاڤەکە.

مەولەوی لە گفتوگۆیەکی خەیالاوی دا عەنبەر زیندوو دەکاتەوە و کوێر بوونی خۆی دەدات بە گوێی دا، ئازیز بەس بم خەرە ناو گێژاوی خەفەت، لێم وون نەبێت وەك بینایی چاوەکانم.. لەم خەیاڵ ژیانەی بەیتی یەکەم دا باوەڕ بەوە دەکات عەنبەر زیندووە، بەلام بینایی چاوەکانی ئەم وون بوون، دیارە عەنبەر نابینێ. لە بەیتی دووەمدا دەڵێ توخوا لە بەیەك گەشتنیشا کە من نەتوانم بت بینم و دڵم ڕیش بێت، عاجز بوونی مرۆڤ لە وون کردنی بینایی و لە دەست دانی چاودا کە من زۆر لە نزیکەوە (٣٠ ساڵە هەست بەعاجزی یەکانی باوکم دەکەم و بە نهێنی زۆر سەرنجی ووردم لێ داوە وە کوێربوونی ئەو یارمەتی باشی دام بۆ ڕاڤەی هەندێ بەیتی مەولەوی) ئیتر دابڕانیشت مادام هەر نەدیتنی تۆو دڵ برینداری منە وەکو یەك دەبن. ملدان بە کۆتایی یە تراژیدیەکەی ژیان لە بەیتی دووەمدایە.. سەردەمی فەرمانڕەوایەتی کردنی ئیرۆس و ڕۆمانسی یەت تێ پەڕیوە. مادام گەڕانەوە مەحاڵە گریمان ئازیز تۆ نامخەیتە گێژاوی خەم و لە چاوەکانم (بیناییم) ناچی... خۆ من تازە کوێر بووم و تۆ هەر نابینم.. کەواتە سەبوریەك بۆ مردنی عەنبەر لای مەولەوی لەم بەیتەدا هێلانەی کردووە.. لە ئێستایدا دڵی خۆی بە کوێر بوونی بەرامبەر مردنی عەنبەر دەداتەوە. کە ئەم حاڵ وەزع و بارە دەروونی یەی نەهاتەکانی و کارەساتەکانی لە ڕێگەی بڕوای ئارامی خۆیەوە وەك لە پاشخانی (نەقشبەندی) بوونیەوە سەرچاوەی گرتووە، دوور لە تورە

بوون و هەڵچوون عارفانە دەگوزەرێنێت و تا مەرگی خۆی نەرم و نیانانە دێتە پێش، لە شوێنی تردا پاکانەی پیری و مانەوەی دیدەی سڕ دەکات وەك سەبووری بۆ حاڵەتەکانی.

بۆ ماناو ڕاڤەی عەشقی ئیلاهیانە و عرفانیانە لە شیعرەکەی کە بۆ بولبولی نووسیوە ڕای وایە کە فەصڵ. دووری لە وەصڵ باشترە و جیاوازیەکانیان باس دەکات لە شوێنی خۆی لێیان دەدەوێن.. بۆیە ئێمە مانای ئەم دوو بەیتەمان لە ئاسمانەوە دا گرتەوە بۆ سەرزەوی. بۆ ئەو ئەنجامەیش کە فەڵ و وەصڵ یەکسان دەکات بڕوانە بۆ ڕاڤەی ئەم دوو شیعرە لەم کتێبەدا:

وەنەوشە ئەو خاڵ پیشانیش دیەن سەر نەیەخەی فکر هەمشانیش شیەن.

(دوای بینینی خاڵ وەنەوشە مل کەچە)

غوسەی دوری خاڵ ئەوگۆنای گوڵ بێز

خەم کەردەن گەردەن وەنەوشەی پەل دێز

دوری لە خاڵی گۆنا هەم دیسان وەنەوشە مل کەچ دەکات.

وەنەوشە بە فەصڵ و بە وەصڵیش یەك ئەنجامی هەیە ئەویش گەردن کەچیە. {بڕوانە ئەم کتێبە شیعری پیتی ج } و مەولەویش لە هەردوو باردا هەر نەبینینی عەنبەری بۆ ماوەتەوە (مردنی عەنبەر و ساخی چاوی مەولەوی،لەگەڵ زیندووبوون و ژیانی عەنبەر و کوێر بوونی مەولەوی یەکسانن )

١ – ئای چەند سەر چەنگ چەرخ چەپ وەردم

چەرخ چەن چەرخاو من مام نەمەردم

ئەم شیعرە لە دیوانەکەدا تاکێك و د. انوریش هەروەکو دیوانەکە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردووە لە ژێر ناوی (فەرد) کورتەیەکی چڕوپڕی زانستی باس دەکات و ئەم فەردەیشی، وەکو چۆك دانەدان و خۆڕاگری شاعر باس کردووە{لیریکا ل٩٣-٩٤} بەڵام لە کتێبەکەی کاك حەکیمی مەلا ساڵح{مەولەوی حکیم ل١٦١،٨٨-١٦٣} دەبێتە پانزە بەیت و ئێمەش دەیگوازینەوە بۆ پرۆژەکەی خۆمان و لەهەرکوێ پێویست بوو ڕاڤەی دەکەین، هەروەها مامۆستا حەکیم لە پشکنینەکەی دا بەم شیعرەوە ٩ پارچە شیعری بڵاو کردوەتەوە، بەڵام مامۆستا حەکیم لەچاپ کردنی دیوانی یوسف بەگی ئیمامیشدا هەمان شیعر بڵاودەکاتەوە و ڕوون کردنەوەی خۆیشی دەنوسێت بۆ کارەکەی. {دیوانی یوسف بەگی ئیمامی حکیم مەلا ساڵح چاپی یەکەم ٢٠٠٩ ل١٦-٢١}. هەروەها مامۆستا محمد عەلی قەرەداغی لە شارۆکەیدا هەمان شیعری بە تێکەڵی بڵاوکردوە تەوە.لە کەشکۆڵی حاجی مەحموودی یاروەیسیشدا کە مامۆستا عوسمان محەممەد هەورامی ساخی کردوەتەوە بە شیعری یوسف بەگی جاف تۆمار کراوە لە گەڵ هەندێ جیاوازیدا{کەشکۆڵی یاروەیس ل ١٥٢-١٥٧}سەرەڕای ڕێزی زۆرمان بۆ دانایی ئەو سەروەرانە ئێمە پێمان وایە کەسیان نەچوونەتە ئەودیو باروی باخی شیعرەکەوە. جا شیعری مەولەوی بێت یان هی هەرکام لە یوسفانە. ئێمە ڕاڤەی دەقەکەمان کردوە کە زۆر مەبەستمان ساخ کردنەوەی خاوەنی نەبووە.هەر چەندە لەوبارەشەوە گومانی خۆمان دەربڕیووە.

٢- ئەی هوو چەن سەرچەنگ چەرخ چەپ وەردم

چەرخ چەن چەرخیا من مام نەمەردم

ئەی هو چەند چەپۆکی چەپگەردم خوارد، چەرخ چەند سوڕا و لە سوڕانەوەکانی دا من مام و نەمردم. بۆ ئەوەی باری لێدانەکە (دەردەکە) بە سەختی و سامناك پیشان

بدا لەسەر پیتی (چ) پێ دا دەگرێ، تا دەنگی ستەمی چەرخ و نالەباری یەکەی و چەپۆك بارانی دەستی ڕۆژگار هەست پێ بکەیت، مەولەویش ڕۆحێکی بەهێزی مۆسیقای هەیە، بۆیە ئەو ئیقاعانە لای مەولەوی هۆشیارانە بەکارهاتوون دەرەوە و ناوەوەی شیعری مەولەوی سیخنانە لەو نموونانە{ئیقاع لەشیعری مەولەویدا ڕحیم لوقمانی مهرەجان ٢ل٢٣٥-٢٢٣-٢٤٩}.

٣ - یە گەردوون مودام گەردەلولشەن.

دڵداران دڵاں های چەند تولشەن

ئەمە گەردوونە هەمیشە گەردو لوولیەتی، دڵداران، دڵاں.. های چەند درێژە. واتە سەرەتای سوڕانی (گەردەلولی گەردون دیارنی یە و خوا دەزانێ سوڕانی چەند توول دەکێشێ.

مودام-مەدام:بە پێکی یەکتا پەرستیش هاتووە. گەرچی باوەڕ ناکەم شاعیر ئەم مانایەی پێ دا بێت.لە ئەدەبیاتی عرفانی کرمانجی ژووروودا زیاتر بەم مانایە بەکار براوە بەتایبەتی لای عارفی گەورە و سۆفی خواناس و خۆ ناس مەلای جزیری دەڵێت:

گووشی ب عامێ مەدە، تەرکی مودامێ مەدە

اکثرهم فی غما، اغلبهم فی عما

{دیوانا مەلایێ جزیری،تحسین ئیبراهیم دۆسکی چاپی دوو ٢٠٠٥ل٣٧}

٤ - ئاڵەم بەرکەنار، وێم بە حاڵی وێم

ئای چەن گیان سەخت بیم چەن چەرخش دا پێم

دنیای خستەلاوە، یانی گەرد و خولی ئاڵاندە من، خۆم بە حاڵی خۆم، ئای چەند سەخت بوو گیانم و چەند خولی پێ دام. ئەم شیعرەش یەکێکە لەو شیعرانەی کە نزیکە لە هەڵدانی پشتەکانی دۆن و مێژووی ڕۆح و تەن گۆڕین. وە زۆر بە ژیانی زلێخا دەچێت. ئەو کاتەی عشق و درکاندنی ڕازەکەی سووك و ڕیسوای دەکات و هەر خۆی بەحاڵی خۆیەتی. کۆشك و تەلار و خزمەتکار و سامان و ساز و ئاموونی خواش لە دەست دەدات.

٥ - مەجرا و مەحفەرش کەیل نەشادی پڕ

وە باری ئیبلیس پەردەی حەیادڕ

مەجراو مەحفەرش: بۆخچە و سندوقی پڕاو پڕە لە شادی و، بەباری ئیبلیسدا پەردەی حەیای دڕی. مامۆستا حەکیم (مەجراو مەحفەری) بە جۆگەلە و چاڵ ڕاڤە کردووە کە بەلای ئێمەوە ڕاڤەی تریش هەڵدەگرێ.لە کەشکۆڵی یاروەیسدا (مەجرای مەحظەر) هاتووە. کە بە ڕێبازی ئامادە بوونی لێك دراوەتەوە{کەشکۆل ل١٥٣} .بۆ بەراورد و جیاوازی ڕاڤەکان بروانەرە ئەو سەرچاوەیە. وە ڕەنگە وشەی (باری) ناو بەیتەکە (یاری ) بێت واتە یارمەتی دەرو وێنەکەش ئاوای لێ دێت:

ئەم گەردونە وەك چەرچی یەکی ساختەچی وێنە دەکات کە سندوقەکەی پڕ لە کاڵاو وردەواڵەی خراپ و لەو دەرو وخول وکەسابەتەشدا شەیتان یارمەتی دەرو دەڵاڵیەتی. وە بەیتەکانی دواتر کە کاڵای سندوقەکەن تێکرا (سلبین).سنوق و بوخچەی گەردوون پڕپڕە لە شتی سەرنج ڕاکێش و(وەك وردەواڵە فرۆشێ مناڵ خەڵەتێنەی پێ بێت) وە بە یارمەتی شەیتان ئەم گەردوونە فریومان دەدات.

٦ - ئەوەڵ بارخانەی بەد بەختیش ئاوەرد

هەروێم مزانو چۆن باربەندیش کەرد

یەکەم جار بارخانەی بەد بەختی هێناو هەرخۆم ئەزانم چۆنی پێچاوەتەوە یانی بارخانەکە (کەل و پەلی بەد بەختی بووە، زۆریشی پێچاوەتەوە) دواتر لەکەل و پەلەکانی دەدوێت.

٧ - ئاوەرد پارچەی بەد پۆشا نە وەرم

ڕووسیا، ڕەنگ زەرد سەرتا کەمەرم

هێنانی پارچەی (قوماشی)بەدی لەبەر کردن (واتە خراپەی پێ پۆشیم). "پارچەی بەد" لەو تەرکیبە جوان و ناوازانەیە کە مەولەوی زۆر بەربلاو پەرەی پێداون بۆی بە شیعری مەولەوی دەچێت. کاك حەکیم ڕاڤەی ئەم بەیتەی بەم جۆرە

کردووە، پارچەی قوماشی بەدی هێناوە بەباڵای بریم سەرهەتاکو کە مەرم بەڕوو ڕەشی و ڕەنگ زەردی ماوەتەوە.دیارە وێنەکە وانالێت و دەڵێت:

پارچەی بەدی لەبەر کردم (وەرم) ڕوو دەگرێتەوە تا کەمەر وە ئەو پارچەی بەدە پارچەیەکی نە بینراوی ڕەنگاو ڕەنگی واتایی یە (معنەوی) ناوێکی لێکدراوی واتایی یە دیارنی یە و لە خراپە پێکهاتووە هەلگری سیفەتە سلبیەکانە لەناو بارخانەکەی چەرخی چەپ گەردایە. لەو پارچەی بەدە کە ڕەنگا و ڕەنگە بە ڕەنگە سلبیەکان. ڕەشی بەر ڕووکەوتووە و زەردی بەر سەر تا کەمەری. (ڕووسیا و ڕەنگ زەردی) کردووەتە دەلالەتی خەجاڵەت. تەناسوب هەیە لە بەیتەکەدا.

٨- نزول کێشا دەست بەختم ئەو ڕای بەد

پای ئەدەب نە ئەرگ عادەت کەردم ڕەد

دەستی بەختم بۆسەر ڕێی خراپەکاری شۆڕبوویەوە و پێی ئەدەبم لە کۆشکی عادەت ڕەت کرد. ڕاڤەکەی کاک حەکیم نزولی پێچەوانەی صعود، وەرگرتووە، ئەمە ڕاستە، بەڵام (نزول) فارسی یەکەی مانای (سودە) لە مامەڵە و ئاڵوگۆڕی پارە و بازرگانی دا وحەرامە، شیعرەکەش لەبارو بارخانەکەوە دیارە جۆرێك بازرگانی تێدا کراوە و کاڵاکان کاڵای بەدبەختین بەیەکیەتی بابەتەوە شیعرە کە پابەندە، بۆیە دەکرێ بەم جۆرەش ڕاڤە کرێ.

بەختم لە ڕێی (بەدا) دەستی بۆ سوود (پارە و قازانجی حەرام) ڕاکێشا. پێ ی ئەدەبم لە (ئەرگ) کۆشکی بچوك لەناو ڤێلاو کۆشکی گەورەدا،، بە پێی عادەتی شاهان بۆ هەموو کەسێ نیە، شاعیر دەڵێ من زیاتر چووم و ڕەد بووم. (دەستی بەخت، پای ئەدەب، کۆشکی عادەت، تەرکیبەجوانەکانی داهێنانی مەولەوین جێناس هەیە (ڕەد، بەد). کەسێ لەگەڵ ئەم گەردوونە چەرچی یەدا مامەڵە بکات دەدۆڕێ.وە لە یوسف و زلێخادا، زولێخا ئەو سود و بەرتیلە دەدات لە دەست خستنی یوسفدا و کەسابەتەکی حەرامە و هەروەها پێی بێ ئەدەبیەکانیشی لە ڕەسم و یاسای کۆشك دەردەچن.

لای مەحموود یارەیس دوای ئەم دێڕە دوو بەیت هەن کەلای کاك حکیم تۆمارنەکراون.ئەوانیش:

کەم کەم وە هەوەس بەسەد هەزار طەرز

لاحیا فی الدین پام بڕی نە ئەرز

ناگاه بە فریب پەشتی پا دا لێم

چەرخم دا ئەو پێچ قەلەندەری وێم

**بۆ بەراورد بڕوانە** {مەولەوی حکیم ل١٦٢ودیوانی یوسف بەگی نیمامی –حکیم ل١٨و کەشکۆڵی حاجی مەحموودی یارەویس ل ١٥٣-١٥٤}

**٩- ڕێزە کەرد شیشەی بەزمی بیساتم**

**زرنگیا زەنگ نەردی نەهاتم**

شووشەی بەزمی شادیم (کەیف و ڕابواردن)ی ورد و خاش کرد و زەنگی نەردی نەهاتم زرنگایەوە (دەنگی دۆڕانم دەنگی دایەوە) ئەمەش لەناو زڕاندنەکەی زلەیخاوەیە لە کۆشکی عەزیزا و بنێشتە خۆشەی ڕازەکەیەتی کە دەبێت عاشقی ڕاستەقینە ڕاز فاش نەکات و نەیەڵێ دڵی لە دەست بچێت.

**١٠ - پارە پارە کەرد مەنیام وە مەینەت**

**بادا لە تەرەی مەینەت وە بەینەت**

بە بڕوای من ڕاڤەی ئەم بەیتە بەم جۆرەیە. چارەنووسی وە مەینەت لەت لەت کرد و ئەمجا تەشی مەینەتی وە بەینەت بادا. مامۆستاحەکیم (مەنیام)ی، بە مامەوە ڕاڤە کردووە و لای مامۆستا محمدعەلی قەرەداخیش(مینام)نوسراوە کە دەکاتە شووشە. ئەگەر وشەکە هەورامی بێت (مەنیام) واتە نام یان ئەمنا، خۆ ئەگەر (منیە)ی عەرەبی بێت و وەك هەموو وشەکانی تر کە پێش مەولەوی تا سەردەمی ئێستاش دەکرێنە کوردی - هەورامی (محبت – مۆبەت، مەنیە - مەنیا )ئەوە واتاکەی دەبێتە (چارەنووس) {فەرهەنگی دەریا ب٢ ل١٢٦٥} .

لە کەشکۆڵی یارەویسدا وەها نووسراوە:

پاریٚ پەرەند کەرد من نیام وە.. کە ساخ نەکراوەتەوە و لێکدانەوەکەی بوەتە پارچەیەکم جیاکردەوە و خستمە..

١١ - ئەی سەر تا ئەوسەر خول ئاوەردەوە

هەودای هەم و غەم مەحکەم کردەوە

ئەم سەرتا ئەوسەری (دوو تاڵ یان دوولۆنە )پێکەوە ڕێسان و بایدان، هەودای هەم و خەمی توند و مەحکەم کرد (تاڵی ڕێسراوی مەحکەمی هەم و خەم کە پچڕانی گران بێت.

١٢ - ئیسە نە عەیشەن نە سرور نە ڕاز

نە دایرەی دەف نە چل چەنگ نە ساز

ئێستا نەژیانم هەیە و نەشادی و نەڕاز و نەساز و ئامێرەکانی میوزیك.

عاشق کاتێ ڕاز دەدرکێنێ و بەدناو دەبێت... عەیش و نۆشی ژیانی لە دەست دەدات (زلێخا لە پیریدا).ئەم دۆخە دەبڕێت، هەموو عەیش و نۆشەکەی لە دەست دەدات تەنانەت ئامێری مۆسیقاکەش.

لای یار وەیس دوای ئەم بەیتە ئەمانە هەن:

نەجۆشی جلووس سوزی جوانی

نە هازی هەڵمەت زۆری زرانی

هیچ کام نە باغچەی بەدەن نە مەندەن

بینای بنچینەی بیساتم کەندەن

١٣ - یەکسەر پەردەی چەرخ چی ئەهلی کارەن

ماڵاو بەرد هەر عەکس تاپۆم دیارەن

یەکسەر (ئازا - خێرا) پەردەی چەرخ (ئاواز و ئاهەنگی چەرخ) چی ئەهلی کارە (پیاوی ئیش) وە ڕەنگە مەبەستی لە ئەندامەکانی جەستە بێت ئەوانەی دەتوانن لە ڕەنجدانا بەکار بخرێن (دەست و بازوو قول و قاچ).یان(خزمەتکاروکارەکەرەکانی زلێخا)کە دواتر ڕوونی دەکەینەوە. واتە ئاهەنگی چەرخ بۆ گەڕانی مەجلسی خۆی

ئەهلی کارەکانمی بردو ڕای مالین و ئێستە هەر وێنەی تاپۆم دیارە (تەنی بێ هەست و قەوارەی بێ گیان) ئەم بەیتەش لای کاك حەکیم جۆرێ تر لێکدراوەتەوە{مەولەوی حکیم ل١٣٦}.

١٤- بازهەم کلافەم چون بەدلەی دەروێش

هەرچەرخم مەدۆ چەنی چەرخ وێش

هەمتر کلافەم (دەزوی سواو و ئالۆسکاو یان خەڕەك) وەك شرۆشیتالی دەروێش ئەمسورێنێ لەگەڵ خۆیدا. لای یارۆیس نیو بەیتی یەکەم وەهایە:

باز هەم قولاخم چوون بەذلەی دەروێش

١٥ - هەی چەرخ وە بەدی وێت گرفتار بی

هەی چەرخ بدەری هەرتا دیاربی

هەی چەرخ گرفتاری بەدی و کەچ ڕەفتاری خۆت بیت و هەر تاهەیت هەر خولت بێت و بسورێی.

١٦ - شەرت بۆ چون چەنی (یوسف) بەدکاری

تۆ ئەو چەپگەردی، من ئەو بێ عاری

مەرج بێت، چونکە لەگەڵ یوسف بەدکاری، ئیتر تۆ بە ڕێگەی (ناڕاستی) خۆتاو منیش بێ عاری بگرمەبەر.

مامۆستا حەکیم نووسیویەتی دیارە (بۆ یوسف) ناوێ نووسراوە، مامۆستای قەرەداخییش نووسیویەتی( یوسف ڕەنگەزەلامێکی بەدو نالەبار بووبێت و بۆنموونەی بەدکاری هێنرابێتەوە)ئەم سەرنجە زۆردوورە. مامۆستا حەکیم بە شیعری مەولەوی و دواتریش بە شیعری یوسف بەگی ئیمامی بلاوی کردوەتەوە.لای حاجی مەحموود یارۆیسی هاوڕێی مەولەویش بە شیعری یوسف بەگی جاف تۆمار کراووە. کەنزیکترین سەرچاوەیە لە مەولەوی. من لە کۆتایی دا دەمەوێ لەیەکیەتی بابەتی شیعرەکە و چیرۆکی یوسف و زلێخاوە سەرنجێکی ناقابیل بدەم.

وەك وتمان ئەم شیعرە تا کارەکەی ئەم دوایەی مامۆستا حکیم (دیوانی یوسف بەگم)مە بەستە، هەر بەشیعری مەولەوی دراوەتە قەڵەم و بەبەراورد لە گەڵ شیعرەکانی تری یوسف بەگدا ئەم شیعرە بە هێزترە و تام و بۆنی شیعری مەولەویشی پێوەیە. بە هەر حاڵ هی هەرکەسێ بێت سەروەران باش ڕاڤەیان نەکردووە.

ڕاز و بەسەرهاتی پاڵەوانی لیریکی ئەم شیعرە زۆر بە موعانات و ڕازەکەی زلێخا دەخوات، تەنانەت هەندێ لە شیعرەکانیش لە سێبەری بەیتەکانی خانا و چیرۆکی یوسف و زلێخادا نیشتوون.زلێخا چەند جارێ خەو بە یوسفەوە دەبینێ... کاتێ چاوی بە عەزیز دەکەوێت و نەزانێ پاڵەوانی خەوەکەی نیە ئاوادێتە گۆ:-

هەی داد هەی بێداد هەی چەرخی چەپگەرد

تۆ نەڕووی دەوران چێشت بەمن کەرد

تاڵەی من بەو تەور سیاو زەبوونەن

کەشتی ستارەم غەرقابی هونەن

نەرد سەخت ئامان بە فاڵی بەختم

جەرگ پارەی تیغ جەللادی سەختم

گەردوونی کە چ باز کەچ نەردی کەچ کار

وستەنم نەگێج جەفای بێ شومار

{یوسف و زلێخا خانای قوبادی.بوژانەوەی حکیم مەلا ساڵح.٢٠٠٦ ل٩٨}

ئێمە دەزانین کە مەولەوی چاوی بە ئەسەرەکانی خانا کەوتووە و(یوسف ناوە شاعرەکانیشی ناسیوە)وبەهرەی لێ بردوون ئاماژەیەکی گرنگیش هەیە کەئێمە بتوانین وەك چرایەك بۆتاریکی ئەم شوێنە.هەڵیکەین.ئەویش دێڕێکی (داخی)یە بۆ شیوەنی مەولەوی.

ئەشعار یوسف ئەبیات خانا

جەخەیاڵ خاصیش وە هیچ مە نمانا

مەولـەوی خـۆی ویـستویەتی هاوشانی خانـا بکـات لـە حکایەتـە شـیعریەکاندا و دواتر زانیویەتی سەرکەوتوو نابێ و وازی هێناوە. ئـەم شـیعرە گـەر هـی مەولـەوی بێت ئەو چرکەساتانەی ویستەکەی مەولەویە بەلآم بە پوختی و بە شیعر، ئـەم یوسفەی کە مەلای داخی بۆ بەراوردی مەولەوی هێناویەتی،خەیاڵ ناکەم یوسف بەگی ئیمامی بێت، و ڕەنگە یۆسف یان یۆسۆ ئاسکەی مەبەست بێت، کـە ئـەویش بۆخـۆی خـاوەنی ڕازێکی ئەڤینداری و کەشف بوونی سرو چارەنوسێکی بە داخ و جەرگبڕە. {بڕوانە کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی –گۆرانی ساغ کردنـەوەو سـەرەتا نوسـینی ئـەنوەری سـولتانی ١٩٩٨ لەنـدەن ل١١٨-١١٩ و بـۆ نموونـەی شیعریشی ل٣٢٨-٣٣٣و٣٥١-٣٥٢و٣٦١}

بنیادی شیعرەکەی مەولەوی لەسەر (بەدڵ نەسوڕانی چەرخ و بێ دڵی) (بـێ عـاری بەرامبەر نەهامەتی چەرخ)... کە تێکڕای وێنـەکان بـە ژیـانی زلێخـا و بـێ عـاری و بێ ئەدەبی یەکانی کۆشك و سوود دانەکانی بۆ کڕینـی یوسـف دەخـۆن).هـەروەها بـێ عـاری یوسفەکەش بـە دان پیانانەکـەی یوسـف ئاسـکە دەچێت لـە دوا چـرکەی ژیانیدا،چەند شیعرێکی میللی بـە زاریـەوە دەوتـرێن دیارترینیـان ئـەم تاکەیـە گوایـە بەرامبـەر خـان ووتویەتی:

ئەمکوژی نامکوژی هەر بە کێرمەوە        خاتو کلآو زەڕ بوو بە ژێرمەوە

هەرچەندە من یوسـف ئاسکە بـەدوورتر دەزانم لـەو گۆبەنـە مێژوویـە و زاڵمان ئێستاش دەتـوانن بـە مـەیلی خۆیـان بـۆ هـەر بڕیارێکیـان سـیناریۆ بـسازێنن.ئـەو جـۆرە شیعرە مییللیانـەش دواتـر بـە مـەیلی دەر ئەنجامـەکانی سـیناریۆکە کـەوتوو نەتـە سـەر زاران. شوێنەوارناسان و عەودالآنی مێـژووی ڕاستەقینە دەبێـت ڕۆژێ ڕووی ڕاسـتی ئـەم جـۆرە چیرۆکانە هـەڵماڵن. ئێمـە دەزانـین زێـڕین کـلاه بـە نابـە دڵـی زەمـاوەنی خـان پەزیرایی دەکات و مل بـۆ نیاز و بەرژەوەندیـەکانی کاکی دەدات.وە سـتەم و فەسـادی و بـەد ڕەوشـتی هـە نـدێ لـە بنەماڵـە فەرمانـدارەکانی کوردسـتان بـە گـشتی و ئەردەلآنیـەکانیش بـە تایبـەتی لـە مێـژوودا دیـارە. دەشـێ کـلآو زەڕیـش پـشکۆی گـڕی زلێخای تیا بووبێت و ئاڵانبێتیە یوسفی شاعرو سیابەخت سیاچەمانە بێـژی بلیمـەت و یوسـفی ئێمـەش ملـی نـەدابێت و بووبێتـە سـوپەر بـەلآی ئـابڕو نـە چـوونی خـان و

کرپنەوەی سومعەی دۆڕاویان لە ئەنجامی بەد نیازیەکانی کلاّو زەڕخان. ڕێك بـە وێنـەی ڕازەکەی حەزرەتی یوسف چوونکە ئەو شیعرانەی تا ئێستا لە بەر دەسن بـەناوی یوسف ئاسکەوە بە چیرۆکەکەی ناخۆن و دەبێت لەو مەیدانەدا هەوڵی زیاتر بدەین و بەوەی لە خەیاڵدانی ئەدەبی نەتەوەییماندایە دەم و دەست ڕازی نـەبین. ڕاڤەکە پێوەن دەینـەوە بە یوسف و زلێخاوە، بەم جۆرەیە:

سوڕانی چەپگەرد بەلای زلێخاوە (بیّ مەیلی یوسفە، بەرامبەری، وەلای وایە چەرخ بەدکاری لەگەڵ یوسف دەکات کە یوسف ناز و نیعمەتـەکانی ئـەو و ڕابواردنـەکانی قبـوڵ نیـە. وە لـە ڕووی عرفـانی و حیکەمـەتی ڕۆمانەکەشـەوە دیاری جـەماڵی یوسـف خـراپ کەوتەوە بۆ زلێخاو حافز ئیشارەیەکی جوانی لەو حکایەتە درکاندووە.

من از ئان حسن روز أفزون کە یوسف داشت دانستم

کە عشق از پردە عصمت برون ئارد زلیخارا

من دەمزانی ئەو جوانیەی یوسف سەر ئەنجام دەبیتە مایەی دەرهێنانی زولێخا لە پەردەی شەرم و پاکی{مەحرەمی ڕاز بەرگی ١ ل٢٧}. نەهامەتی یەکانی زولێخا ئەوەڵ جار لە هـاتنی بارخانـەی گەردوونەوەیـە کـە بـەرەو مـصر کـاروان دەڕوا و یوسـفی پـێ یـە. کە کۆتایی چیرۆکەکە بە باری عرفانی تەواو دەبێت.

بەلاّم ئەم شیعرە دارای ناوەڕاستی حکایەتەکەیـە و تـەنها مەشهەدی شـەیتەنەت و بێ عـاری و هەواڵـەکانی زولێخـا و خۆڕاگریەکـەی یوسفە. وەڕەنگـە (یوسـف) نـاوێکیش هەبێت لە ئارادا و مەولەوی شیعرەکەی ئاراستە کردبێت(گەر شیعری مەولـەوی بێـت ). یان شیعری یوسـف بـەگ بێـت بـەو جـۆرەی کـە کەشـکۆڵی یـاروەیس تۆمـاری کـردوە و مامۆستا حەکیم لەم دواییانەدا بلاّوی کردەوە. بەلاّم ئاشـکرایە کـە شـاعرەکەی ئێمـە لـە سـەخت تـرین کۆسـتەکان و کارەسـاتەکانی دا نەیداوەتـە بـێ عـاری، خوێنـەری وریـاو توێژەری بە تاقەت دەتوانێ تەواوی چیرۆکی یوسف و زولێخا بخوێنێتەوە و بەراوردی لە ئێمە باشتر بکات. ئێمە زیاتر ڕاڤە و خوێندنەوەمان کردوەتە کاری خۆمان ساغکردنەوە لە توانای کەم ئاوەزی ئێمەدا نیە.

١١ - ئاخ فەلەك جەدەس كەچ ڕەفتاری تۆ

داد نەچەپگەردی و دڵ ئازاری تۆ

ئاخ فەلەك لە دەست كردار چەوتی تۆ و داد لە سوڕانەوەی چەوت و ئازار بە دڵ گەیەنەرت

٢ - هەرسات ئەساسەی دەردێ مە سازی

هەر ڕۆ بە ڕەنگێ نەردێ مە بازی

هەرسات بنچینەی دەردێ ساز دەكەیت و هەر ڕۆژەی بەشێوەیەك یاری دەكەی (نەرد بازی) تاوڵە.. كە دیارە مەبەستی گزی بازی فەلەكە

٣ - من خۆ تاڵە شووم خەستەی زام خەتەر

زەدەی خەدەنگان هیجرانی دڵبەر

من خۆتاڵە (ناو چاو)م شوومە و بیمار و برینداری زامی خەتەرم، وە پێكراوی تیری دووری دڵبەرم.

٤- دیدە پڕ ئەسرین دەروون پڕ جەتەم

كەفتەن نەڕووی تەوق بەندیخانەی خەم

چاو پڕ لە فرمێسك و دەروونم پڕ تەمە و كەوتومەتە ناو تەوق و زنجیرەی بەندیخانەی خەمەوە.

٥ - دڵ ئالودەی هون تەن باركێشی دەرد

زوان لە نگ ولاڵ، ڕەنگ خەزانی زەرد

دڵم خوێناویە (خودانەدڵ بە خوێن) و لاشەم باركێشی دەردە و زبانم لەنگ و لاڵە و ڕەنگیشم وەك خەزان زەردە. تەناسوب و وەك یەك لەوێنەكەدا هەیە.

٦ - تۆ بەو بێ ڕەحمی ئازیزیچ وەی مەیل

دڵەی كۆس كەفتەی منیچ جەهون كەیل

تۆ بەو بێ بەزەیی و بێ ڕەحمیە و ئازیزیش بەو مەیلەوە (كە دیارە مەیلەكەی ئازیز لە بێ ڕەحمی فەلەك دەچێت) كە دارشتەی وێنەكەی جوان و ڕۆمانسی كردووە، دڵەی كۆس كەوتووی منیش بەم كەیلی و پڕیە لە خوێن. (مەیل -كەیل) جیناس.

٧ - سا با ڕەحمت بۆ چەواشەی بەدخۆ

تۆیچ چەرخت چوون وەصڵ ئازیز كۆتا بۆ

سابا بەزەیی و ڕەحمت بێ ڕەفتار بەدی چەواشەكار، تۆیش با چەرخت (دەورو سوڕانت) وەك وەسڵی ئازیز كۆتابێت و كورت و ببڕێتەوە. كۆ كردنەوەی دژەكان مانا پێچەوانەكان لە دەستی شیعری مەولەویدا دەسەڵاتی مەولەوی دەر دەخەن... دواتر مانا دژەكان بەهونەری لێكچون لەوێنەكەدا جێ دەكات دەڵێ باسوڕانەوەی چەرخ لە كورتی دا وەك ساتی پێگەشتنی ئازیز بێت. هەمان ناوەڕۆكی لەشوێنی تر هەیە.



مەلا عەبدوڵای داجی

١ - ئازیز بێ مەیلیت زیندەگیم تاڵ کەرد

بێ موبەتیت حوکم شادیم بەتاڵ کەرد

ئـازیز بـێ مـەیلیت ژیـانی تـاڵ کـردم، بـێ موحیبـەتیت فـەرمانی شـادی هەڵوەشاندنمەوە (حوکمی شادی) سەردەمی ژیانی خۆش و پڕ لە مـەیلی ئـازیز. قـەراری بێ مەیلی ئازیز  قەراری شادی شاعری سڕیەوە. جیناس (تاڵ-بەتاڵ)

٢ - هیچ ئیلێیفاتێ نەدیم پێتەوە

هیچ نەدیای وەلای کوشتەی وێتەوە

هیچ نەمدی سەیرێکم بکەیت و بنواڕی بەلای کوژراوی دەستی خۆتەوە.

مامەڵـەی ڕۆحـی و مامەڵـەی جەسـتەیی لەوێنەکـەدا هـەن ئیلیتیفـاتی... بەتـەوەجووھ بـەکار بـردووە کەزاراوەیـەکی عرفـانی یـە. خـودی ئیلتیفـات... لـە مەبەستێکەوە یان ڕوویەکەوە لابەلای مەبەست و ڕوویەکی تر بکەیت، بەڵام تەوەجوھـ ڕوو وەرچەرخانی ڕۆحانی مورشیدە (ئازیزە) لە ڕووی بە خشندەیی و چاکە و خێرەوە، کە ئەمە جیایە لە موعامەلەی بەدەنی (سلوك)و ئەمـە سـەیرە (واتـە مامەڵەی ڕۆحـی یە). ئەم ئیلتفاتی دۆست و مەحبووبـە تـا دوا هەناسـەش کـامی عاشـقان بـووە. جـەنابی سـید طـاهـری هـاشمی لـە یـەکێ لـە ئەڵقـەکانی هەوارگـەی دلاّنـدا پارچـە شـیعرێك دەخوێنێتـەوە و بـە هەڵەدا نەچووبم دەفـەرمێ هـی مـیرزا عـەزیزە و بۆخـۆی کۆتـایی شیعرەکەش نـاوی عـەزیزی تیا بـراوە. شیعرەکە(١٥)بەیتـە بـە( قیبلـەم مەلوولـەن...دڵ. پـەرێ دووریـت زارو و مەلوولـەن)دەسـت پـێ دەکـات و بـە(عـەزیز غولاّمـەن تـا یـوم الممات)کۆتایی دێت. ئەوەندە دەرفەت هەبووبێت بە سەرچاوەکانی بـەر دەسـتما گـەڕام و کەسێکم بەو ناوە بەر چاو نەکەوت.

چەند دێڕێکی ئـەو شیعرە کـە بـەم شوێنە دەخۆن لێرەدا دەنووسم. وە پڕبـەدڵ دەخوازم شیعری یار و دۆستی خۆشەویستی مەولەوی شێخ عەزیزی جانەوەری بێت. لـە

هەڵە و کەم و کوڕیش داوای لێ بووردنم هەیە چوون من لە سەر کاسێت شیعرەکانی لە مەڕ ڕەوان شاد سەید طاهر دەگوازمەوە. کە کاسێتەکان باش تۆمار نەکراون.چەند شیعرێ لە میرزا عەزیز:

جەورو جەفای تۆ جە حەد بەر شی یەن

یە شەرت و مروەت دڵداری نی یەن

تۆ های لە تەلار ئەیوانی شایی(شایێ)

نمەیۆت نەچەم چوون من گەدایی(گەدایێ)

شاهان ئیلتیفات داران پەی دەروێش

تۆ نیەی وە تەنگ بەندەی خاتر ڕێش

من گەدای فەقیر قاپی دەرگای تۆم

پەشێو چوون دەسەی زوڵف سیای تۆم

سیایی زوڵفت شێوەی بەختمەن

خاك دەرگای تۆ تاج تەختمەن

{هەوارگەی دلان –کاسێت}

٣ - دوی ئاخم جە داخ بێ موبالاتیت

قرچەی دڵ نەدەرد کەم ئیلتیفاتیت

دوکەڵی ئاخم لە داخی کەمتەرخەمیت و قرچەی دڵم لە دەردی کەم سەیریت کەم (تەوەجوهی و نواڕینی ڕوحی) ئەویان سەری گەشتە حەوت تەبەقەی ئاسمان و دەنگی ئەمیشیان گەشتە گوێ ی فریشتەکان- ئەم بەیتە و ئەوەی پاشی مانا کران، چونکە لێرە پێچان هەیە و لەبەیتی پاشی دا کردنەوەکە دێت، واتە لەف و نەشری مورتەبن.

٤- ئەو سەر وە سای چەرخ هەفتەمین ساوا

ئێد سەداش وە گۆش مەلەکان یاوا

٥ - هەر کاتێ زانای جە گشت و یەردم

تۆماری یاریت نە دڵ تەی کەردم

هەر کاتێکت زانی لە هەموو ئەمانە تێ پەڕیم و تۆماری خۆشەویستیم لە دڵدا پێچایەوە بە ڕاڤەی کاك حەکیم. وە ڕەنگە بڵێ لە خۆشەویستیدا لەوانەش زیاتر چووم و لە (نامە یان تۆماری یاریدا... دەفتەری عیشق دا) کە لە دڵمایە... تێ پەڕیم:

واتە لەوەی کە لە دەفتەری یاری دا کە لە دڵ نووسراوە... من تێ پەڕیم.. و مۆدێلی خۆشەویستی من نەنووسراوە.

٦ - یا ها بینابیم ئاواتە وەستەم

جە سەردی مەیلت گڕ کەفت وە جەستەم

یا ئەوەتا ئەی بینابیم... ئاواتە خوازم... لە سارد و سڕی مەیلت گڕ بەربوویە جەستەم.. کۆکردنەوەی دژەکان و زاڵ بوون بەسەرمانا و دروست کردن و زمان داهێناندا لای مەولەوی شەقڵێکی تایبەتە. ئەمەش تەی کردنە لەو تۆماری یاری یە کە باوە، لە گەرمی دا گڕگرتن، بەڵام ئەوەتا ئەم لە ساردی مەیلی ئەودا گڕی گرتووە، مانا و پاساوی گڕیش کاتێ پێناسە دەکرێت کە ساردی هەبێت... ئەو کاتە لە زەرورەی بوونی گڕ حاڵی دەبیت.

٧ - ئایرم نیا وە کۆی وەفاوە

دام وە بێ ئەندیش تەن وە جەفاوە

وە چاوەڕێ ی وەفاداری لە تۆناکەم، و ئاگرم نا بە کێوی وەفاوە و بێ خەیاڵ و بیرکردنەوە و ئەندێشە. تەنی خۆمم دا بە جەفاوە. ئەمەش تەی کردنی تۆماری یاری یە. لە (وەفا، جەفا)دا هەم جیناس هەیە، هەم دژیەك.چوون بەلایەوە کە وەفا نیە خۆ جەفا هەیە، وەفا و جەفای یاریش هەر هی یارە و ئازیزە.

٨ – یەك جەستەی خەستەی عەلیلم مەندەن

پارچەی ئیستخوان زەلیلم مەندەن

تـەنیا لەشـی نـەخۆش و بیمـارم و ئێسك و پروسـكی لاواز و زەلـیلم مـاوە جینـاس (زەلیل- عەلیل).

## شیعری سی و هەشتەم

١ - ئازیز فیراقت دڵ کەردەن وەهوون

سەرکەردەن نە چەم ئەسرم چوون جەیحوون

ئازیز دابڕانت (دووریت) دڵی کردووە بە خوێن و لەچاوما فرمێسك سەردەکات وەك جەیحون (چەم لە جەیحون دەچێت) لە هەڵدانی فرمێسکدا. لە ئەنجامی فراقدا چاو جەیحونی بۆ وجودی من سازاندووە.

٢ - کەشتی وجودم تەوفانی کەردەن

تەختەی پارەی ڕۆح وە عەدەم بەردەن

کەشتی بوونمی دابە دەم تۆفانەوە و پارچە تەختەی ڕۆحی (گیانی) بەرەو عەدەم (نەبوون) برد.

٣- خول مەد و نە گێج مەوجی فەنادا

ئەجەل مەکێشۆم وەی لاو وەی لادا

تەختەی پارەی گیانەکەم، خول ئەدا لەناو گێژاوی شەپۆلی تیاچووندا و ئەجەل ئەمکێشێ بەم لاو بەولادا.

دیاردەی هەندێ (واژە و دەستە واژەی شیعری) لای مەولەوی لە شوێنێ زیاتر دەردەکەونەوە ڕەنگە هەندێ حاڵەت و تەعبیر زۆر جێ ی گرنگی دانی بوو بن. نزیکی لەم (واژانە) لە شوێنی تر دەڵێ (کای دڵم لە مەوج گێجی فەنادا- مۆڵەقەن نەبەین خەوف وڕجادا).

٤ - زیندەگیم پەی مەرگ ها نە تەدارەك

ئومێدی حەیات قەتحەن، وە بێ شەك

ژیانم بۆ مەرگ خۆی سازاندووە و بەبێ گومان تەمای ژیانم بڕیوە.

٥ - دەروازەی فەرەح یەکجار مەسدودەن

ماتیم وەش دەماخ، ئومێد نابودەن

دەروازەی شادیم یەکجار و بەتەواوی داخراوە (بەستراوە)و ماتیم دەماخی بەرزە و ئومێدم تیاچووە و (نابوتە) وە نزیك لەم دارشتە و مانا و مەبەستە هەمتر لە دیوانەکەی دا هەیە.

٦ - هام وە سەر قوللەی خەوف و ڕجاوە

نمەز ڕای لای تۆم یاخود ئەو لاوە

وام بەسەر لوتکەی خەوف و ڕجاوە، نازانم بەلای تۆدا دێم و یاخود ئەولاوە.

قوللەی خەوف و ڕجا- تەعبیرێکی عارفانەیە و خودی (خەوف و ڕجا) دوو زاراوەی سۆفیانەن (خەوف: ترسان لەوەی بە کردەوەی بەندە خوا حساب لەگەڵ بەندەدا بکات دیارە، ئەوە بەلای خەسارد‌ا دەکەوێت، هەمان کات ڕجا: ئومێدە بەوەی بەکردەوەی خۆتت لەگەڵ نەکرێ) کە لەم حاڵەدا بەلای یاردا دەکەوی وە هەردەم (حاڵێکە لە دووریانی تیاچون و تیانەچوون دای)، وە لە مانادا (دژی یەکن)و دژیەك هەیە لەوێنەکەدا.

٧ - نەسیب بێ نەسیب جە بەهرە و شەوقەن

خەفەت نە بەزەمەن، شادی بێ زەوقەن

بەختم (بەشم بێ بەشە لە بەهرە و شادی) بەختم تاریکە و بێ بەشە لە ڕۆشنی کینایەیە لە سستی و بێ کەیفی.

شەوق لای سۆفیەکان بریتیە لە جۆش سەندنی دەروون بۆ گەیشتن بە مەعشوقی راستەقینە، شەوق بەربوونە ئاگری دڵە بەگڕی خودایی، تاویست و ئارەزوەکان بسوتێنێ{گەوهەری حەقیقەت ل٤٣١} کەسێ بەختی باش بێت لەو شەوقەی بەنسیب دەبێ، مەولەوی خۆی بێ بەش دەزانێ. کە ئەو بەشەی نیە خەفەت بەزمیەتی و بەکەیفە، شادیش بێ زەوقە لەوەی کەشەوق بەنسیبی نەبووە. ئەم وێنەیەش نزیکەکەی

له دیوانەکەی دا هەیە (صەدای زیل و بەم مەینەت سەرتەرزەن) وێنەکە هەڵ کێشراوە لە دژیەك.

٨ - لێم تاقی نی یەن ئان جەورە جە کۆن

موغەنی دەوام لەرەی کزەی تۆن

لێم ئاشکرانی یە (بۆم تاقی ناکرێتەوە) ئەو جەور و جەفایە لە کوێوە یە، گۆرانی بێژ (کەلاّم خوێن) دەرمان و دەوام لەرەی کزەی دەنگی تۆیە. من لە مایل بوون بۆ وەفای تەمم بڕیوە، و بەجەفای قەناعەت دەکەم.بەلاّم نازانم ئەو نازی جەوروجەفایەشی لە کوێیە. لەشوێنی تریش وتمان کە مەولاناش دەڵێ: ( مهر و وەفا نمی کونی جور جفا کون)

٩ - بەی ناڵەی حەزین لێوێ بەرەوە

چون ئامای خەیاڵ مەحوم کەرەوە

بۆ ناڵەی حەزین لێوێ بەرەوە (شتێ بڵێ...) وەك هاتنی خەیاڵ لەناوم بەرە واتە (حەقیقەتم بکە بەخەیاڵ) لەم ڕێوە دەتوانین تێ بگەین کە مەولەوی چەندە وا بەستەی خەیاڵ بووە و چۆن ئەو ڕەگەزەی لە پێناوی داهێنان و دروست کردنی وێنەی شیعری دا خستوەتەگەڕ، بە جۆرێ کەس ناتوانێت پەی مەنزڵەکانی خەیاڵی ئەو بەرێت... وە من واتێ دەگەم خەیاڵ دەلیلی بە هەشتێ بووە بۆ ئەو کاتانەی دۆزەخەکانی مەولەوی تاودراون، هەر دەس بردن بۆ خەیاڵیش ئاسودەیی ڕۆحی بەو داوە و هاوکێشە ناڵەبارەکانی واقعی بۆ هاوسەنگ کردووە. دەنگی گۆرانی بێژ و ناڵەی حەزینی چواندوە بە خەیاڵ- لە وون کردنی ئەمدا (خۆی دا) چۆن لە مەیخانەی دنیایی دا مەینۆش کەمەست دەبێت هاناوە بەر ووتن دەبات بە تایبەتی شیعر و گۆرانی بۆ غەم بەبادان ئەمیش لەخەیاڵ ومەستیدا دەست دەداتە شیعرێکی بێسارانی و خەیاڵ دەبێت.

١٠ - غەمەن ڕەفیقم غەمەن هام دەمم

غەمەن هام مەجلیس عەزا و ماتەمم

غەم هاوڕێ و هاودەممە و هاو کۆڕیی پرسە و ماتەمینمە.

١١ - غەم زۆرش گێرتەن بەوێش مەنازو

ساقی بۆ وەعیشق ئایەی وامتازوا

غەم زۆری هێناوە و دەسەلاتی بەدەستەوە گرتووە و بە خۆیا دەنازێ ساقی وەرە بە عەشقی ئایەی. ﴿وَامْتَازُوا الْيَوْمَ أَيُّهَا الْمُجْرِمُونَ﴾

کاریگەری شیعرە غەمباریەکەی (یاران کێ دیەن..سەرڕشتەی خەمان چوون من کێ دیەن)ی بێسارانی زۆر بە قوولی بە ناخی مەولەوی دا ڕۆچووە. لە چەند شوێنێك دەردەکەوێتەوەومەولەوی پەنای بۆدەبات.

١٢ - پڕکە جامەکەت پەیا پەی جەمەی

بەڵ وە جامێ مەی دیسان ببون حەی

پڕکە جامەکەت (پەیاپەی- گورج و لەسەریەك) لەمەی، بەڵکو بەجامێ مەی دیسان زیندوو ببمەوە... مانا عرفانی یەکەی دڵ یەك لەسەر یەك پڕکە لە ئیمان، چونکە دڵی پڕ لە ئیمان زیندووە و دڵ بێ ئیمان مردووە.

١٣ - نەزانای وەحاڵ دڵەی پڕ دەردم

ئای چەند سەرسەخت بیم لوا یت نەمردم

نەت زانی بە حاڵی دڵەی پڕ لە دەردم، ئای چەند سەرسەخت بووم تۆ ڕۆشتی من مام و نەمردم.

وەك ووتمان سێبەری هەندێ بەیتی ئەم شیعرە لە دیوانەکەی دا جیا جیا دەر کەوتوون، خوێنەری ئاشنا بە مەولەوی دەتوانێ حاڵەتە دووبارەکان و وێنە و واژە و ماناکان کە لە جارێ زیاتر دەردەکەون بناسێتەوە ڕەنگە ئەوەش لەبایەخی مەولەوی خۆیەوە بێت و ئەو حاڵە وەك بەشێکی لێ هاتبێت لە ئەندێشە و خەیالی... یان دوو تەنی جیای شیعرێکن بۆ یەك شیعر و بەو جۆرە فۆرمی جیایان دروست کردووە، یان لە دەساو دەس کردنی بەیازو سەرچاوە نووسەکانی شیعری ئەوەوە هاتبن. ئەم شیعرەش

بەغەم و کۆست و تان و پۆی خەیاڵ و بیرو ئەندێشەی دا لەو شیعرانە دەچێت کە بۆ عەنبەر نووسرابن... ئەمە بۆچوونە و بەلگەی دروستی پشکنەران ئەتوانێ بڕیاری بەجێ تر بدات. بەڵام دڵنیام دوا کۆچی عەنبەر مەرگی ئەو یارە ئازیزە بوەتە ئامیانی هەموو شیعرەکانی (تەنانەت شیعرە عرفانیەکانیشی هەوێنی عەنبەری تێکراوە) وە من پێم وایە کە مەولەوی دەسکاری هەندێ شیعری خۆی کردوەتەوە لە دوای کۆچی عەنبەر.



مەولەوی لە تەمەنی فەقێ یەتیدا

١ — ئامان هامسەران دەردم کاری یەن

دەرمانی دەردم نادیاری یەن

ئامان هامسەران دەردم کاری یە و دەرمانی دەردم نادیارە (دەرمانی دەردم نی یە).

٢ — دەردم مەزانی یا بواچوون پێت

وەر نمە زانی ئیزهارکەر و لێت

دەردم ئەزانی یان خۆم پێت بڵێم، گەر نایزانی باڵێتی ئاشکراکەم.

٣ — وە تیری مەودای فەلەك پێکیام

وە دەردی دووری ئازیز دڵبڕیام

پێکرام بەتیری فەلەك و دڵم بڕا بە دەردی دووری ئازیز وە.دەگرێ بە دەردی دووری ئازیز (دڵم بڕا) تەمی بەیەك گەشتنم نەماو دڵبڕاو بووم.

٤ — فەناش کەردەوە دەست وە عەدەمدا

فانی زانوی دەرد وە ڕووی ماتەمدا

(فەلەك فەناش کەردەوە) دەستی تواندمەوە (ون کردوەوە) لەنەبوودا و ئەژنۆی دەردیش بە ڕووی ماتەمدا،لە ڕێی تیاچوون و نابودیدان.

گەورەتر بۆی بچین چەند ئاماژەیەکی داماوی و بێ دەسەڵاتی و نابود کەوتن لەم وێنەدا دەدۆزینەوە. ڕەنگە هەلگری شایەتی (ئاڵوگۆڕەکەی عوسمانی خاڵە و شێخ علی بێت) کە شیعرە فارسی یەکە بە ئاشکرا دەری دەبڕێت و ئەمەشیان بە شیعر و هێما لە ڕووی مێژوویەوە بووبێتە سەرچاوەی ئەم شیعرە.هەرچەندە هێزی ڕۆحی شیعرەکە لەوە بە بایەخ ترو گەورەترە.

فەلەك ئەو دەست ڕۆیشتوویی یەو دەسەلاتە ماددی و مەعنەویەی هەمبوو لە عەدەمدا تواندیەوە و وەکو نەبوونی لێ کرد. زیرەکانە چەمکی (فنی في الله)ی بە (فنی في عدم) گۆڕیوە، کەدیارە سیفەتی نەبوو دەدات بە دەستەکان دەست نە ڕۆشتو"دەسی ناڕوات"بێ دەسە، تێکڕا ئیدیۆمن و مانای دەست کورت و نەبوو دەگەیەنن، لەو حاڵە ماتەمەشدا (کاتێ دەسدار بێ دەست بێت) بارێکی دەروونی خراپ دروست دەکات و باشترین پەنای ماتەمیش (دەستەو ئەژنۆ) بوونە ئەمیش دەڵێ ئەژنوکانی دەردم بە ڕووی ماتەمدا... خەریکە ئەوانیش لەناو دەچن و نابوت دەبن.

لای کاك حەکیم بەو جۆرە ڕاڤە نەکراوە.. ڕاڤەکە لێڵە لە خزمەتی حاڵی بوونی بەیتەکەدا نیە، وە ئەم بەیتە پێچراوە و لە بەیتەکانی دواتردا دەکرێتەوە، (لەف ونەشرە) بەمەش دەچێتەوە خزمەتی یەکیەتی بابەت.

جۆرە لەطافەتێ لە دنیای مەولەوی دا هەیە، نەك لە ڕووی (دوو واتا بۆ یەك ووشە) کە ئەمەش هونەرێکی ڕەوانبێژی یە، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە مەولەوی زۆرجار لەتەنی شیعرێکدا ئاراستە گۆڕی بە ئێمە دەکات و لە ڕێی وێنەکانەوە نوشتە لە ئێمە دەکات و زۆرجاریش جادومان لێ دەکات، بۆمەبەستێکی دیار ئێمە بەرەو چەندین مەبەست و مانای تر ڕاکێش دەکات هەم مەبەستێکی تایبەت جێ دەکاتەوەو دەردی دڵی خۆی هەڵدەڕێژێتە ناوی، هەم بە ئێمەش دەڵێ چاوی گشتی و یەك بالا وێنی ببڕنە شیعرەکە. وەك ئەم وێنەیە کە ئێمە هەوڵمان دا (دەرد و داخەکەی) خۆی لە کۆی گشتی شیعرەکەدا بدۆزینەوە کە ئەمن بۆ خۆم ئەم دیاردەیەم لای مەولەوی ناوناوە (ئینقلابی مانا).

٥ – ئەو جەعەشق بەشق سەر زەدەی دەردان

ئێد جە تاش و ستەی سەیری سەرهەردان

لەم بەیتەدا (پێچانەکەی بەیتی پێشوودەکاتەوە و بەوەش سحری ڕاڤەکانمان لێ دەکات و دورمان دەخاتەوە لە ڕاڤەکەی پێشوو بۆ ئەوەی پێ ی نەزانین مانای تر قوت دەکاتەوە لەبەردەممانـدا... ئەم شیعرەی یەك لە دوای یەك بەهونەری پێچان و

کردنەوەدا بردووە و دەتوانی خۆت بەشدار بیت لە هەڵوەشانەوەی شیعرەکە دەبێت بەم جۆرە بۆ ڕاڤەکە بچین.

(ئەو، فەناش =دەست وەعەدەم —تیری فەلەك) بەیەکابگرین و (ئێد- دەردی دوری-فانی زانوی دەرد) بخەینەوە سەریەك هێشتا وەستانی زیاتری دەوێت. ئەو لەبەر خاتری (بەبۆنەی) عەشقی ئەوانەی سەرزەدەی دەردانن دەستی بەعەدەمدا چوو... کە دیارە (ئەو هەر خودی مەولەویەو هەڵسوکەوتی مرۆییانە و سەربەخۆ لەگەڵ جزوەکانی ئەعزای دا) دەکات. ئێد (ئەمیش لەسەیری تاش تل کردنەوە ی سەرهەردەکاندا ئەژنۆی دەردی گرت وەڕووی ماتەمدا.. ڕاڤەکەی لای مامۆستا حەکیم زۆر پچڕ پچڕ و جیایە.. وە دیارە ئەم شیعرە گەرچی لەسەرەتاوە زۆر سادەیە و پێویستی بە هیچ نیە، بەلاَم مەولەوی لەنیوەی شیعرەکەدا هەواداری شیعرەکەی غەرق دەکات، مامۆستا حەکیم (تاش وستە)ی وا ڕاڤەکردووە (ئەمیشی بەست) بە تاشی سەر هەردەکاتەوە. مامۆستا حمە ڕشید ئەمینیش کە کاری لەسەر ئەم کتێبەی مامۆستا حەکیم کردووە چەند سەرنجێکی خێرا و دیاری لەسەر کتێبەکە داوە، بە وردی نەچووەتە خزمەتی{ساتێ لە گەڵ مەولەویدا مهرەجان ٢ ل٢٩١} مەولەوی زۆر ورد و شاعرانە لە سروشت و دەور و بەرەکەی کەڵکی وەرگرتووە و دیاردەکانی خستوەتە خزمەت ستاتیکای شیعرەکانی یەوە. (تاش وستەی تل وارای تل گرینای تل جمنای و تل دای ) کار و نەریتن ولە زمانی میللی هەوراماندا ماونەتەوە... تل کردنەوە و خلۆر کردنەوەی بەردی زل لە سەر هەردەکانە وە (شوێنە بەرزەکان) کە هەندێ جار بۆ جۆرێ لە کەیف کردن ئەوجۆرە سەرکێشیە کراوە.

تاش خستن و تل خلۆر بوونەوە و یان بەرد بارین نیشانەی عیقاب و کارەساتن. هەروەها مەحکەمی تاوێر و بەردان نیشانەی جێگیری و ڕیشە داکوتان و بەهێزین.مامۆستا گۆران لە گەشتی هەوراماندا ووتوویەتی:

ناو ڕێگا تەق تەق لاڕێ بەردی زل

کە هێشتا گەردوون پێی نەداوە تل

٦ – زڕیا و پێکیای دەرد چەنی ئەغیاران

منیچ نەجوملەی مەزەنەی یاران

ناوی زڕاو و پێکراو بە دەردی (چوون لەگەڵ بێگانان) داو منیش مامەوە لە ڕیزی (پێوەری) یاراندا... واتە من هەر بە پێوەری یاران مامەوە لە ناویاندا خۆم حساب کرد.

بەلای ئێمەوە ئەم بەیتە جۆرە سەربەخۆیەکی هەیە و دەچێتەوە بۆ لای بەیتی چوارەم. پێکەوە سەر لە ڕاڤەی (سوتان و لابردن و لەشکر کێشەکەی عوسمانی و عومەری سەردار) دەدەنەوە، کە دیارە مانای (جاش بوونێ) لە نیو باڵی یەکەمدا هەیە. ئەوەی لە پێوەر و ڕیزی یاران لائەدات و دەست تێکەڵ دەکات لە گەڵ بێگانانـدا... هەر ئەمەیە لە خوێندنەوەی خانی لە مەم و زیندا بۆ شەیتان و ململانێ ی ئادەم و چەمکی بێگانە پەرستی. ئەوە لە مێژوودا ئابرو چوو ناو زڕاوە. ئەوەش ماوەتەوە ئەوەیە. ڕەنگە لە داهاتوودا بە کارکردنی زیاتر و هەمەلایەنە تر ڕاستی زیاتر دەرکەوێت و نووسینەکانی ئێمە بچنە خانەی ناتەواوی و هەڵە و پەڵە بێ کەڵکیەوە، بەلام تێکڕا ئەبێ بەو جۆرە سەرچاوەکانی ئەدەبی کوردی مشت و ماڵدرێن تا زەخیرەی زیاتر بخەین بۆ توێشووی گەڕان بەدوای حەقیقەتدا.



## ١ – ئاینەی زهور سیفاتی غەیبی

## مەکانی طلوع سیڕی (لاریبی)

ئاوێنەی دەرکەوتنی سیفەتە غەیبی یەکان و لە پیشاندانیان و شوێنی دیاری سڕی یەقین (نهێنی بە گومانی) دیار نیە مەولەوی ئەم شیعرەی بۆ کێ نووسیوە و بەکێ دەڵێ (ئاینە)... گەر بەو وەسفەی شیعرەکانی تری ڕازی بین ئەوە یان (شێخ بهاالدین)ە، خۆ ئەگەر مەولەوی زاتی خۆی مەبەست بێت، ئەوە لە مریدی دەردەچێت دەبێتە مراد. کە لە ژیانی دا خۆی نەیویستووە، مەکان و مەقاماتەکان.. بەرەو شێخایەتی و مراد تێ پەڕێنێ.

بە بڕوای من دیارترین شیعری مەولەوی یە بۆ بەلگەی (جۆرێکی سۆفیەتی) کە دیارە سۆفیە کوردەکان پەیڕەوی صوفی گەری عەرەبی ئیسلامیان نەکردووە، چونکە (تصوف لای عەرەبە موسڵمانەکان.. دژە کرداری گەندەڵی یەکانی خەلافەت و شەریعەت)ە، بەلام گەلە ناعەرەبەکان ڕۆحیەتی موسڵمان بوون و ئیسلامیان ئەهوەن تر و نەرم ونیان ترە.. ئەم شیعرە توانای موناقەشەی کتێبەکەی کاك لەتیف هەڵمەتی هەیە لە هەندێ ڕووەوە.

نموونەی گوتەزاکانی سۆفیەکان. دوای نەقڵی گوتەکەی ڕابیعەی عەدەوی دەڵێ من هیچ گوتەزایەکی کوردیم نەدۆزیەوە تارمایی سۆفیگەری پێوە دیار بێ{سۆفی و سۆفی گەری.لەتیف هەڵمەت ل ١٣-١٤} دیارە لای سۆفی یە کوردەکان.. بەرامبەر تەریقەت. شەریعەت ئەو مومارەسەیەی کە عەرەب کردویەتی ئەمان نەیان کردووە بۆیە شوناسی شەریعەت و دەسەلاتی مومارەسە کردنی شەریعەت وەکو لای شەرع پەرستە عەرەبەکان نەبووە،

لە ڕاستەقینەی خودی دینە کانیشا هیچ ناکۆکیك لەنێوان شەریعەت و تەریقەتا نیە، تا ئەو کاتەی شەریعەت نەبێتە دەسەلات و خەلافەت نە بێتە ئایدیا، فەرمانی

ئینسانی بە ئەمری خوایی نەسەپێت. ئیتر تەریقەتیش نابێتە دژو ئۆپۆزیسیۆن. عەرەب لە مێژوودا نموونەی بۆ یەکەم زۆرە واتە شەریعەت وەك هێزو دەسەلاتی داسەپاوی خەلیفە. حوکمی کەسێك بووەتە حوکمی خوا کە ئەمە زۆر عار و کارەساتە. بۆیە پەرچە کرداری تەریقەت بەو ئاستە گەیی. بەلام نموونەی یەکەم بەو تۆخیە لای کورد درووست نەبوە، خەلیفەیەکی سەربەخۆ بەوێنەی عەرەب شەریعەت بکاتە دەسەلاتی سیاسی، لە بەرئەوەش هەلوێستی سۆفیەتی کوردی دژی شەرع نی یە و توندنییە. نموونەی سۆفیزمی کوردی تەبایی و دەس لە ملانی جوانی ئەو دوو چەمکەیە بەرە و حەقیقەت.

بەلام وەك سێبەر و تارمایی ئێمەش لەو وتەو گوتەزایانە بێ بەش نین... وە ئەگەر دەرفەتی خۆ نمایش کردن و ململانێ ی سروشتی تەریقەت و ڕەچەدینی یە کوردەکان... ڕەخسا، ئەوە دوور نیە ئێمەش نەکەوین بەسەر سۆفی گەورەی حەللاج ئاسادا، بەلام جارێ سڕی مەستی یە و ناوترێت، لێرەدا چەند نموونەیەك دەخەمە ڕوو، وە بڕوای تەواوم بەدراسەکەی کاك لەتیف هەیە (ئەگەر سوق بوون لە لای بریتی بێت لە ئیلحاد) کە ئێمە تاڕادەی ناشەرعی بوون... و جۆرێ لە ئیلحاد سۆفیمان نی یە. بەلام بە مانای توانەوە و یەك گرتنەوە و چونەوەی ڕۆح بۆ نیشتمانی ڕاستەقینەی دەیان نموونەمان هەیە.

تەواوی ئەم شیعرەی مەولەوی کە دێتە بەردەممان. هەروەها ئەم شیعرەش نزیکە لە گوتەزاکەی ڕابیعە.

نەت بێ هومێدی بەهەشت و نیعمەت

نەپاڕیتەوە بۆ جەزای ڕەفعەت

سکالات نەبێ نەتخەنە عەزاب

نە سوتێ ی بەنار نەتکەن بەکەباب

بەندەگی نابێ وەك لات و گەدا

بپاڕێیتەوە بۆ نان و شۆربا

نیەتی هەرکەس پاك بێت و بێ عەیب

تەعینی حەقە بۆ رجال الغیب

دەسەڵاتی گشت بەدەس خوایە

کەی ڕێگەی قسەی ئەو لاو ئەولایە

(قوتبی تەریقەت شیخ عوسمان)

ح) سوڕانەوەی بەردەڕەشەکەی کەعبە بە دەوری سراج الدین ی یەکەمدا... دەبێت سەرنج بدرێت دوورلە خەرافە و بڕوای کوێرانە، بەڵکو دەبێت وردبوونەوەی ڕۆحی و سەرنجی هیمەت و کەرامەت بدرێ. یان هەمان حاڵ لای مەولاناخالد ومەسەلەی هەموو قال و حاڵەکانی تر.

٢ – برهانی قاطع ئیسپاتی هەستی

دارویی دە ماغ خود بینی و مەستی

بەڵگەی بڕاوە بۆ سەلماندنی (بوون –وجود) و دەرمانی دەماغی خودبینی و مەستی (مەستی) لێرەدا بێ ئاگایی و جەهالەت دەگەیەنێت و مانای سلبی هەیە. ئەم هۆیە بوو کۆتایی بەخۆ پەسەندی شەیتان هێناوخودا ئادەمی خولقاند.

لە شیعری فارسیشدا عاریفەکان لە مەیخانان جێیان بۆ خۆپەسەندان دا نەناوە،لەحقیقەتیشا بە هەشتی ئاسوودەیی وەك بەهەشتەکەی خودا جێی خۆپەسەندان نیە.

٣ – وەی دیمەی حوسن وەی نماناوە

تۆڕی دڵ دیسان ئایر ساناوە

(دیم- ڕوو.) بەو ڕووە جوانە و بەو نواندنەوە، تۆڕی دڵ دیسان ئاگری گرت.

(تۆڕی دڵ) کراوە بە تۆڕ بۆ یارگرتن و دەڵێ جوانی دەم و چاوی یار سوتانی.

(تۆڕی دڵ) کردنی دڵ بە تۆڕ کاتێ سینە لە جەستەدا بکەین بە فانۆس چوونکە ڕووبەری لەتیفەکان سینەیە، ئەو کاتە سینە دەبێتە مەڵبەندی داگیرسان و نوور لە بەر گرگرتنی تۆڕەکە کە دڵە. یانی دڵ داگیرسا سینە شەوق دەداتەوە کە ئەو تۆڕە لە شەوقی جوانی یار گری گرتبێت و داگیرسابێ، جەستەی کردبێتە چراخان.

وە گەر (تۆڕی دڵ) (توری دڵ – طوری دڵ)ی مەبەست بێ... ئەو سوتانێکی تری وەکو طورە لە ئەنجامی شەوق و تەجەلای خوداوە. یانی دەرکەتە و نواندنی ڕوخساری یار دڵی وەك کێوی طور گڕ تێ بەردا.

٤ – یەند بڵێسەی شەوق لێم کەردەن ئەسەر

جە وولەی پێشەم گڕ مەیۆ نە بەر

ئەوەندە بڵێسەی شەوق کاری تێ کردم لە لولەی ئێسقانم دا گڕدێتە دەرەوە، شەوق گرگرتنی دڵە بەنووری خودایی. تاوسەندنی مەیلی ئەمە بۆ تەجەلای خودا.

٥ – تەمامی ئەعزام نە ڕووی پەردەی پۆس

مەشغوڵەن وە ژکر ئیسپاتی یادۆس

هەموو ئەندامەکانی لەشم لەسەر پێست سەرگەرمن بە (ذکری ئیسپات)ی دۆست.

ئەم بەیتە و دوا بەیت جوانترین حاڵ و وێنەی شیعرەکەن... وە بەڵگەی توانەوەی مەولەویە لە چەمك و زاراوە عرفانی یەکاندا، توانا و دەسەڵاتی ئەویشە بۆ بە ئاسانی دروست کردنی زمان و دەربڕینی بابەتە قورسەکان زۆر لیریکی و سادە و ڕۆمانسیانە (زکر کردنی تەمامی ئەعزا) کە لە تیفەی قالیبە و زکر کردنی تەواوی گەردیلەکانی لاشەیە بە جۆرێ کە خۆیشی هەستی پێ دەکات... وە زیندوو کردنەوەی هەر حەوت لەتیفەکەیە و ئامادە بوونە بۆ (سلطان الاذکار) بەردەوام بوون لەسەر ئەم حاڵەتە، دەتخاتە سەر (ذکری ماسیوا) واتە هەموو شتەکان لە زکران بێجگە لە (زاتی خودا) خۆی.(شێخ عومەری ظیاالدین زۆرلەم زکرەدا بووە) عطار فەرموویەتی:

همه ذرات عالم مست عشق

فرو ماند میان نفی و اثبات    {غزلیات عطار نیشاپوری ل ٣٥}

**٦ – غەیرجە جاهیلی هیچ نی یەن باقی**

**وادەی دەورتەن هانا هەی ساقی**

بێجگە لە نەزانی هیچ نامێنێتەوە، هانام بە تۆ ساقی وادەی دەورتە ڕەنگە مەبەستی ئەوەبێت (تەنها جاهل و نەزان یادی خواناکات و ئەمێنێتەوە بە نەزانی و ناتوێتەوە لە یاردا). ئەمەش مانای ماسیوای تۆخ تر کردوە لە بەکارهێنانەکەی خۆی و مەولەوی ئەو زاراوە یەی واوەتر بردوە. ووتمان ماسیوا واتە زکری هەمووشت بۆ خواگیان بێجگە لە زاتی خۆی. بەلاّم مەولەوی دەڵێت بێجگە لە نەزان و جاهیلانیش کە ناتوانن بتوێنەوە.

یان مەبەستیەتی بڵێ (نا... غەیر) لە نەزانی هیچ نەماوە و کالڤامیم تەواو بووە ساقی بمدەرێ تا تەواو بتوێمەوە. کەبەرەو دوابەیت ئەم ڕاڤەیە دەمان بات. یان دەور بەر تەنیا جاهل و جەهالەتی تیایە... منیش توانای هەڵ کردنم نیە... ساقی بمگەرێ و مەستم کە.

**٧ – مەستم کەر وە جام بادەکەی سەرشار**

**تا کەس نەزانۆ منەنان یا یار**

مەستم کە بە پیاڵەی پڕ لە شەراب، تاکەس نەزانێ منم یان یار (وحدە الوجود) (بادەی سەر شار) ئیمان و خۆشەویستی پڕ. و توانەوە لە یاردا و بوون بەیەکی عاشق و مەعشوق.

کاك لەتیف هەڵمەت گەر بە ڕاست شیعری مەولەوی خوێدبێتەوەو چارەکێکی شیعری عەرەبی لەو کوردیەی مەولەوی تێگەشتایە وەها بڕیارێکی نەدەدا. خۆ ئەم شیعرە گەر لە دیوانە کۆنەکەدا نەیە. ئەوە لە دیوانە لە چاپدراوەکەی دەزگای سەردەمدا لە لاپەڕە(٥٧٧-٥٧٨)دا هەیە. کاك لەتیف دەڵێ: بە سەر جەمی دیوانە

چاپکراوەکەی مەولەویدا چوومەوە، ئەوەم زیاتر لە لا چەسپا کە مەولەوی گەورەترین شاعری ڕۆمانسی کوردە، بەلاّم بە داخەوە هیچ شیعرێکی سۆفیگەریم لەلای مەولەوی بەدی نەکرد{سۆفی وسۆفیگەری ل١٨} ، بەلاّم ئەم شیعرە لە دیوانەکەدانیە، کاک لەتیف لە چاپ دانەوەکەی سەردەمی نەخوێندوەتەوە، کە لە بابەتەکەی کاک حەکیم دا ئەم شیعرە هەیە خۆگەر مەولەویەکەی کاك حەکیم دەست نەکەوێت بابەتەکەی لە دیوانەکەی سەردەم دا هەیە، منیش دەڵێم یەك دوو نموونەی بەرزی شیعری تەصەوف گەر هەبن مەولەوی ناکەنە ئەوصۆفیەی کە کاك لەتیف مەبەستیەتی، بەلاّم ناکرێ بڕیاریی یەکلا کەرەوەش بدەین، چونکە ئێمە لە تەواوی بەرهەمی نەك مەولەوی، بەڵکو هیچ شاعر و زانایەکی خۆمان ئاگادار نین. وە ئەم شیعرەی مەولەوی جیایە لەو شیعرانەی کە ئاینین و وەك کاك لەتیف دەڵێ لای عاشقانی مەولەوی ناویان لێ نراوە شیعری تەسەوف.

وە ئەو جۆرە ڕایەی کاك لەتیف تازە نیە و چەندین ساڵ پێش ئەو لای هێژایانی تر دەربڕراوە.بڕوانە {مهرەجانی یەکەمی مەولەوی ل١٤ومهرەجانی دوەمی مەولەوی ل١٣٧-١٣٨هەردوباسی صۆفی گەری مەولەوی ئەمین نەقشبەندی وهێماسازی لە شیعری مەولەویدا ی حەمە کەریم هەورامی} پێم خۆشە کاك لەتیف کەمێ لەو تەختتاییانە دوورکەوێتەوە و بێتە شاخ و کێوەکانی دێوانەیی هەورامان و لە شاعریەتی گومانم نیە و دەزانم زۆریش حەز لەو پێکانە دەکات ودڵنیام بگاتە لووتکەکانی زاری هەورامی لە ئێمە جوانتر دەبینێ.چوون تەواوی ئەو ئەندێشە دینیەی لە ڕابردووی هەوراماندا کاری کردووە بریتی یە لە خۆشەویستی و عیشقی ئاهورایی. تەنانەت هەر ئەو باوەڕەیە کە بەهەشتی لە هەورامان خوڵقاندووە و کەوسەرەکانی بردووەتە شاهۆ و کۆسالاّن. وە پێیان وابووە خودی بەهەشت لە هەورامانە. وە ژیانیشیان پڕاو پڕ بووە لە سادەیی و پاکیەتی.

## شیعری چل و یەکەم

١ – ئەو دانە بابام جە ڕەوزەی بەهەشت

بە فتوای ئبلیس چەشتی یا نەچەشت

ئەو دانە (گەنم یان جۆ) کە بابا ئادەم لە باخی بەهەشتا بەفتوا (فیتی) شەیتان دەمی لێ دا یان نا... چەشتی یان نا... ڕەنگە بۆنەی دانانی شیعرەکە وشکە سالّی و کەمی دەغڵ و دان بووبێت، چونکە زیاتر مەبەستی ئەرزشی (دانە)کەیە لەسەر گوزەشتەکەی ئادەم، دیارە بایەخی (دانە)کە لە بەهەشت زیاترە لای مرۆڤ (قەدری نان).

٢ – مەحرووم بی نەڕاز حوورانی بەهەشت

بە تە قازای نەفس هەوادان نەدەشت

بێ بەش بوو لە ڕازی حۆریەکانی بەهەشت و بەخواست و شوێن کەوتنی نەفس لە بەهەشت دەریان نا.

٣ – چوون من سەرتا پام ئالودەی غەمەن

ئی ساڵ ئەو دانە جە لامان کەمەن

بۆیە من سەرتاپام لەخەم گیراوە، چونکە ئەمساڵ ئەودانەمان کەمە.

مایەی خەفەتە بەهەشت بدۆڕێنی و شوێن ئەودانە کەویت کەچی ئەویش نەبێت ئەم شیعرە شیعرێکی سەریح و سەرپێ یە، بەبڕوای من بێ هێزیشە و زۆر نزیك قافیەی (بەهەشتی بەکار هێناوەتەوە) هێندە شیعری جوانی مەولەوی مرۆڤ کەیل دەکەن... ئەمەیان بێ هێز دێتە پێش چاو بەبەراورد بە شیعری تری مەولەوی. ئەم ئیقتیباسە لای پیرەمێردیش دەرکەوتووە.

## شیعری چل و دووەم

١ – ئیمشەو وە کەردەش دڵ بێ پەردەبێ

مەفهوم جەناڵەش ئەی دوو فەردەبێ

ئەمەش دوا شیعری پیتی (ئەلف)ە، کەلە کتێبە هێژاکەی کاک حەکیم دا(ژمارە ٩) یە. کە مامۆستا حەکیم بە بڕوای ئێمە ڕاڤەی ڕواڵەتی شیعرەکەی کردووە {مەولەوی حەکیم ل١٦٥} ئیمشەو بەهۆی کردەیەوە دڵ بێ پەردە بوو. (بێ پەردە بوون لە کوردەواری دا ئابڕوچوونی کچە پێش شوکردن و بە گەیشتن بە پیاوی شەرعی خۆی. دڵی خواستووە بۆ کچێ وە پێچەوانەوە داینەوە کە دڵ پەردەی کچێنی دۆڕاندووە و بەو گوناهەی کردوویەتی... خەریکی ناڵاندنە، وە مانای ناڵەکەی ئەم دوو فەردەیە.

٢ – ئەی خامی بێ مەغز، هەر پۆسەکە وێم

کۆسی بەدنامی کۆس کۆسەکە وێم

مامۆستاحەکیم زۆر ڕووکەش و ڕواڵەتیانە بۆ ڕاڤەکە چووە. کە مەولەوی خۆی دەڵێ مەفهومی ناڵاندنی دڵ لە بێ پەردەبوونی ئەم سەرزەنشتەیە ئەی بێ عەقڵی بێ مێشك و هەرزە، هەروا و وا لێکراوەکە خۆم (هەرپۆسەکە) کاك حەکیم بەهەر پێستەکە ڕاڤەی کردووە. دیارە، بێ مەغزی پێشتر ئەو سحرەی لێ کردووە، بەڵام (هەرپۆسەکە) واتە هەروا لێکراوەکە. بە کەسی بێ پەردە و ئابڕو دۆڕا و حیز دەوترێت. وەك (یارۆ... وا و وا لێکراو). لە هەورامی دا (هەرپۆسە، هەرپاسە) بە ئەرێنی و نەرێنی دێن، وە دەبن بە دژی یەکیش کۆستی بەد نامی و بەد ڕەوشتی خۆم و (کۆس کۆسەکە وێم) بێ بەخت و ناوچاوەکە خۆم لە (کۆس)دا جیناسی تەواو هەیە. وە پەیوەندی لە نێوان (بێ پەردە، ئابڕوو) و کۆس بەمانای بەخت هەیە، بێ پەردەبوون... ئابڕووچونە، ئاوی ڕووتکانە ئەمەش بێ بەختی و بێ ناوچاویە. (کۆسە کۆسە) نەریتێکی کوردانەیە کەسێکی کەسەری دەتاشێ و ڕووی ڕەش دەکات. کۆسە کۆسەی لێ دەکەن... بە ئیدیۆمی گوناهباری دێت. و لە هەندێ شوێنی کوردەواری بەرامبەر بووکە بە بارانێ دەکرێت بە مەبەستی باران بارین و بزوانی بەزەیی خوای میهرەبان.وە نەریتێکی نەورۆزییشە کە

چەندین کاراکتەر بە ناوی کۆسەوە دەوری بابا نەورۆز دەدەن. هەروەها بە زۆر زان و فێڵباز وساختەچی دەوترێت (کۆسەی سیانزە موو)

٣ – جە جەردەی هەوەس نەڕەستەکە وێم

نە هەردەی عەبەس دەس بەستەکە وێم

لە ڕێگر و جەردەی هەوەس، دەرنەچووم و ڕزگارم نەبووم و هەوەس فڕاندمی و لە هەردی پوچی دا دەست بەسراو بووم. (واتە بوومە دیلی هەوا و هەوەس و کە لەپچە لە دەستی هیچ و پووچی) بەمەش هەم پەردەی کچێنی دڵی دۆڕاندووە و هەم دڕانی پەردەی ڕاستی دڵ بە گوناهەکە.

بۆ دۆزینەوەی یاری ئاسمانی و بردنی عیشق لە مەجازەوە بەرەو حقیقەت سەرەکی ترین مەرج زاڵ بوونە بە سەر هەواو نەفس دا و کەبتی مەجاز. ئیتر بەیاری هەمیشە جوان دەگەیت و یارە مەجازیەکە لە بەردڵت وەك جاران نامێنێت.ئەمەش ڕزگار بوونە لە جەردەی هەوەس.باشترین چیرۆك و پاڵەوان لەم ڕووەوە( ڕازەکەی زلێخایە )

٤ – هانام هەروە تۆن ساقی جەمین جام

ئەحیا کەروە ناز، جەمەی، مەردەی خام

هانم هەربە تۆیە (ساقی) خودای (جەمین جام) بێ گەرد و جوان زیندووکەوە بەناز (ناز) بەخشین و عەفو، بەمەی مردووی بێ عەقڵ و بێ ئاوەز، ڕەنگە ساقی جەمین جام مورشدی کامڵ بێت کە دەسەلاتی (ژیاندن و مراندن)ی ڕۆحی هەیە، دەتوانێت مرید بگەیەنێتە فەناو بەقا.

ئەحمەدی کۆریش دەڵێ پێم کەرەم کە جورعەیێ مەی لەو مەیە مردو دەکاحەی.

٥ – چەنی خەفنای چەم بدەرۆ دەسش

وەی وەی وە ئەو مەی یەکسەر کەرمەستش

چەنی خەفنای چەم واتای چاو داگرتن دەدات واتە بەچاو داگرتن و نازەوە دەستی بگرە و مەی بدەرێ، وەی بەو مەیە یەکسەر مەستی بکە. دەست دان هاوکات لەگەڵ داخستنی چاودا، ئاماژەیەکی ڕەزامەندی ساقی جەمین جامە بۆ دانی پێك (بەخشندەیی) وە دەکرێت لەخەفنای چەمدا گوێ پێ نەدان و پۆشین تێ بگەین کەشەیدای پێك بۆ پۆشینی عەیبی پەردەدڕاوی دڵ و کۆستی گوناهەکەی هانای وەبەرساقی بردووە. ساقی جەمین جامیش لەو گوناهەی ئەو چاوی داخستووە (چاوی پۆشیوە.. چاوپۆشی لێ کرد) لێرەوە دڵی هەرپۆسەکە –دڵی والێ کراوەکە.. کە گوناه مراند بووی بە پێکی پر لە نازو چاودا گرتنی ساقی و دەس گرتنی زیندوو دەبێتەوە. (جام، جورعە، مەستی، ناز) تێکڕا زاراوەی عرفانین. دووبارە کردنەوەی (وەی-وەی) ئاماژەی شاگەشکە بوون بە مهرەبانی یە زۆرەکانی ساقی یە.

٦ – شێوەی دانەی خاڵ نە تۆی جامی مەی

نەئشەی مەزەی تۆم بدۆش پەیاپەی

شێوەی دانەی خاڵ نەتۆی جامی مەی (لە ناو جامی مەیەکەدا) نەشئەی سەرگەرمی مەزەی تۆم یەك لەسەر یەك پێ بدات.

جامی مەی: دڵی پر لە ئیمانە، کە ڕەنگ دانەوە و تیشك دانەوەی جیلوە و تەجەللای یەزدانی یە، دانەی خاڵ، بینینی بەشێکی کەمی جوانی یار، یان چرترین بەشی جوانی. حافزدەڵێت:

مادر پیاله عکس رخ یار دیده‌ایم          ای بی خبر ز لزت شراب مدام ما

دانەی خاڵ دەشێ یەك حەرفی قورئان بێت، شاعرێکی تریش ووتویەتی:

من به خال لبت ای دوست گرفتار شدم

چشم بیمار تو را دیدم بیمار شدم

کە بەڕاستی لە دڵەوە تیشك دابەش دەکات. وە دەکرێ ئێمە مادام دەرفەتمان هەیە بۆ سەرنج دان بە جۆرێکی تر (تۆم) بخوێنینەوە.

تۆم: تۆو.. گوڵەبەڕۆژە.. یان هەر چەرەسێکی تر. کە مەینۆش و عەرەق خۆرەکان (خواردنەوەی پێوە دەخۆن و هاوشانی پێك لە بەیناو بەینی هەڵدانا). دەیخۆن و لەتاڵی (عەرەق)ەکەش کەم دەکاتەوە. مەولەوی (دانەی خاڵ ی یار کەلەجامی مەیەکەدا دەرکەوتووە... لە هەموو (تۆو-تۆم)ێك بە نەشئەترە بۆ مەزە و... ئەمەش لە خزمەت واتا عرفانی یە کەدایە(کە هەر لە ساقی- پێك - ناز- چاو- دەست - خاڵ) نۆشینەکە ساز دەکات (لە دەرەوەی ئەودا هیچ ناکات بەمەشرەب و مەزە. خاڵ، سەرەتای دەست پێ کردن و هەمان نیشانەی وەحدەتە.

٧ – مەست بوون تا مەحشەر وەی ئارەزووی یار

چە نەفخەی هاوار دڵان بۆ بێدار

مەست بم تامەحشەر (ڕۆژی زیندووبوونەوەی) بەم ئارەزووەی یار و لە لێدانی هاواری دڵان بێدار بمەوە.

نەفخەی هاواری دڵان.. هتد. بەرامبەر نەفخی سور دروست کراوە یەکجار بەباکردن هەوا بەو نەفخەدا مردووەکان زیندوو دەبنەوە. بە دەنگی نەفخەی هاواریش- دڵان بێدار دەبنەوە. بە ئارەزووی مەستی یارەوە بچمە مەحشەر و لەوێ لە هاواری دڵاندا منیش بێدار ببمەوە

٨ – بەڵ خامی و عەبەس، بەد نامی و هەوەس

هەنی نە ئاڵەم نەزڕناش جەرەس

بەڵکو بێ ئاوەزی و پوچی و بەدناوی و ئارەزو و هەوەس، ئیتر لە دنیا زەنگی نەزرێنن. کە تێکڕای وشەکەکانی نیوەی بەیتەکە هی دوو فەردەکەن لە بەیتی (٣،٢)دا کە ئەمیان عەیب دار کردووە کۆستیان خست... لە بەیتی (٤)ەوە، هانا بردن بۆ ساقی و لە درێژەی شیعرەکەدا چاوپۆشی ساقی و دەسدان و مەی پێ دان بەناز و دەرکەوتنی دانەی خاڵی و نەشئەی مەزە و مەست بوونی ئەم، دەبنە مایەی ئەوەی کە لە دنیا زەنگ زڕاونەبێت. وە ئێمە لە فۆلکۆردا ئیدیۆمی زەنگ زڕانمان هەیە.جام بشکێ نەك بزرنگێ.

هەی داد هەی بێ داد تالاّن کریاوم

ماچی نەکەردەی زەنگی زڕیاوم

وە دەکرێ مەست بوونەکە بۆ (ئەم دنیا و ماوەی قەبر تانەفخ) وەرگرین بە ئارەزووی یار، ئەم ئاگای لە دنیا نابێت و... بەخشینی ساقیش دەبێتە مایەی سڕینەوەی لە کەو بێ زەنگی زەنگەکان.(قاونەدان وسرپۆشی).

جەرەس: لە مانای عرفانی دا. گوتاری ئیلاهی یە بەسیفەتە جەلالی یەکانی. وە پێغەمبەر(ﷺ) وەحی بە جەرەس چواندووە.یانی هاتنی وەحی بە زەنگی ئاگادار کرنەوە ناو بردووە.

**تاك بەیت**

ئازیز جەدووریت تەن بی کلاّفە

ڕووح بی وە تەنوین حالّ ئزافە

ئازیز لە دووریت (تەن-جەستە) لوول بوو بەکلاّفە، وەگیانیشم نەماوە فەوتا وەك حالّەتی ئزافە کە تەنوین نامێنێ.

نیو بالّی یەکەم ئاماژەی پیر بوون و چەمانەوەی تێدایە کە حالّەتی پیری یە. بۆ ئەوانەی تەمەن دەکەن قۆناغی پێش مردنە، وە مانی بەسراوە بە تەنوینەکەوە. ڕەنگەکەسێکی(قواعد)ی باشتر ڕاڤەی بکات.

ئەوساتە زانام بەختەکەم شەڕ بی

عێلەکەم هامڕای عێل سەگوەڕ بێ

ئەوکاتە زانیم بەختەکەم شەڕ بوو (ئیتر شەڕ دێتە ڕێم) عێلەکەم (قەوم و خۆیشەکانم بوونە هاوڕێ ی عێلی سەگوەڕ.

دیارە مەولەوی یەکێکە لە زۆر شاعرە نەرم و نیان و دلّ و دەروون و دەمپاکەکانی ئەدەبی کوردی، دوو سێ ئاماژەی کەم و کورت نەبن بە هیچ جۆرێ ڕووی لە زەم و شۆرین و شەڕ نەناوە. لە گەلّ ئەوەشدا ئاماژە بۆ چەن قەومێ دەکرێت وئەم و ئەو لەیەکی دوور دەخەنەوە. بەلاّم من بەو جۆرەی کەبیستوومە و کەمێ زانیاریم هەبێ، مەولەوی ئەم عێلی سەگوەڕەی لەکلتووری یارسانەکان و سەر گوزشتەکەی لای ئەوانەوە وەر گرتووە، وە سیناریۆی گۆرانی یەخۆش و بەهێزەکەی کاکە سوارە(مینا) کە بەشێکی لە دێی یارسان نشینانی هاوار وێنە گیراوە بۆ پشت ئەستوری ئەم ڕایە بەسە و لەوە زیاتر لە سەری نارۆین و با تینوەکان هەولّی دۆزینەوەی ئاو بدەن.

ئاخ ماری زامدار پێچیا گە وێم

درۆزنەکەی مالّ سۆچیا گە وێم

ئاخ وەکو ماری زامدار لوول خوارد و خۆم، درۆزنەکەی ماڵ سووتاو خۆم (ماری زامدار، درۆزنەکە- خواستن هەیە).

لە هەورامانـدا بـە مـاڵ پـەرپووت و نەگبـەت و تـەریك دەڵێن درۆزنەکـە. (ڕاستی درۆزن کەکەس باوەڕی پێناکات).

MAWLAWI.KRD

## پیتی (ب)

### شیعری یەکەم

#### ١ – باعث وجوود جەماهـ تاماهی

#### دلیل ا ثبات صنع ئیلاهی

یەکێکە لە شیعرە (دینییەکانی) مەولەوی، دان نان بە بەد کرداری و بەد ڕەفتاری مرۆڤ و بڕوا بوون بە بەخشندەیی و بەزەیی فراوانی پەروەردگار. سەرەتاکەی ڕووکردنە خوایە و بەرەبەرە و لە دەوری (گوناه –بەخشندەیی خوا –پەشیمانی) بەندەدا دەسوڕێتەوە.

ئەم شیعرە لە دیوانەکەدا (٢٧) بەیتەو لە بەیتی (١٤)ەوە وەرچەرخانێ لە شیعرەکە دەردەکەوێت و بەهەشتی مدرس لە ڕاڤەی بەیتی (١٤)ەوە دەنووسێ دەس ئەدا لێرە بەدواوە پارچە هەڵبەستێکی سەربەخۆ بێ و لەکاتی نووسینەوەدا لەگەڵ ئەوەی پێشوودا بوبێ بەیەك{دیوان ل٨٣} . مامۆستا حمە امین ئەدەلأنیش لە وەرگێڕانی دا لە پەراوێزدا دەنووسێ ڕاست وایە ئەم چامەیە دو شیعرن، وە دەشڵێ لە هەندێ نوسخەدا وایە{دیوانی مەولەوی سۆرانی ئەردەلأنی ل٤٨} .

وە ئێمەش وای بۆ دەچین دوو شیعربن، ئەوەی جێی سەرنجە بیروڕای دروست بوونی خیلقەت و چۆنیەتی ڕاگرتنی ئەرز و ئاسمان... لەسەر بیروڕاو خەیاڵی ئەفسانەی (گاو ماسی) لەم شیعرەدا هەیە.وە دەڵێن گوایە مەولەوی نامەیەکی تری پرسیار ئامێزی ئاراستەی سراج الدین کردووە لەسەر پرسیار کردن لەسەرەتاکانی دروست بوون و هەمان بیروڕا. کە (عوسمان محمد هەورامی) چ ڕای خۆی چ پشتگیری بەهەشتی مدرسی هێناوە بۆ ئەوەی دوو شیعرە کە نزم ولاوازن و هی ئەو دوو زاتە نین و داواکاریشە کەس بەشیعری مەولەوی و شێخ عوسمان سراج الدین یان نەزانێ{هەورامان ژمارە ١٣ ل٣٥} لەگەڵ ئەوەشدا من نایان خەمە لاوە و لام وایە زمانی گفتو گۆی ئەو دوو شیعرە، زمانی ڕەمز ئامێزی مرید و مرادێکە، کە نەکراوە بە زمانی حاڵ بوترێت و لەو حاڵەدا

وتراوه، بۆ ئەوەی (سرکەشف نەبێت)، چونکە ئەستەمی عەقڵ و تەسەوری باو ڕێ ی نەداوە بە کەشفی. وە ئەم ڕازە لە کلتوری دینی یارسانەکاندا باس کراوە و بەشێك لە فاش نەکردنی ڕاز لای عارفانی گەورە پەیوەندە بەو باسەوە، وە تەنانەت شاعرێکی وەکو حافز و مەولاناو سڵتانی ساق هەواداران و یارانیان ئامۆژگاری دەکەن بە ئاشکرا نەکردنی ڕاز.جا ئەو ڕازە قەول و پەیمان بەستن بێت یا هەر سرێکی تر، لە کلتوری هەوراماندا پلەی سرِ پۆش و هانی سرِ پارێزی، سەرچاوەکەی دەچێتەوە سەر ئامۆژگاریەکانی یارسان.

پێم خۆشە لێرەدا بۆ بەرچاوڕوونی چرای چەند بەیتێك هەڵکەم، ئیتر خۆی خوێنەر لەکاتی عەودالّی بۆ ئەو بابەتە لە گەڕانەکانیدا باش ڕێگە دەردەکات.

دلّ میرود زدستم صاحبدلان خدارا

دردا که ڕاز پنهان خواهد شد ئاشکارا

(دلّ لە دەستم دەردەچیّ و خاوەن دلاّن بۆ خاتری خودا حەیفیّ کە ڕازەشاراوەکەی من ئاشکرا دەبێت. نابیّ سرِی ڕاز بەهەموو کەسیّ بلّیّ ی، چونکە ڕازی عەشق عاشقەکەی ڕیسوا دەکات. هەر بۆیە لەم نموونەی (پاراستن بۆ ڕازە) لای حافز زۆرە. جوانە مەرگی بەهەشتی عرفان، ئەکرەم عەنەبی لە خۆوە شەرحەکەی ناونەناوە (مەحرەمی ڕاز) هەر لە حافز هەڵی گۆزیوە.{مەحرەمی ڕاز ل۳۰}

مەلا عەبدوڵلاّ ی داخی خزم و دۆستی مەولەوی، بۆ کاك ئەحمەدی مەجزوب دەنوسیّ:

تەرسوون ئەرخامەی وەخەم شەق وەردەم

تەحریر کەرۆ ڕاز مەخفی تۆی پەردەم

ناپاکیم هەریەند نە حەد ئەو دەر بۆ

پەی صەفای خاتر پاکان کە دەر بۆ

{یادی مەردان ب ۲ ل۴۱۸}

حاجی شێخ عبدالرحمن ابوالوفا کوڕی شێخی سراج الدین دەفەرموێ:

ا ی دڵ تو چرا فاش کنی قصە عشقش

گو مخزن مهرش بە همان مهر و نشان باش

کاك ئەحمەدی مەجزوب:فەرموویەتی:

چەند ڕوێ هم ڕاز عوشاقی دڵ بیم

چون بولبول سەرمەست سەودایی گوڵ بیم

یاران جەم دڵ وەش حوزن نەوەردە

سیڕ پەنهان نەبی قەت نە تۆی پەردە

هەروەها دەفەرموێ:

گەر عەجالەتەن نمەی وە سەر وەخت

ڕازت فاش مەبۆ خەیلێ سەختەن سەخت

{بەشێك لە دیوانی مەجزووب،حکیم مەلاسالح ل١٦ول٦٣}

بابە گەرچەکی هەورامی:

مەستیم وە مەیلی ئەو خاوەن دوڕەن

مەیخانەم نە دڵ شارەکەی سڕەن

{مێژووی وێژەی کوردی(١)ل١٣٣}

شاعرێکی فارس:

بیدل کجا رود بەکە گوید نیاز خویش

با ناکسان چگونە کند فاش راز خویش

فاتمه لورەی گۆران،

ڕاز دار یاریم ڕازدار یاریم

وەفەرمان شاڕاز دار یاریم

شاهم بەزەیش ئاماوە زاریم

ڕاز کەرد وەدرمان دەردەی کاریم

{مێژووی وێژە ل٧١}

حافز دەڵێت:

مصلحت نیست که از پرده برون ا فتد ڕاز

ور نه در مجلس رندان خبری نیست که نیست.

لزا خانمیشی دەڵێ:

قەباڵەی سڕەن بکەرە ئەندێش

با نەزانۆ پێش بێگانە و خوێش

شاعرێکی تریش وتوویەتی:

وای اگر پرده زاسرار بیفتد روزی

فاش گردد که چەد فرقەی این مهجور است.

گەر سەرنج لە شیعرە دینی و عرفانیەکانی ئەدەبیاتی گۆران بەگشتی و (شیعری یارسان) بەتایبەتی بدەین- دەبینین زۆر بەیان باسی (ئەوڕاز و نیاز و سڕەیان) کردووە، تەنانەت نەدرکانی سڕ لای سان سەهاك لەڕێی ئامۆژگاری یەکانیەوە، بوەتە مەرجی یاری بوون. کە من لام وایە هەرهەمان ڕازی (عاشقی و مەعشوقی)خود و خوایە،کە توانەوەیان، ئەو پەڕی کامە هەر باس کردنی ئەو ڕازە لای ئەوانەی لە ئەلف و بێ کەی ناگەن مەترسیدارە، بۆیە عاشقان ئالأندویانەتە نێو شیعرە عرفانی یەکانیان باس نەکردنی هەم نەشئە بەخشە هەم ژیان بەخش. باس کردنی هەم مەست لە مەستی

دەخات و هەم مەرگ دەکاتە نسیبی، بۆیە عارفان دەمێکە هەستیان بەوە کردووە کە باس کردنی ڕازی مەستی و تەواوی سرِی عەشق گێلەکان خراپ سوودی لێ دەبەن. و ناکرێت ڕازی تولانی ئاشکرا کرێت بۆیە ئالأونەتە (عرفان)، بە شیعر و کەلأم و مۆسیقاوە، بە زمانی مەجاز و بەجادوی ماناوە، چونکە بۆ سادە لەوحان ئەبێ (یەك شتی کەم و کورت باس بکەیت) نەچیتە ناو پرس و جۆی مەتەڵە گەورەکان.

پیر ئەحمەدی گەنجەیی یەکێ لە حەفتاو دوو پیرەی یارسان دەفەرموێ:

بە وێنەی بلال تۆیج ئەحەد واچە

یا هەر نەجەمدا ڕووکەر وە ناچە

وە گەر مەواچی ساتێ بساچە

وەرنە ناهالاّن مەبۆن دوهاچە

ئێمە دەزانین ئەوانەی ڕازیان لای نامەحرەمەکانی ڕاز ئاشکرا کرد، چونە سەردار و بادەی مەرگیان نۆشی، یان لە زیندانەکاندا ڕزین، ئەوانەش کە ڕزگاریان بوو، دێوانە بوون و شێتی بوویە فریاد ڕەسیان. بۆیە دەکرێت شارەزایانی ئەو بوارە و زمان زانانی ڕازی نەقشی و ئایناس و شیکار کەرەکانی ئەفسانە لەو دوو نامەیە بکۆڵنەوە ڕووکەشانە نەیان خەنەدواوە وە ڕەنگە شایەتی باش بن بۆ ئاشتەوایی بیرکردنەوەی دینی و هزری ئاینی نەقشبەندیەکان و پاشخانی عرفانی ئەدەبیاتی یارسان.

وە شێخی سراج الدین لە وەلاّمەکەی مەولەوی دا ئاماژەیەك دەکات بۆ پێویستی نووسینی وەلاّمەکەی و باس کردنی بۆ مەولەوی دەڵێ:

چونکە تومەعنای نهانیت زا نان          ڕەمزێ جەرمووز پەنهانیت وا نان

سەبارەت بە دەسەلاّت شکان بە سەر مانای نیهانی و ڕەمز و ئەسراری پەنهانیدا، گەورە زانایان گەواهی ئەوە ئەدەن کە حەزرەتی شێخ عوسمان شای ئەو مەملەکەتە بووە. مەلا ئەحمەدی نۆدشی لە وەسفیدا فەرموویەتی:

بە ا ن شاهنشهە ملك معانی          بە ا ن دانای ا سرار نهانی

لەو تێگەشتنەوە شا بە مەولەوی دەفەرمێ مادام تۆ مانای نبهان و شتێ لە پەنهانت خوێندووە، وەڵامت دەدەمەوە.نزیکی بەیتەکەو، وەسفەکەی مەلا ئەحمەد لەو گومانەمان نزیك دەکەنەوە کە دوو شیعرەکە هی ئەو دوو زاتەبن، یا هیچ نەبێ پرسەکە هێ کەسێك بێت و وەڵامەکە هی حەزرەتی شێخ عوسمان.

ئێمە لێرەدا زیاتر ناڕۆین و شیکاری ڕەمزەکان هەڵ دەگرین و دەڵێین ئێمە ئەو گفتوگۆیە بەلاواز نازانین بە زمانێکی تێ دەگەین کە ئەفسانەکانی خولقاندووە کە تێکڕا بایەخی خۆیان لە بیرکردنەوەی مرۆڤدا هەیە، خۆ ئەگەر بچینەوە سەر کلتوری پرس و جۆکانی یارسانەکان ئەوە پەنجەرەی تر بە ڕووی ئێمەدا دەکرێتەوە.

{بڕوانە ئەم کتێبەلە شیعری ج ل شەرحی ئەو دونامە مان کردوە}

مایەی بوون (هەستی) لە مانگەوە تا ماسی بەلگەی سەلماندنی دەستکردی تۆن ئەی ئیلاهی.

٢ – ضیای بینابیم، نوور چەمانم

سەرمایەی حەیات دین و ئیمانم

ڕۆشنایی دیەم (بینینم)نوری چاوم ئەی سەرمایەی ژیان و دین و ئیمانم من ئەگەر ئەم دنیاو ئەو دنیام هەبێت لە تۆوەیە، دین، ڕەنگە ئەو ڕێ و ڕەسم و نەریت و عاداتە بێت کە لێرەن. ئیمان پلەیەکی بەرزترە و گرەنتی دنیاکەی ترە، وەك چۆن (نوور لە چیا پرشنگدارتر و سەرو ترە، ڕێی تێ دەچێت بەرامبەر (ضیا و نوور لە چاو)دا (دین و ئیمان)ی هێنابێت لە حەیاتا وە هەمووشی بەدەستی خودایە.

٣ – من وێم مزا نوو بێ ئەمریم کەردەن

ئیتاعەی فەرمان عەبدیم نەبەردەن

من خۆم ئەزانم نافەرمانیم کردووە و نەمتوانیوە فەرمانی بەندەگی بەرم بەڕێوە.

مەولاناخالدیش دەفەرموێ:

شەرط ئەمر تۆم وە جا ناوەردەن

جە تەقصیرا تم تەقصیر نەکەردەن

٤ — عومرم سەرا پا غەرق غەفڵەتەن

زاد ئاخرم بارخەجڵەتەن

تەمەنم سەراپای نوقمی بێ ئاگایی بووە و توێشوم بۆ دوارۆژ باری خەجاڵەتی و شەرمەزاریە لە گێلی یەتی دا هەموو تەمەنم نغرۆ بووە.

(سەرپای تەمەن لەزەلکاوی گێلیەتی و نەفامی دا تەمەن پیس دەکات). ئیتر بۆ ئاخرەت تەنیا باری خەجاڵەتی پیس بوونی عومرم پێ یە. تائێرە وەستانی بەندەیەکی لاسار و دۆڕاو و نەزان و خەجاڵەت بار وێنە دەکات و دەیخاتە بەردەم خودای دروست کەرەو بەدیهێنەر بە سیفاتەکانی خۆیەوە.

٥ — بەڵام مشیۆ تۆ وە فەزڵەکەی وێت

کردەی من نەبۆ بەهانە پەرێت

بەڵام دەشتێ تۆ بەبەخشش و چاکی خۆت، کار و کردەی من نەبێتە بیانوو بۆت. ڕەشی من نەبێتە بیانوو بۆت بۆ بێ بەری کردنم لە noورت.

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: هیچکام لە ئێوە بەکردەوەی خۆتان ناچنە بەهەشت، خودا ڕەحمی خۆی دەخاتە کار بۆ دۆزینەوەی گچکەترین چاکەی بەندە، بۆبەخششەکانی بیانوو ناگرێت لە خراپەکاری یەکانی بەندەی. هەر لەو بارەوەیە شێخی شەعدی دەفەرموێت: خدا بهشت را بە بهانەمی دهد، بە بهانە دهد{دڵ و چاول٦٧}

خودی هزرو بۆچوونەکە لە فەرموودەوە سەرچاوەی گرتووە... ئیتر لای خەیام و حافز و مەولاناو...هتد. ئەو دیو و ئەو دیو کراوە سەری کێشاوەتە بەراوردە فەلسەفی و حکمەتیەکان (من بد کونم تو بد کونی) ئەو تێگەشتنە هەڵەیەی نیە کە بۆی کراوە. ئەوەش تێنەگەشتنە لە خەیام و ئەندێشەکانی خواناسی عارفان. چوون هیچ کات کارە شیاوەکانی خوای گەورە نابنە کارە زوشت و ناشیرینەکانی بەندە. یانی بەو جۆرە ئێمە دەیکەین خودا نایکات.

٦ — ا غماز کەی جە گرد نا بەکاری من

جە ڕوو سیاهی و بەد کرداری من

چاپۆشی بکەی لە هەموو کارەنابەجێکانی من، چاوداخەی لەڕووسیایی و بەدکرداری یەکانی من. یەکێك لە جوانی یەکانی ئەم شیعرە ئەم چاونوقاندنەیە. لە بەرامبەردا دوای ئەم چاو نوقاندنە بەندەی ڕوسیا خەجاڵەت و ڕەنگی زەرد و پەرۆشی هەیە. {دڵ و چاو ل ٦٨}

ئەم هەست کردنە بە گوناه و ڕەشی و لاساری یە و ئەو ئومێدی بیانووەی خودا لای شاعرانی صۆفی مەشرەب زۆر دەردەکەوێت، مەحوی نزیك لەم دێڕە دەڵێ:

لە من نازانم ئیتر نەفسی بەدخو چی دەوێ مەحوی

کە بەدکردار و بەدڕەفتار و بەد ئەفکار و بەد  طةورم

مەگەر بەرمەوجی بەحری ڕەحمەتم خا  وەصفی سەتتاری

وەرگەرنا زەحمەتە پابونەوەم، نامومکینە سەرترم

{دیوانی مەحوی ل٢٢٢}

٧ – پەی من کافی یەن ئەی گرد ا نفعال

بۆ بەڕەحم وێت بکەرەم پامالْ

من ئەم هەمووپەرۆشیەم بەسە، (خۆ لۆمە کردن و بێزاری لە ڕوو ڕەشی و خەجڵەتی) وەرە بە بەزیی خۆت پامالْم کە   واتە تەفرو تونا و تارو ماری کردەوە خراپەکانم بکە. تەفروتونابوونی خۆشی دەڵێت، چونکە ئەم سەراپا غەرقی خراپەکاری بووە، بۆیە دەڵێ پامالْم کە.

بە پێی فەرموودەش، تێ دەگەین کە زەڕەیەك ئیمان لە توانایدا هەیە بە گڕ دۆزەخی گوناهدا بچێتەوە و ئیمە بە گوناه کردن دەسمان لە باوەڕ بوون ناشۆینەوە. (لا یضر مع الایمان ذنب) (لا یدخل النار احد فی قلبه مثقال حبة خردل من الایمان) {ایات و احادیث در اثار مولوی کرد کنگره بزرگداشت مولوی کرد ل ٦٨}

٨ – مەدیە وە تۆمار کردەی ویەردەم

بدیە وە زەردی ڕوخسار ئاوەردەم

مەڕوانەرە (نامەی ئەعمالم) کە لە ڕابردووما (ژیانما) چیم تیا نووسیبوون، بڕوانەرە تۆماری ئەو جەستەیەی هێناومە، سەیری دەم و چاوی پڕ خەجاڵەتم بکە.

بەرامبەر تۆماری ویەردەی پڕ لە چڵك و هەڵەمدا، خۆ ڕوخساری زەردم هاوردوەتە ئاسانەت. ژیانی سەرزەویم مەکە بە پێوەر بۆ لێپرسینەوەم، سەیری ئێستای مەحشەرم کە.

نزاکردن بە مەبەستی بەهرە بردن لەکانگای لێ بوردەیی خودا. دەلالەتی (زەردی) بێجگە لە خەجاڵەت مانای پێ گەیشتوش دەدات. نەك لێرە، بەڵکو لە شوێنی تر. جوانی کرچ و کاڵی و نەگەیینە، بەڵام گوناه سەرباری ڕوزەردی و خەجاڵەت، دەترەسێنێ و پێت دەگەیەنێت. پەشیمانی لە گوناه بەلای خواوە خۆش و بە چێژە.خوای گەورە مەیلی نواڕین و تەوەجوهی بۆ گوناه تەرك کەران زیاترە. گوناه کردن وەك کەوتنە خواری زەڕنەقوتەیە لە هێلانەکەی دا، هەر بەوەش فێری فڕین دەبێت{حیواری زنجیرەی بێداری TVسەحەر} .

٩ — هەرچەند شایستەی عەفوت نەدارون

ڕووی شەرمەندەگیم وە دەرگات ماروون

هەرچەندە شیاوی بەخشندەیی و لێ بوردنت نیم، بەڵام هەر بەڕوخساری زەرد و شەرمەندەیمەوە دێمە. بەردەمت (قاپی درگات لێ دەگرم خەجاڵەتبارانە).

١٠ — جە بەحر کەرەم بێ بەشم مەکەر

شەڕ نەفسانی جە ڕاگەم لابەر

لە دەریای بەخشینت بێ بەشم مەکەو شەڕی (هەواو هەوەسی شەیتانی) لابە لە ڕێما ئەم بەیتە و چەند بەیتێکی تری ئەم شیعرە ئاستی هونەریان نزمە و دەکەونە دەرەوەی (پرۆسەی بەهرەمەندی و زمانی نووسینی) مەولەویەوە، نزیك دەبنەوە لە نزاو تکا و هەر پاڕانەوەیەك کە بەزمانی هەمووان‌دا دێت.

١١ – تا بە فەزڵ وێت بوانیمەوە

جە دەس هەوای نەفس بسانیمەوە

تا بە چاکە و گەورەیی خۆت بمخوێنیتەوە و لە دەستی هەوای نەفس بمسێنیتەوە.

لە دیوانەکەو سۆرانی یەکەی ئەردەڵانیشدا (بوانیمەوە- بمخوێنیتەوە) هاتووە، بەڵام ڕاڤەکەی لە (رسالەی عیشق) دا بە بانگرکردنەوە هاتووە.

چونکە ناوبردن و ناوخوێندنەوە زۆرجار مەبەستی چڕین و بانگردنی هەیە، سەرنج بەدە لە کاری ڕۆژانەت لە دام و دەزگاکاندا نۆرەی خوێندنەوەی ناو (بانگکردن) وە دەشکرێ مەولەوی جیا لەوانە مەبەستی ئەژمارکردنی بێت لەسەر فرازان بەڕەحمی خواوە، گەرچی ئەوخۆی لە لیستی ڕەشی هەواو هەوەسدایە، بەڵام هیوای بە گەورەیی خوا هەیە بیبەخشێت و بەچاکەی خۆی سەیری ڕوخساری زەردی بکات (ڕووی سیاو ڕەنگی زەرد و شەرمەندەیی)یەکەی بخوێنێتەوە، نەك نامەی (ئەعماڵی) کردەوە خراپەکانی دیارە بەمەش لە ڕیزی خەسارۆمەندان دەردەچێت و لە هەوای نەفس خوای گەورە دەیسێنێتەوە.

مەولەوی مەیلی مرۆڤ بەلای هەواو ئارەزووی دنیایی و گوناهدا... هەندێ جار لە دەستی مرۆڤی گوناهبار دەردەکات کە مەیلی خۆی تیا نیە و هەوا هەوەس و شەیتان زۆردارن و چارکردنیان گرانە، چونکە لە شیعری تری دا (هەوەس)بە جەردە ناو دەبات:

جە جەردەی هەوس نەڕەستە کەوێم

نەهەردەی عەبەس دەست بەستەکە وێم

خوای گەورە بەبەزەیی و چاکەی خۆی خوێندیەوە، بەوە دەبێتە ڕزگارکەری و لەدزو چەتەکانی هەوەس دەیسێنێتەوە. کە فڕاندبوویان و ئەم خۆی توانای دەربازبوونی نەبوو.(جەبروئیختیارونسبەتی هەرکامیان بەکردەوەکانی مرۆڤ لە عەقیدەی مرڤیەدا باشتر لێی دواوە).

١٢ – بەڵکم جەی ئاخر پەی وێم فکرێ کەم


تەدارەك پەی چەند تەزبێح زکرێ کەم

بەڵکو لەم دوا دوایەی تەمەندا بیر بکەمەوە و خۆم بۆ چەند تەزبیح و زکرێ ساز دەم. تۆبەو گەڕانەوە لەسەر پیریدا پەشیمانی لە تۆماری کردەی گەنجی لە ئەندێشەی دینی ئێمەدا ئامادەیەو تەنانەت پێوەر و سنووریشە کە مرۆڤ لەو ئاخرەدا دەبێت زۆر وەرچەرخاو بێت بەلای خودا دا.وە عەیب نەبوونی زۆرشت لە گەنجی دا و عەیب بوونی زۆر شت لە پیری دا هاوکێشەی دەستوری ژیانی ئاینی و پەروەردەیی و کۆمەلایەتی ئێمەیە.

١٣ – بەلام بەوشەرتە چەنیم قبووڵ کەی

بە هانەی ئەسباب عەفووم وصوڵ کەی

بەلام بەو شەرتە (مەرجە) لێم قبوڵ کەیت و بیانووی تفاقی لێ بوردنم جێ بەجێ بکەیت (بەومەرجەی ئەم پەرۆشی و دان نان بە خەجاڵەتی و شەرمەزاری و ڕووزەردی یەو ئەم یاد و دوعای ئاخیرەم) لێ وەرگریت.یانی خودایە کە تۆ بۆ بیانوو دەگەڕێیت بۆ ڕژاندنی بەخشندەییت.بەڵکو ئەم خەجاڵەتیەم بکەیتە هۆکارو بیانوو بۆم. سەیری چەندیەتی و پێوانەی بەهاکانم نەکەی، بەڵکو ئەمانە بەبیانوو بەهانەی گەیشتنم بەسەرفرازی حساب بکەیت.(شتێکی زۆرسەیرە شیعرە تایبەت و ڕواڵەتیە دینیەکانی مەولەوی شیعرە بێ هێزەکانی مەولەوین)



١ – بینایی دیدەم تۆ وە سلامەت

دیدەنی دیدار کەوت ئەو قیامەت

یەکێکە لەو شیعرانەی مەولەوی کە تەلی سۆز و بەزەیی ئێمە دەجولێنێت، تا ئاستی توانەوەی ئەندێشەمان ئاراستەی خۆی دەکات، کەسێکی.. گوناه و داماو و بێبەری لەچاو، ئەو چاوانەی هیچ سەردارێکی تر لەو جۆرەی نی یە؟ کەسی تر نەیتوانیوە لە هیچ کات و شوێنێکدا بەوێنەی ئەو چاوانە سەیری هەبێت. ئەم شیعرە لای خوێنەری عاشقی جوانی و مونتەمی بەزەریفی یەوە مایەی غەم و پەژارە و دۆش دامانە، چونکە چاوەکانی مەولەوی، لە وە دەرچوون چاوی مرۆڤێك بن و بیناییان داهاتبێ نەء، بەڵکو چاوەکانی ئەو کامێرای گرتەی جوانی یەکان بوون بۆ ئێمە و خۆراکی ڕۆحی ئێمەیان دەخست، لێلآیی ئەو چاوانە، دارمانی دەلاقەکانی جوانی و پەنجەرەکانی ڕوانینە.. هەتیو کەوتنی نمای سروشت و وشك کردنی زنە جوانەکانی تەڕی بووە، لە چەند شوێنێکی دیوانەکەی دا ئێمە مەولەویەکی زەلیل تووش دەبین و کروزەی دەبیستین. لە ساتەکانی بێ عەنبەری دا، مرۆڤێك دەبینین کسپە لە هەناو بۆ بێ یاوەری، بەڵام لەوێ بە تەئویلێك بۆ مەرگ و بەحەل کردنێکی عرفانی ئێمە لە شین دەخات و چەمەریمان بەرز ناکات، بەڵام لێرە پێمان دەڵێ بگرین بۆ ئەو چاوانەی کە لە جوانی و شیعر بوون.

وەك لە دیوانە کەدا هاتووە ئەم شیعرەی ئاراستەی دۆستێك کردووە. مامۆستا ئەردەلآنی ناوی دۆستەکەی بە محمد جسیمی صدر العلما بردووە.{دیوانی مەولەوی سۆرانی ئەردەلآنی ل٩.}

بینایی چاوم تۆ سەلامەت بی (تۆخۆش) دیدەنی دیدار کەوتە قیامەت (بینایی چاوم) هەم بە دۆستەکەی دەڵێ ڕۆشنی دیدەم وە هەم ئاگاداری دەکاتەوە لە کوێر بوونی و بینای چاوەکانی، وە دەشڵێ تۆ سەلامەت بی. هەروەها لە دیدەنی دیداردا دەگرێ (مەوعدی) بینینی دۆستەکەی بێت و وە دەشکرێ بە یاری عرفانی بڵێت و دیدەنی خوای مەبەست بێت.

٢ — ئەر بینش نیەن، هەی ئاوات وازم

باز هەرتەسکینەن گۆش وە ئاوازم

گەرچاوم نیە (هەستی بینین) هەی ئاواتە خوازەکەم، هەم دیسان ئەوە گوێ ئارام بەخشە بە بیستنی ئاواز.

واتە گەرچاو نەما بۆ بینینت... ئەوە قیامەت یەك دەبینین، بەڵام گوێ بە بیستنی ئاواز (گفتوگۆمان) دا دەمرکێنێ.

٣ — وە دڵدا تەفصیل زەلیلی و یەرد

چێش جە ئەوەڵدا ئاخرش ئاوەرد

بەدڵدا زۆر بە درێژی زەلیلی ڕابورد، یانی چی لەسەرەتاوە کۆتایی کرد.

ختورەی زەلیلی کاتێ بە دڵدا ڕابوردوو تێپەڕی، زۆر درێژتر بوو لەمە، چیرۆکی زەلیلیم، نازانم بۆچی ئەو چیرۆکی زەلیلی یەم کە سەرەتاکەی دوورترە و کۆتاییەکەی تا ئێستە دیارە کوێر بوونمە، کەچی ئەو لە ئەوەڵەوە... چوویە کۆتایی. دنیایەك بەد بەختی و زەلیلی جاری وا هەیە، بە دڵدا لە یەك ساتدا چیرۆکی درێژی بێ سەرەتا و کۆتا دەگوزەرێ، لەکاتی بەیاندا (گوزارشت و دەربڕییندا) زۆربەی مەشهەدە حەزینەکان تێ دەپەڕن و دەمرن و هەموویانت بۆ دەستەمۆ نابن و تاك و تەرا دێنە ژێر ڕکێفی مرۆڤەوە، ئەم تاکەی مەولەوی شایەتی ئەو حاڵەتەیە. لە ڕووی دەروونی یەوە... بۆ هەست کردن بە خەم و زەلیلی مرۆڤێ کە چاو لە دەست بدات دەبێت خوێنەر خۆی بەشداری بکات لە دەرککردنی فەردەکاندا. لە مەشهەدەکانی ناوچیرۆکی زەلیلیم چی بوو یەکسەرو لە سەرەتاوە لە سەر (کوێربوونم) وەستام. وەك دەزانین لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا کارەساتە ناخۆشەکانی بە سەردا هاتووە. کەچی بەلایەوە حەزین ترینیان لە دەست دانی چاوەکانیە تی.

٤ — باز بێ تاقەتیم جە ڕووی پەردەوە

دەرگای گوزەرگای چەند فەرد کەردەوە

دیسان بێ تاقەتیم، لەڕووی ئاواز و یۆرەوە، دەرگای تێ پەڕینی ئەم چەند تاکەی بۆ کردمەوە.

شایانی باسە (پەردە) لە چەند شوێنێکی شیعری مەولەوی داهاتووە، تا ئێستا هەربەڕوپۆش، حجاب، ڕاڤەکراوە. وە من لام وایە زیاتر پەردەی میوزیك و ئاوازە، کە هەندێ ساز هەیانە، چونکە سماعی مەولەوی بەرامبەر بینینی دەوەستێ وە پەنا بردنە بەر ئاواز و دەنگ حاشا هەڵ نەگرە لای. بۆیە ڕەنگە مەبەستی لە بەرخۆوە ئاواز و دەردی دڵ کردن بێت. کاتێ مرۆڤ پیاچوونەوەی بێ تاقەتییەکانی دڵ دەکاتن، دەرگا بۆ خاڵی کردنەوەی بڕێك لە بێ تاقەتیەکانی واز دەبێت.. ئەمە ئەو دیاردەیە. دەشکرێ لە ئەنجامی بێتاقەتیەوە پەردەی دڵ بدڕێت وچەند ڕازێك بدرکێت:

ئیندەم سەبرکەرد تاقەت لێم بڕیا　　　　ماڵ سەبرشێوێ پەردەی دڵ دڕیا

٥ – هۆڕێزا و پێچ وەرد دووی کورەی دەروون

ئاو ئاوەرد، بەڵ هوون، نە دیدەی گەردوون

تەم و دووی دەروونم هەستا و پێچی خوارد و بەرزبوویەوە، نەك ئاو، بەڵکو خوێنی لە دیدەی گەردوون هێنا.

مەولەوی خۆی بۆ کوێر بوونی ئاسمان دەخاتە گریانی خوێنینەوە. بە هۆی بەرزبوونەوەی دووکەڵی دەروونیەوە. بەوەش کە گەردوون فرمێسکی خوێنینی بۆ داوەراند، کەمێ خەفەت و مەراقی دا دەمرکێت و پەنا وە بەر نووسینی چەند شیعرێك دەبات. مەلاحامیدی کاتبی شێخان ئەم دێرەی گواستوەتەوە بۆ دەقێکی خۆی بە فارسی کە بۆ کۆچی مەولەوی نووسیویەتی و دەڵێت:( أسمان گر خوون ببارد بر وفات مولوی )ئەگەرچی ئەم شیعرە فارسیە لە کەشکۆڵی حاجی مەحموود یارەویسدا لە باسی شیعری ناوبراودا هاتووە و دراوەتە پاڵ حاجی مەحموود. {کەشکۆڵی یارەویس ل٩٤}

٦ – ڕێزا جە سەردا بلێسەم کەم بی

ئەسباب تەحریر ئەی چەند فەرد جەم بی

دوای بەرزبوونەوەی ئاهو هەناسە و تەم و دووی دەروون و گریانی گەردوون لە بەیتی پێشوودا، دەڵێ لە بانەوە باریەوە بە سەرماو بڵێسەی کەم کردمەوە و ئیتر هۆکاری نووسینی ئەم چەندە فەردە کۆبوونەوە.

٧ – بازچێش بۆ یاران دەروون پڕداخەن

ئەغیاران دەماخ دڵ نە پەرداخەن

هەم چی یە دیسان دەروونی یاران (دۆستان) پڕ لە داخەو (بێگانان نەیاران، بە کەیف و دڵ شادن. بە هەشتی ڕابەر و گەورەم (جەنابی مەلا عبدالکریم مدرس) لە هۆی نووسینی ئەم شیعرە و ڕاڤەی  چەند فەردێکی دا نووسیویەتی بە هۆی کوێربوونیەوە، مەولەوی ڕاز و دەردی دڵی بۆ دۆستێکی کردووە، وە ڕاڤەکانی ئەو پیرە بیرکردنەوە و خەیاڵی ئێمە بەرەو گلەیی لە دۆستان ئاراستە دەکات، هەرچەندە ئەو لە ڕاڤەی هیچ فەردێکا نەی ووتووە کە  مەولەوی بێ تاقەتە لە دۆستان و گلەییان لێ دەکات، بەڵام لێکۆڵەرانی دوای خۆی لە ڕاڤە و تێ گەشتنی ئەم شیعرەدا بە هەڵە دا چوون و ڕووی شیعرەکەیان بەرە و گلەیی لە دۆستان وەرچەرخاندووە، دیارە، بەو جۆرەی لێ تێ گەشتون.

ئەو شوێنەی شیعرەکە، کە دۆستان بەگلەیی تێی گەشتوون بەیتەکانی (٩، ١٠، ١١، ١٢)ن. کە ئێمە سەرباری ڕێزگرتن لە ڕای ئەوانەی ئەم شیعرە بە گلەیی مەولەوی بۆ دۆستان و بێ مروەتی و کەم تەرخەمی هاوڕێیان بۆ مەولەوی دەدەنە قەڵەم، هەوڵی ڕاڤەو خوێندنەوەی جیا بۆ خۆمان دەدەین تۆش خوێنەری بەڕێز ئازاد بە لە ڕای خۆت.

مەولەوی لەم بەیتەوە نەخشەیەك بۆ داخ و کەسەری یاران و شادی و پەرداخی نەیاران دەکێشێت.. بەرە بەرە ئاشکراشی دەکات هۆی ئەمانە هەمووی لە دەستدانی چاوەکانی ئەمن. هەر لەم بەیتەوە دەڵێ (یاران دەروون پڕداخن) ئیتر دەبێت کام یارانە بن کە لە خۆوە دانراون و ئەم شیعرەشیان وەك گلەیی ئاراستە کرابێ. نابێ بپرسین ئەو داخی دەروونی ئەو یارانە بۆچی یە؟ئەی دەماخ پڕداخی ئەغیاران بۆ؟خۆ ناکرێت لە ئەغیاران دا مەبەستی دۆستان و هاوڕێیانی نزیکی بێت.

٨ – سەرد بی یەن گەرمی شەوقی هامفەردان

گەرمەن سەردی زەوق جەرگەی هام دەردان

گەرمی شەوقی هاوفەردەکانم سارد بوە و ساردی زەوقی هاودەردەکانم گەرمە.

ماموستا حەکیم لە هەمووان زیاتر ئەم شیعرە بە پڕ لە گلەیی دەزانێت بەرامبەر بە هاوڕێکانی مەولەوی و شێخان و ناوداران و مرید و مەنسوبەکان. گوایە لە کوێر بوونی مەولەویدا پشتگوێیان خستووە و بایەخیان پێ نەداوە. من هەوڵ ئەدەم لە شیعرەکانەوە بگەمە ڕای پێچەوانە.

گەرمی شەوقی بازاڕی هامفەردانم ساد و سڕبووە. ئەمە دیارە لەوەدا کە مەولەوی کوێرە و ناچێتە ناویان و شەوقیان نەماوە بەرامبەر گەرمی شەوقیان زەوقیان ساردە و شادی ناکەن. گەرمی و شەوقی، سەردەمی زەوق پاش و پێش لە ڕێگەی (سارد و گەرمە) وە، وێنەکەی سیخناخی دژیەکی کردووە. مەولەوی لە ڕێگەی (هاو)(هام) تێکڕا بە هاو فەرد و هاو دەردەکان دەڵێ بۆخۆیان (گەرم و گوڕی شەوقیان) نەماوە و گەرمەی ساردی زەوقیانە(بێ زەوقن) کە هەمان واتاو مەبەستی هەیە لە هەردوو باڵی شیعرەکەدا. ئەمە ئەوەیە کە مەولەوی لە ڕێگەی دژەکانەوە هاوگرییەك لە مانادا دروست دەکات، هیچ ئاسەوارێك و ئاماژەیەك نیە، کە بۆنی بێ بایەخی و پشت گوێ خستنی لێ بێت.

(گەرمەن سەردی زەق) ئاماژە نیە لە خۆش ڕابواردنی هام دەردان، تا ئێمە بە گلەیی وەری گرین، بەڵکو (ئاماژەیەکە هاودەردان بێ زەوقیان لەوپەری دایە) زەوقیان نیە. شەوقیان نیە، کز و خەمۆکن، زەوقیان ساردە یان ساردی زەوقیان گەرمەیەتی. ئەمەش ڕێك پێچەوانەی ڕاڤەکانە، گەرمی شەوقی هاوفەردان و زەوقی هاودەردان) بەسراوە بە دیدەکانی مەولەویەوە.

٩ – ڕێزان سەوزەی گوڵ مەعارف وە گڵ

چۆڵ بیەن چەمەن جە سۆزەی بولبوڵ

سەوزەی گوڵی علم و عرفان داوەریووەتە سەر گڵ و خەزانیەتی، باخ و چەمەنیش لە ئاوازی بەسۆزی بولبول چۆڵ بووە.

ئەم بەیتە لای کاك حەکیم وا لێکدراوتەوە کە (مەعارف) واتە کەسانی ناودار و ئەهلی زانست و چاکە، بەم پێ یە دەبێت مەبەستی شێخانی نەقشبەندی و بەگزادە جاف ومەلاکان و سەیدە دۆستەکانی بگرێتەوە، کە پێ ی وایە مەولەوی گلەییان لێ دەکات و دەبێت ساخ کرێتەوە کە ئەوان کەم تەرخەم و بێ وەفا بوون.

ئەم شیعرە لە دیوانەکەدا تارادەیەك ڕاڤەی باش نەکراوە، و مەبەست لێڵە تیایدا. د. ئەنوەر قادریش لەسەر ئەم شیعرە هێندەی نووسیوە. چاوی نابینابووی خۆی دەلاوێنێتەوە و هەردەڵێ ی مردویەك دەلاوێنێتەوە شاعیر لە پێشا لە گەڵ دۆستێکا وتوێژ دەکات و دوایی دێتە سەر هەڵڕشتنی داخ و دەردی قوڵایی دڵی{لیریکا ل١٧٤}

ئیتر باسێك لە گلەیی و بناشت نیە، نە لە شیعرەکەدا و نە لە نووسینەکانیش دا، وە گەر هەبوایە زۆر چاك بوو بسەلێنرێ، چونکە زانیاری زیاتر بە ئێمە دەدات لەسەر جۆری ژیانی کۆمەڵایەتی ناوداران لە گەڵ یەکتری دا. وە من ڕایەکی تر لەم شیعرەدا دێت بە خەیاڵما کە تا ئێستا لێی نە دواوین ئەویش لە دوو سێ بەیتی ئەم شیعرە و چەند شیعرێکی تردا زیرەکانە و ناڕاستە وخۆ جێی کردووەتەوە. ئەویش ناسینی مەولەوی و قەدریەتی لای خۆی، و شانازی کردنێك لە ڕێگەی سلبی بوونی دۆخی ئەم شیعرەوە هەر ئەوەشە کە من دەمەوێ جیاواز و دیدگای نوێتر بدەمە دەست لە سەر مەولەوی. کوێر بوونی مەولەوی لای خۆی ئەم ئەنجامە دەخاتە پێش چاو و ئەم حاڵەتانەی خوڵقاندووە.

١ — نەمانی شەوقی هام فەردان لە نەمانی شەوقەکەدا، نەمانی شەوقی دیدەی (ڕۆشنایی چاو)ی ئەم کەنەماوە.. شەوقی مەجلسی هامفەردانیش نەماوە.

٢ — بووەتە هۆی بێ زەوقی هامدەردان کە ئەم زەوقی نەما.. ئیتر گەرمەی بازاڕی (ساردی زەوق) سەرە دەرزیەکیش لە زەوق نیە لای هام دەردان.

٣- وەرینی سەوزەی گوڵی مەعاریف لە خەزانی باخی دیدەی ئەمەوە، هەر خودی چاو ٧٥٪ی هۆکارەکانی کەسپی زانستی لایە. بە کوێر بوونی ئەم، قاتی تۆوی سەرزەوی مەعریفەیە وە هەم دەکرێ ئاماژە بێت بۆ ئەوەی جارێکی تر ماڵەکانی (زانست و

مەعریفە) بەردار نابن. وە هەم دەشێت ئاماژە بێت بە باخی پڕ لە ڕۆمانسی یەتی سروشت و شیعری ئەم کە ئیتر نابینرێن. کوێر بوونی من، خەزانی مەعریفەیە.

٤ – چۆڵ بوونی چەمەن، بێ دەنگی بولبول... لە نەمانی ئەمەوەیە، چونکە شیعری ئەم و غەزەڵخوانی و مەجلسی، چەمەنی پاراوی سەوزی مەعریفەیە و غەزەڵخوانی بولبولە. ئێمە دەبێت لە هەریەك لەم واژانە مەئلوفانە ورد نەبینەوە.و شیعرەکەش لەگەڵ هەموو بەیتێکا دیسانەوە سەر لەبەری لە خەیاڵماندا داڕێژینەوە. وە ئەم واژە و تەرکیبانە هیچ کات لە دیواری گلەیی دا دانەنراون.

یارانی بەداخ، ئەغیاران بە دەماخ، ساردی زەوقی هامفەردان، سەردی زەوق، وەرینی سەوزەی گوڵ، چۆڵی چەمەن، بێ دەنگی بولبول، پێچەوانەی ئەمانە لە مەبەست و ناوەڕۆکدا دەچێتەوە دۆخی هەرەتی بینایی و ناوبانگی مەولەوی و گەرمی بازاڕی، ئێستا کە وایە، هی کوێربوونی مەولەوی یە، ڕاستە قەناعەتی سۆفیانەی مەولەوی کیبروخۆ بەزل زانی و ئەمانەی تیادا نە هێشتووە، بەلاّم ئاشکرا من هەست دەکەم بە وەی جۆرە شانازی کردنێك بە قەڵەمی و هەستی ئەدەبیانە و پێگەی لەم شیعرەدا دیارن و دەکرێت وردتر بۆ دنیای مەولەوی بچین بە تایبەت دنیای شیعریەتی مەولەوی، چونکە مەولەوی کێشە و گرفت و نقاشە ئاینی و سیاسی و ئابووریەکانی، کە زۆر زەقن ئەویش ڕوون و ئاشکرا بە نامە، یان پەیخام دەری بڕیون، زۆر کەم شیعری لە شیعریەت دوورخستوەتەوە، کە هەر ئەمەشە زامنی دنیای شیعری جوان شانازیکردن دیاردەی شیعری کلاسیکە پێش مەولەوی و تا کۆتایی سەدەی ڕابردوو باو بوو، بەلاّم مەولەوی تەقلیدیانە بەکاری نەبردوە.

١٠ – نیگای ئیلتێفات گۆشەی چەم کەمەن

ڕووی دەشت صەفای ئەهل دڵ تەمەن

نیگای ئیلتیفات ڕوانین، تەوەجوهـ لاکردنەوە، گۆشەی چەم، لاچاو سەیرکردن و نیونیگای یار کەمە و بە وەش ڕووی دەشتی کەیف و خۆشی ئەهلی دڵ تەمە. صەفا: پاکی سرووشت لە ژەنگی لێڵی و دووری لە سەر زەنشت کراوەکان دێت و سێ پلەیە

{فەرهەنگی سۆفیانەی جزیری و مەحوی د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان ٢,١ .٢ هەولێرل٢١٥ }

ڕاڤەی دیوانەکەش دەڵێ: (هی چییە؟ سەیرکردنی ناسکی یار بە لاچاو کەم بووەتەوە، وە ئەو ڕوانینە نازەنینەی نەماوە یان بۆچی یار بەدەستوری زوو لە قەراخ چەمی بەرماڵەکەیانا ناڕوانێ بۆ دۆستەکانی کە بە دەوریا دائەنیشتن، وە بۆچی ڕووی دەشتی خۆشی دڵی یاران تەم دای گرتووە.

ئێمە لە شرۆڤەی شیعرەکەدا هەوڵ ئەدەین هەموو ئەمانە، لە ئەنجامی کوێر بوونی مەولەوی یەوە ببینن بەوەش بەرەو ئەوە دەچین، کە کوێر بوونی مەولەوی واتای هەموو سلبیاتەکان دەگەیەنێ، بەمەش نەك دەگەینە پشتگوێ خستن و لێ نەپرسینەوەی یارانی، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەگەینە پایە و مایەی مەولەوی لای ئازیزان.

گۆشەی چەم: بێجگە لە تیلەی چاو، خانەقای تەوێڵەیە کە ڕێك لە سەر لێواری چەمی خوارینە.

خاوەنی نیگای ئیلتێفات، دەکرێت شێخی بهاالدین بێت.

ئەهلی دڵ: ئەوانەی بە دڵ زکر و یاد دەکەن، ئەوانەی کە دڵیان ئاوەدانە بە نوری خودا. ئەوانەی لەخۆ گەڕاون و لە ڕابەر دەگەڕێن. ئازادن بە هەر جۆرێ بێت حاڵی خۆیان دەرخەن.

بەرەچاوکردنی مانای ئەم زاراوانە واتاکەی وا دەنووسین:.

تەوەجوهـ کردنی مورشیدەکەی لە گۆشەی خانەقاوە بۆ سەر ڕووی دەشتی خۆشی ئەهلی دڵان کەمە و..بە (بێ تەوەجوهی) تەم لە سەردەشتی صەفای ئەهلی دڵان نیشتووە.یانی ئەهلی دڵ بێ ڕابەر ماون.

بەتەوەجوهی مورشید خاروخەس دەبنە گوڵجاڕ تەمی ئەهلی دڵ دەڕەوێتەوە. هاوڕێیانی ئەم (ئەهلی دڵ) دەبێ تەم لەسەر ڕووی دەشتی خۆشیان بۆنیشتبێ؟ بۆ تەم دڵی داگرتوون؟ وە دەکرێ لە (تەم)دا بۆ بەرچاو لێڵی چاوی دڵ بڕوانین، کە لە تەمدا بینین کەم دەبێتەوە و ئاشکرایی، ڕوون نیە و ڕێگەی گومان هەیە. کوێر بوونی مەولەوی ئەم بارەی خوڵقاندووە. بەمەش چاوەکانی دەکاتە دووربینی بۆ حەق بینی.

(گەر ئیلتیفاتە کە لە خانەقاوە بۆ سەر ڕووی دەشت بێت) کە بەیتی دواتر باسی ساردوسڕی کۆڕ و زکرەکان دەکات، دەبێت بۆ حاڵەتی مێژووی بگەڕێین شێخی بهاالدین (١٢٩٨) وەفاتی فەرمووە دیارە مەولەویش نابینا بووە و وەلی و جانیشنی ئەوانیش بێ گرفت نەبووە. کە ئەمە کاری ئێمە نیە. کاری ئێمە ڕاڤەیەکی جیاوازە و شیعرەکە دەخەینەوە دۆخی شیعریەت بوونی خۆی.(بە کوێربوونی مەولەوی هیچ شتێ لە جێگای خۆیدا نەماوە، ئەمەش بەتەنگەوە هاتن و هاوخەمی دۆستان دەردەخات)

گەر نیگای ئیلتیفات بدەینە لای مەحبوبی حەقیقی و یاری ڕاستەقینە، دەکرێت بۆ کۆست و نەهامەتیەکانی کۆتایی ژیانی مەولەوی بگەڕێینەوە. کەلەکۆتایی ژیانیدا کارەساتەکان زۆر بە سەختی ڕووی تێ دەکەن و تەنانەت ئەو قسەیەی کە ووتوویەتی:

هەرچیت دابوو پێم یەك یەك دامەوە  جۆرێ لە شەکواو بێ تاقەتی پێوە دیارە.

١٨ - حەڵقەی خەفیەی زکر ناڵەی هەزار ڕەنگ

چون حەڵقەی دەرگای وێرانان دڵ تەنگ

ئەڵقەو کۆڕی زکری یار، بەناڵەی هەزار ڕەنگە کە بە نهێنی یادیان دەکرد (ئەهلی دڵ) بۆ وەك ئەڵقەڕێزی دەرگای وێران دڵ تەنگە؟

وێنەیەکی چڕوپڕ و جوانە و تا بێت مەولەوی بیرکردنەوە فراوان دەکات. زکری قەلبی –بەدڵ ناوبردن و یادکردن.... ئەڵقەی نهێنی ئەو یادە کە بە هەزار ڕەنگ دەیناڵان، وەکو ئەڵقەی (ئەڵقە ڕێز و دەقولباب)ی دەرگای وێرانان دڵ تەنگە، تەشبیهە کەلەو پەڕی جوانی دایە. تێکڕا وێنەکە ئاماژە بە وێرانە بوونی کۆڕی زکری سۆفیان و خامۆشی خانەقایە لە ساتی شیعرەکەدا، بە واتاش دەکرێت کە مادام مەولەوی نابینایە و جای لە جەماعەت نیە، ئەڵقەی زکری ئەوانیش کە جاران دەیان ناڵاند(ئاوەدان و قەرەباڵق)بوو ئێستا وێنەی دەری وێرانان و ئەڵقەی دەرگای کاولان هەڵقەی ئەوانیش دڵ تەنگە. کە ئەمەش لە خزمەتی گلەیی کردندا نیە و زیاتر لە پێناو مەولەوی دایە.

ئەڵقەی زکری صۆفیان (هام دەردان و هامفەردان) بێ جووڵەیە و بێ هەناسە و دەنگی نیە، وەك ئەڵقەی دەرگای وێرانان، دڵ تەنگە. دەرگای ماڵی وێرانان...

مەرحەمەتی دەستی کەسی پێ ناگات و کەس نیە دەنگی لێوە بێنێ... بەمەش دەگەینە ئەوەی کە بێ مەولەویان پێوەدیارە، و خودی مەولەوی کەسی چالاك و هۆی شادی ناو ئەڵقەی زکر بووە. یانی مەولەوی لە دەرگا دەری ماڵی دڵ و زکرەکان بووە. ئێستا نابینایە و ناتوانێت بڕوات و، ئەلقەڕێزی دەرگای مەجلسی زکری یاران ژەنگ لێی داوە.کە ئەم دۆخ و بارەش مایەی دڵتەنگی و گریانە.

١١ – مشێو جە گرد لا زاری و شیوەن بۆ


جەکام لا، لای دۆست، کام دۆس؟ وێنەی تۆ

دەبێت لە هەموو لاوە شیوەن و زاری بێت، کە دیارە بەیتەکانی پێشوو ئاماژەن بۆ لاکان، لێرەش دەڵێ جەکام لا، لای دۆست، دۆستێکی وەك تۆ. پرسیارەکەی بەیتی(٧)چێش بۆ؟بە مشیۆ لێرەدا وەڵام دراوەتەوە.

١٢- کەی ئیسە، پەی کێ؟ پەی دیدەی مەعدوم

چێش بی یەن؟ بی یەن جەدیدە مەحروم

چ کاتێ، ئێستا، بۆکێ، بۆ چاوەکانی مەعدوم (مەولەوی) چی بووە؟ لەدیدە بێ بەش بووە.



گریان لە هەموولاوە بۆ چاوەکانی مەولەوی، چونکە وەك وتمان چاوەکانی مەولەوی چاوی بینینەکانی جوانی و دووربینەکانی گەورە کردنی جوانی گچەکەیەوە بینینی وشەی هەتیوو لاکەوتەیە، چاوەکانی مەعدوم داڕێژەری پلان و نەخشەی ستاتیکی شیعر و پەخشان و کامێرای گرتەی وێنەی ناوازەی سروشت و بینینەکانی یارن.

١٣- یانێ های ڕاسەن، یا قسەی ناسەن

دیارەن کردەی چەپ گەرد هەرپاسەن

واتە ڕاستە و درۆنیە؟ دیاریشە کردەوەی چەپ گەرد هەروا بووە، کاول کەر و بەهەدەر دەرو خاس خراپ کردەیە.

## شیعری سێیەم

١ – بەرزان هلال تار وەروان قەراردا

غورەی شارشۆڕ دڵان دیاردا

سەربەزەکان بڕیاری توانەوەی بەفریان دا تا ئاستی هێشتنەوەی مانگێکی تار. بەمەش سەرەتاو نوخشەی مانگی پڕ سەدا و جۆشی دڵان دیاری دا.

یان چیاکان بڕیاری خاڵی کردنەوەی شاخەکانیان (لە مانگی پڕەوە بۆ هلال دەرکرد) بەم بچوککردنەوەی هلالە تارە، سەرەتای مانگی پرشۆری دڵانە. (هەر مانگێك تەواو دەبێت بچوك دەبێتەوە، تەواوبوون و بچوك بوونەوەی هەرمانگێکیش سەرەتای مانگی دادێ یە. مەولەوی هەمیشە لە پرۆسەی نووسینی دا ڕەوشت و دیاردەی مرۆیی بە دیاردە و دیمەنی سروشتی ڕەنگ دەکات و بە پێچەوانەوە هەوڵی گیان بە بەرا کردنی شتگەلی ماددی دەدات.

تار: لای مامۆستا مدرس بە شێوە مانا کراوە، لە مامۆستا حەکیمیشم بیست کە مامۆستا سید طاهری هاشمی لە مەولەویەکەیدا بە (هلال وار) نوسیویەتی بەمەش مانای شێوە هلال درووست دەبێت.

بەلاّم ڕەنگە (هلال تار) پێچەوانەی مانگی چواردەی ڕۆشن بێت، چونکە (هلال بچوکە و تاریکە ئەمەش دەچێتەوە خزمەتی ئێستاتیکای شیعرەکە. کە بەرزان قەراری (بچوککردنەوە لە مانگی چاردەوە بۆ هلال خاڵی کردنەوە لە پڕی. هلال بچوك و کەم و خاڵی یە ، چواردە پڕە بۆیە شاخەکان بە پڕ لە بەفریانەوە، مانگی چواردەن و پڕن. بەرزان قەراری کردنەوەیان بە هیلال دەدات، پڕیان نامێنێ و بەفرەکە دەچێتەوە سەر بە وێنەی مانگ، شاخ و داخ ڕەش دەبنەوە و دەردەکەون. کەمێك خالْ خالْ نەبێت. کەچی بەم ڕەشبوونە وە وچوونەوەی بەفرە دەڵێن (ڕۆشن بونەوە)... ئەم دیارەدە سروشتی یە سەرەتایە بۆ دەرکەوتنی مانگی پڕجۆش و خرۆشی دلان، مامۆستا محمد امین ئەردەلاّنی دەنووسێ لە مەلا عبدالکریمی مدرسم بیستووە، ئەم شیعرەی بە بۆنەی

مردنی کوڕێکی یەوە نووسیوە، بەڵام نەزانرا کام کوڕی بووە. مامۆستا ڕەئوف عوسمانیش بەو جۆرە دەفەرمویّ و ناوی کوڕەکەشی نووسیوە.{ڕامان ژمارە ١٤ل٣.٠}

پرۆسەی (بچوککردنەوە، جا گەورە بوون. خەلوەت و تاریکی جا نوور. بیّ ناو کردنی خود جا ناوبانگ) لەگەڵ قەناعەتی عرفانی مەولەویدایە.

٢ – نەسیم وە بۆی چین چنوور ڕووی هەرد

سوب (صباح الخیر) دەماخ دڵ کەرد

نەسیم بە بۆی چین چینی چنوری ڕووی هەرد، بەیانی (صباح الخیر)ی هەستی بۆن کردنی دڵی کرد، کاتیّ زوڵفی چنور بەدەم شنەی بەیانەوە، بە دڵ دەگات، لە ڕێگەی هەستی بۆنەوە، مرۆڤ خۆش دەماخ دەبێت ئەم حاڵە مەولەوی بە (بەیانی باشی) دڵ. لە شیعرەکەدا جێی کردووە. کە ئەو پەڕی خولْقانی جوانی یە.

جوانی یەکی تری ئەم بەیتە هێشتنەوە و دانانی (صباح الخیر) وەك ناسنامەی زمانە عەربی یەکە، مەولەوی زۆر وشەی عەرەبی یان فارسی بە هەورامی و کوردی کراوی لە زمانی شیعری خۆی دا بەکاربردووە. بیّ گومانم لەوەی (سەواخێری) لە هەورامیەکانیش بیستووە، بەڵام دای نەناوە و (صباح الخیر)ی داناوە، کە حاڵەتێکی زۆر زەق و بە هێزی بۆ لیقاکەی (دەماخی دڵ و بۆنی چنور لای شنەی بەیانی) شیعرەکە دروست کردووە و (حسن تعلیل) ی داوە بە شیعرەکە.

٣ - جە پرژەی شەونم نە توی پەردەوە

نەرگس مەس مەس چەم، ولاو کەردەوە

نەرگسی خومار و نووستوو لە پرژانی شەونم، لە ناو پەردەی ناسکی دا، مەست مەست چاوی کردەوە (خەوتو و خومار و سەرخۆش و لە هۆش خۆچوو بۆ بێدار بوونەوە ئاوی لیّ دەپژێنن) لە ئەدەبیانی کوردی دا مەست و خوماری نێرگز و چواندنی بە چاوی خومار و جوان بابەتێکە بە جوانی وێنەی لیّ دروست کراوە، تەنانەت، نێرگس و چاو، بونەتە هاو واتاو لە شوێنی جیاجیادا بۆ یەك خوازراون هەرچەندە نێرگز لەم وێنەدا هەمان گوڵی نێرگزە، بەڵام بۆ ئەو بابەتە ئەم نموونانە دەنووسین:

ژ ڕەعنا نێرگسێن تەی مەست و خون ریز

زەمان بو عەهدی جەنگ ئەنگێزی جەنگیز (مەلای جزیری)

هەناسەم زوڵەکەی لادا و مەیلێکی نەکرد چاوی

نەسیم ئەنگوت و شەو ڕابوردو نەرگس هەر لە خەودایە (نالی)

تا نێرگسی تۆ نازی هەبێ غەمزە نومابێ

شەرمەندە نەبێ چی نی یە ئاهوی خەتابێ (وەفایی)

**٤ - سەوزە وستەن فەرش ئەو چەمەن دەس دەس**

**گولاَن جام وە دەس بولبولاَن سەرمەس**

سەوزە (ڕەنگی سەوزایی سەرەتای بەهار –وەك بکەر چاوی لێ کراوە) فەرشی لەناوچەماندا دەس دەس ڕاخستووە (ڕازانەوە و جوان کردنی) گولاَن جام بە دەست و پێك حازرن و بادە گێڕن، بولبولان سەر مەست و خومارن.

ئەم دەرکەوتنی مانگی شەوق و هاتنی بەهارو ڕازانەوەی سرووشتە لای لیزا خانمی جاف کە حەوت صەد ساڵێ پێش مەولەوی یە حاڵێکی عرفانی وەرگرتووە و کە زیاتر وا بەستەی تەن گۆرین کراوە و ژیان لە دۆخی دووەمیدا بە سترواە بە لە دەستدان و جێ هێشتنی دۆخی یەکەمی:

وەفران بی وە ئاو، وەفران بی وە ئاو

وەهار چۆن ئاما، وەفران بی وە ئاو

گوڵ و وەنەوشە هۆرێزان جە خاو

پەرێ ئارایش دەشت و کۆف و کاو

{ مێژووی وێژە ب١ چ ٢ ل ١,١}

٥ – مەنعەم مەكەردێ گرانەن دەردم

ئەرشێویا بۆ قافیەی فەردم

گەر دەستوری قافیەی بەیتەکانم شێواون و تووشی لادان بوون، لۆمەم مەکەن، چوون دەردم گرانە.

لە مەولای ئەم شیعرە لە ڕووی ڕخسارەوە، داهێنانێکی بێ پێشینە و بێ وێنەیە، کە خودی مەولەوی لەو پەڕی هۆشیاری ڕەخنەیی یەوە، ئاماژەی پێدەکات نەوەك ئەوانەی هزرو زەوقیان تیف تیفەداوە بە دەستوری جێگیری قافیەوە، لۆمەی ئەم شێوانی قافیەیە بکەن. مەولەوی بەر لە هەرکەس مەیلی شیعری یەتی خەڵکی ناسیوە. داهێنانەکەی هەر لەوەدا نی یە کە قافیە جووتەکەی تێکداوە، ئەوەشی هەر داهێنانە و سەرەتایەکی ڕەخنەگری بۆ خۆی کردوەتەوە، مەیلی بەلای لێکۆڵینەوە و هەڵسانگاندندا چووە، چونکە لە دیوانەکەی دا تووشی نموونەی تر دەبین. لێکۆڵەران لەم شیعرەو داهێنانەکەی مەولەوی دواون بەڵام لە دەرکە ڕەخنەییەکەی نە دواون. لەو بارەوە بڕوانە {ڕەئوف عوسمان ڕامان ژمارە ١٤ل٣.ولیریکا ل ومهرەجانی دووەم باسەکەی د.عزەدین}

٦ – فەریاد جە شۆرەی ئەرز چارەی من

هەر سەوزەی مراد من نادیارەن

داد و هاوار لە خاکی سوێر و نەشیاوی چارەی من، کە سەوزەی مرادمی تیا نا دیارە و ناڕوێت. مەولەوی لە گوزارەی چارە ڕەشی و ناوچاو ڕەشی خۆی. زەوی شۆرەکاتی دروست کردووە، کەسێ حاڵ و وەزعی چارەی (بەخت) وا بێت سەرزەوی مرادی نادیار دەبێت و بە مراد ناگات مرادی حاسڵ نابێت.

٧ – داد جەهەوای شوم بەد ستارەی من

هەر نەو گولاڵەی من نە پێوارەن

هاوار لە هەوای شوم و ئەستێرەی بەدی من، کە هەر تازە گولاڵە و گوڵی من لە خاکایە و پەنهانە. هەرچەندە ئەو گێڕانەوە و ئەو ڕایە نەچەسپاوە،کە ئەم شیعرەی بۆ مردنی کوڕێکی نووسیبێت، بەڵام ئێمە لامان وایە بۆ چۆنی لەو جۆرە لە وەوەیە کە

(باسی تۆ و سەردەرنە هێنان و سەرزەوی و ناوخاك) لە هەندێ وێنەی ئەم شیعرەدا هەن، ئەوەش ناکاتە ئەوەی مردنێ لە ئارادابێ، بۆیە کاتێ بە کۆتایی شیعرەکەدا تێ دەپەڕین ناچار دەبین کە بگەڕێنەوە بۆ (سەوزەی مراد لە بەیتی (٦) و پەیوەندی و پێوەن دروست کەین لەگەڵ (تۆم ئارەرەزوی دڵ). ئەوکاتە لە بنیاتی گشتی شیعرەکە دەگەین کەلەسەر (خۆشی و شادی بەهارە وەك سروشت) و (نابەهار و نامرادی مەولەوی)یە وەك شاعرێکی عارف.

٨ — یا وەلوەلەی دەف شا دەروێش جۆشێ

بەوصەدای ڕیشەی دڵ ئاشناوە

یاوەلوەلە ونالەی دەف... جۆشێ، بەو دەنگەی بەڕیشەی دڵ ئاشنایە شادەروێش — دراوەتە پاڵ دەف و پلەوپایەی دەفەکەیە لای درەوێشان، چونکە دەف... شای دەروێشانە، لە فۆلکلۆری هەوراماندا ئەمە بە مەتەڵ دەکرێت.

بەم جۆرە. (ئینە چێشا، چێشڵە و چێشا، شای دەروێشا؟)ئەمە چیە، چی یەی چیانە، شای دەروێشانە؟کەسی دووەمیش لە وەڵامدا دەڵێ ئەوە دەفە.جارێکیان مامۆستا قانیع لەدێی کاڵ دەبێت دەفێك بەدەستی دەروێشێکەوە دەدرێت دەڵێن شەهیدبوو، مامۆستاش بەدەف ژەنەکە دەفەرموێ:تۆ موسڵمانی؟ دەڵێ بەڵێ دەی تۆ ئەو دەفەت دڕاندو کافریش نیت.کەسی 'شەهید بکرێت دەبێ کافرشەهیدی کردبێت{زایەڵەی زرێبارل} دەنگی دەف و گیانی دەروێش ڕیشەی دڵی مەولەویە، یان بە ڕیشەی دڵی ئاشنایە.

٩ — یا جۆش سەمتور مطرب خرۆشێ

چەنی ئەی دوو فەرد حەسرەت مەعناوە

یاجۆشی سەمتور، گۆرانی بێژ (ئاوازخوان) خرۆشێ، بەم دووفەردە (تاکە شیعرەی منەوە) کە مانای حەسرەتیان وەرگرتووە، یان حەسرەتیان لە خۆدا هەڵ گرتووە.من گومانم لەوە نیە، کە مەولەوی حەزی لە دەنگی خۆش و ئاوازی دڵنشین بووە، لەوەش زیاتر پێ ی خۆش بووە (شیعرەکانی خۆی بکرێنە بەری ئاواز و ناڵەی نەی و (دەف و

موغەنی و مطرب و مەجلسی مۆسیقاری) ڕادەسپێری کە کار لە شیعری ئەو بکەن وە بە پێچەوانەشەوە.لەم بارەوە سەرگوزشتەش هەیە.

مطرب: بەو کەسانە دەوترێت کە فەیز بە دەروێشان دەگەیەنن و ئارەززوی ڕەوش و سلوکیان لازیاد دەکەن.بە دۆزینەوەی ڕەمز و دیاری کردنی حەقیقەتەکان دڵی عاریفەکان ئاوەدان دەکەنەوە.{فرهنگ سۆفیانەی جزیری ومەحوی ل٣١٤}

١. – بەڵ سەوز ببۆ تۆم ئارەزوەکەی دڵ

های چەمە دەخیل شەوێ شەونمێ

بەڵکو تۆوی ئارەزووی دڵی منیش سەوز بێ، ئەی چاو، دەخیلم شەوێ شەونمێ ببارێنە (شەو بگری بەسەر مەزرەعەی پرشۆری دڵ و بەختا، بەڵکو سەوزەی مراد حاسڵ کەیت و تۆمەی ئارەزووی دڵی منیش بتەقێ، گریانی خەوف و ترسی گوناهباری، بۆ حاسڵ کردنی بەزەیی و لێخۆش بوونی خودایی، کە تاکە مرادی مەولەویە گریان تۆوی ئارەزووی دڵ سەوز دەکات.

١١ – بەڵ ڕوو بنمانۆ ئەو نازك نەو گوڵ

دەمە نەسیمێ، وادەی سوب دەمێ

بەڵکو ڕوو بنوێنێ (لایێ بکاتەوە و نمایێ بکات) ئەو نازکە نەو گوڵە، دەمە نەسیمێ (هەناسە ساردی) وادەی بەیانێك. بەکورتی کەمێ لەسەر ناوەڕۆکی ئەم شیعرە دەدوێین:

ئاشکرایە لە تەریقەتدا (موراد ومرید) هەن. ئەوانەی مرادن لە ڕێگەی ڕاکێشانی ئیلاهیەوە، بێ ویستی خۆیان، مەحبوب دەیانگە ینێتە سەر مەرتەبەی بالآ،غیلمەکان فێردەکرێن و لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی خودادان واتە لە هەموو حاڵێکدا لە ژێرچاو دێری خوادان و خۆی پاڵفتەیان دەکات.(پێغەمبەران و ئەولیا لەم پۆلەن) بەلآم ئەوانەی مریدن دەبێت لە ژێر چاودێری (مرشدی کامڵ) دا بن کە ئەم زاراوانەش هەر ئەو مانایە دەدەن (مرشدی کامڵ) ئاینەی کامڵ پیری پیران، ئازیزی بێ گەرد...هتد) ئەوانە لە دەوڵەتی جەزبە ئاگادارن و هەموو مەقامەکانی سەیرو حاڵەکانیان بڕیوە.

ئەم مورادانە تەوەجوهـ دەكەن و یارمەتی دەری مریدن، مریدیش هەمیشە چاوی لە مورشد و ئادابەكانی صوحبەتە. حاسڵ بوونی مردایش، ئەو مەیل و ڕووكردن و موحببەتەی (مرشدی كامڵە) ئیتر مرید بەم حاڵە (مرادی مرید حاسڵە) خەزان، گوڵجارە، دۆزەخ بەهەشتە فقر، غنایە... وە بە پێچەوانەشەوە.تۆوی ئارەزووی ناو دڵیش ئەو توانەوەیە لە جوانیەكانی یاردا.واتە شادبوون بە وەصڵ.

ئەوەی تەریقەتیش دەگرێت پێویستی بە (ئیخلاص) هەیە. وە دەبێت موجاهید بێت بەسەر نەفس و هەوادا. وە مرید دەكرێ بەهۆی تەوەجوهەوە بگاتە پلەوپایەی مراد، ئەو كاتەش دەسەلاتی بەسەر دەوڵەتی فەناو بەقادا دەشكێ، ئیتر دەتوانێ پێچەوانەی ئیلهامی شێخەكەی قەراربدات.

دیاردەی ئیلتیفات و تەوەجوهـ و لاكردنەوە لە شیعری مەولەویدا بەرچاوە و جاری وا هەیە لە قۆناغی ئەرێنی دایە و ئیتر مەولەوی شادە وە جاری وا هەیە بە پێچەوانەوە. باڕواڵەتانە (سات و زەمەنی) شادی بێت، ئەوە مەولەوی ناشادە و لە هەوڵی گەیشتن بەو حاڵەیە، هانا بردن بۆ ساقی و سازەكان و موغەنی هۆكارەكان بۆ دەرباز بوون لە غەمی بێ تەوەجوهی. لەم مەبەستەوە مامۆستا تەحسین حمە غەریب لە كتێبەكەی دا سێ دیاردە دەست نیشان دەكات لە شیعری مەولەویدا.

١ — لە زۆربەی شیعری مەولەوی ئەوەتا بە غەمخواردن دەست پێ دەكات كە بێزرای یە و مەعشوق لای لێ ناكاتەوە لە مەراقدا دەژی، لە نیوەی دووەمی كۆتایی ئەو شیعرانەدا پەنا بۆ (مەی و ساقی و سازەكان و موغەنی دەبات.

٢ — بەخۆشی دەست پێ دەكات كەچی لە نیوەیدا دەبێتە خەم و خەفەت.

٣ — سەرەتا تاكۆتایی شیعرەكە (شادی یە)، بەڵام ئەم شادی یە بۆ ویصاڵ دەگەڕێنێتەوە.

كە بەبڕوای ئێمە ئەو دیاردانەش هەر پەیوەندیان بە تەریقەتەوە هەیە كە مەولەوی سالكیەتی خودی مەولەوی لە نێوان (مراد- مریدا) حاڵ دەكات.

بۆ ئەوەی (سەوزەی مراد حاسڵ کەیت و تۆمەی ئارەزووی دڵ) بتەقێت ئەستێرەی بەخت بێتە دەرو بەگوڵاڵەی یاربگەیت) پێویستە (ئیخلاصت) هەبێ (شەوگریان و بەیان هەناسە) زامنی کەش و هەواو ئاوی لە بارن بۆ گوڵی ڕووی یار. ئەمە ئەو شیعرەیە کە تێکڕا بە دەوری ئەو حاڵەتەدا دەسوڕێتەوە کە بەداخەوە لە نووسینەکانی مەولەوی دا لێی نەدواون، چونکە عاشق بوون دەستور و ئەدەبی زەحمەتی زۆری خۆی هەیە. لە ڕووی داهێنانەکەی مەولەوی لە ڕووخساری ئەم شیعرەدا کە شێوانی قافیەیە مەولەوی خۆی بە بیانووی گرانی دەردەوە پاساو دەدات بە قافیە تێکدانەکە، کەووتمان ئەوەش بۆ خۆی ئاگادار بوونی دیدی ڕەخنەیی مەولەویە لە کارەکەی. وە زۆربەری نووسەران و عاشقانی مەولەوی بۆ ئەو دیاردەیە چوون، پێش هەموویان ئەمین فەیزی و دواتر نەجمەدین مەلاو.. ئیتر دیاردەکە نووسەرانی تریش لێ ی دواون.

### شیعری چوارەم

١ – بەزم هامدەردان یار مۆبەت کێش

یەك ئیمشەو دەفێ دەروێش های دەروێش

بەزمی هامفەردانە و یاریش خۆشەویستی جوانە. دەروێش، های دەروێش ئەمشەو دەفێکی بێ وێنە. یان بەزم و ڕابواردنی هامفەردانە لەسەر دینی خۆشەویستی یار، ئەمشەوە و دەفێکی باش لێ دە.

٢ – باوەر نەکورەی وەلوەلەی دەفدا

ڕووی پەند و تەوبێخ وە هەر تەرەف دا

بهێنە بە کۆڕی جۆش و خرۆش و ناڵەی دەفدا، ڕووی پەند و سەرزەنشت و لۆمە بەهەرلادا واتە لەگەڵ دەف لێداندا ئەمشەو لەناوبەزمی هامفەرداندا، بەناو جۆش و خرۆش و کورەی دەفدا ئەم پەند و سەرزەنشتانە بدە بەڕووی هەرتەرەفدا.

٣ – ڕووی پەند، ئەو یاران دڵ وە جەهد و جەخت

ڕووی تەوبیخ ئەو لای مەعدومی بەد بەخت

ڕووی پەند و ئامۆژگاری لە ڕێگەی دەفەوە بکەرە یارانی دڵ پڕ بە کۆشش و تاعەت و ڕووی لۆمە و سەر زەنشتیش بە لای مەعدوومی بەد بەختا. واتە بە وەلوەلەی دەفەکەت (هاوار و ناڵەی دەفەکەت) پەند بێ بۆ دڵ بە کۆششەکان و لۆمەش بێ بۆمنی بەدبەخت.

ئەم داڕشتنن و گوزارشتە لە شیعری (٧)پیتی ئەلف) دا دووبارە هاتووە، بەڵام لەنیو باڵی یەکەمی دا مەبەستەکە هەر خودی مەولەویە.

باوەرە کوورەی دڵ نەجەهدو جەخت

ڕووی تەوبیخ وەلای مەعدومی بەدبەخت

٤ – واچە هەی دڵەی ئەبلەی بێ خەبەر

هۆرێز ساتێ تەرك خاو شیرین كەر

بڵێ هەی دڵەی گێل و گاواری بێ خەبەر هەستە، ساتێ واز لە خەوی شیرین بێنە، دڵەی گێژی بێ خەبەرو نەزان، وەختی خەونی یە. مادام خەڵوەتی دۆست سازە و دنیاش كش ومات و بێ ئاگایە دەبێت خەو تەرك كەیت ئەم مانایەش دووبارە هەر لای مەولەوی لە شیعری (٧پیتی أ) دا ئاوا هاتووە.

باوەرە بسات تەمام تەیاركە　　　　شەو خەفتەن شوم بەژار مار كە

٥ - شەوەن، خەڵوەتەن، ماڵ بێ ئەغیارەن

ئاڵەم گرد وتەن، دۆس خەبەردارەن

شەوە و خەڵوەتە (شوێنی لقای تەنیا) و ماڵ خاڵی یە لە بێگانە و هەموو نووستوون و تەنیا یار ئاگادارە.

هێنانی ئەم تاكە شیعرە لە بێسارانی زۆر لە شوێنی خۆی دا مەولەوی هێناویەتی و سوودی لێ بینیوە. ئێمە زانیمان مەولەوی لە شوێنی تر و زۆر جار بە ئاواتەوە بووە خەڵوەتێ بێ خەم ببینێ، كە بێجگە لە یار، كەسی تری لێ نەبێ، بەڵام تەنانەت ناو دیدەیشی بۆ ئەو مەبەستە دەستی نەداوە و گلێنەی بووەتە ڕەقیب. ئێستا مادام ئەو خەڵوەتەی كە بە ئاواتەوە بوو بۆی سازاوە ئەم لۆمە كردنە و سەرزەنشتەی دڵ لە جێی خۆیدایە و جێ ی خۆیەتی ئەویش (هێنانی ئەم شیعرەی بێ سارانی یە) كە لە ئەزموونی شیعری خۆیدا سازی نەكردووە خەڵوەتەكەی هێناوەتە شیعری خۆیەوە كەواتە ئەو خەڵوەتەی مەولەوی ئاواتی بۆ دەخواست ئەوەتا، ئیتر دڵ گێل نیە، لە خاوی شیریندایە. بۆیە دەڵێ تەركی خەو بكە و بچۆرە خەڵوەتی یارەوە.

٦ - ئەوا میهمان بۆ تۆ نەوینی كەس

خەفەت بۆ پەرێت تا ئاخر نەفەس

ئەو یارە (دۆس) نەوەك ئەمشەو بێتە میوانت و تۆ لە خەودا بیت و دەرفەتت لەکیس چێت، ئیتر خەفەت بێت بۆت تا ئاخر نەفەس. یار هاتبێتە ژوانت و تۆ خۆت لە خەوی گێلی دابێت.

٧ - دیدەت تۆز غەیر نیشتەنش وەنە

جەجۆی سەوزەی دڵ ئاوێش دەرپەنە

دیدەت تۆزی بێگانەی لێ نیشتوە لەسەر جۆگەی سەوزی دڵەوە ئاوێکی پێ بدە. من تا ئێستا بوراڤەکانی ئەم وێنەیە خاڵی کۆتاییم نەدیوە و نەگەشتومەتە قەناعەت. ڕاڤەکان لە (وەحدەتی) شیعرەکەوە نەکراون (ئەگەر تۆ چاوت یار نابینێ و تۆز و گەردی ئولفەتی بێگانەی لێ نیشتووە لە جۆگەی کێڵگەی دڵ مشتێ ئاوی پیا بکە با پاك بێتەوە و دۆست ببینێ) {دیوان ل٩٢} ، مامۆستا حەمە ڕەشید ئەمینی بە پێی بەیازێکی لای خۆی ئەم دێڕەی وانوسیوە.

دیدەت تۆزی غەیر نیشتەنش وەنە

جەجۆی سەوزەی دڵ ئاوێش دەرچەنە

ئەویش هەربەوجۆرەی دیوانەکە ڕاڤەی کردووە تەنیا بە جیاوازی ئاوی پێ بدەی لابردووە و بەوەی لای خۆی دەڵێ ئاوێکی لێ ڕادە.

دەفر و شتی تۆزاوی ئاوی لێ ڕا ئەدەن و پاك دەبێتەوە{ساتێ لەگەڵ مەولەوی دا،مهرەجان ٢ل٢٩٥} بەلاَم ئەو فەردە نابێت بەسەر بەخۆیی ڕاڤەکرێت بۆیە ئێمە بەم جۆرە بۆی دەچین:

مەولەوی بە ئاواتی خەڵوەتێ بووە، بێجگە لە یار، خاڵی لە هەرشت بێ. ئەمشەو ئەو خەڵوەتەی بۆ ساز بووە (شیعرەکەی بێسارانی) کەچی ئەم خەوتووە.. وەکو عالەم کە هەمووی خەوتووە و ئەمیش گێل و بێ ئاگایە.

ئەمەش لە ئان و ساتێکا کە تەنیا یارخە بەردارە، ئەم بێ خەبەرە، بۆیە لەسەر دەستی دەفی دەروێش لە وەلوەلەدا لۆمەی دڵەی بێ خەبەر دەکات و دەڵێ هەستە و واز لە خەو بێنە، بۆیە دەبێت.کەمێ لەسەر وەزیفەی خەو لە دۆخی ئەم شیعرەدا بدوێین.

ئەو ئەغیار و بێگانەیەی کە ڕێگری بینینی یارە لە خەڵوەتی ئەمشەو دا ئەو خەوەیە کە لە چاوی مەولەوی نیشتووە و دڵی بێ ئاگا کردووە. بێجگە لەوەی کە مەولەوی گێڵ کردوە، ڕەقیبیشە، کەواتە جوانی وستاتیکای وێنەکە لەوەدایە کە مەولەوی خودی (خەوی شیرین)ی خواستووە و کردوویەتی بەو بێگانەیەی کە دیدەی لە دیدەنی دۆس لە خەڵوەتی ئەمشەو و ماڵی چۆڵدا بێ بەش کردووە. بۆیە دەڵێ لە جۆی پاراو سەرسەراوی سەوزی دڵەوە (ئاوێکی پێ بدە یان تێ ڕادە )یانی لە دڵەوە ئاو بپڕژێنە لەچاو(بگری) ئەمەش بۆ ئەوەیە کە خەو بزڕێت و خەواڵوییی بەربدات و بێتەوە سەرخۆ و لە لقای دۆست غافڵ نەبێ. خەواڵو بە ئاو لێپرژان بە ئاگادێتەوە. بۆ بەلگەی ئەوەی کە ئەغیار و بێگانەکە خەوی نێو دیدەی مەولەویە) ئاواتی دیدەنی یارو خۆشەویستی کە ئاواتی لە مێژینەی دڵی بوو. و پێشینەی سازانی خەڵوەت، لای مەولەوی چوون هەر مەولەوی گلێنەی خۆشی بە ئەغیار و بێگانە و ڕێگر لە شوێنی تر ناودەبات.

دڵ پەی دیدەنت کام خەڵوەت سازۆ

تۆی دیدەیچم بی مەردوم نمازۆ.

٩ - وەرتۆ بینایت پەردەش ها نەسەر

ئەوتۆ مەوینۆ جەتۆ زەریفتەر

وە ئەگەر تۆش پەردەی لێڵایی هاتووە بە چاوتاو ئەو نابینی، ئەو تۆ زۆر چاك و جوانتر لە تۆ، تۆ دەبینێ، ڕەنگە ئاماژەیەك هەبێ بۆ کوێر بوونی، یان گەر ئاوی سەوزی دڵ تۆزی غەریبەی (خەو)ی لە چاوتا نە سڕی. و تۆ لێڵایت هات بەسەردا و پەردەی بینایی هاو بە چاوتا. و ئەوت نەدی ئەو تۆ دەبینێ.{ لاَّ تُدْرِكُهُ الأَبْصَارُ وَهُوَ يُدْرِكُ الأَبْصَارَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ ١,٣ انعام} لە رسالەی عەشقدا باس لە بینایی ظاهری و بینایی باطني کراوە{رسالەی عیشق ١٣٦} کە مەولەوی بە (دیدەی سەر) و دیدەی دڵ ناویان دەبات.

١٠ - ئەمجار یادکەر عومر عەبەس ویەردەت

باوەڕ وە خاتر ناپاکی ی کەردەت

مادام تۆ له دیتن بێ بەش بوویت، بکەوەرە یادی عومری بە هیچ چووی ڕابوردووت، وە بیری خۆتی بهێنەوە ناپاکی کردنت. ( یار هاتە ژوان و خەڵوەتەوە و تۆ لەگەڵ خەودا نووستبوی) ئەوە (ناپاکی یە کەیە).

١١ - سەر ئەفگەندە بەر چون شەرمە ساران

چەمەی چەم هۆرکەر چون سەیل واران

سەرداخەو سەرشۆڕکە وەك شەرمەزاران و سەرچاوەی چاوت هەڵ کە وەك لافاوی باران.

(کنایە لە خۆ بە گوناهبار زانین و گریانی زۆر بۆ شۆردنەوەی نا پاکییەکانی ڕابوردوو، لێك چوون هەیە لە وێنەکەدا.

١٢ - بەڵ شۆرۆ بەو ئاو کەرەم فراوان

بابەت وە بابەت سیاهەی تاوان

بەڵکو خوای گەورە و بەخشندەی لێبوردە فراوان، بەو ئاوە (فرمێسکی پەشیمانی) گوناه بەگوناه (بابەت وە بابەت) کە لە تۆماری کارە بەدوو خراپ و ڕەشە کانتایە، بشواتەوە بە کورتی (خودا لە بەندەی پەشیمان ببورێت و قەڵەم بەسەر تاوانە ڕەشەکانی دا بێنێت.

١ – بولبول گوڵشەن بێ نام و نەنگی

تەزەروو سەرسەرو باغچەی بێ ڕەنگی

بولبولی گوڵشەنی بێ عەیب و بێ ناو، چۆلەکەی سەر سەروی باخچەی بێ ڕەنگی. وەك لە دیواندا هاتووە. مەولەوی بەم پارچە شیعرە قسە لەگەڵ ڕۆحیانەتی شێخ حەسەنی مەولاناوا دەكات، بەڵام هۆی نووسینی شیعرەکە دوو ڕای لەسەرە لای مامۆستا مدرس گەورە ماڵێکی جاف لەگەرمیانەوە رۆشتووە بۆ هاوینە هەوار بۆ نزیکی دێی مەولاناوا گوایە خێزانەکەی خوشکی شیری مەولەوی دەبێت، مەولەویش داوا لە شێخ دەكات بە هیمەتی خۆی چاوی لێی بێ.

لە کتێبەکەی مامۆستا حەکیمیشدا سەرەڕای جیاوازی چەند وشەیەك هۆی دانانەکەش بە پێ ی نوسخە و بەلگەکان ئاوا دەنووسێت (خانزاد خانمی کچی محمد پاشای جاف شێت بووە، بردوویانە بۆ سەر گۆڕی شێخ حەسەنی مەولانا وا خوا لێ خۆش بوو مەعدوم ئەم شیعرەی بۆ خزمەتی شێخ نووسیوە.

ئێمە دەزانین بێجگە لەم شێخ حەسەن ناوە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا(مەلا ئەبوبەکری مصنف کە باپیرە گەورەی مەولەوی دەكات بە ناوە حەسەن شیعری فەرموە و تێکەڵی لە بەرهەمیاندا دروست بووە. دووپاتی دەکەینەوە ئێمە توانای ساخ کردنەوە و بەراورد و بەیەکا گرتنی نوسخەکانمان نیە. کارەکەی ئێمە شرۆڤە و ماناکردنی ئەوەیە کە لە بەردەستە و ڕاست کردنەوەی مانا و بەخشینی مانای نوێیە، لە پێناو گەورەتر کردنی داهێنانەکان و دیدگا جیاکان.

بەڵام بۆ پلەی ئەدەبی شێخ حەسەنی مەولاناواو کاریگەری لەسەر شاعرانی پاش خۆی ئەم شیعرەی دەنووسین کە مامۆستا محەممەدعەلی قەرەداغی و صدیق بۆرەکەیی بلاویان کردوەتەوە.

قیبلەم مەستەنان قیبلەم مەستەنان

بێ مەی جە بادەی عەشقت مەستەنان

نەك مەست مەخموور دەست بە دەستەنان

سەرشار سەر مەست ڕۆی ئەلەستەنان

هەردەم مەگێڵۆن چوون لا ئوبالی

خاتر جە ڕەخنەی ڕقیبان خاڵی

شۆڕشەیداییم یاوا وەجایێ

جەلام فەرق نیەن شا جە گەدایێ

ئەر شێخان عەسر نۆبە بە نۆبە

بدەران تۆبەی حەسەن جە تۆبە

ساتێ جە سەودات دڵسەرد نمەبۆ

دەمێ جە عەشقت بێ دەرد نمەبۆ

سەودات سەرمایەی زیندەگانیمەن

نوسخەی ئازادیت بەندەگانیمەن

{مێژووی وێژه ب٢ل٤٣٦}

(نام و نەنگ) عەیب و عار و بەدناوی و ناوی خراپ، چونکە (نام لە گەڵ نەنگدا هاتووە). نام خواستنی پلە و پایە و ناوداری یە و کە هەردەم عاشقان ڕەتی دەکەنەوە. مەولەوی ئەم ئاوەڵناوە لێکدراوەی بە (بێ) دژکردووە و مانای اجابی دروست کردووە واتە( بەد ناونین و بێ عەیب و عارین). بولبولی گوڵشەن: خواستنە بۆ شێخ حەسەن، بولبولی گوڵشەن، بێ عەیب و عارە. باخچەی بێ ڕەنگی لە دیوانەکەدا نووسراوە مەبەست لە دامەزراوی و بەردەوامی و نەگۆڕانە مامۆستا حەکیمیش دەنوسێ (یەك ڕەنگی) دروستە، چونکە مانای وەحدانیەت)دەدات یانێ وای لێ دێت (چۆلەکەی

سەرسەروی باخچەی یەکتاپەرست){مەولەوی حەکیم ل٨٩} کە دیارە (بێ ڕەنگیش)هەمان مەبەست دەدات، کوردەواری لە سوێندیان دا دەڵێن(بەوکەسەی کەس لە ڕەنگی نیە، بێ ڕەنگە) بێ وێنەیە.شێخی عطار فەرموویەتی:

اتش عشق و محبت بر فروز

تا بسوزد هر که او یکرنگ نیست

راست ناید نام و ننگی عاشقی

دورد ده جای نام و ننگ نیست

{غزلیات عطارنیشاپووری ل٢٩}

لە رسالەی عەشقیشدا (گوڵشەنی بێ ناو نەنگی) لەگەڵ باخچەی بێ ڕەنگی لە ڕووی عرفانیەوە بە (فەنا و بەقا) لێکدراونەتەوە{رسالةی عیشق ٤٢٨-٤٢٩}دوای بڕینی پلەکان و ڕۆچوونی تەواو لە (فەنا)دا پلەی (بەقا) دەست پێ دەکات و ئیتر ئیزن و توانای ئیرشاد بەسۆفی دەبەخشرێت{گەوهەری حەقیقەت ب ٢ل٤٢٥} .

٢ – نوختەی ئینتیهای دائیرە تەمام

نەی دەس نەی چی تووتی دیای جام

تۆ خاڵی کۆتایی بازنەی ئەولیاکانی و شمشاڵی دەس شمشاڵ ژەن و تووتی نۆڕیوی ئاوێنەی، بازنەی ئەولیا بە تۆوە تەواو دەبن و دادەخرێن. تۆ هەرچی بڵێیت لە خواوەیە.

نوختە یان نوقطة:بە یەکێتی حەقیقی و تەوەرەی هەموو زۆری و خودەکان دەوترێ. تووتی: ڕەمزی بێ توانایی و چاو لێکەریە {فەرهەنگی سۆفیانەی جزیری ومەحوی ل٣٢٦ ول٢٣.} وە هەندێ جار دەرکەوتنەوەو بینینەوەی گیانی خودایی یە. دائیرەی وجوود(بازنەی بوون) لە خاڵێکەوە دەست پێدەکات و کۆتایەکەشی دەچێتەوە سەر هەمان خاڵ ئەمەش(نوختەی ئەوەڵ و ئاخرە) کە کرۆکی تیۆریای (یەکیەتی بوون)ە.ئەم ئەندیشەیە لە ئادەمەوە سەرچاوەی گرتووە.بۆیە سەیر نیە کە دەرکەوتنی

یەکەمی ئەم چەمکە لای هیندۆسەکانە چوون زۆرترین ڕا لە سەر ئەوەیە کە ئادەم لە هیندستان دابەزیوە.

ئیبن عەرەبی نوێنەرا یەتی ئەم چەمکە دەکات لە ئیسلامدا بە جیاوازی لە ئەوەڵ و ئاخر و زۆر و کەمدا. کە دیارترین بڕوا و سیمای ئایینی یاری یە. کە بەداخەوە.سەرچاوەکان لەم بارەوە کرچو کاڵ و ڕواڵەتیانە نووسراون گەر بۆ نموونەی شیعری لەو ئەدەبیاتە دا بۆ ئەم چەمکە بگەڕێین، ئەوا لە هەموو قۆناغ و خولەکاندا (ئەوەڵم یار ئاخرم یار) دەدۆزینەوە. دواتریش لە تەریقەتی نەقشیدا زۆر باش جێی گرتوە و کەم شاعر هەیە لایەکی لێ نە کردبێتەوە. کرۆکی باسەکەش ئەمەیە کە لە قورئاندا هاتووە و سۆفی و عارفەکان بەزمانی تەڕی جوان و ئەندێشەی ڕۆحیەوە تەفسیریان کردووە.

خوای گەورە لە سوورەی (حدیدا)دا دە فەرموێ ( هُوَ الْأَوَّلُ وَالْآخِرُ وَالظَّاهِرُ وَالْبَاطِنُ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ)واتاکەی: پێشوو ئەوەو دوایی ئەوەو لە بەرچاوەو نادیارەو لە هەموو شت ئاگادارە. {قورئانی پیرۆز. وەر گێڕاوی هەژارل٥٣٧} با خوێنەر سەرنج لەم مەفهوومە بدات لای ڕابەرانی یارسان و ئەدەبیاتە عرفانیە دەوڵە مەندەکەیان. من نموونەیەك دەنووسم و دەپرسم.ئێمەی کوردی موسڵمان کاتی ئەوەمان نیە چاوەکانمان بشۆین و جوانتر لەو کەلتووورە بڕوانین؟

نمونەکە: بەداوای لێبوردنەوە لە برا کاکەییەکانم بۆ هەر کەموو کوڕیەك بەشێ لای عابدین وەردەگرم کە من پێموایە تەفسیری چەند ئایەتێکە لە سوورەی پیرۆزی حەدید.

زەوی و ئاسمانی سیرشت کرد

چتی کوتکی درشت کرد

ئەوسا مەشیەی لەخاك خوڵقان

دارو بەریشی بۆ لەقان

ماشیۆی داهێنا لەدەنی

مەشیە لە خۆشیا پێکەنی

هەردوکیانی بردە بەهەشت

تاکو تیایا بژین بە گەشت

ئەهریمەن هەڵیانی خڕان

کڵاوی بەختیانی فڕاند

یاردەریانی کردبۆ سەر زام

تا مێردانیان لێکەوتە دام

هەوەڵ یارە ئاخر یارە

وە گشت چتێ ئاگادارە.

{یارسان نەیوب ڕۆستم چاپی دووەم ل٢٥٦}

تووتی لە ئەدەبدا ئاماژەیە بۆ ڕەوانێژی و فەساحەتی زمان و شیرین وتاری و قسە خۆشی و... لە زاراوەی عورەفاشدا جەبری بوون و تەقلیدی بێ ئیرادەیە. بۆ زانیاری لەسەر شێخ حەسەن بڕوانە{ڕسالەی عیشق ل٤٣٣-٤٤٢}

٣ – یانەی دڵ وە فەیض ڕای مەولا ئاوا

تەوار تەڕلان، لان، مەولائاوا

ماڵی دڵ بە بەخششی ڕێی مەولا، سواقدراو. تەواری چوست وچالاکی ماڵ لە مەولانا ئاوایت. تەرلان- لانە بەجێ هێشتوو- تەرەی لانە و بێ ئۆقرە. فەیض:خستنە دڵی فرمانیکە بە ڕێگەی ئیلهام و بەبێ زەحمەت،ئەمەش بەخششی خواییە وکە پەیدابوونی شتەکانی لێ کەوتووەتەوە. تەرلان: سرك و جوان و نازك.

شابازەن تەڕلان زەریفەن ڕەندەن

پەی غەمزە و نازش فامم نەمەندەن (بێسارانی)

ناوا: داگرتن و سواق و سۆهان کردنی دەر و حەوشە و بان، لەبری چیمەنتۆ. بە بەردی جۆرا وجۆری گوێ ی چەم (سیرەکۆڵە) بە چەند قۆناغێك لادێیەکانی هەورامان کەسی زۆر شارەزایان لەو بوارەدا هەبووە، بە جۆرێك خاکی تایبەت و جوان کە شەق

نەبات، ناسیویانە و هەموو خاکێکیان بۆ ئەو مەبەستە بەکار نەبردووە، ئەم نەریتە لای مەولەوی هاتووەتە ئەم شیعرەوە دەڵێ ماڵی دڵت بە فــەیچی ڕای خودا سواق داوە و سافت کردووە، درزی تیا نیە، خۆیشت ماڵت لە مەولان ئاوایە.

جوانکاری (مەولاناوا- مەولان ئاوا) بێجگە لە جیناس. لە مەولان ئاوادا مەبەستیەتی بڵێ (دێ کە شێخ حەسەنی مەولانا) ئاوەدانی کردووەتەوە و هەم بشڵێ خودا ئاوەدانی کردووە.

یان (فــەیضی ڕای مەولا) بچوێنین بەخۆڵ و تەڕکردنی بۆ سواق و ساف کردن، باشترین کەرەسەی سواق دانی دڵە، بە جۆری شەق نابات و هەڵ نەکەنرێت. بەندەش هەر لەو بارەوە ئەم وێنەیەی هەیە.

بەسیرە کۆڵەی دڵ ڕەقیت تاوێ

ئازیز سانالەی عەشقم بناوێ

دڵ درز بەردەی سەودای خاوی تۆن

چەمە ڕای ڕەحمی ڕەقە ساوی تۆن

مامۆستا حەکیم بۆ ئەم بەیتەش بە ئاماژە بە چەند نوسخەیەك دەنووسێ. شاباز، لەبری تەوار دروست ترە، لە نێر و مێ دا جیان و دیارە شێخ حەسەنیش لە ڕەگەزی نێرە{مەولەوی تەقینەوەی زمان ل١٩}

٤- پایەت بوڵند بۆ سایەت فراوان

پەی پەی کەردەی ڕەم دیدە سیاوان

پایەت بەرز و سایەت فراوان بێ، بۆ پێکانی گەلەی چاوڕەشان، یان بەدەسەڵات و سێبەرت زیاد بێ، بۆ ئەو چاو ڕەشانەی، کەسرك و سڵ کردو پێکراون، چونکە (ڕەم) بەواتا سڵەمینەوە، ڕەوینەوەش دێت وە پەی کەردی، دیارە کە مەبەستی (پێکانە)- ڕێخۆشکەرە بۆ باسکردنی ئەو ئاسکە چاو ڕەشەی کە تەرە بووە و لەگەل دا براوە و بۆ ئەوێ چووە.

٥ - ئاهوی توون دڵ وه بۆی ناف ئاوا

تار بی نه جەڵەو گەرمە سێرماوا

ئاسکی گەرمیانی دڵ، که به موشك ئاوەدانه، تاك کەوتووه و لەگەلەی گەرمەسێر دابڕاوه. لێره بەدواوه مەولەوی باسی ئافرەتەکه و هاناو هیمەتی شێخ دەکات مامۆستا حەکیم (٤)بەیت لەم شیعرەی وەك نموونه بۆ وێنەی ڕۆمانتیکی شیعری مەولەوی وەرگرتووه، بەلاّم له نیوباڵی یەکەمدا به بڕوای ئێمه ڕاڤەکەی نەپێکاوه.

ئاهوی تونی دڵ.... هەمان ئاسکی تاربووی گەرمەسێره، لەنیوەی دوومدا نەك بەو جۆرەی لای مامۆستا حەکیم (ئاسکی توونی دڵم. ئەو دڵەی که به بۆنی موشك ئاوەدانه. لەگەڵ ئاسکی گەرمیان جیا بووەتەوه

مەولەوی دەیەوێت بڵێت (ئەو ئاسکەی گەرمەسێره، که پڕموشکه و جیا بووەتەوه و ئەوه ئاسکی تونی دڵی منیشه واته له دڵمایه و خۆشەویسته، چونکه پەیوەندیەکی واتایی له نێوان (توونی دڵ- گەرمەسێر) دا هەیه. له هەستکردن بەو پەیوەندیه وینەکه زەریف دەبێت و مانای ستاتیکی دێته پێش چاو.

٦ - ڕەم کەرد مدراوه دیاوه مەس مەس

پەی هەرد بارگەی تۆ گومه تش بەس

ڕای کردو سڵەمیەوه و وەستاو مەست مەست دەیڕوانی، پاشان بۆ هەردی بارەگای تۆکەوتەبازدان و هەڵبەز و دابەز. دەکرێ بەو جۆرەش سەیری مانای دوو بەیتەکه بکەین. ئاسکەگەرمێنیەکەی دڵی من له من هەڵهات و بەرەولای تۆ قەڵەمبازی کرد.مەیلی گەرمیانی دۆڕاند و دڵی دا به کوێستانی تۆ.ئەم گەرمیان و کوێستان و دڵداری کردنەیان له شیعری کوردیدا له هەوارو خێڵ بەرەو خوار ژووریەدا وەك ڕقیبی خۆیان چاویان لێکردووه.

٧ - پەرێش کەر سای وەڵگ هیمەت وه یاتاخ

نەکەرۆش سەردی ئێلاّخ بێ دەماخ

سێبەری گەڵای داری هیمەتی خۆتی بۆ بکە بە مەنزڵ و یاتاخ، باسەرمای کوێستان نەدا لە دەماخی.هیممەت:هەوڵ کۆشش و ویست و توانستی بە هێز و عەزمی تەواو.

ڕاستە لای هەمووان ڕاڤەکە دیارە، بەڵام پێویستە ئێمە ئاماژە بەوە بکەین (ئاسکی هەڵهاتوو گەرمیانی یەو بەسەرمای کوێستان ڕا نەهاتووە، بۆیە پێویستی بەگەڵای هیمەتی شێخە، بێجگە لەوە لە سێبەری گەڵای هیمەتدا... گەرمی هەست پێ دەکەین، کە مەولەوی زۆر جار لەم وێنە ڕواڵەت مانا پێچەوا نانەدا بە مەیلی خۆی مانای دژ دروست دەکات. لە ڕاستی دا سێبەری گەڵای فێنکە، بەڵام مەولەوی دەڵێت گەڵای هیمەتی بۆ بکە بە (نوێن و داپۆشە) با گەرمای بێت.گەلامی بێتەوە بە گەڵای هیممەت،سهرابیش جوان دەڵێت:

سەرمام بووە چوومەتە پشت گوڵاڵە سوورەیەك گەرمم بووەتەوە.

پێچەوانەی ئەمەش هەیە: کاتێ کوێستانیەك لە گەرمیان بێت دەوترێت:

گەرمای گەرمیان بەرشۆ نەگیانت باشەماڵ شانۆ یەخەی کەتانت

٨ - چووزەی سەوزەی هەرد فەیض تۆ وەرۆ

گەردش نەپای کاو لوطف تۆکەرۆ

باخۆراکی لە چوزەی گیای فەیض و بەرەکەتی تۆ بێ و گەڕان و ڕابواردنی لە داوێنی چیای لوتفی تۆدا بێت. چووزەی ئاسکی هەردی فەیضی تۆ بخوات،لای عاریفەکان لوتف بە وشتە دەگوترێ کەبەندە لە حەق نزیك دەکاتەوە بەهۆی گوێڕایەڵی و لە گوناهیش دووری دەخاتەوە. هەروەها پەروەردە کردنی عاشق بەڕێگەی بینین و چاودێری لوتفی پێدەگوترێ. لەلایەکی دیکەوە گوتویانە کە مەبەست لە لوتف پشتگیری بەندەیە لەلایەن حەقەوە بە بەردەوامیی خۆشی و بینین وحاڵ لە رووی ئارامگرتن لە سەرخواپە رستییەوە. {فەرهەنگی سۆفیانەی...ل٢٩٧}

مەولەوی واژە کوێستانیەکانی زۆر باش بەکار بردووە، مادام ژینگە و کەش و هەوا کوێستانی یە. ئەو لە چوزە و سەوزەو... کەڵك وەردەگرێ. وە لە (پای کاو و لوطف) داوێنی زەرد و ماهی لوطفدا تێ دەگەین شێخ ی مەولاناوا لە فەیض و لوطفی زۆرە. وە

بێجگە لە دەلالەتە فێنك و كوێستانیەكان لە (وەڵگ، ئێلاخ، چوزە، سەوزە، گەردش) ئێمە حەرەكەت و و جوڵەی جەوانی و هێز و وزە لەو واژا نەش وەردەگرین. مەولەوی خۆیشی ڕەخنە گرانە دەبێژێت باسی پیری نەهێنینە ناو، بۆیە لە مفرەدەی ناسك و جەوان وكرج و كاڵ و فەریكە كەڵك وەردەگرێ. واتە وشەكان لە تافی جوانیدان و ئافرەتەكەش بە دیم و بە تەمەن جوان بووە و گەڵای هیممەتی شێخیش ئەو گەرمیە دەخاتەوە ناو هەناوی گەنجی.

٩ - نەواچی من پیر ئیفتادەی دڵ ڕێش

ئیسە چەنی مەیل ئازیزانم چێش

نەڵێیت منی پیری كەوتوو،و دڵ ڕێشی سەر لە پای قەبرا لە رزیوو —ئێستاچی داوە لە مەیل و خۆشەویستی ئازیزان. واتە لۆمەی گەنجیەتی و ناسكی من و شیعرەكەم نەكەیت و نەڵێیت ئەم پیرە چی داوە لە تاف جوانی.

١٠ - تا یاران نیگای نیهانیشان بۆ

پیران مشیۆ تاف جوانیشان بۆ

تا یاران لەپەناوە چاویان لە ئێمەبێت (نیگایان هەبێت) ئیتر پیران دەبێت هەر لە تافی جوانیابن. واتە نیگای یاروزەی هێشتنەوەی تافی جوانی یە.بەجوانی مانەوەش جۆرێكە لە نەمری عیشقیش خودی گیای نەمری و ئاوی حەیاتە.

١١ - پەی چێش؟ مەیل لەیل پیریش مەحاڵەن

سەنەی باڵقیش صەد هەزارساڵەن

چونكە مەیلی لەیەل مەحاڵە پیر بێت و ساڵی باڵقی صەد ساڵە (مەیل لەیل) خودی (عیشقی حەقیقیە) كە هەر لەیەك تافایە و زەمان و مەكان نسبەتی بەوەوە نیە. لەوەكاتەوە خیلقەت هەیە و یار... ئەو عیشقە هەیە، مامۆستا تەحسین زۆر جوان باسی چیەتی عیشقی كردووە، هەڵبەت لە ژێر كاریگەری مەولانا و نووسینەكانی سروشدا، شەقڵ و خاسیەتەكانی (عیشق و كەسی عاشق) ڕاگرتنی بالأنسی گەنجی و ئومێد و حەرەكاتەكانە.

ئەوەی عیشقی نیە زیندوو نی یە. بابا طاهریش دەڵێت:

هرکەدردی نداره مردەاولی — هەرکەس بێ دەردەن لوان و مەردەن

دل بی درد عشق افسرده اولی — دڵ بێ دەردی عیشق ماتەم و سەردەن

سحربلبل زنه ئاوا بگلبن — بولبل مەوانۆ سەحەر پای گوڵزار

هرکه عشق ندارد مرده اولی — هەر کەس بێ عیشقەن ئەرواح سپەردەن

{دیوانی بابا تاهیر بە هەورامی باقی شەفیعی چاپی یەك ١٣٨٥ل٦٧}

ڕۆح لەکەش و هەوای عیشق گەشە دەکات و گەورە دەبێت. عرفان سازدانی کەش و هەوای عیشقە، خودی عیشق، ریکلامی نی یە. دەمامك وەرناگرێت و قۆپی تیاناکرێت، عیشق دەگمەن ترین و دانسقە ترین شتی دنیایە هەمیشە عیشق بوونی ئاسمانی هەیە، بەڵام لەسەرزەویش دەس دەکەوێت، چونکە زۆرجار شتە زەمینیەکان دیوی ئاسمانیشان هەیە{دڵ و چاو ل٢١-٢٢} کەواتە سەرەداوی حەقیقەت لە مەجازدا یەو دەبێت مەجاز ئەزموون بکرێت، ڕاستەقینە بەمەجاز ڕاهێنان و تەمرینی لیقا بە عاشقەکان دەکات، زەمین گۆڕەپانی تەمارینی سویدی عیشقە مەجاز لیاقەی ڕای حەقیقەتت پێ دەبەخشێت..

ئیتر ماندوو نابیت و توانای یاریە عرفانی یەکانت هەیە بەراوردی وەرزشی جەستەیەك و پێوەنی بکە بە ریازەت کێشانەوە.

ئەم چەمکە و ڕاهێنانەکانی لای صەیدی زۆر جوان دەرکەوتوون و ئەو پێش مەولەوی کەوتووە. بۆ ئێرە و هەر شوێنێکی تری مەولەوی کە بەسەر ئەم باسەدا دەڕوانێت دەچینە خزمەتی صەیدی.

صەیدی لە دوو شیعری سەربەخۆدا چەمکی (حەقیقەت و مەجاز) یان ئەو دیو و ڕوانەی کە کاك تەحسین فەرموونی باس دەکات. ئێمە شیعرەکان وەك نموونە وەردەگرین و ڕاڤەیان لە بەردرێژ بوونەوە بەجێ دێڵین. کورتەی ئەم باسە یارمەتی خوێنەر دەدات بۆ ڕاڤەی شیعرەکانی صەیدی. و هەموو ئەو بابەتە ئەڤینیانەی کە

سەبەرات بە هەردوو ڕووەکەی عیشق نووسراون. ئەو ڕابەرانە خۆیان بەو جۆرە باسیان لە عیشق کردووە.ئیتر ئێمە هیچ خەتایەك ناکەین گەر بڵێین دوا جار یاری ڕاستەقینەی بێ سەن و ساڵ و لە کەس نەچوو تاقانە یاری هەمووان دەبێت.

ئەو نوسەر و لێکۆڵەرانەش کە فارس دەبن بەم جۆرە ڕاڤەو شرۆڤانە ئەوە تێکستەکان و تەوزیفی داهێنەرەکان خۆیان لەبەر دەستان. با کەمێ بێ لایەنتر و دیدە ڕۆشن تر ئەم جۆرە بەرهەمانە بخوێننەوە. ئێمە کە دواجار مەیلی خۆشەویستی شیعرەکان بۆ مەنزڵەکانی خوا ڕێنمایی دەکەین وە نەبێ دیوە مەجازیەکەمان کوشتبێت وخۆشەویستی (ژن و سرووشت) مان کاڵ کردبێتەوە. بە پێچەوانەوە هەروەك شاعر و عارفەکان خۆیان ئێمەش ئەو دیوەی عیشقمان تۆختر و گەورەتر کردووە.

(أ)

دڵە تەمای عەشق، دڵەتەمای عەشق

پەی ڕووی ڕەزای حەق مەبرە تەمای عەشق

ئەرژیرنی شێتە، بگنە نەڕای عەشق

بابە یۆ ناڵە و دەنگ و صەدای عەشق

من تەماشای عەیش نەغمەی سازم کەرد

گۆش بە ئاوازی سەدای عەشقم وەرد

خۆجەسەدای عەشق هیچ نەبێ وەشتەر

سابا بدۆ عەشق نە جەرگم نەشتەر

گۆشم هەرجە دەنگ وەشی ئی سازەن

وەشەن سازی عەشق سەد کەمەجازەن

مەجاز ئەرسازیش پەی ڕای حەقیقەن

هەرمەگنۆنەڕا، بەندی تەوفیقەن

تەوفیق جەلای حەق هەرمەبۆ پەرێش

کەس مەجاز تاسەر نمەمانۆ پێش

دامانی مەجاز تۆ باوەر وە دەس

چوون هۆشیارانی بەحەقیقی مەس

سەدای سازی عەشق وەشەن صەیدی وەش

وەش نیەن تۆ بی جەوەشی بێ بەش

ئەم ڕۆحیەتەی کە ڕواڵەتی شەریعەت توانای دەرك کردنی نیە، بۆیە ڕۆحی ئایین و گەڕان بە دوای ئەو کرۆك و مەژگەدا، قوتابخانە عرفانیەکانی هێنایە ئارا. دەبێ سەرجەم تەریقەتەکان و ڕەچە دینی یەکان، لەو هەوڵەوە سەیر بکرێن ئیتر جیاوازی یەکانی (گلان و خۆگلان) بە باشی دەرك دەکەین. بەڵام لەو ڕوەشەوە نابێت خودی تەریقەت و ڕەچەکان محوەر بن و ئامانج. چونکە گەر وا بوو ئەوە بە یار ناگەین و نالی واتەنی تەنیا باج و ناوێکمان پێدەبڕێت:

مەکە دەعوایی پاکیی نەسەب بۆ جیفەیی دونیا

کەسەیید بی،چ بەرزنجی چ پیریایی چ باراوی

بە پێچەوانەی ڕاڤەی ناو دیوانەکەی نالی وەرمان گرتووە.

بۆیە لەم ڕوانگەوە پێویستە ئێمە جارێکی تر ڕازە ئەڤینداری یەکانمان بخوێنین و گوێ بدەینە دڵی شاعرانی پێشین و تەنانەت گۆرانی یە غەرامیەکانیش، هێڵی ئاسۆیی و ستونییان پێ بدەین ئەو کاتە هەریەکەمان دەگەینە زنەیەکی پاراو و فێنك بێ ئەوەی کەسمان لەوی تر بچێت.

(پ)

له بەدحاڵی بوونی خەڵکی، له چیرۆکی ئەڤینداری (صەیدی) شکایەت دەبەنە لای شێخ سراج الدین، دیاره دەبێت شێخ نامەیەکی بۆ صەیدی ناردبێت و جۆرێ له گلەیی یان ئاماژەی گلەییەکانی خەڵکی تیابوو بێت صەیدیش ئەم شیعره له عەرزی شێخ عوسماندا دەنووسێت.

مێژووی ژیانی صەیدی و دوو صەیدی سەردەمی ژیانیان مشت و مڕی زۆری له سەره و لەو بارەوه سەرچاوه زۆرن.له بارەی ئەم شیعرەوه سەر چاوەکان به وەڵامی شێخ دیاریان کردووه. بەڵام مامۆستا ئەیووب ڕۆستەم دەنووسێ(ئەو مێژوانەی بۆ له دایك بوون و به سەر هاتی ژیانی صەیدی دیاری کراون، هیچکامیان له گەڵ ماوەی ئیرشاد کردنی حەزرەتی شێخ عوسمانی سراجودیین دا یەکناگرنەوه {هەورامان بەرگی دووەم ل١٩٨،٢,٦} وەمامۆستا له بەرگی یەکەمی هەوراماندا مێژووی ژیانی شێخی به (١٧٨-١٨٦٥) دیاری کردوه، هەرچەنده کەمێ تێکەڵی پێوه دیاره {هەورامان بەرگی یەکەم ل١٤٨-١٥٢}زۆربه سەرچاوەکان نزیك بەو مێژووه بۆ سەردەمی شێخ دادەنێن. مەلا حامدی کاتبی شێخ و خاوەنی کتێبی (ریاض المشتاقین )تەمەنی شێخ به ساڵی کۆچی به ٨٨ ساڵ دیاری دەکات و که دەکەوێته نێوان (١١٩٥ – ١٢٨٣). بۆ مێژووی ژیان و قۆناغەکانی خوێندن پلەی عرفانی حەزرەتی سراج بڕوانه {مەولانا خالدو تەریقەتی نەقشبەندی سەیدتاهیر سەید محەمەد سەید زادەی هاشمی وەرگێرشانی دلێر میرزا ساڵی ٢٠٠٤ل١٤٤ – ١٩١} کەواته ئەگەر صەیدی یەك کەس بێت و هاوچەرخی مەلا عەولای خەرپانی بووبێت، یان دووەمیان ئەو صەیدیه بێت ئەوه دەشێت له گەڵ شێخ عوسمان هاو چەرخ بووبن و شێخ پێنج شەش ساڵێ له صەیدی گەورەتربووبێت.

سەرچاوەکانی ئەم کورته باسه له صەیدی ناسی:

(دیوانی صەیدی کۆکردنەوەی موحەممەد ئەمین کاردۆخی پیاچوونەوەی محمد رشیدئەمینی ١٣٨٥سنه / هەورامان بەرگی دوەم ئەیوب ڕۆستەم ل١٩٥ – ٢,٨/ گۆڤاری هەورامان ژماره ٢ چەند لایه نێکی جیهانی صەیدی هەورامی عوسمان محەمەد هەورامی ل٦٧ -٨٣ / خێزگەی صەیدی و خەرمانەی ئەدەب ڕووف مەحموود پوور٢٠٠٧/

مێژووی وێژەی کوردی ب ١ چ ٤,٤١-٤٤،. ٦,٥ -٥١١/ سەربوردێکی هەورامان و سەردانێکی تەوێڵە عبدالرزاق عبدالرحمن محمد ل ٢١.-٢٢./ گۆڤاری هەڵە بجە دامگای شیعرێکی صەیدی).

یا شێخ سەنعانم یا شێخ سەنعانم

عاشق پەی تەرسا من چوون سەنعانم

بێ باك جەتانەی مەناو مەنعانم

چوون یەعقوب داغدار پەی مای کەنعانم

وامق پەی عوزرا زوڵف عەنبەرینم

فەرهاد جەحەسرەت خاڵی شیرینم

جە بەهرام بەد تەر من نمەد پۆشم

گوڵ ئەندام سەندەن فام چەنی هۆشم

مەجنونی لەیلم بیابان گێڵم

عالەم مەزانان پەی لەیلێ وێڵم

زەدەی گوڵ جەمین وەنەوشە خاڵم

ها جەلاش هۆشم فکرم خەیاڵم

من چوون سالکان ڕای عەشقم دایم

یا شێخ لا قەیدم جە لۆمەی لایم

نەواچان پی دەرد هەر من موبتەلام

سەد کەس ها چوون من بە ئایەکی کەلام

هەزار کەس وەی تەورشێوەش ئی بازین

نیم بە حەقیقەت نیم بە مەجازین

تا مەجاز نەبۆ حەقیق نمە بۆ

حەقیق بێ مەجاز تەحقیق نمە بۆ

ئەر حەقیقیەن ئەر مەجازی یەن

دڵو من بە ئەو بەخوا ڕازی یەن

گشت جە من فێشتەر حاڵشان فەنان

داخم.هەر ئێدەن هەر پەی من مەنان

گرد جە هام دەردی من حاشاکەران

سا خەڵقان بەیان تەماشاکەران

ئەر عاشق نەبان یەکسەر مەلاَ و شێخ

فتوا بۆ صەیدی سەربڕان بە تێخ

خوێنەر دەتوانێ سەرنج لەوە بدات کە صەیدی چۆن ڕازە عیشقێنی یەکانی لەبەردەم عرفاندا شەن و کەو کردووە،و مەجاز چۆن دەکاتە ڕاهێنەری عاشق بۆ ڕاهێنانی بەرەو حەقیقەت.

## شیعری شەشەم

١ - بنچینەی شادیت جە دڵ بەرئاوەرد

جە ڕای مۆڵەت دوور هەر چێومت کەرد کەرد

بنچینەی شادیت لە دڵ دەرهێنام، بێ مۆڵەت وەرگرتن هەر شتێکت کرد، کردت، بە بێ ئەوەی مۆڵەت بخوازی هەر چی یەکت ویست کردت و بنچینەی شادی دڵمت دەرهێنا.

مامۆستا حەکیم لە پیاچوونەوەکەیدا دەبێژێ لە بری (مۆڵەت) مۆبەت لە هەندێ نوسخەدا هاتووە، کە دیارە ئەوەش دەگونجێ و ئەوکات ئەوکەسەی کە بنچینەی شادی دڵی ئەمی کاول کردووە دیارە لە ڕێ ی موحیبەت دووربووە.

گەر ئەم شیعرە بە تەواوی ئەو هەناسەیە وەرگرین کە تێکڕا سلبیاتەکانی، لای مەولەوی ئیجابیاتن، ئەوە (مۆڵەتیش) دروست دەبێت، چونکە یار پێویستی بە مۆڵەت نیە و عاشق بوون دەبێ لا ارادی بێت. مەعشوق، عاشق بێ ویستانە گرفتار بکات و بیخات، گلاندنی عاشق لە عەشقا، دەبێ بە دەستی خۆی نەبێت واتە یار هیچ کات بە ترازو کێشانی عەشق لازمی بە مۆڵەت نیە. بۆ گرفتاری و بار و بەلاّ خستنە سەرەکانی عاشق. واتە تێ پەڕینی عیشق بازگەکان ناناسێت، یار هەر کاتێ ویستی هەر کەسێ هەڵتەکێنێ پێویستی بە مۆڵەت نی یە، چون کەس لەو لاتری یارەوە نی یە. وە دەکرێت هەناسەیەکی جەبری بەم شیعرە بدەین(ئادەم و بنیادەم هیچ پرسێکیان پێنەکراوە لە دروستبوونیان دا، بەندی چوارەمی حەوت بەندە کەی خانای قوبادی لەم لایەنە دەدوێت)

٢ - ئێسە ئەی تاڵی و ڤین کەردەت پەی چێش؟

ئەی تۆ بەستەی زام لابەردەت پەی چیش؟

ئێستە ئەم ڕووگرژی و مۆنی و ڤین کردنەت لەچی؟ ئەم لابردنی پەترۆی زامە و کولانەوەی بۆچی. پاش ئەوەی بنچینەی شادیت بێ پرس دەرهێنام و چەندین زامت لە دڵ کردوون هێشتا هەرجەور دەنوێنی و ڕووم لێ گرژ دەکەیت و ڤین دەکەی، ئەو

زامانەی سارێژ دەبوون و پەترۆیان دەبەست ئەوانیشت کولانەوە.(فەرامۆش بوون و سارێژبوونی داخی لە بەهەشت وەدەرنان و هاتنی دین بۆرێ و شوێن گرتنە بەری دووبارە گەڕانەوە،کولانەوە. وە دەبێ (منی) عاشق هیچ نەڵێت، قین و قاری یار بێ بیانوش ڕەوایە.

٣ - بار ئەی مەینەت گرد نەوۆ کافی

تەمات زیاد کەرد جە بێ ئینسافی

ئەم هەموو باری مەینەتە بەس نەبوو، لە بێ ویژدانیتا تەماعی زیاترت هەیە و بە تەمای باری زیاتری.

٤ - ترس بێ سامان زەحمەت جەلای من

جەور دڵبەرەن مەینەی نە ڕای من

شتێ کە زۆر لێ ی بترسم (ترسی زۆری من) و زەحمەتێ لە لام، جەور و جەفای دولبەرە، ئەوەش دێنێتە ڕێم. سەرە ڕای ئەو هەموو مەینە تانەی تر من شتێ زۆر زەحمەت بێ و لێی بترسم جەوری دوڵبەرە، وە دەزانم ئەوەشم وە سەردێنێ.

٥ - هەڵاێ هەی ماچی گیرت نە وەردەن

بۆی شەمامەی ئێش عەشقت نە کەردەن

هێشتا هەی، پێم دەڵێ ی گیرت نەخواردووە و بۆنی شەمامەی ئێشی عەشقت نەکردووە. گیر خواردن بە دەست ئیش و ژانی موحیبەتەوە، بەو زوویی و ئاسانیە نیە.

دەردەکانی بێ ژمارە و ئێش و ژانی نەبڕاوەیە، بەڵام تێکڕایان لای عاشق شفان و بە مەرحەمەت و ناز و نیگا سەیر دەکرێن. باوەڕ ناکەم کەسی تر توانیبێتی وەك مەولەوی زاراوەی وا ناسك و جوان و پڕ بە مانای (ئەرێنی) بۆ ژان و ئێشی عیشقی هاتبێ بە خەیاڵا (شەمامەی ئێشی عیشق) هەڵگری جوانی و لە هەمان کات دا ناسکی و لە هەمووی گرنگتر بچوکی شەمامەیە،

مەولەوی دەیەوێت بڵێت مەعشوق بەلاو دەردەکانی بە کەم و گچکە دێنە بەرچاو، بۆیە بە شەمامە حسابی کردووە. دیارە لای ئەمیش شەمامە هەردەم لە دەست و لە بەر بینی دەماخایە. لەم بەیتەوە لە ڕواڵەتدا دەرد و پەژارە و خەم و جەفا و قار بە هیچ گیراون، کە هەموو ئەمانە دەوای زامی عاشقن و تا زۆر بن. هێشتا کەمە، چونکە لە عیشقی ڕا ستەڤینەدا گەر بە پێکرانی سادە دەست پێ بکات کۆتایەکەی کوشتن دەبێت لەم دنیادا، چونکە ڤیزەی گەیشتنی ڕاستەڤینە و شادبوون بە وەسڵی هەردەمی، دەبێت بەکوشتن دا تێپەڕێ،(ڕێوشوێنێ کە دینەکان بۆ گەیاندنەوەی ئێمە گرتویانەتە بەر) بۆیە هەموو دەردو کارەسەختەکانی ڕێگە مادام یەك لەسەریەك برینی قۆناغە و نزیك بوونەوە لە مەنزڵی یار، ئەوە لای عاشق قبوڵن مەحوی لەوبارەوە دەڵێ:

لەسەر خۆچوونە شەیدا بوونە، قوڕ پێوانە، سوتانە

هەتا مردن، مەحیبەت ئیشی زۆرە، ڕێزی لێ دەگرم.

٦ - من دەردم پەیکار ناز دلگیرەن

دەوای زامانم زامداری تیرەن

من دەردم شەڕو شۆڕ و (کێشەو هەرا)ی ناز و دلگیری ئەوە، دەوای زامەکانیشم هەمتر زامدارییمە بە تیر، شەڕی بەناز و دلگیری ئەو دەردمە و دەرمانی زامەکانیشم زامداری تیریەتی.

عاشق نابێت لە دەرەوەی مەعشوق و عەشقەکەی نە دەردی هەبێت و نە دەرمان، بەڵکو دەرد و دەرمان لە خودی داروخانەی عەشقایە و مەعشوق دەینوێنێ.

٧ - بێ شەرتیش دۆسی، قارش وەفامەن

مەزەی ڤین لەزەت، جەفاش صەفامەن

بێ پەیەمانی و بێ مەیلی لام دۆستییە و تورە بوونی وەفامە و مەزەی ڕق و تۆرانی بە چێژ و ئازاری کەیف و خۆشیمە. بێ شەرتی (بێ قەولی- نادۆستی) دۆستیمە..

مەولەوی لە ڕێگەی چەند ووشە یەکەوە کە هەم پەیوەندارن هەم دژ دارِشتەیەکی نویێ ی بە وێنەکە داوە لە زەتی لە وەفا دورخستوەتەوە و، جەفای بردوەتە حالی کەیف و سەرخۆشی و ڤینی کردووە بە مەزە و نەئشە دەدات بە دەردی عیشقەکەی، مادام دلی بردووە و دڵ لەلای خۆیەتی (شەرتی و بێ شەرتی) شتێ نین. کاك ئەحمەدی مەجزوب دەڵێ:

من جە بێ شەرتیت نمە بوون دلگیر

چون دڵ هەر ئانەن تۆ کەردت زنجیر

{ مەجزوب حکیم مەلاساڵح ل٧٢}

٨- ئەر هەرسات دەردێ دەردێ و تەر چەنی

بەیۆ ماچوون ئاخ پەی دەردێو هەنی

گەر هەر ساتێ دەردێ وە دەردێکی تریشی لەگەڵ بێ، دەڵێم ئاخ بۆ دەردێك کە هەیت یان ئاخ بۆ دەردێکی تر. ئەم تاکە و چەند مەفهومێکی لە وەلاٌمەکەی بولبولدا دووبارە بوونەتەوە مادام مەعشوق تەماعی زیاتری بەدەرد خستنە سەرو باری گران تر لێنانی عاشقە لە و بارەوە، عاشقیش ڕەزایە و هێشتا دەردەکان بە کەم سەیر دەکات و ئاخ بۆ دەردی زیاتر هەڵدەکێشێ، ئێمە دەبێت لە (هەنی)دا هەم لە چەندیەتی دەرد و هەم لە چۆنیەتی دەرد سەرنج بدەین ئەوکات دەتوانین بەرەو (دەردی عەشق) ڕاڤەکەمان ئاراستە بکەین، چونکە تا جەمسەری عاشق و مەعشوق هەبێت و عیشق هێڵی بەیەك گەشتنی بێت... دەرد و بەلاٌ هەیە.

بەلاٌ:لای سۆفیەکان تاقی کردنەوەی دۆستانەبە هەموو جۆرە ئافەتێ، هەر چەندە بەلاٌ زیاد بکات نزیکی زیاتردەبێت. بەلاٌجل و بەرگی وەلیەکانەو خۆراکی پێغەمبەران. پێغەمبەر (د.خ)فەرموویەتی: سەخترین بەلاٌ تایبەتە بە پێغەمبەران و وەلیەکان و پیاو چاکان.ئێمەی پێغەمبەران دژوارترین بەلاٌمان تووش بووە. {فەرهەنگی سۆفیانەی ل٦٤} لە بەلاٌدا پەنا بە خوا گرتن باشترین کارە و نالاٌندن نابە جێترین کار. بۆیە مەولەوی خەمی لە دەست بەلاٌ نیە و خەمی گەورەی کەمی دەرد و نەمانی بەلاٌیە.

کۆتا دەرد کە بێ دەرمانە و خۆیشی جۆرێکە لە دەرمان مەرگە. مەرگ چی یە؟ لەو نێوەندەدا چ وەزیفەیەکی هەیە ئەوە حاڵیمان دەکات لە ڕێگەکانی بۆ لای یار چوون، وە ئێمە تا نەمرین ناگەین و گەورە نابین. بۆیە ئەم دنیا بە ڕواڵەت پان و گەورەیە، بە دەریچەیەکی تەسك و بچوك کۆتایی دێت. کە زۆر وردیکلانەیە، بۆیە هیچی دەردەکانی تر چارەنین و عاشق پێیان نارازیە، بەلام دوایین دەردی بێ دەرمان (مردن) کە ئیتر بە سەریا زەم ناکرێت بۆ خۆی بلیتی ئێمەیە بۆ داخڵ بوونمان بەرەو مەنزڵی یار. ئەم حاڵەتەیە تەنانەت لە شیعرە غەرامی و مەجازی و گۆرانیەکانماندا هاتووە. بە هەردوو حاڵەتی ئەرێنی و نەرێنی (ئەو هەموو بکوژە و مەمکوژە) یە لە هەر شوێنێ دێتە پێش چاوت ئەم حاڵەتی دەردو دەرمانی عیشقە خولقاندوویەتی.

مەولەوی (بێ دەردی) بە گەورەترین و سەخترین دەرد دەزانێ و لە شوێنی تر زۆر چاك بە هاو نرخ و دەسمایە ی دەرد و دەردەداری بۆ ڕاگەی عیشق تەوزیف کردووە.( سەودایی سارای دەردی بێ دەردیم.)

٩ - ئامانەن ئەردیت بالاّ عەرعەر تەرز

عەرزکەر نەك جارێ وە صەد سۆز بەرز

دەخیلت بم و ئامان ئەگەر بالاّ عەرعەری منت دی، نەك جارێ، سەدجار بەسۆز و ناڵەی بەرزەوە پێ ی بڵێ... جۆرێ لە تکا کردن لە ڕێگەی وەسیلەوە.

١٠ بەڵ دڵ وەش کەرۆ مەینەت گازەکەش

زۆردۆ وە بازووی غەمزە و نازەکەش

بەڵکو دڵ خۆش کات مەینەت بارو مەینەت گازەکەی، تۆ زۆر بدە بە بازووی غەمزە و نازت. کە لە دیواندا ڕاڤەنەکراوە. دوا دێڕی ئەم شیعرە یارمەتی دەرە بۆ ڕاڤەکەی ئێمە.

کە داوای بەردەوامی تیر و تیر باران و تیر لەسەر تیر دەکات، بەمەش کەوان هێنانەوە بۆ ئەو هەموو خەدەنگە، زۆر و بازووی دەوێت، بۆیە دەڵێ زۆر بدە بە بازووی کەوانی غەمزە و نازت، بۆ تیر بارانی ئێمە، چونکە.

١١- پەیا پەی پەی نە دڵەی تەنگدا

هەر خەدەنگ بەرۆ وەجای خەدەنگدا

گورج گورج و یەك لە دوای یەك لەم دڵە تەنگەدا، تیر بداتەوە لەسەر تیر. چوونەوەی تیر بەهەمان شوێنی تیردا دێنێتە ئاراوە، (عەرزەکەی لە خزمەت بالآ عەرعەردا) ئەم تیر باران کردنەیە کە لە ڕواڵەت دا بە ئێش و عەزابن و لە عرفاندا لەلا کردنەوە و چاو لێ بوونی مەعشوقەوەیە ئەنجامی چاودێری و مەرحەمەتی نیگای زۆری یارە بۆ عاشق، بۆیە تیر دەرمانە بۆ دڵ برینداراني ئەڤینی ڕاستەقینە.

١ – بێ شەرت و شۆنیت جەحەد ئەو دەرەن

ڕەحمەت ئەو یادت، وەفادار تەرەن

بێ پەیمانی و بێ قەولیت لە ڕادە بە دەرە و، ڕەحمەت لە یادت، کە لە خۆت وەفادارترە.

بێ شەرت. بێ پەیمان، بێ شۆن، بێ قولاخ، وون، یانێ: هەواڵێ لە وەفاو پەیمانت نیە، یادت، بیرەوەریت کە جار جار لە مندا سەرهەڵ ئەدات بە وەفا ترە. واتە تۆ کە نایێیت بەدیارمانا، یادت بە خەیاڵمانا سەرئەدا، فەزڵی یاد (مەعنەویە) دراوە بەسەر (خودی مادی)دا. ئەم خاڵە زەریفەش یەکێکە لە شەقڵەکانی شیعری مەولەوی.

٢ – دیدەم چوون میقراز بێ شەرتیت تیژ کەرد

دات جە تانتەی وەصڵ جەو پەڕش و پەرد

دیدەم چاوەکەم، چونکە مەقەستی بێ شەرتیت تیژ کرد و ناتە پەردەی (ڕایەڵە)ی وەصاڵ و لەوسەرەوە دەرت کرد. یان، دیدەم، تۆوەك مەقەست بێ شەرتیت تیژکرد و پەردەی وەصڵت ئەم سەر و سەر هەڵێنا (دڕاند).

تانتە یان تەنتە ئەو داو و تاڵە ناسك و ڕایەڵانەن کە جاڵجاڵۆکە دەیان هێنێتەوە و پێ ی دەڵێن تەونی جاڵجاڵۆکە. مەولەوی کردویەتی یە پەردەی وەسڵ.

جوانی وێنەکە لەوەدایە لە وەصاڵ دا، حاجزێ هەر دێڵێتەوە، با ئەوداوە ناسکەش بێت یان ئەو نزیکیە لە وەصڵدا دروست دەکات کە بەینی (من – تۆ) نێوەندەکە، زۆر ناسك دەکاتەوە. دەشکرێ وەصڵ، لیقا نەبێت.بەڵکوڕایەڵێکی زۆرناسك بێت(دلبەرودلدار) ی پێکەوە بەستبێت کە مەقەستی بێ شەرتی دڕاندبێتی.

٣ – شەرت بۆ تاجەستەی خەستەی مەهجوریت

پاکتاوش کەرۆ مەردەن جەدووریت

شەرت بێ تا مردن ئەم جەستە نەخۆشەی دابڕانت، لە دووریت پاكتاو دەكات واتە ئەم جەستە خەستەی كەلە كۆچی تۆدا ماوە، مردن بە تەواوی لە دووریت پاكتاوی دەكا و دەیفەوتێنێ.

مردن: هەم جەستە خەستەكە پاكتاو دەكات و نەجاتی دەدات، هەم بەخێر و چاكە چاوی لێ كراوە، واتە مردن ئەم جەستەیە لە دووریت پاكتاو دەكات ئەمجارە مردن دەبێتەوە دەلیل و دوری نایەڵێت و نزیكمان دەخاتەوە. واتە مردن دوریەكان لەناو دەبات. لەم دۆخانەدا تێ دەگەین كە ناكرێ خێرا بەسەریەك واژەی شیعری مەولەوی دا تێ پەرین.(مردن نەجاتم دەدات لە دووریت)

ئەم شەرت و ئیقرارەی مەولەوی كە لەم شیعرەدا بەیانی دەكات شاعرانی نزیك بەسەر دەمی خۆی و دواتریش لەو وێنانە یان دروست كردووە بە جۆرێ هەندێ جار خەڵكی سادە تێكەڵیان دەكات و شیعری خەڵكانی تر دەدەنە پاڵ مەولەوی، كە من خۆم زۆر جار تووشی چەلەحانێ و ڕاست كردنەوە یان بووم.

دەبێ ئاماژەش بەوە بدەین خەیاڵی خەڵكانێك دوای مەولەوی چەند ڕاز و شیعری مەتەڵ ئامێز و قسەی چەند ماناو تەنانەت شتی قۆڕیشیان دروست كردووە و داویەنەتە پاڵ مەولەوی. بۆ ڕوون كردنەوەی هاوشێوەی ئەو شەرت و شۆیە ئەم شیعرەی جهانئاراخانم دەنووسین. كە لە ڕێگەی گۆرانی هەورامی یەوە گوازراوەتەوە و زۆرێك پێیان وایە شیعری مەولەویە:

تا نەفەس بەندەن نەیانەی قەفەس

سیوای تۆ دیدەم شادنەبون وەكەس

تاخاس وێم نەكەم ڕیسوای زەمانە

نەبوون وەسەرژان خوێش و بێگانە

تاشكست نەدەم وەشای جوانیم

دنیا پڕ نەبۆ گشت جە نادانیم

تامینان خاتر نەڕێز و وەگڵ

شەرتەن مەیل تۆ بەرنەشۆ جەدڵ

تا ئەلف باڵام وێنەی نون نەبۆ

تا مۆخ ئەغرام گشت وەهون نەبۆ

تادیدەم وە ئاو مروار تەڕنەبۆ

تا گۆشم جەسەمع تەمام کەڕنەبۆ

تا زوان نەدەم لەنگ لاڵ نەبۆ

تا ئەعزای بەدەن گشت بە تاڵ نەبۆ

تا چراخ ڕۆح خاس نەبۆ خامۆش

شەرتەن مەیلەکەت نەکەم فەرامۆش

گەرچی ئەم تێکەڵی یە لە ئەدەبیات ناسی دا جێ ی نەگرتووە و مایەی سەرئێشە نیە، بەڵام هەر بەدەم خەڵکی نەخوێندەوارەوە بەهەڵە دەگوازرێتەوە. دەنا خوێنەری هەمیشە بەردەوامی شیعری مەولەوی عادەت بە سەلیقەی ئەودەکات وهەرلەو ڕوانگەوە توانای ناسینەوەی شیعری مەولەوی پەیدا دەکات.

٤ — جە شوم پڕشوم ئەلحەد سەرای خەم

جە سەر وازەی هون جۆی سەرچەمەی چەم

لە خاکی ئامادەی پڕ لە نەحس و نەگبەتی، و جێگە سەری گۆڕی خەمما، لە سەرکردنی خوێنی جۆگەلەی سەرچاوەکەی چاوما. ئەلحەد، شوێنی سەر لە گۆڕیچەی گۆڕدا. ئەلحەد سەرای خەم، شوم پڕشوم، ئەو خاکەی لەسەر سەری پڕ لە بەد بەختی و خەم پێوە کراوی مەولەوی. کە لەو ئاستەدا لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی خوێناوی جۆگەی چاوەکانی.. ئامادە کراوە بۆ ڕوان.

جوانی وێنەکە لەوەدایە مەولەوی لە ژێر خاك و لەناو قەبرا لە ئاست ئەلحەدی دا شوێنی سەری. هێندە گریاوە.. هوناوەکەی هەڵ داوە و خاکی سەر قەبرەکەی لە ئاستی سەری دا تەڕبووە و خاکەکەی ئامادەی ڕووان کردووە. (سەری پڕخەمی) ئەلحەدی لە سەرەوە پەین دار کردووە.

مەولەوی لەنازك تەدارەکیشا. ژیانەوەی گیاو سەوزبوون، دەگەڕێنێتەوە بۆ خاکی بەیاری یاران و دەڵێت سەوزەی سەرخاکی ئێمەش دەبێتە فەرشی مەجلسی کێ؟لێرەش دەڵێ لە سەر خاکی تەڕبووی سەری من... کە لافاوی خوێن لە سەرچاوەی چاوەمەوە سەری کردووە و تەڕی کردووە و ئەلحەدم پڕ لە شومی و خەمە، خاکی سەر مەزاری ئامادە دەکات بۆ بەیتی دواتر.

٥ – وە بۆی ئەو بالاّ و خەت و کولّم و فەم

سەروو سەوزە و گوڵ خونچە بدۆ دەم

بەبۆنی (هەوای یادی) ئەو بالاّو خەت (خەت و خاڵ و زوڵفە) و دەم و کولّمە سەروو سەوزە و گوڵ و خونچە دەم بکاتەوە. (بۆی بەژن و بالاّی)هەوای لەبارن بۆ هەڵ کردن بەسەر خاکی ئامادەی سەرمەزاری ئەم وسەوز بوونەکان. دەکرێت بشڵێین هاتنی بۆنی (یادی) ئەو بەژن و بالاّو ئەگریجە و کولّم و دەمە. دار و گیا و گوڵ لەسەر مەزار و ئەلحەدی مردوان دا سەوز دەبن و خونچە دەم دەکاتەوە (یان دەکەوێتە دەم وەشاندن لاف لێدان (لف ونشری مورەتەبە).

٦ - دڵەی مەینەت گاز سفتەی کۆی قەقنەس

نەبۆ وە نیشان تیر موژەی کەس

دڵەی بە مەینەت برینداری من، کە سووتاوە و بووەتە کۆی قەقنەس، نەبێتە نیشان و نێچیری تیری برژانگی هیچ کەسێ.وە دەکرێ ئەم شیعرەش بەرینە هەرزەلی بێ عەنبەری یەوە و بۆ ئەو نووسرا بێت، چونکە لە بەیتی (٣)دا. مەقەستی بێ شەرتی لەوەسڵ ئەدرێت و دوولەتیان دەکات (وەصڵ یەك تەنی عەنبەر و مەولەوی) لەت بوونی تانتەی وەسڵ ڕێك جیابوونە وەیانە. بەیتەکانی (٤،٥، ٦) شەرتێکە مەولەوی دەیکات،

کاتێ مردن بە تەواوی جەستەی فەوتاوی دوریت لەناو دەبات و لەسەر ئەلحەدی پڕ لەسەری غەم و محنەتی من کە پڕە لە یادی بەژن و باڵات کە دیسان ئەو یادە، لەسەر خاکی مەزارم سەرو سەوزە گوڵ و خونچەی وەك بەژن و دەم و زوڵف و کوڵمی خۆت سەوز دەکات، ئەبێت ئەم دڵەم نیشانەی تیری موژەی کەس نەبێت.

میقرازی بێ شەرتی: شەرتی دڵداری و دولبەر پێکەوە ژیان و پێکەوە مردنە، مردنی یەکێکیان بە جێ نەهێنانی شەرتە. کە ئەمەش هەر لە کۆنەوە بووەتە تەعبیری دڵداری پتەو و ڕاستەقینە.

شین و هەردوییما با هەر یۆوە بۆ      نەك یۆما مەن شێت و لێوە بۆ

لە بەیتی (٤)دا زەریفیەکە لەوەدایەکە جەستەی خەستەی دەردی دووری (بێ عەنبەری) هەر بۆ ئەوە باشە مەرگ لەناوی بەرێت و نەیهێڵێت. لە(پاکتاو)یشا تێدەگەین کە مەولەوی پارێزەری چەندین وشەی ڕەسەنە کە ئێمە لامان وایە تازەن.وە لە کۆتا بەیتا (سفتەی کۆی قەقنەس) داهێنانێکی ترە، لەسەر داڕشتەی کۆی زوخاڵ دروستی کردووە، ئەمەش ئاماژەیە بە زیرەکی مەولەوی لە گەڕان بەدوای زمانی تایبەتی خۆی و بێ زاری لە زمانی باو و هەست کردن بە بێ گیان بوونی وشە و سوانی لە ئەنجامی هەردەم و هەرسات بەکارهێنانی لە یەك جۆری واتادا.

١ – بێ نازەن ئەسباب ئەسپ و سواریت

بێ کەیفەن ئەساس خاصەی شکاریت

شمەك و تفاقی ئەسپ و سواریت بێ نازە و کەل و پەلی تایبەت بە ڕاویشت بێ کەیفە.

وەك لە دیوانەکەدا نووسراوە{دیوان ل١٠.} مەولەوی ئەم شیعرەی بەناوی مەحمود یاروەیسەوە نووسیوە، لە لاواندنەوەی عبدالرحمانی جوانە مەرگی کوڕی دا. مەولەوی (٥) پارچە شیعری بۆ لاوانەوەی نووسیوە. بێجگە لە شیعر پرسەنامەی فارسی ئاراستەی باوکی کردووە{یادی مەردان بەرگی دووەم ل٤٧١}.(د.انورقادر و مامۆستا محمدعەلی قەرەداخی لەسەرئەم شیعرە پرسانە ناکۆکن مشتومڕیان کارلە پرۆژەکەی ئێمە ناکات)

ئاماژە دەکات بە بەجێمانی کەل و پەلی تایبەتی مردووەکە، کە لە نەمانی خاوەنیاندا بێ ناز دەکەون کەل و پەلەکانی ئەم تایبەتن بە سواری و ڕاوشکارەوە. کە دەبێ سوارچاك و ڕاوچیەکی باش بووبێت.

٢ –یاوەران جەمەن، وادەی شکارەن

ئای لاڵ بام صەدای تۆ نادیارەن

یاران و دۆستان کۆبوونەوە و وادەی ڕاو وشکارە، ئای لاڵ بم دەنگی تۆ دیار نیە تەرکیبی (وادەی شکارەن) لە شوێنی تریشدا بەکار دەبات.

٣ – پەنهانەن سیمای سیمین وارەکەت

شێوەی کۆتەڵەن یادگارەکەت

شاراوەیە ڕوخساری زەریف و سپی و جوانت (سیمین- سیمین وار- سیمین عوزار) وە تەنها یادگارەکانت بەشێوەی کۆتەڵ ماون، هەموو شتەکان ماون بێجگە لە خۆت کە دوای مردوو بە کۆتەڵ لە پرسەگێراندا نمایش دەکرێت، مەولەوی زۆرباش لەکەلەپوری

کۆمەڵەگەکەی و داب و نەریتەکانی سوودی وەرگرتووە مامۆستا حەکیم مەلا صالح و مامۆستا حەمە ڕەشیدی ئەمینی ئاوریان لەم بابەتە داوەتەوە و چەند نموونەیەکیان هێچناوەتەوە{مەولەوی تەقینەوەی زمان حکیم مەلا سالح ل٦٦وکنگرە بزرگداشت مولوی کردل} کۆ نموونەی تریش زۆرن لای مەولەوی کۆتەڵ گێڕان یان ئالای کۆتەڵ نمایشێکی تراژیدی یەوزۆرجاربۆ گەورە پیاوان کراوە و لە هەوراماندا زۆر برەوی هەبووە{بڕوانە سرووتە دینی و کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکیی هەورامان.ئەیوب ڕۆستەم ل٦١- ٨٨ }

٤ — خەیاڵ باڵات نە ئاینەی چەم

سەبتەن چوون یادت نە دڵەی پڕخەم

خەیاڵی باڵات لە ئاوێنەی چاومدا نەقش وجێگیرە، وەك یادت لە دڵەی پڕخەمما.

(خەیاڵی باڵا) بە خەیاڵ باڵای دێنێتە پێش چاو و، وێنەی دەگرێ و لە چاودا دەیشواتەوە و دای دەنێ چاو ڕۆڵی سەرەکی لە گرتە و وێنەکاندا هەیە.. باڵا جەستەیە، چاو وێنەی دەگرێ و... دەسکەوتەکانی خەیاڵ کاتێ بەرەو بەژن و باڵاو مادیات دەڕۆن، چاو دەیان گرێ، لە چاودا دادەنرێن، بەڵام یادو یادەوەری و ئەندێشەی مەعنەویات بەرەو دڵ دەچن و لە قوڵی دا جێ دەگرن، گەر تەواوی هەستەکان لە دەست بدات، هێشتا هەر یادەکان لەناو ناچن. لەو ترسەدایە کە مەولەوی نیوەی بەیتەکە دەچوێنێ بەنیوەکەی تر، (خەیالی باڵا لە چاودا) وەك (یادە لە دڵدا) لە نەقش و جێگیردا. وەك قایمکاری یەك بۆ ئەگەری بەیتەکەی دواتر، لە دڵ و چاودا ئازیزی داناوە.

٥ — دڵ گوم بۆ یاگەش مەنزڵگەی چەمەن

چەم گوم بۆ یاگەش دڵەی پڕ خەمەن

دڵ گوم بێت، جێگەی ئەو مەنزڵگەی چاومە، چاو گوم بێت جێگەی دڵەی پڕخەمە. دەکرێت لە مەنزڵگەی چەمەن... ئاماژەیەکی زیرەکانە وەرگرین بۆ ئارامگای خوا لێ خۆش بوو، کە گۆشەی خانە قای تەویڵەیە، لە شوێنی تردا مەولەوی دیاری کردووە.

لەچەم گوم بوودا.. دەچیەوە سەر هاوکێشەی (دیدەی سەرو دیدەی دڵ) کە مەولەوی تەوزیفی کردوون و واجبی بۆ دیاری کردوون وە ڕەنگە کوێر بوونی مەولەوی،کە دووساڵ دوای ئەم شیعرە بووە، بمانخاتەوە بەردەم ئەم هاوکێشەیە. چوون ئەم خوالێخۆش بووە ١٢٩٦ مردووە، مەولەوی ١٣.. مردووە، کە عەنبەریش بەر لەم مێژووانەیە.. وە ڕەنگە تۆماری خەمەکانی تێکەڵ کرد بێت و شیوەن بۆ تەواوی کارەساتەکان بکات.

٦ - دڵ دایم وە ویر ئەو خەیاڵ شادەن

چەم قایم مەشغوڵ نیگای ئەو یادەن

دڵ هەمیشە بە بیری ئەو خەیاڵ شادە، یان دڵ هەمیشە بە بیری خەیاڵی باڵای ئەو... کە لە چاومایە، شادە، چاویش زۆر قایم مەشغوڵی نیگای ئەو یادەیە (یادی ئەو لە دڵدا) واتە دڵ هەردەم بەبیری ئەوەی کەخەیاڵی باڵای لە ناوچاومایە ئاسوودە و شادەو، چاویشم زۆر بەپتەوی و قایمی سەرقاڵی ئەویادەیە وا لە دڵدا.پەیوەندی کارییگەری نێوان چاو و دڵ لە ئەڤینداریدا سەرنج بدەن.

١ – بەڵێ خاڵۆکەم قەدیم دەستورەن

پەی مەی زەدەی مەی کەباب زەروورەن

بەڵێ خاڵۆکەم لە کۆنەوە دەستورە کە مەینۆش و مەی زەدە، کەبابیان پێویستە.بۆ مەزەی مەی کەباب پێویستە.

گەرچی بۆنەی لە دایك بوون لەم شیعرەدا (کەباب وخوێ یەکە) زۆر سادە و بێ ئەرزشە، بەڵام مەولەوی لە چەند بەیتێکدا ئەم نان و کەبابەی دۆست دەباتەوە خزمەتی عیشق و دەرد و ژان. دۆستێك نامە و کەبابی بۆ مەولەوی ناردووە، ئەو دۆستەش دەبێت یەکێ بێ لەوانەی کە مەولەوی بە خاڵۆ ناویان دەبات. مەولەوی مەی نۆشی کۆنی ڕێگەی عیشقە و نێچیری ناو ئەو داوەیە. دۆستیش بەهەمان دەردی مەولەوی چووە، بۆیە ئێش و زام و نمەك، بابەتی شیعرەکەیە لە وەڵامی نامەکەدا.

٢ – نامەو کەبابت وە مەعدووم یاوا

ئەوش نەڕووی چەم ئێد وە دەم ساوا

نامەو کەبابت بە دەستی مەعدوم گەیی، ئەوی نایە بان چاو و ئەمی خستە ناو دەم. هونەری پێچان و کردنەوە هەیە (چاو- نامە- دەم –کەباب).

٣ – گەرد دەرد ئێش دەروون بەردەوە

عەشقەکەی قەدیم تازەکەردەوە

گەرد و تۆزی دەردی دەروونی لابرد (تۆزی دەرد و ئێشی دەروونی لابرد و عەشقە کۆنەکەی تازە کردەوە) ڕاڤەکانی دیوان لە زۆر شوێندا توانای دەرختسنی مانای شیعری و ستاتیکایان نەبووە، چونکە مامۆستای بەهەشتی زیاتر ئەو دەمە کاری لەسەرکۆ کردنەوە و نە فەوتان کردوە کاری ئەو دنیای ڕاست بێت.سفرەوخوانی ئەونەمرەش نەبوایە لە کوێ بژیاینایە.

کاتێ تۆز و گەرد لەسەر هەرشتێ بنووسێ. دەیشارێتەوە و کۆنی دەکات، یان نایەڵێت بەتەواوی خۆی دەرخات. دەردی ئێش، لای مەولەوی تۆزی لێ نیشتووە و هەردەم تازەیی یەکەی وون کردووە. کەئەمەش نابێت، لادانی تۆز لەسەر دەرد. خستنەوە ڕووی (دەردی ئێش) و جارێکی تر نوێ بوونەوەیەتی، کە ئەمەش جۆرێکە (لە نوێ کردنەوە- تعمیر) کە بۆ بەیتەکە کراوە. ئەمەیە ستراتیژێ کە مەولەوی لە شیعرا پەیڕەوی دەکات و زمانی پێ دروست کردووە. بە جۆرێ کە زۆر جار ئێمە نەتوانین بگەینە مانا.

٤ سێرت جە ئێشای زام نە وەردە بێ

ئیضهارت پەرێ نمەك كەردە بێ

تێرت لە ئێشی زام نەخوارد بوو، داوای خوێشت کرد بوو، بۆ زام.

ئەمانە ڕواڵەتن و جوانی یەکەلای مەولەوی لەعرفانی بەیتەکەدایە. نامە و دیاری نێوان دوو دۆستەکە عەشقی کۆنیان تازە کردوەتەوە و کەوتونەتە وە بیری دەردو زامەکانیان لە عەشقا.

دەردی عیشق لای عاشق، تا ناسۆر و بە ئێش و بێ ئارام بێت تا بێ دەوا و بێ هەتوان بێت عاشق گەرمتر و سەرحاڵ ترە. بۆیە عاشق هەمیشە تەماعی بەزۆری دەرد و خراپی ئێش و سۆی بوونەوە زیاترە، چونکە ئەمانە مەرحەمەتی زیاتری مەعشوقن مەولەوی بە دۆستەکەی دەڵێ.

تۆلە ئێشی زام تێرت نەخواردوە و داوای خوێت کردوە بۆ سەرزام، چونکە ئێشی زام: هەم کەمە و هەم بێ تام. خوێ، ئێشەکە زیاتر دەکات و خۆشتری دەکات.`دەبێت سەرنج لە (خوێ) بدرێت کە ئێشی زام زیاتر بەکزە دەکات، ئەوکاتەش دەردی عیشق دەگاتە ئاستی تەماعەکانی عاشق. و خودی دەرمانە بۆ عاشق.وەزیفەی خوێ خۆشەکردنە.

لە عەطارەوە باشتر لە وێنەکە دەگەین، عطار فەرموویەتی:

عشق بی درد ناتمام بوود

کز نمك دیك را طعام بوود

نمك این حدیث درد دلست

عشق بی درد دل حرام بوود

٥- جە من نمەك دای، جە قاصد کێشان

جە تۆ زامەت دای، جەزامەت ئێشان

لە من خوێ و لە دەلیل هێنان و لە تۆ زام و لە زامیش ئێش و ژان. لەم بەیتەدا مەولەوی حەکیمە و دەوا دەنوێنێ بۆ دۆستەکە، دەبێت لە تەریقەتدا و لای ئەهلی دڵان پلەیەکی هەبووبێت، کە وەسیەتەکەی شێخی سراج الدین بەڵگەی شوێن و پایەی مەولەویە گۆڤاری ڕامان ١٤ل ٣١ لەبارەی باوەڕنامەی خەلیفەیەتی مەولەویەوە} شێخ لە وەسفی مەولەویدا دەڵێ زانای ڕەبانی سەدەفی گەوهەری مەعاریف و مەعانی ئەستێرەی بورجی نێو ئەستێرەکانی ئاسمانی بەختەوەری. بۆ دەردی عیشق و تەریقەتی عاشقان و



دینی مەحبوبان و مەرجی عاشقی زام نیشانەیە، کەواتە دۆستەکەی عاشقە ئەمیش بۆ زامەکەی، خوێ دەدات، دەلیل خوێکان دەگەیەنێت (تامی عیشق) ئیتر زامی بە خوێ کراو نابێت بیانوی هەبێت بۆ نە ئێشان، کەواتە زامی بە ئێش نیشانەی عاشق بوون گەورەتر دەکات. دەکرێ نێرەرو وەرگری خوێکە پێچەوانە بکینەوە یانی (ئیضهارت)لەدێڕی چوارەمدا بە نواندنی خوێکە لێکبدەینەوە.نەك داواکردن.

### ١ - بەتیەی کارخانەی ئوسای بەغدایی

درومان وە تای نەی ئاشنایی

عابای کارخانەی وەستاکانی بەغداو، دووراو بە تاڵی دەزووی ئاشنایی.

پێش کارە نایابەکەی مامۆستای مدرس دیوانەکان ئەم شیعرەیان بۆ (شێخ ضیاالدین) دیاری کردووە، پیرەمێردیش لەوانەوە ڕۆحەکەی وەرگێڕاوەو، لەسەر ئەم شیعرە نووسراوە بۆ شێخ ضیاالدین نووسیوە.

چ پیرەمێرد لە وەرگێڕانەکەی داو چ مامۆستا گۆران لە وتارەکەی دا کە ئەم شیعرەی بە پەخشان ڕاڤە کردووە وایان پیشان داوە مەولەوی ناردویەتی و شیعرەکەیان بەرەو کەسی دووەم ئاڕاستە کردووە. هەرچەندە مامۆستا گۆران، مل پێچ ناو دەبا لە بری عەبا، بەڵام زیرەکانە دەنوسێ ئەوکەسەی دیاریەکەی بۆ چووە (کاك ئەحمەد) پریسی یە{مەولەوی و شیعری موناسەبەت گۆڤاری بەیان ژمارە ٣١١٩٧٥}' بەهەشتی مەلا عەبدولکەریمیش لە دیوانەکەدا دەنووسێ بۆ دۆستێکی نووسیوە کە عابایەکی هاوینەی بۆ ناردووە. مامۆستا حەکیم مەلا ساڵح ناوی دۆستەکەی بە کاك ئەحەمەد پریسی نووسیوە{مەولەوی حەکیم ل ٩١}و لە هەمووان زیاتر لە (مەجزوب)ەکەی دا دەقی شیعرێکی کاك ئەحمەدی نووسیوە، کە ئەم شیعرەی مەولەی دەبێتە وەڵامی، وەڵامەکەشی نووسیوە.

کە دەبێ کاك ئەحمەد لەگەڵ عەباکەدا ئەم شیعرەشی بۆ مەولەوی نووسیبێ:

عەبام کیاستەن تان و پۆ بێ عەیب

سۆقاتەن پەرێت تۆی رجال الغیب

ورازیان وە زوڵف نەو عروسی دڵ

بۆش گێرتەن نەناف ئاهوی نەساسڵ

هەر تاڵەیش زیلەی سەمتوریٚ دارۆ

هەر ناڵەیش نامیٚ دلبەر مەشمارۆ

هەر شەو وە مەخفی زیکری لەیل مەکەی

فامت وە صەهبای مۆبەت کەیل مەکەی

ناڵەی بیٚ صەدات وە سەقفی گەردوون

بەرمەشۆ مەشۆ وە کۆی فەنا بوون

ئەو ساتە وەختە مەجزووبت ویر بۆ

با ئێمەیچ دڵمان هەدەڤ تیر بۆ

{بەشێك لەدیوانی مەجزووب ل٥٢}

کاك ئەحمەدیش هێندەی مەولەوی ناسك وەسفی عاباکە دەکات. بگرە جوانتریش بۆیە مەولەویش لەوەڵامەکەدا عاباکەو بەکار هێنانەکەی بۆ خۆی وەسف دەکات.

٢ – سفیدتەر جە مەرگ مەینەت گازەکەم

نازکتەر جەناز جای نیازەکەم

سپی تر لە مەرگی مەینەت گازم و نازکتر لە نازی خاوەنی جیٚ نیازم، واتە عابەکەی کەناردووتە سپی ترە لە مەرگی مەینەتم و ناسکترە لە یار. دەتوانین لە جیٚ نیازدا بۆ ئەندامی ناسك و سپی عەنبەر بگەڕێین. شوێنیٚ جێی نیازبێت نازی چەندجوانە.

عاباکە سپی یە... وەك کفن- لە مەرگدا و ناسکە وەك یار لە نازدا،

ماموٚستا ئەردەلانی لە بری (مەرگ)(جەرگ)ی نووسیوە وە پێی وایە لەگەڵ شیعرێکی تردا یەك شیعرە و بۆ ئەحمەد پریسی نووسراوە{دیوانی مەولەوی سۆرانی ئەردەلانی ل٣١٦}هەروەها ماموٚستا حەمە ڕەشیدی ئەمینیش هەمان ڕای هەیە و دەنوسیٚ تا بە ئێستە نەم بیستووە بڵێن مەرگی سپی هەرچەندە مردووکاتیٚ کفنی

دەکەن سپی پۆش دەبێت، بەلآم لێرەدا باسی مەرگە نە مردوو{میهرەجانی مەولەوی ٢ ل٢٩٥}بەلآم لای ئەهلی عرفان خودی مەرگ و مردن ماناو مەغازی تریان هەیە و چەند جۆرێکی مردن هەیە.مردنی سوورو سپی و سەوزو ڕەش {فەرهەنگی سۆفیانەی دیوانی جزیری و مەحوی ل٣١١}

٣ – چوون لونگ مەجنون بدەوش وە کۆڵدا

بگێڵو وە دەشت پای سارای چۆڵدا

وەك (جل یان شرو شیتاڵ)ی مەجنون بیدەم بە کۆڵدا و بگەڕێم بە دەشت و پای سارای چۆڵدا.

تەشبیهی عەباکەوخۆی بە( لونگی مەجنون.تاکی مەجنون) لەوەدایە کە مەجنون تاکە جل و ڕایەخی فەقیرانەی سەرشانی... کە هەر ئەوەی بووە، ئەمیش لە قیمەت و بەهادا و هەردەم هاوڕێ یەتی دا دەڵێ عاباکەت جلی مەجنونە... وە خۆیشی دەکاتە مەجنونی وێڵی دەشت و سارای چۆڵەوانی. هەردوو کرداری (بدۆش –بگێڵو) لای پیرەمێردا دراو نەتە پاڵ کەسی دووەم... لەوەش دیاریەکە دەبێت لای مەولەویەوە دەرچووبێت و مەولەوی بە بۆنێراو بڵێ بیدە بە کۆڵتاو پێوەی بگەڕێ، کە دیارە هەڵەیە.

وەك لونگی مەجنون بیدە بە کۆڵدا

پێوەی بگەڕێ بەسەحرای چۆڵدا

مەولەوی دەڵێ:

وەك لونگی مەجنوون بیدەم بە کۆڵدا

پێوەی بگەڕێم لە دەشتی چۆڵدا          (لای ئەردەلآنی)

وەك لونگی مەجنوون شەریك دروست کردنە بۆ مەجنوون و جووت بوون و هاوڕێ بۆ پەیدا بوو.

٤ — جار جار بەوگشت دەرد نەدامەتەوە

بەو قامەت وشك پڕ زامەتەوە

جار جار بەو هەمگە دەردەی پەشیمانی و بەو بالاّ وشك و ڕەقەی پڕزامەت و مەینەت بارەوە. کە (خودی مەولەوی)یە. لەم بەیتەوە وورد وورد ڕێگەی ئەوە خۆش دەکات (کە خودی) خۆی بکاتە بالاّیەکی وشك و پڕ مەینەت و زام و حەسرەت، ئاه هەڵکێشو و هەناسە سارد، بە دەردی هەردەم پەشیمانی، عاباکەش بەسەرشانی قەیافەیەکی لەو چەشنەوە، دەبێتە بەیداخی سەر مەزاران، بۆیە مەولەوی (دارێکە بە ئاڵاوە —لەسەر مەزاران ڕوواوە... وە هەم دەتوانین هەڵسوکەوتی (هەم مردوو- هەم زیندوو) لەگەڵ مەولەوی دا بکەین، کە مەجنونیش بە حاڵ ماوە. بۆیە (سفیدی مەرگ) لەم ڕووەوە هیچ نوقسان نابێت... ئەوکاتەش کە مەولەوی لە چۆڵیەکدا ڕۆحی سپارد جەستە ڕەقەکەی وەك مەجنون بە عاباکەیەوە، دەبێتە داری سەرمەزاری.

٥ — شنۆی هەناسان نە سەر دیاران

شانۆش چون بەیداخ نە سەر مەزاران

شنۆی هەناسان لەسەر دیارانەوە بیلەرێنێ (بیشەکێنێ)وەك ئاڵاو بەیداخی سەر قەبران.

واتە هەناسە ساردو هەڵکێشراوەکانم بە دەردی پەشیمانی یەوە، دێنە دەر، بەسەر شاخەوە لە عاباکە دەدەن و وەك ئاڵای سەر قەبران دەیشەکێنێتەوە. کە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە لای مەولەوی سەیر نیە. لە شوێنی تردا خۆی دەخاتە گۆڕ و لەناو گۆڕدا لە جۆگەلەی چاوی یەوە فرمێسك هەڵدەگرێ و مەزاری خۆی پێ تەڕ دەکات.

جەشوم پڕشوم ئەلحەد سەرای خەم

جە سەروازەی هون جۆی سەرچەمەی چەم

دەشکرێ (شنۆی هەناسان) لە باری نەناسراوی گشتیی دا وە خوێنین کە شنۆی هەناسەی عاشقانی هەناسە ساردی تر لەسەر دیارانەوە هەڵ کات، عاباکەی ئەم بلەرێنێ وەك بەیداخی سەرمەزاران.

بەمەش وێنەکە کراوە دەبێت و ڕەهەندی نەمری هەڵدەگرێت و خودی مەولەویش دەبێت داری سەر قەبران.



کاك ئەحمەدی پریسی

١ – باڵای ئاڵای شەنگ صەد بەڵا پێوەن

دووکانچەی شادی دەردینان شێوەن

باڵای بەرز و شۆخ و شەنگی صەد بەڵای پێوەیە، بۆ تێکدانی (بازاڕی زەوق) دوکانی شادی بیماران (دەردەداران). دەشگونجێ (شێوەن) بەوێنە بێت و بەیتەکە تەشبیه بێت، چونکە مەولەوی زۆر سەیر داهێنانی لەو هونەرەی ڕەوانبێژی دا کردووە... بەم پێ یە دەبێت بڵێن باڵای شۆخ و شەنگ و ڕەنگاو ڕەنگی صەد بەڵای پێوەیە، وەکو دووکانی شادی دەردینان، چڕی وێنەکە ڕامان دەکێشێت بۆ ڕاڤەی تر.دوکان لەوەدا شادە کە پڕە لە شت دەردەداریش پڕە لە ئێش ودەرد.

باڵای بەرزی یار صەد بەڵای پێوەیە (دەکرێت لە ئاڵا دا تیپێ لە سوپای بەڵا بێنینە پێش چاو کە دەستەی صەد کەسین) وەك دووکانچەی شادی بیماران... یانی چۆن دەردەدار بە دەردی زۆر دووکانەکەی شادیەتی. ئەمەش پێکەوە گونجامی (اجابيات – سلبيات)ە دەردو بەڵا- لە باڵای یاردا جێ ی گرتووە. شادی لە دووکانی دەردەداراندا.

دەشگونجێ (دەردینان بەکۆ.. نێچیرە برینداره‌کانی... صەد بەڵای) باڵاکە بن، وە تێکدانی دوکانی شادی دەردەداران بە قەزاو بەڵای باڵاکەی چووبن.

٢ – دڵ مدۆ وە دەم نێش ئێشەوە

بی وە قەزای سەخت دیدەی وێشەوە

دڵ ئەدا بەدەم چزوی ئێشەوە، وە بوو بە قەزای سەختی دیدەی خۆیەوە.

لە دیوانەکەدا هاتووە کە بەرامبەر جوانێ وتراوە کە پیر بووە. یانی خودی جوانەکە نەیتوانیوە باری جوانی خۆی هەڵگرێ و خۆیشی بووە بە داوی بەڵای دیدەکانی خۆیەوە. دەکرێ قوڵ تر و کەمێ دوورتریش بڕۆین.

ئەو یارەی کە باڵای خاوەنی صەد بەڵایە (کینایە لە جوانی کە دڵ زۆر بپێکێ) وە بەناردنی ئەو بەڵایانە بۆ دڵان... دڵ بە نووك و چزوی ئێشی بەڵاکانی دەپێکێتەوە.

دواجار خۆی پێوە دەبێ... چونکە ڕێی لەدڵێك دەكەوێت كە مەنزڵی خۆی بێت و ئیتر خۆی بپێكێت وە ئەم (ماناوا، مەفهومە لە داستانە ئەڤینەكاندا) هەیە و مەولەوی سوژەی وێنەكەی لەوتانە چنیوە. لە نێوان (نێش، ئێش، وێش) جیناس هەیە.

ئەم سوژەی پێكرانی نازارانە بە تیری جوانی خۆیان نموونەی لە شیعری پێش مەولەویدا هەیە و لەوبارەوە شیعرێكی یۆسۆ ئاسكەیە كە چوەتە ناو چەندوچونە ئەدەبیەكانەوە بە تایبەت لای مامۆستایان(محمدعلی قەرەداغی و ئەنوری سوڵتانی و حەكیمی مەلا ساڵح) بەلای منەوە حكایەتەكە بەم جۆرەیە:

ئەگەر دروست بێت پەریزاد خانمی ژنی خان ئەحمەد تووشی دەردی (سا) بووبێت.وەك مامۆستا حەكیم دەڵێت{دیوانی بێسارانی حکیم ل٤٩١}ئەوە براوەتە سەر بابا شێخ كە شەخسە و ڕەنگە ئەو نەخۆشیەی گرتبێتە خۆی. وە لە هەورامانداچەندین پیر و وەلی هەن كە بوونەتە مەرجەعی چارەسەربۆ نەخۆشیەكان. (لەو ناوەدا بابا حەیرانی و بابا شێخ هەن. ژیانیان زۆر پێش سەردەمی بێسارانی بووە.ڕەمزوڕازی ئەو پیرانەو تێكڕای ناوەكانیان نزیك دەبنەوە لە سەردەمی پیرشالیار) ئەم بابە تە سوژە و ئیلهامی شیعرەكەی(جە بێساران ماڵ......یا پیر بابا شێخ جە بێساران ماڵ)ی یوسۆ ئاسكەیە و ئەو بۆ خۆی نووسیویەتی و ئاراستەی كەسی نەكردوە و من لام وایە دواتر بێسارانی لە خۆشی شیعرەكەی یوسوەوە بوەتە نوێنەری بابا شێخ و وەڵامە شیعری(یوسف كەم نیەنی)نوسیوە و سەرچاوەی دەردەكە دەخاتەوە و ئۆ باڵی جوانی هەمان نازارو جوان بە تایبەتی و لەیلا بە گشتی. واتە ساتی نوسینی شیعرەكەی یوسف قسە كردنە لە گەڵ بەهرە یان غایبدا. كۆتای شیعرەكە لای سوڵتانی و قەرەداغی لە یەك نزیكە و لای مامۆستا حەكیم ناوی ڕاستی بێسارانی براوە. كە من لام وایە سەرەتای دەسكاری كردنەكە بوە و لە پێناو ئەو خەیاڵەدا كراوە كە بۆچوونی (بۆ بێسارانی نووسینی شیعرەكە بسەلمێنرێ ).

دیارە ئەمەی ئێمەش هەربۆچوونە و ناسەپێنرێ. سەرنجێكی تریشم هەیە كە لە هەناوی دوو تێكستەكەوە هەڵقوڵاوە ئەویش ئەوەیە كە دیدی دوشاعرەكە دەردەخات لەوەی مردوو بە چاك یان خراپ دەخڵی بە سەر ژیانی زیندوانەوە نیە بیركردنەوەی ئێمەیە دەسەڵات بە شەخسەكان دەبەخشێ. ئەمەش دووشاعرەكە جیادەكاتەوە لە كۆی

بیر کردنەوەی خەڵکەکە. لە بەر دوور نەکەوتنەوە و درێژ نە بوونەوەی بابەتەکە شیعرەکان ناگوازینەوە و خوێنەر بۆ بەراورد و خوێندنەوەیان سەیری ئەم سەرچاوانە بکات: ١)کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی بەرگی دووەم ل١٥٦-١٦٠.

٢- دیوانی بێسارانی حکیم مەلاساڵح ل٤٨٨-٤٩١

٣- کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی گۆرانی.ئەنوەری سوڵتانی ل٣٦..

١ – بکیانە پەیکێ وە یارانەوە

پەی کێ پەی مەجنوون بیارانەوە

پەیام و پەیکێ لەگەڵ یارانا بنێرە (فروستادە) بۆ کێ؟ بۆ مەجنوون بیهێننەوە، مەولەوی بە شێخ بهاالدین دەڵێ، وەفدێ بەنامە وە، بنێرێ بە دوای شێخ عمر ضیاالدین دا کە تۆراوە و تەویڵەی بە جێ هێشتووە، با بیهێننەوە. لە دیوانەکەدا پاڕانەوە نووسراوە.ئێمە شوێن ڕای مامۆستا حەکیم کەوتین و (یارانەوە) مان بە درووست تر زانی{مەولەوی حکیم ل٩١} . وە ڕەنگە گیروگرفتی، جێ نشینی و ارشاد کردن لە نێو هەندێ لە شێخاندا هەبوو بێت کە ئێرە جێ ی ئەو باسانە نی یە. مەولەوی لەسەردەمی شێخ سراج الدین دا چەندین جار (وەفدی دان وسان) بووە و ڕۆڵی زۆر و ئاشکرای لە ڕێك کەوتن و ئاشتەوایی دا بینیوە، دیارترین نوێنەرایەتی کردنی (هاوڕێی لە گەڵ ئەبولوەفا و مەلا ئەحمەدی نودشێ دا) بووە، بۆسنە.

ڕەنگە ویستبێتی بە شێخ بهاالدین بڵێ با بچم بە دوای شێخ عومەردا بیهێنمەوە. کە شێخ عومەر چووەتە مەریوان، وە ڕەنگە مەولەوی پێشبینی ڕووداوەکەی نێوان فەرهاد میرزا و شێخی بهاالدین کردبێ، کە دەگاتە شەڕ، وە ترسی بووبێت شێخ عومەر بکەوێتە بەرەکەی ترەوە... کە ئەم بابەتە قەڵەمی شارەزایانی ئەو بوارە مێژوویە و جۆری پەیوەندی خێزانی گەورە و ڕابەرانی دینی و سیاسی ئەم میللەتەی دەوێ.

٢- مایەی بێ مەیلیت بشارانەوە

با باست نەشۆ بە شارانەوە

مایەی بێ مەیلیت بشارنەوە و دەنگ و باست نەڕوا بە شارانەوە. واتە شێخ عومەری برات تەوەللا و دور بێت، دەبێتە مایەی بڵاو بوونەوەی باس و ناوی بێ مەیەلی تۆ، بۆ ناو بانگی تۆ خراپە، ئەم شیعرە چەند گرنگە لە ڕووی دەرخستنی پەیوەندی نێوان ڕابەرەکانی ئێمە و ململانێکانی دەسەلات (دینی- دنیایی) هێندەش

بەڵگەیە کاتێ کە شیعر وەزیفەی تری ڕاگەیاندن وەردەگرێت، چەندە لاواز و ناشیرین و دوورە لە خەیاڵی بەرزی هونەری، ئێمە لە مێژووی ئەدەبی نوێماندا لەو جۆرە شیعرەمان زۆرە تەنانەت لای گۆرانی ڕابەریش، ئەم شیعرەی مەولەویش دیارە، کە زۆر لە قسە دەچێت.. و دوورە لە دنیای شیعریەتی.

بۆ باس و خواسی ناوەڕۆکەکەش دیارە ساردییەك لە نێوان بهاالدین و شێخ عومەری برایدا هەبووە، و دووەمیان تۆراوە. ئێمە دەزانین شێخ عومەر لە خزمەتی باوکیا خوێندوویەتی و تەریقەتی وەرگرتووە. بە فەرمانی شێخ عوسمانی سراج الدینی باوکی لە خزمەتی شێخ بهاالدین براگەورەی دا خەریکی سلوك و ئادابی تەریقەت بووە. هەر بە فەرمانی شێخ عوسمان سراج الدینی باوکی ئیجازەی خەلافەت و ئیرشاد لەلایەن شێخ محمد بهاالدینەوە دەدرێتە شێخ عومەر ضیالدین. دەقی ئیجازەکە لە یادی مەرداندا بلاّوکراوەتەوە{یادی مەردان ب٢ل١٥١-١٥٣} وە لەناویدا شیعرێکی فارسی هاتووە، کە ئاماژەیەکی نزیك دەدات لە ئاشتی –تۆران –باش- خراپ... هتد، دەقەکەی خراپ نی یە بنووسین.

زيك شاخيم اگر شيرين اگر تلخ زيك بزميم اگر هشيار اگر مست

لە کەشکۆڵەکەی حاجی مەحموود یارەویسدا دووبەیت بە ناوی مەولەویەوە تۆمار کراون کە نزیکن لە داڕشتەی ئەم شیعرە فارسیە.پێم باشە بیان گوازمەوە بۆ ئێرە:

عەجەب دارێوەن نەی مەرز و بوومدا

نەی چەمەی بێ شۆی باخچەی مەعدوومدا

دوو ئەمەر بەخشەن جامی ئەشکاران

شادی ئەغیاران خەمناکی یاران

{کەشکۆڵی یارەویس ل ٥٦}

هەروەها لە هەمان کەشکۆڵدا ئەم شیعرەی مەولەوی بووەتە دێڕی (٣ و٤ )ی شیعرێك مەلا عومەری ڕەنجووری کە ژیانی پێش مەولەوی بووە و دیوانەکەی لەلایەن مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغیەوە چاپ کراوە.مامۆستا عوسمان هەورامیش کە ساخ

کەرەوەی کەشکۆڵی ناو براوە ئاماژەی بەوە کردوە کەدیسان هەر لە هەمان کەشکۆڵدا بەناوی مەولەویە وە تۆمار کراوە. بۆ بەراورد شیعرەکە بەو جۆرەی کە بۆ ڕەنجووری تۆمارە دەنووسین و سەرنجی ئێمە لەو بارەوە ئەویە کە شیعرەکە هی ڕەنجووریە و ڕەنگە مەولەوی لە پەیخام یان نامەیەکدا بە مەبەستی کارەکە هێنابێتی کە ئەمە ئەو کات و ئێستاشی لە گەڵ بێت باو بووە بە پێی کار و ناوەڕۆکی دارشتن سوودیان لە شیعری گونجاو بۆ شوێنەکە وەرگرتووە.کە زۆربەی نامەکانی نێوان شێخان و مریدو مەنسووبەکان لەو نموونەیان تێکەوتووە. بە هەڵە دانە پاڵی هەندێ شیعر بە پیران و شێخان لای بەیاز نووسانی کۆن و لێکۆڵەرانی ئەم سەردەمە لەوروانگەیەوە درووست بووە. هەر لەم سۆنگەیەوە شیعری (یا کاغەز بریان یا مەلا مەردەن) ی بێسارانی کراوە بە شیعری شێخ عوسمانی سراج الدین. کە ئەو نەمرانە بێ قەسد ئەوکارەیان کردووە و بۆ عەرزی ئەدەب لەو عورفە کەڵکیان وەر گرتووە.

شیعرەکە بە ناوی ڕەنجووری:

بە خارانەوە بەخارانەوە

قیبلەم وەس سفتەم بە خارانەوە

وەس جەرگم بدەر وە خارانەوە

باوەس بگێڵوون وە خارانەوە

بنمانە پەیکێ وەیارانەوە

مەجنوونت جە نەجد بیارانەوە

مایەی بێ مەیلیت بشارانەوە

با باست نەشۆ وە شارانەوە

نامەی وەفاو بەین بە پەیمانەوە

با هەر بمانۆ وە پەیمانەوە

ڕەنجووری ڕەنجەن وە ڕەنجانەوە

هەنی وەس دڵم بڕەنجانەوە

{کەشکۆڵی یاروەیس ل ٧٧}

## شیعری سیازدەیەم

١ – بڵێسەی ئاهیر نە دەروون خێزان

ناڵەم الفراق یەعقوبی بێزان

بڵێسەی ئاگر لە دەروونم بەرزبوویەوەو هەستا، ناڵینم فراقی یەعقوبی لەبەرچاو خست. ئەو ئاگری دووریەی بەربوەتە دڵی من و ناڵەم دێت، ناڵە ناڵی من (هاوار و ناڵەی یەعقوب بۆ یوسفی بێزان) فراقی من و یار، بە سوێترو کاریگەرترە لە یەعقوب بۆ یوسف. بە باری عرفانیش دا دروست ترە، چونکە لە خودا دوور بوون.. لە هەموو دووریەکانی ترخراپ ترە، زەمی فراقەکە بەسەر فراقی یەعقوبدا لەوێوەیە.

مەولانا خالدیش لەم بەیتە بەرزتر و کاریگەرتری هەیە بە جۆرێ بەسەر دۆزەخدا زەم دەکات و فەرموویەتی:

دوور جەقامەتت قیامەت خێزان

هجرت شەرارەی جەهەنەم بێزان

دوور لە قامەتی تۆ قیامەت هەستاوە و دابڕانت تین و تاوی دۆزەخی بێزراندووە. شێخ یەعقوب جانی جافیش دەڵێ:

خەریك مەندەنان من چەنی زامەت

دوریت نمانان پەنەم قیامەت

فیدای دوریت بام پێسەش کەردەن پێم

بێزار بیەنان جە زیندەگی وێم

٢ – تەمی خەم یانەی دڵ خاپوور کەردەن

ڕای ئامای لای تۆ جە یادم بەردەن

تەمی خەم ماڵی دڵی وێران کردووە، ڕێگەی هاتنی لای تۆی، لە یاد بردوومەتەوە.

خەم هێندە زۆری بۆ هێناوم تەم و دووی دڵی وێران کردووم و ڕێگەی هاتنە لای تۆ پێ نازانم و دەرکی ناکەم... یانی ڕێگەی لەبیر بردومەتەوە. لە تەمتوماندا ئاستی بینین کەم دەبێتەوە. من پێم وایە ئەم شیعرەش دەست دەدات بچێتە ڕیزی (عەنبەرە شیعرەکان)ەوە،، بێ عەنبەری لای مەولەوی زیاتر هاندەری مەولەوی بووە، بۆ وەستان، لە سەر بوون و نەبوون و مەرگ و ژیان. من بۆیە واش دەڵێم مەولەوی خۆی لە شوێنی تر دەڵێ ئەمڕۆ یاسبەی دەگە مەلات، ڕەنگە ئەمڕۆ سبەی زۆری کێشا بێت و مەولەوی بە تەما نە بووبێت دوای عەنبەر ئەوەندە بژی، بۆیە پاکانە دەکات لەوەی کە نەمردووە.ئەم سەرنجانەش دەمانگەیێننە ئەو بڕوایەی عەنبەر بەر لە پیر بوون مردبێت و زووتر لەو مێژوو ئەگەرانەی بۆ کۆچی ئەو خاتوونە خراوونەتە ڕوو. درووست ئەو کاتانەی کە مێردێك پێویستی بە ژنە مەولەوی بێ ژن بووە. ئەمەشە هێزی داوە بە عەنبەرە شیعرەکانی مەولەوی. چون ئەم مانایانە زۆرن لە دەوری مەولەوی دا. با بۆ بەڵگە نزیك بینەوە لەم شیعرانە و لە وێوە سەرنج بگرینە ئەم شیعرەش.

ا) وە مەرگت دیدەم هام نەگوزەردا

منیچ لام لای تۆن ئارۆ یافەردا

ب) بینایی بەڕاس، دڵەی پڕ دەردم

ئای چەند سەرسەخت بیم لوای نە مەردم

سەیرە من دوای تۆ نەمردووم من بە تەما بووم دوای تۆ ئەمڕۆ سبەی بمرم و بگە مەلات، بەڵام دیارە ماڵی دڵم تەمی خەم دایپۆشیووە. ڕێگەی لای تۆی لە یاد بردووم. بۆیە من دڵنیام لەو (٨) پارچە باوەی کەهەن و ناسراون، مەولەوی شیعری تری بۆ عەنبەر نووسیوە وە مەرگی عەنبەر گەرلە شیعری سەر بەخۆشدا نەبوو بێ، هاتووەتە شیعری تریەوە. دەکرێ بڵێین مەولەوی دوای عەنبەر هەرچی نووسیبێ چاوێکی لە دوای عەنبەر بووە، لەم شیعرەشدا پاکانەی نەمردن دەکات بۆ عەنبەر، کۆتا دێڕیش داوا لە ساقی دەکات (ئاشتی دروست کات لە هەستی و فەنادا، یانی یەکلایی کاتەوە.ئەم ڕاڤەو بۆ چوونانە ڕێگر نابن بۆ پێدانی ماناو بابەتی عرفانی، بەڵکوو یارمەتی دەرێکی باشیش دەبن.

٣ – مەگێڵون نە گێج بەحری ماتەمدا

هەر خەمەن مەیۆ وە بانی خەمدا

لەناو گێژو خولی بەحری ماتەمدا دەگەڕێم، هەر خەمە دێت بەسەر خەمدا

٤ – خەم زۆرش گێرتەن بە وێش مەنازو

ساقی بۆ بەعیشق ئایەی وامتازو

خەم دەسەلاتی پەیدا کردووە و زۆری (قوەتی) وەبەرهێناوە بە خۆی دەنازێ، ساقی وەرە بە خاتری عیشقی ئایەتی و امتازو. (عیشقی ئایەی وامتازو) مەولەوی لە چەند شوێندا هێناویەتی و دووبارەی کردووەتەوە ﴿وَامْتَازُوا الْيَوْمَ أَيُّهَا الْمُجْرِمُونَ﴾ سورەتی یاسین ئایەتی(٥٩).

٥ – صوڵحێ دەون وە بەین هەستی و فەنادا

وەس خەیاڵ بەرۆم وەی لاو وەو لادا

ئاشتی یەك بخەرە نێوان بوون و تیاچوون، با بەس خەیاڵ بەم لاو بەولادا بمبات. (صوڵحی دەون) واتە صوڵحێ بدەم. دوای داواکە لە ساقی، مەولەوی تەمەننا دەکات خۆی بتوانێ لە نێوان (هەستی ونیستی) دا ئاشتی یەك بێنێتە ئاراوە خەیاڵی کەم بێت یان کەم لە نێوان بوون و نەبوون دا (زیندویی خۆی و مردنی عەنبەردا) دا خەیاڵ بیهێنێت و بیبات دەشگونجێ مەبەستی (بەقا)بێت کە وەلی دوای گەشتن و فەننا، دەگاتە دەوڵەتی بەقاو ئیتر یەکلایی بووەتەوە.

١ – بەهەشتی باقی دیەن دەڵبەرەن

جەقسمەت خانەی ئەمن ئەو دەرەن

بەهەشتی نەبڕاوە و هەمیشەیی بینینی دڵبەرە کە ئەوەش لە بەخت و بەشی مندا بە دەرە. واتە (ویصال- بینینی دڵبەر) لە ماڵ و خانەی بەخت و بەشی منا نیە، لە دەرەوەی ماڵی بەخت و بەشی منایە.

٢ – ساکە وەی دینەن بەهەشتی باقی

ئیسە من بێ دین دوورە جێم تاقی

ساکە مادام بە هەشتی نەبڕاوە بەو (دینە) دێتە دان، ئێستە من بێ بەش و دوورم و تاك و تەنیا جێم گرتووە (ئەو دینەم نیە بگەمە بەهەشت).

کاك حکیم (بێدینی بە دینم نیە{مەولەوی حکیم ل١٦٦-١٦٧}، ڕاڤە کردووە، مامۆستا حمە ڕشید ئەمینی لە پیاچوونەوەکەی دا ڕاستی کردووەتەوە{مهرەجان ٢ ل٣,٧-٣,٨}، هەر چەندە من هێندە هەڵە نابینم لە ڕاڤەکەی کاك حەکیم دا، بەڵێ مەولەویش دەفەرموێ:

من ئەو دینەم نیە بمگەیەنێتە دیدەنی دڵبەر کە بۆ خۆی بەهەشتی نەبڕاوەیە. من مادام بینینی یارلە قسمەتما نیە، کەواتە دڵبەر نابینم و بەهەشتی وەسڵی نابێتە نسیبم – مادام ناچمە ئەو بەهەشتی دیدەنی دڵبەرە و لە قسمەت و نسیبما نیە. کەواتە لە دەرەوەی ئەو بەهەشتەم و دورە جێم... ئەمەش دەمانباتەوە سەر بێ دینی. بێ دینی لە خزمەت ڕاڤەی وێنەکەدایە... نەك ئیمان و عەقیدە. لە دەرەوەی وێنەکە. کەواتە مامۆستا حەکیم زۆریش خراپ بۆی نەچووە.

له شاری عارفاندا ڕواڵەتی وشه حسابێکی ئەوتۆی نیه عطاریش فەرموویەتی:

دلم بر خاست و دینم رفت ا ز دست

کنون من بی دل و بی دین نشستم   {غزلیات عطار نیشاپوری ل۲۷٥}



شیعری پازدەیەم

با ڤلتێ نەویٚ بە کەلامتا

نەك نەدامەتیٚ بیٚ وەشانتا

با (وتم) لە قسەکردنتا نەبیٚ، نەك پەشیمانی بیٚ بە شانتا

سەد سالٚ بیوڕی و کلکی هەڵپاچی

لە دەست ساحێو مالٚ هەرگیز دەرناچی

سەد سالٚ وتم وتم بکەیت و بیبڕی و کلکی هەڵپاچی (واتە گۆڕانی بەسەرا) بێنی هەردەناسرێتەوە و ساحیب ماڵی پەیدا دەبێت و تۆش دەرناچی.

کەواتە ماڵی کەس نابێتە هیی کەس و خاوەنی ڕاستەقینەی دەردەکەوێت بە پیٚ ی ئەو سەرگوزەشتەیەی مامۆستا عوسمان محمد هەورامی دەیگێڕێتەوە لە خوا لیٚ خۆش بوو مەلا عبداللە ی چرۆسانی{مهرەجانی مەولەوی ١سالی ١٩٨٩ ل١٩٥}، دیدگای



ڕەخنەگری مەولەوی مان بۆ دەردەکەوێت دەبێ مەولەوی ئاگاداری کارتێ کردن و ئاڵوگۆڕ و دزی یە ئەدەبیەکان بێت وە ڕەنگە هەر لەو سەردەمەدا هەستی بە بردن و تێکەڵ کردنی شیعری خۆیشی کردبێت و کە دوای خۆیشی لای پیرە مێرد، دەرکەوت ئەم شیعرە و هەڵسەنگاندنی شیعرەکەی (مەحروم —و خانا)، و مەکەردێ مەنعەم، بۆ شێوانی قافیەی شیعر، دەبنە سێ بەڵگەی گرنگ بۆ ڕەخنە و دیدگای ڕەخنەگری مەولەوی.

## شیعری شازدەیەم

١- بێچارە وە تای زوڵفت گیربیەن

ها نە پای تەل دا جواوش نیەن

بێچارە (دڵ) وە داوی تاڵی زوڵفت گیراوە، ها لە پای تەلداو جوابی نیە.

(پای تەل) لە دیوانەکەدا بە کەسێك لە سەر هێڵ ی تەلگراف بێ و وەڵامی دەست نەکەوێ ڕاڤە کراوە. تەل... هەمان تای زوڵفی یارە.... کە وەك داو نراونەتەوە بۆ دڵ و دڵیان گرتووە دڵ لە خەیاڵی دەربازبووندا بە زوڵفەوە ئاڵۆسکاوە و وەڵامی نیە. زیندانی بێ وەڵام... گەرچی ئەم شیعرە لە دیوانەکەدا تاکە، بەڵام لای پیرەمێرد دوو بەیتە و ماموستا ئەردەڵانیش لە وەرگێڕانەکەی دا هێناویەتی. و سەرنجی لێ داوە، لەبەر ئەوەی پیرەمێرد{مەولەوی سۆرانی پیرەمێرد ل٧٨}، لە دوای شیعری (ئەدای پەشێوی)دا دایناوە. لێرەدا دێڕەکەی تر دەنووسین:

من و بێ مەیلی چوون وا تەن شەو ڕۆن

مەیلت نە دڵدا دڵ هەر جەلای تۆن

بێچارە وە تای زوڵفت گیربیەن

ها نەپای تەلدا جوابش نی یەن.

لە عرفاندا (دڵ و داوی زوڵف) ویلْ بوونی باوەڕی دڵە بۆ لادانی پەردە و نهێنیەکانی مەعشوق، زوڵف ڕوودەپۆشێ و دڵان ناگەنە پەردە لادان و گیرۆدە دەبن. ئەم باسە لەمەجازدا و لە حەقیقەتدا نموونەی لە شیعری کۆن و نوێ ی کوریدا زۆرە.

هاتم بەبۆنەی خاڵت توشی داوی زوڵفت بووم

تەیرێکی نابەڵەد بووم نەمزانی دانەی داوە

(وەفایی)

ئەحمەد هەردی:

هەولّی زۆرم دا لە داوی زولّفی ئەوبێ مروەتە

دەرچم و دوایی بهێنم بەم عەزاب و مەینەتە

زۆر نزیك لەوەی مەولەوی هێمن دەلّێ:

ئەسیری کە زیەتە کۆتری دلّی من

دەبێ حالّی چ بێ کۆتر لە تۆڕا

شێخ عبدالرحمن ابو لوەفاش دەلّێ:

پا بست (وفا) نیست دلّ غم دەجانا

از دانه  خال تو در أ فتاده  دام است

## شیعری حەڤدەیەم

۱- برِیا وە بالآی کالآی رِەئیسی

رجال الغیبە ئەحمەد پریسی

کالآی رِەئیسی (ناوی راستەقینە وسەرەکی) برِاوە بەبالآی ئەحمەد پریسیدا و بوو بە پیاوی غەیبی.

پیاوانی غەیبی مەئموری خوداییں، دەتوانن بە نهێنی و ئاشکرا کار و فرمان جێ بەجێ بکەن، بۆ هەر شوێنێك پێیان سپێرا دەتوانن ئامادەبن{گەوهەری حەقیقەت ب۲ل٤۳.}سەرنج بدە لە گێرِانەوەکان سەبارەت بە پیاوچاکان و شێخانی تەریقەت، خودی ئەحمەد پریسی (مەجزوب) ئەو شیعرو عابایەی بۆ مەولەوی دەنێرێت ناوی (رجال الغیب) دەبات بەم جۆرە:

عابام کیاستەن تان و پۆ بێ عەیب

سۆقاتەن پەرێت تۆی (رجال الغیب)

هەر بۆ پلەی سۆفیەتی کاك ئەحمەد، مەلا عەبدوڵلآی داخیش لە وەسفی دا دەڵێ:

سەواری نەیجەی باڵۆڵی دا نا

دێوانەی وە عیلم حەقیقەت زا نا

سەرداری سەردار حەللاجی پانی

گۆیای ا نا الحق دا نای سوبحانی

جبەی تەن خاڵی، نە ما سیوای حەق

هوەیدا مەملوو جە زاتی مُطلق

نەیجە سوار یان نەی سوار کردەوەی باڵوڵ بووە سواری قامیشێ بووە گوتوویەتی دەچم بۆلای خودا.پێموایە نەیسارو نەیسوار لەشیعری کوردیدا باش راڤە نەکراوە تەنانەت لای نالیش وەك گرەوی لێهاتوە.

شتێکی سەیرتریش لای من ئەو یاریەی منالآنی هەورامان بوو کە دارێکیان دەکرد بەولآخ و دەیانڕازانەوە و سواری دەبوون، من بۆخۆم ئەویاریەم کردوە.خەڵکی سۆسەکانیش بە قامیش سوارناسراون و تەنانەت پێیشی تورەدەبن.ئەویاریە لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا باوە من دڵنیام حکایە تی ئەوڕازە دەچێتەوە لای باڵوڵ.بۆیە دڵنیام مەولەوی وهاوڕێیانی لەوقوتابخانە شیعریە زۆر ئاگاداری سەرچاوە عرفانیەکانی یارسان بوون.خاڵێکی گرنگی تر کە دیسان دەکرێت ببێتە وەلآم بۆ کتێبە هێژا کەی لەتیف هەڵمەت لەم شیعرەی مەلا عەبوللآدا هەیە ئەوەیە کە ناوبراو بە کاك ئەحمەدی مەجزووب دەڵێ:

لە ژێری عاباو جبەکەی بەرتدا هیچ شتێ نی یە بێجگە لە حەق، وە دووپاتی دەکاتەوە کە لە ژێر جبەکەی مەجزووبدا زاتی موتڵەق دەرکەوتووە.کە ئەم (هیچ لە ژێر ئەم جبەدا نیە،بێجگە لە خوا)لای ئەوسوفیانەی کە کاك لەتیف دەیان ناسێ هەیە. دووبارە لای ئێمەش هەیە و ئەندێشە گەری خواویستی و خوا یاری موڵك و تاپۆی هیچ تاك و نەتەوەو زمانێك نیە. ئەم موڵك و ماڵە لە ئادەم تاپۆ کراوە و ئادەمیش ئەو میراسەی بە یەك کوڕی نەداوەو دەگەڕێتەوە بۆ هەموومان.

## پیتی( پیٚ )

### شیعری یەکەم

١- پەشێو وێنەی وێم نیشتە بێم خەجڵ

دیم شادی دەس دا نە دەروازەی دڵ

پەشێو وەکو خۆم،دانیشتبوم،سەرگەرم،دیم شادی دەستی دا لە دەروازەی دڵ. (خەجڵ- بەشەرمەزاری و خۆ خەریك کردنیش ڕاڤە کراوە.

چواندنی شاعیر بە خودی خۆی لەو عادەتەی مەولەویەوە یە کەزۆر ئەو هونەرەی بەسەر یەکدا شێلاوە.(پەشێو وێنەی وێم )چواندنە کە بەرەوبیٚ وێنەیی و بیٚ نمونەیی ئاراستە دەکات (خۆم وەکو خۆم پەشێو )کەس بەحاڵی من نی یە.

بەپەشێوی و بێحاڵی خۆمەوە خەریك مابوم و دانیشتبوم کە شادی دەستی دا لەدەروازەی دڵ (دەست دانی شادی لە دەروازەی دڵ ) دارِشتەیەکی شیعری ستاتیکی جوانە لەڕیٚ ی (خواستنەوە ) دروستی کردووە، لەڕۆحەکەی پیرەمێردا ئەو جوانی یە وونە

لیٚ ی ڕاکشابوم وەك خۆم پەشۆکاو

دیم هات دڵ خۆشی لەدەردا بەتاو

{مەولەوی سۆرانی پیرە مێرد ل١٩٥}

مامۆستای ئەر دەلانی جوانتر ئەم بەیتەی کردووە بەسۆرانی هەرچەندە گۆرانێکی کردوە کە لەجێی خۆیدا نی یە و دەلالەتی وشەو مانا تێك ئەدات

دانیشتبوم کز وەکو خۆم خەجڵ

دیم شادی دەستی دا لەدەرکی دڵ

{ دیوانی مەولەوی سۆرانی ئەردەلانی ل١٤١ }

مامۆستا (پەشێو) ی کردوە بە(کز) کە جیاوازیان زۆرە،لەپەشێویدا حەرەکەت و شڵەژان و نا ئارامی هەیە بەڵام لە (کز) دا سکونەت و بێ جوڵەیی و دۆش دامانی هەیە

ئەم شیعرە وەڵامە نامەیە بۆ ئەحمد بەگی کوماسی

٢- واتم نامانی هەرگیز های چێشەن

لەب بەردەوە چێش نامەیێ پێشەن

ووتم نەهاتووی هەرگیز (شادی ) های چی یە ( پێکەنی ) (چی ) نامەێیکی پێ یە. ئەم بەیتە لەڕواڵەتا زۆر سادەو سواو و دوبارە دێتە پێش چاوی خوێنەر، بەڵام بەلەسەر وەستانی تەربیەتی شیعری مەولەوی تیا ئەدۆزیتەوە.

شادی هەرگیز لای لە مەولەوی نەکردوە،ئەم جارەیان سەیرە،چۆن هاتوە. وەڵام وەردەگرین کاتێك بۆ ئەوە بچین خودی شادی (بونی نامەکەی کۆماسی ) یەو لەبەر ئەو هاتووە، شادی بەنامەکەی کۆماسی خەندەوبزە گرتویەتی.

٣-بە تاریکی خەت مەعناش مەجۆشا

چون ئاوی حەیات دڵ خاس خاس نۆشا

بەتاریکی خەتەکەی مانای ئەدرەو شایەوە وەکو ئاوی حەیات، دڵ چاك چاك لێی نۆشی. د.انور لەسەر ئەم شیعرە دەنوسێ،ئەم غەزەلە بەئەفسانەو هەندی وێنەی هونەری تر خولقێنراوە،لێرەش دا ڕەمزی ئاوی زیندەگانی بەکار هێناوە و باسی خولیای ئادەمیزادی لەگەڕان لەتاریکیدا بەدوای ئەم نهێنیەدا کردووە{بڕوانەلیریکا ل١٩١} مەولەوی لە شوێنی تر (حەیات و ضوڵات ) پێکەوە پەیوەندی دار دەکات و دەڵێ:

حەیات جە ضوڵات جیانمە بۆ کاوە وە بێ بەرگ سیا نمە بۆ

حیکایەتی گەڕان بەدوای نەمریدا لە ئەفسانەکاندا مرۆڤی ماندو نەکردووە و ئەوهەوڵە تائێستاش بەردەوامە. بەڵام بەهۆکاری جیاتر مەولەوی دەزانێ کە (ئاوی حەیات سەرچاوەکەی چوڵماتە) مومکین نی یە، بۆیە ئەم جارە لەتاریکی خەتدا، چرا

ئەدات بەدەست ئێمەوە.نوسین لەڕێی پیتەڕەشەکانەوە دەکاتە سەر چاوەی نەمری و (مانا)ش دەکاتە ئاوی حەیات، نەمری خۆیشی بەنۆشینی ئاوی حەیات نەبووە. بەڵکو مەولەوی لەتاریکی خەتا ئەدرەوشێتەوەو نامرێت.

بێجگە لەچەمکی (ژیان و مردن ) کە ئالأوەتە شیعرەکەو لەئەفسانەی (ئاوی حەیاتا ) دێت و دەچێت.ئێمە دەبێت لە (درەوشانەوەو تاریکی) سەرنج بدەین کەبیر یاران و هزرە وانان و ئەندیشمەندان...لەجەهلی کۆمەڵگاو تاریکستانیدا درەوشاونەتەوە. مەولانا خالید هەر لەم ئەفسانەوە ووزە وەردەگرێت و بەرامبەر نەیارەکانی دەبێتەوە، کەچۆنە مەولانا دەچێتە بوسگام ودەهلی و سمنان و نەیشاپور و گوس و جامو هورات و غەزنەین و کابل ٚ و لاهورو قەندەهار، کەچی لە مککەو مەدینەو شوێنە منەوەرەکانی ئیسلامدا نامێنێتەوە، ئەمەش دەکەنە بوختانی تەریقەتەکەی کەدینی مەجوسی و ئاگر پەرست و دارو بەرد پەرستە کانی هێناوە، مەولانا بە هێزی مانای ئەم ئەفسانەیە وەلأمیان دەداتەوە:

سکەندەر کەوتە تاریکی بەشوێن ئاوی حەیاتا و من

لەتاریکی شەوا دۆزیمەوە ڕێ ی ڕاستی چەشمەی ئاو

بۆزیاتر ئاگادار بوون بڕوانە {گەڕان بەدوای نەمریدا مولود ئیبرایم حسن چاپی یەکەم ٢٠٠٢ هەولێر ل ١٣٢-١٤٦}



مەلا عەبدوڵای ئاجی

٤-ئاخ قووەی زەمین دەرونم کەم بێ

بووڵەکەی سفتەم سەرەڕای خەم بێ

ئاخ بڕشتی زەوی دەرونم کەم بوو، خۆڵەمێشەکەی سوتانم، کرابوو بە ڕێی هات وچۆی خەمەوە زەوی خۆڵەمێش پێوە کراو،نەریتێکی کوردەواریە، خۆڵەمێش بە سەر بان یان ڕێگەی هات و چۆوە دەکرێت بۆ ئەوەی گیای لێ نەڕوێت. {مەولەوی تەقینەوەی زمان ل٥٨} بەمەش هێزی زەمینەکە بۆ ڕوان کەم دەکاتەوە.

مەولەوی دەڵێت خۆڵەمێشی لاشە سوتاوەکەم کراوە بە سەر زەمینی دەرونمداو خەمیش بەسەریا دێت و دەچێت.

(سەرەڕای ) بێجگە مانای (لە سەر ڕێگە) مانای سەر باری ئەوەش دەگەیەنێت، واتە خەمیش هێندە بەسەر ڕێگەی خۆڵەمێش پێوە کراوی جەستە سوتاوەکەمدا هات وچۆی کردووە، کوتاویەتی یەوەو قوەتی لە زەوی دەرونم بڕیوە مەولەوی لەشوینی تربۆ هات و چۆی خەم ومەینەت بەڕێگەکانی دڵ و دەروونیدا هەمان واتا بەم جۆرە دادەڕێژێ.

خێڵخانەی مەینەت یەند ئاماو شی یەن

وە سەفحەی دڵدا سوهان ساو بی یەن

لەوێنەکەدا لێکچونی هەڵگەڕاوەو خواستنی درکاو هەیە.

٥- وەرنە ئەو شەونم جەسەردا مەوە شت

مەشیا کەردایێش وە ڕەو چە ی بەهەشت

گەرنا ئەو شەونمەی کەلەسەرەوەدا دەباری، ئەبوایە زەوی دەرونمی بکردایەتە باخچەی بەهەشت.خواستن هەیە لە (شەونم ) دا سەرتا خواری نامەکەی،یان نامەکەی دوای خویندنەوەی بەدڵ بە (بارینی شەونم لەسەر زەوی )وێنە کردووە. بەلام زەوی دەرونی بێ پیتی ئەم کە بەخەم وخۆڵە مێشی سووتاو کوتراوە و هیچی لێ شین نابێت لە وێنەکە دا خواستنی ئاشکرا و جوانی باییس هەیە.



موحەمەد عەلی سولتانی لە ڤیستیڤاڵی هەوراماندا

٦- فەرمابێت ئێسا جەمین جام جەم

پاسەیچە نی یەن  تۆ دیەنت وەچەم


فەرموو بوت ئێستا دەمو چاو ئاوێنە، ئاوەهاش نەماوە کەتۆ دیوتە بەچاو.

ئەو یارەی کەتۆ دیوتە جاران ڕوخساری وەك ئاوێنەی جەم بوو(جامی جەمی جەمشید ) ئاوە ها نەماوە.دەبێت روخساری یار درەو شاوە تر بوبێت، قۆناغی (جام جەم ) ی تێ پەڕاندبێ.ئەمەش دەمانخاتە سەر جۆرێکی تری ڕوانین کە ڕوانینی دڵە،چونکە جامی جەم (ڕوخساری یار ) جاران (لەمەو پێش مەولەوی ) هەر بەچاو نیگا کراوە. تواناکانی بینینی تێدا کەم بووە، کە (ڕوخسار ) درەو شاوەتر بێتە پێش چاو  وەك ئەو سا نەبێت دەبێت بینینەکان لێ یەوە لەتوانای چاو زیاتر بن،بەمەش دەچینەوە خزمەتی عرفانی وێنەکە،مەولەوی شەرعیەتی( فەزڵی جەمین دان بە سەر جامی جەمدا) لە بینینی عرفانی خۆی بۆ بێ وێنەیی یارەوە وەرگرتووە. لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

جەمین ڕەشك جام جەم نومای جەمشید

ڕەوش سەنجەکەی قورس ماه و خورشید

بۆ تێگەشتنی زیاتر لەو بارەوە بڕوانە بۆ ڕاڤەی ئەم شیعرە لەپیتی(ج)ئەم کتێبەدا.



۷- نرخ کاڵاکەش ئالاَتەر بی یەن

صەد گیان وە پۆڵێ بالاَ تەر نی یەن

نرخی شمەکەکانی بەرز بووەتەوەو صەد گیان لەقیمەتیا پولێکن،یان زیاتر نین، مرۆڤ کاتێ عاشقانەتر لەیار دەڕوانێت، بەهای کالاکانی یار لەبازاری سەوداو مامەڵەی ( عیشق ) دا بەنرخ تر دەبن، بەجۆریك كە دەستمایەکانی عاشق بێ ئەرزش دەبن و لەو بازارە دا رەواجیان نابێت و ناچن.

۸- ئارێ تا پەی ئەو من ڕۆمەن چون شەو

شەوقەن پەی خەندەی صوبح جەبهەی ئەو

بەلێ،تابۆ ئەو من ڕۆژم وەك شەو بێت،(تاریك بونی ڕۆژم بەوێنەی شەوم ) شەوقە بۆ پێکەنینی بەیانی ڕوخساری ئەو.

مەولەوی هۆکاری جوانتر بونەکانی یار بەمیتۆدی عیشق ڕۆشن دەکاتەوە.چۆن شەوق زیاتر لەتاریکیدا درەوشانەوەی هەیە،بەوجۆرەش عاشق دەبێت شەوقەکانی تربخاتە بەر ئەزمونەوە.باشترین تاقیگەش بۆ ئەوە بەشەو کردنی ڕۆژە،بۆ ئەو مەیدانەی کەتە نها شەوقی ڕاستەقینە دەرکەوێت. ئێمە دەبێ (یەك مانا بە (جەبهە ) نەدەین. کە دیم و ڕوخسار دەگەیەنێت. کاتێك ڕوبەرەکانی تاریکی زیاد دەکەین

دەرفەتی شەوقی جەبهەی یار لەبەیاندا زیاتر دەبێت.جەبهە یەکێکە لەمەنزڵەکانی مانگیش کەواتە وێنەکە لەوە چڕترە کە ڕاڤەکرێت.

دەبێت ئێمە بەرەو مانگیش بڕۆین و فەنتازیایەکی ترو ستاتیکایەکی تر ببینین. لەڕاستیدا سەیر کردنی مانگ لەڕۆژدا هیچ پێناسە یەکی شەوق و جوانی ناکات، بۆ ئەوەی لە ڕۆژیشدا وەك شەو شەوق و جوانی مانگ هەست پێ بکەین کە(دەم و چاوی یارە) دوای ئەوەی لە (جام جەم) ە وە پێش کەوتووتر بووە،مانگ قۆناغی بالاّ ترە لە ئاوێنە. دەبێت قوربانی بدەیت، عاشق ڕۆژەکانی تاریك دەکات بەوێنەی شەو، ئەمەش لەخزمەت پێناسەکردنی جوانی مانگ دا بێژەی( بەیان ) واتای ڕاستەقینەی شەبەقی بردووەتە بەرخەندە ی بەشەوقی مانگی یار. وێنەکە( دژیەك و وەك یەك و خواستنی) تیایە

٩-تاوە ئەڕەی دەرد دڵەی من شانەن

زەریفتەر گورەی ئەو دانە دانەن

تا بەمشاری دەرد.دڵی من دا بێت و ببێتە شانە، زوڵفی ئەو جوانترتاڵ تاڵ دەبن،عاشق تا دەردە دارتر بێ مەعشوق جوانتردەبێت مشاری دەرد، دڵ بکاتە شانە بەو شانە زڵفی یار جوانتر دا دێن و دەوەستن.

بوون بەشانەی دڵ بەمشاری دەرد، ڕەنج کێشان و خۆ خەریك کردنی عاشقە بۆ داهێنانی زوڵف (پێچ و پەناو سڕەکانی ) مەعشوق

هەرچەندە وێنە کە جوانە بەڵام گەر بێ ئەدەبی نەبێت یەکەم جارە من هەست دەکەم مەولەوی لەبەر قافیە داماوەو (دانە دانەن -شانەن ) دەنا زوڵف تاتا یان تاڵ تاڵ و باقە باقە دەبن، شتێ قابیلەتی ژماردن نەبێت توکی سەرە( دانە دانە). بۆشتێکە قابیلەتی ژماردنی هەبێ. مەولەوی دڵی کردووەتە شانەی چۆ (دارین ) وە دانە دانە کەشی کە وەسفی زوڵفی پێکراوە تەوە، لەدانەی شانەکەوە بووە.واتە دڵ وەك تەختە بە مشاری دەرد داهاتووەو بوەتە شانەی دارینی دانە دار بۆ داهێنانی زوڵفەکانی یارو تاڵ تاڵ وەسانی ئەو زوڵفانە هی شانە کردنیانە بەدڵی من.

١٠- تامن دووی سفتەی جەستەم فێشتەرەن

جەلای ئاوێنەی ئەو زیاد تەرەن

تامن دوکەڵی سوتانی جەستەم زیاتر بێت،جەلای ئاوێنەی ئەویش زیاترە. شەوق پەیداکردنی شوشەو ئاوێنە،کاتێ بەخۆڵە مێش و ئەسرین پاکی دەکەنەوە. کاتێ من ئەسوتێم و دەبمە خۆ لە مێش، ئاوێنەی ڕوخساری ئەو زیاتر شەوق دە سێنێت.جەلای زیاتر یان کەماڵی جەلا:دەرکەوتنی حەقە لە مرۆڤی کاملدا{فرهنگ سۆفیانەی ل ٩٣}

کێوی طوور بە نوورو تەجەللای خودا بووسووتاو سفتەکەی بوویە کل.ڕشتنی چاو بەکل هەم سوونەتەو هەم باوەڕیش وایە شەوقی بینایی زیاد دەکات.

١١- تاسفتەی قامەت من وسمە وەشەن

ئەبرۆی ئەو وە ڕووی دڵ کەمان کەشەن

تاخۆڵەمێشی باڵای من وسمەی شیاو و جوان و خۆش کراوبێت (گیرابێتەوە و ئامادە کراوبێت). برۆی ئەو بەڕوی دڵدا کەمانی تر دەبێت. کەمان کەش – ڕاکێشانی تیرو کەمان بەمەبەستی هاویشتن.بەئەندازەی هێزی ڕاکێشان و درێژی تیرەکە. دوجەمسەری کەمانەکە دێنەوە یەك. لەوەسمەی سوتانی من برۆی ڕشتووەو کەمانی کردووە و تیری بەڕوی دڵ دەهاوێ. پیرەمێرد نیوباڵی دووەمی ئەم بەیتەی زۆر شێواندووە

تاسووتووی لەشی من وەك وەسمەیە

برۆو زوڵفی ئەو پەری و سۆنەیە

١٢-های چێشت واتەن وە ڕەحمەت شادبی

مەر زووتەر کەم بێ ئیسە زیاد بێ ؟

های چیت ووتووە ڕەحمەتت لێ بێت – مەر زوتر (پێشتر ) کەم بووە و ئێستە زیاد بووە.

یانی جاران جوانیە کەی کەمتر بوو،بەپێی ناوەرۆکی نامەکەی کۆماسی و وەسفەکانی،ئێستە جوانتر بووە، لەو کاتەی کە مەولەوی دیویەتی – مامۆستای مدرس لەم بەیتەدا دەنوسێ (مەولەوی ئاوڕ دەداتەوە بەلای کۆماسیدا ) من پێم خۆشە سەرنجێك لەڕوی تێگە شتنەوە بدەم کەناوەڕۆکی ئەم شیعرانە ( بەیتی (٦) تا (١١ ) یان هی کۆماسین و مەولەوی لە بینای شیعرەکەی خۆی دا کە وەلآمە دایناون و بە چەکی (الست و ازل و ئەوەڵ و ئاخر )ڕەخنەیان لێ دەگرێ چونکە ناگونجێ بڵێی یار جوان تر بووە لە جاران، لە بەر ئەوەی ڕابردوی یار کەم دەکاتەوە. یانی جوانی یار لە ڕابردوودا کەم نرخ دەکات.

دەلیلێکی تریش لەشیعرەکەدا هەیە کەئەو (پێنج بەیتە هی کۆماسی بن و مەولەوی بە مەرامی جوا بەجوێ و ڕون کردنەوە و جۆرێ لە ڕەخنە لە ناوەرۆکیان هێنابێنێتە شیعرەکەی خۆیەوە.ئەویش لەبەیتی شەشەمدا مەولەوی دەڵێ ( های چێشت واتەن،های چیت فەرمووە، دوای ئەم بەیتەش دەڵێ گەر لەزامی دڵی منەوە ئەتروانی وات نە دەوت ئەم سەرنجەی من هاوشانی دەست پاکی مەولەوی یە لە ئەدەبدا کەخۆی ئاماژەی بۆ کردووە.

١٣- ئەر جەزام دڵ من نیگات مەکەرد

مەزانات ئەو زات ئەو وەسف بێ گەرد

گەرسەیری زامی دڵی منت ئەکرد،ئەتزانی ئەو زاتەو ئەو پەسەند کراوە بی گەردە. یان گەرلەزامی دڵی منەوە ئەتڕوانی.ئەتزانی واتە زامەکانی دڵی ئەم دەبنە بەلگەو دەلیلی جوانی و کارامەیی لەمەوپێشی یار.

١٤- ئەو ڕاز، ئەو ناز، ئەو قەوس، ئەو خەدەنگ

بی یەن، هەن، مەبۆ، مەگێلان جەڕەنگ

ئەو رازو عیشوەو نازو برۆو برژانگە، هەبوەو، هەیەو، دەبێت و ناگۆڕێن. ئەزەلیەتی زاتی خوداو سیفەتەکانی.

## ١٥- حاڵش دەستەمل وە ئیستیقباڵەن

## ئیستیقباڵ چەنی ماظیش یەك حاڵەن

ئێستا دەستەملی داهاتووە، داهاتوشی لەگەڵ ڕابوردویدا هەر یەك حاڵ و دۆخە، دیاری کردنی خاڵی سەرەتاو کۆتای لەوبابەتەدا زە حمەتە. خەیاڵ پەرتەوازە دەکات و بیر سەرگەردان، ئەم بەیتە (دەلیلی ئیسپاتە ) و لەشیعریەت دورە، ناوەرۆکەکەی نزیك بووەتەوە لە (مەرچیە)کەی.وە ڕەنگە وەك سەرچاوە زابێتە وە ناو ئەم شیعرە، مەولەوی کاتێ ( زات، سیفەت ) ی خودای دێنە شیعرەوە. پەنا دە باتەوە بەر مەفهومە ئیمانیەکانی بۆ حاڵی بوون، ئەم بەیتە چربونەوەی ئەم بەیتانەی ( عەقیدەکەیەتی ).

ئەزەلی و ئەوەڵ بەبێ بیدایەت

ئەبەدی و ئاخر بەبێ نیهایەت

ئەزەل پەیمانی لەگەڵ ئەبەد کرد

ئەزەل هەڵ بگرد، ئەبەد دا بگرد

ئەم سەر بەرەو ژور تاقووەتی بوو

ئەم سەر بەرەو ژێر تا تاقەتی چوو

ئەو دەڵێ فەریاد این ابتیداە

ئەم دەڵێ هەی داد این انتیها

{هەڵبژاردەیەك لە عەقیدەی مە رظیە مەولەوی بابە عەلی شێخ عمرقەرەداغی ل٦٠}

## ١٦- باری دڵ وەخشت وێرانی ئاوان

## حەقت وە دەسەن نەداری تاوان

بەهەر حاڵ دڵ بەخشتی وێرانی ئاوەدانە و تۆش حەقت هەیە و تاوانت نی یە گەر واحاڵی بیت.

ئێمە لە گڵی خام دروست بوین، خشتێ کە لە وێرانەی تر کەوتووەتەوە و ئێمە ساختمانی خۆمان و دڵمان پێ ئاوەدان کردووەتەوە بنیاتێ لەسەرکوتە خشت و کۆنەخشتان بێ، لە کوێ دەرکی ئەو هەمو تەجەلاو دەرکەوتە هەمەچەشن و داهێنانە جوانانەی هەیە.

١٧- دڵ طفل و ئازیز هەر ڕۆ نە شانێ

هەر لادێ تەرزێ هەر سات نیشانێ

دڵ منالە و ئازیزیش هەر ڕۆژەی لە شکۆیەکدایە، هەردەمەو شێوەیەك و هەر ساتێ دەرکەوتن و نمایەکی هەیە.

کەواتە دڵی منالێ کە بە کوتە خشتی وێرانە ئاوەدانە لە کوێ ئەتوانێ لەو گشتە دەرکەوتن و نیشانانەی ئازیز حاڵی بێت. تەشبیهو کورت بڕی هەیە.{ يَسْأَلُهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ}

١٨- گا چوون ستارەی تاریکەی سەحەر

گا قەمەر،گاخۆر، مەیۆ وە نەظەر

جارێ وەك ( ئەستێرەی تاریکەی بەیان ) کاروان کوژە و جارێك وەك مانگ و جارێك وەك خۆر دێتە پێش چاو.

لەم دێڕەدا چیرۆکی گەڕان بەدوای یەزداندا لە ئەندێشەو هزری ڕا بردووی مرۆڤدا دەخوێنینەوە، تابە ئیبراهیم دەگات و ناوی خودای تاقانە تێکڕای ئەو ناو نیشان و فۆڕمانە تێ دەپەرینێ...

قۆناغی پەرستن و پەرستراوەکان ڕەوایەك لەم بەیتەدا وەردەگرن وە دڵی تفلێ ئاساش ناهەقی نی یە، ئەم هەموو ضهورات و تەجەلایانەی بۆ ناخوێنرێتەوە.

١٩- گاوە بێستون هەستی بیناوە

حوسنش وەگوڵ گوون وەش ئیستیغناوە

جارێ بە سەر بێستونی هەستی بیناوە ( کەکۆشك و ساختمانی دروستکراوی عاشقە بۆ مەعشوق) بەجوانی ڕەنگاو ڕەنگ و دەوڵەمەندیەوە.

جوانی وێنەکە لەسپاردنی وەزیفەیە بە بێستون. بێستون وەزیفە سروشتی و مەجازیەکەی ون کردووە و بووەتە عەرش بووەتە ( بورج و ساختمانێ لەدنیای بوندا ) کە یار ڕەنگاو ڕەنگ و جوانیەکانی تیا نمایش دەکات.وە گومان دەکرێت وشەی بێستوون (بغستوون، بغستان )بێت وووشەیەکی ئاینی میترایی بێت.چوون بغ واژەیەکی خودایانەی ئەو زەمانەی پەرستنە. بۆزیاتر ئاشنابوون بڕوانە{یاداشتهای پیرامون: مهرپرستی در کردستان.کامل صفریان ۱۳۸۵ل۱۷}

۲۰ - دەست شیرنیش ماوەرۆ وەیاد

فەرهادی نە تاق فەرقەکەی فەرهاد

دەستی شیرینی، فەرهادی ناو تاقی بێستوونمان دێنێتەوە یاد،کە ڕەنجی بە زایە چوو، خەبات کاریەکانی فەرهاد لە ڕێی عەشقی شیرینا.

مەجاز لە خزمەتی حەقیقەتدایە،وە(نما)کانی ئازیزبە هەرجۆرو شێوەیەك کە دەردەکەون،وانەیەك لە عیشق دەڵێنەوە.لە زانگۆی بێستوونی خۆشەویستیا،ئەوە شیرین و فەرهاد و لەپای دوجەیلیش ئەوە مەجنوونەکان و لە خاکی بۆتانیش ئەوە مەمەکان و.. هتد.

دەستی شیرین. هێزی لە بن نە هاتووی یاری تاقانەیە، کە توانای خوڵقاندنی ئەوهەموو ڕازانەی هەیە.بۆیە فەرهادە ڕاستەقینەکان دەبێت لەو پێناوەدا بمرن و بە تاریکیەکاندا بەرەو نەمری بڕۆن.

۲۱- گا چەرخ دیدەی صەد لەیلا فرۆش

کوورەی نار ناز ماوەرۆ وە جۆش

جرجاریش بە چەرخی دیدەی(هێنان و بردنی چاوی)کورە ئاگرینی نازی تاو دەدات وبەو چەرخ و چاوە صەد لەیلا دەفرۆشێت.

به سوڕانێکی چاوی چیرۆکە مەجازیەکان(لەیلاکان)تالآن فرۆش دەبن.یانی صەدان مەعشوقی مەجازی لەبەردەم یەك هێنان وبردنی چاوێکی یاری حەقیقی دا ڕاگیراون.ئەم بەراوردە وامان لێدەکات لە دەردی سەریەکانی مەجوونی لەیلاوە بڕوانینە دەردی سەری مەجنوونەکانی یاری ڕاستەقینە. وەتێبگەین کە دەردەکانیشیان یەکو صەدن.خاوەنی ئەوچەرخ وچاوە هەزاران جار لەشیرین شیرینترو لە لەیلا لەیلا ترە.وە دەبێت ئێمەش لە فەرهادومەجنوون لێوە تر بین.ئەی کوانێ بەلگەی عاشقیمان و بێستوون و دوجەیلی ئێمە بۆ ئەولەکوێیە؟بەو جۆرەی کە مەحوی دەڵێت:

ئەگەر تۆ ڕوو بە خاڵێکی لە لەیلا شۆخ و زێبا تر

منیش ئاشفتە حاڵێکی لەقەیسم شێت و شەیداتر

٢٢-تا بۆی حەرارەت مەوج و دەریای دەرد

مەجنوون وێنەی تەم بەرۆ هەر دەو هەرد

تا پلەکانی گەرمی شەپۆلی دەریای دەرد، وەکو تەم مەجنون هەردا و هەرد بەرێت، تینی کورەی ناز، عاشق دەردە دارتر دەکات و گەرمتر دەریای دەردەکانی دێتە شەپۆل و خودی عاشق وەکو تەم دەباتە هەرداو هەود.

لە وێنەکەدا ئاشکرایی دەردەکانی عەشق و گەورەیان لە دەریادا جێ کراوە وە قووەتی نازی مەعشوق و تاودانی کورەکان وێنە کراوە.

٢٣- خالۆ پەی جەلال ئەو کار سازیشەن

وادەی تەجەللای تیر ئەندازیشەن

گەر ئەو ئازیزە خۆی سازداوە بۆ قارکردن و وادەی گەرمەی تیر تەقاندنیەتی. ئەوە خالۆ مل کەج وئامادەیە.

یان خالۆ:ئەوە یار وا دەی تەجەللای سیفاتە جەلالیەکانیەتی،لەم کاتانەدا دەبێت ئێمە ئیبراهیم و ئیسماعیل بین. جەلال و جەلالی پێچەوانەی جەمال و جەمالیەتی یارن. عاجزی و قین وقارو غەزەب.. هتد لە سیفاتی جەلالی یارن. واتە کاتێ خۆی سازاندوە بۆ قین و قار، ئەوە وادەی دەرکەوتن و تیر بارانیەکانیەتی.

جەلال:سیفەتە نادیارەکانن (باطن) و جەمالیش یفەتە دیارەکان.جەلال. دیرخستنی گەورەیی دولبەرە بە پێی زیاد بوونی خواستی عاشق، لە ڕوالەتدا (جەمال و جەلال ) دژن. بەلآم لە دەروونددا هەر جەمالێ جەلالێکی هەیەو هەر جەلالێ جەمالێکی هەیە. ئەمەش لە نهێنیە سەر سوڕهێنەرەکانە. بۆ زیاتر تێگەشتن لە سیفەتی(جەمال و جەلال)بڕوانە {فەرهەنگی سۆفیانەی.ل ٩٣-٩٥}

٢٤- بسم الله ئەو تیر پەڕ تێدا بەستەش

ئێد نیشانەی تەن صەد جار شکستەش

بەناوی خواوە( ڕازی بوون و نیەتی کار ) ئەو تیری پەڕدار و ئەمەش جەستەی نیشانە دانراوی من کە صەد جاری تر پێکاویەتی.

تیری پەلو پۆدار.. شوێنی زیاتر بە جێ دێلێ لە جەستەدا. و ئەلێ وا من بوومەوە نیشانەی تیرەکانی کە صەد جاری تر لێ ی داوم و بریندار‌ی کردوم.

٢٥- چۆن ڕەنگ کەرۆ زام تازە، دامانم

ئاو مزۆ ئەو دەم کۆنە زامانم

کاتێ زامی تازە دامانم ڕەنگ دەکات، کۆنە زامەکانیشم ئاویان تێ دەزێتەوە. زامی تازە.. بەردەوامی و وەفای یارە.. کە ڕازیە بە مەرحەمەتی بالآ ناردن بۆ عاشقو دواجار لە خزمەتی وەصڵ و ڕەزامەندی مەعشوقدان. لە ڕێگەی زامی تازەوە. نوێ بونەوە و تەڕبوونەوە دەدرێتەوە بەکۆنە زامەکان. بەمەش دێرینی و بەردەوامی عاشق بۆ مەعشوق دەسەلمێ.. بێجگە لەوە لە (ئاو مزۆ ئەدەم) تامی تامی و دیقی کۆنە برینەکان دەبینین لە بەخیلی زامی تازەدا جیناس و دژیەك لە وێنەکەدا هەن.

٢٦- زام تەن وە تیر بەلآش زیاتەر

ڕای ئامۆشۆی دڵ وەلاش زیاتەر

تا زام لە تەن و جەستەما زیاتر بێت، بە تیرەکانی بەلآی، ڕێگەی هاتوچۆکردنی دڵ بۆ لای زیاتر دەبێت. تا تیرم زیاتر پێوە بێ، کونی زیاتر لە جەستەما، بۆ دەرباز بوون و هاتوچۆی دڵ بۆ لای زیاتر دەبێت.

ئەمە بوو لە باسی بەلاّ دا کە ووتمان تا بەلاّ زۆرتربێت نزیکی زیاترە. واتە کۆلاّن و کوچە دەرچووەکان بە تیرەکانی ئەو لەبەردەم دلّما دەکرێنەوە و کەمتر ڕێگەی بەبن بەستم دێتە ڕێ، لێرەوەیە کە دەردو قەزاو بەلاّکانی مەعشوق لە عرفاندا بە خێر دەگەڕێن. گەرچی لەم دوو بەیتەدا عیبارەت و بیرۆکەکان کلاسیکین، بەلاّم بە ووشك و زبری کلاسیکیانە بەکار نەبراون و مەولەوی هەلّیکێشاون لە مێرگ و هەسارە تەڕەکانی ڕۆمانسیەت.



١- پای شادیم دیسان ماران گەستەوە

نە پیاڵەی چەم ژار تۆ بەستەوە

پای شادیم دیسان مار پێوەی داو لە پیاڵەی چاوم دا ژارەکەی توێژی بەست (دیار کەوت )

هەر کاتێ ویستبێتم کەیف کەم و شادیم سەر حاڵ بێت و جوڵاو، ئەوا پێی ئەو شادیەم گەزراوە. شادیم لێ تێك چووە ئەمجارەش دیسان مار دای بە پێ ی شادیمەوە. ئەم شیعرە وەك سەرچاوەکان دیاریان کردوە، بۆ شێخ عبد الصمدی شێخ ڕسوڵی سۆڵەیی نوسراوە، کە چووە بۆ کڕینی ( تفاقی ژن هێنان ) مار پێوەی داوە و مردووە.

ڕوداوەکان یان کاتی ڕودانی ڕوداوەکان یان شوێنی ڕودانیان وە. یان ناوی کەس و شتەکان کە دەبنە بۆنەی شیعری وبیانووی نووسین لای مەولەوی، ئەوا ئەوانە لە کورەی شیعریەت دا دەتوێنێتەوە، ووشك و ڕەق وەك خۆیان وەریان ناگرێت و بەکاریان ناهێنێت.

٢- صەنەم پەرست نیم صەمەد ناسە نان

دووی کورەی دەرون شیوەن ڕاسەنان

بت پەرست نیم و خوای بێ نیاز دەناسم، دووکەڵی کورەی دەرون و شیوەنم ڕاستن.

مەولەوی دوو ئاماژەی جوان ئەخاتە بەر دەممان لەم شیعرەدا.

١- کەسێ خودای بێ نیاز بناسێ. ئەوە بەندە دڵسۆزەکانی ئەو خودایەشی خۆش دەوێ و ئاسایی یە بە مەرگیان ئەو شیوەنە بکات.. یان هەر ڕێزێك لە بەندەکانی خوا بنێت و پلەو پایە یان گەورە سەیر بکات. ئەمەش بەو تەوریەیەی کە لە ووشەی (صمد) دا هێناویەتی. {دەرگایەك بۆ تێگەیشتن لە هۆنراوەکانی مەولەوی ڕووف عوسمان.مهرەجان(٢)ل١٢٠}

٢- شیوەنی ڕاست و شیوەنی دروستکراو: لەسەر ئاستی ئەدەب و ناو خەڵکدا کاتێ شیعرێ بۆ مەرگی ئازیزێ یان هەر کەسێ دەنوسرێت، ئەبێت جۆش و خرۆشی دەرون و سۆز تیایدا ڕاستەقینە بن و دروست کراو نەبن. ئەدەبی کوردی پڕە لەو شیعرانەی کە بە تەکلیف بۆ چلەو یادەکان نوسراون و ئاشکرا دەست کردی و بێ سۆزیان پێوە دیارە، لە سەردەمی مەولەویش دا ڕەنگە ئەو دیاردەی ( سۆزی درۆینە ) باو بووبێت مەولەوی زۆر پێش خەڵکانی تر ئاماژەی بە (سۆز) کردوە. کە کەرەسە و ماکی شیعری لاوانەوە یان شین گێری یە.

دیاردەی نواندن لە گریان و فرمێسکی دەست کردا.. لە ژیانی ڕۆژانەدا بەرچاوە تەنانەت ئیدیۆمی ( ئاغەڕۆ خوا شوکر ) لە ویوە هاتووە کە دەکرێ پێچەوانەی حاڵەکەش بگری.

لە ناو ئەدەبی نوسراویشا گەر لێ کۆڵینەوە بۆ بەراوردی ئەو حاڵە بکرێت، بە ئاشکرا نموونەت دێتە دەست تەنانەت لای گۆرانی ڕابەریش بە ئاسانی هەستی پێ دەکرێت. گەر شیوەنەکانی وەرگرین و بەراوردیان بکەین بە شیوەنە کەی بۆ هیوای کوڕی.

بۆیە مەولەوی تا ڕوداوەکە زۆر سروشتیانە کاری لە دڵ و دەروونی نەکردبێ شیعری نەووتوە.خۆیشی زۆر جوان ئەو مانایە بە ئێمە دەدات.

دوکەڵی کورەی دەرون – بوەتە هۆی گریانی و شیوەنی ئەم.کاتێ دوکەڵ بە ڕوی کەسێکدا دەچێت چاوی ئاو دەکات.

وە لەبەر ( صەنەم ) ەکان نی یە کە دەگریم، واتە بێجگە لە مانای زمانی (صەنەم – بت) دەکرێ بە غەیری (صەمەد) وەرێ گرین واتە لەبەر غەیری خوا نی یە کە شین دەکەم بەڵکو لەبەرخوایە.. بۆ خەڵکی نی یە و بۆ خوایە ئەمەش دەچێتەوە خزمەتی حاڵەتی ڕاستەقینە.

صەمەد: ئەوەیە کە هاواری دەکەنێ و پشتی پێ دەبەستن، کە خودایە و کە بەندەکان خۆیان ونیازەکانیشیانی دەدەنە دەست. صەنەم: ئەو شتەیە کەبەندە لە خوا

قەدەغە دەكات. لای هەندێكیش بریتیە لە هەستی ڕەها،بۆیە لایان وایە بت پەرست لە حەقیقەتدا حەق پەرستە. {فەرهەنگی سۆفیانەی....ل٢١٦}

بۆیە دەكرێ بێجگە هونەری جیناسی ( صەنەم — صەمەد ) لەوشەدا لەماناشدا بە دژ یەك وەریان گرین. وە لە (صمد) ناسە نان دا تەوریەش هەیە.

٣- ساقی مەی هەی داد، موغەنی چەنگێ

نەی چی هات فەریاد ، مطرب ئاهەنگێ

ساقی هەی داد مەی، ئاواز خوێن (لاوێنەر ) چەنگێ، نەی چی هاوار، موطرب نەوازندە ( گۆرانی بێژ ) ئاهەنگێ

د. عزەدین مستەفا سەرنجی دەرچوون لە سنوری دەقی نەقشی یەكان، دەگرێتە ئەم شیعرە، كە مەولەوی زۆر میوزیكیانە لە ئامێرەكانی تر دەڕوانێت، كە بێجگە لە دەف وەك شای ئامێرەكانی نەقشی لە ئامێرەكانی تر كەڵك وەردەگرێ كە لە ئەندێشەی دینی كوردەواری دا شوێن پایە یان بەرزە، بەتایبەت تەمور.وە ڕەنگە (مەی ) وەك پێكی سەبوری بەكار هاتبێ.

٤- گەرمی مەی، نەواو كزەی دەف ونەی

تێكەڵ بۆ چەنی زایەڵەی وەی وەی

گەر مەی: كزەی دەف و نەوای نەی تێكەڵ بن لەگەڵ دەنگ و زایەڵەی وەی وەی. حاڵ وەزعی ئەم دو بەیتەو بە یەكدادانی لەرەو دەنگی ئامێرەكان گریان و قوغانەكان، وێنەیەكی ڕاستەقینەی (چەمەری پێوان و ڕێ و ڕەسمی شین و مردو ناشتنن.. كە كاریان لە هزری مەولەوی كردوەو تەنانەت زۆر باش دیمەنەكانی كۆتەڵ گێڕانیش لە شیعرە شینگێڕی یەكانی دا ڕەنگی داوەتەوە. وەك لە دیوانەكەدا هاتووە وێنەكە پێچان و كردنەوەی نارێكی تیایە.

٥- وا چدێ چ وا دەی نشینگەی تەنگەن

یاران چەمەڕا برا درەنگەن

بڵێن کەی کاتی ئەوەیە لە گۆڕی تەنگا بێت، یاران و هاوڕێیان چاوەڕێن برا درەنگە.( نشینگەی تەنگ. گۆڕی تەنگو تار ).

نشینگە: شوێنێکی بچوك سادەو ساکارە، ڕاوچیان یان کەشەوانان و تەنانەت ڕێبواران دروستی دەکەن، یان شوێنێ تایبەت دەکەن بەلادان و دانیشتن. ئێستاش چەندین شوێن هەیە لە هەورامانداندا بەناوی کەسێکی دیارەوە ناسراون وەك دەڵێن نشینگەی فلان.بەتایبەت چەند نشینگەیەکی شێخی حسامەدین ئێستاش بەوناوەوە دەناسرێن.

وەك دەبینین لێرەشدا نەریتی مردوو دواندن(قسە کردن لەگەڵ مردوو) لە لای دۆست و ئازیزانی یەوە هاتووە. کە ئەم تێ گەشتنە لە ڕاڤەی شیعرە بۆنەیی یەکانی شیوەن لای مەولەوی گرنگە.

٦- گردین تە دارەك بەغداشان جەمەن

وادەی زیارەت غوث الاعظمە ن

هەمووان تفاق و تەدارەکی چوون بۆ بەغدایان ئامادەکردوەو وادەی زیارەت و تەوا فی غەوسە، (بانگ کەنە کۆچ کردوە کە (شێخ عبدالصمد) وادەی دانیشتن و پاڵ کەوتن نی یە لە نیشنگە تەنگەکەی دا (گۆڕ) وادەی زیارەتی غەوسە.

ئەم بانگ کردنەو پێ ووتنە ( واچدێ) دیارە لە ڕێگەی ساقی و مەی و مگرب و موغەنی و سازەکانەوە ڕاگەیەنراوە کەواتە خەیاڵی ڕواندنی ڕۆح و پەیوەندی مۆسیقا و ڕۆح لێرەش ئامادەی هەیە.

٧- بێ تۆبەو خشوع دەس وە دوعاوە

کێ گەردەن کەچ بۆ نەو بارەگاوە

بە بێ تۆ (کە بەو لەخوا ترسان و دەس بەدوعا ونزایەتەوە) کێ گەردن کەچ کات لەو بارەگایەدا. کەسی ترمان نی یە ڕابەرمان بێت لە بارەگای غەوپ دا، یان لە بەردەم بارەگای خوادا لە تۆ مل کەچ و پارێزکارترمان نیە، دەس بە نزمان تیا نی یە.

ئەگەر (بێ تۆبە) واتەکەی (بێ تۆبەکار بێت ) واتە کەسمان تۆ بەکار نین.

(کێ ) لە دێڕی دووەمدا.. دەمانباتەوە بەردەم ( شێخ صەمەد ) کەوا تە ئەو تۆ بەکاریشە.

٨- دەخیل جەماعەت بێ ئیمامەتەن

ئیمامەت ماتەم وە بێ قامەتەن

دەخیل جەماعەت ( نوێژکەران، هاوڕێکانی شێخ ) بەبێ ئیمامن و بێ پێشەوان ئیمامەت ماتەمە، پێشەوایی و ڕابەری کردن دۆش داماون و ماتەمن وبێ قامەتن.

قامەت کردن: سازدان و جۆشانی موسوڵمانان و تەبیلغ و ئاگادارکردنەوە بۆ وەستانی نوێژ. ئەوجا ئیمام دەست دەکات بە ئیمامەت، کاتێ کە قامەت دەر نی یە، ئیمام نارەحەت و بێ تاقەتە.. بەڵام مەولەوی ( کرداری – فعل )ە کان هەست دار دەکات و دەیانخاتە دۆخی مرۆڤبوونەوە، بەمەش جۆرێ لە ستاتیکا دەخوڵقێنێ.

٩- گۆشەی تای هیندی مەندیل بێ گەرد

مایل کەر ئەولای سای گەردەن زەرد

گۆشەی (سوچی ) مێزەرە سپی یە بێ گەردەکەت بکە بەلاوە ولاری کەرەوە بۆ سەر گەردنە زەردەکەت. دەست دانە مێزەرو سەرو کڵاو و جوڵان بەمەبەستی قامەت هێنان و ئیمامەت کردن ( ئەوخۆ ئامادەکردنە نەریتێکی مەلایانەیە).

١٠- قیام دەر وە بەژن ئەو قەدو قامەت

قیامەت قام دەر پەرێ ( قد قامت)

هەستانەوە بدە بەو بەژنەو ئەو قەد و قامەتە ( هەستەوە،ڕاست بەوە لەو گۆڕەدا) قیامەتێ هەستێنە بۆ ( قد قامت صلاە).

کاتێ قامەت دەدرێ موسوڵمانان پەیتا پەیتا و پێکەوە دەچن بە دەم قامەتەوە و هەڵدەستنە سەرپێ ونوێژدا دەبەستن.مەولەوی ئەم دیمەنەی بە حەشرو هەستانەوە چواندوە.

(قیامەت قام دەر) ئەگەربە تەورەیەکەوە بیبەستینەوە بە (صمدی خواوە ) ئەوە قیامەت بەرپاکردنی خودایە هاتنی ساعە، کە دیارە وێنەکان پڕن لە گباق وتناسب و جیناسی ناقص.

١١- هامدەردان پەی بەزم شادی جەم بی یەن

چ خەیرەن صەدای کار خەیرنی یەن

هاودەردان بۆ بەزمی شادی کۆبونەتەوە و چ خێرە دەنگی کاری خێرت نی یە. ئێمە بۆ شادی و بەزمی ژن هێنان و زەماوەندی تۆ جەمین، تۆش دەنگی کاری خێرت نی یە.( ژن هێنان کارە خێرەکەیە).

١٢- مەیلت چەنی مان یەکجاری سەردەن

یا دوور با زامان مار کار لێت کەردەن

مەیلت لەگەڵمان بە تەواوی ساردە، یان دوور با زامەکانی مار کاری لێت کردووە. یان مەیلت لەگەڵ ( مان —ژیان ) بەتەواوی ساردە و ناتەوێ بژی. یان دوور با زامەکانی مار کاریان لێت کردوە و ژیانت لێ دەسێنن. کە دیارە بەو گەستەی مارە. شێخ نەماوە.

١٣ - ڕۆ پەرێ ئەومەیل ڕای خودابیت ڕۆ

ڕۆ پەی وەفاو شەرط ئاشناییت ڕۆ

ڕۆڕۆ بۆ ئەو مەیلی ڕێی خودایەت و ڕۆ بۆ ئەو وەفاو شەرتی ئاشنایی یەت.

١٤- ڕۆ پەی ئێش سەخت مار گەستەی کاریت

ڕۆ پەی دەردسەر کەس نادیاریت

ڕۆ بۆ ئیشی سەخت و کاریگەری گەستەی مار، ڕۆ بۆ دەردی سەری کەس پێ نەزان و نادیارت. مامۆستا ئەردەڵانی ( دەردی سڕ) ی بەلاو جوانە واتە ( دەردی کەس نەزان و دەردی نادیار وبێ دەرمان).

١٥- ئای تۆ کام نەدیت جە عەرووس نۆ

تا عەرووسی خاك پەشتان بی وە تۆ

ئای تۆ لەزەت نەدیوو و بەکام نەگەشتووی بوکی تازە، تا بووکی خاك جووت بوو لەگەڵتا.. واتە بەکام نەگەشتی لەگەڵ بووکی نویَ، تا بووکی خاك بردیتی و لەگەڵیا جووت بووی.{لە دیوانەکەدا ئەی تۆ نوسراوە ئێمە ڕای مامۆستا حەمەڕشیدمان وەرگرت } لە دیواندا ( پەشتان) بە هاوپشت ڕاڤە کراف. مامۆستا حەکیم بە جووت بوون ڕاڤەی کردوە.{دیوان ل١١٧ومەولەوی وتەقینەوەی زمان ل١٠٠}

خانای قوبادیش پێش هەمووان ( پەشتان ) ی بەمانای ئاوێزان و جووت بوون و هاوپشت لە شیرین و خەسرە وەکەیدا چەندین جار بەکار بردووە.

چوون مێو مەفتول پشتان بین وەهەم

لێو وەبان لێو دەم جە ناو دەم

پشتان بوون وە بە ژن بالاّ تووڵ نەی

شەو وێنەی لاو لاو پای نەمام نەی

نەبۆ پەی پەشتان من دلگیر ئیمشەو

بویەرۆ بە لوگف جە تەقصیر ئیمشەو

ئەردڵ جە سەنگ نیت شۆخ ستەمگەر

ئیمشەو تا بەڕۆ بۆ پەشتانم بەر

با پەتشتانت بوون ئیمانم ئیمشەو

غەمخواریم بکەر میهمانم ئیمشەو

ئامانەن ئیمشەو چوون زوڵف لولت

با ببوون پەشتان بالاّی نەو تولت

وێش سەرنیگون کەرد نە خاك گلگۆش

پشتان بە پەروێز بۆ نیا وە بۆش

پەشتان بی شیرین وە بەژن ئەدا

بە خاك سیای گلکۆی خوسرەودا

وە زۆرنزیك سێبەری ئەم دوو بەیتەی دوایی و لێکچونی بابەتی و ناوەڕۆکیان لەسەر بەیتەکەی مەولەوی نیشتووە ڕەنگە دەرکەوتنەوەی کاریگەری شاکارەکەی خانا بێت لە خەیاڵی مەولەوی دا.

١٦- جەی خار دندان ژار ئاوردەی مار

خاطر نازك وێت مەدەر ئازار

بە دڕکی ددانی ژەهرهێنەری مار دڵی ناسکی خۆت ئازارمەدە. دڵی خۆت ئازارمەدە و عاجز مەبە و ئازار مەخۆ بەجێ دڕکی ددانی ژاراوی مار.

١٧- تۆ نەو گوڵی باخ مصطفوی بی

گەنج خەزانەی مرتەضە وی بی

تۆ کە تازە گوڵی باخچەی پێغەمبەری بیت و گەنجی خەزێنەی مەولا عەلی بیت.

١٨ - گوڵ عادە تشەن بێ خارنمە بۆ

گەنج ڕەویەشەن بێ مار نمە بۆ

عادەت و سروشتی گوڵ وەهایە بێ دڕك نابێت و ڕێ و شوێنی گەنجیش بێ مار نابێت.

تۆش مادام هەم گوڵی باخچەی پێغەمبەری و هەم گەنجی خەزێنەی عەلی، دەبێت هەم دڕکی ددانی مارو هەم خودی ماریشت هەبێ بۆیە دەبێت دڵ شاد بیت و دڵ بە ئازار نەبیت بەو دڕك و مارە. پێویستە بووترێت مار ڕیشەیەکی کۆن و قوڵی لەناو باوەڕی ئاینی کوردانداهەیە. لە هەندێ باردا نیشانەی حکمەت و پیرۆزی و خێرە وەك

لای یەزیدیەکان تەنانەت زاراوە مادیەکان و پەیوەندی مارو دەسەلآتی مادەکان ئاشکرایە. ڕەنگە ئەفسانەی ماری سەر شانی زوحاك بەدیویکی تردا بخوینرینەوە. پیگەی مار ڕونتر دەست نیشان بکات لە میژووی نەتەوەیی دا، وە مار وەزیفەیەکی پاریزگاری کەری لە ئەفسانەی ( گەنج دا ) هەیە تەنانەت ( شیعریەتی زولف و ڕوو ) و چواندنە کلاسیکی یەکان هەر لەو ڕووەوەیە. هەروەها شاخی مار مایەی فەڕو چاوەزارو زیرە. {مار لە بیروباوەڕە کۆنەکانی کورددا، ڕامان ژمارە ٣١ولیکۆلینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی د.عزەدین ل ١٨ و یاداشتهای پیرامون-مهرپرستی درکردستان ل٤٩}

دەبێ ئەوەش بلێین کە بە جۆرێکی ترو دیدێکی تر مار لای کاکەیەکانیش دوژمن نی یەو نایکوژن هەرچەندە ڕۆڵی شەڕو خرابەو نەگبەتیش دەگێڕێ.

کەواتە مار هەم ڕۆڵی ئەهریمەنی و شەڕی گێڕاوە، هەم ڕۆڵی خێرو چاکەش.لە موناسەبەی ئەم شیعرەدا (مار، ژیان، ئاوێزان، عاشقە و ماشقە) خێرا بە دیاردە مێژوویەکاندا دەمانبات. ئەوەتا لە کاتی خۆی دا ئەحمەد پریسی (مەجزوب ) هاوڕێ ی مەولەوی مانای ترمان بۆ قوت دەکاتەوە وڕۆڵی شەیدایی دەداتێ و دەڵێ:

نە نە ئەو مارە هەر مارغار بێ

پەی پا بۆسی پاش نە ئینتزار بێ

ئەوە ماری ئەشکەوتی ثور بوو بۆ ماچی پێی هاتبوو، کەواتە دەبێت لە نێوان ( پێی ئەبو بکر و پێ ی شێخ صمد و پای شادی مەولەوی ) مار نەگریس نەبێ لەم دیدگاوە خوالێ خۆش بوو دەبێت بە گەنجی عەلی و گوڵی محمدی.

بە گێڕانەوەی ( مامۆستا حمە رشیدی ئەمینی ) مەولەوی بە شێعرێکی مەتەڵ ئامێز شاعریەتی میرزا عبد القادری پاوەیی تاقی دەکاتەوە کە بەستراوە بە ( بەکارهێنانی مارەوە )

مەولەوی کاتێ لە خانەگای لای پاوە دەبێت ئەم شیعرە لە تاقی کردنەوەی میرزدا دەنووسێ.

سای کەمەر وەشا گەر مارش نە بۆ

دۆسی خاست بۆ بەدکارش نەبۆ

سێبەرو پەنای ( کەمەر بەردی گەورەی کەلێن دار ) خۆشە گەر ماری نەبێت و دۆستی چاکت لە گەڵ بێ یان هەبێت بە دکاری نەبێ. کە پێوەنی مانا دراوە بە ئەشکوتی ثەور و سای ئە شکەوت و حوزرەت و دۆستی چاکی وەك ئەبوبەکر، میرزاش بەم شیعرە وەڵامی دەداتەوە لەبەر پەیوەندی باسە کە هەندێك لە شیعرەکە دەنوسین.

هەر ئەو شەو ئەوان تەشریف مەبەردەن

ئیرادەی مەنزڵ غار پەورکەردەن

مار وە ئەمر حەق سەر ئاوەرد وەبەر

سەلام کەرد واتش یاخەیرل بەشەر

چەن قەرنەن ئەی غار ئەی جاگە جامەن

ئەی سوراخ سەنگ زێدو ماوامەن

ئارەزووم ڕوخسار پڕ نوور تۆ بێ

مەیلم شەرە فیاب حووزور تۆ بێ

دیم ئەبو بکر ڕاگەش لێم بەستەن

بەخوا خۆ ئەمن ئەوم نەگەستەن

گەروەغەیزەوە دابام پاشەوە

نەمە یاوا کەس وە ها ناشەوە

{مهرەجانی مەولەوی ٢ل٣١٤ومیرزا ئەولقادری پاوەیی حەمەڕەشیدی ئەمینی ل٢٩}

هەروەها خانیش لە مەم و زینەکەیدا لەسەر زاری زین دەبێژێت:-

ئەم صۆر گولین ئەو ژ بۆ مە خارە

ئەم گەنجین و ئەو ژبۆ مە مارە

گوڵ حیفظ دبن ب نوکێ خاران

گەنجینە خودان دبن ب ماران

{مەم وزین — ئەحمەدی خانی، ئامادەکردن و پەراوێز بۆ نوسینی هەژار ١٩٨٩ پاریس ل١٨٧.}

١٩- غەریبیت زیاد نە شەهادەت بی

شەهادەت هەم دەم وە سەیادەت بی

غەریبیت لە شەهیدیت زیاتر بوو، شەهیدیشت هاودەمی سەیادەت بوو. مەولەوی زۆر جوان پلەی غەریبی بەرزکردۆتەوە وە بە جۆرێ کە هیچ شتێ نی یە لە شەهیدی بەرزتر. ئەم (غەریبی ) لە شەهیدی بەرزتر دەکاتەوە.لە دیوانەکەدا هاتووە ( غەریبیت پلەی شەهیدیتی بەرزکردەوە ).

لای عارفەکان شەهید ئەو کەسەیە کە عاشقەو بە پاکی عەشقەکەی ڕاگرتووە و کپی کردووە و مردووە.

ئەم بەرزکردنەوەیەش بە بەرەکەتی ( غەریبی یەکەیە ) لە (سەیادەت) دا ڕۆشنایەك لە عاشورا بەدی دەکەین. غەریبێك کە لە غوربەتا شەهید بێت وەك شێخ صمد ئەوە ئەو شەهیدی یە هاودەمی شەهید بوونی حسێن دەبێت، کە دەزانین سەیدیەتی نەوەی پێغەمبەرە، وە جۆری شەهید بونە غەریبەکەش بۆ خۆی سەیادەتە ڕابەری یە.

٢٠- ئەی ڕەسول ئارۆ شەوقش پەروازادا

وە نازو ئیعزاز کار تۆ سازدا

ئەم ڕەسوڵەی ئەمڕۆ شەوقی فڕاندو بە نازو شکۆ و ڕێزەوە کاری تۆی ڕێکخست.

ئەی ڕەسول: شێخ ڕەسوڵی سۆڵەیی باوکی شێخ عبد الصمدی کۆچ کردوە کە بە ڕەزامەندی و ئارامی یەوە، تێکەڵ بەڕێزو شکۆ و عیزەتەوە، ڕوفات و جەنازەی کوڕەکەی بەرێ کردوە ( لەکارسازدان دا ) ڕەنگە تێ بگەین کە ڕێ و ڕەسمەکانی مردو بەرێ کردن جەنابی شێخ خۆی ئەنجامی دابن ( شۆردن، کفن، نوێژ، دفن).

(پەرواز) بە خاتری برینی ڕێگەی ئەم دنیاو ئەو دنیا هاتوە. کە سەرباری دوریان لە ئەندێشەدا (مردن فڕینی ڕۆح) کورتیان دەکاتەوە، بە مردن لەم دنیا دەردەچیت بۆ ئەو دونیا، لە دیواندا (ئەی ڕەسوڵ) بە فریشتەی مەرگ (ئیزرائیلیش) ڕاڤە کراوە.


٢١- ڕجام هەن فەردا ئەو گەردەلوول دا

بویەری نە ژێر سای ئەو ڕەسول دا

تکام هەیە سبەینێ لە گەردەلوولی ڕۆژی هەستانەوە و حەشرا لە ژێر سایەو سێبەری ئەو ڕەسولەکەدا(پێغەمبەر) تێ پەڕی.

(ئەمڕۆ و سبەی) ئارۆ و فەردای بەیتەکان. ئاماژەی خێران بۆ مردن و تەی کردنی دوو دنیاکە تەی کردن و جیاوازی و دوری دو دنیا کە ماوەیان ڕۆژێکە) ئەمە لێکدانەوەیەکی کۆنی جوانە وە هەم دژ یەکیشن، ئەی ڕەسول ی بەیتی پیشوو باوکی شێخ صەمەدی کۆچ کردوە. ئەو ڕەسول پێغەمبەری ئازیزە لەو دنیا.

لەم دنیادا باوکت (شێخ ڕەسول بەرێی کردی و لەو دنیادا پێغەمبەر دەبێتەوە بەرێخەری ئەوێی شێخ صەمەد و سایەی. وێنەکە تەژی یە لە دۆخی گونجان و دژەکان و تەوریە و تەناسوب.



مامۆستا ئەردەلانیش ئەم دوو بەیتەی جوان وەرگێڕاوە و هەم پەراوێزی چاکیشی بۆ نوسیوە.

ئەم ڕەسووڵ ئەم ڕۆ بە خۆشەویستی

بە نازو بە ڕێز کاری ڕێخستی

تکایە سبەی لەو گەردەلوولدا

تێپەڕ کەی لە ژێر سای ئەو ڕەسوولدا

{ دیوان مەولەوی محمد ئەمین ئەردەلانی بەرگی یەکەم چ ۱ ل ۲۷۹}.

MAWLAWI.KRD

## شیعری سێیەم

### ١- پزیسکەی چەخماخ کافی کارمەن

### چ وەخت و وادەی ئەی گوفتارمەن

پزیسکەو گڕی چەخماخ (تفەنگ) م بەسە. ئیتر چ وەخت و کاتی قسە کردنمە. کارو کردەی هەمیشەییم بیرکردنەوە یە لە پزیسکەی چەخماخ، ئیتر نام پەرژێتە سەر هیچی تر تەنانەت مەجالی قسەشم نی یە تۆماری یەك چرکە ساتە ( پزیسکەو دەنگی تفەنگ کە ئازیزێ دەکوژێ.یەك گرتەی سینەمایی قەشەنگە.

کاری من..قورسە.. بیرکردنەوەیە لە دەنگ و پزیسکەی تفەنگ.

یەکێکە لەو شیعرانەی بۆ مەرگی عبدالرحمانی محمود یاروەیس وتراوە.شیوەنی مەولەوی بۆ ئەم خوا لێخۆشبووە زۆر جەرگبڕە و خەریکە بە ژمارەی شیعری شیوەنی دا لە عەنبەری نزیك دەکاتەوە. مەولەوی ناسان لەسەر ڕاقە و ژمارە و هێزی ئەم شیعرانە قسەی جیاوازیان هەیە. لە ڕسالەی عیشقدا هاتوە مەولەوی (٥) پارچە شیعری لە لاوانەوەی ئەم زاتەدا ووتوە{ڕسالەی عیشق ل٣١} زانای سەردەم د٠ انور پشت بەستوو بە دیوانەکە بە (٧) دانەیان لە قەڵەم دەدات و ئەمەشی بەلاوە ڕاسترە، کە بەڵگەی چەندێتیانی لە نامەکەی خودی مەولەویەوە وەرگرتووە و چەند لاپەڕەیەکی بە نرخیشی لەسەر نووسیون. {لیریکا ل١٥٢}

ماموستا محمد علی قەرەداخی بە یەك پارچە شیعری درێژیان لە قەڵەم دەدات{شارۆیەك لە باخچەی ئەدەبی مەولەوی.گۆڤاری کۆڕ ب٦ل٢٦٥} سەرباری جیاکردنەوەشیان ماموستا مەلا عبدالکریمیش دەڵێ وەك شعیرێکی درێژ بن وایە{دیوان ل١١٩} . ماموستا گۆرانی نەمریش دەڵێ: شیوەن نامەیەکی درێژە. بەڵام هیچ گومانم نی یە.لە هەڵبەستە هەڵبژاردەکانی ئەوە هەر وەك لە نموونە هەرە بەرزەکانی شیوەن نامەیە لەسەر پاکی ئەدەبی کوردی دا.{گۆڤاری بەیان ژ٣١ساڵی ١٩٧٥لەچاپدانەوەی ووتارێکی ماموستاگۆرانە}

٢- دڵەی کۆس کەفتەم هەم تەم گەردەوە

پەردەی سەبوریش تەمام دڕەوە

دڵەی کۆسکەوتوم جارێکی تر تەم دای گرتەوەو پەردەی سەبوری بە تەواوی دڕاندەوە.

تەم کردنەوەی دڵ، مەراق داگرتن و سوێ بونەوەو ژیانەوەی تر لەگەڵ زامی کۆنی دڵدا، کولانەوەی، کە یادی لە دەست چوو بە دڵدا ڕادەبورێ، مەراق دات دەگرێ ئەو فەرامۆشی و مەیل بڕین و سەبوریە کە بوەتە پەترۆی زام و پەردەی سەبووری بە یاد کردنەوە تراژیدیەکان لادەچێت و ئەدڕێت.

مامۆستا عەلی قەرەداغی لە پرۆژەکەیدا لەمژانەوەی مێژووی زانایانی کورد...بەرگی ٨ل٢٦٢)لەوەولامی د.ئەنوەردا لە مەڕنەم شین نامانە پێ داگری دەکات و دەفەرموێ ناگونجێ چەند شیعرێك بن،وچەند بەلگەو دەلیلێك دەدات بۆسەلماندنی بۆچوونەکەی.یەك لەوانە دەنوسێت (نەبووە بە عادەت و عەقڵیش ئەوە قبووڵ ناکات پیاوێکی وەك مەولەوی بێت بۆ یەك تەعزییەنامە شەش حەوت پارچە شیعری جیا-جیابنوسێت.خاوەن تاعزیەش کاتی ئەوەی نیە لەو سەرەتایەدا شەش حەوت نامەی یەك کەس بخوێنێتەوە)

ئێمە لە چەند شوێن ووتوومانە کە لە ومەیدانەدا کەم دەسەلاتین و ئەوە کاری زانایانی ئەوبوارەیە بۆیە بەرەهایی لایەنگری لە بۆچوونی یەك کەس ناکەین و بە دژی کەسیش نانووسین. بەلام لەهەر شوێنێك بڕوامان هەبێت بۆچوونی خۆمان دەردەبڕین. ئیتر لە گەڵ ڕای کێدا تەبایە و لە گەڵ کێدا نا تەبا، دەسەلات نیە و نیەتی خراپ لە گۆڕێدا نی یە. سەبارەت بەم بۆچوونەی مامۆستاش من وادەزانم لە ئەنجامی سەرخستنی ڕاکەیداو لەجەنگی نووسینی بەرامبەرەکەیدا نووسراوە و دەرك و لە بێژنگ دانی پێوە دیار نیە.

چونکە ئەم دەقانەی مەولەوی بەیەك فۆرم و بە سەر یەکەوە نووسرابن،یان شیعرشیعر و جیا نووسرابن، دواجار وەر گر هەر دەیانخوێنیتەوەو کات لەو ڕووەوە هەمان کاتە.

له پەراوێزیشدا ڕوون کردنەوە دەدات و دەنووسێت(ئەمە بە بۆنەی جیاجیاوە دەگونجێ لەماوەی چەند ساڵدا بۆعەنبەر خاتوونی خێزانی کۆچکردووی بکات و له هەر موحەڕەمێکدا، یان له هەر بەهارێکدا کە سوێکەی بە یادی کۆچی دوایی خێزانی تازە دەبێتەوەو بە پارچە شیعرێکی بەسۆز کەف و کوڵی سینەی گڕگرتووی دابمرکێنێتەوە. بەڵام ئەو حاڵەتەی مەحموودی یاروەیس زۆر جیایە{هەمان سەرچاوە ل٢٦٣}سەبارەت بەم ڕوون کردنەوەیەش کە بەلامەوە ڕاستەو بەجێ، بەڵام دەتوانێت بە دژی ڕاکەی مامۆستا کاری پێ بکەین، چوونکە مەولەوی خۆی باسی ئەو سوێ بوون و کولانەوەو دڕاندنی پەردەیی سەبوریە دەکات و بێژەی(هەم)لەم جۆرە حاڵەتانەدا گرنگە و کلیلێکی باشە بۆ سەلماندنی هەر بۆچوونێك. واتە (هەم)پێمان دەڵێت کە پات کردنەوەی هەیە و دیسان بۆ هەمان دۆخ یاد دەکەم. بۆیە دەڵێین تا ڕای جیاواز هەبێت دەرك و وەستانەکان باشتردەبن و حەقیقەت زیاتر ڕۆشن دەبێتەوە.

٣- ناڵاو گرەوا و خولیاوە و خول وەرد

جەو بۆڵ دەردا وێش سامان سا کەرد

ناڵاندنی و گریاو دەورو خولی خواردو خۆی له خۆڵەمێشی دەردبە تەواوی هەلکێشا.

ئاشکرایە یەکێ لە شەقڵە دیارەکانی هونەری شیعری مەولەوی، هەڵسوکەوت کردنی یەتی لەتەك ووشەو دیاردەو مفردە نامرۆیەکان، بە سیفەتی مرۆیی، بە تایبەتی لە ڕێی هونەرەکانی ( خواستن و وەك یەکەوە ) بۆیە لەم شیعرەدا هەست ناکەیت ( دڵ کارەکتەرە ) بەڵکو مرۆڤێکت دێتە پێش چاو. ئەمەش وە نەبێ شیعری مەولەوی لە ژیان و واقیع دور خستبێتەوە و کردبێتی بە فەنتازیایەکی ڕووت {لیریکا ل١٥٦}بەڵکو هەردەم لە ژینگە کۆمەڵایەتی یەکەی دا بابەتی شیعرەکانی هەڵدەبژێرێت و هەست و ئەندێشەکانی سروشتیانە دەردەبڕێت.

(جەوبوڵی دەردا ) خۆڵەمێشگاو شوێنی فڕێ دانی سەرەگۆزەری ناو سوپاو ئاگردانان کە زۆرجار نزیك لە ماڵانە.. ئازیز مردووان پەلاماری دەدەنێ و دەیکەن بە سەریاندا.

"سامان سا " بەوێران ڕاڤە کراوە. بەڵام "سامان سا" واتە داپۆشینی تەواو بە هەر شتێ.. لێرەدا بە جۆرێك کە هەموو تەنەکە(جەستەی مەولەوی) خۆڵەمێشی بەرکەوێ، کاتێ بە تەواوی پەڵە بڕەوێتەوە سامانڵ دەبێت. سامان ساکردنی دڵ لە خۆڵەمێشدا واتە هیچی خۆی نەهێشت و بەتەواوی ڕەنگ و ڕوی پێشووی لە دەست دا.

٤- ئیسە بووڵ دەرد کەرۆ وەسەردا

دەك سڵامەت بی چیت ئی خەبەردا

ئێستا خۆڵەمێشی (دەرد و ڕەنج و ئازار و مەینەت) دەکات بەسەری خۆیدا سەلامەت بی بۆ ئەم هەواڵەت پێدا.

مامۆستای مدرس دەنوسێ وا دیارە حاجی محمود پاش کوژرانی عبدالرحمن کوڕێکی تری مردوە و زامی پێشووی کولاوە تەوە و مەولەوی ئەم شیعرەی بەناوی ناوبراوەوە نوسیوە. بە پێی ئەم بۆچوونەش، ئەو ڕایە سەر دەکەوێت کە پێی وایە ئەم شیعرانە جیان. چونکە حاجی مەحموود یاروەیس شیوەنی دوو کوڕی تری دەکات بە ناوی عەلی و فەتاح

گا ماچووم هەی ئاخ های ئەڕواحم ڕۆ

گا عەلی گاهێ داخ فەتاحم ڕۆ

لە بەر ئەوەی کە خۆی ساڵی مردنی فەتاح دیاری دەکات و دەڵێ(١٣٠٤)بووە. کە چوار ساڵ دوای کۆچی مەولەوی بووە. کە ئەمەش ناگونجێت. گەر شوێن بۆ چوونەکەی مامۆستای مدرس بکەوین. دەبێ عەلی کوڕی بووبێت. کە دوای ئەوڕەحمان مرد بێت.

٥- دڵە پۆشا بێ پەردەی سەبووری

سازا بێ چەنی دەردەکەی دووری

دڵەم پەردەی سەبوری پۆشابوو بەرە بەرە سارێژ بوو بوو، لەگەڵ دەردی دووری دا سازا بوو عادەتی کردبوو ( واتە بڕوای بە مردن و دووری عبدالرحمان کردبوو لە گەڵیشیا ڕا هاتبوو ) وێنەیەکی سادە و مۆسیقی و ناسك و جوان لەهەمان کاتا ئارام بەخش و جەرگبڕیش.

٦- پەردەی سەبووریم دڕیا ڕۆڵە ڕۆ

ڕیشەی جەرگەکەم بڕیا ڕۆڵە ڕۆ

دڵ کولایەوە و پەردەی سەبوری دڕاند... ڕۆڵە ڕۆ، ڕیشەی جەرگم بڕا ڕۆڵە ڕۆ.مەحمود بارەویس کەڵکی لەمبەیتە وەرگرتووە ولە شینی کوڕێکی تریدا بەم جۆرە بەکاری هێناوە

کولیاوە زامم، دیسان دڕیاوە

پەردەی سەبووریم، جەرگم بڕیاوە

{کەشکۆڵی حاجی مەحموود یارەویس عوسمان محەممەد هەورامی ل٩٦}

٧- وە ناکام هیجرەت کەردەم. ڕۆڵە ڕۆ

داخان گشت وە خاك بەردەم، ڕۆڵە ڕۆ

وەی بێ مراد کۆچ کردوە کەم ڕۆڵە ڕۆ، داخانت هەموو دەبەمە گڵەوە ڕۆڵە ڕۆ. ناکام بە ئاوات نەگەشتوو لە دیواندا بە ناکاو ڕاڤە کراوە

٨- خان و مان خامۆش بێ تۆ ڕۆڵە ڕۆ

ئەگفالآن مەدهۆش بێ تۆ ڕۆڵە ڕۆ

خان ومان و دیوە خان و دەرو ماڵ بێ تۆ بێ دەنگ و کشوماتە و مناڵەکان وێڵ و سەرگەردانن بێ تۆ ڕۆڵە ڕۆ.

خامۆش... کوژانەوەی شەوق و ڕوناکی. ماڵی خامۆش، کنایەیە لە مردنەکەی ئازیز کە ئەم درکەیە لە زمانی کوردیدا باوە ( بوویە چرای ماڵەکە) واتە ڕوناکی ماڵە مامۆستاحەکیم لە پیاچوونەوەی ئەم بەیتەدا دەبێژێ (خانومان) خانمانە وا تە ژنان بۆ بەرامبەری ئەگفالآن،{مەولەوی حەکیم ل٩٢} ئەشگونجێ وابێ بەلآم خان و مانەکە جوانترە. چوون دواتر خاتوونانی هێناوە.

٩- تەڵمیت سیا پۆش بێ تۆ ڕۆڵە ڕۆ

خاتوو نان بێ هۆش بێ تۆ ڕۆڵە ڕۆ

بارگەو بنەی هاوینە ڕەش پۆش بێ تۆ ڕۆڵە ڕۆ خاتوونان بێ هۆشن بێ تۆ و بوراونەتەوە بێ تۆ ڕۆڵە ڕۆ.

خاسیەتێکی هونەری بەرزی هارمۆنی لەم شیعرەدا جێ کراوە، مەولەوی توانیویەتی لە ڕێگەی ئەزمونی خۆیەوە یاری بە کێشی (١٠) برگەیی بکات، بەوەش لە ڕێگەی مۆسیقای ناوەوە ئێمە دەباتە کۆڕی پرسەکەوە {لیریکا ل١٩٦}

١٠- کام وەصفت خەیاڵ، کام شێوەت یاد کەم

پەی کام خەسڵەتت دادو فەریاد کەم

کام وەسفت بێنمە خەیاڵ و کام شێوەت یادکەم. بۆ کام خەسڵەت و تایبەتیەتیت هاوار و دادکەم. بە خەیاڵ کام دیمەنی جوانت بێنمە یادمەوە.

١١- پەی عەقیدەو دین موسوڵمانیت، داد

پەی شێوەی شیرین نەوجەوانیت داد

بۆ باوەڕو ئیمان و دینی موسوڵمانیت، داد، داد بۆ شێوەی شیرینی تازە لاویت. دیمەنی شێوەی شیرینی جوانی دێنێتە پێش چاو خەسڵەت و عەقیدەو ئیمانی.

١٢- پەی ئەو عەقڵ و فام هۆشیاریت داد

پەی خۆش گوفتاری و خۆش ڕەفتاریت داد

بۆ ئەو ئاوەزو ژیری و هۆشیاریەت داد، داد بۆ قسە شیرینی و خۆشی دەم ودووت و داد بۆ کردارو کردەوەت.

لە دیوانەکەدا لە بری گوفتاری (خۆش نیگاری) نوسراوە ئێمە ڕاستکردنەوەکەی کاك حەکیمان دانا، چونکە کار ناکتە سەر ساختمانی شیعرە کەو لە خزمەتی جوانی شیعرەکەدایە. {مەولەوی حکیم ل٩٢}

١٣- فەریاد پەی ئیخلاص ئاخ پەی ئاینت

پەی ئاغەی دنیاو پەی ئاغەی دینت

هاوار بۆ ئەمەگ و کارامەییت و ئاخ بۆ ئاینت ( ڕەوشت وتێ ڕوانین و نەریت) بۆ گەورەییت لە دنیاو بۆ گەورەیی دینت.

مەولەوی وشەکەی وا سازاندووە کە (ئاغەی دین) واتە پیاوی گەورەی دین و هەم گەورەیی دین خۆشی.

١٤- هەر کەس دیم دیدەم مەیل تۆ پێش بێ

کێ بێ کێ جە تۆ خاطرش ڕێش بێ

هەر کەسم دیوە چاوەکەم خۆشەویستی تۆی لە دلا بووە، کێ بێ کێ هەیە لە تۆ دڵی ئێشابێ. ڕەگەزدۆزی هەیە لە(تیش+ پێش) دا کەسێ نی یە ڕەخنە و عەیبێکی لە تۆ دی بێت و کەس ڕقی لێت نەبووە، کەس حەزی بە مەرگت نەکردووە.

١٥- فەڵەك جەرگش دەن وە مەودای چڵدا

کام خاطر ڕێشیش بی نەتۆی دڵدا

فەڵەك ( گەردوون) یاخوا جەرگی بدەن بە نوکی تیژی چڵدا، ئەبێ کام زام و ڕقەی لە دلا بووبێ، واتۆی بردەوە.

مەولەوی نەفرین لە فەڵەك دەکات بە زمانی حاجی مەحمودەوە، دەڵێ کەسێ لە تۆ دڵ ئێشاو نەبووە. ئەبێ فەڵەك ( بەچی تۆ پەست و خاگر ڕێش ) بووبێ، یاخوا جەرگی فەڵەك بدەن بە تیغ دا.

وە ڕەنگە ئەم بەیتەی مەحمود پاشای جاف، کە دیارە محمود یارەیس پیاو و خەزنە داری بووە. لە سەرو بەندی تازیە و شیعرە شیوەن و چەمەریەکاندا بەرامبەر بەم شیعرەی مەولەوی وترابێت جێی خۆیەتی لێرەدا تۆماری کەین.

برا چوون فەڵەك کەسش نە مەردەن

مەرگ جوانان وە عادەت کەردەن

که دەبێتە وەڵام بۆ بەیتی پێشوو  که مەسەلەکە (خاطر ڕێشی نی یە) بەڵکو فەڵەك بێ کەسەو خۆی کوڕی نەمردوە  بۆیە بەلایەوە مەرگی جوانان ئاسایی یە.

١٦- دەورش وەی طەورە ئەی جەورە ئاوەرد

من حەسرەت مەند کەرد تۆ بەو دەردە بەرد

سوڕانی فەلەك بەم جۆرە و ئەم ستەمەی هێنا (ستەم کردن ) منی مەینەت بارو حەسرەت چەش کردو تۆیشی بەو دەردە برد.

هەندێ شوێنی ئەم شیعرەو ڕەوتی هەندێ بەیتی لە لەنجەی چەند ( وێنەیەکی شیرین و خوسرەو)ەکەی خانای قوبادی دەچن، بەبێ ئەوەی بڵێین مەولەوی لاسایی کەرەوەیەکی بێ خەیاڵ و ئەندێشە، بەڵام چرای ئەم لاپەڕانەی شیرین و خوسرەو ڕێگەی شیوەنەکەی ئێرە ڕۆشن دەکاتەوە. لاپەڕەکانی (٧٠٧-٧٧٦-٧٧٧) چەند بەیتێکی لێ دەهێنین بۆ زیاتریش خوێنەر دەتوانێ سەیری ئەو لاپەڕانە بکات.

سامانم سەرگون، بازاڕم بەرباد

پەی فەرهادم ڕاۆ، پەی پەروێزم داد

لاڵ پۆش و لاڵ بەخش خاس خەیاڵم ڕۆ

نەوەی کەیکاوس کەمەر لاڵم ڕۆ

شاه شێر شکار غاز یانم ڕۆ

سالار سەرهەنگ کەیکەیانم ڕۆ

دڵدار و دڵبەر دلاوەرم ڕۆ

گەنجورکۆی گەنج با داوەرم ڕۆ..هتد

بەڵام هونەری شیعریەت لای مەولەوی سەرشارترە، چونکە خانا لەبەر هەناسەی ڕۆمانە شیعرەکەی پەنا دەباتە بەر هۆنینەوە هەروەها کاریگەری ئەم شیعرەی مەولەوی لەسەر مامۆستا گۆرانی ڕابەر (دیارە ) بە تایبەتی گۆران لە ڕوی داڕشتنی هونەری و

دابەش کردنی کێشەکانەوە لە شیعری لە سەرە مەرگی هیوادا. ڕەنگە بەم شیعرەی مەولەوی نیەتی هێنابێ. {دیوانی گۆران. شیعری لەسەرە مەرگی هیوادا} هەروەها{ مهرەجانی مەولەوی (١) شاعرێتی مەولەوی رووف عوسمان ل ٧٩-٨٠ }

## شیعری چوارەم

١- پۆی خەیاتەی فەرد بۆ عەنبەر ینت

دەس ڕێسەکەی فکر بیکر شیرینت

پۆی ئاوریشمی شیعرە بۆن خۆشەکەت، کە بەدەستی بیرو خەیاڵی تازە و تایبەت و شیرینی خۆت ڕێسرا بوو.

تان وپۆ: دوو تاڵی ڕێسراوی هۆنراوە لە تەوندا تان بە دەزگاکەوە ڕادەکێشرێت و بەستوونی ڕێکدەخرێت، پۆ بەناو تانەکەدا دەبرێت و قوماشێکی لە مەرەز یان خوری دروست دەبێت تان و پۆ واتا خوازراوەکەی دەبێتە دوو شتی پێویست و پێکەوە گونجاو بە جۆرێ نەبوونی یەکێکیان ئەوی تریان نوقسان دەکات. بەتایبەتی (پۆ) وەکو هەوێنە بۆ تەواو کردنی (تان) هەروەها ( تان وپۆن) واتە وەك یەکن.یان تەواوکەری یەکن.

تان: لە کاردا سەرەکی ترە و پۆ لاوەکی یە بەڵام نرخ و بەهای زۆرە.

کەواتە ( شیعرەکانی مەلا عەبدوڵلا با کەمیش بن. بەڵام وەکو پۆ وان، زۆر گرنگن، ناسکن بە بایەخن، لێرەوە تێ دەگەین مەلا عەبدوڵلا نەیویستووە هەمیشە برێسێ( شاعر بێت) بە پێ ی پێویستی یەکانی ( تان)ی هاوڕێکانی (پۆی ) شیعری کەمی نوسیوە بەڵام ناسك. چونکە پۆ، هەڵگری دەلالەتی ( خسوسیەت و ناسکی و باریکی و سفتی خۆیەتی ).

بۆیە جێ ی خۆیەتی هەوڵی ناسینی ئەو کەسە بدەین کە ئەم شیعرەی ئاڕاستە کراوە.

گەورەو ڕابەرم مەلا عبدالکریم نووسیویەتی: مەولەوی ئەم شیعرەی لە وەڵامی نامەیەکی شێخ عبداللەی داخیا نووسیوە کە شاعرێکی بەرزە بووە. زۆر جار نامەی بە هەڵبەست بۆ مەولەوی ناردوە{دیوان ل١٢٢} هەروەها لە پەراوێزدا شیعرێکی (داخی ) بلاّو دەکاتەوە{دیوان ل١٥٢} .

هەر جەنابی مودەریس لە یادی مەرداندا دەنوسێ: دۆستێکی تری مەولەوی شێخ عبدوڵڵای داخی یە کە شاعرێکی بەرزبووە و هەرچەندە بە باشی بۆم ساغ نەبوەتەوە کێ یە ؟بە هەندێ نیشانەدا وا دیارە شێخ عبدوللای مرادوەیس خالۆزای مەولەوی بووبێ{یادی مەردان بەرگی دوەم ل٤١٢و٤١٣و٤٩٨}.

مامۆستا محمد ئەمین ئەردەلانی لە وەرگێرانەکەی دا بۆ سۆرانی دەنووسێ ئەم هەڵبەستە وەلامە بۆ شێخ عبدوللای داخی کە قەصیدەیەکی (٥١) شیعری دەنێرێ بۆ مەولەوی، لەم قەصیدەیەدا (١٥) بەیتی مەولەوی ناو بەناو تێ هەڵکێش بە شیعرەکانی خۆی دەکا. من ئەو قەصیدەیەم لایە لە بەر تەسکی ماوە لێرەدا بلاوی ناکەمەوە. بەلام من گومانم نی یە بە پێ ی ووشەی (مەحروومی) لە بەیتی دوەمدا مەولەوی بەم قەصیدەیەی قسە لەگەڵ مەحرووم دەکا.{دیوانی مەولەوی بۆ سۆرانی محمدامین ئەردەلانی ل ٣٥٦}

مامۆستایان محمد علی قرداخی و حەکیم مەلا صالح شتێکی ئەوتۆیان نە نووسیووە تەنها باسی کێ بەرکێ ولاسایی شیعری ( مەحروم، خانا ) و هەڵسەنگاندنەکەی مەولەویان کردوە. مامۆستا محمد عەلی قەرەداخی باسێك ( لە مەحرومی) ناوێك دەکات و دیاریشی کردوە کە ( مەحروم، مەحرومی ) دوو کەسی جیان و زمانی شیعریشیان جیا یە {کەشکۆلی کەلەپوری ئەدەبی کوردی ب ٤ ل٢٤-٢٧و٩٩}، هەرچی د. انور قادریشە، لە ل٧٥ لیریکاکەی دا هەر ڕاکانی مدرس دوبارە دەکاتەوە سەبارەت بە شێخ عبداللەی داخی، چونکە کارەکەی ئەو کاری ساخ کردنەوەی ناوەکانی ترنیە.

بۆیە من لێرەدا پشت ئەستور بە ورد خوێندنەوەی مەولەوی خۆی و هەموو ئەو قوژبن و کە لەبەرانەی کە دێنە ڕێی مەولەوی ناسی و بەراوردی بەرهەمە نوسراوەکان و یارمەتی مامۆستایانی پێش خۆم چەند قسەیەکی نا قابیل دەنووسم.

• شێخ عبدالله ی داخی و مەولەوی زۆر نزیکن لە یەك و ڕەنگە مەولەوی لە ناو تەواوی هاوچەرخانی دا ( ئەم و ئەحمەد بەگی کوماسی بە شاعر تر دابنێ. گەر بۆمان دەرکەوت ئەم شێخ عبدالله یە هەمان (مەحرومە) چونکە ئەوە دەزانین ئەم شێخ

عبدالله یه له پاڵ مه‌لا حامدی کاتبی شێخانی ته‌وێڵه‌(یان مه‌حموود یاروه‌یس) و مه‌حوی دا، ده‌بێته که‌سێ که شیوه‌نی بۆ مه‌رگی مه‌وله‌وی کردبێت.

• ئه‌و مه‌حرومه‌ی هاو ڕه‌دیفی خانا چه‌ند شیعرێك ده‌نوسێ و مه‌وله‌وی ڕاده‌سپێرێ بۆ هه‌ڵسه‌نگاندنیان، وه مه‌وله‌ویش شیعره‌کانی ئه‌م به‌سه‌ر ئه‌وانه‌ی خانادا سه‌رده‌خات.

• مه‌وله‌وی چ له‌م شیعره‌ی به‌رده‌ستمان و چ شیعره ڕه‌خنه‌یی و هه‌ڵسه‌نگاندنه‌که‌ی، مۆرێکی تایبه‌ت و خاس ئه‌دات به شاعره‌که، که له هه‌ردوکیاندا هه‌یه و تا ئێستا له‌سه‌ری نه‌وه‌ستاون لێره‌دا پێویسته دوباره ئه‌و شیعرانه بنووسین.

مه‌حروم.. که شیعره‌که بۆ مه‌وله‌وی ده‌نوسێ ده‌ڵێ:

مه‌عدووم ڕاس خانا سوزانی عه‌شق بی

که‌ی وێنه‌ی مه‌حرووم هه‌ر عه‌شقش مه‌شق بی

مه‌وله‌وی له وه‌ڵامه به‌راوردیه‌که‌ی دا ده‌نووسێ: نه‌و باوه‌ی خه‌یاڵ (مه‌حرووم) ی دانا

هه‌روه‌ها له شوێنێکی تری هه‌مان شیعردا ده‌نووسێ

لاکین زاده‌ی ته‌بع بۆ عه‌نبه‌رینت

ده‌س ڕێسه‌که‌ی فیکر بیکر شیرینت

که ئاشکرایه (وه‌سفه‌کان یه‌ك مانان له دو شیعری جیادا ) به‌مه‌ش هه‌مان تایبه‌تی دروست ده‌بێت که که‌سه‌که هه‌مان که‌سه.

زاده‌ی ته‌بع بۆ عه‌نبه‌ری  پۆی خه‌یاته‌ی فه‌رد، وه هه‌ردوکیان ده‌س ڕێسی فکری بیکری شیرنن.. که ده‌بێته مه‌لا عبدالله ی داخی مه‌حرووم. من نازانم داخی یه‌که چی یه ؟ شوێنه، خێڵه.....هتد. به‌ڵام گه‌ر نازناو بێت و له سووتانی عه‌شق و گڕی ئه‌ڤیندا وه‌رگیرابێت ( ئه‌وه داخی عه‌شقه ) وه مه‌حرومه‌که‌ش ده‌بێته نازناوی تری. وه ڕه‌نگه ئه‌میش وه‌ك (سه‌ی عبدالڕحیم) دوو نازناوی هه‌بوو بێت نازناوی شیعری (مه‌عدوم)

نازناوی ناو خەڵك مەولەوی. ئەمیش (داخی ) هی ناو خەڵك بێت و (مەحرووم) نازناوە شیعریەکەی بێ.(دو نازناو یان زیاتر بۆ یەك کەس لە ئەدەبی کوردیدا هەبووە وەك ( هجری – کوردی – مشوی – محوی –مەعدووم -مەولەوی) وە ڕەنگە ( داخی، مەحرووم ) یش لەو بابەتە بێ و دواتر شاعر داخی یەکەی هەڵبژارد بێ ئێمە بۆچوونی خۆمان دەربڕی و چاوەڕێی بەڵگە دەکەین بۆ داهاتووش.

مەولەوی لەم شیعرەشدا لە ڕێی (ئیستعارە) وە ( هەڵسوکەوتی مرۆیی دەدات ) بە ووشەی (فکر ) وە فکر دەکاتە مرۆڤێکی (مێ ی ناسك و شیرین) بەوە کە ڕێسان کاری ژنە، بۆیە وا دەڵێم وچوون فکر خەریك دەکات بە ڕێسانی ئاوریشمی بۆن عەنبەری ناسکی کەس نەبیسراوی شیعر.. کە ئەمانەش شایەتی دانن لە سەر توانای داهێنان لای مەلا عبدالله و ئەندیشەی ناسك و ژندۆستی مەولەوی.

**٢- چون ئارەزووی وەصڵ نەتۆی مەحرومی**

**تەندە بێت وە تان فەرد مەعدوومی**

وەك ئارەزووی بەیار گەیشتن لە توێی ( مەحروم بون دا ) تەنی بووتن بە تانی شیعری منەوە.

واتە پۆ ناسکەکەی شیعری خۆت کە لە ئارەزووی بە یار گەیشتن دەچێت لە لات. ئەو پۆیەت بە تانی شیعری من تەنی  دیارە (تان) (پۆ)ی لەناودا وون دەبێت. کەواتە ئارەزوەکەی مەحرووم عەدم دەبێت. بۆیە ڕاڤەی ئەم شیعرە زیاد لەوە هەڵدەگرێت کە کراوە لە توێ ی دڵی مەحرومدا ئارەزووی ناسك و باریکی وەك ئاوریشم بۆ (یار) هەیە کە بە تانی شیعری مەعدوم تەنراوە. چواندنی پۆی خەیاتە بە ئارەزووی وەصڵ لە ناسکی و خۆش پۆیی دا  لە وەوەیە کە وەصڵ  بچوکترین بیانووی مەعشوق دەیپچڕێنێ.

لە کۆکردنەوەی ( تان و پۆدا ) ئاماژەی ئەوە هەیە کە شیعری ئەو دوو زاتە بە یەکیان خواردوە.

٣- چوون شەبەندە ڕۆژ صەد تەرزە ڕەنگدا

تەوەن دان وە تاڵ دێبای فەرەنگدا

وەکو شەبەنگە ڕۆژ (سەترل حمام) صەدجۆرە ڕەنگی دایەوە و( ڕەنگی نواند ) و بەردی دا بە تاڵی پارچە ڕەنگا و ڕەنگە ئاوریشمەکانی فەرەنگدا. ( دیبای فەرەنگ) ئەم سێ بەیتە دیسان یاریەکی تری نوێی مەولەوی یە بە هونەرەکانی چواندن، پۆی خەیاتەی فەرد لە ئارەزووی وەصڵ و شەبەنگ و ڕۆژ دەچێت خەیاتەی فەردی تۆ بازاری ئاوریشمی فەرەنگی شکاند (بەردی دا ) کنایەیە لە شکاندن.

٤- پەی دەفع سەودای دەرد نەمامان

بەرگێ بی پەی دڵ سەر تا وە دا مان

بۆ گلدانەوەی (پاراستنی ) ئەڤینی دەردی نەمامان، بەرگێك بوو بۆ دڵ لە سەر تا وە دامانی

واتە شیعرەکانی تۆ (پۆی خەیاتەی فەرد) بۆ پاراستنی دڵی من لە نەخۆشی ئەڤین و دەردی نەمامە دڵبەرەکان ) بەرگێکی پڕاو پڕن بە دڵم و دڵم دەپارێزن.

یان: بۆ دەسمایە و مامەڵەی دڵم بۆچونە سەودای دەردی نازدارانەوە بەرگێکی باشن، واتە دڵ ڕووت و ڕەجاڵ نی یە. بۆ ئەڤین داری.

یان: یان بۆ لابردن و چارەسەرکردنی نەخۆشی (اکزما)

دڵ سەرتا وە دامان دەپۆشن و دەپارێزن، واتە دڵ ئەتوانێ بچێتە شەڕو دەرد و مەینەتی ئەڤینی ناسکە نەمامەکان.

چوون ڕووت نیەو بەرگی پاراستنی پۆشیووە.

٥- دڵ ئەو بەرگ و بۆی جاراش نەبی

ڕووی لوای مەجلیس یارانش نەبی

دڵ ئەو بەرگ و ڕەنگ و بۆنەی جارانی نەبوو، ڕووی چوونە مەجلیسی یلرانی نەبوو دڵ بێ ڕەنگ و بەرگ و ڕەجاڵ بوو، بەکەڵکی چوونە مەجلیسی یارانی نەبوو.

کەواتە بەرگ دروو یان تەونکەری خەیاڵی بێ وێنە و بیری ناسك و جوانی (داخی) بۆ دڵی ئەم (مەولەوی ) بەرگی ئاوریشمینی چوون ئارەزووی وەصڵ و شەبەنگە ڕۆژی، پڕ بە بەری دوریووە یان ڕێساوە. کەواتە دڵی پۆشتە کردۆتەوە هەم توانای چونە مەجلیسی یارانی هەیە، هەم توانای بەرگە گرتنی سەودای نەمامان.

٦- پۆشتەت کەردەوە ئیحسانت یاوا

دەك هەی دەوڵەمەند یانەت هەر ئاوا

دڵمت پۆشتە کردەوە (بە شیعرەکانت ) خێرت گەیی دەك هەی دەوڵە مەند ماڵت هەر ئاوا بێ.

٧- بێ باکیم عیللەت دڵ سەردی نی یەن

بێ مەیلیم جە تەرك هام فەردی نی یەن

بێ باکیم لە نوسینی نامەدا بەهۆی دڵ سەردیەوە نی یە و بێ مەیلیم لە وازهێنانی دۆستایەتیتەوە نی یە (هام فەرد) بە دۆستایەتی ڕاڤە کراوە، بەڵام ڕەنگە لە (هام فەرد) مەبەستی شیعر نە ناردن بێ بۆ هاوشیعری خۆی (فەرد-بۆ هام فەرد) چونکە بەیتی دواتر پاکانایە بۆ ئەوە کە شیعر پێویستی بە سۆزی دڵ هەیە. ئەمیش سۆزی دڵی تۆراوە وسێ تەڵاقەی کەوتووە، ئیتر ناتوانێت شیعر بنوسێت، یان نایەوێت شیعری درۆیینە بنوسێ. شیعری بێ سۆز شیعری ساختەیە، کە ئەم ڕاستی یە ئەدەبی یە مەولەوی لە شوێنی تریشدا باسمان کرد پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە.

٨- بەڵام مەسئەلەی فتوای قەزای حەق

نە مەحکەمەی شەرع حاکم مطلق

بەڵام یەکلاکردنەوەی فتوای قەزای حەق لە دادگای شەرعی حاکمی ڕەهادا کە خوای گەورەیە کێشەکەی بڕاندۆتەوە لە بەشی من و سۆزدا یان دڵ و سۆزدا.

سۆز کە سەرچاوەی نووسینی شیعری ڕاستەقینەو هاوسەری حەڵاڵە بۆ لە دایك بوونی شیعر لە من تۆراوە. مەولەوی زۆر جوان و بەر لە هەر ڕەخنەگرێکی تری نێو ئەدەبی کوردی بابەت و ڕەگەزەکانی نووسینی شیعر ناو دەبات.

٩- نەوعەروس سۆز وە دڵ پەروەردە

خەرج گیان وە گیان وە کابین کەردە

تازە بووکی سۆز کە بەدڵ پەروەردەم کردبوو وە لە خەرج و مارەیی دا گیانم دابوو، واتە گیانم مارەیی سۆز بوو بۆ دڵم، بە ڕاستی ئەم هونەرەی خواستنە زۆر جار لای مەولەوی بەکار براوە هەمیشە زۆر بە جوانی و مرۆیانە سیفەتەکان زەق و تۆخ دەکاتەوە.

ئەم وێنەیە یەکێکە لە وێنە جرۆجوانەکان هەم لە ڕووی شیعریەتەوە، هەم لە وەشدا باسکردنە لە یەکێك لە بنەماو ماکەکانی نوسین بە تایبەتی شیعر کە(سۆزی دڵە) مۆری سەرکەوتنە بۆ هەر شیعرێکی ڕاستەقینەو تەنانەت هۆی جیاوازیەکانە لە نێوان (ڕوپامانی و مجامەلەو خۆشەویستی ڕاستەقینە )

١٠- وە هەرسێ تەڵاق باینە کەردەن

یاد ڕەجعەتش وە دڵ ناوەردەن

(تازە بووکی سۆز) وە هەر سێ تەڵاقە، تەڵاق دراوەو، ئومێدی گەڕانەوەی بۆ دڵی نی یە. باینە: تەلاقی چاك نەکراوە و بێ مەجال بۆ ڕەجعەت، لە مەحکەمەی شەرعی حەقدا، بە ویست و قەراری حاکمی موتڵەق بوکی سۆزی دڵ، هەرسێ تەڵاقی کەوتوو و لە دڵ جیا بوەتەوە، وە دەبێ مارەیشی بکەوێت کە گیانی مەولەویە، ستاتیکای وێنەکە لێرەدایە کە باسیان لێوە نەکردوە.

وە پاکانەی (بێ باکی و بێ مەیلی ) بەیتی (٧) ی شیعرەکە لێرەدایە، نامەو شیعری بێ سۆز نانوسرێ، ئێ بوکی سۆزی دڵیش هەر سێ تەڵاقی کەوتووە و جیابوەتەوە و تەڵاقەکەش چاك ناکرێتەوە، وە بڕیارەکەش هی فەرمانڕەوای هەقە، وە دەبێ هەق لای سۆزیش بێ، کەواتە جیا بونەوەکە لە بەرژەوەندی مەولەوی دا نی یە.

نەو عەروسی سۆز، هەموو شتێکی دەکەوێت لە مارەیەکەی، ئەوەی دیارە لە عەقدی نیکاحی شیعرەکەدا ( مارەیی حازری یە، ئەوە گیانی مەولەویە دەبێت بی بات ) وە من لام وایە بە پێ ی ئەو وەزیفە ستاتیکی و جوانەی کە مەولەوی بە زمانی دەدات

و ستراتیژی نوسینە لای و لە هەر شوێنی ویستبێتی چەندین هانەی مانای تەقاندووە. بۆیە من خەیاڵم بۆ لای مارەیی قەرزیش دەڕوات کە نەوعەروسی سۆزی بۆ دڵ مارە پیّ کراوە. مانگی هەنگوینی دڵ و سۆز

سەردەمی بەرە لووتکەچوون و گەرمی شیعر نووسینی مەولەوی قۆناغی زێڕینی ژیانی ئەدەبی مەولەوی.

وە دەبێت شیعرە جوانەکانی مەولەوی مارەیی قەرز بن. چونکە سۆز بوەتە مایەی نوسینیان کەواتە(نەو عەروس ) لە شیعرەکانیشی دەکەوێت ئەمەیە ستاتیکی شیعری مەولەوی کە ڕاڤەکاران کورتیان هێناوە. خۆ من بەداخەوە مەلا نیم، گەر مەلا بومایە شەرعی ئەم بەیتەم دەکرد هەر لە بەر ئەو وێسگانەشە ئەم بەرهەمە نا قابیلەم بەشەریعەتی مەیل ناونا.

١١- کەم بی شنۆی وەش ئاە صوب دەمی

وشکاوش ئاما جۆی چەمەی چەمی

کەم بوو شنۆی خۆش و ئاهی بەیانیان، وشکاوی هات جۆگەلەی سەرچاوەی چاوم ( فرمێسکم نەما ).

کاتێ کە سۆز لە دڵ ئەتۆرێ دڵ وەزیفە عاتفی یەکان و ئیمانی یەکانی لە دەست ئەدات. ئیتر جۆرێ لەبێ مروەتی و کەم مەیلی ڕوو لە مرۆڤ دەکات و ئەرك و فرمانەکان بەدروست بەجێ ناهێنێ.

١٢- بێ سۆزی مەنزڵ دڵ کەرد وە یاتاخ

پەی ئاو و هەواش ئاو ئاهو ئەو داخ

بێ سۆزی نشینگە وماڵی دڵی کرد بەماوا و شوێنی حەوانەوەی. منیش بۆ ئاو هەوای ئاهۆ ئاخ و داخم بۆ هەڵ کردوە (یانی پێ داوە ) بە بڕوای ئێمە بەم جۆرە ڕاڤەیە بۆ وێنەکە بچین باشە چونکە ئەم وێنەیە پێچەوانەی وێنە فێنکەکەی (نەو عەرووس سۆز)ە.

سۆز: بوکی دڵە، لە خەرج و مارەیی دا گیان دراوە کاتێ ئەم لە دلا بێ (شنۆی وەش) هەیە و نەسیمی بەیان و تەڕی لە جۆگەی چاودا.

بێ سۆزی: هەوێی نەوعەرووسی سۆز و دوژمنی دڵە و داگیرکارە ئاهو و ئاخ و داخ هەیە، چونکە نەیارو داگیر کەر شیاوی کەش و هەوای لە بار نین.

لای من وێنەکە کاتێ جوانتر دەبێت (یاتاخ) بە پێخەف ڕا ڤە بکەین سەرباری واتای مەنزڵ و مەئوا، بەو جۆرەش کاتێ ( بێ سۆزی دڵ داگیر دەکات ) هەڵی دەبژێرێت بۆ حەوانەوە خەو، ئەوە ئاھ و تین و داخ کە هۆکارێکی خراپی خەو زڕاندن و ئیسراحەت نەکردنن ( لە دۆخی هاوینەی شیعرەکەدا ) ئەوە تێ دەگەین بێ سۆزی( داگیر کەر) شیاوی پێخەفێکی ئارام و سازگار نی یە، بە پێچەوانەی عەروسی سۆزەوە.

مەولەوی دەیەوێت دڵ، مادام سۆزی تیا نەماوە و عەروسی سۆز جیابوەتەوە و ناگەڕێتەوە مەنزڵی دڵ. مەنزڵی دڵ گڕ تێ بەردات و کاولی کات ئیتر بیانووی گلەیی کردنی دۆستەکەش دەبڕێت.

وەپێچان و کردنەوەی ڕێك هەیە (لەبری ئاو —ئاھ — لەبری هەوا — داخ.)

١٣- وە بێ من تۆ وێت زهنت پێ یاوان

خاست فەرماوان دانەت شکاوان

بە بێ من تۆ خۆشت چاك بیرت بۆی چووە، چاکت فەرمووە و گەوهەرت شکاندوە. واتە تۆ خۆت چاکت فەرمووە و گەوهەرت شکاندوە باش بۆی چوویت. دانەت شکاوان؛ گفت شیرینی و قسە خۆشی و نەستەقی ووتە. دانە بەردی بەنرخی یاقوتی یە ، یان مرواری ،مامۆستا ئەردەلانیش (دانەت شکاوان )بە ئەشکێنێ گەوهەر وەرگێڕاوە.

١٤- بێ بە دەڵەن عومر خاسش هەر پاسەن

باختش پەی مەعشوق بێ بەدەڵ خاسەن

بێ هاوتایە تەمەن و باشتر هەر وایە، بە دڵبەری بدۆڕێنی، بێ بەرامبەر تەمەن و ژیان بدەی بەیار.

به دەڵ: بە هەورامی کردنی (بدل) ە.شتێ جێ ی شتێکی تر بگرێتەوە.بەرامبەری دوشتی هاو بەهاو هاونرخ. واتە هیچ شتێ نی یە هاوتای عومرو لە بەرامبەر تەمەندا هیچ بە دەڵ نی یە باش وایە هەروا بە بەلاش بیدەیت بە مەعشوق.

لە هەورامی دا بەرامبەر بەدەڵ ڕەهەڵ هەیە.کە وشەیەکی لێکدراویان لێ دروست دەبێت.( ڕەهەڵ و بەدەڵ) واتە مامەڵە و گۆڕینەوەی دوو شت، شتێ کە بێ ڕەهەڵ یان ڕەدەڵ بوو ئەوە بە لاشە، یان دۆڕاندنە، بەلاّم مەولەوی جوان جێی باختی کردوەتەوە و دەڵی عومری بێ هاوتا کە هیچ نرخێ نی یە لە بەرامبەری تەمەندا دەبێت هەروا سەرفی خۆشەویستی مەعشوق کرێ. وە خۆت بۆ وەرگرتنی نرخ و قیمەتی عومرئامادە نەکەیت و لە بەرامبەر گیان بەخشین بە یار داوای هیچ لەو نازدارە نەکەیت.

مامۆستا حەکیم لە پیاچوونەوەی ئەم بەیتەدا، دەڵێ ئەمە هی داخی یە و مەولەوی تێ هەڵکێشی کردوە{مەولەوی حکیم ل٩٢} وە ڕەنگە بە دەلیلی ( خاست فەرماوان ) بۆ چونەکەی ڕاست بێت. بەلاّم زۆر سەیرە بە لامەوە مامۆستا محمد امین ئەردەلاّنی دەڵێ ئەمە هەر هی مەولەویە و داخی تێ هەڵکێش کردوە.{مەولەوی سۆرانی محمد امین ئەردەڵانی ل٣٦١} واتە نامەکەی داخی هەر ئەم بەیتەی مەولەوی دەبێ تیا بوو بێت ئەدی چۆن مەولەوی بە خۆی دەڵێ خاست فەرماوان وە زۆر جار مەولەوی لە خاس خاستری فەرمووە کە چی بە خۆی ناڵێ خاست فەرماوان. لەوە زۆرتری ناوێ چونکە بە بەڵگەی بەیتی پێشوودا دیارە بەرامبەر کەسی دووەم شیعرەکە گفت و گۆ دەکات بریا مامۆستا محمد امین ئەردەڵانی قەصیدەکەی داخی بلاّو دەکردەوە بۆ ئەوەی ئێمە دەست کراوەتر بوینایە. لەبارەی بێ بەدەلی عومرحافزی شیرازی دەڵێت:

جریده رو که گزر گاه عافیت تنگ ا ست

پیاله گیر که عمر عزیز بی بدل است

## شیعری پێنجەم

١- پێشانیم هەوەس زانووش جازمەن

تەعظیم جەناب پیری لازمەن

ناو چەوانم ( تەوێلم) ئارەزووی دانەواندنی ئەژنۆم دەکات، چونکە ڕێزو شکۆ دانان بۆ جەنابی پیری پێویستە.

ئارزووی چەمینەوە، بە جۆرێ ناوچاو بۆ ئەژنۆ دا نەوێت جازمە.

جەزم: بریتی یە لە بێدەنگ کردن و نەجولآنی حەرەکەت، واتە جەنابی پیری هات ئەبێ سەردانەوێت بە جۆرێ جارێکی تر خەیاڵی جووڵەی سەر هەڵبڕین و بەرزکردنەوەی نەکات. بڕینی حەرەکەت و جووڵە لە پیر.

مەولەوی لە چەند شوێنێکدا کەڵك و سوود لە وانە نەحوی و دەرسەکان و ئاداتە ووشك و بێ گیانەکان وەر دەگرێت و زۆر جوان لەو بێ گیانیە وەڕس کەرە وشك و ڕەقەیان ڕزگار دەکات و لە شیعرا گیانداریان دەکات. لە ڕێی حاڵەتی (جزم) ەوە تێ دەگەین کاتێ جەنابی پیری هات ئیتر کەسێ لە بەردەمیا ڕاوەستا و و قنج و قیت نابێت، وە ئومێدی گەڕانەوە بۆ حاڵەتی (قامەتی ڕێك و جوان ) مەحاڵە.

بۆیە ئێمە زۆر جار دەڵێین ستراتیژی نوسینی مەولەوی کە لە ڕێی زمانەوە ئەو ستراتیژە دەچەسپێنێ، دیاردەیەکی زۆر جیاوازو داهێنەرانە یە. لێرەش (پیری ) لە حاڵەتی گوزارەیی، مەعنەوی دەرباز دەکات و دەیکاتە مرۆڤێکی مەزنی بەشان و شکۆ. لە ڕێی ئەو وشانەوە کە دەلالەتی گەورەیی هەڵدەگرن (جەناب، تەعظیم ) وە (لازم و جازم) ەو. ملهوڕی دکتاتۆری پیربوون لە زهنی ئێمەدا وێنە دەکات کە دوا جار پیری سواری ملی هەمووان دەبێت لە ڕێگەی عومری درێژدا.

بەڵام مەولەوی بە درێژا یی شیعرەکان لە طافەت دەنوێنێ و دیاردەو هاوکێشەکان بە ئاقاری ترو تەئویلی ترشیکار دەکات. ئەوەتا د٠ انور قادر دەنوسێ (لێکدانەوەی عەیبی پیری و تەمەن دەخاتە بەر لێکدانەوەی ئیدیاڵ{لیریکا ل١٧٢-١٧٤} کە پیری

سەرباری وێران کردنەکانی توانست و غەریزە لە پێچەوانەی (جوان، جوانی ) دەلالەتی ناشرینیش هەڵدەگریٚ بیٚ ئەوەی مەبەستمان بێت کە بە پیر بڵێین ناشرین. هەر ئەمەشە جۆرێك پەستی و دلگرانی دێتە ئاراوە کاتیٚ کە بە کەسیٚ بوترێت (پیریت، یان پیر بوویت) بەلاّم بە واژەی (رێزگرتن ) مەولەوی لە ریٚ ی هونەری (جوانی بایسەوە ) سەبەب و هۆکارەکان کە سروشتین لا دەدات و خۆی بیانو و هۆکار دا دەتاشیٚ.

٢- بالاّ کەردەوە مەیل ئەو لای پەستی

وردیکلاّنەن دەروازەی هەستی

بالاّم مەیلی خۆ گرمۆڵە کردن و بچوك بونەوەی هەیە چونکە دەرگای هەستی (بوون ) بچکۆلەیە.

مرۆڤ پێویست ناکات نیگەرانی مردن (گۆڕانی قۆناغ و دۆخەکان) بێت بەو جۆرەی عارفاتی گەورە لە ڕێی پاساوی عەقلاّنیەوە تێکڕای دوالیزمەکان هەڵدەسەنگێنن و لە ڕیٚ مانای (دژەکانەوە ) واتای عەقلاّنی پەیدا دەکەن. دنیای ئێمە دوو دەرگای هەیە تیٚ پەرین لە دەرگای هاتن دا دەرگای یەکەم ناوی پیٚ بەخشیوین و دەرچوون لە دەرگای دووەم بەجیٚ هێشتنی دنیا وەصڵ و ژیانی نەبڕاوەمان دەداتیٚ وە هەردوو دەرگاکەش بچوکن مرۆڤ دەبێت خۆی نەوی وگرمۆڵە بکات. ئێمە لە سکی دایکماندا بیٚ ناو بووین و بە تیٚ پەرین بە دەرگای یەکەمی ژیان ( زیٚ ی دایك) ئێمە بووینە خاوەن ناو. مەولانای ڕۆمی ئەم دەرسەی بە مەولەوی داوە.

ئێمە هەر کاتیٚ تیٚ دەپەڕین و قۆناغی پێشتر بەجیٚ دەیڵێین دوەم جار گەورەتر دەبین، کەواتە مردن ئەزموونێکی تری گەورە بوونە. (وردیکلاّنە) ئاماژەیە بۆ بچوکی دەرگاکانی هەستی. لە گچکە زێی لە دایك بونەوە تیٚ پەڕین و ئەم دنیا فراوانەمان هاتە بەردەم لە گۆڕیشەوە دەردەچین و دنیایەکی گەورەتر بە هەموو ڕەهەندەکانەوە چاوەڕێمانە. بۆیە هەر دەم لە ڕێی لە دایك بوونەگەورەکانەوە پێویستە ئەزموونی بچوکردنەوە بکەین، پیریش بە کارامەترین مامۆستاکانی چەمینەوەیە. نموونەی ئەم ڕاڤەو واژەیە لە ئەدەبیاتی عرفانی دا زۆرە و لای عەطار و مەولانا و حافز زۆر دیارە.

مامۆستا محمد ئەمین ئەردەلانی لە پەراوێزی ل٧٥ بۆچوونێکی ع٠ع٠ شەونم دەربارەی (وردی کلاّنە) دەخاتە ڕوو دەستنوسێکی لای شەهید مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی دەکاتە شایەتی بۆچونەکەی ع٠ع٠شەونم گوایە کلاّنە کوژەکەیە{مەولەوی سۆرانی ئەردەلانی ل٧٥} هەرچەندە ( کوژەکە مت و موورویەکی تەختی شینی هەندێ جار کون کونە و بە زۆری بە سەری دەروازەوە دەرگاکانەوە دادەنرێت، زیاتر بە مەبەستی چاوە زار بۆ نیوەی بەیتەکە دەست دەدات بەلاّم بۆ گەورەیی و تەئویلی پیری لە تەواوی شیعرەکە دەست نادات وە هەورامیش کلاّنە نالێ بەڵکو دەڵێ کێلاّنێ.

٣- مەعدوومی کردەی بەدی هەزار تەرز

زانووی ئومێدت ناوەرۆ ئەو لەرز

مەعدوومی(لەناوچوو،مەولەوی)کردەوەی زوشت و خراپی هەزار ڕەنگت ئەژنۆی ئومێدت نەهێنێتە لەرزە. یان نەلەرزی لە ترسی کردەوە خراپەکانت.

مەولەوی هەردەم زمان لە سواوی و ناقابیلی و دووبارەبوونەوەی بێ تام دەرباز دەکات و زمانی شیعری فەراهەم دەکات. ئەژنۆت نەلەرزێ لە ترسا قسەیێکی سواو و دووبارەیە. بەلاّم کاتێ مەولەوی بە شیعریەتدا دەیبات دەبێتە ئەژنۆی ئومێد وترسی کردەی بەد؟، هەرئەمەشە جیاوازی نێوان قسەو شیعر.

٤- ئەو کەس مزانوو (ستتار) ەن ئارۆ

چەو بۆزورگ تەرەن شەو ئەو ڕۆت نارۆ

ئەزانم ئەو کەسەی ئەمڕۆ پۆشەرە لەوە گەورەترە کە شەو بەسەر ڕۆژتا نەهێنێ.

ئارۆ، ئەمڕۆ، ئێستا ئاماژەی (ژیانە لە دنیادا) دنیا هەر ئارۆن دنیا هەر ئەمڕۆیە. ئەمڕۆ لە دنیادا چەندین گوناه دەکەیت، کەسێ هەیە، گوناهەکانت دەشارێتەوە و حەیات نابات. خودا گوناه پۆشە و فرسەتی تۆبە قفڵ ناکات. کەس لە کاتی ئەنجام دانی گوناهی گەورەدا ناکوژێت ئەمڕۆ بەو ڕۆژە ڕون و ئاشکرایە خودا گوناهان دەپۆشێت و ئەیان شارێتەوە لە تاریکی داو کەسمان ئاشکرا ناکات. ئەو خودایە لەوە گەورەترە (ئەو ڕۆت) ئەو ڕۆژەی قیامەت و سارای مەحشەرت لێ نەکات بەشەو.

شەو ئاماژەی تاریکی یە، کە لە تاریکیدا شتەکان نادیار دەبن خودای گەورە زۆر لەوە گەورەترە، کە نەتوانێت ڕۆژی حەشریش کە ڕونە و ئاشکراو دیار، نەکات بە شەو و سڕو نهێنی و شاردنەوە و نادیار.جوانی ئەم بەیتەیش مەولەوی لە ڕێی ئەرکی زمان و وەزیفەی ووشەوە خوڵقاندویەتی، کە ڕاڤەی ستاتیکی پێویستە.

هێنانی شەو بە سەر ڕۆژدا، لە ئەنجامی سوڕانەوەی زەویەوە پەیدا دەبێت، ئەمڕۆ کە ئێمە مانایەك تێ دەگەین بۆ شەو و ڕۆژ لەوەوەیە بەڵام سبەی ( قیامەت، ڕۆژی حەشر ) ئەم پەیوەندیە گەردوونی یە و هاوکێشە فەلەکی یە نامێنێت تا شەو و ڕۆژ هەبێت بەڵام مەولەوی بە (خودا لەوێش گەورەترە ) دەرگای مانا بۆ ئێمە دەکاتەوە. تا ئێستا نەبیستراوە (بڵێن شەوی حەشر هەر دەوترێت ڕۆژی حەشر) مادام ڕۆژە کەواتە ڕوون و ئاشکرایە کردە هەزار ڕەنگە نا بە جێ و گوناهە خراپەکانی ئێمە دیارن ، هەموو کەس دەیانبینێ ڕۆژی حەشر ڕۆژی ئابڕو چوونی گوناهبارانە (خودا من و تۆ و هەرکەسێکی تری وەك من گوناهکار بپارێزێت).

بەڵام (سەتتار)یی خوای گەورە و لەوەش گەورەتر (هێز دەدات بە زرانی ئەژنۆی ئومێدی ئێمە ) کە لەوێش ڕۆژی حەشر تاریك بکات و بیکاتە شەوی حەشر. ئەمەش شاردنەوە و پۆشینی گوناهەکانی ئێمەیە وخودای گەورە دەتوانێت لە حەشریشا عەیبەکانمان داپۆشێت. ئەو بەزەیی و میهرەبانی و لێخۆش بوونەی خوای گەورەش زۆریەکەی لەو دنیایە. وە دەکرێت (شەو ئەو ڕۆت نارۆ) بەخشین و چاو پۆشینی خودا بێت بەڵام بەو جۆرەی سەرەوە ئێمە دەچینە بەردەم عەقڵی داهێنانی مەولەوی وێنەکە پڕە لە تەناسوب و و دژیەك و ڕەگەز دۆزی ناتەواو.

٥- سفیدیت قەڵغان پەی ڕووی سیات بۆ

کەمانیت شەفیع تیردیات بۆ

سفیدیت، سپیی یەتی مووی سەرت یان ڕیشت، قەڵغان بێت بۆ ڕووی ڕەشت، چەمانەوەت تکا کاری تیری ڕوانینە حەرامەکانت بێت.

سپی بوونی سەرو ڕیش بەسەر ڕووی ڕەشتا زاڵ دەبێت، مەولەوی (سفیدیت) ی وەها داناوە لە وێنەکەدا، بێجگە لە موو ئێمە بۆ ترس و لەرزی ڕۆژەکەی حەشریش بچین. کە سپی بوونەوە، هەلگری دەلالەتی ترس و ڕەنگ پێ نەمانە

کاتێ جوان و قنج و ڤیتیت، بەرزو باڵای، خەریکی تیری نەزەر و ڕوانینی حەرامی. ئێستا پیری (چەماوەی) با ئەم کەمانە (لاریە) تکا کاری جوانی تیری دیات بێ، پیری شەفیعی جوانی بێت.(سفید + سیا) (کەمان ×تیر ) دژیەکن.

٦- نمە بۆ پیری و تەن ناتەوانیت

وەی دوو فەردەوە ئاو دەس جوانیت

پیری و تەنی لاوازو کە نەفتت بەم دوو شیعرەوە نابنە دەس نوێژێکی دەم وتافی جوانیت.

ئێمە لە پێناو (ستراتیژی فرە مانایی و گەورەبوونی مەولەوی) بە تەواو پێچەوانەی ڕاڤەکەی مامۆستا و هەموو ئەوانی ترەوە ڕاڤەی دەکەین بێ ئەوەی ماناکانی تر ڕەد کەینەوە. چونکە دژی ستراتیژەکەی خۆمانە کە فرەیی مانا و دیدگای جیا بەرهەم دێنین.

پیری و تەن ناتەوانی کەس بە پولێ نایکرێت چونکە لە تەواوی وزەو ئاوداری یەکانی لە دەست داوە، ئەم دوو بەیتەش بە تەواوی مەولەوی خۆی لە ڕێگەی دارشتەی وێنەکەوە (وەك دوو فلسی قەڵەب ) دەیانخاتە گیرفانی بیرو ئەندێشەی ئێمەوە.

تەنێکی قەڵب و دوو فەرد، ماڵێکی ناشرین دوو فلس، نابنە (ئاودەس) دەستنوێژێکی ·جوانی کە (عیبادەتی لاو دەس نوێژی جوان ) دیدە تا ئاستی بە غیلی پێ بردن. بەهاو نرخی بەرزکردوەتەوە یەکێ لە تاقمەکانی ژێر سایەی خودا گەنجانی دەس نوێژ شۆردوی جوانن.

ئەم حاڵەتی بەیتە ئەو جادوی مانایە یە کە مەولەوی زۆر جار لەیەك تاکە وشەی دەپێچێت و ئێمە فریو دەدات لێرەش دا زانینی مانای (ئاو دەس) کلیلی کردنەوەی مانای جیایە. کە هەواری شیعرەکە لە چەق بەستوویی دەرباز دەکات و سێبەرە و سێبەری پێ

دەکات. وە من زۆر سەر سامم ئەو بەحری عیلم و غەواسیماناو ئەدەبیاتی کلاسیکە جەنابی بەهەشتی مدرس چۆن فریوی ئەو ووشەیەی خواردوە کە کەسی تر هێندەی ئەو مەللا نی یە و چۆن (ئاو دەس) ی بە هاو واتا ڕاڤە کردوە. دیارە واتای ئەم بەیتە لە ژێر سێبەری ئەم فەرموودە دایە، حەوت دەستە خوا ئەیناخاتە ژێر سێبەری خۆی لەو ڕۆژەدا کە بێجگە لە سێبەری ئەو سێبەری تر نی یە. کە دەستەی دوەم گەنجێکە بە پەرستنی خواوە تەمەنی هەڵدا بێت.کەواتە ئەم بەیتە لە شەڕی بەیتی پێشوودایە، خەجاڵتیەکانی پیری و ئاوی دەس نوێژی جوانی لە کێ بڕکێی بە دەست هێنانی بەزەیی خوادان و مەولەوی لایەنگری عیبادەتی تاڤ جوانییە. کە ئەم لایەنگیریەش ئاوەزدارانەیە و هیچ کات پیری و جەنگاوەرەکانی بەرامبەر جوانی و جەنگاوەرەکانی ناوەستن.

٧- عەزابم ئەرصەد جەحەد بەرشی یەن

جە ڕوو سیاییم گرانتەر نی یەن

عەزاب و سزا دانم هەرچەندە صەد ئەوەندە لە ڕادە دەرچووە، بەلامەوە لە ڕوو ڕەشیم قورس تر نی یە، صەد ئەوەندە عەزابم بەلاوە سوك ترە لە ڕوو ڕەشیم.عارفان کاتێ دەگەنە یەقین و بڕوا بە لێخۆشبوونی خوای گەورە، لە بەرامبەر تاوانباری و گوناهە زۆر و زەوەندەکاندا، شەرمەزار و خەجاڵەت دەبن، تەریق بوونەوە لە دۆزەخ بە عەزابتر دەزانن. ئەمەش لە لێخۆش بوونی یوسف لە براکانەوە سەرچاوە دەگرێت، بە جۆرێ یەکێ لە براکان هێندە خەجاڵەت باری دڵفراوانی یوسفە. داوای عەزاب دەکات.

٨- من کە خەجاڵەت خزمەت ئاماپێم

جەهەنەم صەد ساڵ دۆزەخ بۆ وە جێم

من کە خەجاڵەتی بەردەم و خزمەتی تۆم پێ هات، ئیتر بە جەهەنەم با صەد ساڵ لە دۆزەخا بم.

بە جەهەنەم ئیدیۆم و دەربڕینێکی کوردەواریە واتە چش ئەم چش کردنە کاتێکە ئیتر درفەت و نرخ لە دەست چوو بێت هەرچی تر ببێت با ببێ لەم حاڵە

خراپتر نی یه بەلامەوە و لە خەجاڵەتی بەردەمی تۆ باشترە. یانی من مادام توانیم بەرگەی ڕوزەردی و خەجاڵەتی بەردەمی تۆ بگرم، بەرگەی صەد ساڵی دۆزەخیش دەگرم، جەهەنەم و دۆزەخ هەرچەند هاو واتان بەلاّم بەدوو گوزارەی جیا بەکار براون عارفان لەوڕوانگەوە کەخۆیان بەشیاوی بەخشین و مهرەبانیەکانی یار نازانن کاتێ دەگەنە ئەو بڕوایەش کەتۆبە دەکەن و خوای گەورە پەیمانی بەخشین و لێخۆشبوونی داوەو دەیان بووریێت. ئەمان هەر لە دۆزەخی خەجاڵەتباری گوناهەکانیاندان و بگرە شەرمازریەکانی بەردەمی تاقانەی خۆشەویست لە دۆزەخ ناڕەحەت ترە لە لایان. مەولانا خالد لە نامەکانیدا بۆ ئەم بابەتە ئاماژەی هەیەو شیعری فارسیش لەم نموونەیەی زۆرە.

گویند خودا گوناه را میبخشد

ا و بخشدو من از این خجالت چە کونم

٩- مطرب بۆ وە داد دلگیریمەوە

پیری ها ئاما وە پیریمەوە

ئاواز خوێن وەرە بە داد و هاواری دلگیری و زویریمەوە، پیری وا هات بەرەو ڕوم، پیری پێشوازیم لێ دەکات و دلگیرم، گۆرانی بێژ وەرە بە ئاوازەی شیعری بێسارانی یەوە. مامۆستا حەکیم دەنوسێ سوژێتی ئەم بەیتەی لە خانای قوبادی وەرگرتووە خاناش لە بەیتێکی فۆلکلۆری (لەکی) وەرگرتووە.خانا دەڵێت:

ها پیری ئاما وە پیریمەوە

ئیتر نیم وەتەنگ زویریمەوە

لەفۆلکلۆرەکەشدا وەها هاتووە:

پیری هاتییە وە پیریمەوە

وەی دڵەی خەمین دلگیریمەوە

{مەولەوی وتەقینەوەی زمان ل٦٠}

١٠- نەوات وێرانەی دڵ کەرۆ ئاوا

چەنی بەستەی فەرد بێساران ماوا

سۆزو ئاوازەی خۆشت وێرانەی دڵم ئاوەدان کاتەوە لە گەڵ شیعری بێسارانی دا. شیعری بێسارانی لە گەڵ سۆزی ئاوازخوێن کەرەسەو تفاقن کە دڵی وێرانی مەولەوی ئاوەدان دەکەنەوە.

وێرا نەی دڵ یان وێران بوونی دڵ لە ئەنجامی پەلامارەکانی گەنجیەتی دا بۆ سەر دڵ و خاپوورکردنی دڵ لە لایەن سوپاکانی گوناە و چەکە کوشندەکانی هەوا و هەوەسەکانی گەنجی یەوە بووە. ئاوەدان کردنەوەی وێرانەی دڵ بە تۆبە و پاشگەزبوونەوە دەبێت کە فەردەکانی بێسارانی تێکرا لەرەی پەشیمان بونەوە و تۆبە نزای لێ خۆش بوونن.

ئینە گرد جە وەخت نادانیم بی یەن

فەصڵ سەر مەستی ی جوانیم بی یەن

ئیسە ها جە گشت پەشیمانیم بەرد

وادەی پیریمەن جوانیم و یەرد

کۆچ دوا ییمەن یاوانم نۆ بە

نۆبەی تۆبەمەن کەرەمدار، تۆ بە

شیعرەکەی بێسارانی (٨) بەیتەو لە دیوان بێسارانی دا هەیە، بە هەندێ جیاوازی لەگەڵ ناو دیوانەکەی مەولەوی مامۆستا حەکیم ڕاست دەکات مەولەوی باشترین شایەتە لەسەر ئەوەی ئەم شیعرە هی بێسارانی یە، نەك کوماسی وەك هەندێ دەڵێن چونکە مەولەوی هەم بێسارانی خوێنەر بووە هەم هاوڕێی نزیکی کوماسی.{بێسارانی حکیمی مەلا سالح چاپ ١ سنە ١٣٧٥ل٩٤-٩٥}

١- پەژارەت شادیم جە بێخ ئاوەردەن

دووریت ڕیشەی دڵ خەیمەکەن کەردەن

پەژارەت شادی وخۆشیمی لە بێخ دەرهێنا و دووریت ڕیشەی دڵمی خەیمەکەن کرد ڕیشەی دڵی وەك ڕایەڵی بەستنەوەی خێوەت پچڕان.

مامۆستا محمدعلی قەرەداغی لە شارۆکەیدا دەنووسێ ئەم شیعرە لە دیوانەکەدا پرژو بڵاوە. وە لای بەڕێزیان بووەتە (١٦) بەیتە و ئاماژەی بە جیاوازیەکان کردووە و بە هەمان جۆر ئەویش فەرمویەتی وەڵامی نامەیەکی کوماسی پێ داوەتەوە و پەخشانێکیشی لە گەڵە و بە خاڵۆ ویەردەن دەست پێ دەکات.{شارۆیەك لە باخچەی ئەدەبی مەولەوی. گۆڤاری کۆڕبەرگی شەشەم ل٢٣٩-٢٤١}

مامۆستا حەکیمیش لە پشکین و لێکۆڵینەوە دا بۆ ئەم شیعرە دەنوسێ بەم بەیتە دەست پێ دەکات هەمان زانیاری شارۆکەی قەرەداغی یە.

خاڵۆ ویەردەن

هیجرانت یەکجار جەحەد و یەردەن

کەواتە بەم پێ یە دەچێتە نێو (پیتی خ) وە شیعرەکە ئاڕاستەی ئەحمەد بەگی کوماسی دەکرێت، ئەویش وەڵامی داوەتەوە کەواتە بەیتی یەکەمی دیوانەکە دەبێتە دوەم وە نیوەی دووەمی بەیتەکەش بەم جۆرە دەنوسێت.

دووریت خەیمەی دڵ ڕیشەکەن کەردەن

واتە دووریت خێوەتی دڵمی لە ڕیشە دەرهێناوە هەرچەندە هەردوو داڕشتنەکە دەست ئەدەن و یەکەمیان یاریەکی تیا کراوە دووەمیش واقعانە داڕێژراوە.

٢- فیراقت فەرقم وە تووتیا کەرد

جیاییتر ئازام جە هەم جیا کەرد

جیا بونەوەت سەرمی کردە تووتیا و ئازامی لە یەك جیا کردەوە و هەڵی وەشاند.

٣- وە سواسەت وەی تەور ئیش دان وە جەرگم

وە مەرگت قەسەم ڕازیم وە مەرگم

هەر دەمەو لە سەر خەیاڵێکت بە جۆرێ (چزوو. ئێشی ) داوە لە جەرگم، سوێند بە مەرگت ڕازیم بە مەرگم.

یان وەسواسەت، واتە هەردەم لە سەر خەیاڵ و بیرکردنەوەیەکم لە تۆ. ئەم یەکلایی نەبوونەوە لە خودی ئێشی یەکلابونەوەی مەرگ ئێشی خراپ ترە.

وە دەگونجێ (وەسواسەت) مەبەستی لە ڕاڕایی و هەردەم لە سەر شەرتێکی بەرامبەر بێت. واتە "دوودڵی تۆ" چزووی لە جەرگم داوە بە دەلیلی پەژارەت ( پەژارەی تۆ — فراقت — جیابونەوەت - وەسواسەت - وەسواسەی تۆ) مامۆستا حەکیم (ئێشی بە نێش ) ڕاست کردەوەتەوە {مەولەوی حەکیم ل ٩٤}.

٤- وێت بدەر ئینساف نەو نەمام نۆ

مەردەن خاستەرەن یاخۆ دووری تۆ

خۆت بدە لە مەحەکی ویژدان و بە ویژدان پێم بڵێ نەو نەمامی نۆ، مردن چاکترە یاخود دووری تۆ. بڕیار بدە بە ویژدانەوە (مردن و دووری تۆ) بۆ من کامیان چاکترە.. لە دێڕی پێشوودا بەلای خۆیەوە بە مەرگ ڕازی یە چوون مەرگ ئەزمونێکی یەکلاکەرەوە و ڕەهایە. هەرچەندە مامۆستایان محمد علی قەرەداغی و حەکیمی مەلا ساڵح بە پێ ی نوسخە (نەو نەمام نۆ) بە (خاڵۆکەی خۆش خۆ ) ڕاست دەکەنەوە، بەلاّم ئێمە (نەو نەمام نۆ) بە جوانترو فرە ماناتر دەزانین بە دەلیلی ئەمە. وێنەکە لە مۆری تایبەت و وەزیفە مێژوییەکەی بەرامبەر بۆ نوسراو دادەڕنن و گشتی و هەردەمی و نەمری دە بەخشێ لە ڕێی ڕاڤە و مانادا کە مەولەوی خۆی وەها کاری کردوە و بەو ستراتیژە هەڵسوکەوتی لە گەڵ بۆنە و تایبەتمەندیەکاندا کردووە.

٥- مەردەن یەك ساتەن ئەڕواحەكەی وێم

دووریت هەر ساتێ صەد مەرگەن پەرێم

مردن یەك ساتە كیانەكەی خۆم، بەلاّم دووریت هەر ساتێكی صەد مەرگە بۆم: مردن خۆی ساتێكە بەلاّم یەك سات دووری صەد مەرگە.

٦- مەرجەستەی خەستەی من جە فو لادەن

یەند دووریت وینۆ هێمان دلّ شادەن

مەگەر لاشەی بیماری من لە پۆلاّیە ئەم گشت دووریەت ببینێ و هێشتا دلّ شادبێ. دیسانەوە جەستە: مرۆیەكە هەست بە دووری دەكات و چاوی هەیە دوریەكان دەبینێ.. دلّی شاد..یان ناشاد دەبێت. جیناس هەیە لە نێوان ( جەستە و خەستە )دا

٧- دەك ڕەحمەت ئەو قەبر گشت وەفاداران

خصوصا ئەو كەس شای وەفاداران

دیارە ئەم كۆتا بەیتەی دیوانەكە سەرەڕای ئەوەی باش نەشێلراوەو مەرجەكانی هاتن و ڕەحمەتی كەسی وەفادار دیار نی یە، بۆ كۆتایش دەست نادات و بە ئاسانی هەست دەكەیت شیعرەكە بە بەریەوە ماوە.

مامۆستا محمدعلی قەرەداغی لە شارۆكەیدا ئەم دێڕە وا دەنووسێ:

دەك ڕەحمەت ئەو قەبر گشت سینە صافان

خوصوصەن یەعقوب میرزاكەی جافان

هەروەها درێژەی شیعرەكە تۆمار دەكات و بەلاّم ڕۆشنایی لە سەر میرزا یەعقووبەكە نی یە.{شارۆیەك لە باخچە....ل٢٤٠}

بەڕێز حەكیمی مەلا صالّح لە كتێبەكەیدا هەم دێڕەكەی ڕاست كردوەتەوە و كەسەكەی دیاری كردوە..بەلاّم زۆر دیار نا، وە بە پێ ی دوو نوسخە درێژەی شیعرەكەی تۆمار كردوە. ئێمە بە دەلیلی ئەوەی كە خودی مامۆستای مدرس لە پێشەكی مەولەویەكەی دا دەفەرموێ:

لام وایە کۆمەڵە شیعری مەولەوی لای سەیدەکانی با ینجۆیش هەبێ، بە نیشانەی ئەوە کە لە سەرەتای مامۆستاییما لە خوێندنگەی خانەقای بیارە خوالێ خۆش بوو (امین الساداتی باینجۆیش) لەوێ بوو زۆربەی شیعری مەولەوی لەبەر بوو مەعناکانی باش ئەزانین و ئەیزانی کەی و لە چ موناسەبەیەکدا دای ناون. مامۆستا داخێکی گرانیش هەڵدەکێشێ کە ئەو کات ئەو شتانەی لە ئەمین سادات نەنوسیوەتەوە. وە نوسخەکەی لای کاك حەکیم نوسخەی باینچۆ و نوسخەی شەوکەت یاریانە، بۆیە لەم بەیتەو کۆتایی شیعرەکان کەڵك لە کتێبەکەی مامۆستا حەکیم وەردەگرین.

دەك ڕەحمەت ئەو قەبر گرد سینە سافان

خسوسەن یەعقوب میرەکەی جافان

دەك ڕەحمەت لە قەبری هەموو سینە ساف و پاکدڵان بە تایبەتی میرزا یەعقوبی میرەکەی جافان.

مامۆستا حەکیم دەنوسێ میرزا یەعقوب جاف شاعیرێکی باش نە ناسراوی ئەو دەورەیە و لەوە ئەچێ مەولەوی بەیتی لێ هێنابێ بۆ تێ هەڵکێشی شیعرەکەی{مەولەوی حکیم ل٩٦}وە ڕەنگە لەمەولای شیعرەکەی هی میرزا یەعقوبی جاف بن..نازانم. سەبارەت بە میرزا یەعقووب ئەم شیعرە هەیە کە مامۆستا محمد عەلی قەرەداغی بلاّوی کردوەتەوە.

چراخم خاڵت.......

خاو سەندەن جە خێڵ خاوێران خاڵت

غارەت دان خەرمان خەمان خەیاڵت

جەلی دان جەمین جامان جەماڵت

بۆ تەواوی شیعرەکە بڕوانە {کەشکۆڵی کەلەپوری ئەدەبی کوردی بەرگی چوارەم ل١١٣} وەدەزانیین لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا شاعرێکی ناسراومان بە ناوی سەی یاقۆی مایدەشتیەوە هەیە. کە مامۆستا بۆرەکەیی باسی کردوە و بە جیاش ناوی (شێخ

یەعقوب خان) دەبات. {مێژووی وێژەی کوردی بەرگی دووەم ل ١٤٩ و بەرگی یەکەم ل٥٩٥} لە کەشکۆڵەکەی مەحمود یارەویسیشا بە سەید یاقۆ و، و میرزا یەعقووبی جاف ناوی هاتووە {کەشکۆڵی حاجی مەحمودی یارەویس عوسمان محەممەد هەورامی ل ١٤} وە مامۆستا محمد عەلی سوڵتانیش دەڵێت:

شێخ یەعقوب جان، شێخ یەعقوب خان، مەلا یەعقوب خان، سەید یەعقوب هەموویان هەمان سەی یاقۆی مایدەشتین....و ئەحمەد بەگی کوماسی فەردێکی تێ هەڵکێشی شیعری خۆی کردووە.

دەی ڕەحمەت وە قەبر گشت سینە سافان

مەخسوسەن یەعقوب مەلاکەی جافان

چەرخ چەپ چەنیم ڕاس بەستەن کەڵەك

مەر من سەنگم دان وە مینای فەڵەك

{کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی-گۆرانی ساغ کردنەوەو سەرەتا نوسینی ئەنوەری سوڵتانی لەندەن ١٩٩٨ل١٢٢} بەم پێیە شیعرەکە دەبێتەوە بە شیعری کوماسی. من لام وایە تەواوی ئەو شیعرەی لای مامۆستا قەرەداغی و کاك حەکیم هەیە بەتێکەڵی هی مەولەوی و کوماسی و میرزایە. بەم شێوەیە:

لەسەرەتاوە تا (مەر جەستەی خەستەی من جە فولادەن) هی مەولەویە و لە ژێر کاریگەری زاراوە و شێوازی کوماسیدایە و ئەمەش ئاساییە لە ئان و ساتی وەڵام دانەوەی نامەدا درووست بووە.

(فەردی چەرخ چەپ) هی میرزایەعقووبە و ڕەنگە سێبەری چەند فەردێکی لەسەر هەردووشاعیر(مەولەوی و کوماسی) نیشتبێت.

کۆتای شیعرەکە هی کوماسیە و مەولەوی بە پێی پێویستی بۆ وەڵام گونجان هەڵی وە شاندووە. ئەمانە بۆچوونن تا ئەو کاتەی کە دەسنووس و سەرچاوەی باوەڕ پێکراو ساخیان دەکاتەوە. بۆیە ئێمە شیعرەکان بەو جۆرە سەروەرانی ڕابەر فەرموویانە وەر دەگرین و ڕاڤەیان دەکەین.

٨- چەرخی چەپ چەنیم ڕاس بەستەن کەڵەك

مەرمن سەنگم دان وە میناى فەڵەك

چەرخی چەپگەردی گەردون لەگەڵما بە ڕاستی دەستی داوەتە فێڵ و فریو و فرت و فێڵ، ئاخر مەگەر من بەردم گرتووەتە شووشەی گەردوون. یان چەرخی چەپ ڕاستی لێ بەستووم بە کەڵەك (ڕێ ی ڕاستی لێ گرتووم ) مەگەر من بەردم لە شووشەی فەڵەك داوە.

بێزاری شاعرەکەیە لە یاسا و ڕێساکانی (سروشت، گەردوون) کە زۆر جار بەدڵی ئێمە نین. دژ یەك لە نێوان (چەپ، ڕاس) ڕەگەزدۆزی (فەڵەك، کەڵەك).

٩- دایم پەرێ و من ها جە بەهانە

گاهێ (ئەصفەهان) گاهێ جە بانە

بەدایم و هەمیشە بۆمن لە بیانودایە. جارێ ئەسفەهان و جارێ تر بانە.

مەولەوی لە جیا بونەوەکەی دا لە هاوڕێیانی (شێخ عەزیزی جانەوەری ) پێشتر ووتبووی (تا بانەش بێت شوکرین) ئاخر لەبانەش دورتر هەیە.

١٠- نمەدۆم فرسەت ساتێ وە بێ خەم

گەرد پالاکەت بماڵوون وە چەم

ساتێ دەرفەتم پێ نادات بەبێ خەم، تۆزی کە وشەکەت بە چاو بماڵم.

١١- یا شەوێ شین کەم جە شەو ناڵێنت

یا ڕۆیی ڕۆ کەم وە زاری و شینت

یان شەوێ شین کەم لە شەو ناڵێنت یا ڕۆژێك لە زاری و شینتا ڕۆ کەم.

١٢- یا ناڵەم چەنی ناڵەت بخێزۆ

یا دیدەم ئەسرین پەرێت بڕێزۆ

یان ناڵه و ناڵینم لەگەڵ ناڵینتا بەرپابێت و یان دیدەم بۆت فرمێسك بڕیژێت. وێنەكان ڕاڤەی زۆر هەڵ ناگرن چونكە زمانەكەیان نزیكە و سادە و تێ گەشتنی ئاسانە بۆیە زۆر شرۆڤەی ناكەین.

١٣- یا شەممێ جە شەرح دووریی دووبارە

داخ هیجرو وەصڵ دڵەی سەد پارە

یا كەمێ لە بەیانی فراوانی دووری دووبارە و داخێ هیجر و وەصڵ پێگەیشتن و دابڕانی دڵەی سەد پارە. پارچە پارچە كراوە.

١٤- عیشوە و گریشمەی حووری جەمین گوڵ

عەرزەكەم وە پابۆس پەی تەسكین دڵ

عیشوە وغەمزەو نازی حۆری دەم و چاو وەك گوڵ. عەرز كەم بە ماچی پێوە (قاچ ماچ كردن) بۆ تەسكینی دڵ.

لە گەڵ بەیتی پێشوودا لە كەمێ شەرحی دووری و داخی هیجر و وەصڵ و عیشوە و نازی بە قاچ ماچ كردنەوە عەرز كەم بۆ دامركانی دڵ.

١٥- چەپگەرد نمازۆم دەمێ فەراقەت

ساخوا یا وە صڵ، یا مەرگ،یا تاقەت

چە پگە رد نایەڵێ ساتێ ئاسوودە بم، سا خوایە یا وەصڵ(بەیار گەیشتن)یا مەرگ(نەجات دان)یان تاقەت و هێزو توانا. هەركام لەو سێ یە دەرمانی ئاسوودەیی گیانن.

نەگبەتی و بەد بەختی لەوەدایە عاشقان لەو سێ دەرمانەش بێ بەش بن. كەلیمەیەكی هەورامی هەیە دەڵێت.

شۆخەكەی قەد باریك لەت لەتەن جەرگم

نەتۆ دات دەرمان نە خوای داش مەرگم

شیعری حەوتەم

١- پەشێوی وە نەزم لوولووی ئەسرین دا

پەروین دائیرەی خورشید تەزیین دا

فرمێسکە هۆنراوەکانی بەدەوری بازنەی وەك خۆری دەم و چاویدا بوونە ئەستێرەی پەروین(ثریا)و دیمی ڕازاندەوە.

دائیرەی خورشید: ئەو هێڵە بازنەییەی کە ئەستێرەو هەسارەکان لە کاتی سوڕانەوەیاندا بە دەوری خۆردا دروستی دەکەن، خوازراوە و لە شیعرەکەدا بووەتە دەم و چاو.

فرمێسکی وەك مرواری و زەنگوڵەیان لە سەر ئەو ڕوومەتە بە شێواوی پەشێوی وەك گۆ ئەستێرەی پەروینی دەوری خۆرن. بۆچوونی مامۆستا ئەردەلانی وایە کە خورشید ئاسمان بێت{مەولەوی سۆرانی ئەردەلاّ نی ل٣٨٢}ئاسمان و دائیرەی خورشیدو ڕێك وپێکی و نەزمیان بە مەرگی ئەو نازدارە تێك دەچن بە وێنەی پەشێواوی زلف و دەم وچاو ڕنین و گریانی نازداران. ئەم بەیتە شیوەنە لە سروشتا بووەتە خواستن بەیتی دوای خۆی هەمان ڕۆڵ دەگێڕێت لای نازداران.

٢- جای ناخوون وە خوون ئەو گۆنای بێگەرد

ئیشارەت وە مانگ مەینەت دڵ کەرد

جێگە نینۆکی خوێناوی سەر گۆنا بێگەردەکان، ئاماژە دەکەن بە مانگی مەینەتی دڵ.

ئافرەتان کاتێ جنگ لە ڕوومەتیان دەگرن و دەم و چاویان دێننە خوار، جێگەی نینۆك لە سەر ڕومەتیان بەجێ دەمێنێت.کە لە شێوەی هلال دایە و بەخوێن سوورە. ئەم جێکەوتە لە سەر ڕوومەت، لەگەڵ هەمان دۆخ لە ئاسمان،ئاماژەیە بۆئەوەی مانگی ناڕەحەتی دڵ و مەینەتە. لەکوردەواریدا ترس و مەینەت لەو مانگە دەگرێت کە

سووربێت چوون لای ئەستێرە ناسەکان مانگی سوور نیشانەی شەڕ و شۆڕە. لە سەر وەختی ژیانی مەولەویدا مردنی ئازیز و نازداران بەو خێراییی یە نە دەبڕایە وە و بە ئاسانی فەرامۆش نە دەکرا. ئازیەت باری پرسەو ماتەم سالآنی دەخایاند.

٣- شیرینی قامەت قیامەت نە وەرد

سەلآی فەرز بەرگ ئازیەتی ئاوەرد

شیرینی بەژن و بالآی کە ئێستا قیامەت دەپێوێ، بانگی دا کە تازیە گرتن و ڕەشپۆشی فەرزە. یان شیرینی بەژن وبالآی کە هەستا وڕۆی، قیامەتی هێنا بۆ ئێمە و تازیە و ڕەشپۆشی فەرزکرد لەسەرمان.

مانای نزیکی قامەت بەژن و بالآو مانای دووری قامەت هێنانی نوێژە. مانای نزیکی سەلآ شیوەن و گریانەو مانای دووری نوێژە.{دیوان ل١٣١ونەردەلآنی ل٣٨٣}شیرینی قامەتی نازدارەکە لە گەڵ دەنگی خۆش و شیرینی تەقسی قامەتی پێش نوێژ، شین و دابەستنی نوێژیان فەرز کردووە. بە مردنی پەریزاد خان قیامەت بەر پا بووە و مەکروهەکان موباح و حەرامەکان حەلآڵ بوون. مەولەوی بە هێنانی قیامەت ئەو شەریعەتەی لە شیعرەکەدا درووست کردووە کە قیامەت هەستا ئەو پێوەرانە مانایان نامێنێت.کاتێ قیامەت هەستا ئیتر نوێژیش درووست نی یە. ئەوەتا مەحوی لەبارێکی تردا دەڵێت:

وەها مشەوش بوو کە محرابی برۆتی دی ئیمام

ئیزنی خەڵکی دا کە قیامەت هەستاوە بۆ چ دێنە نوێژ

٤- هەنی فتوای شەرع بادە نۆشان بۆ

حەلآڵی کالآی ماتەم پۆشان بۆ

ئیتر کاتی ڕەوابوون و حەلآڵی بەرگی ڕەشە بۆ ماتەم پۆشان و فتوای شەرعە بۆبادە نۆشان.

د.ئەنوەر دەنووسێت (بادە)بە مانا فەرهەنکیەکەی بە کار هاتووە و هەست بە هێماو ڕەمز ناکەین{لیریکا ل ١٦٦} ئەمە ڕاستە بەلآم دوورتر بڕۆین بە نسبەت بادەو

شەرعەوە حەلاڵ بوونی شەممە لە مانگ بڕانە. مەولەوی لەم جۆرە شیعرانەدا دنیا و ئاخیرەت پیشان دەدات و ئەحکامەکان دەگۆڕێت.هەموو ئەمانەش لە خزمەت بە هێزی و جەرگبڕی کۆستەکان و خولقانی شیعریەت دەخاتە گەڕ.

٥- وەشەن ئەو بالاً چوون بەو کالاًوە

بازەش ئەو کالاً هەر بەو بالاًوە

چوونکە جوانە بالاًی ئەو ماتەم پۆشانە بەو بەرگە ڕەشەوە، کەواتە لێیان گەڕێن با لە بەریاندا بێت.

بێجگە لەماناکانی شیعری ئافرەتی سوور و سپی ڕەشی لێ جوانە.لە کالاًی ڕەشی نازداران گەڕێن و شەرع ڕێگەی پێداون.هیچ ناشیرین وعەیبەیەك لە شتی حەلاڵ و ڕێگە پێدراودا نی یە و کەس هەقی بەسەریەوە نیە و لای هەمووان جوانە.

٦- حەیات جە ظولمات جیا نمە بۆ

کاوە وە بێ بەرگ سیا نمەبۆ

ڕۆشنایی ژیان لە تاریکی مردن جیا نابێتەوە و بەرگی ڕەشیش لە بەردە کەی کابە نابێتەوە. ژیان و مردن پێکەوەن و خودی ژیان لە تاریکیەوەیە(ئەفسانەی ئاوی حەیات و سەرچاوە تاریکەکەی)کابە و قیبلەی ئێمەش لە دنیادا ڕوو لە بەردێکی بەرگ ڕەشە. کە بۆ پێناسەکردنی ئەم دنیایە و چەمکی ژیان زۆر گرنگە کە ڕەهندی بەرد بوون و ڕەشی بەرگی کابە خوێندنەوەی بۆ بکرێت.مەولەوی لە پەناوە دەڵێت نازدار و جوانانی ڕەشپۆش قیبلەی شیعری منن.

(کاوە) لە دیوانەکەدا بە میسکی بۆن خۆش ڕاڤە کراوەو مامۆستا حکیم ڕاستی کردوەتەوە بە کاعبە{مەولەوی وتەقینەوی زمان ل١٠١-١٠٢} شایانی باسە زۆر پێشتریش پیرەمێرد بە کەعبە وەریگێڕاوە.

سەرچاوەی حەیات لە ظولماتایە

کەعبەش هەر وەك ئەو بەرگی سیایە {مەولەوی پیرەمێرد-سۆرانی ل١١٦}

بە دەست هێنانی ژیانی ڕاستەقینەو نەبڕاوەی ئەو دنیاش ڕووکردنە کابەی بەرگ ڕەشە لەم دنیادا.ئێمە بۆ ئەوە ڕوو لە ڕەش دەکەین یانی دنیا بە ڕەش وێنە بکەین کە دوا جار ناتوانێت زامنی ڕۆشنایی بکات، بۆ ئەوەی سپیەتی و ڕۆشنایی ئەو دنیا بە دەست بخەین، ئێرە لای خۆمان و لە خۆمان ڕەش دەکەین.

١- پەیخام باڵای خەمبارەکەی تۆ

خەمیای حەڵقەی گۆشوارەکەی تۆ

ڕاسپاردەی منی خەمباری باڵای تۆ کە وەك ئەڵقەی گوارەکەت چەماومەتەوە بۆ ئەوەی لەگوێم کەیت.یان ڕازو پەیامی ئەڤینی منی خەمبارو چەماوەی باڵات کەوەك ئەڵقەی گوارە چەماوەتەوە بۆ ئەوەی بچێت بە گوێتا.

بۆنەی ئەم شیعرە لە دیوانەکەدا وانووسراوە کە مەولەوی گلەیی لەدۆستێکی دەکات کە ڕاسپاردەیەکی ناردوەتە لا بە گوێی نەکردووە. من وانازانم ئەم بۆنە سازاندنە بیانووی سەرەکی ئەم جۆرە شیعرانە بێت. چوون ماناو ناوەڕۆکەکەیان لەوە بەرز تروو شیعری ترە.

مەرج و پەیمانی خۆشەویستی ، لە گوێ کردن و بە گوێ کردنی پەیخامەکانە. ئیتر ئەو پەیامانە دینی و ئەخلاقی بن وەك لە گووتاری زۆربەی دینەکاندا هاتوە، یان تەکلیف و قسەی سۆزداری و ڕواڵەتیانەی ڕۆژانەی نێوان هەر کەسێك بن. ئەمە چەمکی(طاعەتە)وئایات و حدیث فەرموودەی زۆری لە سەرە تەنانەت بایەخ و گرنگی هەر ووتەیەك لە بە گوێگرتن و هەمیشە لە گوێدا زرنگانەوەیدایە و لە کوردەواریدا دەوترێت:

بیکە بەگوارەو بیکەرە گوێت. لە دێرزەمانیشەوە پیرشالیار فەرموویەتی:

هۆشت جەواتەی پیرشالیار بۆ گۆشت جە کیاستەی زانای سیمار بۆ

بیرت لای ووتەکانی من بێت و گوێ بدەرە لە نێراوەکەی زانای ڕەمز گۆ. بۆیە مەولەوی بە ئەڵقەی چەماوەی گوارە ئەم بابەتەی درکاندووە(لە گوێ کردن و گوێ پێ نەدان) ئەمجارە لای عاشقەوە بۆ مەعشووق. لە باری پاڕانەوە و مەیلی یار خۆیدایە. پێچەوانەی فەرمان و داواکانی یار لە عاشق.

٢- چەند وە سەر گۆشی وە گۆشت ئاوەرد

چوون بەد بەخت بیم تۆ گۆشت نەکەرد

چەند جار درا بە گوێتاو بیستت، بەڵام لە بەدبەختیما لە گوێت نەکرد.

(سەرگۆشی وە گۆش هێنان) تەنیا بیستنی ڕواڵەتیانەیە بەبێ لە گوێ گرتن و بە قسە کردن. چوون دەزانیین بیستن لە گوێ پێدان و بە گوێ کردن جیاوازە.

لە دیوانەکەدا ئەمە بە چپە لێکدراوەتەوە.چەند بە چپە ڕاسپێریەکەی من درا بە گوێتا و بەڵام چونکە من بەد بەخت بووم تۆ گوێت نەدایە{دیوان ل١٣٢}

١- پەی کەسێ خاسەن هەوای سەیرباخ

ماسیوای مەعشوق نەبۆش ئاخ وداخ

بۆکەسێ باشە ئارەزوو وسەیری باخ،بێجگە لەیارهیچی تری لەسەردا نەبێ،یانیبێجگە لەئاخ وداخ کردن بۆ یار،ئاخ وداخی تری نەبێ.

دەبێ هەڵپەو ئاخ وداخ و ئاوات خواستن وکەڵکەڵەی سەری بنیادەم تەنیا بۆیار بێت.ئەوانە سەیری باخ بۆیان چاکەوشیاوی چوونە ناو سەیری باخن.بەلامەوە رێی تێدەچێت لە (سەیری باخ) دا مەبەستی بەهەشت بێت،هەرچەند ئەم مەرامە دوورە.لە گەڵ ئەوەشدا هەرشادی وسەیر کردنێکی تەقلیدیش بۆ خۆی بەشێکە لە شادی بەهەشت.

کەواتە بێجگە لە یار نابێ هیچی ترت لەخەیاڵ وبیردا بێت.هەمووشتێکی تردەکەونە خانەی بێجگەوەو دەبنە شەریك دانان بۆ مەعشوق.هەرچەندە ئەو شتانەش دەردو مەینەت بن،دەی مادام بێجگە لە مەعشووق شتی ترلە خەیاڵدا هەیە ئەوە سەیری باخ حەرامە بۆ موشریکان.دێڕی دووەم زیاتر ڕۆشناییمان دەداتێ.

٢- من جفت مەعشووق دەرد هەمڕازمەن

چوون باز سەرچڵ وادەی بازمەن

من لە جێی مەعشووق و هاوشانی ئەو ،ئاخ وداخ ودەرد هاو ڕازمە،وەکو بازێ بێ بیرکردنەوەولەسەر وەستان وادەی فڕین ودوورکەوتنەوەمە لەو خەیاڵاتی دەردانە.

من بێجگە لە مەعشووق دەردی ترم هەیە ،سیوای مەعشووق دەردی تر لە سەرمایە،ئەم دەردانەش نابێ ببنە جووتی مەعشووق،(یانی عاشق نابێ هیچ حسابێ بۆ دەرد بکات و دان بە بوونی دەردا بنێت)بۆیە کاتیەتی بێ بیر کردنەوە(هامڕازی دەرد)کە شەریك وجووتی مەعشووقن بەجێ بێڵم.چوون دەرد هەر دەردێك بێت شەریك قەرار

دانەبۆیارو نابێت بیکەیتەهاوڕاز.هەر شتێکی تر بێجگە لەئەویارە نەفس دەکاتە بووم (کونەپەپوو) کونەپەپووش بە وێرانە عادەتی هەیەوسەیری باخی لێ نایێت. دەبێت عاشقی ڕاستەقینە هەمووەکانی تربێجگە لە ئەو ئازانە بەجێ بێڵێت.بۆ ئەوەی باز بێت و نەبێتە کونەپەپوو.بچێتە سەیری باخ و بەوێرانەوە خوو نەگرێت.

ئەوەیەکەنالی دەڵێت:

ئەلائەی نەفسی بووم ئاسا هەتا کەی حیرصی وێرانە

لەگەڵ ئەم عەشقبازانە بڕۆبازانە ،ئازانە

{دیوانی نالی ل ٤٨٢}

دنیا با بە ڕواڵەت ڕۆشن و ئاوەدان بێت لە ڕاستیدا وێرانەیەوناکرێ ئێمە کونەپەپوانە بەدیار ئەم وێرانەیەوە دانیشین ونەچینە سەیری باخی وەصڵ وجەنەتی یار.کەئەمە مەرام ومەبەستی مەولەویە.ئەوانەی عاشقی مەعشووقن وەکو بازی سەرچڵ ئازایانە فڕین وێرانەیان بەجێ هێشت وچوونە ژوانی لیقاوە.مەولەویش وادەی بازیەتی(یانی بوونە باز)قۆناغی گۆڕین لە بوومەوە-کونەپەپووەوە بۆ باز.هەر ئەمەشە کە عارفان و سۆفیانی ترگەرەکیانەو وتوویانە:

کەهیچ شتێکی تر(اجابی یان سلبی)نابێ بکرێتە جووتی مەعشووق،چوون وەها کارێك شرکە.ئەوی تەلەسانی فەرموویەتی:

قورئان هەمووی هاوتا پەیداکردنە بۆخوا

یەکتایی وا لە گوفتەکانی ئێمەدا

{سۆفی وسۆفیگەریتی..لەتیف هەلمەت ل٢٥٧}

مەلای جزیریش فەرمویەتی:

تو ژ نوسخەیی تەوحیدمەخوون ئایەتی نەفیێ

بێ ئالەتی ئیثبات کوئیللاییم ئەز

تۆ لە نوسخەی تەوحیدا ئایەتی نەفی مەخوێنە،بێجگە لەناوی خودا هیچی دی مەڵێ ومنیش ئەو بێجگەیەم.

بە ڕاستی ڕاڤە نەپێکانی دیوانی شیعری کوردی بڕیاری پەلە وسەختی لێکەوتووەتەوە ،بەتایبەتی دیوانی شیعری (کوردی هەورامی)چوون نووسەران و هێژایانی تر شوێن ڕاڤە کردنەکانی ترۆ کەوتوون وخۆیان هەوڵی ڕاڤەی جیایان نەداوە.ئەم بەیتە لای مەولەوی ناسان سادەڕاڤەکراوەوهیوادارم بەم بێ دەسەڵاتیەی لای من وەلاَمێك بێت بۆ کتێبە نازەنینەکەی لەتیف هەڵمەت.



تاکەکان

پەنج بیەن وە شەش ،شەش ڕووکەرد نە پەنج

حەریر نە ما بەین بی یەن گەوهەر سەنج

پێنج بووە بە شەش (پێنج پەنجەی دەست لەگەڵ قەڵەمدابوونەتە شەش)شەشەمین کەقەڵەمەکەیەوڕووی کردووەتە پێنجەکەی ترو لەو نێوەندەشا حەریر کە کاغەزە گەوهەردەگرێت و نووسین بووەتەگەوهەر.

گەرچی ئەم یاریانە لە ڕوانگەی ڕەوانبێژیەوە هونەرن و مەتەڵئامێزو ئامانج ڕێکەخەری کات بەسەر بردنن و لای مەولەوی لە خەڵکانی تر باشتریشن،لەگەڵ ئەوەشدا مایەی خۆشحاڵیە کەمەولەوی لەو هەولانەی کەمن .چوون هیچ شلۆان و شڵەقانێ لە ئەندێشەی مانادا درووست ناکەن.من هەر لە بەر دەرگانەکەی دیوانی مدرسدا دەیانگوازمەوە نێو نووسینەکەم،مادام ناوی شەریعەتە بالەم شتە گچکانەشی تیابێت بۆ ئەوانەی ڕێیان لێی دەکەوێت.

پیری و فەقیری وکەپیفی هەرسێ

نەبۆ وەهیجران بار هیچ کەسێ

پیری و هەژاری و پۆخڵی ،ئەم سیانە نەبنە باری هیچ کەسێ.ئەم تاکەش زیاتر لە قسەیێکی میللی نەستەق دەچێت ولە ستراتیژیەتی زمان و وەزیفە.گرنگەکانی مانا لای مەولەوی دوورە.

## پیتی (تێ)

### شیعری یەکەم

١-تەژنەی گیان وە لەب سەودای سەبووری

کەفتە بێم نە گێج دەریاکەی دووری

تینو و گیان لە سەر لێو لە گێژی دەریای دووریدا و کەوتبووم، لە خەیاڵ و سەودای سەبوری دا. واتە لە ناو دەردی دوری گیانم هاتبووە لێوان و کەوتبووم، چاوەڕێی تنۆکێ لەئاوی سوکنایی و سەبووریم دەکرد.

٢- دیم نەشئەی فێنك سێراوی سەردا

شنۆی زیندەگیم ئاماوە بەردا

دیم نە شئەی فێنکی تێر ئاوی هات و شنۆی ژیانم بە بەردا هاتەوە.

نەشئە: کەیف و شادی و سەرەتای مەست بوونە.

سێراوی: تینویەتی شکاندن و تێر ئاو بوون.

باوەڕم وایە مەولەوی ئەم وێنەیەی لە (نۆباو) ئاودانی باخ و باخاتەکانی هەورامانەوە وەرگرتووە، کە بۆخۆی (ڕۆژی ئاودان- نۆباو)کەیف و سەفایەکی هەیە، لەلایەك جۆرێکە لە سەیران و لە لاکەی ترەوە دیمەنی (تاف و بەنگاو قەڵوەزەکان) دارو درەخت دەخەنە سەماو جوڵە، شنۆیان مرۆڤ کەیلی مەستی دەکات.

کاتێ نەمامەکان تێراودەبن، دەکەونە شنەو گەڵاکانیان سەما دەکەن.

بەمەش (دوای نۆباو) باخ ژیانی بە بەردا دەگرێتەوە، کەسێ باخێکی هەورامانی ئاو نەدا بێت ئەم بەیتە ئەو نەشئەیەی پێ نابەخشێ.

٣-دیم خدر نامەی تۆش ئاوەردەوە

دەك ڕستگاربۆ، ئیحیام کەردەوە

دیم خدر (خدری نەمرو نۆشەری ئاوی ژیان) نامەی تۆی هێناو، دەك ڕزگارو سەرفراز بێت، منی زیندوو کردەوە.

خدری زیندە: ئاوی نەمری خواردوە، نامەکە: ئاوە خدر هێناویەتی، بۆ کەسی تینوو. پەیوەندی هەیە لەنێوان خدری زیندە و سێراوی) بەیتی پێشودا، خدر تێراوە لە ئاوی زیندەگی، بەلای هەرکەسدا بڕوات، یان تووشی هەرکەس بێت ئەوکەسەش بەخت باشە و ڕەنگە لە تێراوی بەشی بدات.

لەنامەدا خواستن هەیە، مادام لای خدرە، ئەوە ئاوی ژیانە و خوێندنەوەی نامەکە دەبێتە هۆی لێوتەڕکردن و تینوەکەمان دەژێنێتەوە.بۆ خۆی زیندوو بوونەوەش لە ئەدبیاتی سۆفیاندا تەجەلا دانە بە نەفس و ڕووناك بوونەوەی بە نوور. جوانی وێنەکە لەوەدایە کە نزای ڕزگاری دەکات بۆ خدری زیندە، کە ئەو خۆی ڕزگارکەرو فریادڕەسە، لە گەڕان لەڕێی نەمریدا، لە ئەسکەندەرو گەلگامێش، سەرکەوتووتر بووە و لە مردن ڕزگاری بووە، ڕەنگە مەولەوی ئەمجارە بیەوێت لە ژیان ڕزگاری بێت، یان دوعاکە هەر ڕاهاتنێکی زمانی یە و بەس.

٤-یاوا پێم پەرێم زایەڵەی زاریت

زگاری زامەت بێ دەوای کاریت

پێم گەیی، دەنگی شیوەن و زاریت بۆم، سەختی زام و بێ دەرمانی کاریگەرت دەنگی شیوەن و گریانت بۆمن و سەختی و پەرێشانی بێ دەرمانی زامت حاڵی بووم.

٥- مزانوو هامفەرد پڕشەرت و شۆنی

یارم دڵدارم غەمخوارم تۆنی

ئەزانم هاوڕێ، پڕ لە شەرت و پەیمان و بەڵێنی، یار و دڵدار و غەمخۆرم تۆیت، (شەرت و شۆن) بەجێهێنانی پەیمان و چون بەسەر وەختی یەوە لەکات و شوێنی خۆیدا.

٦-بەڵام تۆیچ ئاخر ڕەنجت بەردەبێ

چەند جار ژار مار دووریت وەردەبێ

بەڵام خۆتۆیش ئاخر ڕەنجت کێشابوو، زەحمەت و جەورکێشان، و چەند جار زاری ماری دووریت چەشت بوو.

مامۆستای مودەریس لە بۆنەی ئەم شیعرەدا دەنوسێ دۆستێکی مەولەوی مۆڵەتی دۆستێکی تری مەولەوی دەدات بۆ سەفەر، مەولەوی و دۆستی مۆڵەت دەر هەردوو نارەحەتی سەفەری دۆستەکانیان دەبن. بۆیە ئەو شیعرێ بۆ مەولەوی دەنوسێ و مەولەویش ئەم شیعرە لە وەڵامدا دەنوسێ.

٧-پەی چێش وستانێت ئەی مەهلەکەی سەخت

فتوای لوات دا، لوا وە بێ وەخت

بۆچی منت خستە ئەم نارەحەتی و هیلاکی یە سەختەوە و فتوای ڕۆینت دا، ڕۆیی بە بێ وەخت، کە تۆش ئەتزانی دور کەوتنەوەی بۆ هەردووکمان هیلاکی و نارەحەتی بوو، بۆ مۆڵەتت پێدا.

٨-زوانت، وەختێ ئیزنیش تەڵەب کەرد

لاڵ کەی نمەبۆ، چەنی ئاش ئاوەرد

کاتێ ئەو مۆڵەتی ڕۆینی خواست، زمانت چۆن لاڵ نەبوو، یان کەی لاڵ ئەبێ، کاتێ (ئەرێ)ی هات بەسەردا.

لەوکاتەدا بەڵێ هات بە سەرزمانتا بۆ چوونی ئەو، بۆ لاڵ نە بوو زمانت، لەوکاتەدا (کە قورسترین وشەی هات بەسەرا) لاڵ نەبوو، ئیتر کەی لاڵ دەبێ. ئەمە لەڕواڵەتدا نزایەکی خراپە، دەنا زیاتر مەولەوی دەیەوێت کاریگەری (بەڵێ بۆ چونی دۆست) دەرخات کە چۆن زمانی لە گۆ نە خستووە.

٩-چەم بێ پەی دینش بیناییش کەم بێ

گۆش بێ شنەفتش صەداش ماتەم بێ

چاوم بەبێ دینی ئەو بینایی کەم بوو، گوێم بێ بیستنی دەنگی، پڕ بوو لە دەنگی ماتەم و قسەی خەفەتی.

یان. چاوم کە هەبوو بۆ بینینی ئەو بوو، کە ئەونی یە ببینم، چاویش بینایی کزبوو واتە (ئەو دۆستە نوری چاو و قوەتی بینینم بوو).

گوێم بۆ گفت ولوفتی شیرینی ئەوبوو، یانی بۆ قسەی ئەو گوێم هەبوو، کە ئەو نی یە گوێشم نی یە، (صەداش ماتەم بی) بەڕای من واتە بیستنی شین و شەپۆریەتی یانی بیستنی نەماو کەڕبوو، نەك ئەوەی کە پڕ بوو لە ماتەم.

دەشگونجێ بەم جۆرەش ڕاڤە کرێت:

چاوم هەبوو بۆ بینین پێش ئەوەی ئەو بڕوات چاوم کوێر بووبوو، گوێم مابوو گوێیش بە چوونی دەنگی نەماو کەڕ بوو. وەك لە دیوانەکەدا هاتووە ئەم بەیتە و بەیتی دواتر (بەپێی خوێندنەوەی ڕەدیفەکانی (بی) ڕاڤەکان لەحاڵەتی گۆڕاندان. {دیوان ل١٣٧}

**١٠-تەن بێ بارکێشیش خەستەی هیجران بی**

**دڵ بێ مەنزڵگەی مەیلش وێران بی**

تەن و لاشەم بێ بار و کۆڵ کێشانی ئەو، لە بێ باریدامانەدووە، لە بەردوورکەوتنەوەی ئەو، دڵ مەنزڵگەی مەیلی ئەو بوو، ئێستا بێ ئەو دڵیش وێران بووە.واتە لاشەم(شانم)مادام هیچ لە بار و قورسی ئەوی لەسەر نیە، بە ماندووی دەزانم و بە شانی نازانم.هەر ئەمەیە حەسیب قەرەداغی هێناویەتی شانم باری تۆ هەڵ نەگرێ پێ شان نیە.

یان دڵ بێ ئەو کە مەیلی بنیشێ تیایدا وێران بووە، گەرچی د. عزەدین مستەفا باسی (پێنج هەست و شەش هەست) دەکات لای مەولەوی و گۆران نمونەی بەشداری پێ کردنیان و نمونەی شیعری هێناوە{میهرەجانی ٢٧١-٢٧٣} کە ئەم دوو شیعرەش دەچنە ژێر باسی (هەستەوە) بە ڕاستی لای مەولەوی هەستەکان لەوانە زیاترن کە ئێمە دەیان ناسین، ئەو لەڕێی (مەجاز و حەقیقەت) واژەی بەردەست و شادی نمونەیی خەیاڵی، هەستی تر دەخاتە گەڕ کە ئێمە ئەو هەستانەمان نی یە، کەواتە دڵ هاوشانی (چاو، گوێ، تەن) بووەتە هەستێ بۆ چێژبردن لە مەیل (ئیمان) بۆیە وەزیفەی هەستیاری دڵ لای مەولەوی و تەواوی یارانی دەریا دڵ قورس و گرانترە لە هەستەکانی تر.

دڵ دوو وێنە و جێکەوتی هەیە:

١- ئەو گۆشتە شێوە سنەوبەریەیە کە لە لای چەپی سینگدایە،ئەم دڵە بۆ هەموو گیانلەبەرێکە و بەڵکو بۆ مردووشە.

کەلای عارفان و شاعیران بایەخێکی نیە و شوێنی ئەم دڵە تاقیگەکانی زانستە.

٢- لەتیفە یەکی خوایی گیانیە و ئەمەیە حەقیقەتی مرۆڤ و مەبەست لە دڵ، قورئانیش نیازی لەم دڵەیە { إِنَّ فِي ذَلِكَ لَذِكْرَى لِمَن كَانَ لَهُ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَى السَّمْعَ وَهُوَ شَهِيدٌ ئەم وتارە بۆ هەر کەسێ دڵ زیندووە،یان باشی گوێ لێ دەدێرێ و بیریشی هەر لە لای ئەوە دەبێتە هۆی پەند گرتن و بیر کردنەوە.قورئانی پیرۆز سوورەی ق ٣٧وەرگێڕانی هەژار} کە ئەم وێنەیان ماناو کرۆکی زۆری هەیە.لەوانە:

کۆگای نهێنیەکانی حەق و شوێنی نهێنیەکان، کە بۆ حەقیقەتەکانی بوون وەکو ئاوێنەیە بۆ دەم و چاو، دڵ ئەو نوورە ئەزەلی و نهێنیە بەرزەیە کە لە سەر چاوەی بوونەوەرانەوە دابەزیووە بۆ ئەوەی خودا سەیری مرۆڤ بکات، لە قورئاندا بە ڕۆحی فووکراو لە ئادەم دەربڕدراوە {فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُ سَاجِدِينَ} ئەو نوورە کرۆکی خوڵقێنراوەکان و کاکڵەی هەموو بوونەوەرانە. وە بە خێرایی لە گۆڕاندایە.

مەنزڵی عەشق لە ناو دڵدا لەو دیو کۆتا پەردەیدایە.کەلای ئەنساری دڵی ئادەمیزاد چوار پەردەیە.

پەردەی یەکەم : سینگە کە شوێن و وێسگەی ئیلهامە.

پەردەی دووەم:قەلبە،شوێنی نووری باوەڕە.{كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ}

پەردەی سێیەم: فوئادە کەسەرا پەردەی بینینی حەقە { مَا كَذَبَ الْفُؤَادُ مَا رَأَى} .دڵی ئەوهەرچی دیتویە درۆ نەبووە.

پەردەی چوارەم: شوغافە کەویستگەی باری عەشقە{ وَقَالَ نِسْوَةٌ فِي الْمَدِينَةِ امْرَأَةُ الْعَزِيزِ تُرَاوِدُ فَتَاهَا عَن نَّفْسِهِ قَدْ شَغَفَهَا حُبًّا إِنَّا لَنَرَاهَا فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ } ئەم چوار پەردەیە هەریەکێکیان تایبەتیەکی خۆی هەیە، خودا بۆ هەریەکێ لەمانە جۆرە تێڕوا نینێکی هەیە.

دڵ دوو وەسفی هەیە: یەکێ بێگەردی(سپی) و ئەوی دیکە دڵڕەقی(ڕەش). بێگەردی لە خواردنی حەڵاڵەوەیەوە و دڵڕەقی لە خواردنی حەرامەوەیە، کەسێ کەحەرامی خوارد دڵی ڕەق دەبێت { فَلَوْلا إِذْ جَاءَهُمْ بَأْسُنَا تَضَرَّعُواْ وَلَكِن قَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ مَا كَانُواْ يَعْمَلُون } ئەمانە دڵ ڕەش بوون وشەیتانیش کارەکانیانی وا لە بەر ڕازاندبوونەوەکە هەر لە سەر حاشایە مان انعام:٤٣ وەرگێڕانی هەژار} ژەنگی بێ وەفایی لێ دەنیشێ و کە حەڵاڵی خوارد لەگەڵ خۆشەویستی حەق تێکەڵ دەبێ و لە یادی خەڵکەوە بەرەو یادی حەق دەچێ و بە چاوی حەق دەبینێ و بە گوێی حەق دەبیسێ.

ئەو ئاوێنەی کە ڕوخساری واتای تازەو نووری دیداری خوایی نیشان دەدات دڵە. ئەو جامە جیهان بینەی کە حەقیقەتی وەسفی خوایی و وردە لوتفەکانی یەزدانی لەودا دەتوانرێ ببینرێ هەر دڵە.ئەو شابازەی کە جارێ لە سەر لووتکەی عەرش دەنیشێ و جارێکی دی لە دامەنی زەوی هێلانە دەکات دڵە.جیهان ئاوێنەی دڵەو ئەسڵ دڵەو جیهان لقە

خودا لە فەرموودەی قودسیدا فەرموویەتی (زەوی وئاسمانەکانم شوێنی منیان تێدا نابێتەوە، بەڵام دڵی بەندەی باوەڕدارم شوێنمی تێدا دەبێتەوە) بۆ زیاتر بڕوانە {فەرهەنگی سۆفیانەی...ل١٤١و٢٦٩-٢٧٠}

بە لای منەوە مەولەوی خاوەن دڵیکی لەو جۆرە بووە و هەر ئەوەشە کردوویەتیە خاوەنی ئەو شیعرە لە دڵا شیرینانە.

١١-چ دادێ مرۆ خاکم وە سەربۆ

ئێسە تەمای من یا زایەڵەی تۆ

چ سودێکی هەیە، خاکم وە سەربێ، بە تەما بوونی من و دەنگی شیوەن و زاری تۆ، بێ سودە ئومێدی من و هیچ دادێ نادات شیوەنی تۆ.

لەمەولا بەعادەتی مەولەوی شیعرەکان وەردەچەرخن و لەتایبەتی بوون دەگەون و مەساحەی ماناو فڕین و داگیرکردنی ئەندێشە یان فراوان تر دەبێ، هەرلێرەوە ئەو شیعرە بۆ چونی بێ گەڕانەوە، مردن دەست دەدات و پەرێز و پلێزەکانی بۆنە دەبرێت.

١٢-مەعلوم بی وە نەم حەسرەتت کێشان

پەی سەیرو صوحبەت صەفای دڵ ڕێشان

لێم ڕوونە حەسرەتت کێشاوە و بە درێغی، بۆ کەیف و ڕەوشتی نێوان یاران و ڕابواردنی دڵ ڕێشان تۆ بەداخی و ئەفسوس هەڵ ئەکێشی بۆ سازدانی جارێکی تری صوحبەت و سەیر و ڕابواردنی دڵ ڕێشان.

دەشێ(صوحبەت و سەیر و سەفا)عرفانیانە لێك دەینەوە، ئەو کات ڕێ دەبەینە سەر ئەوەی کە ڕەنگە یەکێ لە شێخان و پیران ئیزنی سەفەرەکەیان دابێت گەرچی (زوان کەی لاڵ نمەبۆ) لەم ڕێیە دوورمان دەخاتەوە.

١٣-هام ڕەفیقم دەرد، هام صوحبەتم کۆس

وێم جە وێم خاڵی، مەوج مدەو جە دۆس

دەسە برام دەرد وهاوڕاز و نیازم کۆستە. خۆم لە خۆم خاڵی بوومەتەوە و پڕ لە یار بووم و شە پۆل دەدەم لە دۆست. لە خۆ بوومەتەوە و جمەم دێ لە دۆست.هاوڕێی دەرد بووم و لە گەڵ کۆستا بوومەتە هاودەم و نادوێم، لە خۆ خاڵی بوون لەو دەردو صوحبەتەوە فێر بووم. هەر بەوەش گەییشتم و لە دۆست پڕبووم.

دەڵێن: هەر بڕواداری هاو دەمی خەڵکی کردو بەرگەی ئازارەکانیانی گرت چاکترە لە گۆشە گیری، ئەمەش مرۆڤ دانادەکات و دوا جار سالك بە مەبەست دەگەیێنێت.

بە کەش و هەوای شیعرەکە و بەتینی خۆشەویستی نێوان هاوڕێکان، ڕەنگە لە بۆنەی مێژوویی شیعرەکەدا دۆست و هاوڕێ سە فەر کردووەکە(شێخ عەزیزی جانەوەرە

یان کوماسی)بێت. وه من زیاتر خەیاڵم بۆ شێخ عەزیز دەچێت بە دەلیلی لە یەك چوونی هەندێ لە بەیتەکانی ئەم شیعره و شیعری (ئازیز دیارەن وادەی لوامەن) {بگەڕێوه بۆ ڕاڤەی شیعری ۲بیتی ئەلف لەم کتێبەدا} بۆبەراورد نموونەیەك وەر دەگرین.

ڕازت تۆشەی گۆش، مەنزڵ وه مەنزڵ

چەم بێ پەی دینش بینایش کەم بێ

گۆش بێ شنەفتش صەداش ماتەم بێ

ئەمه وەك بەراورد بۆ بۆنەی شیعرەکه دەنا مەولەوی زۆربەکات شیعرەکان لە بۆنە دەردەهێنێت و ئاسۆکانی فڕینیان فراوان دەکات وهەموو مەرامەکان لە خۆشەویستی هاوڕێکاندا نغرۆی خۆشەویستی یارو دۆست و دڵداری تاقانەی ڕاستەقینه دەکات. حافزی شیرازی دەڵێت:

چنان پر شد فظای سینه ا ز دوست

که فکر خویش گم شد ا ز ظمیرم

وەها پڕبوو فەزای سینەم لە مەعشووق

که فکری بوونی خۆشم چوو لە بیرم {شەونم ل ۱۹۰}

١٤- تا ئەو بەوجەماڵ دڵ دەسه پاڵەن

من سەیرم مەحاڵ، صەفام بەتاڵەن

تائەو بەو جوانی یەی دەست شکانەوه لە گەڵ دڵی منا بکات، من سەیر و گەشتم مەحاڵ و کەیف و شادیم بەتاڵە.

یان: تا ئەو لە بەرامبەر نمای جوانیەکەیدا داوای دڵ بکات و دڵ ببات من سەیر و سەفام مه حاڵ و به تاڵە. چوون سەیر و سەفا بە دڵ دەکرێن و منیش دڵم لە بەرامبەر جوانیەکەیدا بە خشیوه.

دەستەپاڵ، لە دیواندا: کەسێك کەوتبێ لە سەرشان، لە ڕاڤەی شیعرەکەشا ئەو بەو جوانی یە دڵ ئەکوتێ بەعەرزاو لە سەر لا ئەیخات•لێك دراوەتەوە{دیوان ل ١٣٨}

لە کوردەواریدا کاتێ منداڵ ددانی دەردێت دانە ڕوکەی بۆ دەکەن و بە دەرو دراوسێی دەبەخشن• هەر ماڵێ کە بەشی دەدرێت شتێ لە خۆراك یان پارە دەخەنەوە ناو کاسە هاتووەکە•لە هەورامانیشدا لە کاتی قوربانی زەماوەندی پیرشالیاردا ئەوانەی دێن بۆ پشکە گۆشتی خۆیان لە گەڵ دەسیاندا شتێ لە خۆراك دێنن ئەمەش مامەڵە و نرخ نیە بۆ بەشە گۆشتەکیان چوون دیاری کراو نیە تا ببێتە بەها بەمەش دەسەپاڵ دەوترێت و واتە شتێ لە بەرامبەر بردنی گۆشتەکەدا بۆ بەرێوە چوونی جەژنەکە{جەژنێك بۆ پیر بنەمایەك بۆ نوستوورەی کوردی رەووف مەحموود پوور.هەولێر ٢٠٠٩ل ٧٠}مەولەوی ئەم وشەیەی لە هەورامان و دەرەویان و بڵبەردا هێناوە، بێگومان بەشداری ئەو جەژنەشی کردووە. من زۆر گەڕام و فەرهەنگ و وشەی ترم زۆر هێنا و برد، لەم دوو ڕاڤەیە باشتر نەهات بەخەیاڵما.

١- یاری دەست شکانەوە لە نێوان دڵ و جوانی یاردا، کە هەردەم دڵ ئەدۆڕێ،

٢- دان و بە خشینی دڵ لە بەرامبەر جوانی یاردا کە بێ گومان نابێتە نرخ و قیممەتی جوانیەکە.(یانی دەسەپاڵ دەبێتە دەسمایەو نرخێك بۆ سەندنی شتێ، کە لە ڕاستیدا بەهای شتە بە دەست هاتووەکە لە قیمەتی دەسەپاڵەکە زیاتر بێت) وەك ئەم شیعرە کە جوانی یار زۆرلە دڵی مەولەوی زیاترەو دڵی مەولەوی ناتوانێت جوانی یاری پێ دەس بخرێت. کە بەلامەوە نزیکە لە دنیای ئەفسوناوی ئەندێشەو خەیاڵی مەولەوی.

کاك ئەحمەدی پریسیش(مەجزووب) فەرموویەتی:

تا جەلای جەبهەی لەیلێ هەر شێوەن

قەیس هەر ڕۆ تەرزێ دێوانە و لێوەن {مەجزووب.حکیم مەلا سالح ل ٢٠}

١٥-جەو بۆ نۆ فەردم ئیستیفا بێزەن

دامەنش لایق ئەی پەراوێزەن

لەبەرئەوەیە کە شیعرم پارچەی ئیستیفا لەبەرچاو ئەخات، دامەن و پەڕلامنەی شیاوی ئەم پەراوێزەیە.

ئیستیفا: لە دیوانەکەدا بە قوماشێکی جوانی وەك تاقە لێکدراوەتەوە. تاقەش: پارچە قوماشێك بووە داویانە لە پشتی کەوا. بەم پێیە ڕاڤەکەی بەم جۆرەیە:

لەبەر جوانی و وەسفی ئەوە، کە شیعرم پارچەی قوماشی ئیستیفا لەبەرچاو دەخات، ئەبێ ئەو پارچە بکرێتە پەراوێزو پەرلامنەی شیعری من، لەچاو پارچەی شیعری منا، ئەو قوماشە دەبێت لە خوارەوەی پارچەی شیعری من بێت، ئەمەش جۆرێکە لە شانازی و ناسینی بە هێزی شیعری خۆی یانی شیعری خەڵکی ناگەنە بالأی شیعری من و دە بێت لە پەراوێز(خوار) ی شیعری منا بن. وەك ئەم پەراوێزە کە شیعرێك دوای ئەم شیعرەیە.

ئیستیفا: واتای بەتەواوی دەست خستن و گرتنی شتێك، یان داواکردن.

حەقی تەواو: بەم پێ یەش ڕاڤەکەی وای لێ دێ.

لەبەرئەوە شیعری من بەتەواوی (حەق-ماڤ خۆی)ی لەبەرچاو کەوتووە، بەمانا ڕواڵەتی و زمانی یەکەی.

واتە: لەبەر جوانی ئەو شیعری من (مافی خۆی بێزراوە) بەوەی کە بە مافی خۆمی نازانم بچمە (سەیرو صوحبەتە) یان شەڕی جوانی ئەوەوە. بۆیە ئەو پەراوێزە دەهێنێت و ئاشبەتاڵ بە چەمکەکانی لای خۆی دەکات.

ئیستیفا: لەمەیدانی ئەدەبدا ئەوەیە کە شاعیرێك لەمەدح و ستایش و وەسفی کەسێکدا یان شتێکدا بیگەیەنێتە ئاستێك کە لەو باشتر نەبێ، یانی بیگەیەنێتە ئاستێکی بەرزو لوتکە، کە مەولەوی زیاتر ئەم بارەی مانای مەبەستە، و دەڵێ لەبەرئەوەیە کە شیعرم گەیوەتە لووتکەو تەنانەت لوتکەی بێزاندووە، دامێنی ئەو لووتکە شیاوی ئەم پەراوێزەیە، یانی شیعری تر دەبێ لەداوێنی فەردی مندابن، ئەمەش ناڕاستەوخۆ دەچێتە ژێر خانەی شانازی کردن بە شیعری خۆیەوە، کە مەولەوی لەبەر سۆفی مەشرەبی کەم بەلایدا چووە، وەك شاعرەکانی ئەو دەورو زەمانە بە ئاشکرا

شانازی بەشیعری خۆیەوە ناکات، بەڵام بەڕای من جارجارێ هەست بەوە دەکەیت کە مەولەوی بە ئەدەب و شەرمەوە شانازیەك دەکات.

ئیستیفا: لەکۆندا بەرامبەر ژمێریاری و (حسابات)، هاتووە کە (مستەوفیەکان)ژمێریاران خەریکی حسابیماڵیان بوون. شیعرەکە بەلای ئەم ڕاڤەیشدا دەچێت بەم جۆرە:

لەبەرئەوە شیعری من (ژمێریاریان) لە بەرچاو خستووە و لە ژمارە نایێن.

١٦-شێوە هەر ئێدەن من کەردەنم سەیر

فام خودا حافظ، دین بنیش وەخەیر

دیمەن و شێوە هەرئەوەیە کەمن سەیرم کردووە، ئەی عەقڵ و ئاوەز خوات لەگەڵ و ئەی دین و ڕوانین تۆیش دانیشە بەخەیر. واتە تۆ بانگهێشتی من مەکە بۆ سەیرو صوحبەت و صەفا، من بەجوانی چیدا بگەڕێم کە (جوانی هەر جوانی ئەوە کە جێگەی سەیری منە) واتە من شێت و سەرگەردانی (هەر ئەوشێوەم) و فامم نەماوە.

دین لەسەر عاقڵ و فامیدە دەکرێتە ماڵ، من فامم نەماوە، کەواتە دین با بۆخۆی دانیشێ. یان زۆر بە پێچەوانەوە یانی مادام شێوە هەر ئەوەیە کەمن دیوومە (شێوە و جوانی ڕاستەقینە)کە عەقڵ و ئاوەز بەرگەی ناگرێت و تەحەمولی ناکات، یانی فام خواحافیزی لێ دەکات و دین سکونەت دەکات و دەمێنێت.مرادف بوون و دژ بوونی عەقڵ و دین لە بیرکردنەوە ی مرۆڤدا سەرنج بدە.بڕواداران و عاشقانی ڕاستەقینە لە نێوان عەقڵ و دیین دا، لە عە قڵیان هەڵداوە و دینیان هەڵبژاردووە.چوون عەقڵ ناگاتە دیین و دین نیسبەت بە خودا دراوە.

مامۆستا حەکیم لە پیاچوونەوەی ئەم شیعرەدا سەرنج وڕای جوانی دەربڕیوە ودەڵێ، ئەم شیعرە وەرگێڕانی شیعرێکی (خجندی)فارسە، کە ئەڵێ:

گر كە چشم اينست و ابرو اين و ناز اين و عيشوە اين

الوداع ای زهد و تقوی الفراق ای عقڵ و دين

هەربۆیە مەولەوی خۆیشی ئاماژەی بە پەراوێز کردووە{مەولەوی حکیم ل٩٨} ئەمەش سەلیقەی ڕەخنەیی و دەست پاکی ئەدەبی مەولەوی یە٠کە کارتێ کردنە شیعریەکانی بە بێ ئاماژە نەگواستوەتەوە و بەجۆرێ بەرچاوی ئێمە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو شوێن و شیعرە هی خۆی نیە و وەری گرتوە. کەئەم حاڵەتە لە دیوانەکەی دا چەند جارێ دێتەڕێ.

١٧- تۆ سەر وەش وەی سەیر صەفاو بەختەوە

من وێڵێ وێڵێ وەی زام سزای سەختەوە

تۆمەست و سەرخۆش بە سەیرو سەفاو کەیف و شادی بەختەوە، منیش سەرگەردان و وێڵ وێڵی زام و سزای سەختی خۆمم٠

بەیتەکانی پێش ئەم شیعرە (مەولەوی فام و ئاوەزو دین وسەیرو صەفاو صوحبەتەکانی) دایە دواوە و بیانوەکەشی ئەوە بوو کە من لە خۆم خاڵی و سەرگەرمی بیرکردنەوەی دۆستم و بە سەیر و سەفای شێوەی ئەوەوە خەریکم٠ بۆیە گفت و گۆی (من + تۆ) مەولەوی + دۆستەکە) لەم چوار بەیتەدا دێنێتە ئاراوە٠

تێڕوانینی بۆ (عەشق) لە ژێر سایەی هەردوو چەمکی عیرفانی (وەصڵ و فەصڵ)دا وێنەکانی دروست کردووە، وە هیچ کام لە گوزارەکانی ئەو دوو چەمکە (تەڵخ) ناکات بە جۆرێ لە هەردو کیاندا سەر ئەنجام هەر عەشقە٠وێڵی زام و سزای سەخت جیا نی یە لە سەیرو صەفای بەخت، هەردووکیان واجباتی عەشقن، هەرچەندە لە ڕوی ڕەوانبێژی یەوە ئەم زاراوانە دژن، جیناس لە نێوان (سەخت و بەخت)یشدا هەیە.

١٨- تۆ هەرسات شادیت بێ ئەندازە بۆ

من هەرلا دەردێ پەرێم تازە بۆ

تۆ هەرسات و چرکەیەك شادیت لە ڕادەبەدەر و بێ حەد بێت، یان یاخوا وابێت من ئەوکات دەردێ بۆم تازە دەبێتەوە یان دەردێکی تازەم بۆ دێت، وەکو وتمان هەردوو

باڵی شیعرەکە بە گەزو یەزی عەشق پێوراون بە جۆرێ خوێنەر وەك یەك تەرەفداریان دەکات.

کاتێ کە (تۆکە) لە بەردورکەوتنەوە کە سەیرو صەفاکە ڕێك دەخات و شادی بخاتە دڵی دڵ حەزینەکانەوە، ئەوە (منەکە) دەردی دوری و ساتی سەفەرەکەی بیر دەکەوێتەوە.. واتە هەردووکیان هەرچاویان (لە دۆستە) و لە بەرئەوە هەم شادی بێ ئەندازەی هاوڕێ کەی، هەم دەرد و مەینەتی تازەی مەولەوی (من +تۆ، شادی + دەرد) دژ یەکن (تازە +ئەندازە) جیناسن.

دەشگونجێ(هەمووتۆکان) تاقە یاری عرفانی بن و عاشق بەهەر دەرد و ڕەنجێ بێت ڕازیە، بە شەرت ئەو ڕازی بێت و خۆشحاڵ.

١٩- تۆ وێنەی بولبوڵ مەست هەوای گوڵ

من چوون بایەقووش چۆڵ نەوای دڵ

تۆ وەکو بولبول مەستی هەوا و بۆن و بەرامەکانی گوڵ بیت و، منیش وەکو بایەقووش بە سەر چۆڵی دڵما بخوێنم.

وەك یەکەکان: تۆ وەك بولبوڵ، من وەك بایەقوش.

هەروەها دێڕی دووەم هاو وێنەی یەکەمە.

دژیەکەکان: من +تۆ، بولبول + بایەقووش.

تەناسوبەکان (بولبول، بۆن، گوڵ، بایەقووش، خوێندن، چۆڵی)

وەك چۆن بولبول خەریکی واجبات و دەرسی عەشقە بە دیار مەعشوقەوە، بە هەمان جۆر بایەقوشیش خەریکی هەمان ڕاهاتنە، با لە ڕواڵەتدا دژیش بن.

مەولەوی لە ڕازی عەشقی ئەم بەیتەدا لای کردوەتەوە بە لای ئەفسانەی (گوڵ و بولبولی) پارساندا، ئەم ئەفسانەیە کە خوڵقاندنەکەی دەرئەنجامی درکاندنی ڕازی عاشقی و شەیدا بوونە. لە ئەزموونی ئەم ئەفسانە وچەندین سەرگوزەشتەی پێغەمبەرانەوەیە کە کاکەییەکان جەخت لە سەر نەدرکاندنی ڕازی (یارێتی) دەکەنەوە،

چونکە ئەوان پێیان وایە، مەحرەمی ڕاز بە ئاسان دەست ناکەوێت، حافزیش زۆر کەڵکی لەو بابەتە وەرگرتووە. چونکە کە ڕاز فاش بوو، ئەوە بۆی هەیە (عەشق) بفەوتێ و مەعشوق لە دەست دەرچێت، بۆیە درکاندنی ئەو ڕازە عارفانی وەکو حەللاجی گەیاندە دار، ئەم بابەتە لە شیعری کوردیدا قوەتی لە ئەفسانەکە وەرگرتووە. تەنانەت هەرکەسێك زیاد عاشق بوو بێت بە خۆی وتووە بوومە ئەفسانە، کورتەی ئەفسانەکە ئەمەیە:

گوڵ و بولبول هەردووکیان لە بەهەشتدا بوون و لە سەر کانیاوێك دەژیان گوڵ پەری بوو، بولبول فریشتە، گوڵ کە پەیمانی لە گەڵ کانیاوەکەدا بەستبوو بە کەس مێرد نەکا، دەمێك بوو دڵی لە بولبول چوو بوو، وە نەیدەویست پەیمانەکەی بشکێنێ، بەڵام بە بولبولی وت کچێکم لە سکدایە ناوم ناوە بۆ، بۆن) هەرکاتێ ئەوم بوو دەتدەمێ، دەبێ تۆیش پەیمانم بدەیتێ کە بەلای کەسەوە ئەم ڕازە نەدرکێنی، ئەویش بەڵێنی پێدا کە ڕاز دار بێ و ڕازەکە هەر لە دڵی خۆیدا بمێنێتەوە.

سەر لە ئێوارە گوڵ چووە سەر کانیاوەکە و پێی وت کە من بڕیارێکی وام بە بولبول داوە، ئەویش وتی باشە بولبول فریشتەیەکی جوان و پێکەوتووە، گوڵ گەڕایەوە و چووە سەربان و چاوی نابەیەکا و ڕاکشا بۆ ئەوەی کچەکەی ببێت، بولبول هاتە سەری و لە خۆشیا چریکانی، جارجار گوڵ لە ژێر لێوەوە چاوێکی دەکردەوە و دەیوت کوڕە مەچریکێنە با کەس پێمان نەزانێ، بەڵام ئەو زیاتر گەرم دەبوو، وە دەیچریکاند هەتا کەوتە دەمەدەمی تاریك و لێڵەی بەیانی کەوتە ئەوکاتەی کە گوڵ کچەکەی ببێ، (با) لەدوورەوە و گوێی لەچریکەی بولبول بوو، ئەویش ماوەیە بوو دڵی چووبوو لە (بۆ) بەشنە و سروەیەك هات بولبول کە ئەوەندەی چریکاندبوو ماندوو بوو بوو چاوی چووبووە خەو، وە خەوی پیا کەوتبوو (با) کردی بە (بۆ) داو ڕفاندی، بولبول کە وریا بووەوە سەرنجی دا (بۆ)ی خۆشەویستی نەماوە، لە گوڵی پرسی: ئەویش وتی مەگەر نەمووت مەچریکێنە (با) کە دڵی بە (بۆ)وە بوو، هەرکە چریکاندت هات و بردی. {مێژوویی وێژەی کوردی ب ١ ل٩٣} هەروەها کاك نامق هەورامی ئەو ئەفسانەیەی ساخ کردووەتەوە.

گوڵ و بولبول سەرلە نوێ پەیمانیان بەستەوە، بەڵام بولبول لە چریکە وازی نەهێنا، هەتا لە بەهەشت دەریان کردن، ئەمە بوەتە داخی گەورەی بولبول و لە دەست

دانی مەعشوق، بۆیە خوێندنی ئێستای داخە و ئێستا و ئەوساش هەر بۆ (بۆ - بۆن) دەناڵێنێ٠خوێنەر ئەتوانێ هەرکاتێ وێنەی شیعری (بەگوڵ، بولبول، عەشق، و بۆن و جوانی) هاتە بەردەم لە شیعری کوردیدا لە بەر ڕۆشنایی ئەو ئەفسانەیەدا سەرنجە (مەجازی و حەقیقیەکان) دەربڕێت،تا دەگەوێتە سەر ڕێ بەرەو شاری عرفان و مەنزڵی دۆست٠کە ئەم ئەفسانەیە دارای عرفانێکی بەرزو ئەخلاقیاتێکی دینی جوان و لیریکایەکی ناسکە٠ئێمە وەك نمونەی شیعری میللی کوردی چەند شیعرێ دەنووسین.

ئەر بولبول نەبۆش داخێ لە دڵدا

مەوا نۆ سەحەر لە دەوری گوڵدا

هەرلایێ گوڵ هەن پەرچینش خارەن

ڕای بولبول نی یەن گوڵ ئینتیزارەن

هەروەها نزیکەی (٨٨٥) ساڵ پێش مەولەوی و پڕاوپڕی ئەفسانەکە جەلالە خانمی لورستانی دەڵێ.

یاران پەرێ بۆ یاران پەرێ بۆ

زاری کەن چەنی بولبول پەرێ بۆ

ئەز ئەو ولەنان ئامام وەلای تۆ

ئانە پەیمان وێم وەستم جەنۆ {مێژووی وێژە ل٩٢}

مەحویش لە دەرسی (فەصڵ و وەصڵ)ی ئەفسانەکەوە دەڵێ:

دەرسی عیشقم هەرلە کن پەروانە یا بولبول بووە

بیگەمێ یا نەیگەمێ، هەر مەشقی ئوستادێ دەکەم

بۆ ئەوەی باسەکەی ئێمە سنوری خۆی نەبەزێنێ خوێنەر دەتوانێ گەشتی خۆی بکات بە گوڵزاری شاعرە عارفەکانی ڕابوردودی ئێمە {عیشق لە عالەمی بولبول و پەروانەدا، گۆڤاری کۆج ژمارە ١٠ } (مەولەوی، مەحوی، نالی، مەلای جزیری، خانی) و گەلێ شاعری تر، وە سەرنج لە تەوزیفی کردنی ئەفسانەکە و گۆڕانی ڕەنگ و بۆنی و ڕاڤە و مانای نوێ بە

پێی ڕەوتی بەرەو پێش چوون، لە نموونە شیعریەکان بدات، بۆ ئەوەی لە ومەبەستەش حالّی بین ئەم شیعرەی مەولانا خالد دەنووسین بۆ لە سەر وەستان کە چۆن شیکاری ئەفسانەکەی کردووە.

تیشکی مهری تۆ ئەگەر شەوقی نەخستایەتە باخ

کەی بەعەشقی گوڵەوە بولبول ئەکەوتە گوڵزار

٢٠- پەرێ تۆ ڕاحەت، پەرێ من زامەت

هەردوو سلامەت، تاڕۆی قیامەت

بۆ تۆ ئاسودەیی و حەوانەوە، بۆ منیش دەردو مەینەت و ئێش، هەردوو بەسەلامەتی و ئاسایش خەریکی مەشقی خۆمان بین تاڕۆژی قیامەت، واتە حکمەتەکانی (فەصڵ) هیچیان کەم نی یە (لە بەرەکەتەکانی وەصڵ) هەردووکیان دووانەی جوانن و هی مەعشوقن، خوا لە هیچ کامێکمان تێك نەدات.

## ١- تەدریس و تەقدیس تەمجید بێدەنگەن

## حەسارەی تەقریر تەوحید بێ ڕەنگەن

دەس دان لە پیرۆزی و بێ گەردی خوا و شان و شکۆی گەورەیی ئەو بێ دەنگە. وە شەرح و ڕاڤە و دەم دان  لە ئەستێرەی بەیانی یەکتایی خودا بێ ڕەنگە.

لە دیوانەکەدا حەسارە بە شوورە و تەقریر بە ڕوونکردنەوە و تەوحید خوا بە یەك دانان لێکدراونەتەوە. بەم پێ یە ڕاڤەی دیوانەکە وایە: شورەی خوێندنگەی عیلمی تەوحیدم ڕەنگ و ڕووی نی یە.

بەڵام بەم جۆرە لە عادەتی مەولەوی دورین و هەست بەو گیانە ناکەین کە هەردەم لەشیعری مەولەوی دا لە بەر (ووشەدا) یە. بۆیە ئێمە سەرباری ڕێز بۆ ڕاڤەکەی سەروەرم ڕاڤەی تری دەکەین.

حەسارە. هەسارە، ئەستێرە.  تقریر: سەرباری ڕوونکردنەوە، ئێمە واتای (بەیان)ی لێ وەردەگرین.

توحید: یەکتایی خودای گەورە.

ئەستێرەی بەیان  واتە سەرباری پەراوێزی شەرح و ڕونکردنەوە، ئەستێرەی بەیان هەبوو واتای ڕۆشنی دروست دەبێت، ئەستێرەی بە یان ئاماژەیە بە ڕۆژ  بوونەوە و ڕوناکی، تەوحید یەکتایی خوا.

کەواتە بە کوێر بوونی مەولەوی. ئەستێرەی بەیانی تەوحید بێ ڕەنگە و نابینرێت، لە وەوە کە مەولەوی چاوی نی یە دەنگ و بانگی دەرسی بێت و ئەستێرەی بەیانی تەوحیدی دیار بێت. بێ ڕەنگی پێمان دەڵێ کە بە لێڵی چاوی مەولەوی بەیان (شەرح) ڕوون نی یە، بە بڕوای ئێمە ئەم شیعرە سەرباری لایەنی سۆز و بەزەیی جوڵان

پایەی زانستی مەولەوی دیاری دەكات و ئەو جۆرە شانازی كردنەش كە بەینا و بەین باسی كرووە لێرە ڕونترە.

مادام ئەم كوێرە كەواتە كەسێ نی یە ئەستێرەی بەیانی یەكتایی ببینێ ماموستای ئەردەڵانیش لەبەر ڕۆشنایی ڕاڤەكەی ماموستای مدرسدا ئەم شیعرەی وەرگێراوە..

بەم جۆرە ئێمە پێمان وایە هاوگری و گونجان لە شیعرەكەدا دروست دەبێ، چونكە پلەی زانیاری مەولەوی لە ئاسمانی وێنە و مانادایە.

وەك لە دیوانەكەدا هاتووە مەولەوی ئەم غەزەلەی بۆ خزمەتی شێخ محمد جسیمی برای شێخ قادری دانەری شەرحی (تهذیب الكلام) نووسیوە

٢- پارچەی تەئلیفات شێخ مهاجر

گرانەن، نی یەن مشتەری و تاجر

پارچە دانراوەكانی شێخی مهاجر گرانن، كەس توانای مامەڵە و سەودا كردنیانی نی یە، (هیچ بازرگان و فرۆشیارێ وە هیچ موشتەری و كڕیارێ) توانای مامەڵەكردنی پارچەكانی شێخی مهاجری نی یە.

وەك جەنابی مدرس دەفەرموێ مەولەوی خۆی بە تاجرێكی سەرمایەی زانست داناوە، كە هەر ئەوە توانای كڕین و وتنەوەی (كتێبەكانی – پارچەكانی) شێخی مهاجری هەبێ.

لەم شیعرەدا ناوی چەند بابەت و دەرسێك دێن ئێمە لە بەر نەخوێندەواری و بێ سەوادیمان لەو ڕووەوە پەنا دەبەینە بەر فە یضی سەرووەری ئەدەبیات جەنابی مدرس و نۆباوێك لەو شاجۆیە هەڵدەگرین، هەر شوێنێكیش زانیمان ئەتوانین جیاتر لەو بۆی بچین ئەوە ڕای خۆمان دەنووسین، بە هیوای ئەوەی كە فریو نەخۆین و بایی نەبین، ئەو شوێنانەی شیعرەكەش كە نەشئەی خۆشی بە ئێمە نابەخشن و حاڵی نابین، دان بە جاهلی خۆمانا دەنێین.

٣-"كشف الغطا"ی صدر محمد جسیم

خونچەی نەشكفتەن بێ شنۆی نەسیم

گەر شنۆی نەسمی ئێمە نەبێت، كتێبی (كشف الغطا)ی زانای پایە بەرز محمد جسیم، وەك خونچەی نەكراوەیە، سەرباری هونەرەكانی طباق، جیناس و تناسب لە نێوان (خونچە، نەسیم) و (جسیم و نسیم) ئەوە مانایەكی جوانی لە نێوان كردنەوەی كتێب و هەڵدانەوەی لە لایەن خۆیەوە دروست كردووە.

كتێب ناوەرۆكە زانستی یەكەی هەرچی بێت بە داخراوی و نەكردنەوە و نەخوێندنەوەی هیچ سودی نی یە، كەوایە ئەوە نەسیمە مانای نماییش وكردنەوە بە خونچە دەدات. (كردنەوە و خوێندنەوەشە مانا بە كتێبەكە دەدات، كەواتە بە كوێر بوونی، شنەی نەسیمی زانایی ئەم هەڵ ناكات بۆ كردنەوەی كتێبەكەی محمد جسیم.

٤-بێ نازەن كیتاب (عطا)ی دولتین

یەند ڕێزان قەترەی خوم جە عین عە ین

كتێبی (عطا دولتین) بێ ناز كەوتووە، داوەریوە قەترەی خەم لە چاوی عەین، بەهۆی فرێسكمە كە لەسەر چاوەی چاومەوە دەڕژێن كوێربووم و ئەو كتێبەش بێ ناز ماوە.

بەهەشتی مدرس نوسییە(عطا الدولتین) كتێبێكە هەرچەند نەم دیوە، بەڵام بە هەندێك نیشانەدا وادیارە باسی مەزهەبی شیعەو سونی دەكات، بە نیازی نەهێشتنی ناكۆكی و لە یەك نزیك كردنەوەی دەوڵەتی عوسمانی سونی مەزهەب و دەوڵەتی ئێرانی شیعە مەزهەب نوسراوە. بۆ ناسینی ڕەچەڵەك وپلە و پایەی زانستی ئەو زانا مەردۆخیانەی سنە كە لەم شیعرەدا ناو براون بڕوانە {تاریخ مردوخ جلد ٢چاپ٣ل١٧-٢٥شەجەرەكەیان}

گەر قەترەیەك لە خوم واتە (نوقتە، خاڵێك) لە عەین بتكێت و لە سەری دانێین (ع) دەكات بە (غ) ئەوكاتە (عطا) دەبێتە (غطا)، ماناكەی دەبێتە (سەرپۆش، یان پەردە دادان) كەواتە كتێبەكە گەر مەبەستی نزیك بوونەوەی ئەو دوو مەزهەبە بێت.. ئەوە

پەردەپۆشی مەسئەلە ناکۆکەکانی کردوە، کە ئەو ناکۆکیانە سەرئەنجام لە جەنگی کاروانسەرادا تۆخ دەبنەوە و لە ساڵی ١٣٧١ و ئەم برایانە بە ناچاری سنە بەرە و سلێمانی بەجێ دێڵن و تەدریسی مەدرەسەی دارالاحسان بە شێخ یوسفی خزمی فخر العلمای هاورێ ی مەولەوی دەبرڕێت کە لە غوڵام شاخانەوە نزیك بووە، نامەکانی مەولەوی بە ڕوونی تیشك دەخەنە سەر ئەو لایەنە.

ئەگەر ئەو تێکەڵیە ڕەوایە کە لە هەندێ ناوچەی کوردی دا لە نێوان دووپیت یان بەرودواکردنی هەندێ پیتدا دەکرێت وئێمەش بتوانین بیان کەین (غطا – بکەین بە خطا) ئەوە (عطا الدولتین) دەبێتە (خطا الدولتین) بیانووی کوێربوونی مەولەوی ئەو ڕێگەیە بە ئێمە دەدات کە (غ) بە (خ) بخوێنینەوە. مەولەوی هەر دەبێت لەو یاریە زمانیە شتێکی مەبەست بێت کە لە بەیتی دواتردا نیشانی دەدات.

٥- تەفاوت نی یەن تێشدا جە مابەین

شوبهەی شین و سین میثل عەین و غەین

جیاوازی نییە لە نێوان (شین و سین)دا وەکو (عەین و غەین)، واتە کوێربوونی من وای کردووە فەرقی ئەو چوار پیتە نەکەم.بەڵام بە لای منەوە بەو کوێریەش بەو چوار پیتە و ئەو دوو شیعرە گەورەترین داوی بۆ ئێمە ناوەتەوە ناوەتەوە.ئێمە دەبێت لە مۆڵەتی کوێربوونی مەولەویەوە بە هەموو ئەگەرەکان تێکەڵاوکردن بکەین بەو ووشانە و دواتر سەرنج لە مانا گۆڕاوەکان بدەین، (ع،غ) فەرقیان نەبێت (عطا) دەبێتە (غطا)، شیعە = ش بگۆڕین بۆ (س) وە (ع) بگۆڕین بۆ (غ) ئەوکات، وشەی شیعە – دەبێتە سیغە، ئەوەش یەکێکە لە نادروستەکان بەلای سونەوە، وە من باوەڕناکەم تەنیا هەر بۆ فەرق نەکردن (ش، س) هێنابێ، چونکە ئەیتوانی گەر تەنیا تێکەڵاوکردنە ڕواڵەتیەکەی مەبەست بێت دوو پیتی تری بێنایە بۆ نموونە (ق، ف).. وە ئەگەر بە جهان بینی ترەوە بڕۆین بۆ مەتەڵەکە کە من وام پێ جوانترە، جیاوازی نەکردن بێت لە نێوان (شیعە و سونی)دا. هەرچەندە مامۆستای مدرس دەفەرموێ کتێبەکەم نەدیوە، بەڵام لایەنگرانە لە مەزهەبەکەی خۆی (سونی) ڕا ڤەکەی کردووە.

یان خەمی کوێر بوونی چاوی جیاوازی کردنی مەزهەبی بیر بردووەتەوە. (س) سوننە بکەین بە (ش) ئەوە دەبێتە شنە لە فەرهەنگی عەمیدا بە وا تای لە عنەت و نەفرین وا تا کراوە.

بە هەرحاڵ لە گەڵ ڕواڵەتی وشە و پیتەکاندا هەرا و ناکۆکیەکانی ئەو دوو مەزهەبە و هەردوو دەوڵەتەکەیان لە بەیتەکەی مەولەویش ئالاوە.

٦- باڵ نمەدۆ تەیر تەحریر وە هەم دا

گا وەڕوی ڕۆم دا، گا وە عەجەم دا

مەلی نوسینم باڵی بە یەکدا نادات و توا نای فڕینی نیە جارێ بۆ لای عەجەم و جارێ بەڕوی ڕۆمدا، فڕینی نوسینەکانی بۆ لای ئەمیر و والی یەکانی هەردوو دەوڵەت، کە لە گەڵ مەولەویا پەیوەندیان هەبووە و ئەو پەیوەندیانە بە قۆناغی ساردی و گەرمی دا تێپەڕیوون، کە مەولەوی لە بارەی نوسینەوە (نامەکانی) مەبەستە کە لە هەندێ ڕووەوە لە شیعرەکان بە بایەخترن.

لە نێوان فڕین و نوسیندا (کۆتری نامەبەر) دێتە نێو ئاسمانی بۆ چوونەکان، چونکە جاران و تا ئێستاش لە هەندێ شوێن کۆترە نامەبەرەکان هەن.

٧- ئومەنای دەوڵەت جە گردین لاوە

بە ئینتیزارەن چەم نە رووی ڕاوە

والی و پیاو ماقولانی (دەوڵەت) لە هەموو لاوە چاوەڕێن و چاو لەڕێی گەینە بەری (نامە نوسین و هەواڵی منن)

(گردین لا) ڕێزو پایە و حورمەتی (مەولەوی بۆ ئێمە دەردەخات).

٨- تەوا نای وا نای فەرمان نە مەندەن

چە پەر بێ جوا و، خەبەر پا بەندەن

توا نای خوێندنەوەی فەرمانم نەماوە لە بەرئەوە تەتەر وەڵامی دەست ناکەوێت و پێی هەواڵ بەستراوە.

واتای فەرمان. خوێندنەوەی نامە، کە ڕاستەوخۆ (نامە) بۆخۆی وەڵام داوا دەکات، ئەمەش واتای فەرمانەکەیە.

چەپەر: چیخ و تەیمان، کە جاران ئەم دیوو ئەو دیو و بۆ فەرمان بانگیان لە یەك کردووە، واتە ئەو دیوی تەیمان، بێ وەڵام ماوە، کە (دەلالەتی ووتەکە) زیاتر ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات دێنێتە پێش چاوی ئێمە.

٩- سەهلەن بینایی دیدەی مەعدودم سەند

داخم هەر ئێدەن، ئاخ پەی یاران مەند

سەندنەوەی بینایی لە دیدەی مەعدوم، لە خۆیا گران نیە و ئاسانە و فەرمانێکی خوایە، داخی من ئەوەیە ئاخ و خەفەتی کوێر بوونی من بۆ یاران مایەوە. واتە من کوێر بوونەکەمم لا گران نیە، نیگەرانی ئەوەم دۆست و یارانم خەفەتبار کرد.

ئەم بەیتەش دژی ئەوبۆ چوونە دەوەستێتەوە کە پێی وایە یارانی مەولەوی لە کوێربوونیدا فەرامۆشیان کردوە شیعری (دووەمی پیتی ب) بە گلەییی کردنی مەولەوی لە دۆستان ڕاڤە دەکەن٠ بگەڕێوە بۆ ڕاڤەی ئەو شیعرە لەم کتێبە دا.

ئەم خەمی خۆ نەخواردن و فەرامۆش کردن و پشتگوێ خستنەی خۆی لای مەولەوی، خوێندنەوەی مەینەتی یەکانی پێ دەکات و خەمی خۆی دەکاتە قوربانی خەمی بەرامبەرەکانی، بەو دیاردەیەش کەسیەتی یەکی بەهێز دەدات بە وێنەکانی و حەپەسان بە خوێنەرەکانی، بۆ گەیاندنی کرۆکی ئەو سەرنجە یەك وێنەی تر لە دیونەکەی وەردەگرین، ئیتر لە هەر جێ هاتە ڕێمان خوێنەر ئەتوانێ سەرنجی خۆی بدات.

سوچنۆم حەسرەت دەردی جیایت

نەك چون بلێسەی یاد تەنیاییت

حەسرەتی دەردی جیاییت ئەمسوتێنێ، بەڵام نەك وەکو کلپەی یادی تەنیاییت، واتە خەم و بیرکردنەوەم لە تەنیابوونی تۆ بەهێزترە لە جیایی خۆم.

١٠- بەڵام کێن بدۆ نەی ڕاگوزەردا

شان وە شان شێر قەزاو قەدەردا

بەڵام کێ هەیە لەم ڕێ و گوزەرەدا بتوانێ شان بدا لە شانی شێری قەزاو قەدەر.

ڕاگوزەر (ژیان تەی کردنی نێوان دوو دنیا)

پەلاماری شێر لە ڕاگوزەردا: شێری خواستووە بۆ دەرخستنی توانای لە ناکاوی قەزا و قەدەر و پەلاماردانی وە کەسیش نی یە بتوانێ شان لە شانی ئەو شێرە بدات و نێچیرەکەی لێ وەرگرێتەوە.

کەواتە (شێرەکەی قەزاو قەدەر) چاوی منی بردووە، چاری ناکەم و ڕازیم بە قەزاو قەدەری خوا، ئەمەش یەکێکە لە بنەماکانی باوەڕ. نزیکەی (٧٥٠) ساڵ بەر لە مەولەوی بابا تایەری عوریان دەڵێ:

شیر مردی بودم دلم چە دونست

اجل قصدم کرد وشیر ژیونست

ژ مو شیر ژیان پرهیز می کرد

تنم وا مرگ جنگیدن ندونست

شێرە پیاو بووم، دڵم چی لەوە دەزانێ، کە ئەجەل ڕێی بە شێری ژیانم گرت. شێری ڕاستی لە ژیاندا خۆی لە من دەپاراست، کەچی تەنم شەڕی مردنی نەدەزانی. شێری ژیان ناتوانێ و نازانێ لە گەڵ شێری مەرگدا بجەنگێ.

١١- مەحبوبەن هەرچی موقتەضای قەزان

مەرغووبەن جەلای هەرکەس پێش ڕەزان

ئازیز و شیرینە هەرچی خوا پێی خۆش بێ (لە قەزاو قەدەری خوا وە بێ)و پەسەندە لای. هەرکەسێ بە ڕەزای خوا ڕازی بێ.زانستی خودا کە ئەزەلیە حوکمی ئەوە، پەیداکردنی هۆکارەکان قەزای ئەوەن. باوەڕدار لای ڕۆشنە کە ناشێ بە بێ هۆ شتێ لەم

جیهانـەدا ڕوو بـدات. وە لایـشی ڕوونـە بـێ قـەدەری خـوا هـیـچ پـەیـدا نابێـت.{فەرهـەنگی سـۆنیانەی.... ل ٢٦٨}ئـەم یاسـایە لای بـڕواداران پەسـەندە و پێـی ڕازیـن. (قـەزا - ڕەزا) (مەحبووب - مەرغووب) جیناسە.

١٢- هەرشێرێ جەشیر شێران شیر وەردەن

گەردن پەی زنجیر تەقدیر کەچ کەردەن

هـەر شێرێ لـە شیری شێران شیری خـوارد بـێ گـەردنی کـەچ دەکات بـۆ زنجیری چارەنووسی (قسمەت و نسیبێ کە خوا تقدیری کردووە) ڕەگەزدۆزی لە ووشـەی شێر و شیر دا هەیە بـە ڕێنووسی کـۆن ڕەگـەز دۆزیەکـە تـەواوە بەڕێنوسـی ئێـستاش ناتـەواو. هەرکەسێ بەرگەی شێری قەزا و قەدەر بگرێت و گەردنی کەچ بکات بۆ تقدریری خوا.. بە ڕاستی شیری شێری خواردووە. مەولاناش لەو بارەوە ووتوویەتی:

انکو ز شیران شیر خورد آو شیر باشد نیست مرد

بسیار نقش آدمی دیدم که بود اژدها

{کنگره بزرگداشت مولوی کرد ل ٧٥}

١٣- بارێ ئەگەر هەور ئەلطاف باری

پەی مەدەد کاری وە دڵدا باری

هەرچۆن بێ ئەگەر هەوری لوتفی خـوا بـۆ کۆمـەکی مـن بـە سـەر دڵدا بـاری خوا لوتفی زۆرە ئەگەر هەوری لوتفی ببارێنێ بە سەر دڵما، قازانج دەکەم هەوری لوتفی خوا بە سەر دڵدا ببارێ و سەبوری دانەوەیە.

بارێ. ببارێ، بە هەرحاڵ. جارێ، کەڕەتێ.

(باری) بێجگە لە واتای بارین و ناوی خـوا، واتـای (بهێنـیش) دەدات واتـە (بەهـەر حـاڵ ئەگـەر هـەوری لـوتفی خـوا بـۆ هاوکـاری و یارمـەتیت بـە سـەر دڵدا بێنـێ، زەرەر ناکـەیت،• لـە نێـوان (بـاری – بـاری) جیناسـی تـام هەیـە، لـە نێـوان (بـارێ – بـاری)

جیناسەکە ناتەواوە. یان گەر جارێ هەوری کەرەمی خوا بەسەر دڵدا بێنیت و بباریێ، ئەوە یارمەتی دەرە.

مەولەوی بە سێ شیعری پێشوو زەمینەی ڕەزامەندی و مل کەچی و سەبوری بۆخۆی ئامادە دەکات، کۆتایی هەموو تراژیدیاو نەهامەتیەکانی لە مێرگی قەناعەتە ئایینیەکان هەڵدەکێشێ و لە ڕێگەی ئەو عرفانەوە، دڵی خۆی دەداتەوە، وە تێکڕای دەرئەنجامەکان دەکاتە دەسمایەی ئەو دنیای.

١٤- دیدەی سەر ئەرشی دیدەی سڕ کافین

ئید دا ی مونافین ئەو دەوای شافین.

چاوی سەر ئەگەر (لە دەست چوو) چاوی پەنهانم (دڵ) بەسە، ئەم (چاوی سەرە) بۆ خۆی دەردە و ئەو(چاوی دڵ)ە دەرمان و شفایە، چاوی سەر دەردە بۆ تەندروستی و چاوی دڵ دەرمانە بۆ تەندروستی. (دژیەك هەیە) هەروەها (پێچان و کردنەوەی ڕێکیش).

لای سۆفیەکان  هۆش و گیان و نهێنی و دیار هەر یەکەیان چاوێکن، پایەی چاوی هۆش بینینی نووری ئایەتەکانە پایەی چاوی دڵ یەقینەو بینینی نووری سیفەتەکانە، {فەرهەنگی سۆفیانەی..ل١٠٣} هەرکاتێ چاوی سەر و چاوی دڵ لە بیگەردیدا وەك یەکیان لێهات ئەوا سەراپای ڕوخسار دەبێتە نوور و هەستی پێ دەکرێت.

فەزڵ دانی چاوی دڵ بە سەرچاوی سەرەوە، وانەیەکی گرنگی عرفانی یە. عارفان هەردەم تەئکیدیان لە سەر ئەوە کردوەتەوە کە هەردەم لە تێ فکرین و بینینا بۆ هەموو کارو کردەو هەڵسەنگاندنە دینی یەکان قورسایی بخەنە سەر دڵ و ئەوان وەزیفەی گەورەیان بە دڵ سپاردووە، چوون چاوی دڵە ڕاستی شتەکان و لایەنی نادیارو شاراوە ببینێت و لە بینینی حەقیقەتدا هاوکارمانە. لەو ڕووەوەیە تاکە خاڵێ کە خوای گەورە زیاتر تەرکیزی لە سەریەتی دڵە. بە جۆرێ ویسعەتی دڵ دەبێتە عەرشی خوا و خوداوەند و پێغەمبەرانیش بایەخی گەورەی دڵیان بەیان کردووە. بۆیە لای عارفان هیچ کام لە نعمەتەکانی تەن ناگەنە (دڵ).

هەر ئەوەشە کە تەریقەتەکانی کردووەتە شەقامی جوانی بەرەو حەقیقەت چوون. چونکە گەورەترین مەیدانی زکر کردن و باشترین مەساحە بۆ یەکەمین هەنگاوی چون بەرەو خودا دڵە، بۆیە سەیر نی یە کە مەولەوی بادە نۆشی نەقشی (دڵ) ی لە هەمووشتەکان لە پێش تر داناوە.

١٥- ئێدە وەزیفەی گڵ، ئەو لە طیفەی دڵ

ئەو چون مەنزڵەن، ئێد بێ چوون مەنزڵ

وەزیفەی ئەم گڵ کردن و ئازارە، وەزیەفەی ئەو نەرمی و خۆشیە، ئەو وەك شوێنی وێنە دارەکانە، ئەم شوێنی کەسێکە کەبێ چوون وێنەیە. مەولەوی لە و ڕێی یەوە کە قفڵی هونەری (لەف و نەشرەکەی نەداوە) ڕێ بۆ ئێمە خۆش دەکات کە ماناکان بە یەکدا بگرینەوە.

پێشتر بەدیدەی چاو دەڵێ، دای مونافی، دەردی سلبی، لەم بەیتەدا دەردەکەی چاو دیاری دەکات کە (چاو گل کردنە)وە دەردو ئازارەکانی چاوی سەر دەبەستێتەوە بە بینینی ئەو شتانەی کە وێنەیان هەیە و دەبینرێن، ئەم هەموو بینراوانەش مایەی ئازاری چاون، وە چاو وێنەگری گوناهەکانە، ئەو گوناهانەی دواتر مایەی تیاچون و ئازارن بۆ چاو، بە پێچەوانەوە دەیدەی پەنهان دیدەی دڵ دەوا و شفای دەردەکانە، چوون ڕێگەی زۆری تیا نابێتەوە و جێی (کەسێکە بێ وێنەو نمونەیە) ئەمەش نەك نابێتە ئازار، بەڵکو مایەی خۆشنودی و نەرم و نیانی یە. بوونی خودا لە دڵدا مایەی خۆشحاڵی و ئاسوودەیی دڵە. وە یەکێك لە لەطیفەکان کە بە نووریی خوا ڕۆشن دەبنەوە لەطیفەی دڵە بۆیە باشترین پێوەریش بۆ تەندرووست بوونی هەر زکر و ئەرکێکی بەندایەتی(ئیطمناني دڵە) لە گەڵ خۆت ڕاستگۆیانە بکەوەرە گفت و گۆ بزانە لە چەند کار و کردەی عیبادەتدا دڵ حەساوە بوویت.؟

کە واتە چاو کە بڕیاردەری وەرگرتنی هەمە جۆر وێنەیە، بەو قەرەباڵغی کردنی وێنانە دەردی چاو گل کردنی بۆخۆی سازاندوە و لە کۆتایشدا تیاچووە، بەڵام چش لە تیاچوونی ئەو مەنزڵەی کە پڕ بوو لە وێنە، چاوی پەنهانی دڵم ماوە کە شیفایە بۆم و جێی خودای بە تەنها و بێ وێنە و بێ چوونە. دڵ چوارچێوەی یەك وێنەیە، وێنەی

تاقانەی ئەو یارە عرفانیە. مەولەوی لە دیوانەکەیدا زۆر هاوکێشەی لە نێوان (دڵ و چاو)دا دروست کردووە، بریا (دڵ و چاو)ی کاك تەحسین هەر تایبەت بوایە بە (دڵ و چاو) لای مەولەوی.چاو بە زۆری وێنەکانی ناوی موشریك بووە و شەریکە وێنەی تری بۆ یار سازاندووە، بۆیە هەقیەتی بە کوێر بوون و تیاچوون.دڵ تەنیا شوێنە بۆ جێگە وێنەی یار و یاریش خۆی ئەو شوێنەی بە لە بار ترین شوێن داناوە، بۆیە دیدەی دڵ یەکتا بینە و گرفتاری شرك نەبووە. ئەمەش مایەی تەسەللاو شفایە.

ئەو ئاشتەوایی و تەبایی یەی کە هەیە لای مەولەوی لە نێوان (خود و سروشت و خودا) دا یارمەتی ئەوەی داوە کە پاڵەوانانە بچێتە جەنگی ماناو شیعریەتەوە، گەورەترین گرەنتی شیعریەتی مەولەوی نەبەزینە بەرامبەر ووشە و دۆش دا نەمانە لە دروستکردنی زمانێکی تردا.لە ڕاستیدا ئاشتەوایی ئەو سیانەیە مانا بەخشینە بە ژیان.

هەرچەندە ئەم شیعرە ڕازی کوێر بوونی مەولەوی بەیان دەکات، بەلام مەولەوی بەر لە کوێر بوونیشی خاوەنی ئەو جیهان بینی یە بووە کە وەزیفەکانی (چاو و دڵ) جیادەکاتەوە. شتە مادیەکان کە قابیلیەتی نزمتریان لە شتە ڕۆحی و گیانیەکان هەیە لە ڕێی زاراوەی بەرجەستەوە بەیان دەکات، بەلام چاوی دڵ بوخچەی هەلگرتنی وێنە ڕۆحی و ئەرزشدارەکانە. بۆیە ڕووبەڕووی تێکەڵی زاراوە و دێرو مانای ماددی و مەعنەوی دەبینەوە، لاکردنەوەی مەولەوی بۆ ئەو دوانەی (چاو، دڵ) ە کە بە هونەرەکانی (وەك یەك و دژو خواستن ولەف ونەشرو حوسنی تعلیل)ەوە تەرجەمەی حاڵەتە ویژدانی یەکانی خۆی لە وێنەی بەرجەستەی ناو سروشتەوە دەکات.

(دین - بینین) زیاتر بایەخ بە گرتەی وێنەکان دەدات و واجبی چاو ئەوەیە کە لە گەڵ (ئاشکراو ظاهردا) قەراردەرە. ئەوەش (باڵی شەریعەتی دین) دەگرێتەوە، کەچاو هەلگریەتی، بەلام (مەیل و موحیبەت، ئیمان) کە وێنەی پەنهان و مەعنەویە و زامنی بە یەك گەشتنی ئێمە و خودایە خوا زیاتر لەوێ دە نۆڕێ لە دڵا دا ئەنرێت.

ئەمە ئەوشتە نادیارەیە کە درۆی تیا ناکرێت، هەر بۆیە ئەوەی لە بەر چاوانە و دیارە، مەرج نیە لە بەر دڵان بێت، چونکە دڵ تاکە شوێنی پەنهانە کە خودا لە هەڵسەنگاندنەکانیدا لێی دەنواڕێ لە ڕاستی و بنچینەشدا ئەوە نیقاشی نێوان (چاو و دڵ) و (شەریعەت و تەریقەتە).

١٦- ئەو بەقاش نی یەن، فەناش تاقی یەن

ئێد عە طای تاقی و باقی و لاقیەن

ئەو (چاوی سەر) مانەوەی نی یەو بە دڵنیاییەوە لە ناو دەچێت، ئەم (چاوی دڵ) بەخشیشی (تاقانەی خوای تاکە) و هەرماوە و مایەی وەسڵ و لیقایە٠

یان چاو (ئەو واجبات و دین داریەی کە چاو بایەخی یەکەمی هەیە تیایدا و ئەوەی دەبینرێ، بەڵگەی خودا پەرستی بێت.. هەموو واجباتە دینی یەکان و ئەرکە ڕواڵەتیەکان) ناگەنە دەوڵەتی (بەقا) وە تەنیا هەر لە (فەنادا) دێن و دەچن ئەو (ئەو دڵەی کە نشینگەی ڕەحمان و یاد و مەیلی ئازیزە وهیچ قۆپی و غەشێکی تیا ناکرێت، وە ئیمانی ڕاستەقینە و قیبلەی هەموو کەسێکە لە خودی خۆیدا، ئێمە دەبێت لە هەوڵەکانمان بۆ (عیبادەت کردنی خودا) لە بەر یەکتر کە دەبینرێین ڕوو وەرگێڕین، بڕوانینە دڵی خۆمان کە مەعبوودو مەعشوقی ئازیزی تیایە، بەم جۆرە لە بری مراقەبەی دین داری خەریکی دەبین بە رابطە ی خوایی یەوە٠

بۆیە تەنها شەهادەو بەڵگەی دەرچوون و بلیتی بینینی خودا دڵە٠ ئێمە ناکرێت دڵمان وێران کەین و سەفەکان پڕبکەین، هەر ئەو ئەرك و واجبە ماندوکەرانە بێ خۆشەویستی و یاری لە دڵ جێگیر دەبنە مایەی ماندوبوون و ڕاکردن لێیان، وە هیچ کات توانای ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە و تاقی کردنەوەی ئەخلاقیان نی یە، بۆیە ئەم دیاردەیە ئێستا سەرباری گەرم و گوڕی و قەرەباڵغی مزگەوت و گوتارەکان نەیتوانیوە مەفهومەکان لە مزگەوتەوە بخاتە سەرجادە.

کەواتە (چاو بەخۆی و وەزیفەکانیەوە، هێندە ورد و دەقیق نیە، تەنانەت فریوی بڕیاردان دەخوات و لە سەر ڕواڵەتەکان کاردەکات، بەمەش توانای پێناسەکردنی جوانیەکانی نیە، کەواتە بۆ تیاچوون باشە، بەڵام دڵ پێچەوانەی چاوی سەرە.

بە ڕاستی ئێمە دەبێت خوێندنەوە بۆ زۆربەی شیعری کوردی لە ڕابردوودا بکەینەوە، لە مانا نزیك و ڕواڵەتیەکان، لێکۆڵینەوە دەربازکەین، بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕێگەیانەوە سەرنج بگرینەوە کۆمەڵگا، من ناڵێم بەلاغە گەریەکان وە لانێین، بەڵکو لە پاڵ ئاماژەی هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا هەوڵی گوتاری زیندوویی دەق بدەین.

## شیعری سێیەم

١- تەختەی مۆبەت تاش، نەجار دڵ تەنگ

گیر گێج دام کلاًفەی شەو ڕەنگ

تەختە تاشی خۆشەویستی، دارتاشی دڵ تەنگ، گیرا و لە پێچی داوی کلاًفەی وەك شەو. ئەی نێچیری پێوە بوو بە داوی نەبینراوەوە.

گیرگێج دام: کەسێ پێی ببێ بە ئەڵقەی داوەوە.

کلاًفەی شەو ڕەنگ: ڕەشی و تاریکی ئەو دەزوەی کە داوەکەی پێ نراوەتەوە کە نەبینرێ، ئەم شیعرە وەلاًمە لە نامەیەکی مەلا عبدورەحیمی نجاری دا، کە دۆستی مەولەویە و باسی سۆز و نەشئەی خۆشی خۆی دەکات بۆ مەولەوی لە سەرەتای تەریقەت وەرگرتندا. مەولەویش ئەم شیعرەی بۆ نوسیوە، وە دەبێت ئەو مەلا رەحیمە دارتاش بووبێت، مەولەوی مەلا ئاگادار دەکاتەوە لەوەی کە:

ڕێگای تەریقەت سەخت و تاریك و پڕداوە ڕێبوار(نارەحەتی بوون بە مرید و سۆفی) ناتوانێت بە سەر داوەکاندا بڕوات و بیانبڕێ، چونکە داوەکان بە کلاًفەی وەکو شەوی تاریك نراونەتەوە و نابینرێن، تۆش ئێستاکە تەنیا پێت پێوە بووە و گیراویت، نجار واتە دارتاش و ناوی دێ یەکیشە لای پاوە کە تەکیە و مەرقەد و مەزاری شێخ حەماییزی نجارە و سەربە تەریقەتی قادرین. ئێستا شێخ قادر سەرپەرشتی کۆڕو زکری دەروێشانی دەکات و پیاوێکی خاکی بێ فیزو دەعیە وخزمەت گوزارە.

٢- نامەی ئایرین گەرمی ئەنگێزت

دووی پووش جەستەی دەردینان خێزت

نامەی ئاگرینی گەرمی هەڵسێنەرت و دوکەڵی هەستاو لە پووشی جەستەی بیمارت گەیی.

نامەکەت ئاگرینە و بەرپاکەری گەرمی دوکەڵی پووشی جەستەی دەردە دار و بیمارانی پێوەیە.

٣- یاوا و حاڵیم بی یەك یەك نیشاران

خەندەم کەرد هەی های، دەردەکەن یاران

نامەکەت گەیی، تێ گەشتم لە یەك بە یەکی ئاماژەکان و پێکەنیم، ووتم هەی های یاران دەردە کەیەتی: گیرۆدە بوون بە دەردی عیشق و داوەکانی مەعشووقەوە.

٤- ئەر ڕاسەن دۆسیت دۆسەکەی گیانی

من وە دار کۆڵەك خەمان مزانی

گەردۆستایەتیت ڕاستە (واتە بەڕاست دۆستی) نەی دۆستەکەی گیانیم. وە منت بەداری کۆڵەکەی خەمان زانیوە.

واتە بەڕاست تۆ وا دەزانی من توانای بەرگە گرتنی خەم و مەینەتم هەیە لەو ڕێیەدا. یان تۆ بە ڕاست من بە خاوەن ئەزمون و چەمیوی دەستی خەمی ئەو ڕێ یە دەزانی.

٥- هوون بێ پایان دەردم وەردە بۆ

تەجرەبەی تۆڕ دام عەشقم کەردە بۆ

خوێنی بێ پایانی دەردم خواردبێ و ئەزموونی تۆڕ و داوی عەشقم کردبێ. یان تەواوی خوێنی دەردم خواردبێت و لە تۆڕو داوی عەشقا ئەزموونم هەبێ (خوێن خواردنەوە) تەعبیرێکی کلاسیکیە.

تەجرەبەی تۆڕدام عەشق: برین و تێپەڕین بە مەنزڵەکانی تەریقەت و ئەزموون کردنی تاقی کردنەوەکان و بەجێ هێشتنی مەقامەکان و گەیشتن بە دوا مەنزڵ، ئەوەندەی من تەجروبەم کردبێ پێت دەڵێم.

٦- هاڵای گریەی دەرد ئەو باڵای ئاڵا

نە کوورەی دەروون نە گرتەن باڵا

هێشتا بڵێسەو تاوی دەرد لە کوورەی دەرونتـەوە نەیتەنیوەتـەوە بـۆ بـاڵای بـەرزت، یان هێشتا لە کورەی دەرونتەوە گڕ باڵاتی نەگرتوەتـەوە و سەراسـەری بـاڵات نەسـووتاوە (کە من سوتاوە و تۆ زۆرت ماوە) یان هێشتا کڵپەی دەرد وگڕی ئەو باڵایەی ڕۆ نەچوەتە دەرونت و باڵای نەسووتاندوویت.

٧- دام دوو بادەی صەیاد قاتڵ

نە پێچیان نە دەور پای شکستەی دڵ

داوی دولۆی ڕاوچی خوێن ڕێژو بکوژ لە پێی شکاوی دڵت نە پێچراوە.

واتە هێشتا داوەکەی یەك لۆیە و ئـەو هێـزەی نـی یـە جـارێکی تـر بـە دەوری پێـی شکاوی دڵتا بێتەوە و توندی کات، دڵ ئـەتوانێ بـا پێـشی شـکاو بێـت مـادام داوەکـە یـەك لۆیە و بێ هێزە توانای پچڕان و دەرباز بوونی هەیە.. خۆت دەربـاز کـە.. دەنـا ئـەمجارە پێی شکاوی دڵت توند ئەپێچێ.

٨- فرسەت نەکەوتەن بەو ڕەنگ قادر بۆ

جەفاش فراوان وەفاش نادر بۆ

ڕاوچی قاتڵ هـەلی بـۆ نەڕەخـساوە، بـەو جـۆرەی کـە قـوەت و زۆری خـۆی دەرخـاو سزای زۆرت بدات و وەفای بشارێتەوە، واتە تۆ سەرەتای پێـوە بوونتـە، هـەل نەڕەخـساوە تا توانای زۆرداری و سزا دەری و کەم بەزەیی و وەفای ئەو ڕاوچیە قاتڵەت بۆ دەرکـەوێ. ئەم دەربڕینانە بێجگە لەم مانا زمانی و ڕواڵەتـی یەیان مانای مەجازی خۆیـشیان هەیـە، کە گۆمی عەشق تاقوڵ بێت مەلەی خۆش ترە، دەردی ڤین تا بە تاو و یاو و بـێ دەرمـان بێت، عاشق زوتر دەگات بە شەرارەی مەرگ و دوایین بازگەی گەیشتن، (قادر - نادر، وەفا - جەفا) ڕەگەز دۆزی و دژیەك هەیە.

٩- دەخیل زوو تەر کێش پات ئەو دماوە

نەگنی نەی تۆڕدام بە هەر دوو پاوە

دەخیلت بم تا زووە، پێت بکێشەوە بۆ دواوە و هەنگاوی تر نەنێی، با بە هەردوو پێت نەکەویتە نێو داوەکەوە.

تاپێیەکی دڵت شکاوە، بگەڕێوە، چونکە یەك جوڵەی تر قاچەکەی تریشت دەبات و بە تەواوی گیرۆدە دەبیت، ئەو کات فرسەت بۆ صەیادی قاتل دێتە پێش و بە داوی دوولۆ شەتەك وجەڕت دەدات ودەت بەسێتەوەدو بە جێت دێڵێت. ئەم ئاگاداریانەی مەولەوی یەکەمین دەرسن کە دەدرێن بە گوێی هەرکەسێکا کە دەیەوێت بێتە سالك و یەکەم هەنگاو هەلگرێ.

بە نارەحەت پیشاندانی ڕێگە و قورس کردنی ئەرکەکانی طەریقەت، لە وەوەیە کە کەم کەس هەیە بتوانێ ببێتە پیاوی ئەو مەیدانە. وەرگرتنیش لەو مەدرەسەی حوبەدا هەر لە یەکەم ڕۆژەوە باجی گرانی هەیە. دوو هەنگاو چوویتە پێش دواتر ناتوانیت بگەڕێیتەوە.. هەردەم پەلەی بڕینی هەنگاوی ترو سەختی تر دەکەیت تا ئەو کاتەی (لیقا وەردەگریت و شاد ئەبیت)٠ بۆیە شێخان و پیران سەرەتا بە هەر کەسێکیان ووتووە با نەکەویە ئەم داوە قورسەوە بۆ بڕینی ئەم ڕێگایە سادەترین و ئاسانترینی وانەکان ئەمانەن:

تەوبە و پەشیمانی: وەرەع، پارێزگاری و تەقوا، زوهد، دەس و دڵ شۆردنە لە دنیا و مافیهای، فەقر، هەژاری و دەس کورتی، بێ نیازی بە خەڵك و بە نیازی خودا، صەبر، خۆگرتن و ئارامی و مقاومەتە بەرامبەر سەختی و نەهامەتیەکان.

تەوەککول: پاڵدان و پشت بەستن بەخوا بە تەنها.

خەوف: تەنها لە خواترسان لە وەی گوناهت بە نسیب ئەبێ و یان ترس لە وەی خوا بە کردەوەی خۆتت لەگەڵ بکات٠

رجا: هیوا بوون بەوەی خوا بە کردەوەی خۆتت لە گەڵ نەکات٠

شوکر: پێ خۆش بوون بە وەی خوا بە کردەوەی خۆتت لە گەڵ نەکات.

فەنا: لە خۆ بێگانەبون و بە خودا ئاشنا٠

وەچەندین وانە و تاقی کردنەوە و دیمەنی سەیرو سەمەرەی خۆش و ناخۆش و چەندین حالّ و وەزعی تەصەور نەکراو، تەنانەت لە نیوەی ڕێگەشدا گەر یارمەتی مراد و مرشد نەبێت حالّ و وەزعی سالك زۆر پەشێوە. بۆ زیاتر تێگەشتن لەوچەمکانەو چەندین وانەی تری تەسکیە بڕوانە {شێخ عبدالقادری گەیلانی.و.د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان چ ١ ٢٠٠٣ل ١٥٧-٢١٤}

١٠- جەو دما وە دەس بای ئیستیغناوە

لەرزی وە سەر تەلّ دار فەناوە

لەوەو دوا بە دەست بای بێ نیازی و بێ موبالاتی دۆستەوە، بە سەر داری فەناوە ئەلەرزی.. کە پێوە بووی بە داوی عەشقەوە.. بوویت بە نیێچیری بێ دەست و پای دەستی صەیاد ئیتر ئەو نیازێکی پێت نی یە و تۆش بەرە بەرە بای بێ مروەتی ئەو لە ناوت دەبات.

مەولەوی خۆی وەك مامۆستایەکی ئەو مەیدانە و عارفێ کە لەو ئاوەی دابێت، زۆر شەفافانە بە سەرهاتەکانی ئەو ڕێ یە باس دەکات.

چونکە خۆی زۆر ماوەتەوە لە نێوان (خەوف و ڕجا) دا ئەوەتا خۆی دەبێژێ:

هام وەسەر قوللەی خەوف و ڕجاوە

نمەز ڕای لای تۆم یاخود ئەولاوە

هیچ ئیلتیفاتێ نەدیم پێتەوە

هیچ نەدیای وەلای کوشتەی وێتەوە

دوی ئاخم جەداخ بێ موبالاتیت......و...هتد وەچەندین نمونەی تر کە دێنە ڕێمان، بۆ پشت ئەستوریمان لە ئامۆژگاری مامۆستا مەولەوی بۆ قوتابیەکەی پۆلی یەکەمی عیشق (مەلا ڕەحیم).

١١- سەر وە نەت ببۆ وە بارگەردەن

بوازی هەرسات ئاوات وە مەردەن

سەرت لێ ببێتە باری گەردەن و هەرساتێ ئاوات بە مردن بخوازی. عاشقی ڕاستەقینەی ڕووی ئەو یارە دەبێت ترسی لەم پێشهات و ئاماژە قورسانە نە بێت و بەڵێ بکات. چونکە (یارخۆش ویستن) ئەبێ بێ مەرج بێت و هیچ شتێ پشتت سارد نەکاتەوە. چوون ئەو شاری پڕ شۆڕ و دورگەی ئارامیە، تا نەچیت نازانی چۆنە، ئەو ئەسکە نجەبینەی ڕۆح، تا نەیخۆی نازانی چیە؟ بۆیە دەبێت ببێتە ئەزمونێکی زاتی و هەرکەسەو خۆی ئەزمونی کات.

ئەم ئاگاداری و زانیاریانەی جەنابی مەولەوی لە ڕواڵەتا نارەحەتن بە تێ گەشتنەکانی دەرەوەی ئەو دنیایە.. دەنا شاری عرفان چراخانی مانایە و مردن دوا پلیکانەی سەرکەوتنە بۆ ماڵی کۆشکی دۆست. تەنانەت وات لێ دێ لەو ڕێ یەدا خەمی بێ دەردی بخۆی و بە دوای تیرو خۆدانە بەر تیر باران دا بگەڕێیت، ئێش دەبێتە نوقڵی ترش و شیرینی مناڵی لە لات، کوشتن گەورەترین داوەتی یار دەبێت. بەلاّم یاران ئەم کوشتنە پێك نایێنن بۆ برینداره‌کانیان.ئەم دیاردە لای نالی و کوردی و مەحوی زۆر دیارە و ئەوان بە یار دەڵێن گەر تۆبەشت کرد لە کوشت و کوشتار تۆبەکەت بخەرە دوای کوشتنی ئێمە.

١٢- نە پەی ئەو ڕەویەی بەینەت داری بۆ

نە پەی تۆیچ وە مەرگ ڕستگاری بۆ

ئەوکاتە نە ئەو ڕەویەی مەیل و وەفاو بەینداری دەزانێ نە بۆ تۆیش مەرگ دەبێتە هۆی ڕزگار بون.

ئەو (دۆست - مەعشوق - صەیاد) کە تۆی گلان، ئیتر دەچێتە سەر وەختی ڕاوی ترو (بریندارکردن و وەفا کردنی بە تۆی ڕاو کراو و دیل و بریندار) فەرامۆش دەکات، ئیتر دواین هەل و مهرەبانی ئەو بۆ تۆ نایەتە بەر، کە کوشتنتە. مەرگ لای عارفان نەك هەر ڕزگاری و گەیشتنە بەڵکو جۆرێکیشە لە گەورە بوون، بۆیە عاشقە پێکراوەکان لەو ڕێگەیەدا پەلەی کوشتنیانە لە سەر دەستی (لەیلاکانیان) کە نمونەی ئەم جۆرە وێنانە لە شیعری کوردیدا زۆر دێنە بەردەم تۆی سەروەر.

١٣- ئەو صەبر، ئەو تاقەت، ئەو تەواناى دەرد

نەديت خەرجم كەرد فائيدەش نەكەرد

تۆ نەت دى من صەبرو تاقەت و تواناى بەرگە گرتنى دەردم، هەموو بەكار هێنا سوودى نەبوو. ماناى ترى ئەم وێنەيە ئەوەيە كە حەيفێ صەبرو تاقەت و تواناكانى ئێمە هەژارن و بەشى خەرج و كڕينى دەرد و مەينەتيەكانى ياريان نى يە، ئێمە مايە پوچين ناتوانين زياتر ناڕەحەتى و مەينەتى و دەرد و بەلاكان بكڕين كە زياتر قازانج بكەين، بۆيە صەبرو تواناكانى ئێمە تەواو دەبن.. دەرد و ڕەنج و زەحمەتەكانى ياريش دەكەون و ئێمە سكەى كڕينى ئەوانمان نى يە. شيعرو گۆرانى يە عرفانى يەكانى مرۆڤ بە هەردوو ديوى (مەجازو حەقيقەت) دەبێت نيەتى جوان بينى و جوان ناسيان لێ بێنيت، چونكە هيچ شتێ ماناى ناشيرين و سلبى نى يە لەو دنيايەدا.

١٤-ئيسە سۆچياى گەرمى دڵ سەرديم

سەودايىساراى دەرد بێ دەرديم

ئێستە سووتاوم بە گەرمى دڵ ساردى و ماخولياى ساراى دەردى بێ دەرديم. نيوباڵى دوەمى ئەم بەيتە ڕاڤەكەى لە ديواندا وا كراوە: گرفتارى دەردێكم كە لە كەسەوە ديار نيە و بە جۆرێكە كەس بە دەردەدارم نازانێ.{ديوان ل ١٤٧} مامۆستا حەكيميش نيو باڵى دوەمى وا ڕاڤە كردووە (بومەتە ئەڤيندارێكى دەشت و ساراى دەرد و ئازار، دەردێك كە لە هەناومدايە و كەس دەركى ناكات خۆم نەبێ){مەولەوى و تەقينەوەى زمان ل١٠٣}

ئێمە هەوڵ دەدەين ڕاڤەيەكى تر بخەينە بەردەم خوێنەر لە ڕاستى دا مەولەوى هەروەك عارفەكانى ترى شيعرى كوردى و ڕێبوارى تەريقەتى حەزرەتى گوڵ و پەروانە (بێ دەردى) بە گەورەترين دەرد دەزانێ، بە ميتۆدەكانى عەشق و پێوەرەكانى دڵ ڕەقى يار ناكرێت عاشق (بێ دەرد و بێ زام و بێ ئێش و برين بێت)، كەواتە بێ دەردى گەورەترين دەردە لە ڕێگەى عەشقا، تەنانەت نيشانەكانى عاشقى (دەرد و ڕەنج و زامن) هەركاتێ مەعشوق دەرد و بارى مەينەتى نەخستە سەر شان و بەردەمى عاشقەكەى ئەوە يار گەرمەى دڵ سارديەتى، دەرد ناردن نيشانەى ئەوەيە كە مەعشوق (عاشقى

فەرامۆش نەکردوە) بۆیە لە دێڕەکانی پێشتردا دەڵێ یار دوای ئەوەی کە خستیتیە داوی خۆی (ڕەویەی بەینەت داری) نامێنێ و فەرامۆشت دەکات.

ئێستا بەدەست ئەو گەرمی دڵ ساردیەوە سوتاوم و لە سارای مەینەت و دەردی بێ دەردیدا دەگەڕێم، کەواتە بە پێچەوانەی ڕای ئەو دوو بەڕێزەم، مەولەوی شێتی بێ دەردی یە یانی هیچی نیە و ساخە، کە ئەمەش لە عاشقی دەخات، چوون دیارترین نیشانەی ناسینەوەی عاشقان دەردە داری و ڕەنگ زەردیانە.

عاشقان دێن لە دوور دیارن

ڕەنگیان زەردەو لێو بە بارن

هەر مەولەوی خۆی لە پەیامێکی تریدا لەوانەی عەشقا بۆ بولبول دەڵێ:

ئەر هەرسات دەردێ، دەردێ و تەرچەنی

بەیۆ ماچوو ئاخ پەی دەردێ هەنی

ئەوەتا لێرەش بەکەم دەردی، ڕازی نی یە، و دەردی گرانی دەوێ نەخوازەڵا ئەوە بەبێ دەردی هەر ڕازی نابێت. ئاشکراشە باوەڕکردنی ئێمە بە هەرکەسێ کە بڵێ من عاشقم بۆ ئایەتەکانی زام و برین و دەرد دەگەڕێین تا باوەڕی پێ بکەین٠خۆ هەرکەسێ هات و ووتی من عاشقم مەعشووق باوەڕناکات ودەیخاتە بەر ئەزموونی بەڵاوە.

١٥- ئەر مژنەوەی خاس وەر نە مزانوو

مەرگ پەرێ تۆیچ مەدۆنە زانوو

ئەگەر گوێم بۆ شل ئەکەی باشە، ئەگینا خۆم ئەزانم کە مەرگ بۆ تۆیش دێتە سەر ئەژنۆ و خۆی ئامادە دەکات، {دیوان ل١٤٧} مامۆستا حەکیمیش بەم جۆرە ڕاڤەی کردووە: ئەگەر گوێم بۆ شل ئەکەی ئەوە باشە، ئەگەر نا ئەزانم مەرگ بۆ تۆیش دەدا لە ئەژنۆی. {مەولەوی و تەقینەوەی زمان ل ١٠٣-١٠٤} مامۆستا حەمەرشیدی ئەمینیش بە پێی بەیازێك بەم جۆرە تاگەکەی داڕشتوە و ڕاڤەی کردوە.

به مەرگی خۆی سوێندی بۆ ئەخوا، ئەگەر وا نەکەی کە من دەیلێم ئەوا وەکو ئەوانی تر بۆ تۆیش ئەدەم بەسەر ئەژنۆما، (بە مەرگت بۆ تۆیش لە ئەژنۆ ئەدەم){ساتێ لە گەڵ مەولەویدا، مهرەجانی مەولەوی ٢ل٢٩٦-٢٩٧}.

گەر هەوڵ بدەین لە ماڵی شیعرەکە خۆیدا بۆ مانای کۆتا بەیتەکە بگەڕێین، ئەوە ڕاکەی مامۆستا حمەرشید بەجێ ترە، هەرچەندە ڕاڤەکەی مامۆستا حەکیم شیعری یەو هەڵسوکەوتی مەحسوسانەی مەولەویە لە تەك ووشەدا، بەڵام مەولەوی لە بەیتێکی ئەم شیعرەیدا بە دۆستەکەی دەڵێ: دەکەویتە حاڵێ کە یار ئەوەندە مهرەبان نیە لە گەڵتا تا بتکوژێت و نەجاتت بێت، واتە مەرگت نادات، تا مەرگ بێتە مایەی ڕزگاریت، بۆیە ئەم بەیتە کەسێ شیعر پێش کۆتاییە، دژی ڕاڤەکانی تر دەوەستێ کە بۆ کۆتایی شیعرەکە کراوە،بۆیە داڕشتنەکەی مامۆستای ئەمینی هیچ ناکۆکی یەکی نیە لە گەڵ ساختمانی عرفانی شیعرەکەدا. لە بەر ئەوە گرنگترین شتێ لای عاشق (حساب بۆ کردنیەتی لای مەعشوق) ئیتر جیاوازیەك نیە لەنێوان (زەحمەت و ڕەحمەتەکانی)یاردا. خەمێ کە هەبێ ترسە لە (نەپرسینەوە چاك یان خراپ) عەبدێ لە سەردەمی مووسادا، عەرزی موسا دەکات و پێی دەڵێ: عەرزی خوا بکە بزانە، من لەو دنیادا لە کوێدام؟ مووسا دەگەڕێتەوە و پێی دەفەرمووێ: لە بنی بنی دۆزەخدای، عەبدی عاشق ئۆخەی دەکات و دەڵێ: بەس نیە لە بیری خوادام، من ترسم لەوە بوو فەرامۆشم کات.

١- تەئثیر خەیاڵ کردەی من سەردا

سستی شەرمەندەن، سەرشی وە وەردا

کاریگەری خەیاڵ دەرکەوت لە کردەوەی من کە کردم، سستی خەجاڵەتە و سەر لەتر دەدات بۆ پێشەوە (سستیم شەرمەزاری کردەوەکانمە و سەرشۆڕیشم هی ئەوانە). ئەو ڕەوشت و کردارانەی لە جوانی دا ئەنجامم دان ئەوەتا کاریگەریان لە سەرم دەرکەوت. ئەوەی لای من خەیاڵ بوو وا بە تاڵ بوو.

مەولەوی سەرف کردنی تەمەنی خۆی لە کردەی خراپدا (تێکڕای چواندوە بە خەیاڵی مەی خواردنەوە) وە وێنە کەشی تێکڕا لە دنیای بەد مەستێکەوە خواستووە و ڕەنگ و تان و پۆکانی بیری پێ چنیوە. مرۆڤی سەرخۆش و بەدمەست کە خەیاڵ دەبێت لە ئەنجامی زۆر خواردنەوە، بێ هێزو سست دەبێت و لەتر دەدات و سەری خۆی ناگرێت. مەولەوی زۆر جوان ژیانی لە دەمی ڕابردوودا (تەمەنی ڕۆشتووی جەوانی) چواندوە بە کەسێك کە سەرگەرمی خواردنەوە بێت. وە کاریگەری و حاڵ و وەزعی ژیانی پیری دەگەڕێنێتەوە بۆ کردەوەکانی جوانی وخەیاڵی لە جوانیدا.. کاردانەوەکانی لە پیریدا دەردەکەون..

پێش خواردنەوە جوانی یە ئینجا سەرگەرمی خواردنەوە (کردەی خراپ) وخەیاڵ، پاشان سەرخۆشی و لار ڕۆیشتن و سستی و سەر بە خۆ نەگرتن. وە پیری دێت. واتە چۆن خواردنەوە چوستی ناهێڵێ و سستی دێنێتە پێش و سەر لە ناو دەبات. ئاوا کردەوە خراپەکانی من، دوا جار لاشەیان سست کردم و سەریان تیا بردم. کە دواتر لە شیعرەکاندا لە ڕێگەی (حسن تعلیل)ەوە هەوڵی خوێندنەوەی خۆی دەدات بۆ پیر بوون.

٢- سەنگی سەنگی بار تاوان زۆر کەردەن

پیری بەد نامەن قامەت خەم وەردەن

قورسایی باری قورسی تاوانـه زۆری کـردوه لـه سـەرم و قامـەتمی چـەماندوه و پیری پێ بەد ناو بووه. باری قورسی گوناحـه لـه سـەر شانم کەڵکە بوون و زۆریان هێناوه بۆ قامەتم و چەماندوویەتی، کەچی پیری (تەمەن) پێی بەد ناو بووه.

کوور بوونەوەی پشتی بە هونەری (حسن تعلیل) داوەتـه پاڵ باری قورسی تاوان. بەندە ڕەنگە لە بەر نەگەشتنم بە ئەزموونی پیری نەتوانم بگەمـە (بـەهای مەعنـەویات و خۆ پێدا چونەوەکانی مەولام) گەر سەنگی سەنگباری تاوان قامەتی منیشی چەمان، کە لە خوا دەخوازم بە و جۆرەم لە تەك نـەکا، دەگەڕێمەوه سەر ئـەم هەنـدە شیعرانە، بۆیە بۆ ڕاڤەکان لەم شوێنانەدا پشت بە ئەزموونی پیرانم دەبەستم. قافیەی دیوانەکە دووبارەیـه لـه بـەر ئـەوه دروستـەکەمان لای کتێبەکـەی ڕێـزدار مامۆستا حـەکیم وەرگرت{مەولەوی حکیم ل٩٩}

**٣- تەن خەمیاوه یانێ دەستورەن**

**وادەی هۆرێزنای گیان ئەو حوزورەن**

جەستە کە دانەویووه مانای ئەوەیە کاتی هەستانەوەی گیانـه بـۆ حوزور، ئەمـەش یاسـای هەسـتانەوەی ڕۆژانەیـە کاتـێ سـەر بـەره و پـێش دەبـەیت و کـەمێ خـۆت دەچەمێنیتەوه. هەموو هەستانێك چەمانەوەیەکی دەوێت، ئەمە یاسای سروشتیە لە ڕۆژانەدا لای مەولەوی وێنەی تری پـێ (مەحسوس کراوه) و پیری هەردەبێتـه قۆناغی پێش کۆتایی ژیان، قۆناغی بەرلـه مـردن، بەر لە وەی هەستیتەوه بۆ ڕێزی فریشتەی گیان کە دەبێتـه میوانت، پیری کوورت دەکات و ئامادەی ئەو هەستانەوەیەت دەکات. دەستورت ئەداتێ و پێت ئەڵێ، حازری هەستانەوەی گیان بە، بەره و حوزوور.

بێجگە لەم مانایە ئێمە دەتوانین لەم دەستورەی مەولەویەوه یاسای تـری ڕۆحـی و گیانی داڕێژین، یاسای (خۆ نزم کردنەوه و بچووك کردنەوەی جەستە و بەرزکردنـەوەی گیان) یان (بـچووککردنەوەی جەستە گـەوره بـوونی گیانـه) کە هـەر یـەك لـەم یاسایانە مەولەوی کاری لە سەر کردوون و لە ڕێگەی مەیلی دۆستا وەك شەریعەتێك پەیڕەوی لێ کردوون.

گەردەتەوێ گیانت بەرزە فڕبێت و بگاتە بەرزی ئەوە دەبێت جەستەت بچوك بکەیتەوە، هەم جەستەی خۆت بچوك کەیتەوە هەم مەساحەکانی دنیای جەستە (دنیای مادی).

قەبر: بریتیە لە بچوککردنەوەی دنیای مادی ئێمە تا ئەو ڕادەیە، بۆیە کاتێ مردن ئازادکردنی گیانی ئێمەیە و دەربازکردنی ڕۆحە لە مەساحەی گچکە بوونیەوە بۆ گەورەبوون.. ئەوە ڕاستەوخۆ دنیای جەستە کە دنیای مادیە.. پڕا و پڕی خۆی بچوك دەبێتەوە لە ژیانی (نامی) بوونیشدا کاتێ لە بچوکترین ڕێڕەوەوە تێ دەپەڕێ دەبێتە خاوەنی (ناو) ئەو کاتەش کاتێ هەوڵی شکاندن و بچوککردنەوەکانی (کبرو لەخۆبایی و من منەکانت) دەدەیت.. ئەوە گەورەبوون چاوڕێتە و کاتێ خۆتت بەشت نەزانی ئەوکات دەوروبەر زۆر بەگەورە سەیرت دەکەن.

وە بە پێچەوانەشەوە کاتێ هەر بۆخۆت خۆت گەورە و بەرز دەکەیتەوە، ئەوە لە چاوی ئەوانی ترەوە هێندە بچوك دەبیتەوە تا ئاستی نەدیتن، ئەم ئەزموونی مانایە لە تێکڕای ژیانی شیعری ڕابەران و پیران و عارفاندا بەدی دەکرێ.

بۆیە گەردەتەوێت گیان هەستێت بەرەو بەرزی بارەگای خوا، ئەوە جەستەت بچەمێنەوە. (قامەت چەمان) لای بابا تاهیریش هەیە.

قدم دایم زبارغصە خم بی چوو مو محنت کشی در دهر کم بی

٤-تاوان ڕای نەفەس ڕجا گرتەن لێم

کردە یاگەی دەس تەما ناستەن پێم

تاوان و گوناح ڕێگەی هەناسەی تکای لێ گرتووم، کردەوە پیس و خراپەکانم جێگە دەستێکی هیواو تەمایان بۆ نەهێشتووم. تابینا قاقام غەرقی گوناهە و بەربینم گیراوە، تاوان دەستی ناوەتە گەروم و نایەڵێ تکایەك لە دەممەوە بێت، هەناسەی چنیوم.

ڕجا، تکا: پەیوەست بوونی دڵە بە کردنی کارێك لە داهاتوودا کە خۆی حەزی لێیەتی. شاد بوونی دڵە بە تێبینی کردنی بەخشندەیی و دڵنیا بوونی دڵە لە بدەیی بەخشندە.بینینی شکۆمەندی حەقە بە چاوی جەمالەوە.

ئەم مەقامە لە دوای مەقامی ترسەوە دێت و (سەرنج لە خەوف و ڕجا بدە لای مەولەوی)حکمەتی خوایە کە هاوکات ترس و تکای خستووەتە دڵی ڕێبوارەوە. لە میانەیاندا میانڕەوی و باوەڕی ڕاست پەیدا دەبێت. هەر کاتێ ترس هەبێت نا ئومێد نابیت و ئومێدەواریش بوویت بێ ترس نابیت. ئەمەش حاڵەتی مۆڵەقی مەولەویە لە نێوان ئەو دووانەدا.

کای دڵم نە گێج مەوج فەنادا    مۆلەقەن نە بەین خەوف و ڕجادا

لەم بارەوە لوقمان بە کوڕەکەی گووت: لە خوا بترسەو تکای لێ بکە. چۆن دەتوانم وا بم کە یەك دڵم هەیە، لوقمان گووتی: نەت زانیوە باوەڕدار دوو دڵی هەیە.بە یەکێکیان دەترسێ و بەوی تریان تکا دەکات. پێغەمبەر لە حاڵی نەخۆشیکی پرسی، ئەویش لە وەڵامدا ووتی: ئومێدم بە بەخشندەیی خوا هەیەو لێشی دەترسم. پێغەمبەر فەرمووی تکا و ترس لە دڵی هەر بەندەیەك لە حاڵێکی وادا کۆببنەوە بێگومان خوا لە شەڕی ترسەکەی دەیپارێزێت.

ترس و تکا دووانەی بەرامبەر یەکن و وە یەك سودیان هەیە. بە لام دوای گەیشتن بە ناسینی خودا تکایەکەی نامێنێت.لە عارفان هەشن دەڵێن: تکا کزترین قۆناغەکانی ڕێبوارانە، لە بەر ئەوە دژی خواستی حەقە.خودا هەر چۆنێ بیەوێ دەیکات و تکا دژی ئەو ویستەیەو گازندەیە لە کاری حەق. بەلام لە ڕەوشی سۆفیانەدا تکا گەرمی ترس دادەبەزێنێ وبەرەو گومان چاکی دەبات.{فەرهەنگی سۆفیانەی..ل١٦٢} ساڵانی عومرم پیس کردووە و شوێن دەستێکی پاك شك نابەم کاتێ دەست بۆ ژیانم دەبەم. بۆ تەمای لێ خۆشبوون و هیوا، چ شوێنێکم پاکە و دڵ بە چ ساتێ خۆش کەم تا بە تەما بم دەستی هیوای پێوە بگرم.

ڕجا و نەفەس.. هێندە ناسك کراونەتەوە و شیاوی بەزەین لە بەردەم جەردەکانی تاواندا.

٥- پای هەوەس تەزان، ئارەزوو مۆلەق

مەندەن وە ڕەحمەت بێ پایان حەق

پێی هەوەسم تەزیوە و مەیل و ئارەزووم مۆلەقە و تیاماوە، ماوەتە سەر ڕەحمەت و بەزەیی بێ پایانی خوا.

منی (عەبد)ی موفلیسی مایە پووچ، کە تەنانەت یەك نەفەسیشم بۆ لالانەوە پێ نەماوە و تاوان هەموو ڕێگەکانی لێ گرتووم و یەك جێگە دەستم بۆ پاکی نی یە بۆ دەستی ئومێد و، باری قورسی گوناح چەماندمی، پێی هەوەسم تەزین لە هەوەسبازی دا و ئارەزوم سەرگەردان و بێ جووڵە بوو. یان هەوەس و ئارەزووی لێخۆش بوونم حاڵیان وەك حاڵی بێ تەنی و پیری لاشەمن و دەس و پا شکاون و ناتوانن بەرە و پاڕانەوە بۆ لێخۆشبوون هەنگاوێك هەلگرن و مۆلەق وەستاون لە چاوەڕێی ڕەحمەتی بێ پایانی حەقدا.

حاڵەتی نە نازی بە چاکەکاری خۆ و بە خراپ زانینی خود و هیوا و ئومێدی بەزەیی خودا لای مەولەوی دووبارە دەبێتەوە.وە هەردەم خۆی لە نێو (خەوف و ڕجا.. هەستی و نیستی.. هەردەم ئومێد بە مایە و کردەکانی خۆی بەلای (سلبی)دا دەخات• کەوتنە دنیای ئیجابی ئەوە دەهێڵێتەوە بۆ ڕەحمەتەکانی خوای گەورە، مرۆڤ هەردەم بە کردوەکانی خۆی لە مامەڵەی مەحشەردا دەدۆڕێت، بەڵام بە بەزەیی یەکانی خوای لە گەڵدا بکرێت براوەیە.. ئەم قەناعەتەش، قەناعەتی دینیە، کە عارفەکان لە وەزیاتر تۆخ تری دەکەنەوە، کە هیچ لە کردەوەکان بە چاك لە سەر خۆیان ئەژمار ناکەن. وە دەشکرێ هەوەس بە یەکێ یان جۆرێ لە خۆشەویستیەکان لە بەیتەکەدا جێبکەینەوە. کە یەکێکە لە مەقامەکانی دڵدارە ڕێبوارەکان. بەر لە گەیشتن بە عەشق و شەیدایی.

٦- دامنەکەی ئایر دەروونم تۆنی

وەی دوو فەردەوە موغەنی کۆنی

دوا گەرمی و پشکۆی دەرونم تۆی گۆرانیبێژ، کوای؟! بەم دوو شیعرەوە بێی• ئەم بەیتە ئێمە جیا لە وەی دیوان و مامۆستا حەکیمیش لای لێ دەکەینەوە. بۆ جیاوازی ڕاڤەکان بڕوانە{دیوان ل١٤٨ومەولەوی تەقینەوەی زمان ل١٠٤}

دامنە: ڕاستە واتای داوێن و حاشیە و پاین و جۆرێکی نەخۆشی تاداریش دەدات، بەڵام واتای کۆتایی شتیش، یان دوای هەموو شتیش دەدات، ئەمەش بە درێژایی بنیادی

شیعرەکە دێتە زهنی ئێمەوە، کاتێ نەفەسی ڕحا و شانی چەماوە و نەبونی جێی دەستی ئومێد و سەرگەردانی چەقانی بێ ی هەوەس و ئارەزووی ڕەحمەت..هتد، هیچ کارێکیان بێ ناکرێت و چراکانی ئومێد کزو کوژاوە دەبن، لەم حاڵەتانەدا مەولەوی زۆر جار پەنا دەباتە بەر (ساقی، مطرب، موغەنی، دەف، نەی، مەی، فەرد) کە ئەمانە زۆر جار دوا حەل و دوا چەك و دواین ئومێدی دڵدانەوەن لێرەش (دوا شت) دوا ئەنجام کە مەولەوی گەرم کاتەوە یان دوا گەرمی دەرونی مەولەوی کە مابێت و تروسکەی بێت موغەنی یە و دوو شیعر.. ئەمانەش دوا کارتی بەردەمی خوا و ڕۆژەکەی حسابن. وە ڕەنگە ئەم شیعرە دوا شیعری مەولەوی بێت. چوون فەردی (هەرچیت دابوو پێم یەك یەك دامەوە) ئاماژەی (بێ شیعری) پێوەیە و زیاتر لە شێوەی قسەدا دەربڕراوە.

شاعیرە عارفەکان بە قەستی لە دژی واعظ و زاهدو ووشکە سۆفیانی کوژاوەدا دووتەرکیبەی عرفانی بە مەبەست بەکاردەبەن کە هێمای تین و پاوی ئاڵۆش و گڕ تێبەربوون و تەڕی و کەیلی چێژن بۆ یار، ئەوانیش هەردوو تەرکیبی (دامنەی ئایر و دامنەی تەڕ)ن. کە داوێن تەڕی و داوێن گەرمی ڕواڵەتبازەکان لێی تێ ناگەن.

دامنەی ئایر دەلالەتی بوونی گڕە لە ناخدا و پێچەوانەی داوێنی کوژاوەو خامۆش دێت. وەك چۆن داوێن تەڕی دەلالەتی مەیل و وشك نەبوونە و دژی ووشکیە.تەڕی داوێن لای ئەم عارفانە بەرەکەتی گریانی چاو درووستی دەکات.

مەولەوی لە جێی تر باس لە تەڕی داوێن دەکات بە هۆی گریانەوەو دەڵێت؛

چۆی زووخ جاری پەن شەو چە زامانم

تەڕەن وە ئەسرین ڕوان دامانم

سەی گاهری هاشمیش ئەم تەرکیبەی بەکار هێناوەو فەرموویەتی؛

منی داوێن تەڕ و ئەم وەعظی وشکەت واعظا هەیهات

خوایا بادە نۆشێ ڕیی ڕەندی دوندی یا شامێ

{هەوارگەی دڵان کاسێت}

٧- یارەبی ئەو شەو تاریکەی فانی

هەر تۆ وە کردەی بەدیم مزانی

خودایـە، لـەو شـەوە تاریکـەی دنیـای تیـا چـووندا، هـەر تـۆ بـەکردەوە خـراپ و نالەبارەکانم دەزانی.

ئەو دنیایەی کە لای من ڕۆشن بوو گوناهم دەکرد، وام دەزانی کـەس ئاگای لێ نـی یە؟ تۆ بەکردەوە بەدەکانم دەزانی.

مەولەوی (بەشەوی تاریکی دنیای فانی) زۆر سەیر دنیاکەی بێ وەفـا وێنـە دەکات، دنیا تیا ئەچێت، ئەم شەوە تاریکـە کـە ئاماژەی گێلی و پـێ نـەزانین و شـاردنەوەی لـە بڕوای ئێمەدا چێ کردوە بۆ گوناه، ڕۆژی مەحشەری بە دوادا دێت ئیتر هـەموو شتەکان دەکەونـە بەرچـاو و ڕۆشــن دەردەکــەون، ڕۆژی مەحــشەر، دەرخــستنەوە و بـە دیـار خـستنەوەی کـردە بـەدەکانی (دنیـای تیاچـوو) ی دوێنــێ شـەوی ڕابـردووی دنیـا، ئـەم سبەینێ ی مەحشەرە، شاراوەکانی دەردەخات.

٨- ئای سوبح مەحشەر سەر ئەفگەندە وێم

شەرمەندەی حوزوور خودا و بەندە وێم

ئای لەبەرە بەیانی ڕۆژی مەحشەر، سەرشۆڕ خۆم، شەرمەنـدەی بـەردەمی خودا و بەندەکانی تر خۆم.

ئەو هەموو تاوانە لە سەر یەك کەڵەکە بوانە (سەنگی سەنگی بار) کە بە درێـژایی شـیعرەکە (بەنـدە - مەولـەوی) بـەو حاڵـە دەگەیـەنن. هـەموو ئەوانـەش کـە لـە دنیـادا شاراوەن و خودا پێیان دەزانێ.. ڕۆژی مەحشەر دەردەکەون و دەبنە مایەی خەجاڵەتی و شەرمەزاری، ئەمە کاتێك کە خودا ڕەحم نەکات و باری مۆڵـەقی یەکـە بـەدیوی دۆڕانـدا بکەوێت. بەڵام دوا فرسەت کە گەورەترین کارتی تەواوی بەندەکانە ڕەحمی خوایە. گەر خودا ڕەحمی کرد ئەوە ئێمە دەکەوینە باری (اجابی) بردنەوەوە، وە خـودا زۆر لـە وەش گـەورەترە کـە لـە وێـش (ڕۆژی مەحـشەر) شـەوێکمان بەسـەردا نەیـەنێت. (سرپۆشی و

شاردنەوە و چاوپۆشین).عەیب و عارە دەرکەوتنەکانمان ئەخاتەوە پەنهان و تاریکی. مەولەوی ئومێدی شەوێکی تر لە بەردەم ئەم کۆتا دێڕەدا لە جێی تر بەرز دەکاتەوە.

ئەو کەس مزانوو ستارەن ئارۆ

جەو بۆزورگتەرەن شەو ئەو ڕۆت نارۆ

کە بنیادی هەردوو شیعرەکە بەر پەشیمانی و تۆبە و ئومێدی بەخشین نراون. واتە دەلالەتی ئاشکرایی و دیار کە لە بیژەی ڕۆژدا هەیە لە (مەحشەر)دا، مەولەوی بە هێنانی شەو بە سەر ئەوێ ڕۆژیشا ئومێدی حەیا نەچوونمان لەو ڕۆژەدا بە ڕەحمی خوا بۆ سەوز دەکات.ئەگینا ئەوە ئێمە گەر بەجدی لەو ڕۆژە بیر بکەینەوە لەو خەجاڵەتی یە تێ دەگەین، بڕوانە و سەرنج بدە خۆت دەزانی چیت کردووە. دەی ئەوەی کردووتە ئەگەر خوا نەیپۆشێت و بە ئاشکرا بیداتەوە بە چاوتا.ئەم حاڵەتی سەرشۆڕیەی ئێمە لە بەیانی مەحشەردا، ئەو شیعرە عرفانی یە بە هێزانەش نەیانتوانیوە گوزارشتی لێ بکەن.

## شیعری پێنجەم

١- تەرك ئینتیظار حەیات كەردەنم

یانێ ژار مار دووری وەردە نم

وازم لـە چـاوەڕێ کردنـی ژیـان هێنـاوە، مەبەسـتمە بڵـێم ژاری مـاری دووریـم خواردووە، ژاری دووری وای لێ کردووم هیچ تەمایەکم بەژیان نی یە.

ماری دووری: لەم تەرکیبەدا زۆر جوان درێـژی و گـەورەیی مارەکـەت دێتـە پـێش چـاو سـەرباری ناڕەحـەتی ژارەکـەی، چونکە(دەردی دووری مـاوەو مەسـافەی) کردوەتـە مارێکی زەبەلاح و پڕ لە ژاری کوشندە بە جۆرێ بات بە هەرکەسەوە چاوەڕێی ژیانی لێ ناگرێت.

٢- شنۆی ڕەشەبای زوسان هیجران

سەرچڵەی عەیشم کەردەن وە بوریان

شنەی ڕەشەبای دووری (زستانی جیایی و دووری) گۆپکـەی (سـەر تـەرز) ژیانمی کردە بریانی، ئەم وێنەیەی کە بـەم جـۆرە لـە بـەردەمی ئێمەدایـە پێویـستی بـە شـەن و کەوکردنی زیاترە، چونکە درەنگ بۆت دەچێتەوە سەریەك.

سەرچڵەی عەیش: خامـەو سـەرتەرزی تـازەی گۆپکـەدار، کـە نیـشانەی ژیـانن، یان ژیانەوەی درەختن و مەولەوی ژیان و گەنجی پێ چواندووە. زۆر جار ئەم سەر چڵانە لە ئەنجامی پە لە کردن و زوو دەرکەوتنیان زستان دەیانتەزێنێت و سـەرما دەیانبـات. ئـەم حاڵەتەی درەخت کاتێکە فەسڵەکان گۆڕابن و نـەمام زوو ژیابێتـەوە (ژیـانی درۆزنانـەی نـەمام). کـە مەولـەوی زۆر ئاگایانـەو لـەو پـەڕی شـیعریەتدا (بـە سەرچـڵەی عـەیش) وێنەکەی هێنـاوە، کـە لـە سەرچڵەدا جـۆرێ لـە لاساری و بـێ وادەیـی و چەقاوەسوویی هەیە، ئەمەش لە گەڵ (عەیشی لاودا) ڕێك دێتەوە، بۆیە عرفانی ئەم بەیتە لە وەدایە:

دەبێت بە وادەوە عەیش بکـەیت و تەمـەن بـە ئـەزموون و دەرسـی خۆیـەوە بـەڕێ کەی، دەنا زستان و گرەکان.. ئـەو ئامـاژە پەلـەو سەرچڵانە تەحـەمولی ناکـەن. شنۆ و

ڕەشەبای زووسان تێکڕا واژەگەلی فێنك، یان سارد و تووشن، چۆنە ئەمانە خراونەتە خزمەتی (بوریان- برژانە)وە.

دەبێت لەسەر (جوانی و ناسکی سەرچڵەی ژیان) بوەستین.

چۆن بەرخی ناسك باشترە بۆ بریانی. بەم جۆرە وێنەکە ڕاڤەی مەعقولی خۆی دەست دەخات. (چۆن گەرمی و گڕەی بەتین حەیوانی ناسك بە بریانی دەکات) من بەو جۆرە (شنۆی ڕەشەبای زستانی دووری گۆپکەی ژیانمی تەزان) گۆپکەی سەرما بردوو لە شێوەی دا وەکو شتی برژا و سووتاو دەردەکەوێت و کەمێ ڕەش هەڵدەگەڕێ بەو جۆرە (بوریان) لە مانا گەرم و برژاوەکەوە گوازراوەتەوە بۆ وێنەکە.

بە تەواوی ئەم شیعرەی مەولەوی لە ڕێگەی (مفردەدە ساردو سەخت و زستانیەکانەوە) زەرەر و زیانێ دەخاتەوە و کە لە (مفردە گەرم و بەتین و گڕەکان) بکەوێتەوە، واتە هاوشێوەی ئەمان.دۆزەخ بە ڕەهەندی ساردوو گەرمیەوە.

٣- کلێڵەی خەفەت نە سەر کاوەی دڵ

مەزرەعەی شادیم کەردەن بێ حاصڵ

کەویە بەفری خەفەت لە سەر کەندو ماە و گەوی دڵ، کشتی شادی بێ بەر و بووم (دان) کرد.

کاو: شوێنێکی ئارام و لاپاڵ لە چیای سەختین و بەردیندا، یان خڕگاو خڕەلان کە لە شوێنی جیاجیای هەوراماندا هەن وژینگەی لە بار و سازن بۆ سەوز بوونی چنوور و سوورە هەلاڵە کە ئەم دووگوڵە کوێستانیە شوێنی باشیان لە شیعری هەورامیدا گرتووە.

زوڵفێت گرەنج و خاوەنێ، سەر لوولەنێ، سیاوەنێ

چنوورو ڕاگەو کاوەنێ، کەمەندە یا شامارەنێ

صەیدی بە زوڵفەکانی (ڕیۆن – ڕێحان)ی یاری دەڵێت: چنووری ڕێگەی کاو، کلێڵە: ڕەنوی بەفری زۆری بە باوە هێنراو. خەفەت بە هەناسەی ساردەوە کشتی شادیمی فەوتان و بێ دان ما و هیچم لێ دەست نەکەوت. شادی نەمان لە دڵدا چوێنراوە بە کشتوکاڵی فەوتاوی بێ بەروبووم.

٤- من جەخێڵ خانەی مەینەت پامالم

کۆن بەینەت داریٚ پەرسۆ ئەحوالم

من لە ناو خێڵخانەی مەینەتا بووم بە ژێرەوە و تیاچووم، کوا وەفادارێ لە حاڵ و ئەحوالم بپرسێ.

پامال: تارو مارو فەوتا و بە ژێر پێوە بوو. کەسێك کە هۆزی مەینەت لێی ڕاست بێتەوە و پرزە و هێزی لێ بڕی بێت.

٥- مەر ئازیز وەخەیر تەشریف باوەرۆ

ئەی گێجاو خەم دەسگیریم کەرۆ

مەگەر ئازیز لە سەر خێر (بەخێر) تەشریف بێنێ و لەم گێـژاوی خەمـەدا دەست بداتە دەستم. مەر ئازیز لەم ئان و ساتی تیاچوونەمدا دەستم بگرێ و یارمەتیم بدات.

٦- بنوشۆ وە دڵ صەهبای مەیل وێش

پەی وەخت مەردەن حەسرەت نەبۆ پێش

بـە دڵ بنۆشێ لـە مـەی مـەیلی خـۆی بـۆ کـاتی گیانـەڵاو گیانـدان نـە بێتـە داخ و حەسەرت بۆی.

ئازیز بێت و لـە سـەرەمەرگدا چـەند قـەترەیێ لـە مـەی مـەیلی خـۆی بکـا بـە دەم دڵەوە بۆ ئەوەی داخ و ئەفسوس بۆ مردنی ئەم نەخوات.

١- تاجە (داخی) تاق، جفت خەمەنان

ڕاس باڵا چوون چۆی چەوگان چەمەنان

تا لە داخی تاکم و ئەوم لە گەڵ نی یە، ئەوە هاوجووتی خەمم و ڕێك و ڕاست باڵام وەکو دەمی داری گۆچان لارو چەماوەتەوە.

(داخی) خزم و هاوچەرخی مەولەوی مەلا عبدالله ی داخی یە، کە لێی دواین، دیارە ئەم شیعرە وەك لە دیوانەکەی دا هاتووە، بە بۆنەی نەتوانینی چوونی مەولەوی بۆ لای داخی بە هۆی ئاوی سیروانەوە نوسراوە، کە ڕێگربووە لە وەی مەولەوی بچێت بۆلای داخی. بەڵام بەندە بە جۆرێکی تریش بۆ ڕاڤەکە دەچم، چونکە مەولەوی جیا لە شاعرەکانی تری ئەدەبی کوردی کە (ناوە تایبەتیەکان) تەنها وەکو ماناو مەغزای خۆیان بە کاردێنن، بەڵکو ئەم لە ڕێی وەزیفەی زمانەوە گشتاندنیان بە سەردا دێنێ:

لە ڕق و کینە و داخی تاك. تەنها بوون و تاکیەتی دا هاوجووتی خەمم، واتە لەڕق و داخی تاقی دا، هاو جووتی خەمم.. واتە هاوجووتی بوونی خەم لە تەنیایی باشترە، بە وێنەی (شەڕ لە بە تاڵی باشترە) لەم دەستورەوە مەولەوی لە ڕقی تاقدا هاوجووتی خەمە. واتە مرۆڤ لە ڕقی تەنیایی دا گەڵ خەمدا جووت بێت لە تە نیابوونەکەی باشترە ئەتوانین بە ئیدیۆمی (تەنیایی هەر بۆ خوا باشە)خزمەت بەم ڕاڤەیە بگەیەنین.

چۆن ڕێك و ڕاستی داری گۆچان، کە وێنەی (تاق – تاکە) چەمینەوەی بەشێکی بۆ دروست بوونی (دەم – دەس) ی گۆچان.. کەوێنەی جووتە. جووتی لەڕێی خەم و لاربوونەوەکەوە درووست دەبێت. بەوەی داری ڕاس بە تەنیا ناگیرێت بە دەستەوە. بەڵام کە بوویە چەوگان و چەما ئەوە ئینجا دەبێتە جووت و هاوڕێی دەستێ.

لەطافەت هەیە لە (داخی)دا، دژی یەك لە (جفت، تاق، ڕاس، چەم) وەك یەك لە باڵا چون چەوگان)وە هەروەها جیناسی ناتەواولە(خەمەنان – چەمەنان).



مەلا ئەسولای باجی

۲- شەماڵ وە خزمەت ئەو زامان خەتەر

بشۆ، ئەر پەرساش ئێدش جواو دەر

شەماڵ بچۆرە خزمەتی ئەو زامدارە مەترسی دارە و ئەگەر لێتی پرسی، پێی بڵێ:

پێم خۆشە لێرەدا قسەیەك هەیە بیدرکێنم.

هەنـدێ لەوانـەی دەروێـشانە و بـێ وردبوونـەوە لـە توانـستی داهێنـان و گەشـە و پوکانەوەی زمان و ڕەوایی شکانی قاڵبـە چەقبەسـتوەکانی زمـان لای هـەر داهێنـەرێ بـە قەناعەتی خۆیان دڵ بریندارى زمانی هەورامین و لە هەوڵی بوژانەوەیدان. مەولەوی بە تێکدەری زمانەکەیان دەزانن وجارجار دەریـشی دەبـڕن کـە خۆشـیان لێـی نـایێ هەنـدێ جارپلاریشی تێدەگرن، ئەم سەرنجەیان دوور لە پێوەرەکانی ڕەخنە دەردەبڕن، دەنـا خۆ ئێمە و پێش ئێمەش ڕێزدارانی تر لەوە دوواون کـە زمـانی مەولـەوی پـڕاو پـڕی وشـە و بەشـوێن پـێ چـوندا هـەورامی نیـە، کـە بـەلای بەنـدەوە خـاڵی گـەورە و بـەهێزی سەرکەوتنەکەی مەولەوی ئەو نەترسان و بوێریەیەتی لە شکانی زمـان و داتاشـینی تـرو وەزیفەی تر.

من بۆ خۆم یەکێ لەو کەسانە پێی وتم (مامۆستا حەزناکەم ئەوەندە بە گەورە سەیری مەولەوی بکەیت و ئەوەندە بە سەری دا هەڵ بڵێی. وتم: بۆ ئاخر خۆ مەولەوی زۆر لەوە گەورەترە ؟ وتی: ئەی نازانی دایکی زمانەکەی ئێمەی گاوە؟ (مەبەستی لە دیاری نەکردنی نێرومێ و دانانی چەند جێناو وشەیەکی ترو شکانی هەندێ ئامراز و ئەو تایبەتی یەی کە هەر خوێنەرێ دەرکیان پێ دەکات وەك وشەی (ئێد) لەم بەیتەی بەردەستمانا) وتم: کاکە خۆزگە خوشکیشی بگایە! هەڵبەت من خۆم دەزانم چیم وەڵام داوەتەوە؟ کێ هەیە بتوانێ لە نموونە شیعریەکانی مەولەوی لە سەدەی دووەمی کۆچیەوە تا ئەم سەدەی ئێمەش لە زمانی هەورامیدا یان تەواوی ماچۆ گۆدا، بەرزترو زۆرتر و جوانتر پیشان بدات، بۆیە خزمەتی مەولەوی بۆ تێکرای ئەدەبیاتی کوردی لە رێی زمانی دایکزادی ئێمەی هەورامیەوە، مانای شانازی و قەدر زانینە.

٣- گیرۆدەی ئازار سەخت فیرا قەن

هەر چەند موشتاقی ئێندە موشتاقەن

گیرۆدەی ئازاری سەخت و کاریگەری جودایيە و تۆ چەند تامەزرۆی دیداری، ئەویش هێندە تامەزرۆیە.

موشتاق: ئارەزووی زۆری دیدار و گەیشتن. مەولەوی هەرکارو فرمان و داوایەکی بۆ جێ بەجێ نەکرابێت یان هەرگلەیی و گازاندەیەکی لێ کرابێت، هێندە جوان پاکانەکانی لەرێی (عاتیفە و زمانی ناسکی شیعرەوە) دەردەبڕێت کە مرۆڤ سەرسامی دەقەکانی دەکات، هەردەم بەرامبەر زوشتی یەکان زیبایی پێشکەش دەکات.

٤- بەڵام تاو سەیل دەردەکەی دووریت

لافاو هوناو رەنج مەهجووریت

بەڵام، رێژنەی پلووسکی فرمێسکی دەردی دووریت و لافاوی خوێناوی رەنجی بەجێ ماوت.

مەهجوور: کەسێ کە جودا بوبێتەوە.

واتە: ئاوی فرێسکی دەردی دووری و لافاوی خوێنی ڕەنجی ئەوەی کە لێت جیام و لێت بە جێ ماوم.

٥- تانجەرۆی ئەی چەم، سیروانی ئەوچەم

جۆشاوێ وەهەم ئەی چەم تا ئەو چەم

تانجەرۆی ئەم چاو و سیروانی ئەو چاو، بەلرفەوە جۆشان لەم چاو تا ئەو چاو. دەکرێ ئەم بەیتە درێژەی بەیتەکەی پێشوو بێت بە شیعر، چاوێ کە فیچقەو تاوی سەیلی دووریتە وەك تانجەرۆ و چاوێك کە هوناوی فرمێسکی ڕەنجی دوری بەجێمانتە وەك سیروان.

هەڵقوڵاوەکانی ئەم دوو چەمە (لای مەولەوی فرمێسکی هەردووچاو و لە سروشت دا سیروان و تانجەرۆ) پێکەوە تێکەڵ بوون. تێکەڵی دوو ڕووبار ئاو زۆر دەکەن و بوار کەم دەکەنەوە. هەروەك لای خوێندەوارانی ئەدەبی هەورامی ئاشکرایە، کە زۆرێك لە ئەدەبەکەیان تەنانەت ئاهەنگ و ئاوازی گۆرانیان گواستراوەتەوە بۆ دیالیکتەکانی تر، بەڵام زۆر بە فراوانی بۆ ئەم دیالەکتیکەی کە خەریکە بەرە و ستاندارد بوون ئەڕوا.

بە لامانەوە درووست بوونی وەها زمانێکی یەکگرتوو لە خزمەتی زمانی نەتەوەیدایە. بەڵام بە گورگان خوارد دانی هەر دیالیکتێك کارێکی مەترسیدارە. ئەوەی جێگەی نیگەرانیە ئەو گواستنەوەیە بەزۆری وەك جینۆساید و تالان دەستی بۆ براوە. بەتایبەت لە سەردەمی ڕێنیسانسی دیالێکتی کرمانجی خوارو و لە سەر دەستی پێرەمێردی نەمر، کە هەندێکی کارەکانی مایەی نرخاندن و دەست خۆشین لەو ڕووەوە کە بە وەرگێڕان و ئەمانەت کردوونی سەرباری قسەکردن لە سەرکەوتنی کارەکەی یان سەرنەکەوتنی.

بەڵام زۆرێکیان لە دیوانەکەیدا دەرکەوتوون، بە بێ ناوبردنی ئەسڵەکەیان، بەشێ لە تاوانە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەونوسەر و لێکۆڵەرە و کۆکەرەوە بە ڕێزانەی بایەخیان داوە بە ئەدەبی پیرەمێرد، چونکە نەیانتوانیوە ئاماژەکانی ئە دەبی (گۆران — هەورامی) بخوێننەوە. بەشێکیشی هەر گومان بۆ دەست پاکی پیرەمێرد دەهێڵنەوە، کە د.انور قادر و ئومێد ئاشنا لە هەوڵەکانیاندا لایان بە لای بەشێکی چاکی ئەو مەیدانەدا

کردوەتەوە٠ {لیریکا ل٢٤٦-٢٥٩وپیرەمێرد ی نومید ناشنا ل ٩٣-١١٥}. هەروەها لە پێناو بردنەوە سەری لاڕێکان بۆ ڕاستە شەقامی دروستی داهێنان هەوڵێکی باشی خەرج دراوە. ڕەنگە خەڵکی تریش هەر لە و پێناوەدا ڕەنجیان دابێ و من چون نەمکردوەتە کاری یەکەمم لە دویان نەگەڕابم، ئەم بەیتەش لە دیوانەکەی پیرەمێرد ئاخنراوە.

٦- کەڵەك هۆرمدا نمازا دەو لێش

ڕای ئامام نەوی پا بنیە و ئەو پێش

کەڵەکم هەڵدا نایەڵن لێی دەم، ڕێی هاتنم نەبوو، بۆ پێ خستنە ناوی.

کەڵەك: قایق: بەلەم بۆ پەڕینەوە، کە هۆکاری ئەم بەرە و بەر کردن بوو لەم بەری سیروان بۆ ئەو بەری سیروان.

مەولەوی دەڵێ: خۆ کەڵەکم هەڵدا یان خستمە ناو سیروان، بەڵام هاژە و لرفەی (چەمەکان) ڕێی ئەوەیان نەدام پێ بخەمە ناو کەڵەکەوە و بێم بۆلات. تا لە نزیکەوە ئەمبەرەو بەری سیروان نەکەی، یان بێ دەسەڵاتانە بە دیار کەڵەك و بەلەمەوە دا نەنیشی کاریگەری ئەم بەیتە لە سەر ڕۆحت نانیشێ کە (مەولەوی و داخی) هەریەکەیان لە بەرێکی بوون وە من لام وایە ئەم دێڕە فۆلکلۆرەش هی ئەو ناوە بێت کە دەڵێت:

من لەم بەرەوە تۆ لەو بەرەوە

هەردوکمان سووتاین بە بەر خۆرەوە

لە سەفەرێکا بۆ سەر مەزاری مەولەوی لە گەڵ دۆستم (حەسەن نازداری وەرگێڕ و چیرۆك نووس) لە هانە ژاڵەوە چووین.لە کەنار بەحرەکە دانیشتبووین و خانەخوێکەمان لە سەر شاتەوە بە دەممانەوە هاتبوو. لەو بەری ئاو چاوە ڕێی دەکردین. ئەم بەرەو بەر سڵاو و چاکوچۆنیمان کرد و یەکسەر بیرم بۆ ئەو فۆلکلۆرە و دێڕەکەی مەولەوی چوو گەر ماتۆڕ- بەلەم نەهاتایە بێدەسەڵاتانە دادەنیشتین و نە پێی گەڕانەومان هەبوو نە توانای چوونە ئەو بەر و دەبوو بە دیار خۆرەوە

بسووتاینایە. ئەو سەفەرە خزمەتی زۆری بەم نووسینە کرد و لە نزیکەوە لە گەڵ شوێن پێی مەولەوی و یارانیدا تاسەم شکاند.

کەڵەکم هەڵدا – کەڵەك هۆرمدا

مامۆستا حەکیم مەلا صالح سەبارەت بە یاری کردنی مەولەوی بە (جێناوی لکاوی کەسی یەکەم) دیارەدە و سیمایەکی دیاری ئەدەبی کلاسیکیە، بە تایبەت (بەعەرووز نوسراو) لە بەر تەفعیلەو کورت نەهێنان دوو نمونەی لای مەولەویشی باس کردووە. بەڵام دەفەرمووێ ئایا ئەزموونی مەولەوی خۆیەتی یان پەیڕەوی (نالی و مەحوی) کردووە هەرکامێکیان بێت گرنگ ئەوەیە مەولەوی لەم بارەوە دەستی خاڵی نی یە.

من زووم شناسا ـــــ من زوو شناسام

زووم زانان ـــــ زوو زانام

کە ئەم دوو نموونەیەی لای کاك حەکیم (م)ە کە لە سەر ئاوەڵکاری کاتی (زوو) دانراوە ئەم نموونەیەی لەم بەیتەدایە (کەڵەك هۆرمدا) هەمان شتە، بەڵام جێناوەکە لە سەر کارە، وە ئەزموونەکەش هی مەولەوی نیە و پێش مەولەوی لە ئەدەبیاتی نوسراوی هەورامی – گۆران، دا هەیە و ڕەنگە نالی و مەحویش لەو سەر چاوەوە وەریان گرتبێت..

ئەوەتا خانای قوبادی دەڵێت:

من ئارۆم زانا بە تاجت قەسەم

بە وەصڵ شیرین تاڵیم مەبۆکەم

هەروەها ئەم بەیتەش:

بماڵون نەچەم گەرد خاك پات

١- تۆ نەی کۆچدا کار وێت مەحکەم کەردەن

بەڵام ڕێشەی من جەبێخ ئاوەردەن

تـۆ لـەم کۆچـەدا کـاری خـۆت بـاش ڕێـك خـشتووە، بـەڵام ڕیـشەی منـت لـەڕەگ و ڕیشەوە هێناوە.

یەکێکی تر لـە لاواندنـەوەکانی بـۆ مـەرگی جـەرگبڕی عبـدالرحمانی کوڕی حاجی محمودی یاروەیسە، کە دۆست و خۆشەویـستی مەولـەوی بـوە و کـە شـکۆڵێکی لـێ بـەجێ مـاوە و خۆیـشی بـۆ مـەرگی ئـەم کـوڕەی لاوانەوەیـەکی چاکی فـەرمووە کـە سـەرباری ناڕەحـەتی کۆسـتەکە ڕازی بـوون بـە فـەرمانی خـواو مەیلـداری و دڵ نەئێـشانی تیـا دەخوێنینەوە بۆ بنەماڵەی شێخانی تەوێڵە کە دەستی قەدەر کارەساتەکەی بە گوڕی ئەوان سپاردووە. کە تێیدا حاجی دەڵێت:

ڕۆڵە ئەو ڕەحمان بێ وادە مەردی

سەر وە پایە نداز(شا سراج)کەردی

ئیستە تۆ دڵشاد وە جای (وەفا)وە

چەم وە ڕای کەرەم پیری (بەها)وە

بـۆ تـەواوی شـیعرەکە و زانیـاری پێویـست بڕوانـە{کەشـکۆڵی حـاجی مـەحمودی یاروەیس.لێکۆڵینەوە و ساخکردنەوەی عوسمان محەمەد هەورامی ١٩٩٨ل٨٠-٨٨}.

لـە دوا دێـڕی دا بـەیتی مێـژوویی بـۆ کـوژرانی کوڕەکـەی تۆمـار دەکـات کـە سـاڵی (١٢٩٦)کوژراوە. یانی مەولەوی ئەو شین نامە شیعریە بـە هێزانـەی بـە سێ چوار ساڵێ بەر لە مردنی خۆی نووسیوون.

تان و پۆی ئەم شیعرەی مەولـەویش لـە سـەر بـەراووردی (چوون و مـان)ە، حـاڵی کەسی کـۆچ کـردوو حـاڵی کەسـی مـاوە لـە دوایـی٠ (ڕیـشەی جـەرگ ـ منـاڵ بـە نـسبەت

باوکەوە) مەحکەمی کار، کارەساتی مردنە کە (شەهیدبوون) کەسێ هەربیەوێت بڕوات و کەسی تر توانای ڕێ گرتن و نە هێشتنی نەبێت، مێخ هەڵ دەکەنێ و بە هەرچیەوە بەسترابێت لە ڕەگ و ڕیشەی دینێ، وێنەکە بەو جۆرە خولقاوە شیعرەکە تا کۆتایی لە سەر جۆرێ لە جیاوازی و دژی دەڕوات.

٢- تۆ مەردەی شەهید زیندەی بێ باکی

من زیندەی مەردەی دەشت خەمناکی

تۆ مردووی شەهیدی زیندووی بێ باکیت و باکت نیە، من زیندووی مردووم لە دەشتی خەمناکیدا.

پێغەمبەر فەرموویەتی:بمرن پێش ئەوەی بمرن. کەسێ شەهید بێ ئەوە زیندووە و ئیتر هیچ باکی نیە و جارێکی تر نامرێت، کەسێ وازی لە پەیوەندیەکانی دنیایی هێنا بێت و تەمی ئەم وێرانەیەی بڕیبێت ئەوە زیندووە و ژیانی لای خوای گەورە مسۆگەرە، بەڵام ئەوەی لە دەشتی خەم و کەسەردا دەمێنێتەوە بە سەر زیندووە، دەنا مردووی ناو خەم و پەژارەیە.

ئامازە بەو ئایەتانەکراوە کە لە سەر شەهیدن، وە دژیەکی یەکی چڕ لە وێنەکەدا دیارە.

٣- تۆ ئازاد پەی سەیر جای جاویدانی

من پا بەستەی بەند ئەی دنیای فانی

تۆ ئازادی بۆ سەیرو گەشتی شوێنی هەتا هەتایی تیا نەچووی (بەهەشت)، بەڵام من بە زنجیرەکانی ئەم دنیا تیاچووە و پێم بەستراوە. جوانی وێنەکە لەوەدایە کە من بەستراوم بەدنیاوە کە تیادەچێ و منیشی پێوە تیا دەچم و ناتوانم پێم بکەمەوە و لە کۆتەکانی خۆم دەرباز بکەم، کەچی تۆ خۆتت ئازاد کرد و ئێستە سەیری باخی بەهەشت دەکەیت و هەرگیز تیا ناچیت چوون خۆت بەست بەو دنیاوە.

٤- تۆ لوای بەو ئەجر سەختی زامەوە

من پەرێ حەسرەت دوریت مامەوە

تۆ بە ئەجرو پاداشتی زامە سەختەکەتەوە چوویت و مـن بـۆ حەسـرەتی دووری و جودابیت مامەوە، یان: تۆ بەرە و وەرگرتنی پاداشتی زامە سەختەکەت چوویت و من بۆ حەسرەتی دوریت مامەوە.

**٥- پەی تۆ ڕاحەت بۆ، پەریٚ من زامەت**

**هەر شەو ڕۆ ڕۆ بۆ تاڕۆی قیامەت**

بۆ تۆ ئاسودەیی بێت و بۆ من ڕەنج و دڵ ئێشی، هـەر شـەو تـا ڕۆژ ئەبێتـەوە هـەر ڕۆ ڕۆم بێت، تا ڕۆژەکەی قیامەت.

١- تۆ پلاخەی دووکەڵ هیجران دڵبەر

جەم بووگە وەك هەور نە ڕووی سەقف سەر

چڕبوونەوەی دوکەڵی دووری دولبەر بە سەریەکا وەکو هەور کۆ بوەتەوە لە سەر سەرم، غەم و پەژارەم لە تاو دووری دولبەر یەك لە سەر یەك کۆبوەتەوە لە سەر سەرم وەك چڕبوونەوەی گەواڵە هەور.

تۆ پلاخە: لە هەورامیشدا بە پەترۆ بەستنی زام و زەخم دەوترێت.

٢- حاشا خۆ ڕەنگم هیچ نەماگە پێ

سەرم وەکو تاس دەنگی لێوە تێ

حاشا بێ، هیچ ڕەنگێکم بەڕووەوە نەماوە و سەریشم وەك تاس دەنگی لێوە دێ.

تاس: قاپی لەواش وقوڵی مس.. کە بەلێدانی زرنگەی دێ، مەولەوی دەیەوێت بڵێت لە تاو دووکەڵی دووری دولبەر وڕو گێژو کاس بووم لە هیچ حاڵی نابم و زرنگەی سەرم دێت (وەك یەك لەوێنەکەدا هەیە.)

٣- کەی کەم ئیستەکەم خوێناو ئەکا شەست

لەدوو پلووسکەی چاو شۆڕاوگەی بەست

هەمیشە خوێناو لە چاومەوە دەبارێ و شەست دەکاو لە گوڵاو و پلوسکی چاوما شۆڕاوگەی بەستووە، هەر دوو پلوسکی چاوم جێگەی پیا هاتنی فرمێسکیان پێوە دیارە. یان هاکا ئەوەنەی نەبرد و خوێناودباری.

٤- لافاو کووچەی جەستەی زوخاڵی

هەڕگاو هەستی هەرچی بوو ماڵی

لافاو.. کۆلانی جەستەی سوتماك و بە زوخاڵ بووی لە خاشاك و قوڕاوی هەستی هەرچی تیابوو ماڵی. واتە:

منی وێرانی کۆلانی ژیان و بوونم پڕ لە زوخاڵ و سوتاوی جەستە و خاشاکی بوونم.. بە لافاوی دروست بووی شۆڕاوگەی فرمێسکی بەردەوامم پاك دەبێتەوە..

١- تەن وە ئێش دەرد زامەتان خەستەن

فەڵەك پای ئامام وە زنجیر بەستەن

لاشەم بەئێشی دەردوو زام فەوتاوە و مانـدووە، گەردوون پێی هاتنمی بە زنجیر بەستووە.

٢- خەم زەدەی خەم کێش خەفەت بارەنان

بەری جە یاوەر، دوور جە یارە نان

خەمبارم و خەم دەستی لێوەشاندووم و خـەمکێش و خەفـەت بـارم، لـە هاریکارو یاریدەدەر بەریم و لە یار و دولبەریش دوور.

یان من خەریکی بە دنیا هێنانی خەمم و لە مـن خـەم لـە دایـك دەبـێ و خـەریکی خەمێکیشم (بە دیار دانیشتنی خەمەوە لە ساوا بوونی) داو خەفەت بارم، منی زەیسانی بادار بە خەم بوو، لە یار و لە یاوەریش دوور و تەوەللام.

چڕبوونەوەی (خەم) لەم وێنەدا لە دنیای صەیدیمان نزیك دەخاتەوە، کە ئـەویش لە سەر چاوە غەمگینەکەی بێسارانی یەوە سەرچاوەی گرتووە، غەمبارەکان لایان بە لای یەکدا بووە.

ئەم شیعرەی بێسارانیش زۆربەی شاعیرانی دوای ئەو کردویانەتـە میـوانی غەزەلە خەمبارەکانیان.

هەرکەس غەمبارەن بەیۆ وەلای من

خەم چەنی خەمی زوو مە بۆ ساکن

ئەوەتا (صەیدیش لە شیعرێکی تایبەت، قاڵبدراو بەخەم دەبژێت:

ئەسڵم جەخەمەن جە خەم بینا

بابۆ من خەما، خەمی دیەنا

٣-چەپ گەرد هەرساتێ دەردێ مدۆ پێم

ڕای ئامای قاصید ئازیز بەستەن لێم

چەرخی چەپ سوڕا و هەرساتێ دەردێکم دەداتێ و ڕێگەی هاتنی دەلیلی و فروستادەی ئازیزی لێم بەستووە.

٤- وەشڵە هەر پەی تۆن هەی شادمانی

پەیك لەیل ئاما وە تۆ مزگانی

شاگەشکەیی و شادمانی هەر بۆ تۆیە ئەی شادمانی خۆشی لە خۆت و مژدەم بەرێ پەیکی لەیل بۆ لای تۆ هاتووە.

١- تا تەوانام بی شەو بێداریم کەردم

پەرێ نۆشای جام بێ قەراریم کەرد

تا توانا و هێزم هەبوو شەو بێداریم کرد (نەخەوتن لە شەودا) لە پێناو نۆشینی جامی بادەدا ئارامم نەبوو.

تا توانام هەبوو: واتە تەمەن و بڕستی گەنجیم لە پەرستش و عیبادەتی تۆدا سەرفکرد، شەوبیداری شەونوێژ و زکری شەوان کە شەریعەت و تەریقەت جەختیان لە سەر کردوەتەوە بە تایبەت و چڕتر شەوانی قەدری ڕەمەزان پڕا و پڕ کراوە لە ئەرك و واجبات هێندەش گەورە کراوە فەزڵی بە سەر هەزاران ساڵدا دراوە، بۆ گەیشتن بە لەزەتی نەشئەی ئیمان هێز و توانای خۆمم بڕی و بێ قەرارانە ڕۆژم کردەوە.

٢- وێت واتەن هەرکەس شەوان بێداربۆ

مشێو مەست زەوق بادەی مەی خاربۆ

تۆ خۆت فەرمووتە کە هەرکەسێ شەو بێدار بێت و خەریکی ڕاز و نیاز بێ لە گەڵما ئەوە بێ نیازی ناکەم و دەبێت مەستی بادەی زەوقی بکەم.

لەڕووی عیرفانیەوە:

زەوق چەشتنە لە بەروبوومەکانی تەجەللاو وادەی کۆ کردنەوەی سەمەری گەیشتن و دیدارە.{فرهنگ مختصر اصطلاحات عرفانی ل٣٥٤}

عاشق تەمەنی سەرف دەکات، ئارام و قەرار لە خۆی دەبڕێت و خەو حەرام دەکات، ئەو کاتەی کە دنیا خەریکی پشو و خەوە تەنانەت دڵداری دڵبەرە مەجازیەکانیش لەوکاتانەدا فرسەت و مڵاسی بە یەك گەشتن و ڕاز و نیاز و ڕابواردن دەگرن. بۆ یە لەو کاتانەی کە تەواوی خەڵك خەوتوون و بێ ئاگان خەو بۆ عاشقان گێلی یە.ئەوە عاشق ئەو شەوانەی خەڵوەت بە گۆرانیەکانی عەشق و کولانەوەی برین و

ڕازو نیازەکـانی بـۆ وەصـڵی دولبـەر و مـاچ و بـادەی لێـوان بـە بـەیان دەگەیـەنێت، جورعەیەکی بادەی بەیان بۆ شەوبێداریێ ئەو پەڕی ئاواتە و مەست بوونە لە سەر شاری یاردا.

لەم بەیتەدا (مەعشوق) کەوتوەتە ژێر پرسیاری (وەفای پەیمانەوە) دیارە کە خۆی وتبێتی (بە شەو بێدارەکان بادە دەدەم و مەستی مەی بەیانیان دەکەم) ئـەوە ئـەو هێـزو توانا سەرفکراوە جارێکی دی دەگەڕێتەوە بۆ عاشق، وە هەر ئەوەیە مەولەوی لە عرفانی ئەم جۆرە شیعرانەدا دووپاتی دەکاتەوە وگەنجیەتی ڕادەگرێت.

مەستی وەپیران جوانی مدۆ

هێزی دوبارەی زرانی مدۆ

بـەم جـۆرە (مەسـتی زەوق بـادەی مـەی خـار) ئـەو هێـزە (گـەنجی) دەداتـەوە لـە ڕوویەکی تریشەوە هەرکاتێ ئەم دنیا تاریکەی فانیە کە بۆخـۆی وەك شـەوێکی تاریـك و نوتەکە (عاشق) دەیکاتە خەڵوەتگەی بێ داری و یار پەرستی و دڵداری ئـەوە بـە لایـەوە کورت دەبێت و زوو دەبڕێتەوە. لەم ڕووەوەیە شەو ڕووبەرێکی باشی عەشق و کاتەکانی ڕازو نیازی داگیرکردووە لە شیعرە عاشقانەکاندا.

کاتێ کە لەم شەوەدا لێرە لەم دنیا تاریکەدا تـۆ هـەر خـەیاڵت لای یـارە و بێداری، بێقەراری، ئەوە یار خۆی وەعدەی بـادەی بـەیانی پـێ داوی، ڕۆژبوونـەوە (مەحـشەر) تـۆ مەستی زەوقی وەسڵی (ئەمەش) ئەو عالەمەیە کە زەمەن تیایدا کار ناکات و مـرۆڤ هـەر دەمە و هەمیشە گەنجە، ئەم لایەنە زۆر بە فراوانی لای حافز جێی گرتوە.

گوتاری بەهێزی عرفان و زمـانی ناسکی عەشـق لەوەدایـە، کـە مـرۆڤ کەمەندکێشی خۆی دەکـات و جێگـەدار دەبێـت لـە دڵـدا، بـە بـەراورد لـە نێـوان گوتـاری وەعـزو هێـزی سواوی زمانی دەعوە و بانگەوازەکانی لایەنی ڕواڵەت. بۆیە کاتێ ئەم چوارینە لە مـەجاز داگری و بە زمانـە سواوەکەی بیدەیتە گوێ.. ئەوە گیانی دەردەچێت و دەبێـتەوە گوتـارە دووبارەکان کە ئێمە لە هەینی دا دەیانبیستین و هەر لـە مزگەوتەکـەدا قـەتیس دەبـن و لە گەڵمان نایەنە ناو کۆمەڵگاوە، هەر ئەمەشە بوەتە هۆی تۆرانی ئێمـە لـە دیـن.. دەبـێ

دڵ ئاشتمان کاتەووە بە تەڕی ئیمان و زیندووببینەوە بە عەشق، لە عیبادەتماندا (خودا) چەق بێت بۆ نغرۆ بوونمان لە پەرسش و بەندایەتی. نەك واجبات بریتی کەین لە حەصانەی کومەڵایەتی و دەمامك بۆ ڕەوشت و ئەخلاق و مزگەوت و ناو قەرەباڵغی.

١- تەرسوون ئەر بەدەن ڕەقیب دڵ سەرد

بکەرۆش وە خاك گەردش چەپگەرد

ئەترسم ئەگەر لەشی بەدکارە دڵ ساردەکەم چەرخی چەپگەرد بیکا بەخۆڵ.

٢- وەخت تەماشای ئەو بەرگوزیدەم

شەماڵ بشانۆ گەردش ئەو دیدەم

کاتی سەیرکردنی ئەو یارە هەڵبژاردە و ئازیزەم، شەماڵ تۆز و گەردی بکات بە چڕ و چاومدا.

واتە (تۆزەکەیشی هەر ڕۆڵی ڕەقیبی بگێڕێ)، پێویستە کەمێکی تر بە باری عرفانی بەیتەکەدا بڕۆین زیاد لەو ڕاڤەیەی نێو دیوان.

مەولەوی لە قەناعەتە عرفانی یەکەیدا بڕوای وایە تەن جەستە هەردەم ڕێگرە لە وەصڵ و تێرکردنی سەیر و بینینی دۆست. تەنانەت لە خەڵوەتی دوو بە دووی خۆی و یاردا، ترسی گلێنەی چاوی هەیە کە بێتە ڕەقیب و ڕێگر. بۆیە وەك سەرجەم (خەیاڵی عرفانی) و وێنەی شیعری تەصەوف، مەولەوی دەیەوێت بە تەواوی تەن بتوێنێتەوە و هەموو (حاجزو پەردە و ڕێگرەکانی) جەستە لە بەردەم ڕۆحدا پاماڵ بکات و بەردەم (بەصیرەت و چاوەکانی بینینی ڕۆح ڕۆشن بکاتەوە. بۆیە بە بڕوای ئێمە (ڕەقیب) کەسێ نیە لە دەرەوەی خودی مەولەوی، وەك زۆر جار لە شیعرە دڵداریەکاندا دێتە ڕێمان، ئێمە لامان وایە (ئەربەدەن،جەستەی مەولەوی) خودی ڕەقیبەکەیە. دیارە دەبێت ڕۆژێ ئەو لاشەیە لە ڕێی بینینی ئەودا بڕزێت.ئەترسم (لاشەم - جەستەم.. کە ڕەقیبی دڵ ساردی منە) چەرخی چەپگەرد بیفەوتێنێ و بیکاتە خۆڵ، لەو کاتەدا کە من تەماشای یاری تاقانە و هەڵبژاردەم دەکەم، شەماڵ لە تۆزی بەدەنی ڕەقیب بدا بە چاو ماو لە سەیرکردنی ڕۆشنی یار چاوم تەڵخ کات، شایانی باسە ئەم سەیرو چاوتێ

برینە سەیری ڕۆحی یە و نابێت خەیاڵت بۆ چاوی سەر بڕوات، ئێمە لە بەر ڕۆشنایی قەناعەتی مەولەوی خۆیدا ئەم ڕاڤانە درێژدەکەینەوە. با بەم نموونانەدا بچینەوە:

دڵ پەی دیدەنیت کام خەڵوەت سازۆ

تۆی دیدە یچم بی مەردوم نمازۆ

لەم بەیتەدا (مەردوم- بیلبیلە) ڕەقیبە و ڕێگری دیدەنی و دیدارە.

واچە هەی دڵەی ئەبلەی بێ خەبەر

هۆرێز ساتێ تەرك خاو شیرین کەر

لێرەدا (خاو-خەو) ڕەقیبەو ڕێگرە لە چوونە خەڵوەت و سەیری یار، لێرەش (تۆزو خاشاکی تەن) ڕەقیبە و ڕێگری سەیری یارە. ئێمە ئەو لێکدانەوە و ڕاڤانەش ناخەینە لاوە کە کارەکتەری ڕەقیب بە نەیار و دژەکەی عاشق دەزانن لە دەرەوەی عاشقە پاڵەوانەکان. چوون لەو جۆرە ڕاڤەیەش هەڵدەگرن و شیعری کوردی لە ڕووبەرە فراوانەکەیدا لەو نموونەیەی زیاترە.

تادڵ وەتەمای ئەو ترفە ترفەن

نەحوم هەر مەحوەن صەرفم بێ صەرفەن

تا دڵ بە تەمای ئاسودەیی ژیان و نازو نعمەتەی ڕەفاهی بێت، ڕێم نا دیار و وونە و ماڵم ناڕەواجە، ئەو ڕاڤەی دیوانیش دەری دەخات کە (نەحو و صەرف) بە دوو زانستی قواعدی عەربی لێك دەینەوە، مامۆستای مدرس (ترفە ترفی) بە شەوق و بریسکەی یار و ڕوخساری یار لێکداوەتەوە، یانی تامن خەیاڵم لای شەوقی یار بێت کەڵك لەو زانست و زانیاریانە نابینم. لای عاشقانی ڕووی یار خەیاڵ دان بەو لە مەدرەسەو دەرسەکانی تر گرنگترە.

تا وە زوڵف و ڕووی تۆ تەماشامەن

ئەدای نمای فەرز صوبح و عیشامەن

تا مـن ڕووم لـەو زوڵفـە ڕەشـە و دەم وچاو و ڕووەی تـۆ بێت، ئـەوە دەبێت فـەرزی نوێژی بەیانی و شێوان بەجێ بێنم.

واتە کاتێ سەیری زوڵفی ڕەشت دەکەم،دەبێ نوێـژی عیـشا بـەجێ بێـنم، وە کاتـێ سەیری ڕووت دەکەم، ئـەوە دەبێـت نوێـژی بـەیانی بکـەم، وە لەیـەك کاتـدا سـەیرکردنی زوڵف و دەم و و چاو یەك خستنی دوو نوێژی دوور لە یەك وجیان، کە ئەمـە خـەیاڵ و وێنەیەکی جوانی بەخشیوە، وێنەکە پێچان و کردنەوەی نارێکە (زوڵف – صوبح – ڕوو - عیشا) ئەوەی تێبینی دەکرێت لە سەر قاڵب و تان و پۆی ئـەم دوو تـاك بەیتـە ئەوەیـە کـە ئەمـەیان لای مەولـەوی (تاکـە) و لـە شـیعرێکی هاوچـەرخی مەولـەوی مـەلا صالح فـەخروالعلمادا لـە شـیعرێکی سـەربەخۆدا هەیـە، وە ڕەنگـە مەلاصـالح لـە مەولـەوی وەرگرتبێ.

ئەم دوو قاڵبە کە تان و پۆی ئەم جۆرە وێنەیان پێ چنراوە زۆر بە نزیکی لە یەك و لای مەولەوی و هەندێ لە هاوچەرخانی دەردەکەون.

کاك ئەحمەدی مەجزوب:

تاجەلای جەبهەی لەیلێ هەر شێوەن

قەیس هەر ڕۆ تەرزێ دیوانە و لێوەن

تانیم نیگای عەین دیدەی حەویوەن

من مەرگم میوان، دەردم نصیوەن

١- تاقی خانەقای دڵ پڕ وەلوەلەن

تاسی کەللەی سەر پڕ نە هەلهەلەن

تاقی خانەقای دڵ بەجۆشە واوەیلایەتی، تاسی کەللەی سەریشم خەریکی هەلهەلە کێشانە.

خانەقای دڵم خرۆشاوە و لە تاقەکەیەوە دەنگ و هەراو هوریا دێت، لە ڕۆژانی زیارەت و خەتمەو بۆنە ئاینیەکاندا خانەقا پڕاوپڕ دەبێت و دەنگی زکرو حاڵ کردنی دەروێشان لە خانەقاوە دەبیسترێ (هەرچەندە خانەقاو صۆفی و زکری بێدەنگ) پەیوەنداری نەقشین لە بنچینەدا، بەڵام بەهۆی تێکەڵی و پێکەوە گونجانیان و سەردەمێ نەقشیەکان خۆیان بەخادمی (نەقشی - قادری) زانیوە، حاڵ کردن و سەمای شیعری بەجۆش وخرۆش و گۆرانی و دەفی شێخانە تێکەڵ دەبوون، بە تایبەت لەخانە قاکانی هەوراماندا من بۆخۆم حاڵ و وەزعی ئەم وێنەیەم لە (تەوێڵە و بیارە و باخەکۆن)ی نەقشیەکان و لە (نجار)ی قادریەکان دیوە و لە نزیکەوە ئەو هەلهەلە و وەلوەلە و تەقسەم هەست پێکردوە کە پێم وایە ڕیشەکەی لە هەوراماندا دەچێتەوە سەر زەماوەندی پیرشالیارکە زۆر پێش سەرهەڵدانی ئەو تەریقەتانەیە و ئێستەش لە هەورامانی تەخت بە ڕێوە دەچێت.

مانا عرفانیەکەی ئەوەیە: کە مەولەوی لە هەردوو زانکۆی (دڵ و سەر)دا سەرقاڵە و بە هەموو دەمارو هەستەکانی کەوتوەتە (نقاش و چەند و چون) و ئەم شیعرە لە دیوانەکەدا نیە و ئێمە لە کتێبەکەی کاك حەکیم وەرمان گرت {مەولەوی حكیم ل١٦٨}

مەولەوی زۆر جوان (تاق، تاس)ی بەکارهێناوە، تاق لە لای دیواری خانەقایەوە و شێوەکەی و شوێنەکەی لە دڵ دەچێ، وەتاسیش (لە سەرەوە یە) وەك گومەزەکانی سەرخانەقا.

٢- فیکرم نە تەهزیب نەفس و ئیسپاتەن

خەیاڵم مەشغوڵ شەرحی سیفاتەن

بـیرم خـەریکی (مەشـغولْ) پاککردنـەوەی نـەفس و سـەلماندنە (سـەلماندنی بـوونی خودا) خەیاڵیشم سەرگەرمی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی سیفاتەکانیەتی.

ئیثبـات: جێ بـەجێکردنی حـوکمی پەرستنەکانە و دژی لـە ناوچوونە. ئیثبات و مەحوو پێکەوە دێن.

وەلوەلەکانی تاقی دڵ: ختورە و غایەلەکان و نیەتەکانی دڵن. هەلهەلە کێشانەکانی سـەر: فیکـر و بـیر کردنــەوەن، کـە مەڵبەندەکـەی سـەرە و ئـاوەزو عـەقڵ ڕێنمـوونی کەریـەتی، زۆر جـار پەڵـە هـەوری گومـان و بەرچاولێڵی دەخاتـە بـەردەم دیـدەوە، بۆیـە دەبێت فکر هەردەم خـەریکی خـاوێن کردنـەوەی نـەفس بێت بـۆ ئـەوەی بـوونی دۆست پێویـستی بـە سـەلماندن نـەبێت.. ئەمانـەش لـە ڕاسـتی دا بـە زکـر و زیندووکردنـەوەی مەڵبەنـدەکانی زکـر دەبـن. بـە جـۆرێ تـەواوی (بـەدەن و نـەفس) لـە پەڵـە پاکوخـاوێن دەبنەوە (شتەکانی تر) نامێنن بێجگە لـە (خـودا) ئەمـەش ئیـسپاتە و بـە تـەواوی دنیا دەبنــە شــایەتی بــوونی دۆســت. ئــەوەی ســیفەتە بــەدەکان لــە خــۆی ڕادەمــاڵێ ودەیانگۆڕێتەوە بە سیفاتی چاك، حەق دای دەپۆشێ و مـەحوی دەکات{فەرهەنگی سۆزنیانەی ل٣٤}. ئـەو نامێنێـت حـەق دەری دەخـات.(مەولـەوی خـاڵی و بـەڵام پـڕ لـە دۆسـت)، خەیاڵیش دەست دەکات بە لێکدانەوە و بەیان و ڕاڤەی سیفەتەکانی ئەو دۆستە، چونکە ئەو یارە ئێمـە لـە توانامانـدا نیـە خودی خـۆی تەماشاکەین، دەبێت خـەریکی شـەرحی ئایەتەکانی جوانی ئەو بـین کـێ توانیویـەتی سـەیری (ڕۆژ- خـۆر) بکات، بـەڵام هـەردەم گۆرانیمان بۆ نورو تیشك و گڕو مۆم و ڕوناکی و گەرمیەکانی وتووە. بۆیـە (زاتـی خـودا کە هەیە و حاشای لێ ناکرێت) دەبێت لە ڕێی وێناکردنی سیفاتەکانی و دەرکەوتنـەوەی نوری ، ئێمە خەریکی عاشقێتی بین، دەنا بـۆ خـۆی لـە کوێ ئـەمێنین تـا بەرگـەی یـەك زەڕەی ئەو نورە بگرین.

ئاخر ئێمە بەم تۆزە حاڵی دڵەوە وا بووینە طور، بۆیە دەبێت هەمیشە (لەڕێگـەی عەکسەوە نەك خۆی) ئێمە خەریکی عرفان بین.

٣- عەکس تەجەللای مەشعەلی ڕووی دۆس

شەوق مەدۆ چون شەم نە فانۆس پۆس

دەرکەوتەی نوری درەخشانی ڕووی یار، لە فانۆسی پێستما شەوق ئـەدات بەوێنـەی شەم.

تەجـەللا: دەرکەوتـە و جـێ گرتنـی نـوری خودایـە لـە دڵـی عارفانـدا، دەرکەوتـەی تیـشکی نـوری ئیلاهـی لای عارفـانی پـاك دڵ دوای تـەی کردنـی ڕێگـەکان و گەیـشتن بـە فەنایە. شەوق: ووروژانی دڵە لە کاتی ناو هێنـانی دڵبـەردا، شـەوق لـە دڵـی دڵداردا وەك فتیلەیە لە چرادا و عەشقیش وەکو ڕۆنـە لـە ئـاگردا، ئـاگری خوایـە لـە دڵ بـەر دەبێت وختوورەکانی بەندە دەسوتێنێ.{فەرهەنگی سۆفیانەی ل ٢٠٥}

تەواوی پێستم بووەتە چراو فانۆس وەك چۆن گـوڵی گـڕێ لـە نـاو چـرا و فانۆسـدا تیا شـەوق بداتـەوە بـەو جۆرە شـەوق و نـوری چـراخانی ڕووی یـار لـە تـەواوی پێستما شـەوق دەداتـەوە، کەواتـە بوومەتـە فانۆسـی شـەوقی یـار، ئەمـەش وەك وتمـان کاتێکـە تەواوی بەدەن و ئازای مرۆ، مەشغوڵی زکر دەبێت، ئیتر تەواوی جێگـە و مەنزڵـەکان پـڕ نور دەبن، تا ئەو ئاستەی لە ناوەوە نور تـەشەنە دەکات و پێـست هیـچی ترنیـە جگـە لـە شووشەی چرای ئەو مۆم و مەشعەلستانە، ئەمەش (سلطان الاذكار)ە.

٤-تەمامی ئە عظام جە ڕووی پەردەی پۆس

مەشغوڵەن وە ژکر ئیسپاتی یادۆس

ئەم شیعرەش دەتوانێ بچێتە مەیدانی بۆڕدانی کتێبەکەی کاك لەتیف هەڵمەتـەوە، ئێمە خوێنەر سەرپشك دەکەین لە هەڵگۆزینی تەڕی عرفان لە ووردە زنـە و کانیلـەکانی بەیتەکانی مەولەویدا.

٥- تۆڕی تەن شۆڵەی جەزبەی حەقیقەت

وە گەردی سورمەی دیدەی مەعریفەت

مامۆستا حەکیم بەم جۆرە ڕاڤەی ئەم بەیتەی کردووە.

بەگەردو تۆزی کلی چاوی مەعریفـەت تـۆڕی بـەدەن تیـشکی جەزبـەی حەقیقـەتی وەخۆگرتووە، ئێمـە پێـشتریش ووتمـان لـە پێنـاو (فرەیـی مانـا لای مەولـەوی) ستراتیژی گەورە بوونی مەولەوی، شیکار بۆ ڕاڤەکانی سەروەرانی تر دەکەین یان ڕاڤـەی جیاو زۆر

جار دژ لە ڕاڤەکانی ئەوان دەخەینە ڕوو، بێ ئەوەی مەبەستمان بێت هیچ کام لەڕاڤەکان ڕەدکەینەوە. بۆ بەراوردو جیاوازی ڕاڤەکان بڕوانە{مەولەوی حەکیم ل١٦٨ یان دیوانی مەولەوی لە چاپ دانەوەی سەردەم ٢٠٠٦ل٥٨٤} من لام وایە (توری تەن)ە واتە (طوری تەن) ڕاڤەکەش وای لێ دێت

طوری تەن (لاشە و بەدەنی مەولەوی) بە پزیشکی جەزبەی حەقیقەت سوتان و بوونە گەردی سورمەی دیدەی مەعریفەت ،یان شۆڵەی جەزبە تەنی هەڵگەڕاندم بە سورمە.یان پزیشکی لە جازبەی حەقیقەت کشاو طوری تەن یان تەنی طوری سوتان و کردیە گەرد و سورمە و کلی دیدەی مەعریفەت (بۆ ڕۆشن کردنەوەی دیدە و گل نەکردن) یانی لە ڕاستیدا و لە ڕوی عرفانەوە بە زوخاڵ کردنی طور دەرسی بەڵگەی تەجەللایەك و شۆڵە یەکی خودایی بوو.. بۆ ئەوەی بیکاتە کلی ئەو چاوانەی کە توانای بینینی ڕاستەقینەیان نیە و باوەڕ بە بوونی خودایەکی جوان هەست پێ ناکەن.لە مووساوە طورمان کردە سورمە بۆ ڕشتنی چاوتان تا چاك ببینن.

لە ئەدەبیاتی عرفانیدا طور بریتیە لە نەفسی خۆ و دەبێ بسووتینرێت و خود نەمێنێ و جێ چۆڵ کات بۆ دەرکەوتنی یار. کەنیم هەیت و کە هەم نیت و هەموو گووتەکانی لەم جۆرە لە ئیمامی عەلی و بەر لەویش لەم دەرسەوە لەدایك بوون. بەیتی دواتر بەڵگەی سەلماندن دەداتە دەست.

٦- تاخاس عەقیدەی ئەحواڵ نەکۆڵ بۆ

نەوا قورسی نوور ئیخلاسم کوڵ بۆ

تا زۆرچاك عەقیدەو باوەڕی (ئەحواڵ)ی لە کۆڵ بێ، نە وەك گۆی نووری وەك خۆری ئیخلاسم کوڵ بێ، کوڵ یان کۆڵ: دەستە پاچە و داماو.

طور: نەفسی خۆتە، ئەوچیایەیە کەموسا تیایدا دەرکەوت و داوای بینینی خودای کرد{فەرهەنگی سۆفیانەی. ل٢٢٩}

یانی طوری تەنم دوسووتێنم و دەیکەمە پەند بۆ کۆڵی عەقیدەم. بۆ ئەوەی هەمیشە بیری ئیخلاسم بێت ئیخلاصم و کول و کۆڵ و کز نەبێ.

واتـە چۆن طـور تـەنی خـۆی سـوتان و عەقیـدەی (دلنیـایی لـە نـورو تەجـەللاو جوانی)ی خودا، بوو بـە بـاری کـۆلی و هـەردەم لـە بیـژەی(طـور) دا ئیمـە لـە عەقیـدەی (ئەحوال) کە دەرکەوتنی خودایە تیٚ دەگەین.ئەم دەرسە لە قورئانەوە وەرگیراوە

{ وَنَادَيْنَاهُ مِن جَانِبِ الطُّورِ الْأَيْمَنِ وَقَرَّبْنَاهُ نَجِيًّا }

يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ قَدْ أَنجَيْنَاكُم مِّنْ عَدُوِّكُمْ وَوَاعَدْنَاكُمْ جَانِبَ الطُّورِ الْأَيْمَنَ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكُمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَى }

فَلَمَّا قَضَى مُوسَى الْأَجَلَ وَسَارَ بِأَهْلِهِ آنَسَ مِن جَانِبِ الطُّورِ نَارًا قَالَ لِأَهْلِهِ امْكُثُوا إِنِّي آنَسْتُ نَارًا لَّعَلِّي آتِيكُم مِّنْهَا بِخَبَرٍ أَوْ جَذْوَةٍ مِنَ النَّارِ لَعَلَّكُمْ تَصْطَلُونَ}

{ وَمَا كُنتَ بِجَانِبِ الطُّورِ إِذْ نَادَيْنَا وَلَكِن رَّحْمَةً مِّن رَّبِّكَ لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّا أَتَاهُم مِّن نَّذِيرٍ مِّن قَبْلِكَ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ }

منیش (مەولەوی) بۆ ئـەوەی گـۆی چـرو پـڕی وەك خـۆری ئیخلاسـم هـەردەم بـە گوڕو نور بێت (طوری تـەنی خـۆمم) بەشـۆلە و پزیـسکی حەقیقـەت سوتان گەردەکـەی (سـوتماکەکەی) ئەکەمـە نێـو دیـدەی مەعریفەتمـەوە.زۆر جوانـە گـەر مـرۆ هێنـدەی طوریش گەورە بێت گڕ لە خۆی بەردات و لاشە بکاتە خاشاك و ڕۆح بکاتـە فانۆس. لە وون بوونی هۆش و سووتانی تەندا ئەودێت لە ناپەیدایی تۆدا ئەو پەیدا دەبێت.

وَلَمَّا جَاءَ مُوسَى لِمِيقَاتِنَا وَكَلَّمَهُ رَبُّهُ قَالَ رَبِّ أَرِنِي أَنظُرْ إِلَيْكَ قَالَ لَن تَرَانِي وَلَكِنِ انظُرْ إِلَى الْجَبَلِ فَإِنِ اسْتَقَرَّ مَكَانَهُ فَسَوْفَ تَرَانِي فَلَمَّا تَجَلَّى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُ دَكًّا وَخَرَّ موسَى صَعِقًا فَلَمَّا أَفَاقَ قَالَ سُبْحَانَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَاْ أَوَّلُ الْمُؤْمِنِينَ.

**٧- ڕۆینی ڕای ڕاس وەرمەدە جە دەس**

**مەبۆ وە باعیس توغیانی هەوەس**

ڕۆشتنی ڕێگای ڕاس لە دەست بەرمەدە، چونکە دەبێتە هۆی بەرەڵایی هەوەس. توغیان: سنور بەزاندندن و لەڕادە دەرچوون، ئێمـە (بـەرەڵامان) دانـا. کـوردەواری ئەمەی ووتووە:ڕاستی ڕەفتی، چەفتی کەفتی.

**٨- یەك ڕەنگی مایەی ڕستگاری یەن**

**ساقی وە جامیٚ دەردم کاری یەن**

یەکڕەنگی (ڕاستی و دروستی و لە باری مایەی ڕزگاریە، ساقی بەجامێکەوە بێ، دەردم کاری یە، یەك ڕەنگ، خواپەرست. کەسێکە کە بە (ڕای ڕاس) دا بڕوات.

**٩- دەمێ قبوڵ کە، زەعیفی ناڵەم**

**بەڵ دەمێ کەم بۆ ناڵەم جە ئاڵەم**

**ساتێ بێ هێزی ناڵەی منیش قبوڵ کە، با دەمێ لای خەڵکی ناڵەم کەم بێ.**

لەبەردەم ساقیدا: مەست و مەینۆشی حەقیقی دەبێت زامی بەکارو دەردی بێ دەرمان و ناڵەی زۆرو بە هێزی هەبێت (فراوانی عیبادەت) ناشێ (ناڵە و دەرد کەم بن) و داوای (جام)یش بکرێت.

دەمەوێ لە ڕێی قەناعەت پێ کردنی خۆمەوە کەمێ درێژدادڕی بکەم لە بەیتی پێشوودا دەفەرموێ (دەردم کاری یە و ساقی جامێك بێنە)، بەڵام لێرەدا لەڕێی جوانی یەوە (پاکانە دەکات بۆ کەمی ناڵاندنی و دەڵێ چاوپۆشی بکە و لە بێ هێزی ناڵەم چی دەبێ عالەم دەمێ ناڵەی منی لێ نەبێ یان کەم بێت) لە ڕاستی دا ئەم دوو بەیتە کەمێ ناتەبا لەل یەکا دێنە پێش چاو. زەعیفی ناڵە، کە بەلای ساقیەوە گوناهە، مەولەوی داوای بەخشین دەکات و دەڵێ: ئەو ناڵەم کە بێ هێزە، قبوڵکە و بادەم بەرێ. کەم بۆ: کەم بە واتای وازی لێ بێنە و لێی گەڕێش دێت.

هەروەها لە کتێبەکەی مامۆستا حەکیم و هەم لە دیوانە لەچاپ دراوەکەی سەردەمیشا (ناڵەم بە تاڵەم) نووسراوە.

جا نازانم هەڵەی چاپە یان نا، خۆگەر (تاڵە) بێت، ئەوە زەعیفی تاڵە دەبێتە بی شانسی، بێ شانیسیەکەش لە وەدایە کە بەدەردی کاریشەوە ناڵەی کەمە گەر شانس و بەختی هەبوایە ئەوە لە نێو عالەما ناڵەی کەم نە دەبوو، و بەشی سەندنی جام ناڵەی دەبوو. چوون خودی مەولەوی خۆی دەستووری وەرگرتن و نۆشینی بادەی بە مەرجی ناڵە داڕشتووە.یانی جۆشان پێوەرە بۆ نۆشان:

بجۆشۆ هەرکەس بە قەد ناڵەی وێش

بنۆشۆ هەرکەس وە پیاڵەی وێش

## شیعری سیازدەیەم

١- تۆی دەروون وە نێش زامانی خەتەر

کەیلەن جەهوناو مەوجش وست نە سەر

ناخی دەروون بەچزووی زامە کاریەکانم پڕبووە لە خوێناو خۆی ئەخواتەوە لە شەپۆل.

٢- هاژە وست وە سەر گشت کۆنە زامان

کولیانۆ جە نۆ سەرکەرد نە دامان

هاژەی کرد بەسەر هەموو کۆنە زامەکانم و کولانەوە لە نوێ و خوێن لە داوێنەوە سەری کرد.

٣- کزیان و چزیان قرچەش دا نەجەرگ

قەڵوەزەی زوخاو ڕەنگین کەردش بەرگ

کزانەوە و چزانەوە زامەکان و قرچەیان دا لەجەرگم (سوێ بونەوە) لە قەڵبەزەی زوخا و بەرگی بەرمی ڕەنگین کرد.

٤- وەشتەرەن ئازیز مەرگ جەی ژیانە

هەرساتێ سەد ڕەنگ مەگری بەهانە

ئازیز، مەرگم لەم ژیانە خۆشترە، تۆ کە هەرساتێ سەد ڕەنگ (جۆر) پەڵپ و بیانووم لێ دەگری.

٥- جۆی زووخ جاری یەن شەو جە زامانم

تەڕەن وە ئەسرین ڕوان دامانم

شەوانە جۆگەلەی زوخا و لە زامەکانم هەلگیراوە و خوڕەی دێ، ڕۆژانەش داوێنم بە ئەسرین تەڕە.

**٦- ئازیز ساوەسەن ئاخر نەفەسەن**

**چکەی زووخی جەرگ، هەرسی چەم وەسەن**

ئازیز دەسا ئیتر بەسە و دوا هەناسەمە، کەواتە ئیتر جۆگەلەی بەخوڕی زوخاو نامێنێ و لە چکەش دەکەوێ و ئیتر چکەو تکەی زوخی جەرگ و فرمێسکی چاو کۆتا دەبن. ئەم شیعرە سادەیە و گێرەو کێشەی ڕاڤەی نیە و زۆریش هونەری نیە، بۆیە کەم لە سەری دواین. وە ڕاڤەکەشمان لە کتێبەکەی مامۆستا حەکیمەوە وەرگرت.{مەولەوی حکیم ل١٧٠}

١- تەسکینی دڵەی پڕ جەخارەکەم

دەرمانی زامان بێ قەرارەکەم

ئارامی بەخشی دڵەی پڕمەینەت و کەسەرم، دەرمانی زامانی نەسرەوتەم، دڵی پڕمەینەت و جەخاری (مرید) تەنیا سوکنایی و ئارامی بە بایەخی (مرشدەکەیەوە) بەستراوە، ئەم شیعرە لەدیوانەکەدا نیە، ئێمە لە کتێبەکەی مامۆستا حەکیم گواستمانەوە، کە دیارە وەڵامی نامەی دۆستێکە، ئەوەی مامۆستا حەکیم لەسەر ئەم شیعرەی ووتووە ئەوەندەیە کە:

ئایەتوڵڵا محمد مەردۆخی کوردستانی لەوەڵامی د. سەعید خانی کوردستانی کە کتێبی (نزانی) بەدیاری بۆ ئایەتوڵڵا ناردوە، شیعرێکی نوسیوە، بەو جۆرەی کە مامۆستا حەکیم دیاری کردوە کوت و مت شیعرەکەی مەولەویە، ئەوەندەیشی کە لەم شیعرەدا نیە، هەر بەیتی مەولەوین کە لە دیوانەکەدا هەن، مامۆستا حەکیم زۆر جوان بەیەکیداگرتوون {مەولەوی حکیم ل٤٨-١٥و١٧١}.هەندێ شوێنی ئەم شیعرەی لای کاك حەکیم زۆر لە شیعرێکی ناو دیوانەکە دەچێت کە بە (دەرمان زامان دەردەکەی کاریم) دەست پێ دەکات، جەنابی مدرس نوسیویە مەولەوی ئەم غەزەلەی بۆ دۆستێکی نوسیوە کە دیاری یەکی بۆ ناردبوو، دوریش نیە ئەو دۆستە شێخی تەوێڵە بووبێ.{دیوان ٢٣٩}.

ئەوەی کە مایەی سەرسوڕمان و سەیرە ئەوەیە کەچۆن مێژونوسێك و زانایەکی ناسراوی وەك (ئایەتوڵڵا محمد مەردۆخی) بە زمانی خۆی دەڵێت و دەنوسێ: ئەم شیعرەم لە وەڵامی دیاری ناردنەکەی د.سعید خاندا نوسیوەو لە مێژووەکەی دا بڵاوی دەکاتەوە.{تاریخ مردوخ جلد دوم چاپ سوم ل١٧-١٩} کە بەلای منەوە هەر ئەم ناپاکیە بەم شیعرەی مەولەوی تەواوی بەرهەمەکە دەخاتە خانەی گومانەوە.

٢- نامەکەت کیاست وەلای من یاوا

پەیا پەی نە ڕووی دوو دیدەم ساوا

نامەکـەی کـەناردبووت پـێم گـەیی و تـاو تـاو ئەمنایـە بـان چـاو و چـاوم پێـی هەڵئەنو.

٣-دەرونت وە کوڵ جۆش ئاوەردە بی

کزەی دووری وێت ئیزهار کەردە بی

دەرونت بەکوڵ تاوی سەندبوو کزەی دووری خۆتت بەیان کردبوو.

٤- دێو ناتەوە دەرد کورەی دەرونم

کولناتەوە زام دڵەی پڕ هونم

دەردی کورەی دەرونمت دێواندو زامەکانی دڵەی پڕ خوێنمت کولاندەوە.

دێونا: تێکدانی و دارتـێ ژەنینـی هێلانـەی زینـدەوەرانی وەك زەردەواڵە و سور پیاز..... هتد، بە مەبەستی وروژاندنیان.

مەولەوی زۆر جوان ئەم دیاردەی (چەقاوە سویی یە مناڵانی) هێناوەتە ناو وێنـەی شیعریەوە، دەروون: کورەو هێلانە، زەردەواڵە: دەرد.

٥- نمازی ساتێ ڕاحەت بوون پەی وێم

دەك بێ بەڵابی چێش مەکەری پێم

نایەڵی ساتێ بۆخۆم ئـارام بم، ئـەی بـێ بـەڵابی چیم پـێ دەکـەی، دوو بـەیتی زۆر جوان و ناسکی شیعرەکەن.

لە ڕواڵەتدا ئەم بەیتە ناتەبایی دەکات لە گەڵ سەرەتای شیعرەکە، بەڵام لە زمانی پڕ لە ڕەمزو دژی نێو عرفان کە لە گەڵ ڕواڵەتدا هەیـە ئەوەیـە کـە واژەگـەلی سلبی لای ئێمـە (لەخولگـەی واتـای اجابیـدا دەسـوڕێن) بۆیـە دەرد، زام، ڕاحـەت نـەبوون کـە لـە ئەنجامی (نامە و هەدیەی) پیردا ڕویان داوە، لە ڕاستیدا مەرهەم و دەرمـانن، چونکە لـە لای یارەوە هاتوون. وە ئەم دەرمانە کاریگەر تر دەبێ تا قورس و سەخت دار بێت.

٦- من خۆ کەم زوخاو هیجرانم وەردەن

ئەمجار کزەی تۆ یچ تەمامم کەردەن

من خۆ کەم زوخاوی دورکەوتنەوەم خواردووە، وا ئەمجا کزەی تۆیش تەواوم دەکات (گیانم دەچنێ) ئەم بەیتە، (تەعلیقە لە خۆیدا) وەك بلێی من خۆم تائێستە زوخاوی دور کەوتنەوەم نەچەشتبێ تا کزەی دوری تۆیشی بێتە سەر، گەر تائێستا زوخاوی هیجری خۆم تەواوی نەکرد بم (نەیکوشتبم) ئەوا ئەو کزەیەی کە تۆ دەرت بڕیوە لەدوری کاری خۆی دەکات و دەمکوژێ.

وەك وتمان ئایەتوڵلا مەردۆخ دەقاودەقی ئەم شیعرەو هەندێکی تری لە دیوانەکە هێناوەو شیعرێکی (١٦)بەیتی لێ دروست کردوە و بەناوی خۆیەوە ئاراستەی د. سەعیدی کوردستانی کردوە، تەنیا دوو سێ بەیتی نەبێ کە ئەوانیش زۆر باو و بیستراون.

ئێمە بۆ ئاسانی بەراوردی خوێنەر شیعرەکە لای (ئایەتوڵلا ) دەگوازینەوە

ئارامی دڵەی پڕ جەخارەکەم

دەرمانی دەروون پڕ ئازارەکەم

نامەو (نزانیت) وەلای من یاوا

بۆ سام و نەڕووی دو دیدەم ساوا

یاوا وەسەردەم کوشتەکەی تیرت

مەڵهەمدا نەزام خەستەی زنجیرت

یاسای دڵداریت بەجێ ئاوەردەن

بوچك نەوازیت پاوە جێ کەردەن

ویری گوڵ شیرین شەکەر وێژەکەت

واژەی گوڵ قەشەنگ عەبیر بێژەکەت

نەدڵێ صەد دڵ فریفتەش مەبۆ

هەزاری وەك من شیفتەش مەبۆ

كوڵی دڵەكەت جۆش ئاوەردە بی

كزەی دوریەكەت قسە كەردە بی

من خۆ كەم زوخاو چەپگەردم وەردەن

ئەم جار هەم كزە سامانش كەردەن

دێوناتۆ دوەی كورەی دەرونم

كوڵناتۆ زامان دڵەی پڕ هوونم

من جەدووری تۆ دڵم پڕ دەردەن

ویرە  پەژارەم جە هەردو و هەردەن

.........................................

هەرسا دیم وەچەم تۆ هاڵ باڵات

كارەبام یاوا وەلاڵ ئاڵات

دیسان دیمەوە گۆنا زەردەكەت

بوسام دوودانە قەتران وەردەكەت

ئانە ڕۆژ جەژن شادو مانیمەن

ئانە نۆ وەهار زیندەگانیمەن

وەرنە ئیسە من هونی دڵ وەردە

گیانم سەنگینبار تەن خەزان كەردە

جەرگم وە مەودای ژانا بیەن ڕێش

بێ درۆ ئازیز (نزانیم) پەی چێش

من وەیاد تۆ هەمیشە شادم

ساراو سەر زەوی مەیۆ وەیادم.

{تاریخ مردوخ جلد ۲ل ۱۸=۱۹}

MAWLAWI.KRD

١-تەلاکەی جەمین قالْ بۆتەی عەشق

پەی ستادەگی ئەسیری سەرمەشق

ئالتونی ڕوخسار کە تواوەی بۆتەی عەشقە، بۆ پێ داگری و بەردەوامی لە دیلی، سە رمەشقە.

یان، ئالتونی ڕوخسار کە قالْ بوو، و ئەزموون دیدەیە لە عەشقا، بۆ بەردەوامی دیل بوون سەر مەشقە.(تەلاکەی جەمین) ڕوخساری زەردی قالْ بوو لە عەشقا، کە ڕەنگی زەردی نیشانەی بەردەوامی و پێ داگری و سەرمەشقی دیلی یە.

کەسێ کە ئیستیقامەتی هەیە و لە ئەزموونی عەشقا قالە و زەجرو مەینەتەکانی ئەو ڕێگەیە ڕوخساریان زەردکردوە، (زەردو زایفی) دوو نیشانەی گرنگن بۆ ناسینەوەی (عاشق- دیل) کە لەپێناوی عەشقدا ڕوخسار زەرد دین، وە نرخی ئەو زەردی ڕووی عاشقە، مەولەوی بە ئالتون ناوی دەبات واتە ئەو ئالتونەی ڕوخساری من کە لە ئەنجامی بەردەوامیم لە عەشقاو سەرمەشقی دیلیم دروست بووە.

ڕاڤەی ئەم شیعرە لای کاك حەکیم زۆر جیایە لە ڕاڤەکەی ئێمە بڕوانە {مەولەوی حکیم ل١٧٣}، وە ئێمەی کلۆلْ زۆر ماندووی ڕاڤەی ئەم شیعرە بووین.

٢- کەردەن وە مەفرەق بوقی سەفرای دەرد

خەریدارەکەم مەیلیش کەردەن سەرد

بوقی سەفرای (زەرداو، تالاو) دەرد، ئەو ئالتونی ڕوخسارەی کردم بە مە فرەق و بەو هۆیەوە کڕیارەکەم لە کڕینم مەیلی سارد بوویەوە.

مەفرەق- مەفرەغ/ کانزایەکی تێکەڵە لەمس و قەلایی.

مامۆستا حەکیم بەم جۆرە ڕاڤەی ئەم بەیتەی کردوە(شەیپوری زەرداوی دەردی کرد بە دوو کەرتەوە) کە دیار زۆر دورە لە مەبەستی مەولەوی، بە بڕوای ئێمە ئیشکالی گرامەری هەندێ وێنە و دارشتنیان نە پێکانی ڕاڤەی لێ کەوتوەتەوە.

مەولەوی دەڵێ: شەیپوری زەرداوی دەردی من، کە هێنده پێم ناڵاندوه و زەرداوم هێناوەتەوە، ڕەنگی (ئاڵتونی) ڕوخساری گۆڕیوم (ئاڵتونەکەی قەڵب کردوم و لە عەیارەکەی دابەزاندوه) یان وای لێ کردوه زیاتر بە مەفرەق (مس – قەڵایی) دەنوێنێ، بۆیە کڕیارەکەم مەعشوقەکەم- مەیلی لە کڕینی نیە و سارده لێی. عاشقان بە دەم دەردەوە نابێ ناڵەیان هەبێت. ناڵە لێرەدا ڕۆڵی خراپی وەرگرتووە و بۆ ئاڵتوونەکە زەرەری هەبووە.

یانی (ئیخلاصم بە تەزویر دێتە پێش چاو.. نیشانە و بەڵگەی عاشقیم کە ڕوخساری وەك ئاڵتوون زەردە.لە ئەنجامی سەفرای دەردەوە ڕەش بوە. یانی ڕەنگی تیك چووە.یانی نەدەبوو ڕەنگی چوون ئاڵتوون زەردم بە زووخاوی ناڵەو سەفرای دەرد بشێواندایە.

لە هەردوو وێنەکەدا خواستن هەیە (تەڵاکەی جەمین – بوقی سەفرا) لە ئەنجامی شەیپوری ناڵە ناڵی بەزوخاوەوە ئاڵتون بوەتە مەفرەق. کە ئەمەش دیوێکی تری ستاتیکیە.. کە ناڵە و زوخاوی ئەم توانیویەتی کار لە ئاڵتون بکات و ڕەنگی بگۆڕێت. کە دیارە لای زێڕناس ئاڵتوون و قە لایی دووکانزای جیان و نابنە یەك.

نزیکەی (٥٥٠)ساڵێکیش پێش مەولەوی سان سەهاکی بەرزنجی (سلّتانی ساق)ئەم مەبەستەی دەربڕیووە:

سیم نە جای تەلاٚ سیم نە جای تەلاٚ

سەڕاف نەگرتەن سیم نە جای تەلاٚ

تەلاٚ نە جای سیم نەدانمان سەلاٚ

دوڕ نە جای سەدەف نەمێرۆ هەلاٚ

شور نە جای بلوور نەدانش جەلاٚ

سەنگیش نمە وۆ وە قوڵ و قەلاٚ

{مێژووی وێژە ب ١ل١٦٣}

٣- سەر تەرکیبەکەی مەجرای مهرو مەیل

سەوادش لادۆ شەو نە جەستەی کەیل

سەر پێکهاتووە سندوقچەی میهرو مەیل و خۆشەویستی تاریکی درێژی شەو لادات لە سەر جەستەی پەست و ماندوو.

تەرکیب: پێکهاتوو.. مەجرا: جوێبار- جۆگە- صندوقچەی دارین.

سەواد الیل، درێژی شەوی تار.

کەیل، پڕ، پەست.

سەرم سندوقە پڕە لە مهرو وەفا و مەیل و خۆشەویستی.بەڵام شەوی تاریك و نوتەکی درێژ دایپۆشیوە، دەبێت شەوی درێژ ڕەشایی و تاریکی لا بات لە سەر جەستەی. یان دەشێ مهر واتای (موحیبەت)ی نەبێ بەڵکو هەمان خۆری پێش زەردەشت بێ کەناوی یەکێ لە خوداکانە.

مەولەوی بڵێ خۆرێك لە سەرمایە و دەبێ ڕەشایی شەوی درێژ لە سەر جەستەم لابات، هەموو دەرکەوتنی نورو خۆرو ڕوناکیەکان واتە ڕاو نانی شەو و تاریکی یەکان. نور ئاشکرایە و.. تاریکی جەهل و نەزانی و وون بوونە یان دەشێ سەر، سەری لاشە نەبێت و سەری هەر شتێکی تر کە لە ناویدا شت هەبێت و بەو سەرە دا پۆشرابێت، بۆ گەیشتن بە شتەکەی ناوی دەبێت سەر لا بەین ئەمەش دەبێتە قوربانی دان بەسەر بۆ دەرکەوتنەکانی جەوهەر.

٤- تا ئەشەرفی ڕەنگ سککەی زەر بی جەور

چەنی مروارید سەدەف کاسەی سەور

تا سککەی ئەشرەفی ڕەنگی زەڕ بە بێ ستەم، لە گەڵ مرواری سەدەفی نێو کاسەی سەبرم دەرکەون.

واتە کاتێ ڕەشی شەو لەسەر لاشەی سندوقی پڕ لە مهرو مەیل ڕەویەوە ئەوە (سکەی زێڕی ئەشرەفی و مرواری و سەدەفی جامی ئارامی) بە ئاسان دەردەکەون.

بەڵام ئەگەر (زەری جەور) بخوێنرێتەوە، واتە (پۆلێك جەورو جەفای خوارد بێ) یانی (پارەی کۆن) ئەوکات هەم (ئەشرەفی و هەم سکەی زەڕ) دەبنە دوو پوڵی بە سەرچوو بە دەست جەورو جەفاوە.

گەر کاسەی سەور (ثەور) بخوێنرێتەوە، ئەوە دەبێتە هێشووە ئەستێرەی پەروین یان ثورەیا، ئەوکاتیش دەبێتە دووەم بورجی فەلەك وە لەگەڵ (مهر و خورشیدی بەیتی سێ یەم) گونجان دروست دەبێت ماناکەشی دەبێتە سەرێکی پڕلە خۆرو مرواری و سەدەف و ثورەییا.

٥- وەخت عەرزی حوسن ئازیزی دڵڕێش

لێم قبوڵ کەرۆ جە باتی پێشکێش

لە کاتی نمایشی جوانی دا ئازیزی دڵەی بریندارم، لە باتی پێشکەش لێم قبوڵ کات.

٦- مەعلوومەن زەڕێ نارەوای شاربۆ

ناقبوڵ تەبیع ئەهلی بازاڕ بۆ

دیارە پارەیەك کە لە شاردا نەڕوات و لای ئەهلی بازاڕ پەسەند نەبێ.

٧- کەس جەخاس و عام نمە گنۆش نە وەند

جە هەر دیارێ مەیۆ وەڕیشخەند

هیچ کەسێ ڕێ تێ ناکەوێت و لێی ناکەوێت (وەری ناگرێ) وە لە هەموو لایەکەوە مایەی خەنین و گاڵتە پێ کردنە.

دەسمایە یەك کە قەڵب بێت و نەڕوات، بۆ کڕینی شتی دانسقە و نایاب، بێتە ڕوو، مشتەریان و ئەهلی بازاڕ گاڵتەی پێ دەکەن.

٨- بەڵ جەو کەمینەم جە زاڵ یوسف

پەی قەڵبی مایەم کێشۆ تەئەسوف

بەڵکو لەو زەلیل و پەرپوت و پیرە کەنەفتەبم کە یوسف، بۆ کەم ئەرزشی و هیچی مایەم نیگەران بێت (داخ هەڵکێشێ) یان خۆم بە داخ بم بۆ دەسمایەکەم. کەمینە: کەم نرخ، زەلیل، بێ مایە.

زاڵ: پیرو پەککەوتە، تەواوی مووی بەدەن سپی{فرهنگ عمید جلد ۲ ل۱۰۸۹}

۹- وەس نی یەن نەجەمع بەزمەکەی یاران

ماچان ئێدیچ بوون جەخەریداران

بەس نیە لەنێو کۆڕو بەزم و مەزاتی یاراندا دەڵێن ئەمیش بوو بە کڕیار.واتە لەو سەرانەدا سەری منیش لە کڕیاراندا دەژمێرن.

بوون ڕەنگە (یوون) بێت واتە یەکێك، یانی دەڵێن ئەمیش یەکێکە لە کڕیارەکان

کۆتایی ئەم شیعرە (لە مەزاتی کڕین و فرۆشتنی یوسف) ئیلهامی وەرگرتووە، کە زۆرێـك بـێ گوێدانــە دەسمایــە یـان لـە عەشـق و ئیخلاصـیدا چوونە مەزاتەکەوە، لـە پیرەژنێکـی مایـە پووچـەوە تـا زلێخـای سـەر مایـەدار، بـۆ مەولـەوی (چیرۆکی مـەزاتی یوسفی) کردوەتە ئیلهامی ئەم شیعرە.

حوسـنی ئـازیز: جـوانی یوسـف کـە مـۆتیڤی یـاری راسـتەقینە و چیرۆکی ڤـین و عەشقە، مەولەوی دەچێتە مەزاتیەوە.

وە ڕەنگە مەولەوی داستانەکەی لای خانـای خوێندبێتـەوەو کاری لـێ کردبێت بـۆ بەراوورد، ئەو شوێنەی داستانەکەی خانا دەگوازینەوە. خانا لە یوسف و زلێخادا دەڵێ:

یوسف خۆر ئاسا ڕوو کەرد وە بازاڕ

مونادی چوون ڕەعد جاڕکێشا وە شار

وات مالیك نەچین مەتاش ئاوردەن

جەو مەتا میسرش ئاوەدان کەردەن

میسری نەژادان ئەعلا ئیفتیخار

هەریەك جەلایێ بی بەخەریدار

شنەفتم ئەو دەم یەك پیرە زاڵێ

سفتەی ڕووی دەوران قەدیمی حاڵێ

سفید گێسو بی هەم عەسا نە دەست

ئەو هەم بە تەعجیل ئاما بێ وە قەست

ئاماو کلافەی ڕێسمان بەدەست

ئەو هەم خەریدار ڕەعنای دیدە مەست

ئەو حەڵقەی کلاف ڕێسمانی سفید

ئاوەرد چەنی وێش پەی بەیع و خرید

بدۆ وە بەهای ئەو شیرین غولام

بەرۆ چەنی وێش تاوادەی ئەییام

موات وە مالیك لوتفت بۆ چەنیم

بەهام هەر ئێدەن یوسف بدەر پێم

واتشان ئەی زاڵ بنیشە خامۆش

نەمەندەن چەنیت مایەی عەقڵ و هۆش

واتەن ئەی یاران ئینە شێت بیەن

وەرنە بەهایێ بەی تەور کێ دیەن

واتش مزانوو کاسیدەن مەتام

بەڵ وەخەریدار یوسف مەحسوب بام

یوسف و زلێخا حکیم مەلا ساڵح ل١٥٣- ١٥٤ -١٥٥} بەڕاستی عیشق و ئیخلاص ئەو پیرەژنەی کردە سومبل و بە نەمری هێشتی یەوە.

## پیتی "ج"

### شیعری یەکەم

١ جەرگت لەت لەت بۆچەواشەی چەپگەرد

خالۆت جیاکەرد، یە کاربێ تۆکەرد

جەرگت لەتلەت بێ چەرخی چەپگەردی سەر لێ شێواو. ئەمە کار بووتۆکردت. خالۆت لە من جیاکردەوە.

بە بۆنەی دوور کەوتنەوەی ئەحمد بەگی کوماسیەوە وتراوە، کەدوورخراوەتەوە بۆرەشت وگەیلان {دیوان ل١٥٩} ئێمە دەزانین جیاوازی بەیازەکان تاڕادەی تێکەڵکردنی بەرهەم ڕۆشتوە چ جای جیاوازی ووشە و دەستەواژە. بەیازناس وساغ کەرەوە بەرێزەکانی تر لەو ڕووەوە ڕەنجی زۆریان داوە و سفرە وخوانیان بۆ ئێمە ڕازاندوەتەوە. ئیترئێمە ئاماژەکان لەوبارەوە کەم دەکەینەوە مەگەر کاتێ زۆر پێویست بێت.

ڕۆژێك برادەرێکی ڕۆشنبیرم ووتی کفرەکەی مەولەویت بیستووە؟ وتم یانەڵلاکامە کفر؟ووتی: ئەوە کە بەخوا دەڵێت ئەی بەد کردەوە. لە دڵی خۆما ئیستغفارێکم کردو بە ئەو هیچم نەوت، چونکە بەراستی بەدنیای مەولەوی جاهل بوو. بۆ ئەو برادەرە و ئەوانەیش کە تەکفیری ووشە دەکەن یانی ئەم حاڵاتە شیعریانە (بەدکردارو بەدڕەفتاروچەرخی چەپ و فەڵەك و دنیا و گەردوونی نالەبارو... هتد بە کوفر ) وەر دەگرن. ئەمانەخودانین وسیفاتی خوداش نین. بەڵکو یاسا و ڕێسا و نەریتە کەوتنیەکانن کە زۆر جار بە دڵی ئێمە نین. ڕاستە هەمویان لە ژێر فەرمانی خوادان بەڵام خودا نین. زەق ترین سوونەن لەم یاسایانە مەرگە. کە هیچ کات بە دڵی مرۆڤ نەبووە و بە درێژایی مێژوو ململانێی کردووە. کەواتە بێزاریەکانی مرۆڤ لەو سونەنانەیە. نەك دوژمنایەتی کردنی خوا. کە ئەم گرفتی بەدحاڵی بوونە خودی گرفتی یاسا فەلەکیەکانە. {بڕوانە دڵ وچاول١٨٢-١٨٣}.

٢- دیده وادەی سەیل هۆنەی هوناوەن

دڵە وەخت بەزم نۆشای زوخاوەن

ئەی چاوکاتی هەستانی لافاوی خوێنینەو ئەی دڵ کاتی بەزمی نۆشینی زوخاوە.

٣- وەش ڕەنگی بازەم سادەی بێ ڕەنگی

شادی باوەس بۆ وەختەن دڵتەنگی

خۆش ڕەنگی لێم گەڕێ و دەی تۆ وەرە بێ ڕەنگی، شادی بابەس بێ و کاتیەتی دڵ تەنگی. مەولەوی لەسەر لە بەری ئەم شیعرەدا دیوی سلبی دوالیزمەکان وەردەگرێت و سەریان دەخات.

٤- وەشی وادەت شی وەش ئامای بەخەیر

شەوقە وە تەوق بای تاکەی هەوای سەیر

خۆشی وشادمانی کاتت بە سەر چوو. ماوەی مانەوەی لای منت تەواوخۆش هاتی و بەخێربچیت. شەوقە تۆیش بەتەوق بیت تاکەی بە تەمای هەوای سەیروسەفای. بە بێ تۆ شەوق ببێتە تەوقی ملم.

جەنابی مدرس نووسیویەتی شەوقە تەوق بچێتە ملت.{دیوان ل١٥٩} گەرچی هیچ مەرامێکی عرفانی لە شیعرەکەدا نیە بەڵام لە زاراوەی عرفانی کەڵکی وەرگرتوە. بۆ گوزارشت لە خۆشەویستی و دۆستایەتی نێوان خۆی وخالۆ.

خوالێخۆش بوو ئەردەڵانی سەرباری مانووبوون بەکارەکەی لە هەندێ شوێن لە شعوور و هەستی مەعنەوی زاراوەکان دوور کەوتووتەوە. لە پێنا و بە سۆرانی کردنەکەدا چێژی شیعرەکانی کوشتووە. سەرباری وون بوونی چەندین هونەری ڕەوانبێژی کە ئەمەش گرفت وسەختیەکانی وەرگێرانی شیعرە. بۆیە زۆرگرنگە وەرگێڕی شیعر لە شاعرێك چەشەی شیعری بەهێزتر بێت بۆ بەراورد و ڕوون کردنەوەی مەبەستەکە وەرگێڕانی ئەم بەیتە لای سەروەران پیرەمێرد و ئەردەڵانی دەگوازینەوە.

لای ئەردەلانی:

خۆشی وادەت چووخۆش هاتی بەخێر

شەوقە بە پەن بی تاکەی نابی تێر

{دیوانی مەولەوی - سۆرانی محەممەد ئەمین ئەردەلانی ل١٤٩}

سەرباری جیاوازی مانای تەوق و پەن و هەوای سەیر بە نابی تێر و نەمانی جیناسی ووشەکان. هێزی مەعنەوی شیعرەکەش وون بووە. هەوای سەیر مەیل و ئارەزووەکانە بۆ سەیرو سەفا. سەیروسەفا لەم کاتانەدا کاری نەزان و بێ عارەکانە. دنیا بروخێت لە سەیر و سەفای خۆیدایە. بێژەی (تێر) ئەو مانا سلبیە پڕ ناکات. چوون ئاسایی یە مرۆڤ لەخۆشیەکان تێر نەبێت و عەیبێکی تیا نیە بە مەرجێ کاتی خۆی بێت. بۆیە ئێمە بە گۆڕینی ئەو ووشە کلاسیکیە دیینی و عرفانیانە بۆ کوردی دیوە نادیار و ستاتیکیەکەیان دەکوژین. بەڕای من لەو هەستەوەیە پیرەمێرد وەك خۆیان ئەو وشانە دادەنێتەوە.

خۆشی بەسەر چوویت خوات لەگەڵ بەخێر

شەوقە بەتەوق بی تاکەی هەوای سەیر

{دیوانی مولەوی سۆرانی پیرەمێرد ل٤٢} وە گرفتێ لەتێنەگەشتن ی ئەو دێڕەشدا نیە وخۆی حازرە بۆ تێ گەشتنی سۆرانیەکان.

٥-مانیای مەینەت سەرەوکۆی ستەم

مەعدوومی بەرکۆی سەرەوچێرەی خەم

ماندووی مەینەتی بەرەوژووری ستەم، لە ناوچووی بەر هەرەسی بەرکۆ لە سەرە وخواری خەما. لای مدرس(هەی ماندووبوی ئێش و مەینەتی سەرە و ژووری دەرد و بەلای ڕۆژگار، هەی لە بەرە و ژێری خەم وخەفەتا لە پێشەوە سواربوو.( سەرەوکۆ × سەرە و چێر بەرە و ژوور بەرە وخوار{دیوان ل١٦٠} لای ئەردەلانیش سەرەوکۆ بە پاشکۆ پێچەوانەی بەرکۆ، پێشکۆ ڕاڤە کراوە. {دیوانی مەولەوی سۆرانی ئەردەلانی١٤٩}

ئێمە هەوڵ ئەدەین لە بەر خەیاڵی سیزیفی شیعرەکەدا بۆ ڕاڤەی سەروەران بچین. کەسێ بەرە و ژوور بە شاخێکا سەرکەوێت( مەولەوی بە شاخی ستەمدا مەینەتی وە بەر خۆی داوە و بەرە و ژوور سەری دەخات و لەو ڕێیەدا ماندووە. مەینەتی بەرە و ژوورکەی ستەم ماندووی کردووە. مەولەوی سیزیفانە مەینەتی وەك بەردەکە بە کێوی نارەحەتیا وە پێش خۆی داوە و لەو سەرەوە خلۆربوونەوە بە بەرەوخواری خەما، کە هەردووبارەکە نارەحەتی دەردەخەن. گەرسیزیف تەنیا لە بەرە و ژووردا تووشی زەحمەت بووبێت ئەوا مەولەوی لە بەرە وخواریشدا خۆی لە پێش بەردەکەوەیە. پشکۆی سوارێ لە بەرەوژوورکەدا زۆرتوشی مەینەت وستەم دەبێت، بە هەمان جۆربەرکۆی سوارتوشی نارەحەتی دەبێت و لە هەردووحاڵداخەمی کەوتنیەتی. مەولەوی هەردوو نارەحەتیەکەی ئەزموون کردووە. (خواستن ودژیەك)هەیە.

٦-چ وەختەن دڵەت جە شادی کەیلەن

دەك لێلاویت بۆ یە وەفا و مەیلەن

ئەزانی چ کاتێکە؟دڵت ئاوا پڕا و پڕو کەیلە لە شادی، دەك لێلایت دایێ و کوێربیت. ئەمە وەفا و مەیلە· لە فراقی دۆستا، کەی وەختی شادیە ؟ دڵداری و دۆستایەتی ڕاستەقینە بریتیە لە شەرتی یەك گیانی.

٧- ئەوچەم بە سورمەی خەمناکی ڕەشتە

چەنی گەشت دەشت پای ڕەشت سەرگەشتە

ئەو(خاڵۆی کوماسی)چاوی بە سورمە و کلی خەمناکی ڕشتووە و لە جوانی و سەیرانی دەشتی لای ڕەشت سەرگەشتە.

پێم باشە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو وەزیفەیەی کە مەولەوی بە ووشەی دەسپێرێت کلیلی ڕاڤە بەینە دەست.

ڕەشت: شارێکە لە شمالی ئێران· مەڵبەندێکی گەشت وگوزاری دڵڕفێن وشادی بەخشە. گەشتیاران بە مەبەستی خەم بە بادان ڕوو لەو ناوچەی شمالە دەکەن و لە بیرەوەری هونەرمەندانی ئەم سەردەمەی ئێمەشدا چەندین شیعر و گۆرانی لە

سەرجوانی و یادمانی وتراوە. کەچی مەولەوی بینینی ئەو مەڵبەندە دەخاتە بەر زومی ئاخ وداخ و غەمناکیەکانی خاڵۆی کوماسی. بەهەشتی جوانیەکان دەبەستێتەوە بە دید و بارە دەرونیەکانەوە. کاتێ وەك سزادانێکی ڕۆحی جوانیت بخەنە بەردەم ئەوە ناشادی دەخاتە دڵەوە.مانای ئەو جێ خۆشە دڵ پێی خۆشە هەر ئەوەیەو مەولەوی پێچەوانەکەی وەرگرتووە. خۆشترین جێ بە چاوی ڕێژراو بە سورمەی خەمناکی دەبینێت

٨- هام ڕاز ئاخ و داخ ناڵە نەوای نەی

دڵ کەباب چەم جام خەم ساقی هون مەی

ئاخ وداخ هاودەنگیەتی، هاوار و ناڵە ئاوازی شمشاڵیەتی {دیوان ل١٦٠}. دڵیشی کەبابە وچاوی پێکە و خەم ساقیەتی و خوێنی خۆیشی مەیەتی.

٩- تۆ ئالودەی بەزم جەرگەی هام فەردان

کەیف مەی، صوحبەت گرۆی هام دەردان

تۆ خوگرتوو بە بەزمی ڕابواردنی ناو ها و فەردان و لە گەڵ گرۆی هاو دەردەکانتا ڕازو نیاز دەکەیت و کەیفت هەیە.

(صوحبەت) دوورلە دۆخی عرفانیی واتای( پێکەوەیی وفرەیی) دێت دژی (وەحدەت و تەنیایی)جیاوازی کردنی حاڵ و وەزعی مەولەوی خۆی لە گەڵ خاڵۆی کوماسی دا. ئەو تەنیایە و خەمبار و دورکەوتە و بە ئاخ و داخە و ناڕازی. ئەم لە ناو بەزمی یاران و هاو دەردانیدا خەریکی مەی نۆشی ڕاز و نیاز و صوحبەتە.خاڵۆی کوماسی تەنیایە تاسەر ئێسقان، لای خاڵۆ(خۆی ساقی وخۆی دەردەدار و خۆی مەجلس و هوون مەی)بەڵام لای مەولەوی: کەیف - مەیە. ئەم بەیتە لای ئەردەلآنی دەسکاری خراپ کراوە بە تایبەت ( هام دەرد. بە. هاوسەر)

تۆ لە ناو جەرگەی بەزمگەی یاران

کەیفی مەی لە تەك گرۆی هاوسەران

سەرباری نارەسایی قافیەکە ساختمانی جوانی بەیتەکەش دا تەپیوە، شوێنی پڕلە بەرەکەتی (صوحبەت) وون بووە {دیوانی مەولەوی سۆرانی-نەردەلانی ل١٥١ لەچاپ دانەوەی هەمان دیوان بە پیاچوونەوەی گۆران عباس ل٩٣} بەڕاستی من نازانم کاک گۆران چ کارێکی کردووە و پیاچوونەوەکە چۆن بووە؟

١٠- ئەو سەبوون سفتەی پرداخ بێ پەرداخ

تۆ بۆی شنۆی بای ئێلاخ نە دە ماخ

ئەو سوتاوی پرداخی گرەی سەبونە و بێ کەیف وحاڵ، تۆ دەماخت پڕلە بۆنی شنەی فێنکی کوێستانی بەهەشت و دۆزەخێ بە کوێستان و گەرمیانی شیعر درووست دەکات بۆ جیاوازیەکان.

١١-ئەو تەژنەی ڕای چۆڵ، سای گەردەن پڕگەرد

تۆ سێراو نە پای وە فراوان سەرد.

ئەو تینوی بڕینی ڕێی چۆڵ وگەردنی پڕە لە تۆز وگەردی ڕێی غەریبی، تۆیش تێراوی تینو شکاو لە پاڵ بەفراوی سارد، یان سازگاری بە فراوان بەرامبەر تینوی ڕێی چۆڵ و گەردنی تۆز لێ نیشتوو. غوربەت وغەریبی خاڵۆی کوماسی نەخش دەکات. کەش و هەوای وێنەکان و دژ یەکیان لەو پەڕی هێزدایە.لای مامۆستا حەکیم لەم شوێنەدا ئەم بەیتە هەیە.

ئەوتەنیای غەریو قامەت وە خەم خەم

تۆ وە سەیر ماردوم هامدەمی کەڵ ڕەم

{مەولەوی حکیم ل٩٩}

١٢- ملان سەربەرزان کۆساران هەردان

بێ شەرتان جەداخ وە فاتان مەردان

سەرملە وسەربەرزەکان و ئەی هەردە وکۆساران، بێ شەرت و پەیمانان مردم لەداخی وەفاتان. مەولەوی دەیەوێت سونەنی سروشتی سروشت و ڕازانەوەی

تۆمەتباربکات. بە بێشەرتی و بێ وەفایی بە مانایەکی تر دەیەوێت سروشت بوونی سروشت بخاتە ژێرتەکلیفی پەیمانی مرۆڤ بوونەوە.

١٣-چێشەن ئارایش سەرتا وە دامان

مەرخالۆم وە عەزم سەیرتان ئامان

چیە؟ئەم سەر تا داوێنەی ڕازانەوەتان خۆناشێ خالۆم بۆسەیری ئێوە هاتبێ. یانی ئەگەر وەفاو پەیمانتان هەبێت. ئەبێ ئارایش و ڕازانەوەتان بەسرابێت بەکیفی خالۆوە. خۆ ئەو دوورخراوەتەوە و لە غەریبیە. کەواتە ڕازانەوەی ئێوە لەو پەڕی بێ وەفایی و بێ قەولیدایە. منیش لەداخی ئەو شەرت و وەفایەتان مردم. کە زۆر پێچەوانەی مەیلی منە، دەبوو ئێستە مەینەتبار و بێ زەوق بوونایە.

١٤-مەشنیە چین چین چنوورنە کاوان

توخوا ماتەم بە هاژەی وە فراوان

شنەشن مەکە و مەشنێوە چین چین چنووری سەربەرزان، توخوا ماتەم بە تۆیش هاژەی بەفراوانی سازگار. با نە بەرامەی خۆشی چنوور لە سەربەرزانەوە هەڵکات، نە ناو و هەوای سازگاری زۆزان.

١٥-چنوور نە کاوان ئەو نەبۆ پەی چێش

هاژەی وەفراوان ئەو نەبۆ پەی چێش

چنوورلەسەر بەرزان وهاژەی بەفراوان گەرئەونەبێ بۆچی؟واتەهەق نیە سرووشت بەبێ ئەوخەریکی نمایشی جوانیەکان بێت.

١٦- شنۆی ئەو بەرزە ئەو نەبۆ پەی چێش

لەرزەی صەد تەرزە ئەو نەبۆ پەی چێش

شنەوهەوای ئەوبەرزە وجوڵە و لەرزە و لەرانەوەی هەزار وێنەی دارودرەختەکان بۆچی؟

١٧- وەصەدای سەرووەش دڵ وەش مەزاقان

هەنی نەلەرزۆ کەڵڕەم نەتاقان

بـەدەنگی شـادی وکـەیف وسـوعبەتی دڵ خۆشـەکان، ئیتر باکەڵـەکان لـە سـەرتاقی ئەشکەوتەکان نە لەرزن ونەسڵەمێنەوە٠ یانی سەرمەستی وشادی ڕاوچیانی سەرخۆش، نەبێتە باییسی سڵەمینەوە و ڕەم کردنی کەڵەکان٠ (بێجگە لە مەبەستەکانی ڕاو شکار هەناسەیەکی دڵداریش ئالاوەتە بەیتەکە)

١٨- صەدای ماردومان ئەونەبۆ پەی چێش

صەفای کەڵرە مان ئەونەبۆ پەی چێش

دەنگ وشریخەی تفەنگان و سەیرو سەفای ڕەوی کەڵان بەبێ ئەوبۆچی ؟

٢٠-خاڵخاسان بێ ئان هەربار وە لێوبان

هێلانەی دڵان با هەر پەشێو بان

یارانی لە بەردڵان با بێ ناز وعیشوە و لێو بە باربن، وە ئەو هێلانەی دڵانە (خاڵخاسـان) بـا هـەر پەشـێو بـن. مەولـەوی ناسـانی تـر(ئـان) بـە(کـات-هەمیـشە) تێگەیـشتوون. ئێمـە ئانمـان بـە نـاز و عیـشوە ڕاڤـەکرد و لاشمـان وایـە هێلانـەی دڵان خواستنەو دەبێتە زوڵفی خاڵخاسان. چوون بەیتی دواترئەو مانایە دەچەسپێنێ.

٢١- ئەو ئانە پەی دڵ ئەونەبۆ پەی چێش

ئەولانە پەی دڵ ئەونەبۆ پەی چێش

ئەوعیشوە و نازەی (خاڵخاسان)بۆ دڵی ئەو نەبێ بۆچی؟ئەو هێلانەی دڵانە بۆ ئەو نەبێ بۆ چی؟ واتە شتەکان کاتێ جوانن ئەو هەبێت. کە ئەو نیە شـتەکان ئـیتر بـۆ چـی هەبن؟ مەولەوی هێندە سیقەی بە دەسەلاتی شیعری و لیاقـەی خـۆی هەیـە لـە زمانـدا لەم وێنەیەدا شیعریەت و شیعرخوڵقانی بە تەنیا بە دوو پیت سپاردووە. سەرنج بـدەن لـە جیناسـی(ئانـە-لانـە)بێجگەلـە(ئ-ل)ئیترتـەواوی پیـت ووشـە و دەسـتەواژەکانی ڕسـتە شیعریەکە بە ڕەدیف بەکار براون.

٢٢- دەخیل هەی دەخیل خالۆکەی گیانی

وێت نەی سەفەردا تەنها نەزانی

دەخیل هەی دەخیل(مشکۆلزمت)بم خالۆکەی گیانی بەگیانی لەم سەفەرەداخۆت به تەنها نەزانی (ڕابتەی ڕۆحی)٠

له گۆرانیە خۆشەکانی هەوراماندا سێ بەزمی زۆر خۆش به ناوی خالۆی ڕێبوار هەن یان دروستتر گۆرانی(خالۆ ڕێبوار) بەسێ جۆری جیا دەوترێت. لەم بەیتەی مەولەویەوە گومان دەبەم کە زۆر کۆن بن و کەس مافی خاوەنداریانی نەبێت. هونەرمەندی هەورامان خوا لێخۆش بوو(عەلی حاجی خدر) پێی ووتم عەلی مەردانی ڕەحمەتی خالۆ ڕێبوارەکەی له من وەرگرت و بۆ خۆی تۆماری کرد. ئەمە کاتێ بووە کە بۆتۆمار کردنی گۆرانی ناوچەی هەورامان چووەتە بەغداو مامۆستا عەلی مەردان له وێ کاری کردووە.{دیداری هونەرمەندان عوسمان و جمیل وجەلال و عەلی حاجی خدر- کاسێت سالّی ٢٠٠٧}

٢٣-مەرگ تۆم هەرچەند تەشریف بەردەنی

تەرك خەڵتە وخاك جەستەم کەردەنی

بە مەرگی خۆت هەرچەندە تەشریفت بردوە وخەڵتەوخاشاکی جەستەمت جێهێشتوە. لێرەدا بێجگە ئاماژەی به جەستە دابڕان وله قەڵەم دانی جەستە بەخاك و ئەرزش کەم کردنەوەی به خڵتە. ئەوەش دەداتە دەست ئێمە کە پەیوەندیە گیانیەکە چڕتردەکاتەوە تا ئاستی (تەنی خۆی دەکاتە ماوای گیانی دۆستەکەی). گیان دەرچوون و مردن به جێ هێشتنی لاشەی قەڵبە چوون لای عارفان لاشە شیاوی قەرارگرتنی( گیان-ڕۆح) نیە. کوماسی کە گیانە نابێت لای مەولەوی بێت کە جەستەیە.

٢٤-گیان دۆسی گیانی ڕەفیقی ڕاتەن

سورمەی بینایش توزەکەی پاتەن

ئەی یارە گیانیەکەم گیانم هاوڕێی ڕێتە وتۆزی پێتی کردوەتە سورمەی چاوەکانی.

چاوی بۆگیان دروست کردوه و ئەوچاوی گیانەشی بە سۆرمەی تۆزی پێڵاوەکانی دۆست ڕشتوه. ئەم دیاردەیە کە هەندێ بە شەقڵی داهێنانی شیعری نوێی کوردی و بەتایبەت شاعرانی حەفتاکانی دەزانن و بڕێکیش خۆیانی پێوە هەڵدەکێشن. لە ئەدەبیاتی (کوردی-هەورامی) دا مێژووەکەی زۆر کۆنە و زۆر پێش مەولەویشە، بەڵام مەولەوی زۆر چڕ و پڕ بەکاری بردوە و داهێنانی تیاکردوە و بەجۆرێ وەك مەرجێ چاوی لێ کردوە بۆ داهێنان و بوەتە چاکترین شاعری داهێنەری ئەومەیدانە،دروستکردنی تەرکیب بە پێکهاتەی ئاوێتە لە مفردەی (مادی و ڕۆحی) لای مەولەوی دیارترین گەوهەری خامەکەیەتی، یاسای ئەو وێنەو تەرکیبانە شاعرانی کلاسیك دایان ڕشتووە و شاعیرە نوێکارەکانی شیعری کوردی لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردووەوە تائێستاش پەیڕەوی لێدەکەن و بە هێزی ئەو دەستوورە ئەوانیش تەرکیبی تایبەت بە خۆیان درووست دەکەن.بۆ زیاتر تێگەشتن لەم بابەتە بڕوانە {مەولەوی وتەقینەوەی زمان ل٣٦- ٣٨ تەرکیب دارشتن، هونەرێك بۆ جوانکاری شیعر. حەکیم مەلاساڵح گۆڤاری هەڵەبجە ژمارە ١٥ل١٣٢}

٢٥-هەی ڕۆ نەواچی خودا نە کەردە

خەم وەفا و مەینەت نە ویرم بەردە

هەی ڕۆ!خوانەخاسە نەڵێی خەم وەفا و مەیل وبەینی لە بیرم بردوەتەوە. مەولەوی پایەداری خۆی بەرامبەرخەم ڕادەگەیێنێت. بە جۆرێ کەخەم توانای نەبێت دەستی بگاتە پەیوەندیە گیانیەکانی، لەشکری فراق توانای داگیرکردن و چوونە نێو کۆڵانەکانی دەوڵەتی ڕۆح ودۆستی نەبێت. خەم ناتوانێت شەرت و وەفا لە نێو بەرێت. کاریگەری لە سەر تەخمیسە بە ناوبانگە کەی ئەحمەد هەردی و شێخ نووری هەیە. وا نەزانی دەستی خەم یادت لەدڵدا دەر دەکا.. وە دڵ دەبێتە قەترەی خوێن ولە دیدەم سەردەکا. (نەفوارەی چەم هۆر مشانۆ گڵ)ی مەولەویە.

٢٦- بادەی بێ وادەی فەنام وەردە بۆ

شەرت بۆ کامین شەرت یاران کەردەبۆ

پێکی شەرابی لە ناکاوی مـردنم نۆشـی بـێ، شـەرت بـێ، کام شـەرتە، شـەرتێ کە یاران کردبێتیان.

شـەرتی یـاران: سەرچـاوەکەی دەچـێتەوە سـەر شـەرتی ئەلەسـت. قبـوڵ کـردن و قەرارگرتنی(نێوان بەندەو خوا)لە وێوە سەرچاوە دەگـرێ وجۆگەکانی مـەجازی لێ هەڵ دەگیرێ شەرتی(دڵدارویار، عاشق ومەعشوق، گەداوشاە، مریدومراد، سۆفی و پیر)کەبریتی دەبێت لە وەفا و پەیمانی ڕازداری و دانانی یار لـە مەرتەبەی بـەرزتر لـەخود٠ وە یـاران هـەردەم ئەوشـەرتەیان بـەجێ گـەیانووە. بێـژەی یـاران - اصحاب — لـە زۆرشـوێن و ڕووبـەرە دینیـەکانی سـەر زەویـدا هـاتووە و تەنانـەت چـیرۆکەکان بـۆ نـاو قورئـان گوازراونەتەوە. سورەتێك لـە قورئـانی پـیرۆز نـاوی ئەشکەوتەو لە یـاران وشـەرتەکەیان باس دەکات. لە نێو کەلتوری دینی یارسانەکاندا قـەراری شـەرتی یـاران و بنیـامین لای عارفانی سەرجەم دەورەکـانی ئـەو بزووتنـەوە عرفانیـە ڕەنگـی داوەتـەوە. لای ئـەوانیش یارانی ئەشکەوت هەن و بۆ زیندوکردنەوەی یادی ئەویارنە ئەو برایانە ڕۆژوو دەگرن.

٢٧- تا دڵ جە لەزەت دینت ناکام بۆ

ئەو زەوقە تۆ دیت وەنەم حەرام بۆ

تا دڵ لە چێژی دیتنت بێ هیوا و ناکام بێت. ئەو زەوقەی تـۆ دیـت لـە مـن حـەرام بێت.

یاران هەردەم ئەم شەرتەیان کردوە کە(بـێ ڕوی یـار)هیـچیان بـە زەوق نـەزانیوە. مانـای عرفـانی زەوق - هێزگـرتن وچەشـتنە لـە تەجـەللای ڕوی دۆسـت مـادام لـە دیـنی عاشـقدا ڕوی یـار(دیـن)ە. کەواتـە ئـەبێ لـەو دینـەوە و بـە تەجـەللای مـەحبوب هێـز وەرگریت و بە بێ ئەو زەوقەکانی ترحـەرام بـن. ئیمان دار بـە بـەڕوی یـارو کافربـە بـە بینینەکانی تر(دینەکانی )تر. تەنانـەت خـودی (بـادە - ئیمـان - بەهەشـت)لای عاشقانی (ڕووی یار) بە بێ ڕوی ئەو حەرامن٠ حافزدەڵێت:

درمذهب ما بادە حلال است ولاکن

بی ڕویی تو ای سروی گلندام حرام است

مەحویش لەو بارەوە ووتوویەتی:

به بێ بەزمی حوزوری تۆ حەرامم کردوه بادە

نە وەك بشکێ بە نەشئەی مەی خوماری دەردی بێ تۆیی

{دیوانی مەحوی ل٣٥٩}

مەولەویش هەر ئەوەی فەرمووە. ئەمەش شەرتی ڕاستەقینەی تەواوی یارانە.

٢٨- جەستەخەستەی خارسەودایی خەجڵ

با بەس بۆ تاکەی ئەی دڵ وەشی دڵ

لاشەزامداری دڕکودالْ وخەریکوسەرگەرمی نەخۆشی ودەردی ئەڤینە، با بەس بێ، تاکەی ئەی دڵ خۆشی وشادی دڵ. یان (دڵ وەشی دڵ )دڵدانەوە بێت. وەرگێڕانەکان بەلامەوە لە ڕاڤەی دیوانەکە باشترن.

لای پیرەمێرد:

جەستەی خەستەی ئێش سەودای بێ هۆشی

بەسی بێ تاکەی تەفرەی دڵ خۆشی

{دیوانی مەولەوی سۆرانی پیرەمێرد ل ٤٥}

لای ئەردەلانی:

ئەی خەستەی خاری بیماری خەجڵ

بابەس بێ تاکەی دڵدانەوەی دڵ

{دیوانی مەولەوی سۆرانی ئەردەلانی ١٥٥}

کەواتە مەولەوی مەبەستی بە درۆوە دڵخۆشی و دڵدانەوەی خۆیەتی. کە لە ڕاستیدا دڵخۆش کردن بە شادیەکانی دنیا خۆ خەڵە تاندن چوون ئەوشادیانە ڕاستەقینە نین و درۆزنانەن.زۆرجار بیماران و دەردە داران دڵی خۆیان بە زەوقی درۆزنانە خۆش دەکەن. خەیاڵی ئێمە بۆ ڕاڤەیەکی تریش دەڕوات. تۆخۆت سەرگەرم وخەریکی بە

دەردی سـەخت وگرانـی عەشـقەوە ئـەو دەردە جەسـتەی هەلاهـەلا کردویـت کەچـی هەرخـەریکی دڵدانـەوە و دڵخـۆش کردنـی خـۆتی. خۆدڵیـشت دوور لـە وەصڵ وشادی دۆستە. خاریش: مەینەتیەکانی ڕێگەی عەشق ونەهامەتیەکانیەتی.

**٢٩-چەپگەرد بێ فرسەت شانا مۆرەی نەرد**

**عومرێ بێ ئاما، ویەرد، گوزەرکەرد**

گەردونی چەپ گەرد بێ مۆڵەت زاری نەردی هەڵداو، تەمەنێ بـوو هات وڕابورد و تێپەڕی. کارو ڕۆڵی سونەنە ئیلاهیەکان لە نێوان ژیان ومردنـدا بێ پـرس وجۆی ئێمە باریمـان پێدەکـەن. وە مـرۆڤ زۆرجارلـە هەڵسوکەوتەکانی فەلـەك بێـزارە و ناڕەزایـەتی هەیە.

کە دواین گرفتیان کە هیچ کات بیر لـە ئامـادەگی ئێمـە ناکاتـەوە و بێ وادە و بێ پـرس یەخـەمان دەگرێـت مەرگـە کـە هـیچ فرسـەتێ نـادات و ڕەنگـە لـە تەنگەبـەرترین شوێن و تـەنگەتاوترین کاتدا یەخەمان بگرێت. کەڕێزدار تەحسین حەمە غەریب لە دڵ و چاودا زۆر جوان باس لەو گرفتاریەمان دەکات.

**٣٠- زەحمەتەن خەلاص جە دووری وەردە**

**بە هوناو بەیۆ عومری ویەردە**

گرانە ڕزگاربوون لەدووری و بەخوێناو ناگەڕێتەوە، تەمـەنێ کە ڕابـورد. ئێمە لە دەردی دووری ڕزگارمـان نابێـت بـە گریـان و فرمێـسك(دوێنێـی لیقـاو وەصڵ)نایێتـەوە ئەمەش دیسان گیرخواردنی ئێمەیە بە دەستی یاسا گەردونیەکانـەوە. کە ویستی ئێمە هەمیشە کورت دەهێنێت. بـەهێزترین بەڵگـەش مەرگـە کە لە کۆنـەوە تـا ئێـستا مـرۆڤ هەوڵی بەربەرەکانی داوە و تا ئێستاش هەر شکستی خواردوە.

عومری ڕابردوو بە هیچ هەوڵ و کۆششێ نایێتەوە. گەنجی فرسەتە، زۆر زوو لێت دووردەکەوێتـەوەو بـەجێت دێڵێـت، عـاجزی و گریانـەکانی پـیری لـە توانایانـدا نیـە ساتەکانی گەنجیت بۆ بێننەوە.

١-جە گیان سێروەردەی جە تەن هەراسان

خاڵۆی خەمیای خەم خاڵ خاڵ خاسان

لە گیان تێرخواردووی لە لەش هەراسان و بێزار، خاڵۆی چەماوە بە دەستی خەمی خاڵخاسانەوە.

لە گیان تێرخواردوو: واتە لە ژیان تێربوو، بێزار لە ژیان، کەسێ تاقەت و ئیشتیای ژیانی نەما بێت و لە لاشە بێزاربێت.

ئەم شیعرە ئاراستەی یەکێ لەم دوو بەڕێزە کراوە. (شێخ یوسفی نۆسمە، ئەحمەد بەگی کوماسی ) مامۆستا سەید طاهری هاشمی لە هەوارگەی دلآنا هەمان ئەم دێڕە لە پەخشانێکدا باس دەکات و لەوە دەچێت ڕای وابێت بۆ خاڵۆی کوماسی نوسراوە {هەوارگەی دلآن – کاسێت} ٠ دەبێت پێشتر، ئازیزێك لە (شێخ یوسف - یان کۆماسی) هەواڵی مەولەوی پرسی بێت، چونکە نامە شیعریەکەی ڕۆڵی نامە بەر دەداتەوە بەو دۆستە. وە پێم وایە ئەوکەسەی کە لەو دۆستانە هەواڵی مەولەوی پرسیوە. گەورە و سەروەرم شاعوسمانی سراج الدینی گەورە بێت. کە زۆرقوڵ هەستی بە خۆشەویستی مەولەوی کردووە. دەبێت لەو کاتەدا مەولەوی لە مەیخانەی عەشقی تەوێڵە دوور بووبێت. کە بەوجۆرە هەواڵیان پرسیوە.

٢-نامەم چوون یاوا مولاحەزت کەرد

بشۆ وە پابوس عەرزکەرجە ڕوی دەرد

کاتێ نامەکەم گەیی وسەرنجت دا، بچۆرە خزمەتی ئەو یارە و قاچی ماچ کە و عەرزی دەردی منی پێ بگەیێنە.

٣-واچە هەی صەدجار(مەعدوومی) توفەیل

پەرسا بێت جە ڕووی گەرمی کورەی مەیل

بلێ هەی صەدجار مەعدوومی چڵکا وخۆرت بێ، لە ڕوی کورەی مەیل و وەفاوە لەوت پرسی بوو.

توفەیل: لە دیواندا بەخزمەت کار و لای ئەردەلانی بە دواکەوتووی خۆشەویستی و لە فەرهەنگەکەی شیرین و خوسرەودا بە چەورە و لای عمید و معینیش بە کەسێ خۆی هەڵواسێ بەکەسێکی تردا بۆخوان و میوانداری، لە وەشەوە بە جۆرێ مشەخۆر کە ژیانی لە سەرجەستەو تەنی شتێکی ترە دەوترێت توفەیلی، مەولەوی ڕۆحی ئەو وشەیەی بە جۆرێ کردوەتە بەری شیعرەکەی کە تەواوی ماناکانی ببینی. بە لامەوە بێژەی صەدجار(توفەیل)ی فرە ماناکردوە. واتە صەدجار پێی بلێ: مەعدوومی هەرشوێنی دەکەوێ وخۆی بە خۆشەویستی وعەشقی ئەوەوە هەڵدەواسێ و لە دوایەتی و ژیانی بەوەوە بەسراوە. هیچ واژەیەك لە مەرکانەی عیشقا پیس وسوك نیە. بۆیە مەولەوی خۆی بە کاسەلێس وچڵکاوخۆری ئەویارە دەزانێت. عاشقی ڕاستەقینەش(توفەیلیە) و مەرجی نیە بۆ پێ زانینەکان لە مەعشووق.ئەمەیە کە مەحویش ووتوویەتی:

حەققی ئیخلاصە بەجێ هێنانی ئادابی خولوص

پێ بزانێ، یا نەزانێ، من بە دڵ یادێ دەکەم {دیوانی مەحوی شیعری ١١ پیتی میم}

٤-کۆجە دووری من چ تەورەن حاڵش

کێ بەرمەکەرۆ خەم نە خەیاڵش

ئێستا کە لەدووری منە حاڵی چۆنە و کێ خەم لە خەیاڵی دەردەکا ؟ خەمباری خەیاڵ و پاککردنەوەی خەیاڵ لە خەم بە دەسەلاتی شیعری مەولەوی دروست بووە سەرچاوەکەی عاشقیەتی مەولەویە. لە باوەڕ بوون بە تواناکانی یارەوە سەرچاوە دەگرێ.

وێنەکە هێندە سادە نیە و تا دەستی بۆبەری کانی زیاتردەتەقێ. (پرسی کێ) تاقانەیی دۆست و وەحدانیەتی داوە بە کۆڵی خۆیدا.سەنگ و باری دۆست بۆ ئێمە دەردەخات. یانی ئەوە هەریارە توانای پاککردنەوەی خەیاڵی ئێمەی هەیە، پرس کردن بە کێ، بێجگە لە پرسیاربۆ بەدیلی یارلە هەردوباری مەجازی (کاتی شیعرەکە لە

مێـــژودا) وحـــەقیقی(کـــاتێ شـــیعرە کـــە لـــە مێـــژوو دا دەبـــڕین).تاقانـــەیی یاردەســەلێنێ.چـوون(کەسـی ترنیـە)دەبێتـە وەڵامـی پرسـیارەکە. شـیعرەکە لـە زهنـا پڕدەبێت لە(کێ وکەی ولە کوێ وچۆن) بێجگە لـە(وەصڵی یـار) نـاتوانین وەڵام بـۆ هیچ کام لە پرسیارەکانی ئازیزدانێین.

٥-چوون ئەوێ جە دین چوون تۆیێ دوور بۆ

چەم لێلاَو، دڵتەنگ، تەن سفتەی گووربۆ

کەسێکی وەك من لە دیتن وبینینی کەسێکی وەك تۆدووربێت، ئـەوە چـاو وبینـایی لێڵەو دڵتەنگە و لاشەیشی بە وێنەی کێوی طوور بووە بەزوخاڵ.

مادام مـن لـە وەصڵ ودیـنی وەك خـۆت دوورم هـەمان حـاڵی طوورم دەبێت کە تەجەللای نوورکردیە عیبرەت و بوو بە سورمەی حەقیقـەت. هـەمان ئـەنجامی سـووتان بەڵام بە دوودیوی جیاواز. طوورلە بەهرەبردن بە جوانی و تیشکی تـۆ بەرگـەی نـەگرت وسووتا من لە مەحرووم بوون ودووری تۆ(زۆرگرنگە لەوئەنجامە بگەین کە مەولەوی لە فەصڵ و وەصڵدا پێی دەگات و هەر یەك ئەنجام دەداتە دەست)دەشکرێت مانایەکی تەنك بدەین بە(دین) و وەك ئایین وەرری گرین و لە دەلالەتی (لێڵی و ڕەشی و تەنگی دا) بۆ دوورلە دینی بگەڕێین. کە دییندارى لـە ڕاسـتی و سروشـتی درووسـت مومارەسـەکردنیدا بالانسی ڕۆحی بەرز ڕادەگرێت و بەرچاو ڕوونی و وسعەت و ئومێدو سپی بـوون دێنێتـە بـەردەممان. هەمووئـەم ڕاڤانـە کاتێـك جـوان وچێژبەخـشن لـە(شـوێنکات)دوورپـان خەیتەوە. چوون منێ، چوون ئەوێ نەوەستاو وجوڵاوبکەیت.

٦-هەرسات وە نەوعێ دەردش خەتەر بۆ

حاڵش چ تەورەن خاکش وەسەر بۆ

هەرسات بەجۆرێ دەردی ترسناك بێ، ئەبێ حاڵی چۆن بێ، خاکی بەسەربێ.

دەردی خەتـەر- گەیانـدنی ئـێش و ژانـەکانی عاشـقە لـە دووریـدا بـە لووتکـە کـە زۆرجارعاشـقان لـە هـەواری فەصـڵدا داوای دەکـەن و حـەزیان لـە جـۆر و چـەندیەتی دەردەکانـە.وە دەرمـانی هـەموو ئـەو دەردە خەتەرانـەش وەصڵە.خـودی مەولـەوی یـەك

نەوعی و یەك دەردی بە كەم دەزانێت، لە مەزهەبی ئەودا، دەردی گران وخەتەر و هەمەچەشنی نێش لیاقەیە بۆ برینی ماوەكانی نێوان(عاشق ومەعشوق) و پێشكەوتن لە عاشقانی تر و خۆدان لە شریتی گەیشتن وبردنەوە.

٧- هام فەرد ناڵەی دڵ سەیرانگە ستەم

هام دەرد دووی دەروون خەمبەركەر كۆی خەم

لە سەیرانگای ستەمام وناڵەی دڵ هاورێمە. دووكەڵی دەروون هاودەردمە وخەمدەركەریشم كۆی خەمە.

كۆ- هاتنی نێش وژان ودەردە بە دوای خەمدا. مەولەوی وەستایانە بێژەی(كڵ وكۆ) ی لەت كردووە لەو شوێنەی داناوە، هەم خەمەكانی كۆكردوەتەوە و هەم بەرامبەر(دۆست)دایناوە. كاتێ دۆست فەرموویەتی كێ خەم لەخەیاڵی دەردەكا (بەیتی٤ ) ئەم دەڵێت كۆی خەم و وەزیفەی خەمدەركەری دەداتێ.

دەشكرێ بیرلە هەردووكرداری بیركاری(كۆكردنەوە و لێدەركردن)بكەینەوە. یانی لە بری ئەوەی خەمم كەم كات زیادی كردووە. یانی خەم دەركردن و خەم كەم كردنی چی، خەمم هاتوەتە سەری و زیادی كردووە.

٨- تۆخاسەن نەو توولْ سەرو سەراوان

خەم مدەی وە باد شنۆی سەر كاوان

تۆچاكترین تازە شاتی نەمامی سەروی سەر ئاوانی، خەم ئەدەی بە بای شنۆی سەركاو و بەرزەكان.

خاسەن: لە دیوانەكەدا بە تۆ چاكی و، لای ئەر دەڵێنیش بە تۆ باشی هاتوە. من گەرچی هیچ بەیاز و بەڵگەیەكم لە بەر دەست نیە، لام وایە (تۆخاسەی) بوو بێت و لە ئەنجامی نووسینەوە و نەقلاً گۆڕابێت.

خاسەی نەوتوڵ — واتە چاكترین خەڵف وجوانەلقی نەمام كە گونجاوترە بۆ وەسفی ئازیزان خۆ ئەگەر هەواڵ پرسی دۆستیش بێت ئەوە دەبێت (خاسی )واتە

چاکی بێت. بەلأم خاسەی بەجێ تـرە. بـە دەلیلـی ئـەوەی لـە شیعرەکەدا بـەراوردێ لە نێوان خۆی و دۆستا دەکات بەرامبەر ئەم (خاسەی نەوتوڵە) کەدەلالەتی جوانی و تـەڕی و گەشەو ژیانی هەلگرتووە و لە وەسفی دۆستا بە کاری دەبات.بۆخۆی(وەڵگ ڕەنگ زەرد )بەکار دێنێ. کەواتە خاسـەی نـەوتووڵ شاتی تازەی تـەڕو سـەوزی نەمامـە کـە بەرامـە خۆش و بۆندارە.

بێژەی (خاسە) بە مانای چاکترین و باشـترینی شـتێ کـە هەڵدەکـەوێت و دەگمەنـە. وە کەرەسەی ڕازانەوەو ڕەنگ کردن وجوانکردن و ئارایيشتە کە بۆنی خۆش ببەخـشێت، نەمامییش بـە تـازە شـات و لقـە جوانـەکانی چـەمەنەکان ڕازاوەتـر دەکـات و بەرامـەیان دەداتێ. وە لە دێری دواتریشدا مەولـەوی خـۆی ڕوون کردنـەوە لـە سـەر (بـۆن) دەدات و وێنەیەکی بۆن خۆشمان بۆ درووست دەکات.

بۆ زیاتر پیشان دانـی مانـا ئـەم دێـڕە لـە وەسـفی زوڵفـا دەنووسـین کـە لـە گـۆرانی هەورامیدا بیستوومە بە تایبەتی و زۆرتر لە گۆرانی (ئاخ لاوە لاوە) دا وتراوە.

ڕەنگاو ڕەنگ مەبۆ بە خەنەی شاران

بۆ مەدۆ چوون بۆی خاسەی عەتاران

٩- گاچوون بۆی نەسیم وە ڕووی شەتاودا

گاچوون گووڵ نە پای چۆڕەی وە فراودا

جـارێ وەك بـۆنی نەسـیمی بـەڕووی سـۆلاڤان وشـەتاواندا وجـارێکیش وەك گـوڵی داوێنی چۆڕەی بەفراوی.

بـۆ، بـۆن: کـچی گوڵـە و نەسـیم و شـەماڵ فڕانـدوویانـە بۆخۆیـان. لـە نێوئەفـسانە کوردیەکەدا (گوڵی خێزانی کانی ئاوس دەبێت بە بۆن وگفـتی یـاری و ئەڤینـداری دەدات بە بولبول کە بۆنی کچی بداتێ، بە مەرجێ بولبول ئـەوڕازە بپـارێزێ. بولبـولی شـەیداو سەرشێت ئەوڕازە دەدرکێنێ و(با) وەکو ڕەقیب دێت وبۆن دەبـات{مێـژووی وێـژەی کـوردی صدیق بۆرەکیی بەرگی یەکەم چاپی دووەم ل٩٣} کە سەرجەم ئەو وێنە شیعریانەی کـە باسـی گوڵ وبولبـول و بـۆن وشـەماڵیان تێدایـە دەبـێ لـە سەرچـاوەی ڕوونـی ئەوئەفـسانەیەوە

سەرنج بدرێن کەخودی ئەفسانەکە تەژیە لە جوانی وڕازی عرفانی. دەتوانی ئەو ڕازە شیعریە بخوێنیتەوە لە {گولزاری هەورامان محمد ئەمین هەورامانی بە یارمەتی حەمەڕشیدی ئەمینی بەرگی دووەم چاپ یەکەم ل١١٥-١٣٨} وە پێشتریش لێی دواوین.

١٠-سەیرلەرزەی نەرم سەوزەی سەربەرزان

صەفای گولاڵان صەد تەرزان لەرزان

سەیری نەرمە لەرەی (کەروێشکە)سەوزەگیای سەربەرزان وکەیف وخۆشی گولانی کە بە صەد جۆرە دەلەرزن ودەشنێنەوە (لەرزان، بەرزان، تەرزان)کە جیناسن ئیقاعێکی جوانیان داوە بەوێنەکە.

١١- سوب نە سەرملان صەیادان هام دەم

شریخەی ماردم کلاّفەی کەڵ ڕەم

بەیانیان لەسەرملان وسەربەرزان، هاوڕێ لەگەڵ ڕاوچیانی تر شریخەی تفەنگ وتل کردنەوەی نێچیرتان دێ. واتە عەرزی ئەو دۆستە بکە کە ئەوان لە سەیر و صوحبەتی پێکرانی نێچیری تر دان و بە تیرباران کردنی دڵان کەیفیان دێ بە مانا، تەوەجوە و ئیلتیفاتیان لە لایێ ترە.ئەم وێنەیەش بوەتە قوربانی تەرجەمەلای ئەردەلانی:

هاودەمت ڕاوچی شەبەق لە یاڵان

شریخەی ماردم گلۆڵەی کەلان

قافیەکەی ناچاریە و کە هەندێ جارئەم حاڵەتەلای شاعرە گەورەکانیش بەدی دەکرێت. وەرگێڕانەکە لای پیرەمێرد هونەری ترە:

بەیانیان لە گەڵ ڕاوکەرلە سەرکەل

شریخەی تفەنگ کلاّفەی کەڵ گەل

١٢- نەك چوون ئەو پا بەند قەلاى شاردەرد

جەى وەهارچوون وەلگ پاییزان ڕەنگ زەرد

نەك وەكوئەو(مەولەوى)زیندانى پىَ بەسراوى قەلاى شارى دەرد ولەم بەهارەدا وەك گەلاى پاییزان زەرد٠لە مێژوودا زیندانى ناو قەلاَكان زۆرسەخت ودژوار بووە. كەسى زیندانى ئومێدى ڕزگاربوونى كەم بووە.مەولەوى فراق خستوویەتى یە نێوشارى دەردو لە ناو قەلاَسەختەكەیدا پێى بەستووە. وەڵگ پاییز لەم بەیتەدا دژى (خاسەى نەووتووڵ) ى بەیتى (٨) دەبێتەوە كە بە خەڵف و شاتى جوانى تازە نەمام ڕاڤەمان كرد.

١٣- ئاخ نە جەهدو جەخت داخ زامەت سەخت

بەرگ ماتەم ڕەخت نارەسایى بەخت

ئاخ لە هەوڵ وكۆشش ونەهاتم، داخ بۆڕەنج و زەحمەتى سەخت وگرانم، بۆجامەى ڕەشى ماتەمم وچەوت وچەوێڵى بەختم.بێجگە لە(جیناس)ڕەختى ماتەم دەبێتە دژ بۆ نارەسایى بەخت. واتە بەرگى ماتەم پێكەوتەو قاییم وڕەختە و بە ئاسان نا دڕێت. بەلاَم بەختم نەگونجاوە. ئیقاعى پیتەكانى (خ - ت)داراى زەحمەت و ڕەنج بێوەرى وێنەكەیە.

١٤-كزەى خەم چوون مووخەم پەنەش وەردەن

دووریت خۆ یەكجار تەمامش كەردەن

كسپەوكزەى خەم وەكو موو لوولى كردوەو قرچاندوویەتى. دووریشت بەیەكجارى كوشتوویەتى.ئەم وێنەیە لاى ئەردەلاَنى جوانتر لە پیرەمێرد تەرجەمەكراوە.

كزەى خەم وەك مووچەماندوویەتى

دووریت بەجارێ فەوتاندوویەتى

گەرچى (خەم واتاى چەمانەوە )دەدات بەلاَم مادام تەشبیهەكە بە مووكراوە وهۆكارەكەش(كزەیە) قرچان وقرقۆڵ بوون بۆ ڕاڤەو وەرگێڕانى ئەم شوێنە شیاوترە.

١٥- وەخت جۆش دەرد کزەی ناڵەی سەرد

گوم بۆ نە گێجاو گەردەلوول دەرد

کاتێ جۆشی دەردوکزەی ناڵەی ساردی لە ناو گێژاو وگەردەلوولی دەردا وون دەبێت(یانی زۆری دەردوبەڵای تا ئاستی شەپۆل و گەردەلوول بەجۆرێ جۆشی دەردو کزەی ناڵەی تیا وون بێت ونەبیسترێ)یان ئەم ئەوکاتەی لەجۆشی دەردوکزەی ناڵەو گێژاوی دەردا وون دەبێت. پیرەمێرد بێژەی(گوم - وون)ی بە(کەم)وەرگێڕاوەو پێم وایە کۆتایەکەشی بەرەولایەکی تربردووە {بڕوانە دیوانی مەولەوی سۆرانی پیرەمێرد ل١٥٠}

١٦- ئەوخەندەی بێ وەخت مەیۆش وەدەمدا

مەگێڵۆ ماچۆ نەو گێج و تەمدا

ئەو زەردەخەی ناوەخت دێ بە دەمیا و لە ناو گێژەڵوکەو تەمدا دەڵێت... بەو ناوەخت وحاڵەش پێدەکەنێت. نیگەرانی ترسی ڕێبوار لە سەرەتای گرتنەبەری تەریقەت بە گیان گیران وگیان شکانی سینە دەناسرێت، بەڵام چاودێری و تەوەجوە و ئیرشادی پیر، سۆڤ لەوحاڵەتە تێدەپەڕێنێت. نیگەرانیەکانی پێشوو ڕۆشن نەبوونی بەرچاو و باش نەدیتنی شاری پەنهان و پڕشۆری دڵ وعرفانە.

دەکرێت زەردەخەنە ناوەختەکە نیشانەی ئامادەبوون بێت بۆ قۆناغی تێپەڕین. وە دەکرێت ئەم ڕاڕایی و نائوێدیە بۆ وەسڵ کە مەولەوی لای خۆی جێگیری کردووە، بە بەختی نەگۆڕ ناوی دەبات، حاڵی مانەوە بێت ومەولەوی تێنەپەڕی بێت ونەگەشتبێتە دوا قۆناغ. ئێمە بە بێ زانینی لانی کەم قۆناغی نووسینی شیعرەکان ناتوانین قەراری بوون بە سۆفی یان گەیشتن بە سەر مەولەویدا بدەین. هێندە نەبێ دەزانین مەولەوی لەم جۆرە حاڵەتانەدا دەرفەتی بینین دەخاتەوە کات وشوێنێکی دیکە.

دەکرێت زەردەخەنەکە بە جۆرێ لە مەخسەرە و تەما بڕین بۆهەوڵی بێ سوود تێ بگەین. گەڕان بۆ بینینی دۆست و دیدەنی ئازیز لە ناو گەرداو وتەم و گێژەڵووکەی گومانـدا بە کزە وجۆشی دەردەوە نەکردەنی وشیاوی پێکەنینە، کە ئەمەش بەخت وبەشی مەولەویە.

١٧-ئەرهەرئەوبەختەن هەرئەوتالەمەن

دیدەم دیدەنیت ئەللاَونالەمەن

من هەرخاوەنی ئەوبەخت وشانس وناوچاوە بم کەوایە(دەستوری جێگیرونەگۆڕی عاشقانە لە پۆلی فەصلْ)دا ئەوە چاوەکانم بینین و دیدارت خوا دەزانێت.

ئەللاَوئەعلەم:چۆکی ئێمە دادەدات بەوەی کەسبەینێش نازانین بە وەصلْ شاد دەبێ یان نا کە لە ڕاستیدا لای عارفان خودی دۆزەخ بێ یاری و شاد نەبوونە بە دۆست. لەو ڕوانینەوەیە بەهەشتیش بە دۆزەخ ناودەبرێت.

## شیعری سێیەم

١- جە سەردی مۆبەت ئازیزبێ گەرد

جۆی هوناو دڵ جە دیدەم یەخ کەرد

لە ساردی مەیل وخۆشەویستی ئازیزە بێگەردەکەمداجۆگەلەی هەڵکراوی دڵم لە چاوما بەستی و بووبە سەهۆڵ.

وەزیفەی دڵ (ناردنی خوێنە بۆ بەشەکانی لەش) لە بەردەم سەلیقە وستراتیژی ستاتیکی زمانی مەولەویدا تاقیگەکانی جێهێشتوە وهاتووەتە نێو باخە جوانەکانی ئەندێشە وخەیاڵەوە. خوێن بەری نێوان دڵ وچاوجۆگەیە و لە تاوساردی مەیلی ئازیزا خوێنەکە لەچاودا مەییوە و بوەتە سەهۆڵ. لە کاتی خوێن بەربووندا بە سەهۆڵ یان ئاوی ساردخوێنەکەیان وەستاندووەتەوە. لەم بارەدا ساردی مەیلی ئازیز بوەتە هۆی وەستانی فرمێسکی خوێنین کە سەرچاوەیان لە دڵدایە. بە بارێکی تریشدا وەستانی سورِی خوێنە لە ئەنجامی ساردی مەیلی ئازیزەوە ئەمەش نەمانی گەرمی وجووڵەی ژیانە. لەلایەکی تریشەوە ژیان و ژینگەی عاشق دەبێت دۆخەکانی بەویستی مەعشوق بێت. مادام یار مەیلی ساردە ئەوە سەهۆڵبەندانە دڵ وچاو.

٢- دەستی بێرەحمیش دا نەسینەی شەوق

گرِ وەردان نە جەرگ جەستەی هەستی زەوق

دەستی بێرەحمی دا لە سینەی شەوق و ئاگری بەردایە هەناوی تەن وجەستەی هەستی زەوق.

شەوق: لە زاراوەی عورەفادا مەیل وئونسە بۆ تەجەلیات. زەوق: چەشتنی بەروبومی تەجەلیات وارداتی ئیلاهیە. دەست: قودرەت ودەسەڵاتە. کەواتەرِاڤەکەی دەبێتە:

بێ بەزەییانە دەستی نا بە سینەی ئەومەیل وئونسەوە کە هەمبوو(ئەوشەوقەی کوژانمەوە)وئاگری بەردایە بەروبوم و وارداتی هەستیمەوە. زەوقێ کەهەمبوو سووتاندی وگڕی نا بە ناوەڕاست وجەرگەیەوە پایتەختی شەوق و زەوقی سووتان.

٣-زەهرخەم شیەن نەکام شادیم

هەردەردەن مەیۆ موبارەك بادیم

ژاری خەم ومەینەت چووەتە ناو دەمی شەوق و شادیم، کارەساتێکم بەسەرهاتووە هەردەردو بەلاّیە دێت بۆ پیرۆزبایی لێکردنم {دیوان ل١٦٩}.

مەولەوی جادووگەرترین و جادووبازترین زمانزانی شیعرەو شاعرترین ساحری ووشە چوون زۆرجارمانایەکی دیار دەخاتە بەردەممان و لە هەمان کاتدا چرایەکی دوریش هەڵدەکات، لە گەڵ هاوڕاییم بۆ ڕاڤەکەی مامۆستای مدرس لام وایە وشەکانی ( زەهر، خەم، کام، دەرد )جادووبازەکانی وێنەکەن. وە ئەم شیعرە یەکێکە لەو شیعرانەی ناکامی و نامرادی مەولەوی دەردەخەن. بۆیە زەهری خەم دەشێت گوڵی خەم بێت. ئەوکات(کام شادی) لە بری دەم و گەرووی شادی دەبێتە ئارەزوو - هەوەس بۆ مراد و (شیەن) دەبێتە شیان و بۆ گونجاو وپڕبە بەر. بەم جۆرەش دەچینە ناوخانەباخ ( کێڵ ) ی مانایەکی تر:

گوڵی خەم دراوە لە کامی شادیم و پڕبە بەریشیەتی و بۆی بووە. ئیتر هەردەردە ودێت بۆ پیرۆزبایی لێ کردنم. واتە دوای ئەوەی سینەی شەوق وجەستەی زەوقمی سوتان. ئیترناتوانم بچمە زەماوەنی شادی و بە پێچەوانەی(مرادەوە)لە شایی(نامرادی)دام پڕبە بەری شادیم کراسی گوڵداربەخەمی پۆشیوە و هێندە لێی دێت هەردەردە بەرە و پیری دێت و پیرۆزبایی لێدەکات . ئەم ڕاڤەیە دەمانخاتە سەربیری ئەوەی کەشتێ بە بەری مرۆ جوان و کەشخە بوو لێی هات، دای ناکەنێت. بۆیە مەولەوی بە درێژایی ئەو ڕێ یە بەرگی ڕەنگاوڕەنگی خەم و ئازیەتی لە بەردانەکەندووە. (لە فەصڵ دا هەموو شتەکانی قبووڵ بووە) خودا دەزانێت پیری گەورەم مەولەوی چی فەرمووە؟و پیری ئەدەب وا تێگەشتووە و منی سەرڕووت و نەزانیش بەم جۆرە. ئەم ڕاڤەیە بە بەری ڕاڤەکەی دیوانیش دەخوات کاتێ مرۆڤ

زەهرخوارد کرا هەزار دەرد ڕووی تێدەکات و بێ زەوق و شەوق دەبێت دیسانیش کراسی خەم دەکاتە بەرکامی شادی. تێکڕای ئەم بابەتانەش لە دنیای عرفانی شیعرەکەدا دێن و دەچن.

حافزیش ووتویەتی:

تاشدم حلقه بگوش درمیخانهءعشق

هردم ایدغمی ازنو بمبارك بادم

{حافز-تیموربرهان لیمودهی ل٢٢٦}

ئەم دێڕەش لای میرزا شەفیعی مامێزکی(کولیایی)هەیە.

غەم شی یەن نە تۆی مەنزلگەی شادییم

هەر غەمەن مەیۆ موبارەك بادییم

بەلاّم وێنەکەی مەولەوی تەندرووست ترە.

٤- هەناسەم ڕێزەی دڵ مارۆ ئەوبەر

سەرکەردەن زوخاوجە زام خەتەر

هەناسەم(ڕێزە — وورده - پارچە)ی دڵم دەردەدات و زوخاو زامە بەسوێ و مەترسیەکانمی داپۆشیوە. دوای ئەوەی داڕزام و هەڵ وەشام بەدووری.

٥-مەینەت چوون توجار وە مەتای صەد تەرز

کەردەن نە دەروون نەوای شادی بەرز

مەینەت وەك بازرگان بەکالاّ و شمەکی صەدجۆرە و ڕەنگا وڕەنگەوە لە دەروونما قاوی شادی هەڵداوە. مەولەوی لە نێوان(هەست ونەست ومادیات و مەعنەویات ومەحسوس ومەعقول)دا هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە تایبەتی خواستن و لێچووەکان بەجۆرێ دەهێنێ و دەبات کەخوێنەری شیعری سەرسام دەکات و تائێستاش شیعری کوردی دارای وەها داهێنانێك نیە.مەینەت - بازرگان -دەروون - بازاری قەرەباڵغی دەردو

بەڵاکانە کە ئەو بازرگانە داگیری کردوە و ڕۆژ و بازاڕی خۆیەتی- پارچەوقوماش - دەردو خەمە.

٦-دڵ وڵ وڵ کەردەن خەدەنگ دووری

سۆچنان جەستەم دەرد مەهجووری

تیری دووریت دڵی کون کون کردوەو دەردی دا بڕانیشت جەستەی سووتاندووم.

٧- هانا هام دەردان تاقەت نەمەندەن

جەورە کەی ئازیز ڕیشەی دڵ کەندەن

هاناو هاوار هاو دەردەکانم، تاقەت وتوانام نەماوە، جەورو ستەمی ئازیزدڵی لە ڕیشە هێناوە.

٨-بەیدێ وە لای من حاڵم بەدحاڵەن

جە دووری ئازیز تەن کۆی زوخاڵەن

بێن بەلای منەوە و ئەوە حاڵ نیە هەمە(حاڵم زۆرخراپە) لە تاوی دووری ئازیزیش تەن ولاشەم بۆتە کێوی زوخاڵ.

٩- بزاندێ خەم چۆن کەردەنم پاماڵ

دەخیلم ساقی گەردەن سیم قاڵ

هاودەردەکانم بزانن(شایەت بن)خەم چۆن بە تەواوی فەوتاندومی. دەخیلت بم ساقی گەردن زەرد.غەم و دەردو ئەسەرەکانی، (دەردی دووری و نامرادی و بێ زەوقی) قۆناغەکانی پێش تەڵەبن وکەسێ بەو دەرد وخەمەوە نەفەوتابێ شیاوی ئەوە نیە بکەوێتە بەر مەرحەمەت و لاکردنەوەی ساقی.٠ ئەم دیاردەی شیاویەتی وەرگرتنە بۆ بادە لای هەردوو مەولەوی بەرچاوە و قوتابیەکانیان چاویان لەوان کردوە دیارترین نموونە بۆ ئەومەبەستە (ناڵەی جودایی هێمنە).

۱۰-جامیٚ جه مه‌عجوون ده‌رد ئه‌وگاران

دوردو وامه‌نده‌ی به‌زمه‌که‌ی یاران

جامیٚ له‌خلته وخه‌ست وشیٚلراوه‌که‌ی ده‌رده‌دارانی به ئیٚش ونائارام، که‌له‌به‌زمی یاران به‌جیٚ ماوه. مه‌وله‌وی له‌م به‌یته‌دا وه‌سفی باده‌که هیٚنده چڕده‌کاته‌وه تابیباته ئاستی خه‌مه‌که‌ی. ئه‌م به‌یته‌خه‌یالّی ئیٚمه ده‌باته‌وه بۆ به‌زمی یاران که زۆر به‌ڕوونی له عرفانی یارساندا هه‌یه و باده‌ی شه‌رت و قه‌وله. ئه‌م دیٚڕه مامۆستا احمدشریفی وه‌ك نموونه بۆ زاراوه‌گه‌لی یارسان لای مه‌وله‌وی له نووسینیٚکی به‌نرخدا هیٚناویه‌تی وکه‌میٚ شرۆڤه‌شی کردوه {کنگره بزرگداشت مولوی‌کردل۳۸۵} به بڕوای من ئه‌م به‌زمی یارانه هه‌مان به‌زمی جه‌م پیٚك هیٚنانه که چه‌ندین مه‌رام و مه‌به‌ستی تایبه‌ت وته‌قسی عرفانی یارسانه‌کانی تیٚدا ده‌خریٚته ڕوو. دوور له‌و مانا باوه‌ی دیارترینیان وه‌رگرتنی باده و شه‌رتی ڕازداری و شادبوونه به مه‌ستی یارو یاوه‌ری سان. نموونه له‌و ئه‌ده‌بیاته کۆنه زۆره و له به‌رده‌ستیشه، چه‌ند دانه‌یه‌ك بۆنیشانی مه‌ژگه ده‌شکیٚنین.{نموونه‌کان له میٚژوی ویٚژه‌ی کوردی سدیق بۆره‌که‌یی به‌رگی یه‌که‌م چاپی دووه‌م ۲۰۰۸ده‌گوازینه‌وه بۆ زیاتربڕوانه‌ره هه‌مان سه‌رچاوه} هه‌روه‌ها به‌رهه‌مه‌کانی خان ئه‌لّماس له {گولزاری هه‌ورامان به‌رگی یه‌که‌م ل٤۲۹-٤۳٤} دا.

ساقیاده‌ستم ساقیاده‌ستم

جامیٚ ترباوه‌ر بگیٚره ده‌ستم

ئه‌زجه‌مه‌یخانه‌ی ڕۆی ئه‌له‌ست م

وه مه‌ستی په‌یمان ئایینم به‌ستم

(بابه ره‌جه‌بی لورستانی سه‌ده‌ی سیٚیه‌می کۆچی)

دەروونم کەیلەن دەروونم کەیلەن

پەریج دمارۆچ دەروونم کەیلەن

هاناوئومێدم ئانە وەلەیلەن

چمکە جەمێمان بەستەن وەمەیلەن

(بابەسرنجی کەلاتی سەدەی چوارەمی کۆچی)

پیاڵەم پڕەن پیاڵەم پڕەن

وێم مەست وئانە پیاڵەم پڕەن

مەستیم وە مەیلی ئەوخاوەن دوڕ

مەیخانەم نەدڵ شارەکەی سڕەن

(بابەگەرچەکی هەورامی سەدەی چوارەمی کۆچی)

مەستم جە بادەی ڕۆی ئەلەستی تۆ

وەسەن یەك جامێ مەی جە دەستی تۆ

ئاییینەی زێڵم ڕۆشنەن چوون مەی

جەوبۆن بیەنم مەی پەرست تۆ

(جەلالەخانمی دایکی خۆشین شا سەدەی چوارەم)

ئەم وشەی بەزم وجەمی یارانە لای زۆرنەفام بەرپلاردراوەو زمانی پیسی لێ خراوەتە گەڕ. کە ئەم حاڵە بێجگە لە جەنگی ناشیرین کردنی ڕەچەدینەکان هیچی لێ سەوز نەبووە. کە بەداخەوە تائێستاش برەوی هەیە. دوای نیشاندان و دەست خستنی چەندین نموونەی عرفانی لەوتەریقەتە، کە لای(مەولانا — صەیدی — بێسارانی - نالی

—مەحوی — مەولەوی — جزیری — خانی - شێخانی چوون ئەبولوەفا - حەزرەتی بەها - شێخ عومەر). دەردەکەونەوە دەپرسم:

بێ'ویژدانی و دوور لە خوایی نیە، جەنگی ناشیرین کردنی ئەو بزووتنەوە عرفانیەی (شیعری کوردی بە دیالێکتی گۆران - هەورامی) بە لووتکەی گەیاند؟ نەمەك نەزانی وسپڵەیی نیە بەرامبەر ئەو زمانەی کە بوەتە دایکی مهرەبان و بە شەرەف وداوێن پاکی شیعری کوردی ؟ کەلاّم وگیانە مەستەکەی تەمووره بەس نیە، ئێمە بە مەشرەبی مۆسیقای دەوڵەمەندی عرفانی بنازین و لە بری دوورلە یەکی ئاشتبینەوە؟ کاتی ئەوە نەهاتووە کە شوێنی ڕازداران و ڕاز زانان و مەستانی بادەی حەقیقەت بکەوین. کە لە هەرشوێنێ هەبووبن هێژا و جوان بینانە سەیری بەزمی موحیبەتیان کردووە ؟ کەخۆش بەختانە یەکێ لە مانا پەنهان زانەکان حەزرەتی مەولەویە. کە دوورلە عەقڵی مەلا بەڕێزەکانی دەورەی عابدین و دواتر شێخ ڕەزا و عەبدولاّحەسەن و تەنانەت مێژوونووسێکی وەك ئەمین زەکیش سەیری ئەو کلتوورەی کردوە و کەڵك و سوودی عاشقانەی لێ وەرگرتووە. بۆ نموونە دژەکان بڕوانە{مێژووی وێژەی کوردی بەرگی یەکەم ل٣٦١ وکەشکۆڵی کە لە پوری ئەدەبی کوردی محەمەدعەلی قەرەداغی بەرگی دووەم ل١٩٠ و دیوانەکانی شێخ ڕەزاو... هتد هەروەها سەرنج لە قسە و قسەلۆکە دەما ودەمیەکانی نێوخەڵك بدە}

بە برا موسڵمانەکانم دەڵێم ئەوانەی تینووی دەرکەوتنی ڕووی ڕاستن و لە بوختان و زەم و ناهەقی دوور دەگرن با سەرنجێ لەو کەلتوورەی بن دەستیان بدەن، کردمان کتێبێکی تەلەسانی و فتحی یکن و مودودی و...هتدیان خوێندەوە. ئەوجا دەزانن زۆر پێش مەلا و مامۆستا دیینیەکانمان هێژایانی یارسان تەفسیری عرفانی قورئانیان بە شیعر کردووە و سیرە و ژیانی پێغەمبەرو دەرکەوتنی ئەو ئایینە پیرۆزەیان لە مێژوودا بەیان کردووە. تکا دەکەم ئەوانەی بە گومانی نە یاری لەم بەرهەم و سەرنجانەی بەندەش دەڕوانن با پێکەوە گوێ بگرین بۆ(خان ئەلّماس ١٦٦١-١٧٢٥ ز)و کەلاّمە پیرۆزەکانی. کە وەك نموونە بە شێکی کەمیان دەگوازینەوە.لە گەڵ ئەوەشدا دەزانین بە لای هەندێ لە یارسانانەوە ئەسەرەکانی خان لە گەڵ یاساو ڕێساکانیان دژونەگونجاوەو

پێیان وایە کەکەلام وپێشگۆیەکانی لاسیی کەردوەن وزۆریشی دەسکاریکراوە.بەلاّم ئەم ئیشکالانە کاتێ ڕۆشن دەبنەوە نووسین وگفتوگۆی ئایینی لەوبارەوە زیاترو کراوەتر بکەین.

لە کاتی دەرکەوتنی دینی نوێدا ورۆلی ئەبووتالیب. خان ئاوا ئاماژەکان بەیان دەکات:

تا ئەبوتالیب یەك ڕۆشی وە بەر

شی پەی دلّ گوشای قەسری پێغەمبەر

بزانۆ عەلی بە چێش مەشغولەن

ئەسلّی عەقیدەش بەکام ئوسولّەن

حەزرەت جەو دەمدا جە نەخلەی شەریف

نەپای ئەو تەلار مەرتەبەی زەریف

چەنی شای مەردان ساعەت وە ساعەت

ئاوا مەکەردەن نمای جەماعەت

ئەبو تالیب دیش حەیران مەند جەکار

پەرسا جەحەزرەت شای بوراق سوار

وات یا محمد عەتری عەنبەر بۆ

یە چە سنعەتەن گرتەنت وە خۆ

حەزرەت دا جەواب بەو گوفتارەوە

بەو ڕێزەڕازان شەکەر بارەوە

واتش یا عەمی ئینە سەلاّتەن

جوبرەیل ئاوەرد،خوداوەند واتەن

ڕۆشنی ڕای چۆڵ جادەومەقامەن

سیحجەتی ئیسپات ئەهلی ئیسلامەن

جەدنیاسیحەت جەستەو قامەتەن

مایەی ئازادی ڕۆی قیامەتەن

هەم کلیدی قوڵف قاپی بەهەشتەن

سەرمایەی سەیران سەفاو گوڵ گەشتەن

ئەبوتالیب وات دینت سەریحەن

فەرموودەت حەقەن قەولت سەحیحەن

بەڵام جە دین ئاباو ئەجدادیم

بەرنمەشو سا هەرچی مەیۆ پێم

بۆدرێژەی چیرۆکەکە بڕوانە{گوڵزاری هەورامان بەرگی ١ل٤٣٨} وە بۆنموونەی پلانی کوشتنی حەزرەت لە لای گەورە و سەرانی قوڕەیشەوە و بەرگریەکانی ئەبوتالیب خان ئاوا فەرموویەتی:

چەنی جۆش وە تای ڕیشەی گیانەوە

نمەدۆش وە دەس دوژمنانەوە

جەو دما قوڕەیش جەڕوی نادانی

کەمکەم دەس کەردەن وە غەزاڕانی

تا بڕیا جە بەین حیلم و حەلاوەت

شەیتان مەحکەم کەرد پایەی عەداوەت

هەر قەبیلەیێ جە بەرزە بانان

ئەززیەت مەدان بە موسڵمانان

شەوان تا بە ڕو مەگرتەن کەمین

تا ئەهلی تاعەت هۆرگێلاً جەدین

وە بێ بەهانە هەر مامان مەشین

داییم هەر جەویای قەتڵی حەزرەت بین

بەڵام خوداوەند تاکی تەنیای فەرد

بە ئەبووتالیب حەزرەت مەعلووم کەرد

واتش ئەی عەشرەت بەبێ دلگەردی

مەعلووم بکەن پێم مەردی و نامەردی

قەوم خەیاڵ قەتڵی محمد داران

نەکەن ئەی عەشرەت جە ڕوزگاران

چوون ڕەحم جە بەین عەداوەت نی یەن

غیرەت پەی مەردان هەر قەدیم بی یەن

محمدجەلای حەق بەر گوزیدەن

محمد حەبیب خودای نادیدەن

محمد شێوەش شەمسی خاوەرەن

جە مەلایکان شەرەفناك تەرەن

هەرکەس محمد بنوازۆ بە دڵ

وەڵلاً مورادش زوومەبۆ حاسڵ

یام هەرکەس چەنیش عەداوەت دارۆ

یەقین وە بەختش غەزەب مەوارۆ

پاشـان خـان ئـەڵماس زۆر ڕاسـتگۆیانە ئەومێـژووە دەگێڕێتـەوە و باسـی کۆچـی موسڵمانان بۆ حەبەشە و هەوڵەکانی قـورەیش بـۆ لای نـە جاشـی بـۆ دەس نـان بـەڕووی موسـڵمانانەوە و گفتـو گـۆی جەعفـەرو نەجاشـی و سـەرکەوتنی موسـڵمانان دەکـات ولـە پرسی نەجاشیەوە دەفەرمێ:

تا بزانو فەزڵی ئەو دینە چێشەن
مەعلووم کەن بەمن دڵ وە ئەندێشەن
جەعفەر ئێد شنەفت ئاما وەگوفتار
عەرزش کەرد واتش ئەی شەهریار
ئێمە جەی وەرتەر گرد خاتر شاد بین
مەشغوڵی ئایین ئاباو ئەجداد بین
کاسیب بین وە بت پەرستی وێمان
حەق پێغەمبەرێ کیاست پەرێمان
جە ئەسڵ و نەسەب بەسیدق و یەقین
بە لوتف و کەرەم بەتەرزو تەمکین
بە حەیاو بە حیلم بە مەعجزەی پاك
بە لەفزی شیرین ئایەی شەرەفناك
ئێمەش دەعوەت کەرد بە حەق پەرستی
بێدار بین جەخاو نادانی ومەستی
تەرکی کوفرو شیرك کوففار کەردمان
سوجدە بە خودای واحد بەردمان
سەرمەشقش ئینەن پێمان پێغەمبەر

ئەمر بە مەعروف نەهی بە مونکەر

قەولی پێغەمبەر جەلامان حەققەن

حەق بیناو دانا فەردی موتڵەقەن

جەو بۆن تەرکی دیین ئەجداد کەردمان

سوجدە بە خودای واحد بەردمان

چوون داری بیدەن بت بێسەمەرەن

محمد شافیع یەومی مەحشەرەن

قەوم هەمداشان چەند ئەزیەت پێمان

تا گوریز کەردم جە ماوای وێمان

ئێمە بە فتوای پێغەمبەر جە نۆ

گشت وێمان وستەن وە سای پەنای تۆ

تا زوڵمی قورەیش نەیاوۆ پێمان

شاغیل بین پەی تۆ بە دوعای وێمان

نەجاشی پەرسا هیچ هەن جە لاتان

جەو ئایەی شەریف کەلامولاّتان

جەعفەر وات بەڵێ ئەی شاهی دانا

سوورەی(کاف،ها،عەین،صاد) وانا سووری(مریم)بە (کهیعص)دەست پێدەکات}

نەجاشی وە جۆش ئەوەند کەرد گرین

سککەی سفیدش تەڕ بی وە ئەسرین

واتش ئەی کەلاّم جە خاس دەلیلەن

ناسخی تەورات نەسخی ئینجیلەن

مەعلووم بۆ جە لای گشت سوخەن دانان

هەر سێ ئەی کەلام جە یەك جا ئامان

بۆ تەواو ئاگاداربوون لە درێژەی کەلامە پیرۆزەکەی خان ئەلّماس بڕوانە{ گولزاری هەورامان بەرگی یەکەم ل ٤٢٩-٦٥٠}

وە بەرێز کاك هاشم کاکەیی لە پاشکۆی عێل بەگیەکەیدا تێبینی لە سەر ئەدەبی خان ئەلّماس کارەکەی مامۆستا هەورامانی هەیە.{بڕوانە ئێلبەگی جاف و پێشبینیەکانمان ٢٠٠٦ ل ٨١} ئێمە لەم پرۆژەیەدا وتمان کە ئاشتەوایەکی تەواو لە مەملەکەتی عرفاندا هەیەو شکلّ و ڕەمزە تەقلیدیەکان بە جێ دێلێت. مەولەوی لەو دیدەوە نیگای لە کەلتووری یارسان کردووە. ئەمەش بەلگەیەکە کە ڕەوان شادانی یاریش لە ڕابردوودا چەند دەمیان بە دینی حەق پاراو بووە. هاوڕێم (م. بەهرۆز کاکەیی لە سولّتانی حەقیقەتا ئەم باسەی وروژاندووە{هەلّبجە ژ١٢ل٢٧} بەلام بەلگە وئاماژە لەوە گرنگترەکانی نەهێناوە و باسەکەی زۆری دەوێت. لە بەرگرنگی بایەخی هەردوو سەری بابەتەکە ئێمە ئەم نموونانەمان بە کورتی گواستنەوە. دەگەڕێینەوە لای مەولەوی.

١١-پێم دەرتاڕیشەی هەستی کەرۆ پەی

قوربان تۆیچ نەی چی دەستێ بەر پەی نەی

لەوشەرابە خەستەم بەرێ تاڕیشەوڕەگی بوونم لە گۆخات. قوربان تۆیش نەی چی دەستێ بەرە بۆنەیەکەت خەستی شەرابەکە(ئیمان قاییمی)توانای پەك خستنی وردە ئەندامەکانی هەبێ، ئەو ئەندامانەی مایەی جولّەی تەنن کەواتە مەست و لە پێکەوتوو کەسێکە کە مەی جوولّە و برستی لێ دەبڕێت و ڕیشەی لە بن دێنێ. ئیتر کاتی مەقاماتەکانی لاوانەوەیە.

١٢- وە تەرزەکەی وێت من لاونەوە

وە مەقامێ وەش خەم تاونەوە

خۆت ئاسایی نەیچی بە مەقام ونەوایەکی خەم تاوێن بملاوێنەوە.

من خەمی فراقی ئەویارە گڕی بەردایە شەوق و زەوقم وخەم ڕیشەی هەستی لە بن هێنام. ئیتربەزمی مەی ونەی دەبێت توانای ڕیشەکێشکردنی ئەوخەم وهەمەیان هەبێت. هەرئەمەشە بەزمی یاران.جەنگی نێوان دەردوخەم لە لایەك و پێك و بادە و مەقام لە لایەکی تر.کە عارفان هەردەم تەرەق بادە دەگرن و لەو مەیدانەدا بادە پەرستان سەرکەوتوترن.

ئەمەلای حافز تا ئاستی ئامۆژگاری ڕۆشتوە. بە جۆرێ لە شەڕوشۆڕان وغەم و دەردی بێ بەینەتیدا عاشقان دەبێ ببنە هاودەمی بادە و مەنزڵ بەرنە مەیخانە. جا ئەمە چ لە باری عرفانی دا بێت کە عاشقانی یارلە بادەی ڕۆشنا یاردەبینن و مێزەکەیان جیادەکەنەوە لە سەرجەم ڕەمزەکانی ڕیاکاری چ لە مەجازی و دنیایی دابێت کە مەینۆشی بێ خەم لە دنیا پەرستی ودەسەلات مێزەکەی جیادەکاتەوە.

کە بۆ هەردوو دیوەکە نموونە لە شیعری کوردیدا هەیە. وە پێم وایە خراپ تێگەشتن لە هێماکانی شیعری عرفانی پاڵی بە شاعرانی ترەوە ناوە ڕوو بکەنە مەیخانە مەجازیەکان. واتە بەو جۆرە وەریان گرتوە مادام ئەو شاعرو بیر مەندە گەورانە باسیان لە بەزم و مەجلسی بادە کردوە، بادەنۆشی دنیاییش بە جێیە. من ئەم ڕوانگە و ڕوانینەم لە چەندیین ئەدیب نووسەر و هاوڕێم بیستووە.حافزیش بەڵگە ودەلیلی زۆر دەدات کە هەرکەس نەیاری ئەو بەزمە بوو بێ تیاچووە:

بس تجربه کردیم درین دیر مکافات

بادردکشان هرکه درافتاد برافتاد

لە باری دنیاییشداحافز مەیخۆرلە بەردەم کەرەمی خوادا ڕادەگرێ و بە گوناهێکی جوانی لە قەڵەم دەدات. وە بە هێزترین پاڵەوانی ئەو شەڕو هەرایە لە بەرامبەرنە یارانی بادە دا حەکیم عومەری خەیامە.

١٤- باخاس خاس هۆشم هیچ نەمەنۆ پێم

بەڵ ئازیز وەخەیر ڕەحمێ کەرۆ پێم

باچاك چاك هۆشم لانەمێنێ(مەستی تائاستی كەوتن)بەڵكو بەخێر ئازیز بەزەیی پێمدا بێتەوە. لە ڕێگەی بادەی خەستەوە(ئیمان بەخۆشەویستی یار)سەرخۆش دەبێت وبێ جوڵەو(لە خۆغائیب بوون و بێ ئاگا و لە یار بە ئاگا) ئەم حاڵەش شیاوی بەزەیی یارە.

## شیعری چواردم

١- جه من تادووری ئەرصەد فرسەنگ بۆ

ئەربۆ ڕازی بوو زوانم لەنگ بۆ

له من تادووری ئەگەرصەد فرسەخ بێت، ئەگەر ڕازی بم به وەندە زمانم لاڵ بێت. ئەگەر نێوانی من ودووری صەد فرسەخ بێت ڕازی نیم و پێم نزیکه.

مەولەوی هەڵسوکەوتی له گەڵ دووریدا وەك مرۆڤ کردوه بەلاّم لێرەدا نەگریس و نالەبار به جۆرێ حەزئەکات بەینی خۆی و دووری زۆر دووربێت. وەك ئامازەی پێدراوه له وەلاّمی گلەیی شێخ عومەری ظیاالدین دا نوسراوه من پێم وایه گلەییەکە و شیعرەکە لە ماوەی عاجزبوونەکەی شێخ عومەروحەزرەتی بەهای برایدا نووسرابێت.کە دڵی دەشکێ و ماوەیەك لە مەئوا و مەیخانە ڕۆحیەکانی تەوێڵە و بیارە دووردەبێت. وە مەولەوی به ئاشکرا عەرزی شێخ بەهادین دەکات بنێرێ بە دوایدا و ئاشتی کاتەوە. {بگەڕێوە بۆشیعری ١٢پیتی ب لەم کتێبە} جارێکیان له گەڵ مامۆستا حەکیم لەبابەت ئەم عاجزیەی شێخ عوومەرەوە باس وخواسمان بوو،خەیاڵی مامۆستا حەکیم چوویە سەر ئەم شیعرەی مەولەوی وفەرمووی:

ڕەنگەبێژەی (دووری)بەیتەکە(دوورۆ)بێت و شێخ له تۆرانەکەیدا چووبێتە ئەوێ.

٢- بەلاّم چێش کەرو بەلاّم هەم ڕازەن

فەڵەك کەڵەك چین چەنیم کەچ بازەن

بەلاّم چی بکەم بەلاّ هاوڕازمە وگەردوونی فێڵبازوساختە چی لە گەڵما خوار و نارێکه.

دیسان نەهاتنەوەی یاسا گەردونیەکانە. و مەولەوی جۆرێ لە پاسا و بە ڕێگەی عاشقانەی خۆی دێنێتەوە. وە یەکێك لە جوانترین شیعرەکانی خۆی بۆ خۆشەویستی (خۆی - پیر - یاری حەقانی - خودا)دەنوسێ. ئەم شیعرە هاوئاستی شیعری ئایینەی

کامڵە بۆشێخی بەهادین. بەمەش وەلائی مەولەوی لە شەخسی بوونی پیران دەردەچێت و دەبێتە لایەنگری بادەکە نەك کاسەکە

٣ - کارد مەینەتش ئیستیخوان گاوان

زیای دیدە و دڵ مەگێرەم تاوان

کێردی مەینەتی فەڵەك ئێسك وپروسکی ناژنیوم، ئەی ڕۆشنایی دیدە ودڵم تۆیش تاوانبارم مەکە.

٤ - قەڵای ویرم سەیل هوونا و بەردەبێ

بورج ئاگاییم وێران کەردەبێ

قەڵای بیرم لافاوی فرمێسکی خوێنین بردبووی وە بورجی ئاگادارییمی وێران کردبوو. قەڵا: دوا شوورە و دوا مەنزڵی سەختی بەرگرییە. مەولەوی مەبەستیەتی بڵێ:

دەبوو من تۆم بیر نەچوایە و لە ناو قەڵای بیرما دامنایتایە، بەڵام ئەو قەڵای بیرە لافاوی ئەشك بردبووی، بورجی ئاگادارکردنەوەم لە کارکەوتبوو، ئیتر ئیبادە بوونێ دەخولقێنێ کە بێ ئاگایی خۆی و لە بیرا نەبووی ئەو دۆستەی پێ دەپۆشێ.

٥ -کێشکچی خەیاڵ خەم فام سەندەبێ

دوکانچەی بەدەن بێ کەس مەندەبێ

خەم ، عەقڵ و فام و وریایی لە پاسەوانی خەیاڵ سەندبوو. دوکانە گچکەی لەشم بێ حەرەس و بێ کەس مابوویەوە.

گەرکەسێ عارف نەبێت هێندە ڕۆحی گەورە نابێت و هەستی ستاتیکی ناگاتە ئاستی خولقانی ئەو وێنانە. لەم جۆرە وێنانەدا مەولەوی بیر و ئەندێشەو سۆز و خەیاڵ بە جۆرێ دەخاتە گەڕ گومانت لە هەستی عرفانی ئەونەمێنێ. مانەوەی لاشە بە بێ پاسەوان - نیشتمانی بێ شوورە و قەڵایە، وڵاتی بێ فکر و بێ بەرهەمی عەقڵ بێهەست وخوست وبێ ئاگا، چەن ئاسان داگیردەکرێت و داگیرکەر چۆن ئاسان دەستی دەگاتە قوڵاییەکان و بە ئاسان ڕۆح و جەوهەری دەبات. لەشکرە بێ ڕەحمەکەی فەلەك دڕندانە

بەربوەتە تەنی بێ حەرەسی مەولەوی. ئەو قەڵای بیرو بورجی ئاگایی کاول دەخاتە پێش چاوی مە. بەمەش ژمارەی پێوانەیی لە قووڵی وسادەیی دارشتندا تۆماردەکات. خەیاڵ دەکاتە پاسەوانی لاشە. دەمەوێ کەمێ لە سەرنیعمەتی خەیاڵ لای مەولەوی بدوێم کە لای رۆمانسیەکان گەورەترین رەگەزو هەوێنی مەیینی قوتابخانەکەیە:

کاتێ باری راستەقینەی ژیان، لە ئان و ساتێکا کە دارماوە و مرۆڤ زۆرباری گرانە و بێ دەسمایە و بێ ژیانە، بالانسی رۆحیەتی زۆرلە خوارە. ئەوە خەیاڵ دەبێتە فریادرەسی و دەتوانێ بیفرێنێ بەرەو شاری نموونەیی(بەهەشت-شاری سر- شاری دڵ)چوون تەنیاخەیاڵ توانای کەمکردنەوەی مەوداکانی زمکانی هەیە. هەرلەم رووەوەیە کە دەردەداران و ئەوگاران پەنا وە بەر مەی و مەیخانەکان دەبەن بۆخەیاڵ بوون. خەیاڵ دابین کەری ئەمن و ئاساییشە بۆ وولاتی تەن و رۆح.رۆڵی پاسەوانی خەیاڵ، لە وەوەیە کە لە بەردەم خەم وخەفەت و مەینەت و بەلاکانی رۆژگاردا کە فەوتێنەری لاشەن، خەیاڵ تاکە قارەمانە لای ئەوانەی کەخەیاڵ ناسك و بەهێزن. کەمن لام وایە هیچ شاعرێك لە مێژووی شیعری کوردیدا لە بە کاربردنی خەیاڵدا بە مەولەوی ناگات. ئەوە خەیاڵە جوانەکانی مرۆڤن دەبنە پاسەوانی بۆ بە گەنج مانەوەی دڵ و گیان. چوون خەیاڵ هوشیاریت دەداتێ و پێناسی دنیات بایی خۆی بۆ دەکات. لێرەوەیە چەمکی(مەستی - خەیاڵ) دەبێتە ولاتی فێنکی دەردەداران و مەی نۆشان. بوونی مەی وخەیاڵ لە شیعری کوردیدا چ بە باری مەجازی و چ بە باری حەقیقیدا ئەو پەنجەرەیەیە کەخوێنەردەتوانێ بۆ نەشئەو مانا لێیەوە بروانێت.بەلام بەلای منەوە بینینی نەبراوە و نەمری لە بارە عرفانیەکەیدا دەبینرێت. چوون هەمیشە بە مەستی دەمێنیتەوە و بەرت نادات.

مەولەوی لەم بەیتەدا زیادەرەویەکی جوانتری کردوە. کە ئەو پاسەوانی خەیاڵ بە دەستی خەم فریودەدات.واتە خەم خەیاڵ دەخەڵەتێنێت وفامی دەبات. ئەم دارشتە لە یەك ساتا ئێمە پێچەوانەی راڤە و مانا دەکاتەوە.خەم: سەرەکیترین و گرنگترین پاڵنەر و هۆیە بۆ ئەوەی ئێمە پەنا بەرینە بەرمەی و لە رێگەی مەیەوە بگەینە خەیاڵ. خودی خەیاڵیشمان بۆ ئەوە دەوێت بمانباتە ولاتی فێنکی عەشق و پرلە ئەمن و ئاساییشی

مەستی وخێوەتی یار و دوور لە ڕەقیب.کەواتە خەم نەبێت ئێمە زەمینەی عاشقی و نۆشینی بادەمان نابێت.

ئەم شەریعەتە لای مەستانی دەریا دڵ ڕەنگرێژکراوە و بابی حەرام وحەلاڵ و ڕەوایی بادەیان جیا کردوە تەوە. شەرتی حەلاڵی بادە خەمە. کەواتە ئێمە بە بێ خەم نابینە مەی نۆش، بەم پێیەش ناگەینە خەیاڵ.

بەلام مەولەوی سقوت بە خەیاڵ دەکات و لە سەردەستی خەم شکستی پێ دەهێنێت. بە مانا خەیاڵ لێرە نەیتوانیوە ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات و ببێتە پارێزەری لاشە. بۆیە لە دوای بیرو ئاگایی، خەیاڵیش دەبێتە سێیەمین محوەری بەزیوو. ئیترلاشە دەکەوێتە بەرتالان. تەڕی وفێنکی ئەم وێنانە مەحاڵە بۆ کەس بگوازرێنەوە و ڕاڤەکرێن.تاکە هۆکاروچارە بۆ هەست کردن و لەزەت بردن لە جوانیان دەبێت هەرکەسە وخۆی هەوڵ بدات ڕۆحی گەورە وجولاو بکات، دڵی خاڵی کاتەوە لە ڕق، پرپڕی کات لە یارو بکەوێتە ڕێ بەرە وشاری عرفان. بۆ ئەو دیو ئاسمانەکان و پشت دەریاکان. {هشت کتاب.سهراب سپهری.چاپ نوزدهم ١٣٧٦ل٣٦٢} بۆیە تەرجەمەی ئەم وێنانە هەرچۆن بکرێن هەرشتێ لە جوانیان وون دەبێت.

خەم فامی ئیشکی خەیاڵ بردە بەس

دوکانی بەدەن مایەوە بێ دەس {دیوانی مەولەوی سۆرانی ئەردەلانی ل٢٦٥}

٦- فرسەت زانا بێ تەریدەی قاتڵ

یەکسەر بەردە بێ کالای گیان ودڵ

بەم هەلەی زانی بووقاتڵی شار بەدەر کراو(ڕێگروچەتە) دەم و دەست شمەکی گیان ودڵمی برد.ڕێگرو چەتە و قاتڵ کاتێ زانی لاشەم بێ پاسەوانە هەڵی کوتایە سەرو دڵ و گیانی بە تالان برد.

٧-خەبەربیم هۆشم ئاما وە بەردا

ئەملا گیان ئەولا دڵ، دام وە سەردا

بە ئاگاهاتم و هۆشم بە بەراهاتەوە نواڕیم ئەم لا گیان ئەولا دڵ. نەماون و دام بە سەرخۆمدا.

٨-لادێ ئێش سەخت ساتێ وەی ڕۆ وەی

واتم چارنیەن مەربشون وەی پەی

تاوێ بە ئێشی سەخت و ساتێ بە وەی وەی و ڕۆ ڕۆوە دانیشتم و دواجار ووتم چارەنیە دەبێ لە دوویان بڕۆم.

٩-دیم ناڵچەکەی داخ دڵەی پڕجە هوون

شەقڵش هانەڕووی گەرد ڕووی دەروون

شوێن دڵم وەك ناڵچەی داخ لە سەر تۆزی ڕێی دەروون دیاربوو. یانی ڕەسمی دڵم کە لە هەڵکوتانە سەرمدا بوو بوە ناڵی ئەسپەکەی لە سەر تۆزی ڕێی دەروونما بە وێنەی مۆر دەرچوو بوو.

ئەم هێنانە پێش چاوە بۆ دزینی دڵ وگیان و بە سەحرا پیشان دانەی دەروون تێکرا وەهمی گوزارشت دەکرێن مەولەوی شێوەی دڵ و داخی دڵ بە وێنەی مۆرێ لە سەردەروون وێنە دەکات بۆ ناسینەوەی تەریدە و جەردە قاتڵەکە هەر بەوەش دڵبەری گیان دزی دڵ تالآنکەردەناسێتەوە.

ڕاڤەکە لە دیواندا(داخ وخەفەتی دڵی خوێناویم کە وەك ناڵ بە قاچیا داکوتراوە نیشانەی بەجێ هێشتوە بە تۆزی ڕێگەی دەروونمەوە{دیوان ل١٧٣} . لای ئەردەڵانیش دوای تەرجەمەی نووسیویەتی(ئەی بۆ ناڵچەکە بۆ دزەکە نەبێت کە لە کاتی بردنی دڵیدا شەقڵی بە سەر تۆزی دەروونیەوە دیاربێ){ دیوانی مەولەوی سۆرانی ئەردەڵانی ل٢٦٦}

دەبێ بزانین کە دزوجەردە و ڕێگر و قاتڵ لە شیعری عاشقیدا ناشیرین نین و دەبنە سیفەت بۆ پاڵ سیفەتە جوانەکانی تری یار.هەروەها ڕەنگە ئەم مەفهوومە کە بوەتە نازنا و بۆ حەزرەتی (نالی)(ناڵی)بێت بەم ڕاڤە حوبییە:

مەلاخدر دڵی کردبێتە ناڵی بوراق (ئەسپە باڵدار و خێراکەی بینایی چاوان محمد لە معراجدا) واتە پێغەمبەرخۆشەویستی مەلاخدرە و دڵی ئەمیش ناڵی بوراقەکەیەتی.

١٠-ڕەوان تەرجە هەرس وە صەد قەترەو دەو

تاوە مەکۆ گەی ئاسانەکەی ئەو

نە وەستاوتر لە فرمێسکم کە فیچقە دەکات، دەرپەڕیم و بە غار تا بەردەمی ئاسانە و حەشارگەکەی ئەو قاتڵە. کاتێ پەیوەندی وشەکان ئەدۆزینەوە ماناکە ڕۆشن دەبێت. ڕەوان تەرجە هەرس - نەوەستاو تر و بەردەوام تر لە فرمێسك. قەترە و دەو ڕۆشتنی خێرا.کەواتە بە بەراوردی خێرایی و بەردەوامیەکە قەترە و دەو لە فرمێسك دووردەکەونەوە و دەبێتە قۆچاغی و بەلەز ڕۆشتن.

بێجگە لەوەش بێژەی( ئاسانە ) ڕێز دەگەڕێنێتەوە بۆ وەسفەکانی (تەریدەی قاتڵ) کە هەمان ئازیزی مەعدوومە. کاتێ مەولەوی دەڵێت تۆ بیرو ئاگایی وخەیاڵت نەهێشتووم و داویشتە بە سەرتەنمدا و دڵ و گیانیشت بردووم.ئەم حاڵەتی دڵبردنە یە کە عاشقان (لەیلا و شیرین و زین و خەزاڵەکان) بە زاڵم و غەدارو خوا نەناس ناو دەبەن.

١١-لالأم ونالأم حاشات موشکڵەن

گیان فیدای تۆبۆ، یە بەڵگەی دڵەن

پاڕامەوە و ناڵاندم، خۆ نەبان کردنت نابێت. گیان بە سەرگەردت بێ بەڵام خۆ ئەمە(ناڵچەی داخ)بەڵگەی دڵە. پاڕانەوە و ناڵاندنی عاشق بۆ ئەوەیە کە یار لە دڵبەری حاشانەکات، حاشاکردنی عاشق لە مەعشوق کارەسات وگرفتە بە لای عاشقانەوە.مەولەوی زۆرجوان ماناکەی داڕشتوە. هیچ جێکەوتەو نیشانەیەك بۆ گیان نیە و ڕۆح پێناسە نەکراوە.بۆیە زۆر بە دوایدا ناچێت و چەندو چوونی لە سەر ناکات و دەیکاتە قوربانی.بەڵام دڵ پێناسەکراوە و بەڵگەی حاشاهەڵنەگر ناڵچەی داخە.داخ: ناو و نیشانە لای مەولەوی کە دۆست ناویەتی بە دڵیەوە.دڵ داخ کراوە و شوێنی داخەکانیش لە سەردەرورونی دیارە. بەراوردی ناڵ و دڵ بەڵگەی سەلماندنن.

١٢-سیوای تۆ ئازیز نەی زەمانەدا

کێن گوزەرکەرۆ بەی وێرانەدا

بێ لە تۆ ئازیزکێ هەیە لەم کاتەدا سەربکا بەم وێرانەیەی مندا.

دوای وێران کردنەکانی فەلەکی کەڵەکباز کە دووریەکەی خولّقاند و مەملەکەتی جەستەی کاول کرد. مەولەوی ئامـاژەی جوان دەدات بـە دڵـبردن و سـەردانی یارلـەو مەنزڵە وێرانـەی ئـەو، یار بـە دڵبردن مهرەبان دەکاتـەوە. بـە هـەمان ئـەو وشانەی کە تائێره لە پەسنی تالآنکەرەکەدا لە خولکەی خراپیدا دەیسوڕاندنەوە، لێره بـە (ئـازیز) هەموویان دەشواتەوە بە ڕوخساری جوانیان دەیانخاتەوە زهنی ئێمە.لە خراپ ترین کات و سات وکاول ترین ماڵدا یاردڵ و گیانی بردوە و لای خۆی گلی داوەتەوە. ئەو یارەی کە هەرخۆیەتی بۆ سەردانەکانی کاخ و کۆشك و تـەلاران بـە مـەرج نـەگرێ و کاولاشانیش بخاتە ئەجندای سەردانەکانی.ئەم سەرکردن بە وێرانەدا، درووست لە گەڵ خاکی بوونی شێخ عومەردا دێتەوە.

١٣-نە نیم نیگایێ نە کەرد تەماشا

چێدیش وێنەی ماڵ یاران کەردحاشا

نە بە نیونیگایێ لایێکی لێ کردمەوە و نە سەیرێکی کردم. لە دڵ و گیـانی مـنیش وەکو ماڵی یارانی ترحاشای کرد. لەم حاشاکردنەی یـاردا تێدەگـەین کـە مـرۆڤ خـاوەنی هیچ نیە و دواجارنە ماڵ و نە سامان نە دڵ و نە گیان هەمووی هەر هی ئـەون و یـاری تاقانەیە خاوەنی ڕاستەقینەیان. مامۆستا دەفەرمێت: مەولـەوی ئیـشارەیەکی جوانی بـۆ ئەوە کردوە خەڵکی ماڵ بەخت دەکەن و ئەم دڵ وگیان.{دیوان ل١٧٣}

## شیعری پێنجەم

### ١-جیلوەی جەلای جام دڵەی پڕجەگەرد

### فەرمات پەی تەزبێح هاڕەوانەم گەرد

ئەی تیشکدەرو جەللا دەهەندەی ئاوێنەی دڵە پڕ لە تۆز و گەردەکەم داوای تەزبیێت کردبوو، وا ڕەوانەم کرد.

جیلوە لە زماندا دەرکەوتنە، لە عرفاندا ئەوەی لە گۆژمەی ڕووناکی غەیبەوە لە دڵی عاشق و ڕێبواردا دەردەکەوێت.ئەمەش بریتیە لە جێکەوتەی کارو کردە و ناو و سیفات و زاتی ئیلاهی لە دڵدا.

جام ، ئەحواڵی دڵی سالکە، ئەو ڕووبەرەی دەبێتە نما و شوێن بۆ ئەسەرەکانی جیلوە. بۆیە لێکۆڵەران و ڕاڤەکاران هەرکاتیٚ لەم زاراوانەیان دێتە ڕێ تووشی گرفت دەبن. وە هەرجۆرە لێدوانێك لە سەریان توانای سحری ووشەکانی نیە و وەرگێڕانیان کارەساتە.خودی ئەم زاراوانە ووتە بێژ و زمانحاڵی عیشقن. عەشق خۆی هیچ باس و خواس و ڕیکلام و بانگەشەیێ هەڵناگرێ.هەربۆیە وشە خرمەتگوزارەکانیشی خۆیان نادەن بەدەستەوە.

شیعری ڕۆژهەلأت بە گشتی و شیعری کوردی بە تایبەتی لە ڕێگەی ئیسلامەوە و بە هۆی زمانی (عەرەبی و فارسی و تورکی)چەندین زاراوەی تێ زاوە. زمانەکانی تر هێندەیان بە کارهێناونەتەوە کە باش جێیان گرتوە و هەموویان وەك یەك بوونەتە خاوەنیان. چۆن عەشق لە وتنی دا مانای خۆی وون دەکات.ئەم زاراوانەش وەهان. هەرمکیاژێ لە بری جوانترکردنیان ناشیرینیان دەکات.بۆیە من لەو ڕوەوە داوای لێ بوردن دەکەم هەرکاتێ وشەیەکم ناشیرین کردبێت.

ئەم شیعرە لە گەڵ تەزبیێدا بۆ شێخی سراج الدین نێرراوە. مەولەوی ئەم بۆنە سادە و ساکارە ئاسمان و زەمین پێ دەکات و عەشقی پیرەکەی و یاری لە وەصلاً و بێ بەهرە و بەش مەینەتیەکانی خۆی لە فەصلاً پێناس دەکات. ئەردەلأنی (جەلای جام) ی

کردوە بە ئاوێنە و پیرەمێردیش(جیلوەی جەلای جام)ی هێشتوەتەوە و بۆ مجامەلەی تێگەشتنی سۆرانیەکان شیرینی مانای وشەکانی تێك نەداوە. {بڕوانە دیوانی مەولەوی سۆرانی پیرەمێرد ل٧٣ودیوان مەولەوی سۆرانی نەردەلانی ل٢٢١}

٢-پەریێ تۆخاسەن هەرشام تا سەحەر

هەر ژمارەی وەصڵ باڵای دولبەر کەر

تەزبیێ بۆ تۆ باشە، شەوان تا بەیان ژوانەکانی بە یەك گەشتنی خۆت و باڵای یار بژمێرە.

مەولەوی پۆلی پیرەکەی دیاری دەکات کە وەصڵە و پۆلی خۆیشی وەك هەمیشە کە فەصڵە. هەردوو ڕوەکەش دوودیوی عەشقن ولە هەردوکیاندا یارخۆرە و ئێمە سوڕاوە.

٣- نەك چوون من وظو وە هوناو ئەستە

خەم سیواك نمای مەینەتان بەستە

نەك وەکو من کەدەست نوێژم لەخوێنا و سەندوە و(گرتووە) خەمم کردوە بە سیواك و نوێژی مەینەتانم دابەستووە. دەسنوێژم سەند هێژایانە ترە و ڕێزێ بۆ ئاو و شعورێ دەدات بە مرۆڤ. دوو بەیتەکە دەبنە دژو خەم و سیواکیش دەبنە وەك یەك.مەولەوی خۆراك و دەستوور و تەنانەت ئەرکە عیبادیەکانیش(دەس نوێژ، نوێژ، سیواککردن، تەسبیحات... هتد) بۆ عاشقێ لە فەصلاً دیاری دەکات و تایبەت بە داهێنانی خۆی کەرەسەی تر دەخاتە زمانەوە بۆ تەعبیرکردن لەو چەمکانە. دەست نوێژی خوێنین دڵنیاییمان دەداتێ کە مەولەوی لە ژیانی حەللاج و مەدرەسەکەی و عەشقەکەی و دادگایەکەی ئاگادارە. وە من بڕوام وایە دەست نوێژ بە خوێن گرتن هەمان قسە و چیرۆکی شەهید بوونەکەی حەللاجە کە دەگێڕنەوە و دەڵێن:

دوای بڕینی دەستەکانی دوو دەستە خوێناویەکەی هێنابە دەم و چاویاو پێیان گوت چیت کرد؟وتی خوێنێکی زۆرم لە بەرڕۆیی و ڕوخساری زەرد هەڵگەڕاندم. گووتم نەك وا گومان بەرن کە زەردیم لە ترسایە. بۆیە دەم وچاوم خوێناوی کرد. گوتیان باشە ئەی باسك و ئانیشکت بۆخوێناوی کرد؟گووتی دەسنوێژ هەڵدەگرم ! گوتیان دەسنوێژی

چی؟ گوتی: رکعتان فی العشق، لایصح و وظوهما الابالدم. ){وظوی خون. سیری درزندگی حلاج - میشیل فریدغریب. ترجمه ؟دکتربهمن رازانی. چاپ دووم١٣٧٨ انتشارات ا ساطیرتهران ل٥}

٤-نیشتەی گۆشەی تار نمازخانەی دەرد

ڕوو نە پای میحرا و هەناسان سەرد

من کە لە کونجی تاریکی مزگەوتی دەردا دانیشتووم و ڕووم لە محرابی هەناسەی سارد کردووە. زوهد و خشوع لە تاریکیدا، واتە نادیاردا.

ئەم وێنەیە جیاوازی دەکات لە نێوان (نوێژکەروکەسێ کە چووبێتە نوێژەوە. یەکەمیان وەك ئەرك جێبەجێکەرێکی بێ چێژ(دینداری تەقلید) و دوەمیان وەك عەشق وچێژی پڕمانای ڕۆحی. ئەمە دەرککردنە بە عیبادەتی بێزرار و لە کۆڵ کەرەوە، کە زۆر باوە لە کۆمەڵگەدا هەمیشە تینووەکانی ڕاو ناوە و لە گۆزە پڕ لە نەخش و نیگارە بێ ئاوەکان هەڵ هاتوون و بۆ دەم تەڕ کردن چوونەتەوە سەر کانیە بە پووشکە ڕوومەت داپۆشراوەکان. ئەمە تەعبیری شیعرێکی هاوڕێم کۆساریە کە دەڵێت:

دیسان سەلامم لەو کانی و ئاوە لە سەر ڕوومەتیا پووشکە وێساوە

٥-وەی وظو و مانا و وەی سیواکەوە

جەی گۆشەی میحراو مزگی پاکەوە

من بەم دەسنوێژ و نوێژ دابەستن و سیواکەوە. لە سوچێکی محرابی ئەم مزگەوتە پاکەوە......

ڕەنج و دەرد و مەینەت و بارەگرنەکانی تری ڕێگەی خۆشەوستی تەسبیحاتی فرمێسك و.... هتد ئەوە تا نمازخانەی دەرد و محرابی هەناسە دەکاتە مزگەوتی پاك.

کەواتە بەخۆکردنی عیبادەتخانەکان(خۆت بکەیتە پەرستگە) لە چوون بۆ نمازخانەکان گرنگترە. جهادە نەفسیەکان لای مەولەوی بە بایەخترن لە ڕیاکاری واجبە

کۆمەڵەکان. کەواتە دەکرێ مرۆڤ وێرانە ماڵی خۆی تازەکاتەوە و بە یادی ئەو بتخانەکانیش بکرێنە کەعبە. مەولانا خالد فەرموویەتی:

بە میعماری غەمت نوێم کردەوە وێرانەکەم بۆخۆم

بە یادت کردمە کەعبە عاقیبەت بتخانەکەم بۆخۆم

٦-دانەی مەرجان هەرس مەهجووری

هۆنیای تای کرژ ڕشتەکەی دووری

دانەی مەرجانی فرمێسکەکانی دابڕان. کە بەتاڵی کرژ و ئەستوری ڕێسراوی دووری هێنراوەتەوە.من بە تەزبیێکی تری باشتر و نەپچڕاوتر زکر دەکەم. هەرچەندە کەس لاری نیە لە بە گەورە زانینی شێخانی نەقشبەندی لای مەولەوی و تەنانەت لای هەندێ کەس خۆ بە کەم زانیەکەی مەولەوی جێی ڕەخنەیە. بەڵام بەندە گەشتوومەتە قەناعەتێ کە زۆرجار مەولەوی دەدات بە لای ڕابەرەکانیدا و ئاستی تێگەشتنی بۆ عشق و دڵداری لەوان کاریگەرتر و گیانی تر پیشان دەدات. ئەم شیعرەش یەکێکە لەو بەڵگانەی کە دڵداری و زکرەکەی و هۆکارەکانی مەولەوی هەیانە بە سەرتەزبیەکانی پیردا. تەزبیەکانی یادکردنی مەولەوی بۆ یار، مورووەکانیان مەرجانی فرمێسك و بەنییشیان تاڵی کرژو قاییمی دووریە. نرخی ئەم مووروانە بە کەسی تر پێك نایێن. ئەمەیان دینداری و خۆشەویستی یارە دوور لە تەماکان و پچڕانی ئیمتیازی کۆمەڵایەتیانە و وەر گرتنی شوناسی درۆزن و ڕیابازانەی نێو کۆمەڵ

٧-پەی ژمارەی زکر کزەی ئێش ونێش

کافیەن دیدەم تەزبێحم پەی چێش

بۆ ژمارەی یاد و تەسبیحات کزەی ئێش و ژانم بەسە چاوەکەم تەسبیحم بۆچی یە ؟ یان من چاومم بەسە بۆ ئەو مەبەستە و تەسبیحم ناوێت. واتە من بە ئەسرین زکرەکانی ئێش ونێش دەژمێرم.

به دوور له وەی مەبەستم بێت خوا نە کردە گەورەیی و نزیك لە یاری سەروەرم حەزرەتی شێخی سراج الدین نادیدە بگرم کە چەندین ڕابەرو داناى گەورە شایەتی پلەو پایە و دەسەڵاتی ڕۆحی ئەون دەمەوێت بڵێم:

مەولەوی زۆرپێش قانع ویستوویەتی بە گژ ڕەمزەکانی ڕیاکاریدا بچێتەوە. بەڵام بە ئسلوبی عرفانی و بەراوردی ئیخلاصیانەی خۆی. بە زمانی پەنهان و ڕمز و ڕاز، نەك بەو ئاشکراییەی قانع. نەریت وعادەتی تەزبیێ بەکارهێنان لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی و بە تایبەت کوردیدا جیا لە خو وخدە بوەتە ڕەمزی ئاشکرا بۆ یاد کردنەوەی خوا (تسبیحات) دیارە ناوەکە شی تایبەتی ئەو مەبەستەیە و زیاترڕەنگ ورِوی ڕیای بە خۆوە گرتووە و، وەك هۆکارێکی ساختە لای شاعرانی جدی بەر پلار دراوە. بەندەی ڕاستەقینە گەربیەوێ سوپاس گوزاری و زکرو یادەکانی یاربکات، لە ڕاستیدا پێویستی بە هۆکارە ئاشکراکان ڕەمزەکانی ڕیاکاری نیە لەوانەش تەزبیێ. مەولەوی لە قالبی ڕێز و ئیحترامدا بە پیرەکەی دەڵێت من بە هۆکاری تر یادی خوادەکەم.

دیاردەی ڕیاکاری و ئاماژەکانی دینداری و بەندایەتی بوەتە ئەرکی بێزارکەر و حساب ڕاست کردنەوە بە جۆرێ ئەو هەموو ئاوەدانیەی مزگەوتەکان ئاوەدانی ڕۆحی و گەورەبونی لێ نەکەوتوەتەوە. بۆیە کۆمەڵی نوێژکەری ئێمە نەیتوانیوە مهرەبانی و ڕۆح گەورەیی وجوانی بینی و هونەربداتە کۆمەڵگەکەی . لە ڕابردوودا هونەر کرابوویە ناوەندێکی شل و لە بار بۆ دەرکەوتەی پەیامە ئەخلاقیەکانی نێو دیین.

ئەگەر تەقەی دەنکی تەزبیحی صەددانە لە ڕابردوودا چەند ڕیاکاری دروست کردبێت. ئێستاش ڕیا بازی هەزار ئەوەندە ڕەنگی تری گرتووە. لە سەدەی ڕابردوودا قانع وەکو هەڵکەوتەیەك لە پانتایی خورافەی کۆمەڵگەی ئێمەدا دەرکەوت بۆ ئەوەی کوردەواری بەرە وحەقیقەت و ڕۆشنایی ئاراستە بکات. داخەکەم بە ڕۆحی نوکتە گەریی کوشتمان و پشتی سەرگوزە شتەکانمان شەن و کەو نەکرد و خوێندنەوەمان بۆ نەکرد. تەنانەت لە خۆوە چەندین مۆرك و ناسنامەمان ئاخنیە باخەڵی قا پووتە درێژ و تۆزاویە چلکنەکەی. بۆ شیاوی شیعرەکەی مەولەوی و یادێ لە قانع ئەم سەرگوزەشتە لە مامۆستا ووریای کوڕیەوە دەگوازینەوە.

باوكم لە پێنجوێن لە دوكانی حاجی عەلی زەڕنگەر دادەنیشێ. كابرایەكی تەزبیح فرۆش دێتە بەردەمی و دەڵێت تەسبیح بكڕە، باوكیشم دەفەرموێ نامەوێ كابرا دەڵێ صەدویەك دانەیە و زۆر پێویستە بۆ تەهلیلە باوكم دەڵێت نامەوێ كابرا دەڵێ یا شێخ كاتێ تەهلیلە دەكەی ئەگەرتەسبیح نەبێ لێت تێك دەچێ و نازانی چەندە؟ باوكیشم دەفەرموێ جا بۆ خاڵۆ گوێز بە خوا دەفرۆشم كە دەبێ بیژمێرم تالێم تێك نەچێ!{زایەڵەی زرێبار ئەحمەد نەزیری چاپی یەكەم١٣٨٢ل٢٩٤}



١- جه دوریت دەروون مەوج دەریای هوون

مدۆ وه چەمدا بەلاّم چێش کەروون

له دوریتا دەروون شەپۆله خوێناویەکانی ئەدا به چاوما و بەلاّم چی بکەم ؟؟

بۆ محمود پاشای جاف نووسراوه کاتێ ماڵی له بەغدادەبێت. بۆ پەیوەندی مەولەوی و ناو براو و زانینی نامه بۆ نوسراوەکه بڕوانه{یادی مەردان ب٢ل٣٨١-٤٦٦، لیریکا ل٦٩، ڕسالەی عیشق ل٢٥٣-٢٥٥}

٢- پایتەخت محموود دارالسلامەن

منیچ کەمێ فام ئەیازجەلامەن

پایتەختی سلّتان مەحموود(دارالسلامه)و منیش کەمێ ئاوەزی ئەیازم لایه.ئەبێ له تیلنیشانەکەوه هەوڵی شرۆڤه بدەین.

دارالسلام - بەغدا. خانەی پارێزراوه و پایتەختە و سەلامەتی مسۆگەر دەکات بۆ حاکمەکەی. له ڕابردودا پایتەختی سوڵتان محمود و ساتی نووسینی شیعرەکه شوێنی دانیشتنی مەحمود پاشای دۆستی مەولەوی بووه.

٣- ئەیازت فاماش تەفائول کەردەن

سلاّمەتی تۆش وه یاد ئاوردەن

ئەیازی تۆ(مەولەوی)عەقلّی به فاڵ گرتنەوه شکا و سەلامەتی تۆی به بیردا هات. ئەیاز یان(هەیاسی ژیر)له ڕابردوودا ڕەنگه بۆ بیرکردنەوه له سەلامەتی پایتەخت وسلّتان بیرێکی کردبێتەوه ورێ و شوێنێ گیرا بێتە بەر بۆ بەرگرتن له مەترسیەکانی دیجله له سەر بەغدا. ئەستێرەناسان و فاڵ گرەوان له ڕابردوودا نەقشی کاریگەریان هەبووه له سەربڕیار و بیرکردنەوەی پاشایان و حاکمان وه ڕەنگه (فاڵێك) زۆر شتی هێنابێتە ئارا و زۆرشتیشی گۆڕی بێت، تەنانەت چارەنوسی هەندێ قۆناغی مێژوویی، بەفاڵ یان پێشبینی یەك یان لێکدانەوەی خەونی پاشایێك ژێره و ژووربوون.

من نازانم سەد و بەربەستەکانی سەر دیجلە کەی و چۆن و بە بڕیاری کێ درووست کراون ؟! بەڵام مەولەوی بیر لە بەربەست دەکاتەوە لە سەر دیجلەی چاوەکانی. لە مەوە دەڵێم ڕەنگە بەربەستەکانی سەردیجلە بیری هەیاس بووبن. چوون مەولەوی دەڵێ ئەیازی تۆش لە مانای تەفائول دەزانێت بەشی (چاو) باکوری لاشەی مرۆڤە.ڕەنگە هەیاس لە ڕێگەی فاڵەوە سەلامەتی بەغدای بەوە دەرهێنا بێت لە باکوری دیجلەدا بەربەست دروست کرێت. چوون مەولەوی بەر بە فرمێسکەکانی دەگرێت. سەری خۆی کە بە نیسبەت دڵەوە باکووری لاشەیە و دڵ پایتەختی خۆشەویستی یە. بە مژۆڵی بەر بە هەڵسەکان(فرمێسك)ی دەگرێت و دڵ لە مەترسیەکانی لافاوی چاو دەپارێزێت

٤-وەخار وخاشاك موژەی چەسپیدە

سەد بەستەن نە دەور سەرچەمەی دیدە

بە درك ودالّ و پڕ و پۆی برژانگی پێکەوە نوساو و لە دەوری سەرچاوەکەی چاوما بەست و بەنداوم بەستووە.نەریتی گۆم گرتنەوەش لە سەرچەمەکانی هەورامان لە بیرەوەری منالّی خۆما یەکێکە لە سەیرە خۆشەکان و ڕەنگە جەنابی مەولەویش چاوێکی لەو دیاردە بووبێت.ئەم بەیتە فامی ئەیازی مەولەویە بۆ بەرگرتن لە لافاوی دیجلەی چاوەکانی.

٥-وەرنە دیجلەی غەم توغیان کەردەبێ

تا ئیستە چەندجار بەغداش بەردەبێ

ئەنا دیجلەی غەم تا ئێستا هەستابوو.چەندجارلافاوی بەغدای برد بوو

یانی بەربەستم لە ڕێی سەرچاوەی چاوم نەکردایە دیجلەی غەم بە مەوجی دەریای دەروون تا ئێستا چەندجاردڵی( بەغدا )برد بوو. دیجلە کە دەدات بە ناو بەغدای پایتەختا و مەترسی لە سەربەغدا هەیە. ئەیاز ئامان دەداتە سوڵتان و پێی دەڵێ تۆ لە (دارالسلام)دای. مەولەویش بەر بەدیجلەی غەم دەگرێت و پایتەختی موحیبەت (دڵ) دە پارێزێت کە محمود پاشای لێ نیشتەجێیە. ئەمەش یەکێکە لەو وێنانەی کە مەولەوی وەزیفەی ماناکە لە دیجلە دەبەستێت. من دڵنیام هیچ شاعرێیکی عەرەب بەوجۆرە

دیجلەی بە شیعر نەکردووە. بۆیە گرنگە لە ئەرکی ووشە لای مەولەوی بگەین.ئەم شیعرە زستان نووسراوە.چوون مەولەوی هاوینی داهاتووی شیعرێکی تر ئاراستەی هەمان کەس دەکات مفرەدەکانی شیعرەکە وەرزەکە دیاری دەکەن بڕوانە شیعری {٧پیتی چ لەم کتێبەدا}

١-جۆراب چوون من زامان نە سرەفتە

وە سەر پەنجەی پای ئیستیغنا کەفتە

گۆرەویش وەکو من زامانی نەسرەوتە و ئێش دانەمرکاوە وکەوتوەتە سەر پەنجەی پێی بێ نیازی یەوە.

واتـە وەك چۆن مـن زامـەکانم ناسـرەون و کـەلکم نـەماوە. گۆرەویەکەشم دڕاوە و کون بووە وناتوانێت ببێتە جێ نیازی پەنجەم و پەنجەکانم لە خۆ گرێت. هۆی نووسینی شیعرەکە و ڕاڤەکەی ناو دیوانەکەش ناچێتە قەناعەتی ئێمـەوە و سەرچاوەکانی تـریش لێـی نـەدواون تـەنها مامۆسـتا تەحـسین وەك دەلیلـێ بـۆ عیـشقی ئاسـۆیی مەولـەوی هێناویـەتی.{دڵ و چاول٢١٨} . ڕاسـتە مەولـەوی عیـشق دەکاتـە بزوێنـەر و دڵ ڕووبەر و زەوی تاقیگەی خۆشەویستی بەلام لە سەر هێڵی ستوونیش ئەوعشقە سـەردەخات. ئێمـە وەك یوسفێ بۆخوێندنـەوە دەخاتـە چاڵەکانی و ئـەم شـیعر و وێنانـە دەبنـە بەلگە بـۆ دیدی عرفانی مەولـەوی، شتە بـێ کەلکەکانیش دەتـوانن دەرسـی عیـشق دا بـدەن٠ئـەو توانستەش کاری عارفانەیە لە سەر زمان و زاراوەکان.

ڕێی تێ ناچێت مەولەوی بیەوێت گۆرەوی دڕاو و بێ کـەلکی خـۆی بگۆڕێتـەوە لـە گەڵ هاوڕێیەکیدا و بە نیازیش بێت هاوڕێکەی دەست پێشخەری بکات. {دیـوان ل١٧٧} دروست ئێمە بە پێچەوانەوە بۆی دەچین. ئـەو گۆرەویـە دڕاوانـە کـە نـاتوانن ببنـەجێ نیاز و مەحرەمی پەنجە وەکو مـنی زامـدار و دڵ دڕا و بێکـەڵك بـوون.ڕەنگـە مەولـەوی نیـازی بەخـشین و بـە دیـاری نـاردنی گۆرەویەکـەی هـەبوو بێـت بـۆ یـارێکی چـوون شێخ(عوسمان یان بەها)واتـە ویستبێتی ڕوتبـە و پلـەی گۆرەویەکـە بەرزکاتـەوە، بـەوەی کـاتێ کـە بکرێتـە پێـی ئـازیز و ببێتــە جــێ نیــازی پەنجــەکانی. بــەلام ئــەم ویستە(وەصڵ)تەنانەت بۆ گۆرەویەکانیشی پێك نایێت. مەولـەوی و یـار ناگـەن بـە یـەك بە هـەمان جۆر گۆرەوی و پـێ ی ئـازیزیش. چـوون مەولـەوی و گـۆرەوی دەبنـە دڕاو و بەمەش شیاو نابن. گۆرەوی و مەولەوی دەبتە دوو پاڵەوانی فەصڵ. بەمەش تەن کەوتە

کێوی مەولەوی و خەیاڵ خاوی و بێ عەقڵی گۆڕەوی ڕێك دێنەوە و یار نایان باتەماڵەوە و لە کۆڵان فڕێ دەدرێن. چوون یار نیازێکی پێیان نیە ئاخر شتی دڕاو بەکەڵکی چی دێت؟

٢-بەد بەختێ چوون من تەن کەفتە کۆیێ

یان خەیاڵ خامێ ئەبلە چوون تۆیێ

بەد بەختێکی وەك منی لەش سووتاوی سەرکێوان(یان ناو کۆڵان)، یان خەیاڵ خاوێکی گێل وگاواری وەك تۆ.

شایانی باسە مامۆستا حەکیم ڕاڤەیەکی تری ئەم بەیتەی کردوە و دەڵێت. بەدبەختێکی وەك منی لاشە لە کۆڵانا کەوتوو، یاخەیاڵ خاوێکی گەمژەی وەکوتۆ. {مەولەوی تەقینەوەی زمان ل١٠٤- ١٠٥} چوون دەرو کۆ لە کوردەواریدا واتای بەر دەرگاو کۆڵان دە گەیێنێت. {وتم با لەم دەرو کۆیەتدا ئانێ سکونەت کەم. مەحوی}

٣-ئەو ڕوتبەی نازك تۆ وە دەروون بەرد

جە ڕوی گوستاخی تۆ ئارەزووت کەرد

ئەو پلە و پایە ناسکەی (دەرەجە)کە لە ڕوی بێ پەروایی و بێ ئەدەبیتەوە بوو بووە نیاز و ئارەزووت.

ڕوتبەی نازك: لە پێ کردنی گۆڕەویەکە لای ئازیز. ئێمە دەزانین مرۆڤ شەیدای پلە و پایەی بەرزە ڕووتبە و پلەی بەرزیش لە سەرشان یان لە سەرسەر دەکرێن.(نەجمەو تاج) ئەوسەلیقە عرفانی و ستاتیکیەی کە مەولەوی پێ دەناسرێتەوە و مەولەوی ناسان هەرلە دوورەوە دەیناسن مانا و دیاردە پێچەوانە کردنەوەیە. لە ڕاستیدا لە پێ کردن ئاماژەیە بۆ سوکی. ئەم لە ڕواڵەتا سوکیە شاعرانی تر زیاتر بە پێڵاو تەعبیریان لێ کردووە و هی ئازیزانیان لە سەرچاو ناوە. مەولەوی بە لە پێکردنی گۆرە ویەکە وێنەکەی لە مانای عرفانی پڕ کردووە.

٤-لەب وەتەماى دڵ چەندحەسرەتش بەرد

پێش ئاوڵە کەرد فرسەتش ناوەرد

لێو بەتەماى دڵ ئەوەندە خۆی کرۆشت وحەسرەتی برد. هەلی بۆ نەڕەخساو هەڵتۆقی.

قسە توانای هاتنەدەری لە سەر دەم نەبوو، پێی ووتە ئاوڵەی دەرکرد لە بە تەما مانی دڵدا. عاشقان دەبێت لە وتە و داوا و چاوچنۆکی لە بەرامبەر یاردا خۆ بە دووربگرن. ئەوە یارە خۆی لە دڵ ئاگادارە و چی بە شیاو بزانێ بڕیاری ئەوە دەدات. لە سۆفیان هەن تکاو ڕجاو هەر جۆرە نیازێك بە دژی ویستی خودا ( یار) دەزانن، چوون دەڵێن ئەو خۆی ویستی بە چی بێت هەر ئەوە دەبێت.

ئەم دیاردەی داوا ونیاز دەر نەبڕینەش بۆ سۆفی و دەروێشان و مریدان بەرامبەر پیرەکانیان پابەندی و ئەدەبە. تەنانەت بەخشینی هەرشتێکیش شەرت قبوڵ کردنی یارە.ئەگەر دۆستایەتی و گیان بەخشینیش بێت. ئەوە نیە مەولەوی لە شوێنی تر دەڵێت بشلێم دۆستم شەرت ڕازی بوون و قبڵ کردنی تۆیە. لە ڕاستیدا شێخان بیانو و وەسیلەن و مەبەستی سەرەکی یاری ڕاستەقینەیە.

## شیعری هەشتەم

١- جەهقەی ڕەعد مینای هەوری تار

نە مابەین بەزم ڕۆح ئەفزای وەهار

لەحیلکە حیلك و تریقەی بەرز لە شووشەی هەوری ڕەش و دێزەوە، لە میانەی بەزم و فرمانی ژیانەوە و ڕۆح بە بەراکردنی بەهاردا.

هەشت دێڕی سەرەتا مەجلس ئارایی و بادەنۆشی سرووشت و کەیف و عەیشە.کە مەولەوی بەرامبەریان مەجلسی خۆی بە دژیان نمایش دەکات یانی بینینێ پێچەوانەی دیتراو. ئەم شیعرە و شیعری دواترلە کتێبەکەی مامۆستا حەکیم دەگوازینەوە کە لەوێ ژمارە(١٧و١٨)یان وەرگرتووە. {مەولەوی حکیم ل١٧٦-١٨٠} چەخماخە و بروسکە وچاڵە بوونی هەور کە نیشانەی بارانی هەڵگرتووە فەرمانی ژیانەوەی پێ سپێرراوە.

٢- فەڵەك لە برێزەن پیاڵەش جە مەی

خەم کەردەن قامەت مەواچۆ ها دەی

گەردوون پیاڵەکەی لێورێژو و پڕە لە مەی، دانەویوە و دەڵێ هانێ(ساقیە و بادە دەدا) ئەم وێنە سروشتی و جوانانە لە زاراوەی عورەفادا (زکری ئەشیان) و بە زمان وحاڵی تایبەتی خۆیان خەریکی ڕازو نیازن و مەستن لە عیشقی ئیلاهیدا.ئەمەش مایەی تەسەللا و شۆڵە بەخشین وتەجەللای نوورن لە سرووشتا بۆ بەر دیدەی مرۆڤ، ئەمانە ئایاتن بە توخم و دیاردەی نێو سروشت نووسراون و شوێن پێکانی یاری هەمیشەجوانن. کە سروشتی پیرۆز و ڕازاوە کردووە و کردوویەتیە مەیدانی ئەندێشەڕانی. لە ڕێی ئەم دیدە جوان بینیە بووە کە باو باپیرانی ئێمە سروشتیان پێ پارێزراووە وچاندوویانە و پیسیان نەکردووە.

٣- نەرگس سەرنەجام لالە نیانش

مەسەن وە مەی عەکس خەمزەی نیانش

نـەرگس سـەری ناوەتـە سـەر (جـام - پێـك)ی لالـە و مەسـت بـووە بـە دەرکـەوتنی غەمزە و عیشوەی نەرم ونیانی.

لالە: لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا بە بینینی ئەنجامی زانیاریەکان دەگوترێت هەروەها بە دەم وچاوی گوڵڕەنگی دولبەریش.

نەرگس: خۆشی و شادی ئەنجامی زانست کە لە کردەوەدا بەکار هاتووە {فەرهـەنگی سـۆفیانەی..ل٢٩٣ و٣٢١} نێرگزسـومبولی مەستیـشە و تەنانـەت بووەتـە سیفەتی چاو مەستانیش. بیانوی مەولەوی (حسن تعليل)بۆ مەستی نێرگز بەم جۆرەیە:

نێرگزی عاشق و سالك لە ناوجامی مێلاقەدا مەستبوو، کە لە تیشکی ئـەو مەیـەوە غەمزەی نەرم ونیانی ئەودەرکەوت. واتـە پێـك وجـامی مێلاقـە مەساحەی دەرکەوتـەی یارن. خەمزە حاڵەتی لە سەرخۆ و بە نەرم کردنەوە و داخستنی چاوی دڵڕوبایانـە. کە مایەی عاشق پەروەری و دڵنەوازیە.

مشكل حل نشد از مدرسه صحبت شيخ

غمزه‌ای تا گره از مشكل ما بگشايی

کەواتە نێرگزی مەی نۆش لە نـاو پێکـی لالـەدا غـەمزەی یـاری دی و مەسـت بـوو. مامۆستا حکیم نیانی دووەمی بە(نهێنی)مانا کردووە.دەشکرێ نێرگز و لالە بـە عاشق و مەعشوق وێنە بکەین. (دیسان عیلم و عەمەلیش دەبنە عاشق و مەعشوق) لە ناو مەیدا نێرگز عەکسی لالەی دیوە و مەست بووە. دەرکەوتنی یار لە پێکدا، یـان بینـینی هـەموو پەنهان و نەزنراوەکان لە پێکدا شیعری فارسی پڕکـردوە و لـە شـیعری هۆرامی یارانـدا مێژوەکەی دەگەڕێتـەوە بۆسـەدەی دووەم وسـێیەمی کۆچـی.کەواتـە نێـرگس سـالکە بـە خەمزە مەست بووە، وەك چۆن وەنەوشەش سالکە و بە دیتنی خاڵ مل کەچ بووە.

٤- وەنەوشە ئەوخاڵ پیشانیش دیەن

سەرنەیەخەی فکر هەم شانیش شیەن

وەنـەوشـە ئـەوخاڵـەی نێوچـاوانی دیـووە. سـەری شـۆڕکردوەتەوە بـە سـەریەخەی بیرکردنـەوەدا و مـل بـەرزی و هاوشـانیەکەی لـە دەسـت چـووە. مـل کـەچ و شانـشکاو

بووە.یانی مل کەچ بوونی وەنەوشە وسەرداخستنی لە ئەنجامی بینینی خاڵی نێوچاوی ئەوەوە بوو. ئیتر وەنەوشە هەردەم و تا ئێستاش سەری داخستوە وخەریکی تەفسیری ئەوخاڵەیە.

خاڵی پیشانی:-

ئایاتی ڕوونۆ و دیار، مۆری ناوچاو.بەڵگەی ناسین. دەبێت لە ئەنجام گیری وەنەوشەوە بیر لە ڕەهەندی سوجدە بکەینەوە.٠چوون حاڵەتی سرووشتی ملی وەنەوشە زۆر جێی سەرنجی شاعر و عارفانی جوان پەرست و حەق پەرست بووە٠وە دەرسی سوجدەو سەر دانەواندنی لێوە فێربوون.شێخ حەمەشەریفی قازی (خاکی)کە کاتێ ئەو لە دنیا دەرچووە مەولەوی یەك ساڵان بووە لەو بارەوە فەرموویەتی:

وەنەوشەی وەش بۆ کەچ کەردەن گەردەن

ئامووختەن بە تۆ ذکر حەق کەردەن

ئەی سالك ڕا، وەنەوشە وار بە

تارك ئەغیار، سالك یار بە

{مێژووی وێژە ب ١چاپ ٢ل٤٧٤}

بە پێویستی دەزانم لێرەدا لابەلای مەسەلەیەکی گرنگدا بکەمەوە کە لە پشت مەولەویەوە کاردەکات ئەویش(ڕاز و ڕازی پەنهانە) و پرس وجۆیەکی شیعریش کە لە نێوان مریدو مرادێکدا کراوە. حکایەتی ئەو دووشیعرەی کە گوایە هی سید ئەوڕەحیمی تاوەگۆزی و حەزرەتی سراجەدینن. ئەو دووشیعرەی کە مامۆستام عوسمان محمد هەورامی بە ناو و نیشانی (گاوماسی)چەند پەیف و ڕایەکی نوسیوە و ڕاڤە و دەقی شیعرەکانیشی لە گۆڤاری هەوراماندا بلأوکردوەتەوە. {گۆڤاری هەورامان ژ١٣ل٣٣}

لە ئەدەبیاتی نووسراوی یارسانەکاندا کە لە سەدەی دوەمی کۆچیەوە دەست پێ دەکات ڕابەرانی ئەو تەریقەتە هەوڵیان داوە بیرو ڕا دینی و پرس و جۆ و تێڕوانینەکانیان بۆ کەون وکائنات لەزمانێکی تایبەتی نەکراوە بپێچن و دنیایەکی جوان

له شاری سرِ درووست بکەن. وە لەرێی مەجازی مەییەوە عەشق ڕۆ کەنە نێو پیاڵەکانی فکر و دڵەوە. کە ئەمەش بووەتە پشتێکی شیعری جوان بۆ مەولەوی· پیرشالیاریش پردی پەیوەندی ئەو مەسەلەیە لە نێوان شاعرانی دوای خۆی بە یارسانی و سوننەوە و لە گەڵ ڕابەرانی یاریی پێش خۆی وە زیرەکانە بنچینەی (ڕامان و ئەندێشە) بۆ ئێمە دا دەڕێژێ. وە تێکڕای پرسیارە گرنگەکان دەبنە کەلکەڵەی و دواترلای شاعر و عارفانی تر دەردەکەونەوە.

عیشق چیە ؟ عاشق و مەعشوق کێن ؟ ئەوەڵ کامەیە و ئاخری کوێیە؟ ژیان و مردن چین ؟ دروستکەر کێیە وخیلقەت چۆن ؟ لەم نێوەندەدا ئێمەچی؟چۆن بپرسین و چ بەرپرسیارییێکمان هەیە ؟ گومان چی دەکات و یەقین کەی دێت ؟ ختوورە چیە ؟ ووتن و زمانی دەربڕین چۆن ؟ ڕەمز و نوشتە وسیحری وشە و زمانی جنۆکە ئاسای شەیدا و عاشقان بۆ هاتوەتە ئارا ؟ کێ چاری نەزان و تێکدەران دەکات ؟ بە کێ بڵێین داران گیاندارن و لە کوێ لە هێلکە ڕامێنین و تاکەی چاو لە پەردە و دەرکەوتنی دانەی زەرد بین؟

دێمەوە سەر پرس و جۆی دووشیعرەکەی گۆڤاری هەورامان بەر لەوەی ڕاڤەیان بکەین چەندسەرنجێکی خۆمان دەخەینە ڕوو.

١- ڕاستە شیعرەکان لە ڕوی شیعریەتەوە نزمن و ناگەنە دەسەڵاتی زمانی مەولەوی و زمانیان لە زمانی نەزم و چیرۆکە دینیەکان دەچێت کە لە پاشخانی ئەدەبی ئێمەدا نموونەیان زۆرە. بە تایبەت لای یارسانەکان کە پشتەوەی ئەو دید و بۆچوونانە مانا دارن و زۆر برۆین دەگەینەوە لای دورەکە.بەلاّم گومان لە سەلیقەی هونەریان دەکرێت لە گەڵ ئەوەشدا ناکرێت وە لاخرێن. چوون مەولەوی لەو پەنجەرەیەشەوە نیگای کردوە و هەمان ناوەڕۆکی لە شیعری قاڵتر و بەرزتردا داڕشتوە. خۆ ئەگەرساغ بوونەوە هی مەولەوی تاوەگۆزی بن و هی مەولەویەکەی تر یان کەسێکی ترنەبن ئەوە دەبنە نەزمەکانی سەرەتاو دەچنەخانەی شیعرە لاوازەکانی {بۆ ئاگاداربوون لە مەولەویەکەی تربڕوانە محمدعەلی قەرەداغی بەرگی هەشتەم ل ١٣٤-١٥٥}

٢- ناوەڕۆکی ئەو دووشیعرە لە ئەدەبیاتی نووسراو و نەنوسراوی هەورامیدا هەیەو ناکرێت ڕواڵەتیانە بڕیاری سەختیان بە سەردا بدەین.دەبێت زمان وەك مەجاز وەرگرین و لە پشتەوە بۆ مانا بگەڕێین کە ئەهلی ئەوحەرفانە نەبین عەیبداریان نەکەین حافز واتەنی:

چوبشنوی سخن اهل دل مگوختا است

سخن شناس نەای دلبرا ختا اینجاست

چوون ناوەڕۆکی ئەو شیعرانە بە مانا مەئلوفەکانیان زۆرمەخسەرە ئامێزە و تێگیشتنمان دەکات بە لۆژیکی ئەلەزلە.خۆناکرێ هەمومان ئەلەزلە بین و هەردەم چاوەڕێی مانای حازر و مەتەڵە شیکارکراوەکان بین. گەر تەصەورمان بۆ بەوێنە کردنیان واقعی بێت، یان بەمانای وشەکان هزرمان تێر بکەین، ئەوە دەبینە کەرگەل. پێم وایە خەیام گیری بە دەست ئەو جۆرە بڕوا و تێگەشتنەوە خواردووە کە هاتووەتە دەنگ و ووتویەتی:

گاوی ست بر اسمان قرین پروین

گاوی ست دگر نهفته در زیر زمین

گر بینایی چشم حقیقت بگشا

زیر و زبر دوگاو مستی خر ببین

بۆیە سەرباری شکستی هونەری و مانای ڕواڵەتیان من هێما و پرس وجۆکان بە لاواز نازانم و پێشم خۆشە ساغ بنەوە هی ئەو دووزاتە بن چونکە پەنجەرەی تر بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی و دینی ئێمە لە ڕابردوودا دەکەنەوە

٣- موعجزەی پێغەمبەرانی دینەکان و کەراماتی وەلی و پیاوچاکان کە لە تەواوی باوەڕی دینی خەڵکاندا هەیە لە گەڵ زمان و ناوەڕۆکی ئەم باس و خواسانەدا دەبێت شرۆڤە کرێن و وەك مێژووی بیری مرۆڤ شیکارکرێن و نابێت ئێمە ببینە پێغەمبەرانی خوێنەر و داوای بڕوابوون یان بڕوا نەبوونیان لێ بکەین.

لە ناومیللەتانی دنیادا چەندین بیروڕا و نەریت و قەناعەتی سەیر و سەمەرە هەیە کە وەك حەقیقەتی ڕۆژی خۆیان چاولێ کراون.خودی ئەم زانستەی ئێستا لە ئەفسانەکاندا خەیاڵ بوە و ئێستا ڕاستی حاشا هەڵنەگرە و ڕەنگە بۆ مرۆڤی سەدەکانی داهاتوو ببێتەوە بەفشە. ئەمەش زەحمەت دروست دەکات بۆ دانانی خاڵی کۆتایی و هیچ کات بڕیاری ڕەها لەم مەیدانەدا سەوزنابێت. لە کۆتایی ئەم سەرنجانەدا دەبێ بڵێین لە هەوراماندا چەندین ڕاز و گێڕانەوە هەن کە دەکرێت بخوێنرێنەوە و لە گەڵ چیرۆکی ئایینەکانی تردا بەراورد کرێن. دەعوەتی پاشایی سان سەهاك و سفرە وخوانی عیسا و هاوڕێکانی، لە دایکبوونی باوە یادگار و عیسا و ڕزگاربوونی حەزرەتی محمد و هاوڕێکەی و یارانی هەموو ئەشکەوتەکان و پەرژین کردن بۆ نەبارینی بەفر و سەربان گسك دان بۆ بارینی ئارد.

پرسە شیعریەکەی مەولەوی لە شێخ عوسمان

ئیرشاد پەناهی ئیرشاد پەناهی

یا شێخی مرشد ئیرشاد پەناهی

ئەی شێخی مورشد ! دەرس دان وتەربیەتێ بە پەنامەکی و دوورلە چاوی خەڵکانی تر، ڕێنمایی یەکی نهێنیم بکە لە پەناوە.

مرشد شێخی سراجەدین: بە پێی شایەتی مرید و مەنسوبەکانی کامڵە و دەسەڵاتی بە سەردەوڵەتی عیشق و جەزبە و خەیاڵاتی مریددا ڕۆییوە. کەواتە پرس و جۆکە سرە و زمانەکەش تایبەتە بەخۆیان بۆ ئەوەی خەڵکانی تر، کە توانای تێگەشتنیان نزمە نەچنە باسەکانەوە.

جە تۆ مە پەرسو نەعتی ئیلاهی

ئەوەڵ زەمین ساخت یا گاو و ماهی

سیفاتی جوان وجەمالی خوایی لە تۆ دەپرسم. یەکەمین جار زەمینی دروست کرد یان دەریاو ئاوەکان. کارە پڕ لە جوان و هونەرەکەی خوا لەئاسمانەکانەوە تا دەریاکان چۆنە و کامیان لە پێش کامیانە؟

**بۆ ڕەوایی ئەم باسە بڕوانە {**مێژووی تەبەری و. زانەرمحمد ٢٠١٠سلێمانی ل٩-٥٠**}ئەم پرسانە لە پێغەمبەران کراوە سەرچاوەی تێ ڕامان و کەڵکەڵە کە لەم ئایەتە پیرۆزانەوە لە دایك بووە.**

١- وَلَقَدْ خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ

٢- إِنَّ رَبَّكُمُ اللّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ تَبَارَكَ اللّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ

٣- وَهُوَ الَّذِي خَلَق السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاء لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً وَلَئِن قُلْتَ إِنَّكُم مَّبْعُوثُونَ مِن بَعْدِ الْمَوْتِ لَيَقُولَنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ إِنْ هَـذَا إِلاَّ سِحْرٌ مُّبِينٌ

٤- هُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يَعْلَمُ مَا يَلِجُ فِي الْأَرْضِ وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا وَمَا يَنزِلُ مِنَ السَّمَاء وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ

٥- قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَندَادًا ذَلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ ٩ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاء لِّلسَّائِلِينَ ١٠ ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاء وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ اِئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ ١١ فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَى فِي كُلِّ سَمَاء أَمْرَهَا وَزَيَّنَّا السَّمَاء الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ

٦- أَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ السَّمَاء بَنَاهَا ٢٧ رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّاهَا ٢٨ وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا وَأَخْرَجَ ضُحَاهَا ٢٩ وَالْأَرْضَ بَعْدَ ذَلِكَ دَحَاهَا ٣٠ أَخْرَجَ مِنْهَا مَاءهَا وَمَرْعَاهَا ٣١ وَالْجِبَالَ أَرْسَاهَا ٣٢

**ژینگەی زیندەوەران کە ڕووبەری دەرکەوتە هونەریەکانی یەزدانە کامیان پێش ئەوی تریانە ؟ ئەمەش زیادە دەخاتە سەر دەرئەنجامە شەرعیەکان و تەریقەت باشتر ئەو دیوی پەردە و پەنامەکیەکان دەبینێ.**

**ماهی چێو بیەن گاوبەچی ڕەنگەن**

**جە ژێری پایەش ئەوسەنگ چ سەنگەن**

**ماسی چی بووە یانی چ شتێ بووە ؟ یان درووست بووە. ئەی گا چ ڕەنگە وچۆنە و ئەو بەردەی ژێر پێی چ بەردێکە ؟ ئەمەش تەصەوراتی مرۆڤە بۆ چین و تەبەقەکان.**

هەروەها پێچەوانەی تێگەشتنی ترەکەڵەکێ. هونەری وورد و دەقیقی دروووست کردن و ڕاگرتنی پیشان دەدات و هاو کات لە گەڵیا چوونی خەیاڵ بۆ تێکچوون و ڕوخانی. لەو بارەوە لای یارسانەکان خان ئەڵماسی لوڕستانی دەڵێت:

لە سڕی قودرەت دروووست کەردعالەم

هەفت تەبەق ڤە پشت ماهی کەرد ڕەقەم

بەینی دوو دیدەی گاوچەند بەعیدەن

چ نیشان دارۆ کام لاش سفیدەن

میانی دووچاوی گا چەندە ؟ و چ بەڵگە و نیشانیەکی تیایە وکام لای سپیە ؟ ڕەنگە پرسی دوودنیای جیاوازبێت ئەم دنیا و ئەو دنیا بێت. وە ماوەی نێوانیان و سەرفرازی لە کامیاندایە ؟ کامیان نوورانی و سپیە و کامیان ڕەش و تاریکستان ؟ وە نیشانی جیاکردنەوەیان چیە ؟ و ڕوو لە کامیان بکەین ؟ دەشکرێ نێوانی شەو و ڕۆژ و پرسیار کردن بێت لە شەو و ڕۆژ{ وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ آيَتَيْنِ فَمَحَوْنَا آيَةَ اللَّيْلِ وَجَعَلْنَا آيَةَ النَّهَارِ مُبْصِرَةً لِتَبْتَغُواْ فَضْلاً مِّن رَّبِّكُمْ وَلِتَعْلَمُواْ عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ وَكُلَّ شَيْءٍ فَصَّلْنَاهُ تَفْصِيلاً ١٢}

شێخ لەوەڵامی ئەم بەیتەدا دەفەرموێ:

حەق ئەو نیشانە سفید ئاراستەن

سفیدی جەلای ئەندامی ڕاستەن

دووپا نە مەغریب دو دەس نە شەرقەن

ئی چەم تا ئەوچەم هەفتا ساڵ فەرقەن

خوا ئەونیشانەی بە سپی دەرخستوە و لای ڕاستیەتی. واتە ڕێگەی ڕاست وسەیرکردنی ڕاست بەرەو سپی بوونت دەبات. وە سپی بە ڕاست دەدرێت و ڕەشیش بە چەپ (بیربکەرەوە لە نامەی ئەعمال)وە دەستی لە ڕۆژهەڵاتە کە دواجار کۆتا دەبێت وچارەنووس دەچێتە لای پێکانی. ئەمەی ئێرە دە پێچرێتەوە و دەچینە ئەوێی ڕۆژئاوا.

بیرکردنەوەی میسریە کۆنەکانیش بەوجۆرە بوو. وە ماوەی نێوان ئەو دوو دنیایەش حەفتاساڵە. نابێ(٧٠)وەك ژمارە وەرگرین بەڵکودەبێت ڕەهەندیانە سەیری بکەین.

گا وە کام جانب نیگا مەکەرۆ

شاخی ئەوچەندەن چ نیشان دارۆ

گا سەیری کام لادەکات و شاخی چەندە و بەڵگەی شاخەکان چیە ؟ یانی ڕەگ وڕیشە و تۆرەمەی مرۆڤ چەندە و چارەنوسی بەرە وکوێیە ؟ وە دەکرێت پرسیاریش بێت لە ڕووکارە جگرافیەکان و شاخ و ئاسمان.شێخ لەوەڵامدا فەرموویەتی:

بە قودرەتی وێش دەهندەی مراد

چل هەزارسەرش نە ئەوکەرد ئیجاد

هەفتاد هەزارشاخ حاصڵ کەرد لێشان

هەرشاخ وە نەوعێ، وە تەرزێ کێشان

بەخشێنەر بە هێز و توانای خۆی چل هەزارسەری لێ دروست کرد و هەفتا هەزارلقیشی لێ جیاکردەوە و هەرشاخە لە شێوە وڕەنگێ ئاماژە بۆ جیاوازی گەلان و جیاوازی زمان و... هتد

خوێنەر لەوبارەوە دەتوانێت ڕەوزەتو سەفای میرزا ئۆلقادری پاوەیی بخوێنێتەوە لە{گولزاری هەورامان محمدئەمین هەورامانی بەرگی یەکەم ل ٢٤٦}

ئانە چ حەرفەن نە پێشانیشەن

نویشتەی ئەوکێن نامی کێ تێشەن

ئەوە چ حەرفێکی دیار و ئاشکرای نێو چاویەتی و ناوی کێی لێ نووسراوە ؟ خالق چ مۆرێکی ناوە بە سنعاتەکەیەوە ؟حەرف: ئاماژەی بەیان و زانینە. پیشانی: تەوێڵ و ناوچەوان. (حەرف، پیت)چ بە تاك یان کۆ هاتوەتە نێو قورئان و موفەسیران ئێستاش هەندێکیانیان بۆ ڕۆشن نەبووەتەوە. پرسیار لە حەرف و چیەتی حەرف و خاوەنی

حەرف گرنگ و لە هەمان کاتدا مەترسیداریشن. لە بزوتنەوە عەقلگەراکانی هزری ئیسلامیدا لە سەرقورئان لەم جۆرە پرسانە زۆرکراوە. دەشکرێ خاڵی پیشانی مۆری خالق بێت کە خاوەنداریەتی و مافی دروست کردنی دەدات بەخوا.شێخ لە وەڵامدا دەڵێت:

حەرفی پیشانیش نامی ئەڵلاهەن

نیسمی محمد ڕەسولولاهەن

نێوچەوانی شایەتومانی لێ نووسراوە. ناوی خوا و پێغەمبەرەکەی نراوە بە نێو چاویەوە. بەڵگەی مۆرکراوە بۆ ئەوانەی دەیبینن. ئەوحەرف ونیشانەیە سپیە. خاڵی جیاکردنەوەی کوفر و ئیمانە و هەرکەسێ توانای بینینی ئەو نیشانەیەی هەبوو یان یەکجار بینی ئەوە سەری دادەخات و مل کەچی پەروەردگاردەبێت و بیرلە ڕاڤەی دەکاتەوە. ئەم شوێنەی پرس و وەڵامە زۆرنزیکە لەو دێڕە شیعرە هونەریەی کە بوویە هۆی ئەم لاکردنەوەیە. وە هەرئەو پەیوەندیە وای کرد من شیعرەکان نەخەمە لاوە.

ئەوماهی چەندەن نە ژێری پاشەن

مەککەی موعەزەم جە کامین لاشەن

ئەوماسیە چەندە لە ژێر پێیدا و مەککەی پیرۆز دەکەوێتە کام لای ؟ (چەندە) پرسە لەحەجم و قەبارە نەك برو ژمارە. وە دەبێ لە بیژەی (گا لە سەرپشتی ماسیە)ئەمانە تێبگەین.

ا- لووسی وخلیسکی ماسی و لەڕاستیدا زەحمەتی ڕاگرتن و بڕوا بە وەی کەلای خوا چەند ئاسانە.

ب- وشکانی لە سەر ئاو. ئەم کاربەجێیی و حسابە وردە بووەتە مایەی ڕامان و بیرکردنەوەی سەرجەمی پێغەمبەران لەوانە زەردەشتیش. شێخ لەوەڵامدا دەڵێت:

مەککە جە لای ڕاست فەرقی ئەوگاوەن

ئەندەکێ جانب فەرقش نزاوەن

مەککە کەوتوەتە بەشی لای ڕاستی و کەمێ بەلای سەریدا لاربەوە.

خۆراکش چێشەن چێش مورۆچێش

چەند سەر و چەند پا سبحان بەخشا پێش

خـۆراکی چیەوچـی دەخـوات ؟ خواچەند سەر و پێـی پـێ داوە ؟ شێخ لەوەڵامـدا دەڵێت:

واردەنیش تەوحید زاتی ئەڵڵاهەن

خاب و ڕاحەتیش(نصرمن الله)ەن

خۆراك وخواردنی بوونەوەر یـەکتایی و تـاك پەرستی خوایە. ئەمـەش ڕاحـەتی و سەرکەوتنێکە کە هەرلە خواوەیە  پرسکەر لە خۆراکی گیانی دەپرسێ و شێخ یـەکتایی خوا دەکاتە خۆراك.

صەد عالەم پەرسام عالم تا عاقڵ

ئەی موشکل پەرێم نەکەردشان حل

لەصـەدلاوە پرسـیم لـە زانـا و دانـا و بیرمەنـد و فەیلەسوف وعـاقڵان کـەس ئـەم کێــشەیەی بۆحـــەل نـــەکردم. لێرەشـــدا ئامـــاژەی جـــوان کـــراوە بـــۆ دەســـەڵاتی مەدرەسەعرفانیەکان.کەوەڵامی ختووره و پرسیارەکانی دڵ بەعلمی ظاهیر و بە عەقڵ و ئـاوەز و فەلـسەفە نادرێنـەوە. چـوون پرسکەرخۆیـشی علمـی هـەبووە و سـەدانی وەك خۆیـشی توانـای شیکاری پرسیارەکانیان نـەبووە. ئەمـەش جیـاوازی دەسـەڵات و توانـای قەناعەتی هەردوو باڵی (شەریعەت و تەریقەت)ە و پێشبڕکێیان بۆ ناساندنی حەقیقەت. لـەم ڕووەوەیـە چـەندین مـەلا و دانـا و زاناخۆیـان تەسلیمی مەیخانـە و بادەکانی عرفان کردووە. بڕوانە لە ناوی ئەو زانا و دانایانە کە مرید و مەنسوبی مەولاناخالد و شێخانی تەوێڵە و بیارە بووون.

ئەوسا نایابیت مەعلووم مەبۆ لێم

جوابی ئەی عەرزە بکیانی پەرێم

ئەوسابێ وێنەییت ئاشکرا دەبێ لێم کە وەڵامی ئەم پرسیارانەم بدەیتەوە. ئەوانەی ڕێبواری تەریقەتن و ئەو ڕێگەیە دەگرن عەودالآنی پرسیارە ڕیشەیی و ناوەکیەکانن. ئەو پرسانەی کە چێوەیان لە سنووری دین و نەتەوەکان تێدە پەڕێت. کە مەدرەسە ڕواڵەتیەکان وەڵامی مردو وحازریان هەیە. بۆیە چەندین مرید و دانا و زانا لەو مەدرەسە بێزارکەرانە هەڵدێن و ڕوودەکەنە قوتابخانە حووبیەکان٠ دەبێت سەرنج لەو بابەتە بدرێت نەك بۆ ئێرە بەڵکو بۆ تەواوی بێزاریەکان لە ئەرك و فەریزە ناچاریەکان و ڕوکردنە قەناعەت وچێژە ڕۆحیەکان.لە بەرئەوە هیچ بێ ئەدەبیەك لەم کۆتاییەدانیە، چوون پرسکەرەکە دڵنیامان دەکات بە سەرسەد دانا و زاناوە کوڵێ پرسی هێناوەتە بەردەم ئەم عارفە ڕاز زانەو نایابییش لەم کاتانەدا و دوای بەجێهێشتنی زۆرباشەکان دەردەکەوێت٠ دانا وزانا وفەقیهەکانیش لە ڕێی ئەم پرس و مەتەڵانەوە تەسلیم بوون و بوونەتە بادەنۆشی ئەوخەراباتانە. من چۆن لە سەرەتاوە ووتم کە ناتوانم بیسەلمێنم ئەم دووشیعرە هی مەولەوی و سراجەدین بن ئیستاش دووبارەی دەکەمەوە کە بەڵگەی سەلماندنم لانیە ونالێم شیعری ئەو دووزاتەن لە بەر بێهێزی وێنە وخەیاڵ وشیعریەت و زمان٠ نەك لە بەر بێ هێزی ناوەڕۆك و پڕو پوچی بابەتەکەیان. دەنا بابەتەکە هێزدارە و پڕە لە ڕمز و ڕاز٠ وەڵامدەر ئەو قەناعەتەمان لادروست دەکات و دەڵێ:

چونکە زاهیرەن عیلمی شەرعیات

نەواتەن مەعنای ئەخفای مەخفیات

چونکە تۆمەعنای نیهانیت زانان

ڕمزێ جە ڕموز پەنهانیت وانان

چوون تۆ مانای ڕەمز و سڕ دەزانیت و شاگردێکی کە حەرفێکت لەو مەکتەبەدا خوێندووە. ئەگەر پرسە شیعرەکە هی مەولەوی بێت ڕەنگە ئیتر دوای وەڵامەکە کەوتبێتە داوی تەریقەتەوە و بووبێتە مریدێ کە هیچ کات نەیویستووە سنووری دەسەڵاتی ڕۆحی پیرەکانی ببەزێنێت و لەگەڵ کامڵ بوون و گەورە بوونیشیدا هەردەم خۆی بە بچوکیان دەزانێت.لە کۆتایی ئەم بابەتە کرچ وکاڵەشدا دەڵێم باخۆمان ئامادەی

حازرخۆری ووشـه و مانـا نەکـەین و لـه سـەر شـیعرە عرفـانی و هێمادارەکـان کـەمێ بوەستین.بە دەساوردەکانی ئێستا و سەرچاوە زۆرەکان لەچاو جاراندا هەوڵ بدەین ڕاڤە و خوێندنـەوی جیـاوازتر بەرهـەم بێـنین و بـەدوای کردنـەوەی کودەکـان و نوشـتەکانی زمـان بکـەوین. لێکۆڵـەرو ڕاڤـەکارانی ئـەدەبیات بـه چـاوی گرنگـی و بایەخـەوە سـەیری میتۆلۆژیـا بکـەن. وە بـاش وورد ببنـەوە کـە ئێمـە تـەنیا جنۆکـە و دێـو و خێـوی ئـەو کلتوری مرۆڤایەتیە نین و بەڵکو دامەزرێنەر و شەریکە ماڵین. {کنگره بزرگداشت مولوی کرد ل٣٧٧}

دەچینەوە لای شیعرەکەی مەولەوی.

٥- مەشاتەی قودرەت جە هونی عاشیق

سووراو دا وە ڕووی چووزەی شەقایق

بـووك جـوان کـەرو ئارایشگەری قـودرەت لـەخوێنی عاشـقان دەم و ڕوی چـوزەی (نوکی خونچە)گوڵاڵە سوورەی سووراوکرد.

ڕەنگی گوڵاڵەسووره خـوێنی غاشـقە.دوای مەولـەوی ئـەم مەفهوومـە لای شاعرانی کـــورد دووبـــارە کراوەتـــەوە بـــە تایبـــەتی لای شـــاعرانی ســـنووری هەڵەبجـــە و هەورامان{بەرهەمی ئەحمەد موختاربه نموونه}

٦- سۆسەن سەد زوان ئاواش سەد تەرزەن

نەوای(هەی شادی هەی شادی)یش بەرزەن

سۆسەن بە سەد زمان و بە سەد جۆر ئاوازەوە هەوای گۆرانی هەی شادی هەی شـادی بەرزەنیـەتی. لـە زۆرشـوێندا ئێمـە تێبـینی ئـەوە دەکـەین کـە مەولـەوی زۆر عەلاقمەندی گۆرانی و چڕینە.وە وا دێتە پێش چاو یەکێك بوو بێت لە ئاوازنـاس و گۆرانی ناسەکان.وە من گومان دەبەم کە دەنگ خۆش و ئاواز خوێنیش بووبێت.

٧- سونبوڵ بە وێنەی دەس زەدەی تلْفەن

تا تا جە هەمتا هەمتایی کلْفەن

سونبولّ وەكو زولّفیٚ كە ساوایەك دەستی پیٚ گەشتبیٚ تالّ تالّی لەگەلّ یەكا ئالّۆسكاون و بوونەتە هاوتای كولّم. سونبولّ وەكو زولّفی دەست منالّی لیٚهاتووە. ئەم ویٚنەی زولّف و منالّ و شەمالّ و تیٚكچوونەی لای بیٚسارانی زۆرسەرنج لیٚدراوە و تەنانەت شیعری سەربەخۆی هەیە.

بای شەمالّ تای زولّف..........

دەسم دامانت تایێ جەتای زولّف

قەترانی شەوڕەنگ وەردەی سەركولّف

ستەم زەدەی دەس ناخوون كەندەی تولّف

{بڕوانە دیوانی بیٚسارانی حكیم مەلا سالّح ل٦١}

٨- سەمەن غەنی نەقد شیٚوەی ئەو ڕوپۆش

جەو پەی جورعەی نۆش نەسیم پەی سەرخۆش

یاسەمەن دەولّەمەن و ساماندارە. بە شیٚوەی ئەو ڕوو پۆش و داپۆشراوە نەسیم بۆ ئەوەی سەرخۆشی كات جورعەیەكی پیٚ نۆشیوە. (نەقد حازر پیٚچەوانەی قەرز) ئەم ویٚنەیە یەكیٚكە لە ویٚنە چڕ و دانسقەكان كە ناكریٚ بە سادەیی ڕازی بین بەوەی كە ڕاڤەمان كردووە.

غەنی نەقد:- بیٚ نیازی دەولّەمەند كە ( زیٚڕ) پارەی نەقدی هەیە. لە نەقدا ڕەنگی زەرد و ڕۆشنی یاسەمەن هەست پیٚدەكەین.وە ڕەنگە لە ڕوو پۆشدا مەبەست پیٚی سەر ڕووت نەبوون بیٚت كە جاران كلاّوزەڕیان لە سەركردوە٠ یان كەسیٚ سامان و دەولّەمەندیەكەی داپۆشیٚت و دەری نەخات. ئەم یاسەمەنە وەك ئەو سامانەكەی شاردوە تەوە و دەری ناخات. چۆن ئەو یارە ڕووی خۆی پۆشیوە و دەری ناخات. یاسەمەنیش ئاوەها. شەمالّ بۆ ئەوەی سامانی جوانی لیٚ بدزیٚت (بۆن و عەتر و بەرامە) پیٚكی پیٚداوە و سەرخۆشی كردووە. ئیتر كەوتەوەتە شنەو تۆو بۆنی لیٚ كەوتوە. سەرخۆش لە مەستیدا خۆی دەكاتەوە و سادەژین دەبیٚتەوە پەردە واز دەبیٚت و ڕاز دەدركیٚت.لەم جۆرە ویٚسگە ستاتیكیانەدا بوو كە لە سەرچاوەكانی بەردەستا هەستم

دەکرد کە کوفرکراوە بەرامبەر جوانی شیعری مەولەوی و پیشان نەدراوە. لە گەڵ ئەوەش خاکی بەردەری ڕاڤەکارانی سەروەرم، هەوڵم دا ئەو جوانیانەی کە من دەیانبینم و دەرنەخراون دەریان خەم، وە دڵنیام لە وەی دەبێ چەندی تر لەو جوانیانە هەبن کە من و تۆ هەستیان پێ ناکەین. خوا دەزانێ کەی ئەو ڕۆژە دێت هەستی جوانی بینی ئێمە بگاتە ئاستی دیدەکانی مەولەوی.

٩-بەلأم دڵ جە ئێش خەم هەرمدۆ چڵ

دیدەش سیوای خەم کەی وینۆ سوورگوڵ

بەلأم دڵ لە تاو ئێشی خەمدا هەر پل دەوەشێنێ و چاوی دڵ(بەصیرەت) بێجگە لە خەم کەی تازە گوڵی پشکووتوو دەبینێ.

لەو مەیخانەی سروشتەدا( ٨ بەیتی پێشوو)کە مومکن نیە کەس شاد نەکات، کەچی مەولەوی خۆی دەکاتە سروشتێ کە لە گەڵ ئەو سرووشتەدا نایێتەوە. یان هەمان ئەو سرووشتە جۆرێکی کە دەبینێ. لەم بەیتەوە (خەم) مەولەوی دەکاتە ڕووبەری خۆ نواندنەکانی بەرامبەر حاڵی گوڵەکان لە مەیخانەی سروشتدا حاڵی هەمان ئەوگوڵانە ببینە لە سروشتی مەولەویدا یان بە چاوی مەولەوی. ئەمەش ناشادی مەولەویە بەرامبەر شادیەکان.

١٠-نێرگز ئەو بیمار پەردەی دڵ ڕێشەن

چەنی دەرد عیشق دایم خدێشەن

نەرگس ئەو بیمار و نەخۆشەیە کە پەردەی دڵی زامدارە و بەدەردی عیشقەوە خوی گرتووە.

نێرگز لەوێ مەستی مەی جامی لالە بوو. لێرە دڵ دڕاوی دەردی عیشق

١١-غوسەی دووری خاڵ ئەو گۆنای گوڵ بێز

خەم کەردەن گەردەن وەنەوشەی پەل دێز

خەم و خەفەتی دووری لە خاڵی ئەوگۆنای لە گوڵ جوانترە. گەردنی وەنەوشەی گەلاتاریکی کەچ کردووە (شکاندوە).

لەبەیتی(٤) دا وەنەوشە لە وەصڵی خاڵدا مل کەچ بوو و خەریکی تەفسیری ئەو خاڵەبوو. لێرە بە هەمان جۆر مل و گەردنی کەچە بەلام لە فەصڵدا لای مەولەوی بە(فەصڵ و وەصڵ) دەگەینە هەمان ئامانج بۆیە خۆی دەڵێ:

مشیۆ وەصڵ و فەصڵ فەرقشان چێش بۆ.

١٢-شەقایق نە هوون بەرگش کێشاوە

چوون دڵ وە نێشی موژەش ئێشاوە

گوڵاڵە سوورە پەڕەکانی لە خوێنی خۆی هەڵکێشاوە. چونکە دڵی بە نوکی برژانگی بریندارببووە، ئێشاوە.لێرە مانای پێکراوە دەدات. لە بەیتی(٥)ئاریشگەری قودرەت بە خوێنی عاشقان سووراوی بۆکردبوو. لێرە خوێنی خۆی سووراویەتی.

١٣-جەم جەم سۆسەنان جە لانساران

نە مەسئەلەی خەم گفتوگۆ داران

کۆبوونەوە کۆمەڵ کۆمەڵ سۆسەنەکان لە قەدپاڵ ونسارەکاندا. بە مەبەستی گفت و گۆ کردنیان لە مەسەلەی خەم لە بەیتی(٦) دا بە سەد زمان گۆرانی هەی شادی بەرزبوو. لێرە لە خەم دەکۆڵنەوە.

١٤-تەوق تەوق سونبولان نە جامی ڕاخان

پەخش و پەشێوەن پەخشەن پەی داخان

دەستە دەستە و باقە باقە سونبولان بە دەوری جامی بژوێن و سەرسەوزی چیاکاندا بۆ داخ وخەفەت پژاون و بلاوبوونەتەوە. جام بە مانای قاپ کە حاشیە و پەراوێزەکانی نەخشابن بەکارهاتوە. مەولەوی جام و قاپەکانی خەم لە دەروونی خۆیدا نەخشین دەکات.

١٥-جەوق جەوق سەمەنان تەن سپی بێگەرد

عوریان وێنەی قەیس مە گێلان نە هەرد

تیـپ تیـپ یاسـەمەنە سـپی و بێگـەردەکان ڕووت بوونەتـەوە و ڕەجالآنـە وەکـو مەجنون بە هەردەکانا دەگەڕێن لەبەیتی(٨)سەمەن پۆشتە و بەسامان و دەوڵەمەن بوو. کەچی لێرە ئیفلاسی کردوە و شرۆشیتاڵ دڕاو بووە. یانی گەڵای پێوە نەماوە.

١٦-موتریب وە مزراب ڕیشەش پەی گەردەن

نەی وە نەوایێ مایەش وەی گەردەن

ئاهەنگساز و گۆرانی بێژ بە ئامرازەکەی ژەنینی دەماری دەرهێنام و نەی بە بەزم و نەواییێك مایەکەی چەند بەرا بەرکرد. یانی کاری ئاهەنگسازەکەی کاریگەرترکرد.

وەی: زیـادکردن و چـەند بەرابـەری قازانجـە. وە دەشـکرێ( وەی) بـە تـاڵآن دان و خەسارکردنی مایە بێت ئەوکاتە ڕاڤەکە پێچەوانە دەبێتەوە، بە تایبەت کاتێ لە دەست دانی سامانەکەی یاسەمەن بکەینە کاری ئەمان.

١٧-جە ئاوازی بەرز بەختی بەد تاڵەش

وەی حوزوورەوە شەرارەی ناڵەش

لە ئاوازی بەرزی بەخت و ناو چاوی بەدی، بەم ئامادەبوونەی بڵێسە و ناڵەوە.

١٨-گەردوون بەزمی خەم کەردەن پەرێش ساز

یە ڕەقس یە ئاواز یە نەیچی یە ساز

گەردوون بەزمی خەمی بۆ سازاندووە. ئـەوە ڕقـس و ئـاواز و ئـەوەش نـەی چی و ساز.

تا ئێرە نماییشی دوو سروشتی جیاواز بوو یان دووبینینی جیا بۆسرووشت لە بەر ئەنجامەکانی(فەصڵ و وەصڵ)د.لە مەولا پەنا وە بەرساقی تایبەت و فریاد ڕەسی خۆی دەبات.

١٩-شیشە و قەه قەهە و شیشەی خەم پەی کەر

ساقی بە سازێ ڕیشەی خەم پەی کەر

به شووشەی بادە قەهقەهەی شووشەی خەم وە لاوە بنێ، ساقی بە سازێ ڕیشەی خەم دەربێنە.بە بەزمی بادە و تایبەتمەندی خۆی دەچێتە شەڕی خەم و فەصڵ و فراق و ناشادیەوە.

٢٠ - بەزمێ خەم سازاش بدەر وە هەمدا

مەیلی بیناییش باوەر وە چەمدا

بەزمێ کەخەم سازانی بدە بە یەکا و تێکی دە و مەیلی دیتن و بینایی بێنەرە وە نێو چاوم. یان چاوی دڵم ڕۆشن کە٠ یان بەزمی خەم تێکدە و چاوی کوێرکە.

بە کوێربوونی چاوی خەم بینایی چاوی ئەم دەکرێتەوە. ڕەنگە ئەم شیعرەش شیعری دوای لە دەست دانی چاوەکانی بێت.خەم و فراق ئەی هێشتووە چاو کاری خۆی بکات بە نووری بادە چووەتە جەنگی خەمەوە و ئومێدی ڕۆشنایی گەڕاندوەتەوە بۆ دوا بەیتی شیعرەکە.

٢١-بەڵ دڵەی لێڵاو چەم چڵ کردەی خەم

گوڵ وە گوڵی وێش بوینۆ وەچەم

بەڵکو دڵەی تاریك و لێڵم و چاوی گلاراو بە خەمم خەم و لێڵیان نەمێنێ و گوڵ بە گوڵی خۆی ببینێ.

١- جەمین ڕەشك جام جەم نومای جەمشید

ڕەوش سەنجەکەی قورس ماه وخورشید

ڕوخسار بەخیلی بەر بە ئاوێنەی دنیا بینی جەمشید. و ڕەفتار پێوەکەی مانگ وخۆر. {مەولەوی حکیم ل١٧٩}.

جام جەم: لە داستانە ئێرانیەکاندا جەمشیدی پادشای پێشدادیەکان ئەم ئاوێنەیەی هەبوە و دنیای تیا بینیوە هەوالی حەوت کیشوەرەکەی لەوجامەوە زانیووە.جام جهان نما وجهان بین و گیتی نماشی پێ دەڵێن و دەشیدەنە پاڵ چەند پاشایەکی تریش لە وانە کە یخوسرەو. وە ڕۆڵی ئەم جامە لە داستانەکاندا دیارە. {فرهنگ فارسی عمید جلد اول ل٦٦٩}.

ڕەشك:- بە بەخیل وحەسوود، واتای بیلبیلەش دەدات. ڕەوش:- ڕەفتار و جوڵە و بارودۆخ. سەنج:- ئەندازەگیری و پێوانە، خستنە ژێرچاودێری. کەواتە ماناکەی دەبێتە:

ڕوخسارت لە جامی جەمشید سەرتر و لە خۆرازی ترە٠ توانا و کەیفیەتی زیاترە، جەمینی تۆ ڕفتار و جوڵەی مانگ و خۆر دەپێوێ و ڕایدەگرێ.بەمەش فەزڵی جەمین دەدرێت بە سەرجامدا. ئەگەر جامی جەم لە توانایدا هەبووبێت دنیا پیشان بدات، ئەوە جەمین دەتوانێت دنیا بجوڵێنێ. وەرچەرخانی ئاوەزی (ئیبراهیمی) لە مانگ و خۆر پەرستیەوە بۆ تاقانە پەرستی.

لە(ڕەشك)دا توانا و دەسەلات زیاتر بەدی دەکرێت.چوون ئێرانیەکان وەك واتای(نێر- مێرد)بە کاریان بردووە. سەرباری ئەم واتایانە واتایەکی تری کلاسیکیش دەدات کەڕەشك بە بیلبیلە وەرگرین:

ڕوخسارت بیلبیلەی ئاوێنەکەی جەمشیدەو هات وچۆی مانگ و خۆر چاودێری دەکات و دەپێوێ، یانی لە ڕاستیدا توانستی جامی جەمشید تەجەللای جەمینی تۆبوو.

٢-جەوساوە خەدەنگ موژەت دڵ کاوان

کوورەی فراقت کۆی سەبرم تاوان

لەوساوە تیری برژانگەکانت دڵمی شرکردووە و کورەی فراق و جوداییت کێوی سەبرمی تواندەوە. کورە: شوێنی توانەوەی توخمە بە هێز و سەختەکانە کە پلەی گەرمی بەرزی هەیە. بە مانا گەرسەبریش هێندەی کێو سەخت و بەهێزبێت بەرگەی کورەی فراق ناگرێت.

٣-زایفم کەرۆ جە هەوا بەردەن

دیدەم ماچی حەب بید ئەنجیر وەردەن

بەچەشنێ لاوازم دەکات کە هەوا بە ئاسانی ئەمبات و چاوم دەڵێی دانەی بید ئەنجیر واتە گەرچەکی تێکەوتوە. {مەولەوی حکیم ل١٧٩} بەلای ئێمەوە دەبێت بەو سەرنجە لەم دارشتەیە بڕوانین کە گرامەرە هەورامیەکەی تەواو نەبێت و زمانی کەسێ کە زمانی دوەم باش نەزانێت ئەوکاتە ڕاڤە بۆ وێنەکە بەم جۆرەی لێدێت:

لاوازم بکەرەوە بە تیر پێوە نان وشڕم بکە با هەوا نەگرم و بە فیزو هەوا قورس نەبم (کیبر)م نەبێت.

کە شڕبووم بە تیرت و لاوازبووم و لە هەوا بردن فش بوومەوە ئیترچاوەکەم هەواناگرم و(بایی هەوا نیم) دەڵێی بید ئەنجیرم خواردوە.

بید ئەنجیر:- گەرچەکی هندی یە تۆوەکەی ( دانە) هێندەی تۆوی قاوەیە ناوکەکەی ( مەغزەکەی) سپی و چەورە. ئەو پێستەی بە تۆوەکە وەیە ژاراویە هەرکەسێ بیخوات توشی بەستن و گیرانی ملوولە خوێنەکان و سووتانی سیەکان و جگەر دەبێت. ئەم تۆوە چوەتە پیشەسازی دەرمانەوە {فرهنگ معین ل٨٧١وعمیدجلد دوم ل١٦٢٨} بە بەری ڕاڤەکەی مامۆستا حکیم مەولەوی لە شوێنی ترفەرموویەتی:

زاییفیم هەریەند جەحەد بەرشیەن

نەسیم ئەربارۆم عەجایب نیەن

ئـەم شـیعرەی مەولـەوی لـە گیرۆدەبـوون و نـەجات نـەبوون دەدوێ و کـەڵکی لـە زاراوەی فەلـەکی و ئەسـتێرە و بورجـەکان وەرگرتـووە. بۆیـە ڕەنگـە نـەتوانین بـە بـێ سەرنـج دان لە دنیای ئەستێرە ناسی ڕاڤەیەکی باشی بکەین.

٤- یار وەرم نامان نە کەمەر یەك چەم

جە تاوی ڕادار سوڵتانەکەی خەم

یار. یاری خۆرم نەهات و لەو دیو کەمەرە، لە تاو و ترسی ڕادارەکەی خەم. خۆری یارم لە و دیو شاخەکانە و لە ترسی ئەو ڕادارەی کە سوڵتانی خەم دایناوە چاوێکی هەڵ نەهێنا.بە واتە ڕۆژی من هەرهەڵ نەهات.خۆر لە ئاسۆوە دەرکەوت گەرمی و ڕوناکی بە ژیـان دەبەخـشێت و هـەر ئەمـەش وای کـردوە کـە خـوای ڤۆناغێـك و پەرسـتراوی زۆرینەیەك لە مرۆڤ بێت و خۆر بـە دەرکـەوتنی حـەزرەتی ئیبراهیم هێزی خوابوونی لەدەسـت دا. لـە شـیعر و نـوری عرفانیـشدا تیـشکەکانی ئومێـدی ڕاونـانی فەصـڵن و سەرەتایە بۆ دەرکەوتەکانی وەصڵ. لە بەیتی دواتردا پێمان دەڵێت کە سەیری زایچەی ئاسمانی کردوە و وەها هەوڵێك مەحاڵە.

٥-نە تەقویمی چەرخ شەوان تاسەحەر

پەی زایچەی وەصڵ مەشمارو ئەختەر

لە ڕۆژمێری چەرخدا شەو تا بەیان ئەستێرە دەژمێرم  و بە نیازی زانینـی هەواڵ. هەواڵ و دەنگ و باسی هەڵهاتنی خۆری وەصڵ.

زایچە:- لەوحەیەکی بازنـەیی یـان چوارگۆشـەییە کە دەنـگ وباسی ئەستیرەکان و بورجـەکانی سـاڵ و مانگـەکانی تیـا نەخـشاوە. ئەسـتێرە ناسـەکان بـەکاریان هێنـاوە بـۆ دیاری کردنی بەخت و چارەنووس و دەرکەوتن و لـەدایك بـوون.... هتـد.مەولـەوی وەك ئەستێرە ناس لە ئاسمان و ئەستێرەکان ڕوانیوە و بۆ دەنگ و باسی وەصڵ گەڕاوە.زایـچە ئـەو خوێندنـەوە وئەنجامـەمان دەداتـێ کـە مەولـەوی ناگاتـە وەصـڵ  لـە بەرئـەوەی خۆرەکـەی هـەڵنایێت و لـە بورجـا (لـەو دیوکەمـەر) دا گـیراوە و لەترسـی ڕادارەکـەی سوڵتانی غەم. یان بـۆ ئـەوەی لێـرە زوو نـەجاتم بێـت و بگەمـەوە لات خـەریکی موتـاڵاو ژماردنـی ئەسـتێرانم.

هەر لە بەر ئەمەشە کە لە بەیتەکانی دواتردا نەجات بوون دەکاتە مەحاڵ و تیاچوون مسۆگەردەکات. بە دیوەکەی تریشدا مەرگ دێت و گیان دەباتەوە بۆ نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆی.واتە مانای ڕواڵەتی بۆ ئێردو عرفانی بۆئەوێ لەم شیعرەدا هەیە.

٦-جە هیچ بورجێدا نیەن ڕای نەجات

غەیر جە نیشانەی فەنا و هەم مەمات

واتاکەی ڕوونە هێندە نەبێ پێویستە بڵێین فەلەکناسەکان ساڵیان کردووە بەدوازدە بورج و دیارە نیشانەیەك نیە بۆ ئەوەی کە ژیانی کەس بکەوێتە دەرەوەی ئەو بورجانە.ترس وشڵەژانی مرۆڤیش هەرئەودیە.

٧-جە خەوفی هیجران مەلەرزوو چوون وی

هەرکاتێت زانا ئەجەل پەیدا وی

لە ترسی دورکەوتنەوە وبەجێ هێشتن وەك بی دەلەرزم. هەرئەوەندەت زانی ئەجەل پەیدابوو. لە هیچ شوێنێکی ترلای مەولەوی بەم ڕوونی یە ترس و نیگەرانی لە مردن نیە.

٨- جلوست نە تەخت ئیقلیمی دەروەن

گیان وە ئەسیر بەرد پەی ئەسڵی وەتەن

ئەمەندەت زانی ئەجەل لە سەرتەختی هەرێمی تەنگەبەری ژیانت دانیشت و گیانی گرت و بەدیلی بردیەوە بۆ نیشتیمانی ڕاستەقینەی خۆی. کە ئەمە لەو دیویەوە ئازادی گیان و شادبوونەوەیە. ژیان تەنگەڵان تەنگەبەرە و لە دەربەندایە و ئەملاولای گیراوە و دەرچون نیە بە ئاسان دەگیرێ و تەسلیم دەبێت. مەرگ دواجارتەختی ژیان داگیر دەکات. لەم گوزەرگا تەنگەدا ئەجەل پێی ئەدابە ئەرزا. {بڕوانە دڵ وچاول ١٨٣}

٩-با هەم هاڵی بۆ گۆشەی مزگی و دەیر

هانا موغەنی یادت بۆ بەخەیر

با هەمترگۆشەی مزگەوت و دەیرەکان و عیبادەتخانەکان خالّی بن. هانام بە تۆیە ئاهەنگساز یادت بەخێر. واتە چوونەوە بۆ باری پێش درووست بوون.وەك سەرەتا کە هەرخوا هەبوو. یانی کاتێ کە مرۆڤ نیە پەرستگاکانیش نین وە دەشکرێ وێرانی وچۆڵی خواستن بێت بۆ عیبادەتخانە ڕواڵتیەکان کە تەنیا ئەرکیان تیا جێبەجێ دەکرێ یان ڕاست تر لەکۆڵ دەکرێتەوە. دەبا ئەوانە خالّی بن و ئامازەکانی پەرستشی ڕۆحی مەی خانەکانی حەق ناسی ئاوەدان.

١٠-جەکۆن چریکەی سەدای ڕەنگ ڕۆح

سەماعش پێمان مدۆ سەد فتوح

لە کوێیە چریکە و نەغمەی دەنگت کە وەك ڕۆحە، یان لە کوێیە دەنگ و ڕەنگی ڕۆح موغەنی. کە بیستنی ئەو دەنگە سەد ڕێگەی دەرچوونمان بۆ دەکاتەوە. لێرەوە پەنابردنەوە بەرکاکڵە و جەوهەری دین سەر هەڵدەداتەوە. کە دیدی عرفانیە. لە شاری پرشۆری عرفان و لەولاتی دەریا دلاّندا سەماع هەزاران ڕێگەی نەجات دەکاتەوە.

لە جهانبینی عرفانیدا مەرگ دەلیلی گەورە کردنەوەی ڕۆحە، لە مەرگا ئازادتر دەبین، هونەری عرفان ڕۆح ڕەنگین دەکات، لە ڕواڵەتی دیندا ئەو کاتەی مەرگ ترسمان دەخاتە بەر. ئەوە پەنجەرەی خۆشەویستی یار پێمان دەڵێ:

بە ئومێدی هاتنەوە بۆلام مەست بن و سەما بکەن و گۆرانی بڵێن و لێم بڕوانن.بەو هەستەوەیە کە ڕێگە لە بەردەممانـدا وازدەبێت. بۆیە لای عارفان ژیان و مردن دوو دیوی یەك شتن و پێکەوە پێناسە دەکرێن. تەنانەت پێناسەکانی مەرگ جوانترن. چوون چوونەوەی گیانە بۆنیشتمان. وە دەبێ تێ بگەین ئەم بابەت و دیدە تێکەڵی مەرگدۆستی نەکرێت. عارفان بەم ڕۆحیەت و دیدەوە سەیری ئەو ئایەت و حەدیسانەش دەکەن کە باسیان لە گیان دان و سەختی گیان کێشان کردووە.

١١-بۆلابەر وەسواس شەحنەکەی حەواس

وە کزەی گیان سۆز مەقامەکەی ڕاس

موغـەنی وەرە بـەوکزەی گیـان سـووتێنەرەی مـەقامی ڕاس، دڵەڕاوکـە و ڕاڕایـی پاریزەرەکەی حەواسم لابە.

لـە قورئـانی پـیرۆزدا وەسواسـە وکرمـێ کردنـی دڵ بەشـەڕی شـەیتان ناسـراوە. پێویستمان بەلێکۆڵینەوەی ورد و ئەکادیمی هەیە لە سەرپەیوەندی مەولەوی و میوزیك و مـەقام وکـەلام و میلـۆدی. کـە شـەقلێکی دیـاری ئـەدەبی مەولەویـە و ئـەوەی کـراوە بێگومان بەس نیە و دەبێت شارەزایانی بواری میوزیکی کلاسیك یان سوونەتی بەو کارە هەستن.وەتێ ڕوانینی ئەو بزووتنەوە دینیانەی لە هـەناو و هـزری ئیـسلامیدا بەرامبـەر میوزیك هەیە. لای کێ ئیجابیەو لای کێ حەرام و قەدەغە ؟ مەولەوی عارفانی تـر بـەو هەست و شعوورەوە ئێستا بژیانایە لـە کـام بـەرەدا دەبـوون؟ وە ڕەنگـە مەولـەوی سـەداو دەنگـی جـەزابی قورئـانی مەبەسـت بێـت. چـوونکە شـیعرەکە نزیکـە لـە مانـاو کرۆکـی سورەتی ناس تەنانەت لە کێش و مۆسیقاشدا.

١٢-بەڵکم عەکس نوور زاتی بێ سیفات

خەدەنگێ هەنیم بکەرۆخەلات

بەڵکودەرکەوتەی نـووری بـێ وێنـەی خـوای لەکـەس نەچـوو تیـشکێ بکاتەخـەلاتی منیش. بەڵ نووری ئەو یارە ئێمەش دیاری کات. مەقامی ڕاس(ناونانی عرفانی قورئانـە لای مەولـەوی)کـە بـە نـوور وەسـف کـراوە و دڵ ڕۆشـن دەکاتـەوە. وە دەکـرێ خـەدەنگ سەهمی عەزاب و تاقیکردنەوە سەختەکان بێت.

١٣-بێ نامە وعەمەل نەشوون وە مەحشەر

پێم بۆ نیشانەی بێ ڕەحمی دڵبەر

بە بێ بەڵگـە ونیـشانەی بـێ ڕەحمی دوڵبـەر نەچمە مەحـشەر و نامـە وکـردەوەم هـەبێت.جێ تیرەکانی دولبـەر لـەخۆیانا شایەت و بەڵگـەی ئیخلاصـی عاشقن.ئەمـەش دەبێتـە گـەورەترین ڕەحمـێ بـۆ بەرکـەوتوی تـیر و خـەدەنگ. لـەو بـارەوە نموونـە و لێکچوون زۆرە.وە بڕوام وایە یەکەم شکڵ و ڕووی ئەم بابەتە مەلا پەرێشان دایهێناوە.بۆ بەرچاوڕونی و مەیلی بەراوردی خوێنەر دووبەیتی مەلا دەنووسین:

هەر تیرێ ژ شەست ساف دڵبەرەن

زەهرش ژمیوەی توبا خوەش تەرەن

بێ زەخم خەدەنگ موژەی دلآرام

نەنگەن پا نیان وە صەحرای قیام

{مێژووی وێژەی کوردی ب١چاپی دووەم ل٣٨٥}

یانێ ئازیزم عەشق تۆم نەسەر

وەعەشق تۆوە هاشیم وەمەحشەر

{شێخ عومەری بیارە}

مەلاساڵحی فەخرول عولەماش کەدۆستی مەولەویە لەو بارەوەدەڵێت:

بێ زامی خەدەنگ موژەی مەه ڕووان

نەنگەن وەسارای قیامەت لوان

١-جە بێ کەسی وێم تۆم کەردەن بە کەس

نە بەکەس شیای نە بە نیمە کەس

لـە بێکەسـی خۆمـا تـۆم کردەکـەس و کەچـی تـۆ نەبوویتـە کـەس و نـە بـە نیوەکەسێکیش شیایت.

مامۆستا فەرموویەتی مەولەوی گلەیی لە دۆستیکی هیچ لێ نەهاتووی دەکات، هەرچەندە لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێت. بەڵام شیعری دووەم باس لە ئیخلاص و مـەجنون بوون دەکات و ئەویش بە لەیلا. کە باوەڕمان بەڕاڤەکەی دیوان لەق دەکات.

لەم بارەوە دێڕێکی فۆلکلۆری هەورامی هەیە جا نازانم پێش مەولەویە یان تـازەتر دەڵێت:

کەسێم فرێنێ چوون گەڵای داران

کەسێ بە من چێش وێڵم جە شاران

کەسم وەك گەڵای داران زۆرن بەڵام بە من چی کەوێڵم لە شاران.

٢-سەرجەڕاسی کەردەنم توفەیل

من مەجنوون تۆم، تۆم کەردەن بە لەیل

لە ڕاستیدا سەرم کردوەتە خزمەت کار و هەڵواسراو و دواکەوتـەت.وە مـن بومەتـە مەجنوونی تۆ وتۆشم کردوەتە لەیلای خۆم.بەلامەوە بەیتی یەکەم زۆرکەم دەسەڵاتی مەولـەوی پێـوە دیـارە.. نیوبـاڵی یەکـەمی بـەیتی دوەمـیش هەجایـەکی نوقـسانە و ڕەنگە(سەرم )درووستبێت. وە ڕەنگە تاك بێت و یان شیعری شوێنێکی تربێت.

## پیتی چ

### شیعری یەکەم

١- چوون وەلگ شادی من وای دووری لەیل

وەیشووم بەرد ئەو هەرد نەو ڕشتەی سوەیل

وەك گەڵای شادی من، کە بای دووری لەیل بردنی بۆهەردان، هەربەو جۆرەش وەیشووم(وای شووم)گەڵازەردەکانی دارانی برد.

سوەیل: درەوشاوەترین ئەستێرەیە لە دوای گەلاوێژ لە شەوانی کۆتایی هاوین و سەرەتای پاییزدا دەبینرێ. لە یەمەن زۆر بە تەواوی و بەڕۆشنی دەردەکەوێ، بەم هۆیەوە (یەمەن) هاتوەتە ناودیمەنە جوان و غەمگینەکانی شیعری ڕۆژ هەڵاتەوە. وا گومان دەبرێت خۆشڕەنگی وتام گرتنی میوەکان(سێو، هەنجیر.. هتد) لەم ئەستێرەوەیە. {فرهنگ عمید، معین، هەنبانە بۆرینە}. دەرکەوتنی هاوکاتە لە گەڵ سەرەتا و تازە زەرد بوونی گەڵادا، کە دیارترین دیمەنی جوانی پاییزە، بۆیە لە شیعری کوردیدا سوەیل مکیاژکەری بووکی پاییزە و بۆتە مۆتیڤی چەندین وێنە شیعری ڕۆمانسی.

وە لە شیعری میللی و ئەدەبی نوسراودا (یەمەن)بە کیشوەری غەریب و دور و موڵکی جوانی و سەرمایە هاتووە.

غەریب ئانە نیا ملۆنە یەمەن      غەریب ئانەنە ملۆ تۆی کەفەن

کەرام وە پاشای گرد شاری یەمەن      بێمەکۆ وەشاو بەنگای یاسەمەن

گەڵای شادی مەولەوی و تابلۆی سروشت کەوتونەتە بەرشاڵاوی دوو باوە، وای دووری و وای شوومی پاییز. {بۆجۆرەکانی باو، ئەم ڕەگەزە لای مەولەوی بروانە لیریکا ل١٢٦-١٢٩و کنگره بزرگداشت مولوی کرد باسەکەی حەمەی حەمەباقی ل٥٠٧-٥١٠} کەواتە سیوەیل جوانکەر و ڕازێنەرەوەیە. پێش مەولەوی لە شیعری خاناو بێسارانیدا هاتوە

بێجێ نییە هەم بۆ ناوی ئەستێرەکە و شوێنەکەی و ڕۆڵەکەی ئەم شیعرەی بێسارانی بنووسین.

بەدامانت بۆ.........

ساسوەیل دەستم بەدامانت بۆ

ئەوساجە یەمەن بەرنامانت بۆ

ئەوەڵ ڕشتەی سەوڵ خەرامانت بۆ

ساسوەیل سەرم نەڕات توفەیل بۆ

ئانەمرەژی بابالأی لەیل بۆ

خەزان زەردمەبۆ زوومەڕێزیۆ

لەیل نمەڕێزۆ، نمەبێزیۆ

کەواتە سوەیل نەك هەر ڕەنگرێژ وجوانکەری داروبەردی سروشتە، بەڵکوئەتوانێ سوڵتانی سروشتیش(لەیل، یار)ئارایشت بکات و بیرازێنێتەوە. لە ڕاستیدا جوانترین کار وخۆخەریککردنێکی سیوەیل لە بری گەڵا ئەوە جوانکردنی لەیلە.چونکە (گەڵادەڕوات و دەوەرێت و دەمرێت، یادگاریەك بۆسوەیل نامێنێتەوە بەڵام لەیل ناوەرێت و نابێزرێت). لە ڕواڵەتدا ئەم شیعرەی مەولەوی وەك لە سەرچاوەکاندا هاتوە بۆدۆستێکی جافی ناردوە. کە لە کوێستان ماوەتەوە و نەگەڕاوەتەوە بۆ گەرمیان و داوای گەڕانەوەی لێدەکات. وەك دەزانین زۆربەی شیعرەکانی مەولەوی شیعری بۆنەن، بەڵام مەولەوی لە جوغزی مێژوویی دەریان دەکات و چێوە و ڕووبەری تایبەتیان فراوان دەکات و مەساحەیەکی گەورەیان لە مانادا بۆتەرخان دەکات. بەو جۆرەش لە کات و شوێن دەریان دێنێت و زۆربەیان لە زەویەوە ئاسمانی دەکات یان هەردوو هێڵی ئاسۆیی و ستونی لە مانادا بەڕێوە دەبات.

٢- گێج سەرکاوان جە سەردی بین کەیل

بۆمەدان چوون بۆی بێ وەفایی لەیل

پەنا و پێچی سەرچیاکان پڕاو پڕ بوون لە ساردی، بۆن ساردیان لێدێ وەکو بۆنی بێوەفایی لەیل. زۆرشوێن هەن سارد بن بەلاَم هیچ شوێنێ وەك ساردی گێجی سەرکاوان پڕنی یە لە هەست کردن بە بۆنساردی.زۆرجارسیفتەکان لە لەیل دا تۆخترن وەك لە سرووشت. هەرنەمەشە وا دەکات بلێین مە نزلی یار لای مەولەوی ناکەوێتە سەرهێلی ئاسۆیی و دەبێت لە ستونیا بۆ یاری ڕاستەقینە بگەڕێین.

٣- بێ دەس بی چنار زیزخاترڕێش

بەڵ خاکێش کەرۆ وە سەردا پەی وێش

چنار بێدەس بوو، و دڵ بریندار مایەوە.تا لە دوای زەردبوون و مردنی گەلاَکان شینێ بکات و خاکێکی بکردایە بە سەرخۆیدا.

نەریتێکی باخداری هەیە، دارە بەرزەکان هەڵدە پاچن بۆ ئەوەی زووتر هەڵچن و بەرزترببنەوە و خامە و گەشەیان بەم لاو لادا نەڕوات. ئەم کرداری پەل و پۆکردنە پەیوەندی بە پاییزەوە نیە. ئەم بارەیە چناری بەرز و هەڵچووکردوە. بێدەستی چنار بە بارێکی تردا هۆی بەرزییێتی٠ لە بەرزی(چنار)دا تێ دەگەین سنووربەندی بۆ پەل و پۆ زەمینیەکان بەرزیان لێ دەکەوێتەوە. بۆ ئەوەی چنار بەرەو بەرزی هەڵچێت، هەڵپاچراوە. مامۆستا حەکیم(کەرۆ)ی بە(کەردا)ڕاست کردوەتەوە.لە بەرئەم جۆرە دارشتن وگرامەرسازیە یە ئێمە لامان وایە مەولەوی زمانی هەورامی تێکشکاندوە و زمانێکی بۆخۆی لە تەنی ئەو زمانەدا دروست کردوە. ئەمەش بوێری داهێنەرەکانە.{گۆڤاری هەورامان.ژ.١١ل١٤٠}.

٤- وەی کۆڵ وەی وە کۆڵ پەی زەردان دەرد

ماساو نەسەراو ڕێزان هەرزان کەرد

داربی یە کۆڵەکان(وەی. ئێش ودەرد و ژان)یان لە کۆڵە ئەوەندە وردە گەلاَی تاڵیان وەراندوەتە ئاوەکان.ماسیان لە سەرئاوەکان زۆر و هەرزان کردوە٠ بۆ ئەوانەی نەخۆشی زەردووییان هەیە{دیوان ل١٨٠}.

کۆڵەبی سەرچەمەکە گەڵای وەراندۆتە ناو ئاوەکەو سەرئاوکەوتون. (گەڵای داربی شێوەی وردەماسی هەیە ئەمەش بۆ ئەوانی دوچاری زەردویی بوون باشە{مەولەوی وتەقینەوەی زمان ل٥٧} {لە ڕسالەی عیشقیشدا بەهەمان جۆر ڕاڤە کراوە، رسالەی عیشق ل٣٨٦-٣٨٨}

بەندە لام وایە هیچ کام لە ڕاڤەی ئەو سەروەرانە لە ستاتیکا و زمانە تایبەتیەکەی مەولەوی نزیك نەبوونەتەوە ئەو گرفتەش لە وەوە سەرچاوەی گرتوە وەك کەسێکی زمان دایکی سەیری هەورامی بوونی مەولەوی کراوە. ئەمەش تووشی هەڵە وگرفتمان دەکات. بۆیە دەبێت سەرنجێ لە ئەدەبی مەولەوی بدەین وەك کەسێك فێری هەورامی بووبێت کاتێك لەو هەڵە بەکارهێنانی زمانە لە ئەدەبیانی (هەورامی وهەورامی دەرەوەی هەورامیەکان) تێگەشتین. لەوکێشەی ڕاڤە و نە پێکانی مانایە دەرباز دەبین خوانە خاستە من ئەمە وەك ڕەخنە ئاراستەی مەولەوی و هیچ کام لەوشاعرانە ناکەم کە بەو زارە نوسیویانە، بەڵکو سەرنجێکە دەبێت لە بەرچاو بگیرێت. ئەم سەرنج نەدانە بەهەشتی سجادی وخاوەنی ڕسالەی عەشقی فریوداوە. هەرچی سجادیە بە مەیلی خۆی وێنەکەی داڕشتوە وسیناریۆیەکی بۆداتاشیوە. ڕسالەی عیشقیش پێی کێشاوەتە نێو ڕێزمانەوە. بڕوانە{مێژوی ئەدەبی کوردی ل٢٧٠_٢٧٢، ڕسالەی عیشق ل٣٨٦_٣٨٩}بۆیە بەندە لە دوای ئەم سەرنجە بەم جۆرە بۆ ڕاڤەکەی دەچم:

بیکۆڵی وەی بەکۆڵ و بارلەسەرنراوی زەردویی دار، کە پاییز دەردی زەردوویی لە سەرناوە، بە مەبەستی پەڕاندنی دەردەکەی هێندەی نواڕیوەتە ئاوەکە و سەراوەکە تا دەردەکەی لەسەرشان و لە کۆڵ کەوتوە. دەردی زەردوویی (وەرینی گەڵاکان)چووە بۆماسیەکان. بەمەش هێندە ماسی کوژراو سەر ئاو کەوتوە، ماسی هەرزان بووە. بەم جۆرەش هونەرەکانی ڕەوانبێژی وێنەکە دەچنەوە خزمەتی جادوەکانی مانا وستاتیکای زمانی مەولەوی. ڕوانی بیکۆل لە قەراغ ئاو و زەردبوونی گەڵاکەی لە پاییزان لای مەولەوی وا کەوتوەتەوە:

بیکۆڵ بە مەبەستی لە کۆڵ بوونەوەی زەردوویی چوەتە سەرئاو و سەیر کردنی ماسییەکان. (سروشتی ڕوان و ژینگەی داری بی) بیانووی تری بۆ سازاندووە. دەنا مانای

سەرەتای ئەم نووسینەدا بەئەنقەست زیاتر ڕووی بەلاغەمان دیاری کرد تاخوێنەرسەلیقەی ناسینەوەی ئەم هونەرە پەیدا بکات.

٩- وێنەی عوقدەی پێچ ڕیشەی ئەروا و دڵ

بەستە بۆ جەنم خوی مۆبەت زەنگڵ

وەك گرێی پێچ خواردوی ڕیشەی گیان و دڵەکەم کەعارەقی خۆشەویستی قەترە قەترە پێوەی وەستاوە. بەوجۆرەش...

١٠- سیلسیلەی پێچ  پێچ زوڵف نازداران

زەنگڵە بەستەوە جە دانەی واران

زنجیری پێچ  و لوولی(تیتکە. پەلکە) ی زوڵفی نازداران، زەنگڵەی بەستەوە لە تکەی باران.

ئەم دوو بەیتە یەك لەدوای یەك لە ڕێگەی(لف ونشر.. تەشبیهی ئاوێتە)وە بەسراون بە یەکەوە.لە دیوانەکەشدا پێکەوە ڕاڤەکراون. (گرێ و پێچی زوڵف و گرێ ی ڕیشەی دڵ، تکەی باران و نمەی خۆشەویستی )لە یەك دەچن و ڕاڤەکەی وای لێ دێ:

بە وێنەی سەروپێچ  و شەدەکەی(کە لە ڕاستیدا ڕیشەی گیان ودڵە) عارەقی خۆشەویستی زەنگوڵەی پێوە بەستبێ، ئاوهاش زوڵفی نازداران تکەی بارانی پێوە وەستاوە.

کەواتە (زوڵفی نازداران و سەر و پێچ و شەدەی شێخ  و ڕیشەی گیان و دڵ) دەبنە یەك شت و دەچنە ئاستێ. لە گرتنەوە و هۆنینەوەی کێش و مشکی و شەدەدا ڕیشوەکان وەکو زەنگڵەی بچوك لێدەکەن. بۆیە ئێمە جیا لە ڕاڤەی نازدارانی تری مەولەوی ناس ڕاڤەمان کرد.چونکە مەولەوی زوڵفی بە باران تەڕبووی نازدارانی بە گرێی دڵی تەڕی پڕلە خۆشەویستی چواندوە. من لە(عوقدەی پێچی دڵ)دا سەروشەدەی پیرانم هێنایە وێنەکەوە کە لە سەردەمی مەولەویدا خۆشەویستیەکی زۆرهەبوە بۆیان و چەندین کەلیمەی گۆرانی شێخانە هەن کەباس لە گۆشەی چەتفە و فەقیانە و کەوا و سەرو شەدەی  شێخان دەکەن.

دەشكرێت وێنەی عەنبەربێت و بووبێتە نموونەی بالاّ بۆ پێوانی وێنەکانی تر، دەشکرێت لەززەتی تەڕی نهێنی زانینەکانی دڵ بێت بۆ جوانیە کانی یار بەباری مەجازی وحەقیقیدا.

پێشنیاردەکەم پۆترێتێکی قابیل و شایستە بۆ ئەوخاتونە ئەوغانیە بکرێت کە جوانترین شیعری کوردی قەرزاری بالاّیەتی. هەروەها نزیك لەم وێنە تاك بەیتێ لە گۆرانی هەورامیدا هەیە جا نازانم فۆلکلۆری پێش مەولەویە یان خەیاڵی گۆرانیبێژێك دروستیکردوە. گەر فۆلکلۆری بەر لە مەولەوی بێت ئەوە مەولەوی وەری گرتوە.

هەوری نۆ پەڵە ئاوردش واران

دانش ئەو زوڵفت تاتاش وناران

پیرەمێرد وەرگێڕانەکەی بۆ ئەو نوێ کردنەوەی شیعری کوردی و دەوڵەمەند کردنی ئەو زمانە و تاڕادەیەکی باشیش ناساندنی مەولەوی بەهرەی بردووە. بەلاّم وەرگێڕانەکەی زۆر جار لەمەبەستەکەی مەولەوی دووره و هەورامیەکە ناپێکێتەوە و پەیوەندی ڕۆحی نێوان پیت و وشە و وێنەکان ونە.بۆ نمونە.

وەك گرێی پێچی دڵ لەگەڵ هەستی

نمی عارەقی موحیبەت بەستی

زنجیری پێچ پێچ زوڵف نازداران

بووبووە تەسبیحی تنۆکی باران

١١- قازان چون یاران ئاواتە خوازان

قەتارە بەستەن مەکەران ڕازان

قازو قورینگان وەك یارانی ئاواتە خوازبۆ گەڕانەوە قەتارەیان بەستوە وخەریکی ڕاز و نیازن.

یاران:- ئەویارانەی لە کوێستان ئاواتەخوازی گەڕانەوەن. قازان:- کۆی(قازە)ئەم باڵندانە لە مراوی دەچن گەرمیان و کوێستان دەکەن بەرە وخواربوونەوەیان نیشانەی

سروشتی پاییز و بەرە وسەرماچوونە. لە ڕەو کردنیانـدادەنگی بـە کۆمـەڵ و قیـڕەی تێکـەڵیان لێـدێ.ئەمانـە بـێ سـەرۆك نایانکرێـت ورابـەری کـردن و حەرەسـیاتیان بـە نۆرەیە{گێتی زیندەوەر علاالدین سجادی ل٦٦} ئەم باڵندانە چوونەتە ئیدیۆم و گۆرانی و ئەدەبی میللی یەوە.مرۆڤ بۆمەبەستی دەردە دڵی خۆی لە بابەتەکانی دابڕان وجودایی و پێکـەوە بـوون و یـەك گیانیـدا بـەکاری بـردوون، ئـەوانی کردوەتـە ئومێـد و تـەما و گریمانەکانی. خۆی و بە پێچەوانەشەوە دەڵێن ئەگەرمێیەکە لەسەرزەوی گیانی دەرچێ نێرەکە لە ئاسماندا دەمرێت، ئەم تەنیا مانەی قاز و قورینگان کە لەم دێڕەشدا هەیە:

قاز و قورینگەکەی جەلات بڕیاگم

لەگۆشەی زرێبار وە تەنیا ماگم

لەم مانایەوەیە مەولەوی بۆ شینی عەنبەرقازان قەتاران دەنووسێ لە شوێنی خۆی باسی دەکەین)مامۆستاڕئوف عوسمان لەم بارەوە دەرگای جـوانی کردوەتـەوە{میهرەجانی مەولەوی٢ل١٢١}

مامۆستاحکیم بەدەلیلی(جینـاس) و بـە پێـی نوسـخەی لای خـۆی لـە بـری (یـاران) بازانی لادروستە. مامۆستاحمەرشیدی ئەمینیش(یـاران){مەولـەوی حکـیم مەلاسـالح ل١٠٠ ومهرەجانی مەولەوی ٢٠٠٠ل٣٠٤}. ئێمەش یـاران بـە جـوان دەزانـین چـوون (بـاز) زیـاتر دەلالەتی هەڵپە وچنگ و تاکی و بێ وێنەیی هەڵدەگرێت.٠

١٢- بێ لەیل، ئاخ ئامێ، جە لەیلاخەوە

پەی ئاخ داخ تەك دان بەئاخ داخەوە

ئاخ بـەبێ لـەیل گەڕانـەوە لـە کوێـستانەوە. بـۆ ئـاخوداخ هەڵکێـشان بـۆ لـەیلی بـە جێماویان پاڵیان داوە بەکێوی ئاخداخەوە.

ئەوان بێ لەیل هاتنەوە و بۆئـاخ پێـدانم و تـەکیان داوە بـە کێـوی ئـاخ داخـەوە. یان لە داخی بێ لەیلیدا ئاخ و داخیان کێوی ئاخـداخی خـستوەتە لاوە. یـانی کەسـێ بێ لەیل بێت و بڕوات دەبێت ئاخوداخی هاوشانی کێوی ئاخداخ بێـت. گومـانم بـۆ ئـەوە دەچێت گـۆرانی(ئـاخ لـەیل وداخ لـەیل) بـە دەوری ئـەو بابـەت و کێـوەدا بێـت و بـچێت.

مەولـەوی زۆرجـوان گـۆرانی و فۆلكلـۆری گـەرمیان و كوێـستانی ناسـیوە. مامۆسـتایان مـدرس وحكیمـی ملاسـالح فەرمووویانـە(ئـێلاخ ولـەیلاخ)لـە دەسنووسـەكاندا هـەن، مامۆسـتاحكیم لـە وەوە لـەیلاخ بـە دروسـتتردەزانێت كـە پێـی وایـە ئـێلاخ یـانی گەرمەسێر{مەولەوی حكیم ل١٠٠} . بەلاّم لەڕاستیدا لەیلاخ وئێلاّخ هەردوكیان هەریانی كوێستان.

ئەردەلانـەكان جگرافیـای ئیمارەتەكـەیان كردبـووە (٢٨)ناوچـە و٢٨ناوچـەكەیان كردبووە یەك ناوەندو(١٨) بلۆك. لەیلاخ یەكێكە لەو بلۆكانەكە(٨٠)لادێ دەگرێتەوە٠ بۆ سنووری ئەو بلۆكانە بڕوانەرە {تاریخ مردوخ جلد٢چاپ سوم ل٥١، ٥٢، ٨٣} ٠

زوسان پای هەردان ئێلاّخان سەردەن

لازمەن هەوای گەرمەسێر كەردەن

هەرئەم دێڕە كە مامۆستا حەكیم لە هەمان لاپەڕە دا هێناویـەتی بەلگەیـە بۆ مانای كوێستانی ئێلاّخ. وە مەولەوی نموونەی تری هەیە بۆ ئەومەبەستە.

ئامێتەی خەیالّ ئەودلّ پەسەندەن

ئێلاّخیچ هەلاّی كەمێ یەخ بەندەن

١٣- جەیرانان گەل گەل تازە كەردەن مەیل

فەڕ وستەن ئەو زێد پای هەردەی دوجەیل

ئاسكەكان كۆمـەلّ كۆمـەلّ مـەیلیان تـازەكردەوە وفـەڕ و بەرەكـەتیان خـستووەتەوە داوێنی هەردی نیشتمان.

ئەمەراڤـەی ڕوالّەتیـە. دوجـەیل:- نیـشتمانی عەشق و ئەڤیندارییـە٠ ئاسكەكان:- لەیلاكانی هەردی دێوانەیی. تازەكردنەوەی مەیل:- گەرمی و بەیعەتی ئەڤینداریيە. فەڕ و بەرەكەت:- هات وسەوزبوون و مهرەبانیەكانی یارە. گەرمەسێر:- ئەتلەس وجگرافیای تین وتاوی عیشقی مەجنون. گەڕانەوەی جەیرانان و تازەكردنەوەی مەیل واتـە بەیعـەت وەرگرتنەوە لە مەجنون و ئاوەدانكردنـەوەی زەوی ئەڤینـداری. كاتێ داوێنـی نیشتمانی

خۆشەویستی پڕبێت لە خێر و بەرەکەتی تازە و مەیل و دینی لەیلاکان، ئەوە پای هەردی ئەوعاشقیە بێ مەجنون نابێت. ئەمەش حکایەتی ڕازە لە ئادەمەوە تا دوابەشەر.

١٤-چەم سیاوەکەی وەنازدیاکەم

سەر ڕەوێڵەکەی جە ڕەم جیاکەم

چاوڕەشەی بە نازنۆڕیوی من، تاقانەی جوانی لە گەل جیا بووەوەکەم (ئاسکی خاوەن نازی من لە گەلەی جەیرانان دابڕاوە).

١٥-هالای سەرمەستەن وە شنۆی لەیلاخ

بۆی نەو پاییزش نامان وە دەماخ

هێشتاسەرمەستە بەشنۆی کوێستانان و بۆنی تازە پاییزی بە دەماخدانە هاتووە.بۆنی سەرمەستکەری شنەی لەیلاخ ڕێگربووە لەوەی بۆنی پاییزهەست پێ بکات.

١٦- شەماڵ شۆ هۆرکەر بدەر بێ درەنگ

سەیل و تەم زەردی دیدە و دڵ و ڕەنگ

شەماڵ هەستە هەڵکە وخێرا بڕۆ فرمێسك و تەم و زەردی چاو و دڵ و ڕەنگم بەرە (لف ونشری مرەتەبە)شەماڵ وەك دەلیل و نامەبەرلە فۆلکلۆری کوردیدا هانای وە بەربراوە و ئامۆشۆکەرێکی ئازادبووە کە توانای بڕینی بەربەست و لەمپەرەکانی نێوان عاشق و مەعشوقی هەبووە.

١٧-هوونەی سەیل چەم وە شەتاواندا

تەم دڵ وە ڕووی زاخان کاواندا

گڤارەی بەخوڕی فرمێسکی چاوم بدە بە شەتاوی قەڵبەزاندا و تەمی دڵیشم بدە بە زاخی گاشە بەردی کێواندا.

١٨-زەردی ڕەنگ نە وەڵگ نەوتووڵ نەمامان

تا لێش مالووم بۆ نەو پاییز ئامان

زەردی ڕەنگ و ڕوشم بدە لەگەڵای خامە و تەرزی جوانە نەمامەکان تا دڵنیا بێت لەوەی کە پاییزهاتووە.

سرووشت وەك گەورە ترین مەیدان و قوتابخانە بۆ مرۆڤ لە ڕووی خستنە گەڕی بیرو ئەندێشە وخەیاڵات و بیروڕاوە سەرنج دراوە. پەیوەندی نێوان شاعران و سروشت، عارفان و سروشت، عاشقان وسروشت. دواجارماکەکانی سروشت و گواستنەوەیان بۆ دنیای شیعریەت. ژیان و سروشت، مردن وسروشت ئەمانە لای مەولەوی زۆرجوان لە حەوزی ناسکی و ڕۆمانسیەت وجوانی وعرفانیات هەڵکێشراون. سەرەتای پاییزی گەردون و نیشانەکانی توانای ڕاچڵەکینی لەیلیان نیە بۆ هەست کردن بە حوزنەکان. بۆیە مەولەوی پاییزی خۆی بە یار پیشان دەدات. سیفەت و ئاماژە پاییزیەکانی مەولەوی تۆختن لە پاییزی سروشت. ئەمەش ستراتیژێکە مەولەوی لە زمانی شیعریەتدا پەیڕەوی کردوە.

کاتێ ئاسکی مەولەوی لە ئێلاخ لە سەیرو عەیش ونۆشدایە. مەولەوی کەوتوەتە پاییزی زەردی جودایی و دابڕان کاتێ لەیل هەست بە پاییزی عاشق دەکات و بڕیاری گەڕانەوە دەدات فەڕ دەکەوێتە نیشتمانی مەجنونەوە (دوجەیل) فەڕداردەبێت و ئاوەدان. (پاییز دەبێت بە بەهار وەصڵی یار). ئەم شیعرە یەکێکە لەو شیعرانەی زیاد کاری لە گۆران کردوە و لە سروشتی جواندا سێ شیعری پاییزی نوسیوە و دانەیەکیانی بە یادی گیانی مەولەویەوە نوسیوە وەك کلیلێك بۆبەراورد چەند دیمەنێك هەڵدەبژێرین.

لای مەولەوی-هەوردەگەڕێت و شین دەکات و فرمێسك دادەوەرێنێ، لای گۆرانیش-بگرمێنێ تەپ و نم دا بکا بیکاتە شەست هەرگیز.... نەوەستێ قوڵپی گریانی نەوەستێ هەورەکەی پاییز.

لای مەولەوی فرمێسکی خوێنین، تەمی دڵ، زەردی ڕەنگ نیشانەی پاییزێکی بەهێزترن. لای گۆران تەبیعەت زەردو ژاکاو، گیان کەنشت، فرمێسکی درشت نیشانەی پاییزن. لای مەولەوی-کزەبای ساردو پیری بێوادەی کاوان و هەوری نەوەستاو و بەتاو و قەتارەی قازان و دەرد بە پاییزی سروشت دانراون، فرمێسکی بەخوڕی خوێنین و تەم

و هەناسەی ساردو چڕی دڵ و ڕەنگی زەردی ڕوخسارو هەڵکردنی بۆنی دەردو پێستی جەستە نیشانەی پاییزی مەولەوین.لای گۆران زیزی پایزو بارانی، بای ساردی، هەوری گریانی لە سروشتدا و، فرمێسك و هەناسە وخەم لای گۆران.

بۆیە زۆرگرنگە لە دراسەکردنی قوتابخانەی شیعری نوێی کوردیدا ئاوڕێ لەڕابەری ڕۆحی بدرێتەوە کە مەولەوی یە. کاریگەری ئەو پیرە لە سەرگۆران و قوتابخانەکەی تا بە ئێستەی شیعری کوردی دەگات نە بڕاوەیە و دەبێت لە هەردەرفەتێ کەڵك وەرگیرێت بۆ پەیداکردنەوەی میراسی مەولەوی و ئەزمونی شیعری جدی لەو بارەوە سەرنج بدرێت.بۆکارتێکردنی مەولەوی لە شاعرانی دیالێکتی کرمانجی خواروو بڕوانە{لیریکا ل٢٤٦، مهرەجان١ ل٧٩، مهرەجان٢ل٦٩ }

١٩- مەپەرسۆ بەو مەیل بێ سامانەوە

های چ خەبەرەن جە دامانەوە

ئەپرسێ بەو مەیلە فراوانەوە های دەنگوباسی ئەوخوارە چیە ؟ ژینگەی لەیل لەگەڵ ئەوەشدا کە فێنکە، بەرزیشە واتە (ناسکی چاوڕەشی بەناز نۆڕیو ) لەڕوی مەیلەوە هەواڵی ئەوخوارە دەپرسێ. گوتمان لە هەرکام لەشیعری مەولەویدا با لە ڕواڵەتدا (موناسەبەن) و زادەی ڕۆژ و بەروار و بابەتێك بن لە ڕاستیدا گەرلە دوو سێ وێنەشدا بوبێت لای بەلای یاری عرفانیدا کردوەتەوە.بەجۆرێ چڕترین و کاری گەرترین وێنە دەخاتە بەردەست تا لە ڕێی چێژی ڕۆحیەوە ئەو وێنانە بناسینەوە.ئەم وێنەیە ڕومان بەرەو عرفانیات وەردەچەرخێنێت.

٢٠-واچە پڕ جەتۆ جەوێ فەرامۆش

من دی توحاڵش نەژنەوی وە گۆش

بڵێ ئەو پڕ پڕە لەتۆ و خاڵی خاڵیە لەخۆی لە یادو بیری تۆدا واخۆی لەبیرچووەتەوە یاخوا بەو جۆرەی کەمن دیم تۆ حاڵی بەگوێ نەبیسی.

لە شوێنیتر ئەم دیدە عرفانیە بەم جۆرە دا دەڕێژێتەوە.

، هام ڕەفیقم دەرد هام صوحبەتم كۆس

وێم جەوێم خاڵی مەوج مدە وجەدۆس

كە ئەمە بڕوانامەی تێكڕای مەدرەسەكانی عیشقە (لەخۆغافڵ وخاڵی و لەیار پڕو بە ئاگا)

٢١- دیدەش یەندخەیاڵ باڵآت بی تێشدا

ڕاگەی خاونەبی بویەرۆ پێشدا

چاوی ئەوەندە خەیاڵی باڵاتی تێدایە ڕێگای خەونیە پیایدا گوزەربكات. خەیاڵی باڵآت لەچاوما جێگەی بە خەو لێژكردوە (خەووخەیاڵ)دیارترین سیمای ڕۆمانسیەتن، لەم مەیدانـدا هەوڵـەكانی مەولـەوی بـێ وێنـەن. بـە قەیافـەی ئـەم بەیتـە مەولـەوی چەندبەیتێكی تری بڕیوە.

* یەند دیان وەو ڕا تۆ مەینە پێشدا

دیدەی دڵ نیگا نەمەنەن تێشدا

* خاترم یەندخارمەینەت هاتێشدا

پای میلش زەحمەت بویەروپێشدا

تكەش عاجزكەردخەیاڵت تێشدا

ئازیز بۆ جارێ پا بنیە پێشدا

مەولـەوی لـەو شـاعرانەیە كـاتێ ویـستویەتی شیعربنوسێت خـۆی بـە بەرپرسـیار زانیوە بەرامبەردنیای جوان و ناسكی شیعریەت، سروشـتی خـۆی لـە پـاڵ بـەهرە خوایی یەكەیـدا شـێلاوە و لـەو پـەڕی خەیاڵـەوە هاتوەتـە نـاو هونـەری ڕەوانبێـژی و پرۆسـەی دروست كردنی زمان و ستراتیژی تایبەتی نووسین. بۆیە كەمترین خەوش و عەیب هەیە بـە وێنـە شـیعریەكانی مەولەویـەوە تەنانـەت كـاتێ بابەتـە سـادە و سـاكار و كـەم ئەرزشەكانیش بەو پرۆسـەیەدا دەبـات لـەجوانیان هەڵدەكێشێت.لەڕێی ئەو پەیوەندیە

بەتینەی کە هەیە لەنێوان(تصوف، ڕۆمانسیەت)دا بە یارمەتی وەرگرتن لەخەون وخەیاڵ و ئەندێشە و سوڕانەوەی بابەتەکان لەخولگەی عەشقا، بەمەش مەولەوی ئاسودەیی دڵ و چێژی ڕۆحی پێشکەش بە خوێنەرەکانی دەکات.ئەمەشە جوانی بینی و پێویستی ئێمە بەعرفان و گرمنتی سەرکەوتنی شاعرە عارفەکان بەگشتی و شیعری مەولەوی بەتایبەتی.

مەولەوی کاتێ مەلاو دەبێت لە عیشقا ژیان و مردن بە چاوی سەر و دڵ نیگا دەکات هاوسەنگیەك بۆحاڵی خۆی لە هەردو دنیا دێنێتە ئاراوە.ئەم دنیا بەسروشتی جوانی، گەنجی، دڵداری، سەر زەوی کەیف و سەفا... هتد.لە گەڵ دنیای مردن، تەنیایی، فراق و غەریبی و.. هتد.عیشقی خۆی بەرامبەرخود و مرۆڤ، سروشت و پیرو خوا ڕا دەگرێت. لە هەردوحاڵەتی (هەستی ونەستی)دا. لەڕێی زمانەوە وێنەی پڕلە نەشئەی (جوانی وەصڵ و یارو بە هارو عەنبەرو بادە و شادی و کەیف و سروور زیندەیی)دروست دەکات.بەهەمان ڕۆحیەتی جوانی ناسیەوە (زویری و پیری و مەرگ و ئەوێی فراق وغەم و کەسەرو حەشر ) تۆماردەکات.ئەم هێزەستاتیکی ودنیابینیە بێگومان بەسەندنی جامی بادەی عرفانی لە پیرانی هەورامان لە مەیخانەکانی تەوێڵەدا دروست بووە. ڕاستە مەولەوی پێش ئەم قۆناغەش شیعری جوانی هەبووە، بەڵام هاتوچۆی ئەومەیخانانە مەولەوی سەرمەست وبادە پەرست کرد و کردیە غەزەلخوانی پیروساقی و یار چوون ئەوێ پڕبووە لە کتێبە سەکرانەکانی مەولانای ڕۆمی و حافزو عەتارو زاناو ئەدیبە پەروانەکانی دەوری ڕووی یار، کە مەولەوی خۆی لە نامە پڕ لەبوێری و ئازایەتیەکەیدا بۆ (فخرالعلما)ئەو خانەقایە پڕلە گەورەیی پیشان دەدات. ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ بە عەرشی بوونی دڵی و نیشتەجێبوونی یاری هەتا هەتایی. {پێچەوانەی ئەم ڕایە بڕوانە مهرەجانی مەولەوی ١ شاعریەتی مەولەوی ڕووف عوسمان ل٨٨} .

گەربەهەشت بێ وێنەترین نموونە وخلقەتی شیعریەتی دەستی پەروەدگاربێت. ئەوە لەنێوان بەهەشت و شیعری مەولەویدا ڕویەکی لێکچوو هەیە. چۆن ناشیرین و ناقۆلا و زەرەتاڵ و دەردو نەخۆشی و مردن لە بەهەشتا نین، هەربەو جۆرەش لە شیعری مەولەویدا ناشیرین و قێزەون نیە{گۆڤاری هەڵەبجە ژ١٥ ل ١٢٩} هەرئەمەشە

جوانی بە هەشتی شیعری مەولەوی و سەرچاوەی هێزی ئەوجوانی خولقاندنەش ئیمان وعیشقە. لەخوێندنەوەی شیعری مەولەویدا ڕاحەتی و چێژ و سکونەت ڕووت تێدەکات. هەست دەکەی مەستی بێ ئەوەی خواردبێتتەوە، لەئۆرجازمای بێ ئەوەی ئافرەتی رووتت لەباوەش بێت. مەلەش دەکەی بێ دەریا، بەخشندەی ڕۆحت گەورە دەبێت و دەفرێت.پێت خۆشە خۆشەویستی و داد پەروەری بخەیتە نێودارو ئاژەڵانیشەوە.جوانی شیعری سهرابی سپهریش دەچێتەوە سەرئەوئیمان و بڕوایە.کە سەرچەمەکەی ڕۆح گەرایی یە لە عرفانی هیندیدا {هشت کتاب سهراب سپهری ل٢٩١}

٢٢- یەند گێلان بەو دەرد شەرنەدەروونذا

با بۆی دەرد مارۆ وە ڕووی هاموونذا

ئەوەنــدە بـەدەردی سـەرکردوی دەرونـەوە گـەڕاوە، بابۆنی دەردی دەهێنێ بـەدەرو دەشــتا (بیابانــدا) لــە دیوانەکــەدا (شــەر)نوســراوە بــەلام دیوانەکــە و سەرچــاوەکان بـە(سـەرکردوو)ڕاڤـەیان کـردوە، جانـازانم هەڵەکـە هـی چاپەیان، نـا، چوون(شـەڕ)یش ئەتوانێت، لە وێنەکەدا جێی خۆی بکاتەوە.

٢٣- زایفیش گرەوجە کابەردەبێ

بای هەناسەی سەرد گێج پێش وەردە بێ

لاوازیەکـەی گـرەوی لـەکابردبوو، بـای هەناسـەی ساردی گـێج وخـولی پێدابوو. گەر(کا، پووش)بە دەلالەتی سووکی وەرگرین.کەزۆرجار عاشقان لـە سەختی گرفتـاری دەردی عەشقدا لە ڕووی جەستەیی یەوە لاوازدەبن. بەلام ئەم سووکییە بـەقازانجی ڕۆح تـەواو دەبێـت. دیـاردەی بـەدناوی ونـەنگی و عـارو ڕسوایی و سـوکی لـە شیعرا پێوەری عاشـقیە. بـە پـووش بـوون تـاڕادەی گـرە وبردنـەوە لـەکا ئیخلاصی مـەجنونی و بیابـان گەڕی پاڵەوانەکەی ئێمە دەردەخـات.گەربتـەوێ بگەیتـە ئاسمانی یـار.دەبێت لـە عەشقا سووک بیت،ببیتە کۆلارە بۆ ئەوەی بەرزبیتەوە بۆلای ئەو دەبێت لە سووکی و بـچووکی بێ باك بیت.

٢٤- گێج مەومرد پووشش بەوهەناسەوە

سروەی پووش مەوات جەرٍووی تاسەوە

گێجی دەخوارد پووشەکەی بەدەم هەناسەوە وشنەی(سروە) پووشەکەی بەتاسەوە دەیوت:

٢٥- ئازیزشۆخ شەنگ شیرین تارمنی

ئاهوی بێ ئاهوی وەش رٍەفتارمنی

ئازیزتۆ شۆخ وشەنگ وجوان وشیرین دابراوی(تەنیابوونەوەت شیرینە). تۆئاسکی تاکو تەنیاوخۆش رەوت و خۆش کردەوەی.

دەزانین مەولەوی مرۆڤانە هەڵسوکەوت لەگەڵ سروشت و رەگەزەکانیدادەکات{مەولەوی‌بەرهەمی وشتێك دەربارەی سروشت. عیزەدین مستەفا مهرەجان ل٩٤. ١٣٨} بەجۆریك دەڵێی دونێکی تری حەزرەتی سلێمانە. ئەوچۆن زمانی گیان لەبەرانی زانیوە، ئەمیش ئاوا زمانی سروشت و بوونەوەرانی سروشتەکەی زانیوە. {کنگرە بزرگداشت مولوی کرد، مەولەوی یان گەرانەوە بۆسەرچاوە. محمدحمەباقی ل٤٩٩} لەزۆرجێی دیوانە کەیدا تێکرا ئەم هەستە هەیە، یەکەمین شەقڵێ کە هەرکەسێ لەشیعری مەولەویدا هەستی پێ بکات ئەم تایبەتمەندی یەیە. هەرلەم روەوەیە مەولەوی زۆرجارجەستەی خۆی ئاڵوگۆرٍ پێدەکات لەگەڵ رەگەزەکانی سروشتا. ئەو ئاشناترین کەسە بە سروشت و چاکترین شاعری ناشتەوایی نێوان(خودوسروشتە) ئەوکاتێ ئەعزای دەبێتە پوش وکا وبای ساردی هەناسەی هەڵبەز و دابەزو گێج وخولی پێدەخوات نەرمەدەنگی سروەی ئەوبا و پووشە دەخاتە زکری ئاهوە تاقانە و دابراو و لە کەس نەچووەکەی. ئەمەش دیدگای عرفانی هەردەم ئامادەی مەولەویە لەو پەرٍی لاوازی وسوکیدا خەریکی مەدح وسەنای ئازیزە.ئەو سیفەتانەی دراونەتە پاڵ ئاهو لە پشتیانەوە یاری حەقیقی هەیە،(ئاهوی بێ ئاهو) یاری بێ عەیب وبێ شەریك و هەم زۆرشیرین و تەوەللا و لەوان بە جیماو، هەم خۆش رەفتارو خۆش کردار. بۆیە دەبێت بۆ گەیشتن بە شیعریەت بەوجۆرەی لای مەولەوی هەیە دووکاربکەین:

١)دەرهێنانی دەقەکان لە بۆنەو وەزیفە سەنەدنەوەی مێژوویی لە شیعرەکە.

٢)خوێندنەوەی شیعرەکان جارێ لەسەرزەوی وجارێکی تربەرە و ئاسمان(ڕەهەندی ئاسۆیی وستونی)

بەم جۆرە دەتوانین مانای جیاواز و گوتاری بەردەوام و دەوڵەمەند دروست کەین.

## ٢٦-جەڵەوجەڵەوگەل سپی تەتاران

## دین دیدەکەت وەچەم مداران

کۆمەڵ کۆمەڵ(گەلە)ی سپی تەتارەکان چاوەڕێی دیتنی دیدەتن.مامۆستاحکیم پێی وایە ڕاڤەی دروستی گەل سپی (گەڵ سپیە)ئاسکی ناوگەڵ سپی و مەبەستیشی کچی جوانە{مەولەوی وتەقینەوەی زمان ل١٠٥}

بە بڕوای بەندە بۆچونەکە هەڵەیە، چون مەولەوی نزیك بەو تخوبەنەکەوتوە بەو مەئلوفیە(یەك جارلە ناوگەڵ و زێو ئەندامی مێینە ) نزیك کەوتوەتەوە دەڵێ:

(نازکتەرجە نازجای نیاز) بۆیە گەل هەر کۆمەڵە ئەمەش هیچ گرفتێك لە زماندا دروست ناکات. چون لە لادێدا(گەلە ڕان)دەستە دەستەو کۆمەڵ کۆمەڵ دەهاتەوە. ئەم بەیتە و دوابەیت پەیوەندارن پێکەوە. ڕەنگە سەرباری دەلالەتە ناسکەکان ئامازەیەکی زوڵم و زۆریش لە ئارادا بێت کاتێ بزانین(باج وخەراج)چیە و تەتەر، یان تاتارەکان کێن و چۆن بوونەتە سومبلی ستەم و سیفەت بۆ هەموو زاڵمانی تر.گەرچی مامۆستا ئیبراهیم باجەلان تێبینیەکی گرنگی دەربڕیوە بەوەی کەسێك شارەزای مێژووجگرافیای ناوچەکە نەبێت باج و خەراجەکەی مەولەوی یەك لا یەنە تێدەگات. بەڵام خۆیشی بە پێی گرنگی تێبینیەکەی مەبەستەکەی ڕۆشن نەکردوەتەوە. {مهرەجانی مەولەوی ٢مەولەوی و گەرمێسەر ئیبراهیم باجەڵان ل٢٧٥} . ڕەنگە ئامازەیەکی مێژوویی هەبێت لە پەیوەندی هۆز و تیرەکان و فەرمانڕەوایی زەهاو و چۆنیەتی بەڕێوە بردن و ئەرك و مافەکان خۆگەرئامازە مێژوویی یەکە درێژتر کەینەوە بۆ سەردەمی فراوان بوونی خەلافەتی ئیسلامی کە عەرەبە داگیرکەرە موسڵمانەکان سەرانە و زەوییانەیان سەپاند بە سەر ئەو گەلانەی کە ئەوکات دینی هاوردوی ئەوانیان قوبوڵ نەبووە. واتە بە ناچاری ئەو باج وخەراجە دراوە. پێچەوانەی بەیتەکەی مەولەوی.

٢٧-ئێلاَخان سەردەن بازشان نامان

گەرمەسێر وەشەن بۆرێوە دامان

کوێستانان ساردن و نامانە بەجێیان بێڵە، گەرمەسێر و گەرمیان خۆشە وەرەوە خوار. ئەم بەیتەش دڵنیامان دەکات ئێلاخ واتە کوێستان وڕاڤەکەی مامۆستا حکیم بە گەرمیان هەڵەیە.

٢٨-تاگێران یاران ئاهوان ڕەم ڕەم

باجت وە گەردەن خەراجت وە چەم

تا یاران(دڵدارەکان)ئاسکە هەڵهاتو وسرکەکانت بخەنە ژێربار و باجت بخەنە گەردن وخەراجت بخەنەسەرچاو.

دڵدارانی ڕاستەقینە و شەیدایانی(ئاهوی بێ ئاهو.. تاقانەیار) ئەوجەیران و سپی تا تارانەی کە فەڕو بەرەکەتیان خستوەتە پای هەردی دوجەیل و مەیدانی مەجنون بوون و دێوانەیی یەوە دەکەنە باج و خەراجی پێشکەش کراوی ئەو یارە. (هەمووعیشقی مەجازی دەبێتە باج وخەراجی عیشقی حەقیقی)

یاران دەبنە باجگیروخەراج کۆکەرەوەکانی یار. باج و خەراجەکەش دڵ و گیان و هەستە (مەیلە) کە یارلە ئەزەلەوە سە پاندی بەسەرعاشقانیدا و دڵدارانیش چوونە ژێرباری. چوون جوانی ئەوتاقە یارە ڕەهایە وتاجی سەری جوانیەکانی ترە.حافزی شیرازیش دەڵێت:

ڕەوایە گەرلە هەموودڵبەران بسێنی باج

کە بۆ سەری هەمووجوانانی عالەمی وەك تاج

دووچاوی مەستتە شێواندی مولکی تورکستان

بە چینی زوڵفتە ماچین و هیند داویە خەراج

من بۆ بەراوردوگەیاندنی واتای شیعری باج وخەراج هێندەم لە شیعرەکە نووسی. بۆتەواوی شیعرەکەو دەقە فارسیەکە{بڕوانە شەونم وەرگیراوی سەدغەزەل لەدیوانی حافزی شیرازی. و. عەباسی حەقیقی سنندج انتشارات کردستان ١٣٨٧ل٧٨٧٩}

### شیعری دووەم

١- چەرخە یە تۆنی ئەی مەیلە گەردی

بەختە یە تۆنی شادی ئاوەردی

چەرخی گەردوون ئەمە تۆی ئەم مەیلەت نواند• بەختەکەم ئەمەش تۆی شادیت هێنا.

بۆنە مێژووییەکەی: مەولەوی دەچێتە تەوێڵە بۆ زیارەتی شێخی بەهادین، شێخ لە بەر نەخۆشی نا یبینێت و دواتر نامەیە بۆ مەولەوی دەنوسێت.لە وەلامی نامەکەدا مەولەویش ئەم شیعرە دەنوسێت. {دیوان ل١٨٦} بەلاّم لە ڕاستیدا ئەم شیعرە یەکیکە لە دەقە عرفانیە جوانەکان کە حالّ و ئەحوالّەکان لە فەصلّ و وەصلّ بەیان دەکات و پەیوەندیە ڕۆحیەکان بە سەر صوحبەت و لیقا جەستەیی یەکاندا سەردەخات ئێمە کەم دەقمان لە بەر دەستایە کە (سونەنە ئیلاهیەکان... یاسا گەردونیەکان) لە گەلّ ویستی مەولەویدا هاتبنەوە. ئەم دەقە یەکێکە لەوانە.هەر چەندە مەولەوی لێرەش بە چاکەی ڕوالّەتی گەردوون فریو ناخوات و چاکە و پیاوەتیەکەی (چەرخ و بەخت)تەسك دەکاتەوە بۆ تەنها نامەکەی لەیل و شیعرەکە دەباتەوە ژێرچەمکی(فەصلّ).

بەلامەوە شتێ جێی سەرنجە هەمان شێخ داوای مەولەوی دەکات هاوسەفەری بێت مەولەوی ڕەدی دەکاتەوە و عاشقانە پاکانەی بۆ دەکات. من سەرباری پەیوەندی عاشق و ماشقانەی ئەو دووزاتە ئەم خالاّنەم لادرووست بووە:

١) مەولەوی لە بەردەم خودی عیشقا خۆی بچووك وسووك گرتووە نەك خودی کەسیەتیەکان و هیچ کات بوێریەکەی لە دەست نەداوە (هەلّوێستەکانی بەرامبەر پاشا و میر و شێخان و زاناکان)

٢)مەولەوی زۆرجار لە پەناوە دەرسی عیشق بە پیرەکانی دا دەدات و هەنێ جاریش مۆچیاریان دەکات.

۳) پەیوەندیــەکانیان زۆر ڕاســت گۆیانــە بــوەو لــە هــەر ڕوو دامــان و پامــان و دەربابیسیەك بە دوور بووە.

۲-خەمە فرسەتێ، ئامانەن زامان

دەردە مۆڵەتێ نامەی لەیل ئامان

ئەی خەم دەرفەتێکم دەیە دەخیل و ئامانە زامان و دەرد.مۆڵەتێکم بدەنێ نامەی لەیلم بۆهاتوە.

(مۆڵەت)کلیلی تێگەیشتنی ئێمەیە لە خەم و زامی هەردەم و هەمیشەی مەولەوی کە بۆخۆیان گلۆپەکانی شاری فەصڵن. مەولەوی بۆ بە جێهێشتنی فەصڵ و چوونە وەصڵ (مۆڵەتی خواستوە) یانی ئاماژەی گەڕانەوە بۆ فەصڵ واتە دوای مۆڵەت هەمان باری پێشوو کەتیایدبووە. لە دیوانەکەیدا لەم ئاماژانە زۆرن.

۳- تەحریرخوردەی ڕێحان بێزەکەت

تەقریرشیرین شەکەر ڕێزەکەت

خەت خۆشی و جوان نووسیەکەت تانە و تەشەری لە خەتی ڕەیحانی دەدا و لە بەرچاوی دەخست.

بەیانی گوفتی شیرینت شەکر یان لێ دەباری.دەشکرێ خوردەی ڕێحان لە جادوی خەتەکە دوورخەینەوە و بیبەینە بەردەم ئاسۆی تام شیرینی شەکرەوە. (یانی چۆن تەقریری لە تامدا شیرینە، بە هەمان جۆر تەحریریشی تام و بۆ خۆشە ).

ورتکەی ڕێحان، پوش ڕێحان تام و بۆیەکی خۆراکی خۆشە تامی خۆراك خۆش دەکات، نامەکە و خەتەکەی شێخ کە خۆراکی گیانیە تام و بۆ شیرین و خۆشە. ئەم یاریەی (معقول و محسووس)ە مەولەوی زۆربایەخی پێداوە بۆ تێگەیشتن لە هەمان بابەت و مەبەست بگەڕێوە بۆ{شیعری ۱ پیتی ئەلیف لەم کتێبە} وە ڕەنگە ئەم بەیتە خەیاڵیشمان بۆ ئەوە بەرێت کە دەس و خەتی حەزرەتی بەها وورد بووبێت.

٤- یاوا وە سەر وەخت خەستەی دەردەکەت

مەڵهەم دا نە زام دووری کەردەکەت

نامەکەت دوا جار گەیی یە سەروەختی بیمار و گرفتاری دەردەکەت و مەرهەمی نایە سەرزامی دووری کردوەکەت.

سەروەخت: گەیشتن لەکاتی خۆیدا، فریاکەوتنی دەردەدارێ کە وادەی مەرگی بێت کەواتە نامەکە(احیا کەرە)مەرهەمی ئەو زامەیە کە لە دووری ئەوەوە کەوتوەتەوە. کەواتە خودی ئەو هەم دەردە هەم دەرمان.معشوق چۆن دەرد و زامی داوە مەرهەم و دەواش دەدات. هەموو بابەتەکانی هانا بردن بۆ پەرستاران و دکتۆران و حەکیم و لوقمانان لە شیعری کوردیدا ئەم بابەتی ئەڤین و عیشقەیە، کە دەبێت بە هەردوباری مەجازی و حەقیقیدا بخوێنرێتەوە.

٥- من کێنان خامەت وە یادم کەردەن

حوسنت زیاد بۆ پەی دلآن بەردەن

من کێم خامەی تۆیادی کردوم و ناوی بردوم جوانیت زیاد و تاو سەندو تر بێت بۆ بردنی دلآن. تا جوانی یارگەشە کردووتر و زیاتربێت عاشقان دێوانە و لێوەتر دەبن و تێکرا پەردەکان دەدڕێن و باکیان لە هیچ جۆرە نام ونەنگێك نامێنێت. ئایاتی ئەم قسەیەش لە چیرۆکی یوسفدایە چ لای یوسف بە رامبەرحەق چ لای زلێخا بەرامبە ریوسف) و شاعرانی عارف کاریان لە سەر کردوە. لە بەرامبەرجوانی زیاد و بەرە بەرە دەرکەوتەی(جوانی ڕەها) باشترین شتێ کە عاشق بیکات (سفربونەوە و هیچ نەبونیەتی) دەبێ لەو هاوکێشە عرفانیەوە سەرنجی (خۆ بەکەم گرتنی شاعران بدرێت) چونکە بەم تێ گەیشتنەوە ڕزگار دەبین لە ڕەخنە گرتنمان لەو شاعرانەی کە زۆرخۆیان بچوك کردوەتەوە لە ڕواڵەتدا بەرامبەر پیرەکانیان و لەڕاستیدا بەرامبەر مەعشوقی حەقیقی. { سەبارەت بەو ڕەخنەیە بڕوانە مەولەوی و تەقینەوەی زمان حکیم مەلاساڵح ل٩-١١}

مەولانا پێی نەنگە ناوی خۆی بەرێت وخۆی بە خاوەنی کلیات بزانێ خۆ ئەمە لە مەولەوی ئێمە زیاتری تێ پەڕاندوە. مەولەوی بەرامبەر ڕابەری یەکەمی کە باوکی ئەم پیرەیەتی هەمان هەڵوێستی وەرگرتوە. مەولانا خالدی شارەزوریش بەرامبەرشاهی نەقشبەندی ئەم خۆ بەکەم گرتنە تێ دەپەڕێنێت و تەنانەت لە ئایەتی (ولقد کرمنا بنی ادم) دەچێتە ئەولا تر٠خۆ ناکرێ بێتە مایەی ڕەخنە.چونکە(دینی عاشقان) تەفسیر ناکرێ، تا ئێمەش چرای تێ گەشتن هەڵکەین و بەخوێنەر بڵێین وا تێ بگە لەم حاڵاتە، هێندە نەبێ دەپاڕێینەوە تا گشت کەسێ بکەوێتە عەشقەوە و سرِی ئەو ڕازی ئەڤینەش تەنها بەرازداران بدات.

پێم باشە چەند نموونەیەکی خۆ بەکەم گرتن و بچوککردنەوەی دلێرانی عەشق بەرامبەر یارەکانیان بنوسم جاچ مەجازی بێ یان حەقیقی دوا جار دەگەنە یەك مەنزڵ. بۆ ئەوەی بەچاوی ڕەخنەوە لەوحاڵە نەڕوانین و ئەو دیاردەیەش سەیر نەبێت بەڵکو بیکەینە واجب.

سەگم کەمتر لە سەگ سا تۆیش وەرە بۆم بە بە نەجم الدین

تەماشایەکی حاڵم کە بەئینسانی کە دەیزانی. (مەولانا خالد)

داغی تۆم هەر پێوەیە صەدجار دەرم کەی دێمەوە

من سەگێکی تۆم وەفایی ڕوو لە دەرگای کێ دەکەم (وەفایی)

نەبوو ڕووم بێمە خاکی چاکی پاکی طیبە تا بی

بە سەگ نابێ مولەووە ث ئاوی زەرقا بەحری ئیحسانە ( نالی)

یامحمد ڕووڕەشی دەرگانەکەی تۆم تۆبە بێ

هەرچی هەم بێ شك سەگی ئاسانەکەی تۆم تۆبە بێ (حەمدی)

٦- جەمینت هەرسات نەجەلایێ بۆ

هەرجەلا پەی من وە بەلایێ بۆ

ڕوخساری جوانت هەرساتێ پرتەو و تیشکێکی هەبێت.و هەرشەوق دانەومیەگی بۆ من بەلایێ بێ وتمان(جەلا)دەرکەوتن و ئاشکرابوونی سیفات و ناو و کردارەکانی باری تەعالان، مەولەوی ڕوخساری پیرەکەی بەجێ و مەنزڵی تەجەللای خوایی دەزانێ، دەڵێ هەرسات لە لایێ بێ. یان هەرسات (سیفاتێکی تیابێ)وە هەرجەلاییێکیشی بۆ من بەلایێ بێ.جەلا ڕەونەقی جەمینە و بەلاش ئەزموونەکانی عاشقە لە بەردەم تەواوی کاریگەریە جێکەوتەکانی باردا کاتێ بارجوانی وحوسنی زیاد بێت ئەوە ڕوخسارو دیمی دەبێتە ڕووبەری تەجەللاکردن. بەم جۆرەش هەرجەلایێك دڵێ سەرگەردان دەکات و جەلا دەبێتە بەڵای عاشقانی حەق.بەڵکو گرنگتر لەوەش خودی ڕێگەی عەشق بێ بەلا نابێت، لەو ڕووەوە عطار دەفەرموێت:

طریق عشق جانان جز بلا نیست

زمانی بیبلا بودن روا نیست

هەر لەو بارەوە شاعرێکی تر دەڵێت:

این پریشان حالی ازجام بلی نوشیدم

این بلا تا وصل دلبربی بلا دە مساز نیست

ئەم بابەتی تەجەللایە لە تێکرای دینەکاندا باس کراوە و دواتر بە فراوانی چوەتە چالاکیە عرفانیەکانەوە.(جەمالی یوسف و داری زەیتون و موسا و وادی ئەیمەن و پرتەوی طور و سوتاندنی و گرانی و قورسی قورئان وخاش کردنی کێو و سەرسەختی مرۆڤ و قامەتی ڕێك و بەژنی جوان و....... هتد. لەو چاوگانەن کە بیری مرۆڤیان بۆ وەحدەتی(مرۆڤ، سروشت، خودا)برد و کۆمەڵێ بوونە ئاوێنەی تەجەللاو مەزهەری حەق. نالیش لە وەسفی سەربازەکاندا دەڵێت:

سەحرا بە تەجەللا دەکەنە وادی ئەیمەن

قامەت شەجەر و مەزهەری ئەلتافی ئیلاهن

مامۆستا محمدامین ئەردەڵانی(جەلا)ی کردووە بە(کالا) ونوسیویشیەتی مانا تێك ناچێت.

هەر کەس چەشەی عرفانی هەبێت دەزانێ گۆڕینی ئەو زاراوانە چ وێرانەیەك لە ستاتیکا و مانادا دروست دەکات.{بۆ وەرگێرانی تەواوی شیعرەکە و بەراورد بڕوانە دیوانی مەولەوی محمدامین ئەردەلانی بەرگی یەکەم چاپی یەکەم ١٩٩١ل٢٤٧} ئەم بەرهەمە بە پیاچونەوە ودەسکاری گۆران عەباسەوە سالی ٢٠٠٩لە چاپ دراوەتەوە من لە زنجیرە بەندیەکەی تێ ناگەم. هەروەها ئەم بەیتە لای پیرەمێردیش شێوێنراوە{دیوانی مەولەوی بۆسۆرانی پیرەمێرد ل١٢٧}

٧-نیم نیگات ڕەفیق تیرئەندازی بۆ

دڵەی من نیشان نە جان بازی بۆ

ئەوکاتەی بە مەبەستی تیر پێوە نان چاوێکت لێمان دەبێت، دڵەی ئێمەش دەبێتە نیشانەی بەرکەوتن وقوربانی دان. تەوەجوهـ کردنت بە لاچاو باشتردڵی من دەکاتە نیشانە.

نیونیگا: بەیەك چاوسەیرکردنە، ئەوەش لە قەرەوڵ و مشت لێگرتنەوەوە هاتوە بۆ باشتر پێکانی نیشان. بۆیە شاعران زیاتربە لای نیونیگادا مەیل دارن تا سەیری تەواو چون نیونیگا تەرکیزکرنە لە سەریەك نیشانە، ئەم حاڵەش پێکرانی عاشق بەدەستی مەعشوق مسۆگەر دەکات. تیردان لە دڵ بە هەردوباری مەجازی و حەقیقیدا پێکرانە کەواتە کاتێ دڵت تیری بەرکەوت مانای وایە تیرهاوێژەکە باش ئەو دڵەی کردوەتە چاو بۆیە تیر لە عرفاندا ئومێدی چاودێری ڕاستەقینە و پەیوەندی عیشقە.

٨-واتم مەیل دڵ پەی کەسێ کەسەن

چە تنخوای صوحبەت ظاهیری وەسەن

وتم مەیل وخۆشەویستی دڵ بۆ کەسێ کەس بێت ( عاشقی ڕاستەقینە ) لە خۆشەویستی ڕۆتین و ڕواڵەتی باشترە واتە عاشق و مەستی حەقیقەت و ڕۆحانی مەیلی دڵی بەسە. ئیترسوحبەتە ڕواڵەتیەکان دەبنە کاری ناکەسان.

مەولەوی (دیدارو نامەو وەصڵ و کەیف و سەیرو صوحبەت) بە باتە سەرەتایی یەکان دەزانێت پێی وایە ئەمانە ئومێدی دڵ خۆشین بۆ سەرەتای دەردی عیشق.

مەولەوی لە پەنای عەشقەوە مرۆڤەکان بۆ (کەس و ناکەس)دابەش دەکات و کەس دەکاتە عاشق و مەیلداری دەکات بە دڵداری و ڕاز.وە بە پێچەوانەوە کاری ناکەسەکان دەبێتە ڕواڵەت گەری و ڕواڵەت بازی و مجامەلە. ئەم جیاوازیەش هێڵی نێوان (ظاهیر و باطن)ە. مەولەوی لە گەڵ دوکەسی گەورە و گرنگدا دەرگای ئەم باسە دەکاتەوە (بهاالدین وسراج الدین) کە بادەسێنی دەستی هەردوکیانە. ئەوەتا بەرامبەر پیری گەورە ئەم مەسەلەی بە کەس بوونەی خۆی دوپات دەکاتەوە.

پەی کەسێ خاسەن نامەی جەحوب کەیل

تازە بسانۆ وظو جە جۆی مەیل

واتە بۆکەسێ نامەی پڕ لە خۆشەویستی باشە تازە دەسنوێژی لە سەرجۆگەی مەیل هەڵ گرتبێ. بە تاقیکردنەوە و پێوەرەکانی مەولەوی کەسێ دەبێتە کەس، سەعی لە دڵدا بکات و لە پۆلی(فەصڵ) بخوێنێت. ئەمانە حاڵی ترن و زوو دەگەنە قەناعەت و قبووڵ بوونی یار، بیانوو ورك گیر نین و حەوجێیان بە پەرەجوی پێغەمبەران و کەراماتی ئەولیاو خەرقول عادەی مەشایەخان نی یە. ئەلفێکیان لەو حوسنی یارە بەسە. چون مەولەوی هەرکاتێ بە دڵیدا هاتبێت لە فەصڵەوە بچێتە وەصڵ لە بڕیارەکەی پاشگەز بوەتەوە و گەڕاوەتەوە شوێنەکەی خۆی چوون لەو پۆلەی خۆیدا(کەس) بوونی خۆی هەست پێ دەکات و چێژی ڕۆحی لێ بردووە لەم شیعرەدا نیازێکی لەوجۆرەی هەیە.

٩- خەیاڵم کەفتەی ئاسانەکەی تۆن

چ حاجەت چاهیرئاماو ئامۆ شۆن

کەمن خەیاڵم هەردەم کەوتووی بەردەری ئاسانەکەی تۆیە، چ پێویست دەکات بەهات وچۆی ڕواڵەتی.ئاخر خۆ ناتوانین ڕوواڵەتیانە بچینە لای هەموو ئەوانەی کە ئێمە ڕۆحیانە خۆشمان دەوێن.

١٠-دیام خەیر دووریت زۆرش ئاوەردەن

ئامانێ بەڵکم ئینە چەپ گەردەن

نواڕیم (بیرم کردەوە) کە دووریت زۆری هێناوە ونیترهاتم. ووتم بەڵکو ئەمە چەرخی چەپ گەردە. من کە پێشترقەناعەتم وەها بوو مادام مەیلت لە دلایە وخەیاڵی منیش لە بەردەرتە. پێویست بە هاتنم ناکات. بەلاّم دیم دووریت زۆری هێناوە بۆیە هاتم وووتم ئەمە چەرخی چەپ گەردە. بەڵکو....

١١- هەرپاسە شادیش نی یەن بەینەتش

بەڵ بێ بەقا بۆ سزا و مەینەتش

هەربەوجۆرە کە شادی وخۆشیەکەی وەفای نیە و کەم خایەنە بەڵکو هەربەوجۆرەش سزاو مەینەتەکەی درێژە نەکێشێت.

ئومێدێك لەسەر گریمان بە یاساکانی فەلەك دەبەستێت وخۆی دەداتە دەست ڕێکەوتێ کە دوری بۆ ئەم نزیك کاتەوە. بێژەی (بەڵکو) ئێمە لە سەر پردی پەڕینەوەی( فەصڵ بۆ وەصڵ)ڕادەگرێ. و ئامازەی ئەوەش دەدات کە ئەو ئومێدە سەوز نابێت و مەولەوی دەگەڕێتەوە نێو(فەصڵ){بۆتیگەشتن لە فەصڵ و وەصڵ بروانە دڵ وچاو ل١٠٠ -١٥٣}

١٢- سێرساوون وە چەم ئەو پالاّی بێگەرد

چێش هەر زیاد کەرد دەرد وە بان دەرد

تێر تێر پێلاّوە بێگەردەکانی بساوم(بەەنوم) بە چاوما یان تێرچاوم بێنم بە پێلاّوەکانیدا، کەچی چەرخ هەر دەردی لەسەر زیاد کردم.

پالاّی بێگەرد، کەوشی پاك: دەلالەتە لەوەی کەخاوەنەکەی هەنگاوی پیس و خراپی بەرە وتاوان هەڵنە گرتوە.وە تەواوی تەن و گیانی ئەوکەسەی کە پالاّی بێگەردە، پاکە. چوون پالاّ ڕاستەوخۆ بەرپرسیاری هەنگاوی لەسەرشانە پالاّی بێگەرد هی کەسێکە کە هەنگاوی خراپی هەڵنەهێنابێت و خۆپارێز بێت(متقی) ئەمەش ڕێك ئەو

هزر و بیره پاکەیە کە هەرلە کۆنەوە لە هەورامانـدا کلاشی بەرهەم هێناوە. وە باوەڕم وایە کلاش پالای بێگەردە و بە مەبەستی تەقوا وخۆ پارێزی لە زەلکاو و چلکاوەکان، وە گرنگی خۆ پاراستن و هەنگاو وردی هەورامیەکان دروستیان کردو و پەیامە ئەخلاقی و ستاتیکیەکانیان تێداشاردوەتەوە. کـلاش لـە پـێ هـەنگاوی هەڵەشـە نانێـت و هـەردەم بیرێکـی پـاک ڕای دەگرێـت و بـە نـەرمی ئاراسـتەی دەکـات. هەرئەمەشـە کلتـووری هەورامیەکان کلتوری خێرا بڕیاردان و هەڵەشەیی نیە، بێ بیرکردنـەوە هـەنگاو نانێن و ئەم پاکی و بێگەردەشیان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەر جەستە کردووە.{لـەو بارەوە بنوارە ڕۆژی ولات ژمارە١٧٩و١٨٨ی سالی ٢٠٠٨ کە بە ناوی تـەلان هـەورامی یـەوە بابـەتیکم بلاوکردوەتەوەولە چەند چاوپێکەوتنێکیشاهەمانم بابەتم خستوەتەڕوو}

لە برژانگ و چاوی تـەڕی مەولەوییـەوە خـەیالم بـۆ نـەریتێکی تـریش دەچێت کە زەوقێکی هەورامیانەیە.کەسێ کە کلاشی تازە لە پێ بکات گیا خۆریـان دەکات.واتـە بنەکەیان دەهێنێ بە گیای تـەڕدا و دەیـان ساوێت.بەمەش تۆکمەیی و یەکان گیری بۆ بنەکە درووست دەکات و بە ئاسانی شتی تر نایبڕێت. مەولەوی بـە چاوی پـالا بێگەردەکانی شێخ گیا خۆردەکات.بە دەر لەوەش پاو پێلاو بومتە ئیدیۆم و بـۆ ڕێزدانـان دەخرێتە بان چاو.

١٣- وەشڵە وە مەینەت وەخت مەهجوری

صەد ڕەحمەت ئەو قەبر دووری و ڕەنجووری

خۆزگە بە مەینەتی کاتی دابڕان و صەد ڕەحمەت لە قـەبری دووری و ڕەنجووری. لە ڕاڤەی (قەبر دووری و ڕەنجووری ) ڕەحمەتی مەلاعبدالکریم نووسیویەتی: ڕەحمەت لەو گۆڕە تاریکەی فیراق کە تیایدا دەژیام) بـەم پێیـە مەولـەوی دووری و ڕەنجوری بە گۆڕی تاریك داناوە و ڕەحمەتیان بۆدەنێرێت

مـنی نـالایقیش وای بـۆ دەچـم: قـەبرجادووی مانـای دروسـت کـردوە و بۆخـودی مەولەوی نیە. بەڵکو مەولەوی(دووری و فراق و ڕەنجووری) وەك کارەکتەری سوودمەند و پیاو چاك لـە فەصلا بـۆ دراوسێیەتی عەشق و دلـی خـۆی سـەیرکردووە. کە پێشتر خۆراکی عیشقی ئەم بوون. بەلام ئەم بە دەستی خۆی بە جێیان دێلێت، تـەرکی فەصل

دەکات. واتە بۆ نزیک بوونەوە (وەصل) دێت دووری و ڕەنجووریەکە لە گۆڕ دەنێت. بەڵام دواتر سەیر دەکات لە وەسلا دەردەکان زیاترو یانەی دڵ بۆ یادکردن کاول ترە. بۆیە پەشیمانی فەصڵە و دەیەوێت بگەڕێتەوە. دیسان پێویست بوونەوەی بە دووری و ڕەنجووری. چوون ئەوان دڵ دەخەنە سەر فکری یاد و ئاوەدانی دۆست. یانی هەڤە ڕەحمەت بنێرێت بۆ قەبریان.چوون وەصڵ ترسی فەصڵ لە هەناوی دایە و فەصڵ بە پێچە وانەوە. ئەم حاڵەتی گێرۆدەیی یەی نێوان وەصڵ و فەصڵ، نار وجەننە و بەهەشت و دۆزەخەی عارفانی داهێنەر لە ڕابردووی شیعری کوردیدا، لای داهێنەرانی ئەم سەردەمەی شیعر و ئەدەبی کوردی سەری هەڵداوەتەوە.

فێرم کە جەهەنەم و بەهەشت لە یەکترجیا بکەمەوە

ئاخرموسیبەتی عاشقان ئەوەیە

جەهەنەم و بەهەشتیان بۆ لە یەکتر جیا ناکرێتەوە. {گرناه وکەرنەڤاڵ. بەختیارعەلی} پێویستە بەرهەمی بەختیار بخەینە مەرکانەی عەشق و لە ساباتی ڤێنکی عرفاندا بیخوێنینەوە و لەو تاوانبار کردنە ئینحرافیەی دەربێنین و لە هەناسەی ئەم مەزنە نووسەرە دا بۆ هەناسەکانی (مەولانا و مەولەوی و مەحوی )بگەڕێین و لە ژێر ڕۆشنایی ئەدەبی ئەواندا شیعریەتی ئەمیش بخوێنینەوە. کە بەداخەوە من توانا و دەرفەتی وەها کارێکی مەزنم نیە بەڵام دڵنیام بەختیار لە سەرنەستێرو هانەی ئەو مەزنانەی کلاسیك وچانی باشی داوە و داهێنەری ئەو پیاوە گۆترە نیە و هەناسەی شیعریەت بوون لە شاعیر و عارفانی بەرین فێر بووە.

١٤- ئەرصەد تۆی دەروون پەرێت قەفنەس بی

یانەی دڵ وە یاد ئاوا بی، بەس بی

هەرچەندە تونی دەروون بۆت سووتابوو، بوو بووە قەفنەس. بەس نەبوو ماڵی دڵم بە یادت ئاوەدان بوو. یان ئەوەم بەس بوو کە دڵم بە یادت ئاوەدان بوو.

دەروون بەو فراوانیەی کە بە کیشوەرێك دەچێت لە سەردەمی دووری و فراقدا کە بەلای شاگردانی (فەصڵ)ەوە جەهەنەمێکی بە چێژە ڕووبەرێکی فراوانە بۆ سووتان

و دەردو محنەت، بەلاّم لەو مەملەکەتی بە قەفنەس بووەدا تاقە مالّی دلّ ئاوەدان بوو بە یادت. مەینەت و غەم و پەژارە ئەو حەسرەتانەن لە مەکتەبی عیشقا خۆراك و وزەی پێویستی قوتابیانی فراقە. چوون دووری ترپە و ئیش کردنەکانی دلّ ڕێکتر دەکات بۆ ویصالّ بۆ زیاتر شارەزا بوون لەو ڕوانگانە بڕوانە{ دلّ وچاو ل٣٧,٤٥}. مەحویش لەم دیدەوەیە بەهەشت و دۆزەخ وەك یەك لێدەکات و دەڵێ:

دۆزەخ لە عیشقە خالّی و جەننەت لە دەرد و داغ

عاشق لە حەشریشا نیەتی جێ دڵێ فەراغ

١٥- ئیسەحەسرەتان بیم بەد ئەندێش

هەریەك جە لایێ مەکێشۆم پەی وێش

ئێستا ئەفسوس و ترس و غایەلەی خراپ، هەریەکە و لە لایێ بۆ خۆی ڕام دەکێشێ. بەد ئەندێش لە دیوانەکەدا بە ڕقیبی نیازخراپ ڕاڤەکراوە. لەم بەیتەددا ختورەوی خراپ و گومان بردن و ترس و غایەلەی نادروستی خودی خۆی مەبەستە. ڕاستگۆیانە باس لە حالّەتی دەروونی خۆی دەکات لە ئەنجامی نەبینینەکەی شێخەوە. ڕەنگە نامەکەی شێخیش هەولّی هێنانەوەی دلّی شکاوی مەولەوی بێت. بەلاّم مەولەوی نائومێدی و دلّشکاوی یەکان بە حەوزی عرفاندا دەبات و لەڕێی عیشقەوە ئاشتمان دەکاتەوە و ئاشنامان دەکات بە ئەڤین و ڕقمان لە دلاّ لا ئەبات.

١٦- خصوص تۆ وەی ڕەنگ مەوینوون دلگیر

چمان دەروونم مە پێکان وە تیر

بە تایبەت کاتێ تۆ بەو ڕەنگی دلگیری و دلّتەنگیەوە دەبینم، وا ئەزانم چاوەکانم دەروونم تیرباران دەکەن.

مەولەوی یەکێکە لەو شاعرە هەرەناسکانەی کە هەردەم پاساوی جوانی ئەدات بە دیاردە و حالّەتە سلبیەکان. ڕەنگی ئەوە هەیە بەم بەیتەوە کە دلّی خۆی بداتەوە بەوەی کە بەس نەبوو شێخی بەحالّ و ڕەنگی نەخۆشیەوە نەدی چونکە بینینێ بە کەیفی دلّ نەبێت و دلّ شاد نەکات، ئەو بینینە ئازار دەرە و تیرباران کەری دەروونە.

حەسرەت و ترسی ئەوەی کە ئەم دیبوویت، لە گەڵ گومان و غایەلەی ئەوەی کە بۆ ئەم دیبوویت بێنە و بەردمیان پێ دەکردم. ئێستا بەد ئەندێشیەکەم بەو لایەدا خست کە زۆر باشتر بەو حاڵەوە چاوم پێت نەکەوت و دەروونم زیاتر زامدار نەبوو (تیرباراتی دەرون بەچاو)

١٧-دڵ خەریك مەوج گێجاو دەردەن

زوانم دایم ویردش ئەی فەردەن

دڵ خەریکی شەپۆلانی گێژاوی دەردە و زمانم هەردەم خەریکی ئەم ویردەیە.

١٨- من نەبوون ئازیزگەردەن بلووری

کێن ڕەحمەت کەرۆ وەصڵش نەدووری

من نەبم ئازیزە گەردن بێ گەردە بلووریەکەم، کێ هەیە وەصڵی ڕەحمەت بنێری بۆ فەصڵی.بێ لە من کێ هەیە لە نشینگەی وەصلا ناشاد بێت و ڕەحمەت بنێرێ بۆ مەنزڵی فەصڵ.

گەردن بلوور شەوق و پاکی و دیاربون و ئاشکرایی دەداتە سینە و گەردنی پیرە ئەمەش پیردەکاتە چراو نماو مەزهەری تەجەللای حەق. ئەمە بوەتە سیفەتی ناسکی جوانانی تریش.

وەصڵ و فەصڵ ئەو دوانەیەن کە لە هەردوو گۆشەی عاشق ومەعشووق یارەوە دەبێت سەرنج بدرێن. ئەوانەی فەصڵیان لە وەصڵیان زیاترە، ڕەزان چوون هەردوو چەمکەکە لە چاوی یارەوە نیگا دەکەن یان ڕاستر وەصڵ بە کامی خۆیان و فەصڵ بە کامی دۆست دەزانن، بۆیە ئەوان زیاتر خەریکی بە جێهێنانی کامی دۆستن. مەولەوی مەیلدار بووە بە بینین و ئازیزیش مەیلی لە نە دیتن.خۆ دەبێ عاشقانی حەقیقی وەك حافز بکەن و دەس لە کام و ئارەزووی خۆیان بەردەن.

میل من سوی وصال و قصد او سوی فراق

ترك کام خود گرفتم تا براید کام دوست {مەحرەمی ڕازبەرگی یەکەم ل٤٠٢}

١٩-خاس بی ئەرصەدجارشادی وە یاد بیم

دووراو دوور وە دین ئاسانەش شاد بیم

باش بوو گەرچی شادیم بە یاچوو و دیتنیم بە قسمەت نەبوو، بەلام دوراودوور بە بینینی ئاسانەکەی شادبووم.

٢٠-ئیسە ها فەلەك کەلەك بەستەوە

تۆڕ داو دوریش ها وە دەستەوە

وا ئێستە گەردوون کەلەکی بەست و ئامادە کرد. تۆڕو داوی دووری گرت بەدەستەوە.یان گەردوونی فێڵباز بە نیازی دوور خستنەوە داوی بۆ ناومەتەوە.

لە دیوانەکە دا ئاماژە کراوە بە پەیوەندی(کەلەك و تۆڕ و داو و ماسی)کە ڕاوچیان بەکاری دەبەن ئاماژەش بۆ مەبەستەکە کراوە.مەولەوی دەیەوێت تەوێڵە بە جێ بێڵێ و بگەڕێتەوە. گەر مەولەوی ئەو کاتە لە ناوچەکەی خۆی ژیابێت (تاوگۆزی) بۆ هەورامان نزیکترین ڕێگە لە سیروان دانە (ڕێگەی ئاوی) واتە چەند بە چاو نزیکن گەر کەلەك نەبێت ئەوا زۆر دوورن لە یەکەوە. بەیتەکە لە بەردەم یاساگەردونیەکاندا بەم جۆرەیە:

فەلەکی ڕاوچی کەلەکی حازر و ئامادەیە بۆ ئەوەی خێرا مەولەوی ڕاو بکات و دووری خاتەوە٠ واتە یاساگەردونیەکان بە باری سلبیدا دەسبەجێن و ئامادە، یانی گەر مەولەوی بە پێچەوانەوە بیویستایە بۆ تەوێڵە بێت ئەوە گەردوون ئەوکات کەلەکی ئامادە نەبوو٠ ئەو سەفەرەی ڕێك نەدەخست.

٢١-خەفەت وادەتەن مەینەتان سادەی

وەخت بارانەن ئەسرین دەی پەی کەی

دەی ئیترمەینەتەکان دەورتانە، سادەی دام گرنەوە، فرمێسك دەی بۆ کەی؟ کاتی دابارینە. واتە زەمینەی (چەمەری وشینە ) ئیترکاتی ئێوەیە.

**٢٢-ئازیزت ئاستەن ها وە دماوە**

**تەنە بۆ بێ گیان سا شۆ وەڕاوە**

ئازیزت بەجێ هێشتوە وا لە دواتەوە ئەی تەن وەرە بە بێ گیان بتوانە بەڕێ بکەوە٠ (ئازیز، گیان)بوونەتە مرادف ئازیزی مەولەوی شێخە و هەم گیانیەتی بەجێماوە یانی بە جێهێشتنی ئەو ئازیزە بۆ خۆی جۆرە مردنێکە. ئەم بەیتە و دوانی تری دوای خۆی لای پیرەمێرد خراپ تەرجەمە کراون و لای ئەردەلانی باش.

ئازیزت لەوێ ماوە لەجێوە

تەنە بێ بێ گیان بچۆ بەڕێوە {مەولەوی ئەردەلانی ل ٢٥١}

ئازیز ویستووتی وا لە دواوە دێ

لەشە سا بێ ڕۆح بکەوەرە ڕێ {مەولەوی پیرەمێرد ل١٣٠}

**٢٣-شنەفتم گیانم بالاّ تولّ ئەی**

**ئیرادەت کەردەن چەنی خەستەت بەی**

بیستم گیانەکەم (ئەی شێخ ) کەبالاّت بە وێنەی ئەمامی ئەیە. ویستوتە لە گەڵ ئەم خەستەو بیمارە تا بێیت.

مەولەوی لەم سێ بەیتەدا ئاوێتە بونێ لە نێوان گیان و شێخ، جەستە و دوریدا دروست دەکات لە ڕێگەی چڕی داڕشتن و کورتبڕیەکانی وشەوە ڕاڤەی لە بەردەم ڕاڤەکاراندا گران کردوە ئەبێ زۆر بوەستی لە سەرئەم جۆرە حاڵەتانە تا بزانیت و بتوانیت ڕاڤەیەك بەرهەم بێنیت لەبار و شیاو بێت.

ڕاڤەکاران و کۆڵیارانی ئەو بەرهەمانەی مەولەوی ناسی کە کەوتونەتە دوای لە چاپ دانی دیوانەکەی جەنابی مدرسەوە ئەیان توانیوە پشت بەخۆیان ببەستن و

هەوڵبدەن لە ژێرهەیمەنەی ئەو هێژایە دەربچن. بۆیە زۆربەی ئەو بەرهەمانە لە سەربیر و بۆچوونەکانی ئەو بەحری عیلم و موحیتی دانشە بنیات نراون. جا ئەگەر لە شوێنێ جەنجاڵیەکانی ئەو پیرە ڕێگەی پەی بردنیان نە دابێت بە هەواری فێنکی شیعرێ، یان ئەو بەر لە هەر شت لە خەمی گەورەی نەفەوتانا بووبێت، ئەوانی تریش بێ پەی بوون. گەر بە ووردی سەرچاوەکانی مەولەوی ناسی شەن و کەو کرێن بە ئاسانی ئەو حاڵەتە هەست پێ دەکەین، بە جۆرێ کە بەرهەمە ئەکادیمیەکانییشی گرتوەتەوە.

(گیان) لەم بەیتەدا جادووی بەرپاکردوە. لە دیواندا بە گیانی لە لەش جێماوی مەولەوی لێکدراوەتەوە و تا کۆتایی شیعرەکە ئەم ڕاڤەیە ئاڕاستە دەکات.سەرباری ئەو ڕاڤەیە دەڵێین:

گیان خوازەیە و لە بری شێخ دانیشتووە لە بەیتەکەدا بە دەلیلی (باڵا تولْ نەی ) کە سیفەتی جوان کردنی بەژن و باڵای یارە.چون ئەم وەسفە ناکرێتە بەری گیانێکی لەرزیو و بەحاڵ نووزە تیاماو، لە توانایدا نیە زەم درووست بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە مەدح درووست دەکات. هەروەها گەر مەولەوی مەبەستی گیانی لەرزیو و نوزەی خۆی بوایە ئەوە لە پووش و پەلاش و زاراوە بێ گیانەکانی تر کەڵکی وەردەگرت.(باڵای عەرعەری، باڵای وێنەی نەی، قامیش، باڵا چوون نەمام، سەر و نارەوەن و......هتد) لە دەستەواژە کلاسیکیەکانن و بۆ باڵای مەحبووبان، شاعران کەڵکیان لێ وەرگرتوون و نموونەی لە فۆلکلۆردا زۆرە. ڕەنگە مەولەوی دوای بڕیاری گەڕانەوەی زانیبێتی شێخیش ویستوویەتی هاوڕێی سەفەری بێت، یان لە نامەکەی شێخ دا ئەم نیازە هاتبێت. دواترمەولەوی ئەم ئیرادەی دۆستەی لە گەڵ ڕۆحی خۆی شێلابێت و هەردووکیشی خستبنەتە بەر مەرحەمەتی یاسا و ڕێساکانی فەصڵ. یانی مەولەوی خۆی جەستەیە و یار(شێخ)گیان. پێکەوە بوونیان ژیانە و جیابوونەوەیان مەرگ.هەرئەم شوناسی عیشقە لە شورای عاشورادا بەکەڵك وەرگرتن لە سەرو جەستەی(حسین)بۆ وەصڵ و فەصڵی عەنبەر باس دەکات. {بڕوانە هەورامان ژ١١ی٢٠٠٨مەولەوی یانەی دڵ ڕۆشن ل١٤٣.. ١٤٦}

ئێمە بە پشت بەستن بەم لێکدانەوەیە بەرەو کۆتایی شیعرەکە ئاراستەی ڕاڤەکە دەگۆڕین.

٢٤-مەگەر پای تەدبیر بەد بەختی ڕێش بۆ

گیان هەوای صوحبەت جەستەکەم پێش بۆ

مەگەر قاچی ڕاوتەگبیر زامدار و ڕێش بێت (کە وا نەبوو) گیان هەوای مەیل و صوحبەتی جەستەی منی بێت.

واتە ئەوە کاتێ دەبوو، و سەری دەگرت کە تۆی گیانی من هاوڕێم بوویتایە و جەستەم (خودی مەولەوی) بەهرەی لە فەیضی صوحبەتی تۆ ببر دایە، کە من قاچم شکایە و نەگەڕامایەوە. یانی دەبوو تەگبیری گەڕانەوەم دواخستایە. کە نەبوو ! یانی ڕێك ناکەوێت جارێ بەدبەختیم ملی بشکێنێت دەبوو قاچی بەد بەختیم زامداربووایە و توانای ڕێگەی نەبووایە. کەچی من هێندە بەدبەختم و بەد بەختیم ئەم جارە پەلە پاو خێرا بوو قۆچاخانە ڕێگەی گرتەبەر. بەمەش هەوای صوحبەتی گیان وجەستە(من و تۆ ) نە هاتە دی. مانای سادەی شیعرەکە:

گەرمن زوو دەمزانی تۆ نیازی هاوڕێیەتی منت هەیە. قاچی خۆم دەشکاند و بڕیاری گەڕانەوەم نە دەدا، سەیرکەن مەولەوی چۆن یاساکانی گەردوون لە دژی خۆی دەخاتە گەڕ بە مەرامی فەصڵ بەدبەختی مرۆڤێکی خێرا و بە پەلەیە نەو تەگبیرە دوا ناخات، بۆ ئەوەی ئەم نەکەوێتە بەرشنەی هەوای صوحبەتی دۆست.

٢٥-وەر نە شێتە وێم، دڵ وەشی دڵەن

گیان جەتەن بەرشی ئاماش موشکڵەن

وە گەر نە شێت و لێوەخۆم، ئەمە دڵدانەوەی دڵە. دەنا گیان لە لەش دەرچوو گەڕانەوەی مەحاڵە.

لەم کۆتاییە جوانەدا بنیاتی شیعرەکە دەخاتە خانەی (ژیان و مەرگ)ەوە ئەو دووجەمکە ڕاڤە دەکات. بەهرە بردن لە مەیل و صوحبەتی دۆست گەر بەنسیب بێت ژیانە و، گەرنا خودی مردن و عەزابەکەی مەحرووم بوونە لە یار.مەولەوی ژیان و

مردنێکی تریشمان پێ دەناسێنێت کەئێمە ئەم دیاردەمان لەم پرۆژەیەدا بە ئینقلابی مانا ناو بردووە.

مردن: بریتیە لە دەرچوونی گیان لە لەش(ترازانی رۆح و جەستە) مەولەوی دووجار ئەم حاڵەتەی تەوزیف کردووە.

١) شێخ دەکاتە گیان و خۆی دەکاتە جەستە و مردنێك درووست دەکات کە خەتا دەخاتە سەرجەستە.چوون ئەوە جەستەیە گیانی بەجێ هێشتووە(مردنی ئاوەژوو)

٢) گیان کە هەم پیرە و هەم رۆح، لە تەوێڵە بەجێ ماون. واتە خودی گیانی مەولەوی لە جەستەی خۆی بێزارە و لای یارانی گیانیە. واتە تازە پەیوەندی من بەخانەقای عیشقەوە گیانی یە.گیانم لەوێ بەجێماوە و ئەوێی لە جەستەی خۆشم پێ خۆشترە.

وە دەکرێت چەندین راڤە وخوێندنەوی تر بۆ شیعری مەولەوی بکرێت، ئێمە بە خاتری نەکوشتنی ئەندێشە و قەتیس نەبوونی مانا پشت بە یاری حەققانی دەسمان دایە ئەم پرۆژە، بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەی ئاراستەکردن بۆ چەندین لێکۆڵینە وەی تر٠(لەژێر رۆشنایی فەلسەفەی هیگڵ وئەندێشە نوێکانی هۆشۆ) کە بێگومان لەم نوسینەی ئێمە باشترو شیاو ترو بابەتیانەتر٠ چوون ئێمە بەپێی شیعری دیوانەکە و ئەوانەی دۆستانی تری مەولەوی ناس کە لە ملاولاوە بە شیعری مەولەوی لە قەڵەمیان داون هەوڵی راڤە وخوێندنەوەی ستاتیکی و عرفانی جیامان داوە.میتۆدێکمان نەگرتوە و لەخزمەت باسێکدا نە جولاوین، بۆ دەرکەوتنی جیاوازی راکان و راڤەکان و خوێندنەوەکان چەند سەرچاوەت لە مەیدانی مەولەوی ناسیدا پێ شك دێت لە گەڵ ئەم نووسینە ناقابیلەدا بەراوردیان بکە و نزای بەخشین لە بەر دەرگای یاری ئەزەلی بۆ تاوانباری قەڵەمە سەرگەردانەکەی ئێمەش بکە.

## شیعری سێیەم

### ١-چێشەن پەشێویم؟ماتەمی دڵەن

### یا کزەی ئامای نامەی بولبوڵەن

ئەم بێتاقەتی و خەفەتباریەم چیە ؟ ماتەمی دڵی خۆمە، یان کزەی هاتنی نامەکەی بولبولە.

وەك لە دیوانەکەدا نووسراوە وەڵامی نامەیەکی بولبولە. شێخ حەسەنی سازانی (بولبول)شاعرێکی باش بووە، لە خزمەتی مەولەویدا خوێندوویەتی و حەزی لە کچێکی کردووە و لە دڵیشیا بووە داوای بکات و نەیکردووە. تا مەولەوی کچەکەی داوە بەشوو.{یادی مەردان بەرگی دوودم ل٤١٨-٤١٩ } ئەوجا پارچە شیعرێکی گلەیی و نزای شەڕ ئاراستەی مەولەوی دەکات.

ئەم شیعرەی مەولەوی بۆ بولبول نیشانەی گەورەیی و دڵ فراوانیەتی. لە ولاتێکی لە ڕوی کۆمەلایەتی دوا کەوتوی وەك کوردستانی سەدەی نۆزدەیەمدا، مەلایەك بەم گیانە بەرزەوە لە مەسەلەیەکدا کە پەیوەندی بە کچی خۆیەوە هەبووە ئەمە هەڵوێستی بووە. {لیریکا ئەنوەرقادرل٧٦} شیعرەکەی مەولەوی پاساو دان و خۆ دەربازکردن نیە. بەڵکو لە ڕوی خاکساریەوە دڵ ڕاگرتن و ڕێزە لە بەرامبەرەکەی، نەرم و نیانی و جڵەوی هۆش بەر نەدانە {میهرەجان مەولەوی ل١٨٨٢-١٩٠}. لە سەرچاوەکانی بەردەستا باس و خواسی ئەم ڕازە و لە سەر دوانی زۆرە. ئەوەی کە ئێمە کەمی لە بارەوە دەزانین ناو و ژیانی کچەکەی مەولەوی و بولبولە. تۆ بڵێی خانمی گەورەم تیلەیەکی بە بولبول نەدابێت و خۆیشی بە ئەڤینی ئەم فەقێ یە نەسووتا بێت.یان ئەویش بێ ئاگا بووە و ئەڤینەکەی بولبول یەکلایەنە بووە یان باوکێکی وەك مەولەوی دڵ فراوان و حاڵی لە عیشق. ڕاز زان و کەس و لە ئەلف تێگەییو و پەنهان زان چۆن بەم ڕازەی نەزانیوە. تاچارەی بە دڵی بۆ دانایە بە تایبەت ئەگەرئەم کچە لە دایکێکی چون عەنبەربێت. خۆ گەر بەرهەمی تەواوی بولبول بکەوێتە بەردەست و شیعری تری بۆ ئەو یارە هەبێت، ئەوا بولبول و کچەی مەولەوی دەبنە چیرۆکی

ئەڤینداری، وە دەبێت شیعری بولبول هاتە بەردەست زۆر بەوردی لە(گوڵ) بکۆڵینەوە، گەربەکاری هێنابوو، چون زۆر ڕێی تێ دەچێ ناوی کچەکەی مەولەوی بێت بەخوازراو یان ڕاستی.

بولبول هەر لە ڕازی بەهەشتی دڵداری و ڕازی ئەفسانەی (گوڵ وبولبول)ەوە نازناوی خۆی هەڵبژاردبێت. ئەو کچەی مەولەوی (گراوەکەی بولبول) شووی بە کێ کردوە ؟ یانی وەچەی مەولەوی لە کچەکانیەوە کێن؟ ئەمانە و چەندین سەرنجی ترچاوەڕێی دەرگای دڵنیایی و شەن و کەوی ترن. بۆیە گەرلە هەرشوێنێ گەشتینە ئەوەی ڕازی ئەڤینی(بولبول وکچی مەولەوی) دوولایەنە بوو. ئەوە مەولەوی بە دەلیلی عاشقی خۆی و هەم سیفەتی باوك، دەبوو ئاگاداری کچەکەی بوایە، یانی بەو ڕازەی بزانیایە.لێرەوە تاوانبارکردنەکەی مەولەوی و تورەبوون و نزاکەی بولبول ڕەوایی وەردەگرن و شیعرەکەی مەولەویش دەچێتە خانەی هەستکردن بە تاوانباری و دڵدانەوەی خۆی. ئەمانەش هیچیان چەسپاو نین تا ئەو کاتەی بەڵگەی یەکلاکەرەوە دێتە بەردەست.

٢-شاهیدی دانای گردین ئەحوالآن

وەسەن پەی ڕاسی عەرزەی مەلالآن

خوای گەورەی دانا و زانا بە هەمووئەحوالآن بەسە بۆ شاهیدی ڕاستی بەیانی بێزاری و دڵتەنگی و غەمباریم. لە ڕسالەی عیشقا گردین ئەحوالآن بە گشت کات و مەلالآن بەخەفەتباران هاتوە. {ڕسالەی عیشق ل٤١٥-٤١٨} لە بە کۆ هاتنی مەلالآن و ئەحوالآن دا مەولەوی دەیەوێت بڵێت خوای گەورە ئاگاداری حاڵ و ئەحواڵی منیش و تۆیش و هەموانە.

٣-ئێش هام فەردم ئێش وێم زانان

دەردهام دەردم دەرد وێم وانان

ئێشی هاوڕێ شاعرەکەم بە ئێشی خۆم زانیووە و دەردی هاودەردەکانم بە دەردی خۆم داوەتەقەڵەم. {ساتێ لەگەڵ مەولەوی دا حەمەرشیدی ئەمینی مهرەجانی مەولەوی٢}

ئەم بەیتە لە دیوانەکەدا قافیەی درووست نی یە. ڕەنگە بە هەشتی مدرس لێی دڵنیا نەبووبێت. ڕاڤەیەکی وای بۆ نەکردوەو ماموٚستا حەکیمیش لە پشکنینەکەیدا بە دەلیلی قافیە دروستی بەم جۆرە ڕاستی کردوەتەوە.

فەرد هام فەردم فەرد وێم زانان {مەولەوی حکیم ل١٠١} هەرچەندە ئەم ڕاست کردنەوە لە ڕوی قافیەوە ڕەساو لە بارە، بەڵام ناکرێت شیعری خەڵك بە شیعری خۆی بزانێت، ئەو بەیتەش کاك حەکیم بۆ دەلیلی قوەت هاوردویەتی ئەوە مانایەکی ترە (تێکەڵ کردن، اقتباس، وەرگرتن)ڕێگە پێدراوە و نابێتە شیعری کەسی یەکەم، بۆیە ئێمە دوای ڕێز دانان بۆ هەمووڕاکان، ڕاکەی ماموٚستاحەمەڕەشید ئەمینیمان وەرگرت. ڕسالەی عیشقیش هەروەك دیوانەکەی نوسیوە {ڕسالەی عیشق ل٤١٢}

٤-بەڵام تۆ قەزا و بێ تەدبیری وێت

کەردەن پێت ئانا هەرچی کەردەن پێت

بەلام تۆ فەرمان و قسمەتی ئیلاهی و بێ ڕاوێژی خۆت ئەوەی پێ کردیت کە پێی کردویت.

مەولەوی چارەنووسی بە یەك نەگەیشتنی بولبول و کچەکەی دەخاتە ژێر دوو دەسەڵاتەوە بۆ ئەوەی خۆی لە ژێر بەرپرسیاری ئەو گوناهە دەربهاوێ. قەزاو حوکمی خودایی کە هەرچی هێنایە پێش هەرنەوەیە و عاشقی ڕاستەقینە پێی ڕەزایە..بێ ڕاوێژی و بێ نیازی مرۆڤ بە بیرکردنەوە و گێلانە بڕیاردان. ئەمەش چارەنووس هەرچۆن بێت ئۆبالی لە مل و ئەستۆی کەسەکە خۆی دایە. مەولەوی دوای پاکانە کردن، ئەئویل وخوێندنەوەیەکی عاشقانە بۆ پێکنەگەشتنەکە دەکات و چۆنیەتی جێژبردن لە فەصڵ بە بولبول دادەدات.

٥- کەی تۆ خەیاڵێت وە دەروون ئاوەرد

هانات کەرد ئەو من،من بێ میلیم کەرد

کەی تۆخەیاڵێکی لەو جۆرەت (داوا) بە دەروونا هێناو هانات وە بەرمن هاورد و من قسەم شکاندی.

### ٦-تا تەئسیرێ بۆ پەرێ شەو نالەت

### یا پەی هەناسەی سوب دوعاو لالەت

تا کارێ بکاتە سەرنالێنی شەوت. یان بۆ هەناسەی بەیانی دوعاو پاڕانەوەت. لە دیوانەکەشدا بەم جۆرە ڕاڤەکراوە (تا لالانەوە و هاوارو نالەی شەوت کاربکات لە حوزوری خوادا، یا هەناسەی ساردو دوعای بەیانیانت ئەنجامێکی ببێ) گەرلە سەر ئەم ڕاڤەیە قسەیێ بکەین دەبێ بولبول تەنیا پشتی بە نالەو زکری شەوان و دوعاو لالانەوەی بەیان بەستبێ ئیتڕاو تەدبیری پشت گوێ خستبێ.کەواتە دوعاو لالانەوە بەتەنها بێ ئەسەرن. لەم بەیتەوە دەکەوینە یادی دوو پێغەمبەر و هۆشیاریان بە ڕاڤەی مەبەستەکە. حەزرەتی یوسف بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ڤات وڤرپەکە لە پاڵ دوعا ولالانەوەدا پشتی بە ڕاو ڕاوێژ و تەکبیرو کاری خۆی بەست.هەروەها ئامۆژگاریەکەی حەزرەتی محمد بۆ حوشترە وانە ئەعرابیەکە.کەواتە(نسیب بوونی کچەکە) بە داواکردن دەدرا و بەم جۆرەش دەبوویە جورعە، دەرمانی نالەی شەوان و هەناسەی بەیانیان. بە بەری ئەم شیعرە، حافزیش دەڵێت:

به خدا که جرعه‌ای ده تو به‌حافز سحر خیز

که دعای صبحگاهی اسری کند شمارا

{مەحرەمی ڕاز. بەرگی ١ل٢١}

کەواتە بولبول مادام (جرعە - کچەکە)ی بە نسیب نەبووە بە هەردوو باری مەجازی و حەقیقیدا نزا ودوعاکانی کاریگەریان نابێت.مادام کچەکەی بۆ نەبوو لالانەوە کانی بۆخۆی بێکاریگەرن و مادام عاشقی حەقیقیش نیە بەو مانایەی فەصڵ قبووڵ بکات(فراق جرعەیە)کەواتە دوعاو نزا بەدو شەڕانیەکانیشی لە مەولەوی بێ کاریگەرن. مەولەوی بە هەردووباری (حەقیقەت، شەریعەت)دا دەرسی بولبول دەدات. بۆ یاری دنیایی دەبێت هەڵپە بکەیت و هەل لە دەست نەدەیت و تەدبیرت هەبێت. بۆ وەصڵی یاری عرفانیش دەبێت بە ویستی دۆست ڕەزا بیت و مهرو وەفا و جەور و جەفا فەرق نەکەیت. مەولانا واتەنی: مهر و وەفا نمیکونی جەور وجەفا بکن.

**٧- گۆیا جه لاوێت دەرونت نێشان**

**بەد دوعاییت کەرد تەصدیعت کێشان**

گوایە بە لای خۆتەوە دەروونت ئێشاوە و بەد دوعاییت کردووە. بەلامەوە زەحمەت و دەردی سەریت وە بەرخۆت داوە. سەرباری سادەیی دەکرێت خوێندنەوەیەکی قووڵتری بۆ بکەین.

کەسێ بەلای خۆیەوە دڵشکاو و دەروون ئێشاو بێت نزاو دوعاکانی گیرا نابن و بەڵکو زەحمەتی وە بەرخۆی داوە و خۆی تووشی دەردی سەری کردوە چونکە (دڵشکا ودەرون ئێشاو) دەبێت هەربەحسابی خۆی نەبێت. بەڵکو ڕدوایی و عەدلێك لە مەسەلەکەدا هەبێت وخوای گەورەش باش ئاگاداری ئەو دەروون ئێشانەیە.مەولەوی وەك عارفێك باش دەزانێ کە خوای گەورە زیاتر ئاگای لە نائومێد و دڵشکاو و دەرون زامدارەکانە بۆیە دەبێت زیاتر لە سەر (تەصدیعت کێشان ) بوەستین. یانی دەبێت لە ڕاستیدا بولبول دڵشکاو و دەروون ئێشاو نەبێت. کەواتە دوعا خراپەکانی لە مەولەوی تەنیا دەردی سەری و زەحمەت بۆ خۆی دەمێنێتەوە . وە دەشکرێ ئەو ڕاڤەیەش بدات کە زیاتر سەرچاوەکان پشتیان بەم ڕاڤەیە بەستوە. پێویستی نەدەکرد دوعای بەدو خراپم لێ بکەیت، چون مەولەوی دەڵێت من خۆم هەر ئەوەم هەڵبژاردوە کە تۆ بە دوعا بۆم دەخوازیت. دەکرێت سەرنجێکی دوورتریش بدەین.

عارفان بە گشتی و مرید و مەنسوبەکانی خانەقاکانی نەقشی لە هەورامانـدا زۆرکەم بە لای دوعای خراپدا ڕۆشتون تەنانەت لە گەرمەی باری نالەبار و شەڕی بەد کاران و هەرزە و نەفامانـدا ئەمان زاریان بەدوعای شەڕنەگەڕاوە زۆرجارخۆشەویستانیان داوایان لێ کردوون دوعایەك، تیرێك، شەڕێك بۆفلانی خراپ بخوازن ئەوان نەیان کردوە و تەنانەت دوعای خێریان بۆ کردوون. چونکە گرەنتی بوونی دنیایەکی تری بەندەکان زەحمەتە. بەمەش بۆ خۆی دوعای خراپە کردن بۆ خەڵك زەحمەت و دەردی سەریە بۆیە گوتاری ئیصلاحی دینی و ڕابەرانی دینی هەردەم (ئەوەی خراپە خوا چاکی کات ) بووە. لەو ڕووەوە نموونە و چیرۆکی دەما و دەم زۆرە. ئەمەش کردەی زۆربەی پەیامبەرەکان بووە.

## ٨- من ڕۆی مامەڵەی گردین خاس وگەس

## جەو ڕاسە بازاڕ شارەکەی ئەلەس

مـن لـە ڕۆژی مامەڵـەی چاك و خراپـدا، لـە ڕاسـتە بـازاڕی شـاری ئەلەسـتا. دواتـر مەولەوی ڕوونـی دەکاتـەوە لە یەکەمین مامەڵەوە چی هەڵبژاردوە.لە دیوانەکەدا (خاص) بەرامبەر (عام) لێکدراوەتەوە بە مانای پیـاوانی خـوا{دیـوان ل١٩٤}ماموستاحەکیم لـە پشکنینە کەیـدا بـە(خـاس وگـەس) واتەچاك و خـراپ ڕاستی کردوەتـەوە و بـەم جۆرە ڕاڤەی کـردوە (مـن ڕۆژی سـەودا و مامەڵـەی هەمـوو کەسـانی چاك و خراپـا لـە ڕاسـتە بازاڕی شاری (الست)دا {مەولەوی حکیم ل١٠١-١٠٢و مەولەوی و تەقینەوەی زمـان ل١٠٥-١٠٦} لە ڕسالەی عیشقیشداخاس وکەس بە هەمووکەس لێکدراوەتـەوە{ڕسالەی عیـشق ل١٥٤} سەرەڕای ئەو ڕاڤـە و لێکدانەوانـەی کـە بەیتەکـەیان بـە چاك وخراپـی مـرۆڤ و ئیمانـدار و بێ ئیمان و کافر لێکداوەتەوە. ئێمە بەم جۆرە بۆ مەبەستە کەدەچین.

مەولەوی لەخاس و گەسدا مەبەستی کالاّ و شتگەلی مەعنەوین.کە لە مامەڵەی ئەلەسـتا بـە گـوێرەی شـەیدایانی (وەصڵ و فەصڵ) هەڵبـژێرراون. لـە ڕواڵەتـدا کـالاّ گەسەکانی وەك (دووری و هجر و غەم وفراق وسەیل و... هتد) مەولەوی وەری گرتـوون بۆ ڕازاندنـەوەی دوکانی خۆی لە عەشقاو لە سەردوکانچەی شای سەرتوجاران لە ڕواڵەتدا لە کالاّخاسەکانی وەك(دیدەن و دیـدار و شـادی و کـەیف و سـەفاو صوحبەت و. هتـد) ی وەرنەگرتووە.ئەمانە بەر مشتەری و کڕیارەکانی وەصڵ کەوتوون. وە مەولـەوی هـەردوو جۆری کالاّکان دەخاتـەوە بـازاری عرفـان و بەلایـەوە کالاّ گەسـەکان بـە بـەهاترن.ڕاسـتە خاس و گەس دژن و مانای کەسی چاك و خـراپیش دەدات.سەبارەت بـە کـوردی بـوونی (خـاس وگـەس)یش ڕاکـەی ماموستاحەکیم پەسـەند تـرە{مەولـەوی وتەقینـەوەی زمـان ل١٠٥} .وە زۆر پێش مەولەوی لە ئـەدەبیاتی نووسـراوی یارسـاندا بـە کارهاتوە وخانـای قوبـادیش دەیـان جـار کـەڵکی لـەم ووشـەیە وەرگرتـووە. باباقەیـسەری هـەورامی دەفەرموێت:

دێوانەو مەستم دێوانە ومەستم

پەرێ باڵای تۆ دێوانە و مەستم

مەست بادەکەی ڕۆج ئەلەستم

بگێرە دەستم ئەرخاس ئەرگەستم

ڕێحان خانمی لوڕستانی دەفەرموێت:

خوەشین ئەلەست، خوەشین ئەلەست

سەرم جە سەودای تۆ بیەن سەرمەست

گوڵ و شەمامەم هەردوو ها نە دەست

گەواهی مەدەن چ خاس و چ گەست

٩-جە سەر دوکانچەی شای سەر توجاران

هۆر گرتم کاڵای بەڵای نازداران

لە سەردوکانی شای سەرتوجاران(خوای گەورە) من کاڵای دەرد و بەڵای نازدارانم وەرگرتوە. واتە من لە کۆنەوە لە بری کاڵای شیرینی باڵای نازداران هەڵگرم، کاڵای بەڵای نازدارانم هەڵگرت. ئەم سەودا و مامەڵە و پەیمانەی ئەلەست عارفان پێیان وایە ئامانجی سەرەکی خستنەڕوی شمەك و پارچەکانی عیشقی یارە. جا لە وەرگرتنی پارچەی عیشقا مەولەوی پارچەی ڕەنگی زەردی فەصڵی هەڵبژاردووەو زۆرجادووبازانە ووشەی (بەڵای)خستوەتە شوێنی (باڵا) ی نازداران بەم جۆرەش بەرە بەرە تەوزیفی (فەصڵ و وەصڵ) لەوەڵامە شیعرەکەدا دەکات.

١٠-نامان نە گوشت مەر فەردەکەی من

فەرد وەش مەزموون بێ گەردەکەی من

ئـەو بەیتـە شـیعرەی منـت بـەرگوێ نەکـەوتوە. بەیتـە ڕەساو بێگەردەکـەی مـن. مەولەوی ئەم بەیتە وەك زەنگی بیرخستنەوە بۆ بەیتی دواتر لێدەدات. کە بەیتی دواتـر شوناس و قەناعەتەکانی مەولەوی دەردەخات بە پۆلی فەصڵ لە عیشقا و گرنگی وانـە و دەرسەکانی دەرد و بەلا.وە تـاریفی ئـەو بەیتـەش بـە پـاك و بێگـەرد و بـێ گـرێ و گـۆڵ دەکات و بەلایەوە بە ناوبانگ و بلاّوە و بۆیە لە جارێ زیاتر لە دیوانەکەیدا هەیە و بە هیچ جۆرێك بۆمان نیە لە بایەخی دوبارە بوونەوەی کەم بکەینەوە.

١١-ئەرهەرسات دەردێ دەردێ و تەر چەنی

بەیۆ ماچو ئاخ پەی دەردێ هەنی

ئەگەرلە هەرسات و چرکەیەکدا دەردێك بگرم و دەردێکی تریـشی پێـوە بـێ دەڵـێم ئاخ بۆچ دەردێکی؟!بە ئاشکرا ناشوکریی دەکات بۆ بەشەکەی لە دەردا.کە دیوەکـەی تـری دەبێتە صەبری ئـەیوبی.مامۆستا حـەکیم لـە پـشکنین و پیاچوونەوەکەیدا دەڵێت ئـەم بەیتە دووبارەیە{مەولەوی حکیم ل١٠٢} بەلاّم مەولەوی خۆیشی دەزانێت دوبارەیە و لەو دوبارەیە کەلکی وەرگرتوە و ئامانجی هەیە. وەك مۆری بڕوانامەیەکی پاك و بێگـەرد لـە شیعرەکەی دەدات و بەبولبول دەڵێت:

مەگەرباوەڕی منت لا ئاشکرا نیە کـە مـن بـە دەرد و بـەلا و مەینـەت و موسیبەت دەژیـم هـەرکاتێ ئـەو ڕۆژییـەم کـەم بـوو ناشـوکری دەکـەم و دەڵـێم خـوا بتـبڕێ بـۆ چ ڕزقێکی. زاراوەکان لە باری عرفانیاندا زۆرجار مانایان پێچەوانە دەبێتەوە.مەولەوی بـێ دەردی بـە گـەورەترین دەرد دەزانێـت. بەلایـەوە جیـاوازی ناکـات لـە نێـوان چـێژی خۆراکـەکانی (فەصـڵ و وەصـڵ)داو بگـرە سـفرە وخـوانی فەصـڵ بـە ڕازاوەو بـە تامتردەزانێت. ئێمە دەبێت لـەوجۆرە حاڵەتانـەی شـیعری کوردی تێبگـەین کـە سیفەتە سلبی و اجابیەکان وەك یەکیان لێ دێت و دنیای عرفان ببینین.تـا بـە شـیعری عارفانـدا شۆڕ بینەوە پێکی جوانتر دێتە دەسمان. شێخ حەسەنی مەولاناوایی دەفەرموێت:

شۆڕ شەیدا ییم یاوان وە جایێ

جەلام فەرق نیەن شا جە گەدایێ

{شارۆیەك لەباخچەی ئەدەبی مەولەوی محمد عەلی قەرەداغی-گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد بەرگی شەشەم سالی١٩٧٨ل٢٥٠} کەئەم مەفهوومە دیسان لای باباناووس هەیەو بەداخەوە لێکۆڵەران لێی حاڵی نەبوون.

جە سەراو سەرێ جەبان و ماهێ

چەنی کۆڵدروگوم کەردە ڕاهێ

شین بین وە میهمان یەك شان و شاهێ

فەرقمان نابێ نە ڕووی تەختگاهێ

بڕوانە {مێژووی ئەدەبی کوردی مارف خەزنەدار بەرگی یەکەم ل ٢٧٤} کە دکتۆر لە زۆربەی شیعرەکانی ماچۆ زماندا شەرح و مانای شیعرەکانی نە پێکاوە بە تایبەت شیعرە ئایینیەکانی یارسان.

١٢-یەکێوەن جەلام شادی و ڕەنجوری

کەیفی و بێ کەیفی نزیکی و دووری

لە لای من شادی و ناشادی و ڕەنجوری و کەیفی و بێ کەیفی و دوور و نزیکی وەك یەکن و جیاوازی لە نێوانیاندا نیە.لە ڕاستیدا هەموویان کالاّ و مالّی یاری ئازیزن.

١٣-مەرچوون تۆ هەڵوای مەحەبەت خامێ

قەبای عەشق دڵ پشت نا تەمامێ

مەرکەسێکی وەك تۆکە هەڵوای خۆشەویستی بێتام بێت(عاشقی ساکار وشەیدای خۆشەویسنی سووکو ناکامڵ) و پشتی کەوای عیشقی کە لە بەردڵی کردووە بێ بەتانەو نا تەواو بێت. لە ڕاستیدا هەندێ بەیتی مەولەوی زۆر لەو ڕاڤە زمانیە زیاتر هەڵدەگرن کە لەسەرچاوەکاندا بەیان کراوە. چون توانای مەولەوی بۆ گوزارشت کردن لە مەفهوم و مەژگەی (تصوف-عرفان) لەرێگەی ئیدیۆم و زاراوە سادەکانی کۆمەڵگاکەی لەم جۆرە شیعرانەدا شاراوەتەوە. ئەم بەیتە یەکێکە لەو بەیتە گرنگانە. کە لەو سەرچاوانەی من دیومن ڕاڤەی سادەیان بۆ کردوە و لەو دیو بارووەی باخی مەولەویەوە سەیریان کردووە.

بەدەر لە مانای سەوداسەری و شەیدایی (حەلّوا - هەلّوا) جۆرێ شیرینیە و لە هەورامانـدا(سێلێ) ی پێدەلێن. دەدرێت بەزەیسان بە مەبەستی ووزە و تین و تاو بەخشینەوە پێی.(هەلّوای خام - سێلێی خاو )توانای ئەو جولّە بەخشین و وزەیەی نیە.

لە هەوراماندا بە کەسێکی خاو وخلیچك و تەمەلّ و بێخوست و جوولّە دەووترێت (ئەجۆ سێلێنە - دەلێی حەلّوای بێتامە) ئیتر دەبێت بۆ ڕاڤەکە لە مانا دروستەکان دوورکەوینەوە.

قەبای پشت ناتەمام: کەوای بێ پشت و بێ بەتانە، بالاّ پۆشی تەنك و نا ئەستوور کە توانای پاراستن و بەرگەگرتنی کەمە. بە جۆرێ نەبوونی باشە تا بوونی. مەولەوی بە بولبول دەلێت:

تۆ کەسێکی لاواز و سستو بێ ووزەی عیشقیت و کەوای موحیبەتێ کە کردوتە تە بەر دلّت بێ پشت و بەتانەیە و ناتوانێ دلّت بپارێزێ، کەواکەی بەری دلّت تەنك بوو بەرگەی نەگرت، کەوای بەری دلّی عاشق دەبێ ئەستوور و قایم بێت و بەرگەی دۆخە نالەبارەکان بگرێت.

١٤-وەشی و ناوەشی تەفاوت زانۆ

مەلێ نەزانۆ هەر پەلێ شانۆ

خۆشی و ناخۆشی فەرق بکات و مەلەکردن نەزانێت و هەرپەل بوەشێنێ

١٥-مەیل و قین هەردو هەرجە شەخسێوەن

جەریمە و خەلاّت شێوەی کەسێوەن

مەیل و قین(ڕق وخۆشەویستی) هەریەك سەرچاوەیان هەیە و لای یارن پاداشت و سزاش بەر و دوا هی کەسێکە.

١٦-لاهۆرکەردە جەو، پەی ئێد تەماشا

بەو شاد پێد ناشاد، (کلاوحاشا)

خۆبـواردن و لاهـەڵكردن لـە وان(قـين و هجـرو دەرد و خـەم و... هتـد سـيفاتە جەلاليـەكان) و بۆنـەمان نـوارين(شـادی مـەيل ومهـر و وەفا وخۆشـی و.. هتـد سيفاتە جەماليـەكان)حاشا و عاباد بـێ ئـەوە مـن. مـن بـە وەصـفی جـەمالی و بازهـەم جـەلالی دۆست شادم.

١٧-سا هەردوعاكەر با چەرخی چەپگەرد

تا تاقەتش هەن هەر بشانۆ ئەرد

سا كەواتە تا ئەتوانی بۆ خۆت هەردوعای بەدم لێ بكەو چـەرخی چـەپ گـەردیش با تا ئەتوانێ لە چارەم هەر زار هەڵبدات.

١٨-من وزۆ ئەو دەرد. ئەو ئەو سەردی مەيل

ئەو ئەو قەبايل. من ئەو كۆی دوجەيل

گـەردون مـن بكاتـە مـەجنوون (بمخاتـە ئـێش و دەردەوە) و ئـەويش بێتـە لـەيل و مەيل ساردبێت.ئەو بكەوێتە نێو ئاوەدانی و عەيش و نۆشی ناو هۆزان و منيش بكەومە كێوی دێوانەيی دوجەيلەوە.

ميرزا شەفيعی مامێزك پێش مەولەوی ووتويەتی:

وەتای قەڵماسك تنيای سەردی مەيل

ئەو هۆردا پەی حەی تۆ ئەوكۆی دوجەيل

كاريگەری ئـەم وێنـەيەو هێنانـەوەيان لـەديونی مـەولەويـدا لـەپيتی(دال)دا بـەدرێـژی باس دەكەين.

١٩-خصوصەن بولبول جەلای زامداران

دووری خاستەرەن نە وەصڵ ياران

بـە تايبـەتی بولبـول لـە لای زامـدارانی(عەشـق) دووری چاكترە لـە بـە يەكگەيشتن بەيار. مەولەوی وەك ئەزموونگەرێكی زامداری عيشق (فەصڵ - دووری) بە دەرمانی پـڕ چێژی زامـداران دەزانێـت و هەلاكـەت و مانـدوو بوونـەكانی ئـەو ڕێگايـە دەكاتـە كـارای

یاریدەدەر بۆ قەدر وعافیەتی وەصڵ. ئەوەش لای مرۆڤ یەکلایی بوەتەوە، هەرشتێ بەزەحمەت بە دەستبێت بە هاونرخی زیاترە.

٢٠- نزیکی یاگەی تەریدەی فەصڵەن

دووری ڕای خەیاڵ قافڵەی وەصڵەن

نزیکی جێگەی جەردە و چەتەکانی جیایی و دوورکەوتنەوەیە، بەڵام دووری ڕێگەی ڕاحەت خەیاڵ تێپەڕ بوونی کاروانی بەیار گەیشتنە. بەیارگەشتن تۆوی دوورکەوتنەوەی لە گەڵ خۆی هەڵگرتوە. بەڵام دووری پاڵ بە ئینسانەوە دەنێت بۆ بیرکردنەوە لە بەیارگەیشتن.بەم پێ یە دوعاکانی بولبول دەبنە مایەی خێر بۆ مەولەوی{دیوان ل١٩٦} لە ڕسالەی عیشقیشا کە جوانترڕاڤەکراوە هاتووە:

نزیکی جەردەی فەصڵ و دوورکەوتنەوەی لەگەڵدایە، نزیکی و لەلای یاربوون شوێنی خۆحەشاردانی ڕێگری دووریە. واتە جیایی و دووری وەك چەتەیەك لە کەمیندایە بۆ ئەوەی سەرڕێی عاشق بگرێ. دەیسا هەرنزیکیەك دووریەکی بە دواوەیە. بە کورتی لە دوای وەصڵ ترسی فەصڵ هەیە بەڵام لە دوای فەصڵ هیوای وەصڵ هەیە. {رسالەی عیشق ل٤٢٥} مەولەوی خەیاڵی وێنە کەو کەرەسەکانی لەناو قافڵەی کاروان و گەیشتنی کاروان بە سەلامەتی وەرگرتوە و زۆرجوان جێگەی بیرە عرفانیەکەی کردوەتەوە. لە ڕاستیدا ڕێگەی نزیك گرتن و زوو بەیارگەشتن خۆش و ئاسان نیە. ڕێگەی نزیك پڕە لە مەترسی و ناسەلامەتی. چوون جەردە و چەتە و ڕێگرەکان هەمیشە لە سەر ڕێگە نزیکەکان لە بۆسەدان و ئەو نزیك لە یاریە ئاسان تێك دەدەن و ئەتوانن ڕێبوارتووشی مەترسی بکەن.بۆیە کاروانیان و سەرقافڵەی کاروان هەردەم لە خەیاڵ و بیرکردنەوەی هەڵبژاردنی ڕێگەی دوور بوون. بەمەش ئومێدی گەیشتن و بە سەلامەت ڕێ کردن لە دڵیاندا زیاتر بووە. کەواتە ئومێدی گەشتن و سەلامەتی لە فەصڵدا مسۆگەرە. مەولەوی عاشق زۆر چالاکانە یاریە عرفانیەکانی ئەنجام دەدات لە نێوان(وەصڵ و فەصڵ) داو دواتر میدالی بردنەوە بە فەصل دەدات. هەر لە بەر ئەمەشە ئامادە نیە تیمی فەصڵ بە جێ بهێڵێت. تەی کردنی ڕێگە دوورەکان لای وەرزشەوانانی (فەصڵ) هەم خۆش و نەشئە بەخشە هەم دانسقە و بێ وێنە. ئەوانەی

هەر لە یەکەم هەنگاو و یەکەم یاری عرفانیاندا بە تەمای وەصلن، ئەوانە بەلای مەولەویەوە چێژ لە دڵداری نابەن و بێ لیاقەن و هەر زوو لە گۆڕەپانی عرفانیات دەکرێنەدەر. عارفان و عاشقانی ڕاست سنوورو جیاوازیەکان ناهێڵن و هەردوو چەمکەکان و دژەکانیان بە لاوە خۆشە، لەو ئەدەبیاتەدا نموونەی ئەم دەرسەی مەولەوی زۆرە. ئەوەتا عطار دەفەرموێت:

گر وصالت از توقسمم ور فراق

هست هردوو بر من دیوانە خوش

٢١- پەوکە خوگرتەی بەلاو کۆسەنان

نزیکی بێزار دووری دۆسەنان

بۆیە خوم گرتووە بە بەلا و کۆستەوە و لە نزیکی بێزارم و هەردەم حەزم لە دۆستایەتی دووریە.لە بەر ئەو سودانەی لە دووریدا هەن و لە نزیکیدا نین. وە دووری لای مەولەوی ڕەهەندێکی قووڵی عرفانی وەرگرتوە. ئەو دووریەی لای.خەڵکی حەقیقیە لای ئەم مەجازیە. مەولەوی دۆستایەتی ئەو دووریە دەکات کە لەگەڵ خۆیدا هەڵی گرتووە بەمەرامی گەشتنەوە بە یاری حەقیقی کە لەڕاستیدا سەختترین دووریە.

٢٢-نە کۆی نزیکی شادی وە بادم

نە دەورەی دووری وە یادش شادم

لە ئەستێرەی (کۆ – پەروین - سورەییا)ی نزیك بم شادیم بە با دەچێت، بەلام لە دەورە کردنەوەی دووریدا بە یادی شادم. بەلامەوە گرفتی زۆر هەیە لە ڕاڤەی ئەم بەیتەدا و کەمێکی لە سەردەڕۆین. لە دیوانەکەدا(کۆ)بەخەرمان و دەورە بە سەردەم لێکدراوەتەوەو بەم جۆرەش ڕاڤەکراوە:

لە سەرخەرمانی نزیکی دا شادیم بە بادە، وە لە سەردەمی دووریدا شادم بە یادگردنەوەی دۆست{دیوان ل١٩٣} لە ڕسالەی عیشقیشا(کۆی نزیکی بە خەرمانی وەصڵ و دەورەی دوری بەسەردەمی فراق لێکدراوەتەوەو ڕاڤەکەیشی هەر وەکو دیوانەگەیە{ڕسالەی عیشق ل٤١٨-٤٢٢} مەولەوی ناسانی تریش بابەتگەلی دووبارە و

جیا جیایان نوسیوه. بەلاّم هەرلە سایە و پەنای ڕاڤەکەی مدرسدان {هەرسێ مهرەجان کە من بە مهرەجانی ۱ وەمهرەجانی۲ سلێمانی۱۹۸۹و ۲۰۰۰وکنگرەی سقز۱۳۷۱ ناوم بردوون} بەندە لەم هەوڵە یەکەمینەمدا ڕاڤەی جیاو لێدوان و خوێندنەوەی جیای ڕاڤەکانمان کردە ئامانج.چوون بۆ هەرکارێك یەکەمین دەسمایەمان بۆ نووسین لە سەرهەر بابەت و چەمکێك لای مەولەوی (مانایە)کاتێ مانای شیعرەکە درووست نەبوو یان ڕاڤەو مانای تری هەبوو دیارە بابەتەکانی تریش ڕویان وەردەچەرخێ. بۆیە بێ ئەوەی هیچ ڕاڤەیەك فەرزکەین کۆشاوین ڕاڤەی جیا بخەینە بەردەم شەیدایانی شیعری مەولەوی.

کۆ: ئەستێرەی سورەیای عەرەبی و پەروینی فارسیە، کە چەندین ئەستێرەی ڕوناك و درەوشاوەن وشەش دانەیان دەبینرێن. وە مانای چلچرایش دەدات و ڕەنگە هەر لەوەوە وەرگیرابێت.دەزانین کەیف وشادی کردن لە بەهرەی جوانی ئەستێران مەودای دوریەکەیان دروستی کردووە. بۆ نموونە مانگ لە شەوێکی هاوینی جواندا گەر لە ئێمە نزیك بێت یان مەودای دووری نێوانمان نەمێنێ ئەوە هیچ شادیەکمان نیە و هەست بە جوانیەکەی ناکەین وەك ئەوەی لە دوورەوە دەیدوێنین. بۆیە مەولەوی دەڵێ:

من لە ئەستێرەی کۆی ئەو یارە عرفانیە نزیك ببمەوە، شادی بینین لە دەست دەدەم. بەلاّم بە سوڕانەوە ودەورەی (ئەولە من دوورە) سەیری کەم زیاترشاد دەبم. بینینی چراخان و چلچرای ماڵی یار کاتێ بچیتە ناوی و لێی نزیك بیت، ئەو هەستی جوانبینین و شادەی نیە. بە وێنەی ئەوەی کە لە دوورەوە سەیری بکەیت.ئەمەش ئەو سەرنجە شاعرانەیە کە زۆربەمان لە ئاسمان یان ڕۆشنایەکی دووری دەدەین و کەیل دەبین بە خەیاڵ و دووریەکەی شادمان دەکات. جوانی شەوقی مانگ و ئەستێرەکان و ڕووی یار مەوداو دووریەکەیانە لە ئێمە بەراورد بکە سەیری مانگ لە دوورەوە چ جوانە ؟ئایا هەست بەو جوانیەی دەکەین کاتێ بچینە سەر مانگ؟!

بۆیە بە بولبول دەڵێت:

تۆیش گەردەتەوێت بزانیت بە خۆشیەکانی پێك نەگەشتن، ئەوە تەمرین بکەو خۆت رابێنە لە سەر یار پەرستی بە فەصڵ. لە دوورەوە زیاتر بەهرە دەبەیت لە جوانیەکانی یارت.

## شیعری چواردەم

١- چەرخ هەر ئەو چەرخەن تا ناوەرد وبەرد

دەس ئەو دەس نگین تا خاتەم ناوەرد

چەرخ هەر ئەو چەرخەیە هەر دەهێنێت و دەبات. دەسا و دەسی بە نگین کرد تا گەیاندیە دوایین پێغەمبەر واتە چەرخ دەسا و دەسی بە ئەنگوستیلەی نبوەت کرد تا بە کۆتا پێغەمبەری گەیاند.

نگین: موستیلەی مۆرخانەدار و نقێم بەسەر کە بەهادارترە. مەولەوی ڕسالەی نبوەتی بە موستیلە هێناوە و گەردوونی ڕاسپاردوە کە دەسا و دەسی پێ بکات تا دوایین پێغەمبەر.

خاتەم: قفڵ بوون و داخستنی زنجیرەی پێغەمبەران بە محمد، موستیلەی ئەفسووناوی پێغەمبەر بێجگە لەوە (مانای دانسقە و هات و بەختیش)دەدات ڕەنگە ئەو موستیلە ئەفسوناویەش لەو مانایەوە ئەو سحرەی وەرگرتبێت کە چەندین فیلم و داستان لە سەرخاوەنداریێتی بەدەست هێنان و لە پەنجەکردنی ئەو موستیلەیە سازکراوە. گەرچی مەولەوی شیعری دیار و ئاشکرا و زەقی ڕواڵەتیانەی بۆ (ئایین) نیە و شیعری بانگەشە ئاسای بۆ ئەوچەمکە تەرخان نەکردوە. بەلآم دیدگا و قەناعەتی ئاینیانەی لەسەر جەم بەرهەمەکانیداڕەنگی داوەتەوە. شاعرلە ڕوانگەی ئاینی و سۆفی خۆیەوە سەیری دیاردە و ڕوداو و کەسەکانی دەوروبەری خۆی دەکات{لیریکا. ل١٨٠} لەم شیعرەیدا ئاماژەی بە چەندین ناو و شتی ئەفسوناوی ناو مێژوو دەکات، شیعرەکە لە سەربنیاتی (بیر هێنانەوە و ئامانج)دادەڕێژێ. وەستان لە سەرهەریەکە لەو ناو و شتانە بیرلە شیعرەکە دادەچڵەکێنێ.دواجار ئەو هێمایانە دەخاتە خزمەتی مەبەستی سەرەکی شیعرەکەو ئەندێشە عرفانیەکان. {هێماسازی لە ناو شیعرەکانی مەولەوی دا حەمە کەریم هەورامی مەرەجانی ٢ل١٥٨} بە بڕوای من ئەم دەقە لە ناو مێژوودا بێجگە لە ناوبردنی ناو و شتە مێژوویەکان، سەرێکیشی لە هەواری عرفانی (یارسانەکان)داوە، کە کلتوورە عرفانی و دینیەکەیان بەو زارە نووسراوە کە مەولەوی کەمەندکێش و دڵبردە

کردوه. به کاربردن و بەکارهێنانی ووشه و زاراوه و شتگەلی میتۆلۆژیای مرۆڤایەتی له تەواوی ئەدەبیاتدا کەرەسە وخەزێنەیەکی چاکن بۆ سوود وەرگرتن و، دا هێنەران هەردەم له خولقاندنی دەقدا به شێوەیەکی هونەری دەستیان بۆ ئەو خەزێنە بەنرخە بردووه. مەولەوی یەکێکە لەو شاعرانە کە کەلکێکی باشی وەرگرتووه، نماد و سومبولە ئەستورەیی و میتۆلۆژیەکان لەلای، هەندێك جار وەك ناوەرۆك و ڕۆڵی وەزییفەیی خۆیان بەکار هاتوون، هەندێك جاریش مانای تازەی پێ بەخشیون، یان ڕوپۆشی کردوون.دەبێت لەو مەیدانەدا باسەکانمان چڕبکەینەوه و سەرچاوەی تر له سەر مەولەویناسی پێشکەش بکەین.

شەن و کەوکردن و له سەردوان و ساغکردنەوەی شیعری ئەو له بەردەم چرای ئەفسانه و داستان و هیچ ئایینزایەکی تردا شوناس گۆڕین نیه، وەك هەندێ کەس کەوای تێدەگەن بەلکو گەورە بوونی ڕۆحی مەولەوی و پاکیەتی هەناسەی مرۆڤانەی ئەوه .چوون عیرفان که زادەی عیشقی خوایەو به تەنیا هی هیچ میللەتێك نیه. بەلکو هی هەموانە.ڕێبازێکی ڕووحی جیهانیە. {گولان.ژ.٢٩٧ل٧ فەلەکەدین کاکەیی لەیادی جزیریدا} لەم مەیدانەدا لای مەولەوی ناسان بابەتی سەربە خۆ و بەرفراوان نەنووسراوه وبەلکو وەك شەقڵ وسیمایەك سەرنجێکی کورتیان لێ داوه. مامۆستا احمدی شریفی له ژێرناوی (نمادوسومبولی ئوستورەیی.له شیعری مەولەوی کورددا)سەرنجێکی ورد و باسێکی کورت و بەنرخی نووسیوه. نووسەردوای ئا ماژەدان بەوکەلێنە و ڕوانگە میتۆلۆژیە له ئەدەبی کوردیدا، ئەم باسە بەسەرشیعری مەولەویدا دابەشی پێنج بەش دەکات.

١)ووشەو ناو و بۆچوونی دەورانی میترائیسم

٢)ووشه و ناو و بۆچوونی دەورانی پالەوانیەتی

٣)نماد و ئەندێشەی دەورانی زەردوشتایەتی

٤)نماد و سومبوڵ و ڕوداوەکانی دەورانی ساسانی

٥)وەسەرئەنجام، بیرو باوەڕی ئایینزا کۆنەکانی کورد.

که هەرکام لەو پێنج بەشە وردبوونەوەی باش و گەڕانێکی چاکی دەوێت بۆ دۆزینەوەی ڕەگەکان، ئێمە دوابەشمان مەبەستە کە بڕوامان وایە لەوانی تر زۆربە فراوانی لای مەولەوی دەرکەوتوە، لە زۆرجێدا وەکو قەناعەتێ بە ناوەڕۆك و مەدلوولی خۆیان لای مەولەوی بە کار هێنراونەتەوە. ئەوەش کەوای کردوە لە دوو هۆ تێ ناپەڕێ.

١)زمانی نوسراوی کلتوری دینی یارسانەکان، کە هەرئەو زمانەیە کە مەولەوی ئاشقی بووە. ئەمە وای کردوە ئاسان هێڵە عرفانیەکەی ناو ئەو کلتووره بدۆزێتەوە.

٢)بەڕێزە وە سەیرکردنی کلتووری مرۆڤایەتی بە گشتی و پاشخانی ئەندێشەی کوردی بەتایبەتی لە دیدگای تەریقەتی نەقشبەندیەوە کە مەولەوی سالکیەتی. ئەو تەریقەتە حاڵیانە ترو کراوە تر لە مرۆڤ و کۆمەڵگە و ئوممەت و کوردبوون دەڕوانێت. سەرچاوە مەعریفی و دینی و پەند و ئامۆژگاریەکانی پاشخانی هزرو ئەندێشەی بیری کوردان لای ئەو تەریقەتە بڤە نەبووە. لە پاڵ خوا پەرستیە پاك و سپیەکەدا ئەڵقەیەکی بەهێزی نەتەوەییە لە ڕوی ستراتیژیەوە بەشێوەیەك لە هەناویدا (کورد) بوون خۆی حەشارداوە. ئەمەش مەولەوی بوێر و ئازاترکردووە، بێ سڵکردنەوە لا بە لای چەندباس و خواسێکدا بکاتەوە کە وەك و مەزهەب و ئایینزا لە دەرەوەی سوننی بوونن.

٢- دا بەزم خوسرە و شیرین وە هەمدا

جام داوە سەر جەم. جەم وە سەرجەمدا

بەزمی خوسرە و شیرینی دا بە یەکا و تێکی دا، جامی جەمشیدی دا بە سەرخاوەنەکەیدا و جەمیشی دا بە سەر جەمێکی تردا.(واتە کۆمەڵێکی لەناو بردو کۆمەڵێکی تری هێنا) بێجگە ئاماژەکانی لە ناو بردن و گۆڕین لە لایەن چەرخەوە، دەشگونجێ لە بەزمی خوسرەو و شیریندا (ناکامی و نامرادی بخوێنیتەوە )کە مەولەوی زیاتر کاری لەسەرکردوە. چون بەزمی خوسرەو و شیرین کۆتایەکی جەرگبڕ و خەجاڵەت ئامێزی هەیە. داستانی خوسرە و شیرین یەکێکە لە پێنجیەکەی نیزامی گەنجەوی کە خانای قوبادی کوردانددوویەتی و چەندین مەرام و مەبەستی گرنگی خۆیشی لە بەراییدا خستوەتەڕوو.مەولەوی زۆر بەم داستانی شیرین و خوسرەوەی خانا سەرسام بووە.

۳-شۆرەت نامەی نام حاتەمش کەردتەی

کەرد وە کاسەکەل کاسەی کەڵلەی کەی

ناو و ناوبانگی حاتەمی پێچایەوە و کاسەی کەڵلەی کەیخوسرەوی کەل کرد، شکان وکردی بەدوو لەتەوە. (بەزمی شاهانەی خوسرەو) بووەتە سومبولی هەمووشادیەکان. لە سروودە نەتەوەیی و نیشتمانیەکەی گەلی کورد دا کە حەماسەتی هەموومان دەبزوێنێت ناوی ئەم پاشا ساسانیە کوردە هاتووە.(ئێمەڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین) شۆڤێنیستە عەرەبەکان ئەمەیان کردە گوناهی ئێرانی بوونی ئێمەو ڕەواییان دا بە جینۆسایدکردنمان.

٤- ساقی گەرد ئارد یاران هام فەرد

مدۆم نە دەماخ ئاسیای چەپگەرد

ساقی (ناشەوانی چەرخ) بۆنی تۆزی هاردی هاڕاوی یاران و هاوڕێکانم دەدا بە لووتما. بۆنی ئاردی کەوتو و لە دانە وجەستەی هاڕاوی هاوڕێکانم دەکەم. دەمەوێت لێرە دا هەندێك درێژە بەچەندسەرنجێکی خۆم لەسەردیدگای مەولەوی بۆسەرچاوە دینی وئامۆژگاریەکانی یارسان بدەم کە کاتی خۆی لەسەر مەزاری پیرۆزی مەولەوی بە ئامادە بوونی جەماوەرێکی زۆر و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەرمبڕین، کە چەندوچون و تەنانەت بەدحاڵی بوونیشی لێکەوتەوە. ئێمە لە چەندین شوێن دووپاتمان کردوەتەوە ئەم خوێندنەوە و هەولانە، شوناس و ناسنامە و عەقیدەگۆڕینی مەولەوی نین. چوون مەولەوی خۆی لە نووسینەکانی دا بیرو ڕاو عەقیدەی خۆی چەسپاندووە. بەڵکو لە ڕێگەی چەندشیعر و هەڵوێستێکی خۆی و چەند لێکچوون و کاریگەریەکی نێوان زەخیرەی فراوانی ئەدەبیاتی(گۆران - هەورامی یان درووستتر ماچۆ) کە زۆربەی بڕوا و ئامۆژگاری و چالاکیە عرفانیەکانی یارسانی پێ تۆمارکراوە و چەند بەڵگەو ڕازێکی میللی و فۆلکلۆری هەورامانـدا ئەو ئەنجامە بدەمە دەست کە مەولەوی لە ڕوی جهانبینیەکی فراوانەوە لە بەرامبەرئایین و ئایینزا و ڕێو ڕەچەو بیرکردنەوەکانی تری مرۆڤایەتی چاوی خستوە و بەدووی گەردیلە پاکەکانی مرۆڤدا گەڕاوە. کە لای گەورە پیاوانی عرفانگەرا و عارفاندا مرۆڤ بە پۆشینی بەرگی ئایین و مەزهەبێکی تایبەت، لە

ڕۆح وجیلوە ئیلاهیەکە ناکەوێت و هێڵێکی عرفانی سەرجەم ناوك و هەناوی دینەکان دەبڕێت و یەکیەتیەکی ئایینی دروست دەکات. لەم ڕوەوە قسەی گەورە عارفانی دنیا زۆرە. ئەم چرکەساتە و دیدە مەستەی مەولەوی زۆر ترلە شیعرا دەسمان دەکەوێت.واتە مەولەوی عارفێکە مەستی بادەی شیعرە. کاتێك شیعر دەنووسێ خاڵی دەبێتەوە. بەلاَم کاتێ نامە دەنووسێ بەتایبەت ئەو نامانەی کە بۆ میر و دەسەلأتدارانی دینیی وسیاسی نووسیوە. ئەوە مەولەوی (کۆمەلأیەتیە) خاڵی نیە و تەزیە لە بیرکردنەوەی دەور و بەرەکەی و زیاتر وەك زمان حاڵێ دەردەکەوێت.

ئەوجۆرە هەڵوێستانەی کە لە نامەکان و دانیشتنەکان و دانوسانەکانیدا دژی ئەم ڕایەی ئێمە دەردەکەون لە توانایاندا نابێت دەمکوتی ڕاکانی ئێمە بن چوون ئێمە باسمان لە نووسینی شیعر و مەستی و حاڵی پاك بوونەوە و خاڵی بوونەوەدیە. دێمەوە سەرباسەکەو دیدگای مەولەوی بۆ زەخیرەی یارسان و کاریگەری ئەو کلتوورە لە سەر مەولەوی، کە بەلامەوە ئەم شیعرە یەکێکە لەوانە. مەسەلەی ناش و ناشەوان و هاڕین و گشت و دان و پوش و ڕووسوری و سەربەرزی سبەی ڕۆژ. دوای دەست پێ کردنە مێژوویەکە بونەتە خولگەی سوڕانی شیعرەکەی مەولەوی، کە ئەم بابەتە لە کلتوری دینی یارسانەکاندا هەیە و لای باباناوس بەیان کراوە. ڕێو ڕەچەی یارسان گەلێك ڕابەری دینیان هەیە پێنج لە ڕابەرە گەورەکانیان ئەو زاتانەن کە ڕۆح ی خوایان تێداجێگیربووە لە قۆناغەجیاجیاکاندا کاریگەری گەوردیان لە سەربلاَو بونەوە وگەشەسەندنی ڕێوڕەچەکە هەبوە. کە ئەمانەن. (باڵوڵی ماهی، باوا سەرهەنگی دەودانی، شاخۆشینی لوڕستانی، باواناوسی جاف-سەرگەتی، سان سەهاکی بەرزنجی-سلێتانی ساق) {یارسان ئەیوب ڕۆستەم چاپی یەکەم ل٨٨} ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە پێوەنی شیعرەکەی مەولەوی پێ بکەین باواناوسی جافە.کەخۆی دەڵێ ناوم بلەیە و شۆڕەتم ناووس.کەئەویش بەوێنەی زۆربەی خواناس پێغەمبەرو عارفانی دیکە نەفامان بە شێتیان داوەتە قەڵەم. شاعرێکی عارف و تەمبوور ژەنێکی بێ هاوتا بووە. لە پاشماوەی شیعری بابادا تێکستێکی پڕ لە ڕەوانبێژی بە جێماوە کەباس لەدانانی ئاشی خواپەرستی دەکات و٧٧٤ساڵ پێش مەولەوی دەفەرموێت:

ئەزناوسەنان جەی بەرزە ماوا          ئاسیاوم نیاوە جەی تاش وکاوا

هەرکەس نەهارۆ بەلانیاوا          فەردا مەوینی ڕووشان سیاوا

ئـەم تێکـستەی بابـا لەسەرچـاوەکاندا کـەمێ جیـاوازی لـە پیـت و دەنـگ و خوێندنەوەیـدا هەیـە.کـە شـرۆڤەکارانی بـە هەڵەدا بـردوە. لـە هـەمووان زیـاتر هێـزا دکتۆرمارف خەزنەدارە لە پرۆژەی مێژووەکەیدا ئەوەی کەتەرخانە بەئەدەبیاتی(گۆران - یارسـان و هـەورامی ) بێجگـە گواسـتنـەوەی تێکستەکان ڕاڤەوخوێندنـەوەکانی لە مانادا پشتیان پـێ نابەسـترێت بـە تایبـەت ئـەو بەشـەی کـەباس لـە یارسـانە {مێـژووی ئـەدەبی کوردی. د٠ مارف خەزنەداربەرگی یەکەم چاپی یەکەم ٢٠٠١ل٢٢٤-٣٠٦} چوون ڕواڵە تیانـە ڕاڤەی کـردوون و نـەیتوانیوە لەڕۆحیـەتی ووشـەکان و پـشتی دوونـی عارفـەکان بگـات٠ سەبارەت بە بابا ناووسیش کەوتوەتە هەڵەی ڕاڤەوە، {سەرچاوەی پێشوول٢٤٤-٢٤٨} کە دۆسـتم مامۆسـتا حـەکیمی مەلاساڵح هەنـدێکی بـۆ ڕاست کردووەتـەوە{گۆڤـاری کـاروان ژمارە. ٢١٩ل٦-١٠} لە هەندێکییشا لـە سـەر هەڵەکانی ئـەو دەڕوات.{گۆڤـاری هـەورامان ژمـارەی١١ل٦١٥}کورتـەی ڕاڤـە کەبـە پێـی سەرچاوە کـانی بەردەست(مـن ناوسـم لـەم بەرزاییەدا، لە ناوئەم تاش و بەردە زلانـەی کاوانـدا ئاشـم دانـاوە. هەرکـەس نـەهارێت و بـاری بـاری خـۆی وە لا نـەنێ بـۆ سـبەینێ - دوا ڕۆژی، سـبەی دەبـینی ڕوویـان ڕەشـە) سەبارەت بەناوی بابا و هەمە شوانە. گەر ڕازی بین بەوەی ئیبراهیم مانای برای هەموو یان هەموان بران بدات بێت و بابا ناوس لەو شوێنەدا لە ڕاستیدا شوان بوو بێت یـان لـە مانـای خوازەییـدا خـۆی بەشـوان(بەرپرسـیار)ی خەڵکەکـە زانیبێـت. ئـەوە یـاران تێکـڕا سەریان پێ سپاردوە و هەموان ئەویان بە شوانی ڕۆحی خۆیان زانیوە. شوانی سونەتێکی گرنگی پێغەمبەرانە و ڕاهێنانێکی ڕۆحی گرنگ بووە.بۆئەوەی بتوانرێت بەرپرسیاری و تە حەمول کردن دروست کرێت. هەمە شوانەیش کە ئاووسەراوێکی سازگار و خۆشە لە ناو تاش و کاوی گوندی سەرگەتداڵە خۆشی ناوی باباوە ناو نرابێ گەر (هەمە شوان) لە حەمە شوانەوە نە هاتبێت. بە هەرحاڵ ئەم دەقـەی بابا، بـاس لـە ئاشێکی خواپەرستی دەکات کە لەشیعرەکەی مەولەویدا دەرکەوتوەتەوە.

ئاش و ئاسیاوچی لای مەولەوی بە هەمان جۆردەبێتەوە بە ناوەڕۆکی شیعرێکی خواپەرستانە و ئاشەوان یان ساقی سوڕان و دەوران و هاڕین و لەناوبردنی پێدەکات. تێکڕای ئەم شیعرەی مەولەوی لە بۆتەی چڕی چوارینەکەی بابا ناوسدا تواوەتەوە و تەنانەت لە چەند شوێنێکدا دەقاودەق لە یەکترنزیك دەبنەوە. گیانی ئەم دووشیعرە بە بڕوای من یەك گیانن لە دووتەندا و یەك ناوەڕۆکن بە دووفۆڕمی جیاواز. ئێمە دەزانین لە باراش هاڕیندا پووش و پەڵاش دەکەوێت و مەغزو دانی باش جیادەبێتەوە. ئەمەش لە دەرئەنجامی کشتی باشەوە دەبێت.تاکە خاڵی جیاوازی دوو دەقەکە (هاڕین)ەکەیە.کە لای بابا جۆرێ لە ئیختیاری تیایە ولای مەولەوی ئیجبار. هەرچەندە هەردووکیان لە دانەی باشدا یەکدەگرنەوە.

٥- سەدای ئاسیاوچی مەیۆ پەیا پەی

ئاساوخاڵیەن نۆبەتەن سادەی

دەنگی ئاشەوان بەردەوام دێت و دەڵێت ئاش خاڵیە و نۆبەی تۆیە سادەی وەرە.دەنگی بابا بۆ تەبلیغ لە ڕابردوودا بۆ کردەوەی پڕ لە گوڵی پڕدان بۆ ڕوو ڕەش نەبوونی سبەی.هەمان دەنگ لە مەولەوی بۆکشتی باش دەبیسترێت (بەیتەکانی کۆتایی شیعرەکە)

٦- هەرکاتێت زانا چەرخێ وەردەوە

چوون یاران دانەی ئێمەیچ هەڕدەوە

هەرکاتێکت زانی ئەو ئاشە چەرخ و خولێکی تری خواردەوە و بە وێنەی یاران دانی ئێمەیشی هاڕی. جەستە پووش و پەڵاشەو گیان و کردارگوڵی پڕدان.

٧-نە هەرسەر سەردەشتێ کشتێ کریا بۆ

وە جۆی چەمەی چەم ئاو نەدریا بۆ

لە هەرزەوی و دەشتێکا کشتوکاڵێك کرابێت، نەبێت بە جۆگەی سەرچاوەی چاو ئاودرابێت. (لە مەزرەعەی عەمەلدا کشتی باش بە گریانی چاو بەرهەم دێت، هەر

مرۆڤێك ترساو بوو لە بەرخوا  گوڵی بێ دانی پەرستش ناكەوێتە كشتیەوە. ئەو كات لە ڕوی دێت، بچێتە ئاش و هێندە زەخیرەی لێ دەكەوێت پێی بێت بۆسبەی.

٨- نە یاوا بۆ خاس دانەش بەو ئاوە

لایق نین بەردێش بەو ئاسیاوە

ئەو كشتەی زۆرچاك دانی بەو ئاوە پەروەردە نەبوو بێت و پێ نەگەیی بێت، شیاوی ئەوە نیە ببرێتە ئەو ئاشە. ئاخر گەنمێ هەر پووش و پەلاش و پوچ بێت لە بردنە ئاشی چی؟ مرۆڤی مایە پوچ و بێ بار و بەرهەم كە كشتی كردەوەی فەوتاوە و بێ گوڵ، ڕوو ڕەشی سبەینێیە. كشتێ بۆ ئەوەی ئەو شیاویەتیە وەرگرێت دەبێت بە فرمێسك ئاو درابێت.(مرۆڤ خۆ پارێز و پەرهیزكاربێت )

مەولەوی لە دوا دوای دەقەكەیدا دەیەوێت كشتەكەی ئەو شیاویەتیە وەرگرێت و ئومێدی سەوزبوون بۆ گوڵی پڕدان بەرنادات.

٩- فیدات بوون ئامان سا هۆر كەربا بەی

وە سەركشتمدا پەی پەی جەوجۆی مەی

فیدات بم، ئامان دەستم بە داوێنت سا هەڵكە لەوجۆگەی مەیە بۆ سەركشتم.مەولەوی پێشترپێی ووتین كشتی گوڵ سەوز بە فرمێسك و گریان لە ترسی خوا دێتە بەرهەم و نافەوتێت. وە وەسفی جۆگەكەی بە(جۆی چەم - جۆگەی چاو) كردوە. كەواتە گریان و تۆبە كردن و فرمێسكی پەشیمانی لای مەولەوی بوونەتە مەی.

١٠- ئەرسەد كشتەكەم ئاخر كارشەن

هەفتەكەی ئاخرنەو وەهار شەن

هەرچەندە كشتوكاڵی من ئیتر ئاخریەتی و تەمەنی خۆی تەواوكردووە، لە كۆتا هەفتەی ژیانی نەو بەهاریدایە.(تەمای بارانی بریوە بۆ دان گرتن وگوڵی پڕ)ئەم شیعرەش لە شیعرەكانی دوای لە دەست دانی چاوەكانی نووسراوە. چوون ناڕاستەوخۆ ئەو مانایەش دەخاتە زهنی ئێمەوە كە ئەو وەها چاوێكی بۆ گریان نەماوە و فریای

سەوزکردنەوەی چەند گوڵێکی نیە بۆیە ئومێدە کە دەبەستێتەوە بە میراوەکەی سەرجۆی بادە.

١١-بەڵام بەڵ تەڵ تەڵ کەشێوە کەرۆ

جەی ئاخرەوە داناوێ ومرۆ

بەڵام هەرچۆن بووە بەڵکو دانە دانەیێ ببوژێتەوە و لەم کۆتایەدا تکە ئاوێ بخوات. لە ڕێی (مەی) بادەی تۆ بەو پەشیمانیەوە هەموو کشتی ژیانم نەفەوتێت و دانە دانەیەکم بۆ دەرچێت.تۆ دەوڵەمەندی حەیفە من دەس لە کشتی ژیانم بشۆمەوە، ئەمەش داوایەکی ڕەوای بەندەیە لەخوای هەمووشت بەدەستی خۆی. کە دوای ئەم بەیتە دەری دەخات. ئەتوانین بە جۆرێکی تریش بۆ هەمان ڕاڤە بچین:

خودایە تۆ ئەتوانی تەڕایی بدەیتەوە بەو چاوانەی کە فرمێسکێکیشیان بۆ شۆردنەوەی گوناهێ نەماوە. ئەمەش داوایەکی خاکیانەیە و لە قەریحەی شیعرو تەبیعەتی مەولەویەوە نزیکە (داواکردنی چاو بۆ فرمێسك ڕشتن).

١٢-حەیفەن تۆ میراو سەرجۆی بادەبی

وە هەرکەس بەقەد کەفاف دادەبی

حەیفە کە تۆ میراوی سەرجۆگەی بادە بیت و بە هەرکەس بەشی پێویستی خۆیت پێ دابێت. تۆ خۆت بەردانەوەی هەمووشتت بەدەست بێت. سەرچاوەی بەخشین بیت و بتوانی بەشی هەمووکەس بدەیت.

١٣-من کشتتم ڕوو زەرد هام فەردانش بۆ

دانەم ڕوو سیای هام دەردانش بۆ

من کشتی کردەوەم خەجاڵەت و ڕوو زەردی هاوڕێیان(یاران) و دانەی (بەرهەم)ڕوو ڕەشی هاودەردەکانم بێت.

گەر بوێرین جێ گۆڕکێیەك بە (فەردانش و دەردانش)بکەین پەنجەرەی جوانتربۆ مانا دەکاتەوە، ڕەنگە لە ڕاستیشدا وا بووبێت و نەساخەکان بەم جۆرەیان نووسیبێت.گەرچی من هیچ بەیازو دەسنووسێکم لانیە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەم.

من کشتم ڕوو زەرد هام دەردانش بۆ

دانەم ڕوو سیای هام فەردانش بۆ

مـن کـشتم ڕوو زەردی هـاودەردان بێـت. دەردە داران بـێ هێـز و ڕوو زەرد دەبـن. کشتیان تینو و لاواز و زەرد دەبێت. مەولەوی دەڵێت هێشتا لە نـاو ئەوانەیشدا کـە وەك خۆمن من خەجاڵت ترو ڕوو زەرد تر بم.وە دانم(مـەغزو مەژگەو جوهـەر)م ڕوو ڕەشی ئەوانە بێت کە وەك خۆمن.لە هەموان ڕووڕەش تر بم.

ئەوخاسیەتە لیریکیـەی شیعری مەولـەوی وای کـردوە کـە هەرلـە کۆنـەوە بکرێتـە بەرسەدای خۆش و دەنگی مۆزیکیـەوە. تەنانـەت پیرەمێـرد لـە ڕێگـەی دەنگی خۆشەوە عەودالی شیعری مەولەوی دەبێت و دەڵێت:

شیعری مەولەوی بە دەنگـی خـۆش و هیجرانـی عـەزیزی ئامینـەوە لـە نـاو ئێمـەدا برەوی پەیداکرد، لێکی بدەنەوە ئەو دەنگە داودی یە چ شۆرێك و چ سۆزێکی ئەخستە کەللـە و دەروونـەوە، مـن ئـەم شۆرەم هـەر لـە کەللەدا بـوو ئەمویست بـە سـەر یارانـدا دابەشی بکەم.{مەولەوی سۆرانی پیرەمێرد دیباچەکە ل٨}ئەم شیعرە زۆر جوان چوەتە نێو مەقامات و قـەتارو ئەللاوەیـسیەوە..لـە کۆنـدا هونەرمەنـدان زۆر تـرو جوانتر لـە ئێستا بایـەخیان پـێ داوە و شـاعران زیـاتر دەسـتیان بـۆ تەخمیـسی بـردوە. بـەلام بەداخـەوە هونەرمەندانی گۆرانی بێژ لەم سەردەمەدا لە هەرشاعرێ زیاترخـەریکی خـراپ کردنـی شیعری مەولەوین وە دلنیام بە بـێ تێگەیـشتن لـەو شیعرانە دەستیان بـۆ دەبـەن. لـەو بارەوە پێشترڕای خۆم دەربڕیوە{ڕۆژنامەی پەروانە ژمارە(٣)١-١-٢٠٠٩}کە بەداخەوە لە بەرشپرزی وخراپ دابەزاندنەکەی ڕۆژنامەی پەروانە ناچارم بە کورتی لێرەدا وەلامـی ئەو پرسە بنووسمەوە:

بەداخەوە ئەو پاشاگەردانیەی بەناوی هونەری نوێی گۆرانیەوە سەری هەلداوە کە هونەرمەنـدی یـەك سـەعاتی پێـشکەش دەکـات و بـەکورت تـرین تەمـەنی هونەریـەوە، زینـدووترین هەناسـەی شـیعریش دەکوژێ. ئەوشیعرانەی مەولـەوی کـە گوازراونەتـەوە بۆئەو کایە سەقەتە شیاوی گوێگرتن نین و هیچ هەستێکی ناوشیعرەکان ناگاتـە گوێگر. دووریـەك کەوتوەتـە نێـوان نـاوەرۆکی شیعرەکە و جولـەی گۆرانیەکـە. ئێمـە دەزگـای

گۆرانی سازیمان نیە کە هەمەلایەنە گۆرانی دروست بکات.گۆرانی بێژێك بە ئاست وسەلیقەیەکی شیعریی نزمەوە کە ئەلفێ لەشیعریەت تێ ناگات دەست بۆ تەرترین وشل ترین شیعری مەولەوی دەبات.کە بەرلە هەموو کەس بە ئاشکرا تێنەگەشتنی خۆی لە شیعرەکە بە کارەکەیەوە دیارە. ئەم دیاردە درووست بە پێچەوانەی وتنی جارانەوەیە کەخزمەتی بە شیعری مەولەوی کردووە. ئەم شیعری مەولەوی ئەتك کردووە.گۆرانیەکی پێنج خولەکی تێکەڵ وپێکەڵ بە بەرشیعرێکی بەرزی مەولەویدا دەکرێت بەڕاستی هەر کارێ کەمتر لەجۆری کاردکانی شەجەریان یان کارێك کە ڕووبەری بیرو ئەندێشەی گوێگر ئازاد و فراوان نەکات لەسەر شیعری مەولەوی یان هەرجۆرە شیعرێکی ئەو دنیایە بکرێت کارێکی بێ بەرە. نموونەیەك لەو بارەوە باس بکەم.

گۆرانی (دڵ دیارنیەن)کەکاك دەروون ئاوازی بۆداناوە و هەم خۆی هەم عادل هەورامی ووتوویانە،بەدلەیەکی زۆرتەسك کراوە بەبەری شیعرەکەدا وهەناسەکانی مەولەوی ئەخنکێ لەناویدا. هەروەها گۆرانی دێم دێم دێوانەم وکلیپەکەی ناوێسەرکە سادەترین گوێگری هەورامی دەزانێ کە کاك عادل چەن کۆڵەواری تێگەشتنە لەشیعری هەورامیدا،ڕەنگە ئەمە بۆ کەسێك کە گوێی لێ نەگیرێت کوشندە نەبێت.دەردی کوشندە لەوەدایە عادل هەورامی گوێگری هەیە.سەرنج لەم دێرە بدەین کە زیاتر بە شیعری خاوەندار دەچێت وەك لە فۆللکلۆر:

بێ وەفاییەکەت کەردەن بە عادەت

دەردێوە گێری ناوەری شادەت

واتە تۆ بێوەفاییت کردوە بەعادەت.کە بەدینی ئەڤینداری و شەرعی دڵداران گوناهی گەورەیە،شاعر دوعای بەد دەکات بەوەی کە یاخوا ئەویارە بێ وەفایەی تووشی دەردێ بێت فریای شایەتومان هاوردن نەکەوێت،بۆئەوەی لێخۆش بوونی خواش نەیگرێتەوەو لە ڕۆژی هەستانەوەدا سزای بێ وەفاییەکەی وەرگرێت.

کەچی کاك عادل بەم جۆرە دەیڵێت و بە جووڵەی دەست ئاماژە بۆ مانای شیعرەکەش دەکات.

بێ وەفاییە کەت کەردەن بە عادەت

دەردێوە گێری نەوەك ئیشارەت

پێویستە گۆرانی بێژو ئاوازدانەرانی ئێمە ئەوە بزانن کە شیعری مەولەوی بۆ هەموو ئاوازو ووتنێك دەست نادات وهەموو بەرگێ ناکاتە بەر٠دەبێت لە ئاوریشمی عەشق و کالاکانی یاری بۆ ببرێت٠ چوون شیعری مەولەوی دەبێت بۆی سەرکەویت و ئەوەی ناتوانێت سەرکەوێ تکا دەکەم شیعری مەولەوی دانەگرێت و نەی خاتە بەر پێیان..من بانگەشەی ئەوە ناکەم شیعری مەولەوی بخرێتە سەر ڕەفەکان و سوێندی پێ بوخرێت و بۆ پڕۆژەی هونەری دەستی بۆ نەبرێت. بە پێچەوانەوە.زۆر بەتاسەوەم جوانترین شیعری مەولەوی لەگەرووی دەنگ خۆشانی ئەم وولاتەوە ببیستم٠وە کارەکانی سوارە بۆ شیعری مەحوی لەوتێگەشتنەوە دەستیان بۆ براوە کە مەبەستمانە بۆیە هەموومان هەست بە سەرکەوتنی سوارە دەکەین. دەکرێت بەو جۆرەش هەڵسوکەوت لەگەڵ مەولەویدا بکرێت. دەبێت گۆرانی بێژانی شیعری مەولەوی گەرویەکی عرفانی و ئەزمونێکی ڕۆحیان هەبێت.بەرپرسیاری یەکەمی ئەوهەستەش دەکەوێتە سەر هونەرمەندە هەورامیەکان. تکایە بائەوان کە ناتوانن کاری شیاو بکەن لەسەرشیعری هەورامی بە گشتی و مەولەوی بە تاییبەتی کاری خراپیش نەکەن.

لە کۆتایی ئەم شیعرەدا پێم خۆشە نموونەیەکی(تخمیس)ی ئەم شیعرە پێشکەش بکەم.لە گەڵ ئەوەشدا دەزانم ئەم هونەرە کلاسیکیانەیەو باوی نیە بەلام دڵنیام بۆ هەرکات و مەیدانێ بێت،سوودی دەبێت.

تەزمینی مۆمنی یەزدان بەخشی لەسەر شیعری(چەرخ هەر ئەو چەرخەن)ی مەولەوی

نازوون بە قۆرەت پادشای بێگەرد

چەرخنا سکەی زەمانەی پڕ دەرد

مۆری نبووەت شانا بەڕوی نەرد

چەرخ هەر ئەو چەرخەن تا ئاوەردو بەرد

دەس ئەودەس نگین تا خاتەم ئاوەرد

وارپیا چەرخش تا چەم وە هەم دا

چن ساحێو قۆرەت وست وە ماتەم دا

قاروون و گەنجش بەرد و عەدەم دا

دا بەزم خۆسرەو شیرین وە هەم دا

جام دا بەسەر جەم جەم وەسەر جەم دا

ڕازی ئەسکەندەر فاش کەرد بە دەم نەی

فرعەونش گم کەرد نە دەریای بێ پەی

قاسێدێش کیاست میسرو شام و ڕەی

شۆرەت نامەی نام حاتەمش کەرد تەی

کەرد وە کاسە کەل کاسەی کاسەی کەللەی کەی

گەردەلوول خەم کزەی ئاهی سەرد

گیرۆدەی بەندی خەیاڵاتم کەرد

هۆشم بێ هۆش کەرد عەقڵ و فامم بەرد

ساقی گەرد ئارد یاران هام فەرد

مەدۆم نە دەماخ ئاسیای چەپگەرد

جە پیاڵەی عەدەم مەبۆ نۆشی مەی

کاروانی سەفەر خەتەر کەری تەی

نەورۆزی عومرم ویەرد یاوا دەی

سەدای ئاسیاوچی مەیۆ پەیا پەی

ئاساو خاڵیەن نۆبەتەن سا دەی

پەنجەکەی گەردوون بە دەم دەردەوە

هەر ڕۆ گرەی عومر یۆ خاو کەردەوە

هەر پێسە بیەن نە تۆی پەردەوە

هەر کاتێت زانا چەرخێ وەردەوە

چوون یاران دانەی ئێمەیچ هەڕدەوە

نەی دەشت و دەردا چن ڕەنج دریا بۆ

چن دڵ جە قازان مەینەت گریا بۆ

نمەوینی بە چەم دارێ نریا بۆ

نەهەر سەر دەشتێ کشتێ کریا بۆ

وە جۆی چەمەی چەم ئاو نەدریا بۆ

کشتێ جە چەمەی چەم ئاو دریاوە

مەبۆ وێش نەدۆ وە بای فەناوە

ئەر گەش و پڕ بەر نەمدرۆ پاوە

نەیاوابۆ خاس دانەش بەو ئاوە

لایق نین بەردەیش بەو ئاسیاوە

مەزرەعەم بێ ناز زەرد بیەن چوون بەی

کزو بێ نازەن ئەر هیممەتێت نەی

ساقی وەش بینە بەنگاو جۆ بادەی

فیدات بوو ئامان سا هۆر کەر با بەی

وە سەر کشتمدا پەی پەی جەو جۆی مەی

کشتم چەمە ڕای هەور و وارشەن

وارانت شیفا پەی ئازارشەن

بیاوە فریاش مەینەت بارشەن

ئەر سەد کشتەکەم ئاخر کارشەن

هەفتەکەی ئاخر نەو وەهارشەن

دەس یاریش بدە بەڵکو بەر بەرۆ

تا نە سەر خەرمان مل کز نە کەرۆ

ئاژینش کەرە سێر ئاوی وەرۆ

بەڵام بەڵ تەڵ تەڵ کەشێوە کەرۆ

نەی ئاخرەوە داناوێ وەرۆ

کەی مەبۆ ڕقیب ئەمنی سادە بی

تۆ ساحێو کەرەم هەم ئازادە بی

دوور جە خەللاف و وەعدو وادە بی

حەیفەن تۆ میراو سەر جۆی بادە بی

وە هەر کەس بە قەد کەفاف دادە بی

بەخت و ئیقباڵم ڕوو گەردانش بۆ

جە بارگەی خەلەم خەم سەر دانش بۆ

خەرمانم ئاڵەی خەم هۆردانش بۆ

من کشتم ڕوو زەرد هام دەردانش بۆ

دانەم ڕوو سیای هام دەردانش بۆ

## شیعری پێنجەم

### ١- چوون چهرەی خەیاڵ ڕوخسارەکەی وێش

### نە تۆی پەردەی دڵ مەعدوومی دڵ ڕێش

هەروەکو سیماو وێنە خەیاڵیەکەی خۆی لە نێو پەردەی دڵی مندا.. لە دیوانەکەدا نووسراوە لە وەسفی نازدارێکی جافدا نووسراوە. لای مامۆستا حەکیم ئەو نازدارە بە ماه چهرەخانمی ژنی والی سنە دیاری کراوە{مەولەوی حکیم ل١٠٢}ئەم شیعرە زۆربەی مەولەوی ناسان لێی دواون و تێکڕایان لە سەر ئەوە کۆکن کە وێنەی واقعی نازدارەکە لە ڕەشماڵدا چوێنراوە بە وێنەی خۆی لە دڵی برینداری مەولەویدا{لیریکا ل١٣١-١٣٢، دیوان ل٢٠٢، دیوانی مەولەوی سۆرانی ئەردەلانی ل٣٧٤، مێژووی ئەدەبی کوردی د مارف خزنەدار ب٣ل٣٧-٣٧٥}

بەلامەوە چهرەی خەیاڵ دروست کردنی وێنەی دۆستە کە سالکان وە پێش چاو و دڵی خۆیانی دەخەن.ڕێبوارانی تەریقەت لە زکرا حاڵی دەبن کە ئەشیاکان چۆن دەبنە مایەی تەجەللای دۆست و وێنە مەجازیەکان چۆن دەچنەوە سەر وێنەکانی یاری ڕاستەقینە و سەر چاوەکانی عرفان لەو بارەوە زۆرن. بەلای منەوە شیعرەکە هەردوودیمەنی مەجازی وحەقیقی نمایش دەکات. دیمەنی ناو ڕشماڵەکە و شۆخەکە یاری مەجازیە و دەرکەوتەی لە دڵی مەولەویدا یاری حەقیقیە. کە وێنەی یاری لە کەس نەچوو(دۆستی عرفانی) هی ناو دڵە. عارفان و تەنانەت هەندێك لە پێغەمبەران هەموو نمایەکی جوانی و دیمەنیکی دڵ ڕاچڵەکێن بە ئایاتێکی جەمالی خوا دەزانن. وە حەزرەتی یەعقوب لە ستاییش و پیا هەڵدان و غەریبی یوسفدا بەرامبەر پەروەردگاری دەڵێت:

یوسف ئاوێنەیەکی تەواو و ڕاستەقینەی جوانی تۆ بوو {زنجیرەی یوسف پێغمبەر} بۆیە ئەم شیعرە لە پاڵ نمایشی ژنێکی ناسك وجواندا ڕێگە بۆ یارێکی جوان تر لە دڵی ئێمەدا دەکاتەوە. د. ئەنوەر قادر دەنووسێت:

ئەگەرجیاوازیەك لە نێوان شیعری سۆفی و مەولەویدا هەبێت ئەوەیە کە مەولەوی ڕیالیستانە بە جوانی ئافرەتیدا هەڵداوە وخاسیەتی ئیستەتیکی وێنەی واقعی و هەستی ئەبستراکی تێکەڵ کردووە {لیریکا ل١٣١-١٣٢ }

٢- نمانا جەمین شای سۆسەن خالآن

کەم کەم جە گۆشەی لای سیا مالآن

ڕوخساری خۆی نواند شای سۆسەن خالآن کەم کەم لە گۆشەی لای ڕەشمالآنەوە خۆی دەرخست.لە ڕووی لێکچوونەکانەوە ڕوخساری نێودەواری ئەو یارە کە دەرکەوت وەك وێنە خەیاڵیەکەی (نمونەیی) نێو دڵم بوو. بەم پێیە دڵی مەولەویش دەبێتە دەواری ڕەش و دڕاو{دیوان ل٢٠٢} کاتێ لە سرووشتدا وێنەی بەوجۆرەی دڵ و زهنی مرۆڤ پەیدا نابێت..یانی هەردەم وێنە و نما جوانەکانی نێوخەیاڵ و ئەندێشەی ئێمە جوانترن لە ڕاستیە بینراوەکان، یان ڕاستیە بینراوەکان سێبەری جوانیە نەبینراوەکان. ئەوەی لە ناو چاو و دڵ و دەروندایە جوانترە.جوانی ئەو دیوی پەردەکان تەنانەت ئەم ئەندێشەیە لای گۆرانی فوتابی شیعری مەولەوی سەر هەڵدەداتەوە(هەڵبەستی دەروون بۆ نموونە) ئەمەش بینینی عرفانیانەی مەولەویە.چهرەی خەیاڵ و شای سۆسەنخاڵ وە صەفحەی بێگەرد شایەتی عرفانی شیعرە کەن

٣- زەمین منەت بار پا منیاو مەویەرد

جارجار وە ڕوی ناز باوەشێن مەکەرد

پێی نازی ئەنا بەسەر ئەرزا و تێدە پەڕی. زەوی منەتبار دەکرد و جارجارەش بە نازەوە باوەشێنی دەکرد. ئەم ناز و کبرو منەت بەسەر زەویدا کردنە کە بوونەتە سیفەتی نازدارەکە لە ڕاستیدا تەنیا لە یاری ڕاستەقینە دەوەشێنەوە سێبەری ئەم وێنەیەش لە سەرگۆران نیشتووە:

پێی ناز ئەنێ بەسەر ئەرزا جوانێ لە بەژنێکی بەرزا

٤- باوەشێن مەکەرد ئەوصەفحەی بێگەرد

نازکیش جە باد ئیحتیات مەکەرد

باوەشێنی ڕوخساره پاك و بێ گەردەکەی خۆی دەکرد و نازکیەکەی لە باخۆی دەپاراست. واتە هێندە لە سەرخۆ باوەشێنی دەکرد ئیحتیاتی ئەوەی کردبوو نەوەك بای باوەشێنەکە زیان بە ڕوخساری بگەیێنێت.

ئەم بەیتە لە سێیەم بەیتی شیعری(٥)ی (خ ) دا دووبارە بووەتەوە. تەواوی شیعرەکە لەگەڵ ئەم شیعرەدا لەیەك نزیکن وخزمەتی یەك بابەت دەکەن. وە ڕەنگە سوژەی یەك شیعربن. مامۆستاحەکیم دەڵێت مەولەوی هەرسێ شیعری(٥ -چ، ٥ -خ، ٢٥ ی دال)ی بۆ ماه چهرەخانم نووسیووە {مەولەوی حەکیم ل١٠٢-١٠٣} ناوی ئەوخانمەی بە شێوەیەکی هونەری لە هەرسێ شیعرەکەدا جێ کردوەتەوە. بەیتی یەکەمی ئەم شیعرە، چهرەی دڵەی زار، ئەومەه چیهرەسان. {مەولەوی وتەقینەوەی زمان حکیم ل٣٠-٣١}

وەرگێڕانی شیعری مەولەوی بە شێوەیەکیی دیار و بەرچاو لە سیەکانی سەدەی ڕابردودا پیرەمێرد کردی و کارەکەی ئەردەلانیش لە کۆتایی سەدەکەدایە. زۆرجار وەرگێڕانەکان لە دنیای مەولەوی دوور دەکەونەوە بە تایبەتی لە مەبەست و مانادا. بە زۆری لای پیرەمێرد و کەمترلای ئەردەلانی بەلام کارەکەی پیرەمێرد شیعری ترە. وە دواجار هیچکامیان نا گەنە قولە پێی دەقە هەورامیەکە وداهێنان هەرلای مەولەوی خۆیەتی. {مێژووی ئەدەبی کوردی دکتۆرمارف ب ٣ل٣٧٣-٣٧٤} پیرەمێرد ئەم بەیتەی لەشیعری (٥-خ) تەرجەمە کردوە. هەرچەندە زیادەی بە مەرام و ماناکە داوە بەلام زۆرجوانی داڕشتووە:

هێندە نازك بوو بە بای باوەشێن

سەرکوڵمی ئاڵی پڕ بوو بوو لەخوێن

{مەولەوی سۆرانی پیرەمێردل١٦٢}

لای مامۆستا ئەردەلانییش بەم جۆرەیە:

ئەی کرد باوەشێن صەفحەی بێ گەردی

پارێزی ئەکرد لە بای بە ووردی

ئێمە جارجار بۆ بەراورد و تام وچێژی وەرگێڕان نموونەکان دەگوازینەوە و لە کوێشدا پێویست بوو ڕای خۆمان دەر دەبرین.

کەسێ کە وێنەکەی لە وێنەی ناودڵ بچێت و شای سۆسەن خاڵان بێت خاوەنی نیشانە و ئایات. کەم کەم خۆی دەرخات (تەجەلای سیفەتی خودا لە جوانیەکانی سروشتدا) جارجارنیشانەکان بۆ ئێمە دەرخات و بەلام خۆی (جوانی موتڵەق) لە تاریکیدا شاراوە بێت. لە گەڵ ئەوەشدا جوانی شەپۆل بدات لە جوانی نازدارانی تردا ئەمانە دەبنە سیفەتی یاری خاوەن جوانی و بێ وێنەی عرفانی. هاوکات مانای جوانیەکە لە ڕوخساری ئافرەتدا دەبێتە تەفسیر و لە شەقەی باڵ دەدات و لە زەمینیەوە دەبێتە ئاسمانی لە سەر زەویش مەولەوی بە جۆرێ لە جەستەی ئافرەتدا غەرقت دەکات لە جوانی و نەشئە و چێژە ڕۆحیەکان نەت پەرژێتە سەر وروژانە سێکسیەکان.

٥- نەتۆی تاریکی تای شەدەی بێ گەرد

لەتافەت چوون ئاو حەیات مەوج مەومرد

لە نێو تاریکی شەدە و هەوریە پاك و بێگەردەکەیدا جوانی و ناسکیەکەی وەکو ئاوی حەیات شەپۆلی دەدا. واتە ئەندامە جوان و ناسکەکەی لە ژێر شەدەکەیدا دەجولا.

لە میتۆلۆژیای ڕۆژهەلاتدا ئاوی حەیات لە ناوتاریکیدا شاردراوەتەوە. ئەوەی لێوی پێ تەڕ بکات نەمری بەدەست دێنێت. هێزی ئەفسانەکە لەوەدایە کە ژیانی ڕاستەقینە کاتێ وە دەست دێت کە مرۆڤ بتوانێت تون و تونێلە تاریکەکانی بۆ ببڕێت. یانی دواجار ئێمە کاتێ نەمر دەبین بە گۆڕی تاردا تێپەڕین (بمرین)، چووون لە ڕاستیدا لێرە جۆرە ئاوێکی وەها بوونی نیە. ئەم خانمی شیعرەش جوانی و ناسکیەکەی کە هۆی نەمریە لە ژێر تاریکی شەدەدا شاردراوەتەوە وکەس دەستی بەو تەڕی وجوانیە ناگات. یان دەبێت بۆ دەست هێنانی(ناسکی لەشی ژنەکە - ئاوی حەیات) ژیانت ببەخشی. ئەم جۆرە تەشبیهو دارشتەیە لە ئاستی شەئن و پایەی خانمدایە.لەشی ناسك و بەهرە بردن لە تەڕوبڕی جوانان لە کۆنەوە لای شاعران مایەی نەمری و زیندوو مانەوەیە تەنانەت لە فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی کوردیشدا ڕەنگی داوەتەوە.

خورشید گەلاوێژ فەرخی نەباتە

ماچی دەمەکەت ئاوی حەیاتە،

هەرکەس ماچی کا نامرێ، من کەفیلی مردنی، ناترسێ لەمردنی و...... هتد

٦-غەریب بیم چەنیم کەرەم نمانا

وە سەوڤات پەرێم خەدەنگێ شانا

غەریب بوم و لەگەڵما جوان مەردی و میهرەبانی نواند، بۆ دیاری و پێشکێش تیرێکی بۆ وەشاندم. واتە منی غەریبی نەڕەنجاند و بەرامبەرم گەورەیی و بەخشندەیی نواند. ئەم چاکە کردنە لە گەڵ غەریباندا جوانترین سیفەتی یار و دۆستە.لە سەرێکی تریشەوە (غەریب و غەریبان ) ئەو تاقمەن کە هەموو خێر و چاکەیەکیان پێ ڕەوا دەبینرێت و شایانی مەرحەمەتی یارن لەو ئەندێشەوەیە کە مەولانا خالد بە غەریب ناوی خۆی بردووە. وە بە پێچەوانەوە غەریب ڕەنجاندن و نائومێد کردنی غەریب دەبێتە گوناهی گەورە بابەتی غەریب و سیفاتە زەلیلی و گەردن کەچیەکانی کەسی ئاوارەو ڕەنجان و نەڕەنجانی لە فۆلکلۆرو گۆرانی میللی دا زۆر بەربڵاو ڕەنگی داوەتەوە. چەند میلۆدیەکیش بەناوی (غەریب)هەیە. وە لە تۆخترین مانایدا (غەریب) یانی مردن یان مەرگ لە فۆلکلۆر دا هاتووە:

غەریب ئانە نیا ملۆنە یەمەن

غەریب ئانەنە ملۆ تۆی کەفەن

٧-ئەر صەد چون یاران گیان تەسلیم کەردم

خاس بێ پەی یادگارخەدەنگێ بەردم

هەرچەندە منیش وەکو یارانی تری بەرکەوتوو گیانم سپارد، بەڵام باش بوو بۆ یادگاری نیشانەیێکم لە گەڵ خۆم برد.

پێ بوونی نیشانە( تیر، زام)باشترین بەڵگەی عاشقین بۆ بەردەم دۆست شایەتومانی عرفانی ودەلیلی ئیخلاصن. لە بازگەکانی سەر ڕێی باردا بۆ تێپەرین زام پێناس و ناسنامەیە.

١-چەمان هەم قامەت کەیفم خەمبارەن

زەردی نەڕووی دڵ زەوقم دیارەن

هەلای هەم بالای کەیف و شادیم خەمبارە و چەمیوەتەوە و قنج نیە. زەردی بەڕووی دڵی زەوقمەوە دیارە (چەمان) وەك مامۆستا ئامازەی پێ کردوە بە(چمان - ئەڵێی) بشخوێنرێتەوە{دیوان ل٢٠٤} مامۆستا حەکیمیش بەدەلیلی چەند نوسخەیەك ئەم سەرنجەی پشت ڕاست کردوەتەوە ولە بری (دڵ) یش (وەڵگ) بە ڕاست دەزانێ: واتەزەردی بە ڕووی گەلای زەوقمەوەدیارە. {مەولەوی حکیم ل ١٠٣} چمان ئەم واتایانەش دەدات، مەگەر، هێشتا، بۆچی، تومەز.

٢-تەوق خەم گەردەن شەوقەکەم بەستەن

کەف پای شادیم خار تێ شکەستەن

تەوقی خەم ئالاوەتەوە گەردنی شەوقم و بەستوویەتی. پێی شادیم دڕکی تێشکاوە.زۆربەی سەرچاوەکان لە سەرتەصوف و عرفان حەوت مەقام یان حەوت حاڵ و سەحرایان داناوە بۆ ئەوەی سالك - مرید بیان بڕێ. هەندێکیان بەلە طائف وهەندێکیان بەحاڵ و مەقام ناودەبرێن و بە گوێرەی مەدرەسەکان زیادو کەمیان هەیە و دەگۆڕرێن.

| مەقامەکان | سەحراکان | لەطائفە کان |
| --- | --- | --- |
| مەقامی نەفس | تەڵەب | دڵ |
| مەقامی ڕۆح | عیشق | ڕۆح |
| مەقامی قەلب ودڵ | مەعرفەت | سیڕ |
| مەقامی عەقڵ | استیغنا | خەفی |
| مەقامی سڕ | تەوحید | ئەخفا |
| مەقامی خەفی | حیرەت | لەطیفەی نەفس |
| مەقامی ئیخفا | فەنا | لەطیفەی قالیب |

قۆناغەکانی سەرەتای حاڵ و مەقام و لە تیفەکان، عەزم و ئیرادە و بڕیارن و بەرە بەرە بڕینی قۆناغەکان تووش بوونی مریدە بە سەختیەکانی ڕێگا بۆ ئەوەی بگاتە دوایین قۆناغ کە دەبێتە غەرق بوون و توانەوە و لە هەرلاجوانی یارو هیچ شت بێجگە لە خوا. لە شیعری صۆفی مەشرەبەکاندا. ئەوخەم و مەینەت و دەرد و سەختی و بارە نا لەبارو لاریەی کە بەیان دەکرێت هی ئەو کاتەی سۆفیە کە لە سەرەتا و ناوەڕاستی ئەو مەقامانەدایە. وە گیرۆدەیە کە بڕوات یان بگەڕێتەوە. پێویستی بە چاودێری مرشدە، ئەگەر خۆی دابێتە دەستی پیرو، خودایە گەربە بێ مرشد ڕێگەی گرتبێتە بەر.یانی بەر لە وەصڵ ڕێگاکان هەرخەم وخەفەت و نارەحە تین. کە زۆربەی شیعری مەولەوی هی ئەم قۆناغەن و کەمی هەیە گوزارشت لە قۆناغەکانی کۆتا بکات چون قۆناغەکانی کۆتا بەقای دوای فەنان و مرید بە سڵتان و شا دەگات(شێخی سراج الدین و شێخ عومەر)لەم پلەیەدان. شێخ عوسمان بە چوارینە بە ناوبانگەکەی و ئەدەبیاتی مرید و مەنسوبەکانی، شێخ عومەر بە ئەدەبیاتی خۆی و نامەکانی. بۆ تێگەشتن وحاڵی بوون لە خشتەکە و چێژبردن لە زۆرینەی شیعری کوردی و فارسی لەو بارەوە سەرچاوە زۆر و زەوەندن. بۆ ئەوەی نەکەوینە بەردەم بانگەشەی شارەزایی و گومڕابوون و لەخۆڕازی بوون سەرچاوە دەست نیشان ناکەین. گەرتۆعاشق بوویت و هاتیتە سەردینی عاشقان ئەزموونی ئەم حاڵەت و چێژە دەکەیت.

زۆربەی شیعری مەولەوی بە بالآی ئەم حاڵتانەدا بڕاوە و هەیکەلی شیعرەکانی بە سەرە تای زەحمەت وسەختی و پاشان داوا و تەڵەبی ئیمداد و دواجار ئومێدی شادی و بەیار بوون. ئەو هەموو سازو مەقام و مطرب و ساقی وموغەنی و پێك و جام و فەرد و شیعرو نەوا و نەیە بۆ تەی کردنی سەختیەکان و چوونە ناو ئەمارەتی شادی و کەیفی دۆستە.

٢-ساقی سادەخیل جام مەی وە کەف

دەروێش ئامانەن کەفێ نە ڕووی دەف

ساقی سادەخیلت بم جامێمەی بدەودەروێش تۆیش ئامانە دەستێ بدە لەدەفەکەت. سەختی ومەینەتیەکانی بەیتی پێش خۆی سووك دەکات.

### ٣-خۆنەوی فرسەت جاریٚ نەجاران

### هەرپۆس وە مشت بیم پەی دین یاران

خۆ جاریٚ نە جاران دەرفەت و هەلێکم بۆ هەڵ نەکەوت. هەر پەیام و نامەی یاریم لە مشتایە و شاد نەبووم بە دینی یاران. نەگەشتم بە یاران و دەستم بکەمەوە و نامەکەم بگەیێنم(بە مراد نەگەشتنی مەولەوی)٠ بەهەشتی مدرس (پۆس وە مشتی) بە دەسکێشی چەرم لە دەستی ڕنجبەران ڕاڤەکردووە

لە ئەدەبیاتی نووسراوی هەورامان بە گشتی و یارسان بە تایبەنی ڕەند و قەلەندەر و پەیخام لە مشت و دەست زۆر بوون و هەردەم چاوەڕێی جەم و مەجلیسی یاران بوون بۆ گەیاندنی ئەرکە دیینی و ڕەوشتیەکەیان٠خاوەنی ئەم بەیتە پەیام لە مشتەو بۆی هەڵنەکەوتووە بگاتە مەجلیسی یاران و شاد نەبووە بە دیینیان. مەسەلەی ڕازداری ئالأودتە بەیتەکەو لە چاوەڕێی بەستنی جەمێکدایە و بەیتی دواتر زیاتر دەیکاتەوە.چوون کاتیٚ جەمی یاران سازدەبێت پەیامەکە دەگات و شادبوون بە دیینی یارانی لیٚ دەکەوێتەوە. ئیتربەزمی شیعرو دەف و مەی ساف و خەست و شکانی گەردن و ملی مەینەتە.ئێمە زۆرشیعرمان دێتەڕیٚ کە بخۆن بە تەریقەتی یاری و مەولەوی وەك عارفیٚ بە و تەریقەتە کەڵکی لە هزرو زمان و ئەندێشەی ئەوان وەرگرتووە. بۆ ڕازە پەنهانەکانی خۆی سەبارەت بە پرسەکان (خیلقەت، ژین، مەرگ، عیشق، ئیخلاص، عاشق و تیرو زام و دەرد و دەرمان) ڕۆچووەتە ناو ئەو کلتورە. ئەوشاعرێك نیە تەنیا دەرچووی قوتابخانەی(صەیدی، خانا، بێسارانی)بێت. بەڵکو زیاتر درێژ دەبێتەوە بە جۆریٚ کە دەگاتەوە بە ئەدەبیاتی (ماچۆ)ی سەدەی دوەمی کۆچی.

ئەو شەیداو عەوداڵی ئەو ئەمارەتی عیشقە بووە کە دوورترین چرای شیعری هەورامی لە هەواری یارسانەکاندا هەڵ کردووە.ئەو کەسێکە هێژا و ڕێزدارانە لە قەڵەم ڕەوی دیینی یاری دەڕوانێت. چوون لە کانیلەی ئەو نیشتمانە شیرینەوە تەڕی بۆ شیعرو بەهرەی خۆی هێناوە. وەفادارە پێیان و بەردیان تیٚ ناگرێت.گوتاری مەولەوی و هاوڕیٚ و قوتابیەکانی پێچەوانەی گوتاری شێخ ڕەزا و قوتابیەکانی ئەوە.گەرشێخ ڕەزا بکەوێتە بەرلێبوردنی زمانە تایبەت و جنێو فرۆشیەکەی کە کەم کەسی بواردووە تا بە برا و

مامەکانیشی دەگات. ئەوە داناو زاناکانی تر لە دادگای ویژدانی نەتەوەییماندا تاوانبارن.کە ئەمەش باسێکی ترە.

٤-چەپگەرد جەخاتر وێش هەرگیز نەو یەرد

کەی بێ جامێمان پڕجە بادە کەرد

چەرخی چەپ ساتێ لە خەیاڵی خۆی خۆش نەبوو، ئەوە کەی بوو ئێمەجامێ لە بادە پڕکەین.

یانی هەر ڕێك نەکەوت کە چەرخ جارێ بە کامی ئێمە بێت و بۆ جارێکیش بێت جامێ لە بادە پڕکەین ومەجلس و جەمێ بسازین وجارێ نۆخەی بکەین.

٥-ئێمەیچ با ساتێ بەزمێمان جەم بۆ

لادێ هەرخاسەن ئەرصەد کەم کەم بۆ

با ئێمەیش ساتێ شاد بین و جەم و بەزمێکمان هەبێت، باکەمیش بێت

٦- من ناڵە تۆ دەف ئەو صافی یان دورد

هەنی فەرد، دەرد مەینەت گەردەن ورد

ئیتر من و ناڵە و شیعر. تۆ و دەف و ساقی مەی ساف یان خەست. دەرد و مەینەتیش ئەوسا گردن و ملیان دەشکا ئەمە ئەو بەزمە شادەیە کە مەولەوی بۆ جارێکیش بێت تەمەننای دەکات. لە دیوانەکەدا نیوباڵی دووەم بەم جۆرە ڕاڤەکراوە(ئیترشیعری دەرد و مەینەتیش با ملی بشکێ و گۆڕی گوم بێت،مەولەوی زۆرکەم بە خراب سەیری دەرد و مەینەتی کردووە. لێرە دا دەرد و مەینەت بە مانای باوی خۆی سەیر کراوە. ئەتوانین کەرامەتی مەولەویانەش بۆدەرد و مەینەت بگێڕینەوە کاتێ کە دەزانین بەزمی جەمەکە بۆ مەولەوی ساز نەبووە. یانی هەرگیز شیعری مەینەتی ئەم گەردنی نەشکاوە.

لە شیعری مەولەویدا بێژەکانی(یاران و بەزمی یاران و بادەی یاران و یادی یاران و مەی یاران و تیری یاران و شەرتی یاران و جەم و گیان و دەرکەوتەکان) زۆر دێنە ڕێمان

کە ئەمانـە واژە گـەلێکن لـە سـەراپای ئـەدەبیاتی عرفـانی یارسـاندا هـەن و مەولـەوی زۆرنزیـك لـە بـەکار بردنیـان بـەکاری هێناونەتـەوە.بۆیـە دەبێـت لـە بـە کاربردنی ئـەم زاراوانە لە شیعری هەورامیدا سەرنجی ووردبدرێت.بۆ ئەوەی بگەینە ڕاڤـەی درووست و دۆزینـەوەی هێڵـی عرفـانی کاریگـەری مەدرەسـە و بزوتنـەوە عرفانیـەکان لـە یـەکتری و پەیوەندیان بە یەکەوە و نەپچڕانیان لەو قۆناغە عرفانیـەی شیعری کوردیـدا کـە بـە داخەوە لـە سەرچاوەکاندا هەڵە و پەڵەی زۆری تێکەوتوە مـن لـەو بـارەوە کـەمێ کـارم کـردووە لـە سـەر (یارسان و نەقشبەندی) لـە هەورامانـدا کـە بـۆ دەرفـەتی خـۆی هـەڵم گرتووە و هەندێ لە ئاماژەکانم گواستووەتەوە بۆ ئەم نووسینە.

بەڵام سەبارەت بە هەڵە و پەڵەی نێو سەرچاوەکان و گرفتاری ڕاڤـە و دۆزینـەوەی ڕەهەندی عرفانی عیشق بۆ نێرە نمونەیەك دەگوازمەوەلە ئەدەبیاتی بابا ناوس.

جە وێما جە وێم جە وێما جە وێم

دەرد و دەرمانم جە وێما جە وێم

لوام وە ملە ودەس بەردم وە نێم

دیم تیر یاران کەفتەن ئەو دلێم

هیچ کام لەڕاڤە کارانی ئـەم چوارینەیەی باباناوس نـەیان توانیـوە مانـای ووشـەی (نێم)بدۆزنەوە کە بە بڕوای من ئـەرکی سـەر لـە بـەری مانـا ی عرفـانی و عیشقی نێـو چوارینەکە لە سەر شانی ئەو وشەیە.

لای بۆرەکەیی(دەرد و نەخۆشـی و دەرمـانم لـە خۆمـە و ئەمـەش هـۆی ئەوەیـە لـە خوا ڕەوا ینەتەوە٠ بۆیە چومە ملەیێك دەستم گرتـە داری نـێم کـە لـە پـڕا دیـم بـارانی تیردڵ و دەرونمی پێکا و بەم چەشنە لـە گونـاه پـاك و خـاوێن بوومـەوە{مێـژووی وێـژەی کوردی بـەرگی یەکـەم چـاپی دووەم ل١٢٣} لای دکتۆرمـارف خەزنـەدار(لەناوخۆمایـە دەرد و دەرمانم لە ناوخۆمایە چوومە سەر گردو دەسم بۆ درەختی نێم بـرد دیـم کـە تیرەبـاران دەگرێم) وە دەنووسێ بابا لە تۆبەکردن دەدوێت{مێژوی ئەدەبی کوردی بـەرگی یەکـەم ل٢٤٥-٢٤٦}هەرچی مامۆستا حەکیمە هەوڵی داوە خۆی ڕاڤـەی کـات و تاڕادەیـەك هەڵـەی

(تیرباران)ی بە(تیری یاران)ڕاستکردوەتەوە. گەرچی (تیرباران)یش دەگونجێ. بەڵام ئەویش لە وشەی (نێم)دا هەمان هەڵەی ئەوان دووبارە دەکاتەوە و دەنوسێت نێم لە ناو درەختەکاندا ئاماژەیە بە عرفانی ڕۆژهەلات کە هیندستان مەڵبەندی بووە. {گۆڤاری کاروان ژ٢١٩ل٨} کەڕاڤەی وشەکە هی فەرهەنگە فارسیەکانە{عمید ل١٩٣٣}ئاشکرایە ئەم چوارینەیە حاڵ و ئەنجامی عاشقێکە کە بە ڕای زۆربەی عارفان وحەکیمان گەورەترین هەڵەی عاشقان گەڕانە بۆ دەرمان لە دەرەوەی خودی عیشق وخۆیان بە ڕای ئەزموون کارانی عیشق کەسێ کە گرفتاری دەردی ئەڤین و تیری عەشق بوو ئەوە دەردی بێ دەرمانە و خودی دەرمان لای خۆیەتی. لە عرفانا لەوەش گرنگترجیاوازی نەکردنە لە نێوان(دەرد و دەرمان، غەم و شادی، لات و غەنی، شاه و گەدا) دا. زانستیش دەرزی و دەرمانەکان لە نێو دەردەکاندا دە دۆزێتەوە. مانای (تیری یاران)یش ئەوەیە کە یار ئەو تیرو ئاماژانەی بەوانی تری داوە بە تۆیشی بەخشی ئیتر تۆیش پێکراویت و دەبێت لە خۆتا بۆ دەرمان بگەڕێیت. ئەزمون کردنی عەشق عاشق دەگەیێنێتە پلەی بێ نیازی بە دکتۆر و دەرمان صەدحەکیمیش هێندەی دەردەدارێکی لێ نازانن هەمان پێوەرە.ناو بردنی دەرد و دەرمانیش لە شیعری کوردیدا لە باری حەقیقی و مەجازیدا بۆ هەمان مەبەستە.کەواتە بابا ناووس دەردو دەرمانی لای خۆیەتی دەبێت دەست باتە پەترۆی زامەکانی بۆ شیفا.بۆ تێکڕای هاو نەتەوەکانم ڕاڤەکەی بەم جۆرەیە:

من دەرد و دەرمانم لە خۆمایە دوای ئەوەی بە تیری یاران پێکرام(عاشق بووم) ئیتر چوومە ملە و هەردان وخەریك بووم بە دەست بردن بۆ برینەکانم پێغەمبەران، عاشق و دڵدارو دەردەدارانی حەقیقەت، دوای دەرککردن و ناسینی یاری ڕاستەقینە لە نێکۆمەڵدا بە نەخۆش و شێت و نامۆ سەیردەکرێن. سەرنج لە حاڵی ئەو سەروەرانە لە ئەشکەوت و دەشت و کێو و بیابانانـدا بدەن. هەموو ئەوانەش دوای پێکران بە تیری لەیلایەك چۆن دەبنە مەجنوون و فەرهاد و وەلیەکان چۆن بۆ شیرین و شەمەکان فەڕ دەخەنە کێوەکان. باباش یەکێکە لە مەجنوونەکانی لەیلای ڕاستەقینە.کەواتە (نێم) پەترۆی زام و چڵکی برینە. کە دوای پێکران بە تیر بۆ بابا دەبێتە نیشانەی دەرمان و ئاسوودەیی ڕۆحی. کولانەوەی جێ تیری یار باشترین دەرمان و نۆشێکە کە هەمیشە یار لە بەرچاو و دڵان ئامادە دەکات و دەست بردنی پێکراوان بۆ زامەکانیان بۆ ئەو یاد

کردنەی یارە و ڕاستەو خۆش هەر ئەم یادەیە لە داروخانەی خۆیاندا دەبتە دەرمان. لای مەولەویش (تیر و زام) هەمان واتای عرفانی هەیە. ئیتر(نێم - نیم) لە شیعری ئێمەدا فرێ بەو درەختەی هیندستانەوە نیە.ئەم واژەیە لە فۆلکللۆری کوردییش دا هاتوە:

من چوومە هەوشار بە یادی قەدیم

لالْ بێ زوانم لێوم باری نیم { گۆرانی هۆ گوڵێ - سەی محەمەدی صەفایی}

هاوشێوەی ئەم نمونەیە لە ئەسەری نووسەرانی گەورە و سەروران و لێکۆڵەرانی ئەدەبی ئێمە دا زۆرە. چوون کاری ئەوانیش کاری تاقەت پڕوکێن و تەنیایی بووە.بۆیە تووشی ئەو هەڵانە بوون و بێ فەرهەنگی و بەربڵاوی زمانەکەشمان هۆیەکی تر. بۆیە بەندە بڕوام وایە تێکڕای ئەدەبیاتی(گۆران - هەورامی)دەبێت سەرلە بەر ڕاڤە و خوێندنەوەی بۆ بکرێت. بەمەش ئەوەی هەیە دڵنیام دەبێتە چەند ئەوەندە. ئەمەش کاری دەوڵەت و وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیران و بنکە و مەڵبەندە ڕۆشنبیریەکانە.چوون دڵنیام بەو جۆرەی کە لە سەری نووسراوە وخراوەتە ڕوو لەڕاستیدا وا نیە و گەورەترین سەرچاوەی دینی و ژیاری و عرفانی خۆمان نەناساندووە.

ئەم جۆرە خوێندنەوانەش درزو کەلەبەرەکانی نێوانمان دەگرێت و هەمووان ئاشت دەکاتەوە لە بەردەم شعووری نەتەوەییدا ڕامان دەگرێت و لە بری خۆ پەسەندی یەك پەسەندی لێ دەکەوێتەوە. دەرفەتی دیدو ئایین و تەریقەتەکانیش بۆ خوێندنەوە لە دەست دەرنەچووە و ئەتوانین لە ئەنجامی وەها کارێکەوە بگەینە ڕوانین بۆ دۆزینەوەی شافعیەکان و مەلا صەدراو ئیخوان صەفاکانی ئەم کۆنە وڵاتەی کوردەواری.

## شیعری هەشتەم

١-چەم پەی فەرشی پات موژەش چوون خارەن

بەڵام چێش کەرۆ چارش ناچارەن

چاوبۆ فەرشی بەر پێت، برژانگی دەڵێی دڕکە بەڵام چی بکات چاری ناچارە. یانی چاو بکەمە فەرشی بەرپێت و پێ بە چاوەکانما بنێی، برژانگەکانم وەك دڕکن و دەزانم ئەزیەتت دەدەن لە گەڵ ئەوەشدا هەرناچارم. سوژەی ئەم شیعرە لای بێسارانی سەنراوە.

چراغ داجارێ بۆ وە خاومدا

پابنیە وە بان هەردووچاومدا

مەواچە موژەت تیژتەرەن جەخار

پای گوڵ ئەندامم مەدەرۆ ئازار

{دیوانی بێسارانی حەکیم مەلاساڵح ل١٢٣}

٢- چەنی تاوۆ تەرك پا بۆست کەردەن

سەو گەندش وە زوڵف سیای تۆ وەردەن

لەکوێ(چاو)دەتوانێ تەرکی قاچ ماچ کردنت بکات. کە سوێندی بە زوڵفی ڕەشی تۆ خواردوە. چاو کامێرای تێگەشتن و کلیلی حاڵی بوون و کەسپی مەعریفەی ئێمەیە. چاو ڕاخستن لە بەرپێی ئازیزدا هەوڵدانە بۆ سەرنجی ئێمە و موژەی چوون خار دەبێتە دەلالەتی گومان وختورە وخەتەرەکانی ئێمە لە سرپاتەکانی خالق و مەخلوقات بەڵام خۆ ناکرێ ئێمە تێنە فکرین لەو هەموو ئامازە و ئایاتانە. یانی ئێمەناچارین. ئێمەعەوداڵی ماچی پێی ئازیزین و ئازیزیش بە پرچە درێژ و لوولەکانی سوێندی داوین و ڕازە پەنهانەکانیش زۆر درێژ و پڕپێچن.

١- چێش واچۆ مەعدووم خەستەی مەهجووریت

حاڵ دیدە و دڵ جە دەرد دووریت

مەعدوومی گرفتار و بیماربە دەردی دووری و دابڕانت لە حاڵی دیدە و دڵ چ بێژێ؟. من لە تاوی بیماری و دابڕان و دەردی دووریت لە حاڵ و وەزعی دڵ وچاوم بڵێم چی؟ لە وەڵامی نامەی مەحموود پاشای جافدا نووسراوە کە ماڵی لە بەغدابووە.بە کەشی شیعرەکەدا دیارە هاوین نووسراوەو پێشترلە کەشێکی زستانیدا نامەیەکی تری بۆ نووسیووە.{بگەڕێوە بۆ شیعری ٦پیتی ج لەم کتێبەدا}

٢-بدیە بەو دیجلەی بێ کەنارەدا

ڕەوانەن وە بەین بەغدا شارەدا

بنوارە بەودیجلە پان و بەرینەدا، کە ئەدا بە نێو شاری بەغدا دا. مەولەوی بە دیجلەدا حاڵی خۆی لە پاشا دەگەیێنێت.لە شیعرەکانی دواتردا لەف و نەشر و لێکچوونەکان دەکرێنەوە.

٣-سەیرکەر ئەو گەرماو شەرارەی تاوە

هوەیدان هامن جەلای بەغداوە

سەرنج بدە لەو گەرماو تین و تاو و گڕەیەی کە لە هاوینی لای بەغداوە دێت.

٤-ئەو ئاخر و شکاو ئەسرین دیدەم

ئێد دما نەفەس دڵەی خەمیدەم

ئەو(دیجلەی بێ کەنار و بێ پەی) وشکاوی فرمێسکی چاوەکانی منی هێنا واتە دیجلە کە پڕە چۆڕاوی فرمێسکی من پڕی کرد. دوا قەترەی ئەشکی لەچاوی من هێنا. ئێد(هاوینی گڕە و تین و تاوی بەغدا) دوا نەفەس و هەناسەی گەرمی دڵەی خەفەتباری منە (لەفی بەیتی ٢، ٣ دیجلە و هاوین لێرە کراونەتەوە بە ئەشك ونەفەس)

٥-جەو گەرما و جەو ئاو بەرگوزیدەکەم

تەفتیش کەرحالآت دڵە و دیدەکەم

بەو گەرمای هاوینە و بە ئاوی دیجلەدا. دۆستە هەڵبژاردەکەم لەحاڵی چاو و دڵی من تێبگە. واتە ئەو چاوەی کە بەوانا دەیگێڕی و چی تێ دەگەی حالآتی چاو و دڵی منیش وە هایە.

## شیعری دەیەم

١- چوون شەماڵەی نوورگرگڕانمە

پەی پاس ماران زەنگ زڕانمە

بەرلەوەی ڕاڤەی ئەم تاك بەیتە چڕە بکەین کە(فەرد)یان ناوە خراپ نیە پێناسە وخاسیەتی فەردەکانی مەولەوی لە کتێبە هێژاکەی دکتۆر ئەنوەر بگوازینەوە وخۆیشمان قسەیەکی لێبکەین.

فەرد: بابەتێکی زۆرچڕ و مەودا کورتی شیعریە، لای مەولەوی ژانرێکی لیریکیە و بەشێوەی هونەری جۆرا و جۆردەربڕاون. لە فەلسەفەی ژیان و ئایین و پەند و ئەڤین و وێنەی سروشتی کە تێکڕا دەربڕی شەپۆلی یەك لە دوای یەکی بەردەوامی هەست و ئەندێشەی شاعیرن.فۆلکلۆری کوردی بوەتە هەوێن و سەرچاوەی ئەم ژانرە لای مەولەوی.

ئەو یەکێکە لەو شاعرانەی ئەم ژانرەی هێناوەتە شیعری کوردیەوە و شاعرانی تر پەیڕەویان لە مەولەوی کردووە{لیریکا دکتۆرئەنوەرل٩٣-٩٧} بەلاّم ئەم پێناسین و خاسیەتانە بەس نین بۆ ناسینەوەی ئەو ژانرە. چوون دەکرێت هەر دوو دێڕێکی چڕ بگریت و جیای کەیتەوە ببێتە فەرد.بەم جۆرە تێکەڵ و پێکەڵی کەوتوەتە نێوشیعر و فەردەکانی مەولەویەوە، چوون فەردمان هەیە لە دیواری شیعرێکدا بووە و ڕەنگە نەساخێك بەجیای نوسیبێت.وە بە پێچەوانەوە ڕەنگە مەولەوی فەردێکی و تبێت و سەلیقەی نووسەرێك لە شیعرێکی تردا بە پێی گونجان جێی بۆ کردبێتەوە. بۆ نموونە ئەم فەردەی کتێبەکەی دکتۆر:

ئای چەن سەرچەنگ چەرخ چەپ وەردم

چەرخ چەن چەرخاو من مام نەمەردم

{دیوان ل٧٩}

لە نووسینەکەی محمدعەلی قەرەداغیدا بوەتە شەشەم دێڕی شیعرێك{گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ب ٦ل٢٣٨} کە بەلامەوە (٥) شیعرەکەی پێش خۆی زۆرجیان و من گومان دەبەم کە هی مەولەوی بن.چوون زمانیان جیایە. لە کتێبەکەی مامۆستا حەکیمیشدا سەرەتای شیعرێکی (١٥)بەیتیە{مەولەوی حەکیم ل١٦١} لە نووسینەکەی سید محمداسعدسجادیش هەمان شوێنی لای مامۆستا قەرەداغیە و لەوی وەرگرتووە{کنگرە بزرگداشت مولوی کرد ل٣٣٥} وە لەم دواییەشدا مامۆستاحەکیم بە شیعری یوسف بەگی ئیمامی بلاوی کردەوە. {دیوانی یوسف بەگی ئیمامی چاپی یەکەم ٢٠٠٩ل١٦-٢٠} کە من لام وایە شاعرۆکە و هەندێ کەس شیعری شاعرە گەورەکانیان لە ناو شیعری نزمی خۆیان جێ کردوەتەوە بە نیازی ناوبانگ و گەورە بوون. ئەم دیاردە زۆر دەردەکەوێت و نموونەی زۆرە.

شەماڵەی نوور(ئێرە قونێ - ئایرە قونێ - ئێرەقوولە)زیندەوەرێکە شەوان لە بن کلکیدا شەوقێ ئەدرەوشێتەوە. لە هەنبانە بۆرینەدا بە(گوستێرك - گوڵەستێرە)هاتووە.

ڕاڤەکەی لە دیواندا:

چرای عەشق وخۆشەویستیم بە دەستەوەیە وەکو گونەستێرە بە دەورتا دەسوڕێمەوە و بە گۆرانی وتن زەنگ لێ ئەدەم ومارى بەدکارانت لێ دوورئەخەمەوە.مامۆستا گرگرانی بە گەڕان و درەوشانەوە لێکداوەتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا واتای ئاگربازی و بەردەوام گرگرتن و سووتان دەدات. لای مامۆستا حەکیم جیاواز لە دیوانەکە ڕاڤەکراوە و هاتوە:

وەك گونەستێرە دەگەڕێم و دەدرە وشێمەوە، بۆ پاسی مارەکانیش زەنگ لێدەدەم. چرای ئەڤینم بە دەستەوەیە و لە دەورت دەگەڕێم و بەزرەی دەنگیشم ماری ئەگریجەکانت لە سەر ڕوخسارت دووردەخەمەوە. مەبەستی ئەوەیە من گڕی ئەڤین دایگیرساندوم و تیشك دەدەمەوە. بەڵام تۆ ئەی نازەنین ئەگریجەکانت ڕوخساری داپۆشیویت و تیشك ناداتەوە لە بەرئەوە بەزەنگی ناڵەی دەروونم ئەو ماری ئەگریجانە دوور دەخەمەوە تا ڕوخساری پرشنگدارت دەربکەوێت.{مەولەوی و تەقینەوەی زمان

ل٥٩} من پێم وا نیە مەولەوی وێنەکەی لەو زیندەوەرە گڕ بەقنگەوە وەرگرتبێت.خۆ گەر واش بێت ئێمە دیسان جیاواز بۆ ڕاڤەکەی دەچین.

شەمالەی نوور: جوڵە وسەما{فەرهەنگەکەی شیرین وخوسرەو محمدی مەلاکەریم ل ٨٣٨} و لە رزانەی گرێکە کە بەردەوام وجولاو دێتە پێش چاو وەکو گوڵی گڕی مۆم یان چرا کە هەوا لێی بدات و بجوڵێت. مەولەوی تەشبیهو ئیستیعارە چرەکەی بە مەبەستێ هێناوە کە زۆر دوور و درەنگ دێتە زهنمان. ئەویش سوودەکانی تین و تاو و ڕۆشنایی ئاگرە.جووڵەی گڕ و بوونی شەوق لە کەپر و کەورگ و نێوباخ وماڵی کوردەواریدا ئامـاژەی بوونی پاسەوان و بێداری و ئاگایی بووە. (تا بەیانی ئاگریان دەسووتا و بەخەبەر بوون). هەروەها ئاگری نەکوژاوە ئاماژەی بێداربوون و تەنگژەیەکیشی تێدایە.نەخەوتن و بێداری خووی نەخۆش و دەردەداران و حەسحەسان و عاشق و پاسەوانانە. کە مەولەوی جێی بۆ تێکڕای ئەگەرەکان کردوەتەوە. بە پێچەوانەوە ماڵێ ئاگریان دیارنەبوو بێت نیشانە بووە بۆ بێ ئاگایی و لە گوێی گا نووستنیان و هەل و دەرفەتی زیان لێ دانیان زیاتر بووە. بەدکار و دز و پیا و خراپان بێخەم بوون لە زیان لێدانیان. ئەم نەریتەش پاشماوەی زەرتوشتایەتیە و دەبێت بۆ ڕەهەندە پیرۆزەکانی ئاگر بچین. لە ئەدەبیاتی عرفانیشدا ئەم بێداربوونە ئاماژەی سەگە هوشیارەکانی بەردەم ئارەزووی یار ویستی یەن بە جۆرێ شەیتان و سەربازە خوێڕیلەکانی نەتوانن پەلاماری هەرزەلە ڕۆشنەکانی عاشق بدەن. مەولەوی دەیەوێت بلێت:

ئەی یار من تا بەیان بە دیارتەوە دەسووتێم و غەرقی تیشك و ئاگرم، نانووم و بێدارم.دەناڵم و ورەو دەنگم دێت.بەمەش (مارەکان)بەدکارانت لێ دووردەخەمەوە و فرسەتیان نادەم. نەریتی زەنگ لە مل کردنی ئاژەڵیش کە دۆستانی تر بۆی چوون ڕاستە و بۆ هەمان مەبەستە.

هەرچەندە من ووتوومە خۆم لە قەرەی ساخ کردنەوە نادەم و پەنجە شکێنی سەروەرانی ڕابەرم پێناکرێت، بەلام ئەو بێ ئەدەبیەش دەکەم و جارجار ئەوەی بیستوومە و لە لام هەیە وەك سەرنج دەری دەبڕم.

سەبارەت بەم تاکەش کە دیسان لە دیوانەکەدا هەیە دکتۆر ئەنوەریش وەك نموونە بۆ سروشت چواندنی مەولەوی گواستوویەتیەوە و نەم بیستووە مەولەوی ناسانی تریش بە دوایدا چووبن و سەرنجیان لێدابێت.کەچی زاناو ڕابەری ئەدەبیات سیدطاهری هاشمی لە یەکێ لە بەرنامەکانی هەوارگەی دلاّندا دەیخوێنێتەوەو لە پێشەکیەکدا دەفەرمێ لام وایە شیعری میرزا شەفیعی مامێزەکیە.{هەوارگەی دلاّن کاسێت}من چوومە خزمەتی میرزا شەفیعەکان لای هێژاو ماندوی مەیدانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی مامۆستا محمد عەلی قەرەداغی کە باسی چوار لە شەفیعەکانی کردوە. ئەم شەفیعەیانی بە میرزا شەفیعی کولیایی ناوبردووە و دەنوسێت لە دێی ڕەزلەی ناوچەی کولیایی کرماشان لە دایك بووەو لە سەردەمی خوسرەو خانی ئەردەلاّندا ژیاوە.{کەشکۆلی کەلەپووری ئەدەبی کوردی بەرگی چوارەم ل٤٣ و هەروەها لە کەشکۆلی بەرگی ٢ لە ل١١٩ و بەرگی ٣ ل٢٧٦}دا شیعری بە ناو شەفیع هەیە.٠

صدیق بۆرەکەییش لە مێژووی وێژەی کوردیدا دەنوسێ لە مامێزك لە دایك بووە و لە نوسینی سەرچاوەکانیدا بە کولیایی ناوی دەبات{مێژووی وێژەی کوردی ب ال٤٩٤-٥٠٥} بەلاّم من مادام لە دەمی سیدطاهر بیستوومەو ئەم (شەمالەی نوورەی )لای مەولەویشی تیایە کە بۆ شوێنەکەش گونجاوە لێرەدا دەنوسمەوەو بەجێی دێلّم بۆ ساخ کەرەوەکان:

نازار مەزانی....

حەرفێ مەپەرسوو جە ڕای نەزانی

جەکۆت ئاوەردەن پیرۆزەی کانی

نیانت نە تەخت لەعل ڕومانی

جەوێتەن یا تازەت سەندەن

کـام حـەکاك نەشـانەی شـا هۆرکـەردەن   ئـەم دێـڕە جـوان نايەتـە گـوێ ڕەنگـە درووستەكەی بەم جۆرە بێت:

کام حەکاك نەشار نەیشاپوورکەندەن

ئوسات کێ بیەن پەی نیشان کەندەن

پەنجەش نەڕێزۆ زەڕ ئەفشان کەردەن

یە جە کۆت بیەن کێ تەرتیب دادەن

صونعی کلکی دەست کامین نوستادەن

ئانە خەیاتەی خام خاو و دێزەن

یا تووکی تاوس جقەی پەروێزەن

یە نە خەزانەی کام خەسرەو مەندەن

ئەودامە چێشەن نە دەورت کەندەن

حەی وەچان چێشەن لەو لای دامەوە

لێوشان گرتەن وە پەنهامەوە

ئەسڵشان سجەن یا زەنگی مارەن

وەزە مەکەرۆ یا بێ ئازارەن

مار جە دام بەتەر، دام جەمار بەتەر

ماوەرۆ نە ڕای ئەو ماران خەتەر

فەسڵێ من تۆم دیت نیمچە نەو ڕەس بیت

ناشی نە شکار دوور جە هەوەس بیت

سیا مارانت ئەودەم مار تول بی

دامت کڵف نەبی هێمای نە لوول بی

ئیسە مارانت دام حەی سەندەن

دایم هەر نەگیر گازو وەزەندەن

هەرکەسێ لە گیان وێش وێردە بۆ

شامۆهرە نە مۆر پەیدا کەردە بۆ

بێ خوف جە خوف سپای شاماران

نەتەرسۆ جە زام زەنگی حەیتاران

شاماران بە حوکم موهرە دام کەرۆ

دەس پەی کڵف باخ کاف و لام کەرۆ

حەیفەن ئیجازەش نەدۆ وە توون دا

نەگێڵۆ نە مەوج دەریای جەیحوون دا

نەڵئان یەکێ من مار تۆم گەستەن

تەرواڵەم نە دەور ئاوایی بەستەن

چوون شەماڵەی شەم گڕ گرانمەن

پەی پاس ماران زەنگ زڕانمەن

جەو سەبەب شەفیع زامش پڕ خارەن

کوشتەی حەی وەچان سیای تاتارەن

مامۆستا پێش خوێندنەوەی شیعرەکە پەخشانێکی ڕاڤەی نووسیوە. یانی شیعرەکەی کردوە بە پەخشان ولە کۆتایەکەیدا کە ئێمە مەبەستمانە دەڵێت:

من لە ئاوایی دوورکەوتوومەتەوەو تەرواڵەم بەستوە نانووم، چوون ئەو مارانە گەستوویانم،لەترسی ئەوەی جارێکی تر نەمگەزن، دوورکەوتوومەتەوە و ئێشك دەگرم.

تەرواڵە: درووست کردنی جێگە خەو یان شوێنی پاس کردنی واریاتە بە جۆرێ لە ترسی مارو مووروودوپشك لە عەرزی دەبڕن، بە لانی کەمەوە لە مەتر بەرز ترە.

## شیعری یازدەیەم

١- چوون بەندە بەو بەند ئیخلاصی بەندەن

هەر پاسە بەندەن تا حەیات مەندەن

لە مەولەویەکەی ماموّستا حکیمدا لە بابەت شیعری بلاّونەکراوە دا ئەم شیعرە هەیە. بە پێی گێڕانەوەکان بۆ وەلاّمی پرسێکی مەلاعیسای جوانڕۆیی ماموّستای نووسیوە، کە تاقیبی کچێکی بۆ بکات بیخوازێت. مەولەویش وەزیفە کۆمەلاّیەتیەکەی بەم شیعرە وەلاّم داوەتەوە. شیعرێکی سەرەتایی وبێ زمانە و لە توانای شیعردا نیە بەلاّم بەنرخی یادگاری ئەو بەڕێزە دەینووسینەوە و بۆ بەراورد و بەرە و پێش چوونی قۆناغی شیعری مەولەوی. گەرشیعری ئەو بێت ئەوە دەبێتە بەلگە بۆ ئەوەی کە مەولەوی بەر لە ڕووکردنە دنیای تەڕو پاراوی عرفان و چوونە سەرتەریقەتی حەزرەتی پەروانە شاعرێکی باش نەبووە. بە هەلّدانی بادەی مەیخانەی تەوێلّە شەرابی شیعریشی نۆشیوە.

٢- تەمامی مەتلّەب ئەشعارم وانان

خاسی وخرابی یارۆیچم زانان

عەفیفەن بێ عەیب خالّیەن جەشەین

ئۆجاخزادەی خاس نەجیب تەرەفەین

ئادابش زەریف خولّقش چوون حوورەن

بالاّ میانە (خیرالامور)ەن

بلّێ واتەی من پوچ وعەبەسەن

گردین درۆ بۆ سەیدیش وەسەن

والحاسلّ واتەم بێ دروٚڕاسەن

یارۆ پەی یارۆ پەی یاری خا

## سوپاس و پێزانین

لەکۆتایی ئەم بەشەدا لەسەرخۆم بە فەرزی دەزانم کە سوپاس و قەدر زانی خۆم بۆ ئەم هاورێ و خۆشەویستانە دەربرم کە هاوکارییان کردم

١- مامۆستا عوسمان، حاجی صابر، حاجی ئەکرەم، کاك فاتح لە یەکەی مەشق و ڕاهێنانی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی هەڵەبجە. بە کۆپیکردنی هەموو کتێبەکە.

٢- دۆستان و هونەرمەندانی شێوەکار(حەسەن موراد، مەریوان زەندی، هونەر صاحب).

٣- کاك ئەرسەلان تۆفیق کە ئەرکی دیزاینی ناوەوەی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ.

٤- کاك قادر عومەر بە تایپکردنی چەند بەشێك.

٥- دۆستم کەیهان عەزیزی لە پاوە کە کتێبی کنگرەی بزرگداشتی مەولەوی بۆناردم.

٦- مامۆستا شێخ عبدالقادری شێخ ئەحمەد بۆپێدانی هەندێ زانیاری و سەرچاوە.

MAWLAWI.KRD

MAWLAWI.KRD

ژمارەی سپاردن
١٦٨٨